مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئەحمەدی خانی

## ١٦٥٠ ـ ١٧٠٧

**شاعیر و بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی**

**نووسینی**

**پرۆفیسۆر ـ د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە بۆ کوردی**

**نووسەر خۆی**

**٢٠٠٨ ـ سلێمانی**

---

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆڵانی ـ ٤٤ ، ژ. خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ناوی کتێب: ئەحمەدی خانی. .**

**شاعیرو بیرمەند، فەیلەسووفو سۆفی**

**نووسینی: پرۆفیسۆر ـ دکتۆر. عیزەدین مستەفا رەسووڵ**

**وەرگێڕانی لەعەرەبی یەوە: نووسەر خۆی**

**تایپ: نیاز جەلال**

**نەخشەسازی و دیزاینی بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**ژمارەی سپاردن: (٢٥٢٥) ی ساڵی ٢٠٠٨**

**تیراژ: (١٠٠٠) دانە**

**زنجیرەی : ( ٢٨٣)**

**لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)**

**چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# دیاری...

**بابە..**

زۆرکەس لەرێڕەوی ووشەدا، بەرهەمی خۆیان پێشکەشی باوکە کۆچکردووەکانیان کردووە، ئەوەش پێزانینی پەروەردەو چاکەی باوکەو دەربڕینی خۆشەویستییەکە کە لەدڵی هەموو کەس بەرامبەر بە باوکی سەر ئەکا.

ئەبێ کێ بێ لەخۆیدا شتێك لەشەتڵی باوکی نەبینێ، یا کێ هەیە باوکی بەپیاوی باش نەزانێو یادی ئەو بەنەمر نەزانێ؟ ناڵێم تۆ لەهەموو باوکان باشترو سەرفرازتری، زوڵمی ئەوەشت لێناکەم کە ئەو شتانەت نەبینم کە لەباوکانی ترو خەڵکت جیا دەکاتەوە.

ساڵێك بە نەخۆشیی وەرم (سیل)ەوە لەسەنتۆریۆمێك کەوتبووی کە لەژێر چاودێریی دێرێکی لوبنانیدا بوو. لەپارچە شیعرێکدا هاوارتکرد:ـ

**(سەفوەت) ئەمە سرێکە لەمزگەوتەوە بۆ دێر**

**خۆ تۆ بەحسابێ لە هەوا خوا هی مەدینەیت**

نهێنیی ئەو بەری پەروەردەو کارتێکردنەشت کە شانازیی پێوە دەکەم لێرەدایە.

لێرەدا ئەوە دەبینم کە بەلای ئەدەبی تەسەوفو سامانی نەتەوەییو بەلای چەپی ئاواڵەو شۆڕشمدا پێکەوە ڕادەکێشێو خۆم بە پتەوی دەبینم لەهەڵوێستێکی بەردەوامداو لەقوڵاییی بوونمدا شتێك دەبینم کە خۆش ویستنی رابەرە سۆفیەکانو تێکۆشەرە گەورەکان یەکدەخاتو هەمووشیان بەپیاوی کەژاوەی مێژوو زانین دەزانم کە هەر بەرێگەوەن و کاروان بەرەو پێش دەبەن..

ئەوانەی لەنزیکەوە تۆیان نەناسیووە ئەم چاکەیەی تۆ بەسەر منەوە نابینن.. ئەوانەش کە لەم نهێنییە نەگەیشتوون لەم بایەخدانە جیاوازانەو پێوەندیی بەتینیا دەبێ بەری بن، ئەو پێوەندییەی شەخسیەتی مەزنی خانی وێنەی دەربڕینو مەردێکی گەورەی بوو. ئەگەر توانیبێتم شتێك لەو نهێنییە دەربخەم. ئەم بەرهەمە شایانی پێشکەشکردنە بە تۆ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# - پێشەکی -

ساڵی خوێندنی ١٩٦٦ـ ١٩٦٧ لەبەشی کوردیی زانستگای بەغدا ووتنەوەی دەرسی (دیالێکت) یان پێ سپاردم.

هەڵبژاردنی من بۆ ووتنەوەی ئەو دەرسە بەهۆی پێوەندیمەوە بوو بەدیالێکتی کرمانجیی ژووروەوە (کە دیالیکتی منو زۆربەی کوردی عیراق نییە). من لەکاتی خوێندنمدا لەشام بەقسەکردنو خوێندنەوەوە بەسترام بەو دیالێکتەوە (ساڵانی ١٩٥٦ـ ١٩٥٨). هەر لەسەرەتاوە داستانە شیعرەکەی ئەحمەدی خانیم بەنموونەی ئەدەبی نووسراوی ئەو دیالێکتە هەڵبژارد، ئیتر خانی بوو بەکەرەسەی دەرسەکانی دیالێکتو ئەدەبم لەدوو زانستگای بەغداو سلێمانی، هەروەك ریزە موحازەرەیەکی گشتیم لەیەکێتیی نووسەرانی کوردو کۆمەڵی رۆشنبیریی کورددا لەبارەیەوەدا. پاش ئەوەی دەستمکرد بە دەرس ووتنەوە لەبارەی خانییەوە هەستم کرد کارەکەم ئاسان نییەو زانینی تەواوی لایەنەکانی بەرهەمی خانیو داستانی (مەمو زین) پێویستی بەزانینی دیالێکتە کوردییەکانو بەشە دیالێکتەکانی کرمانجیی ژوورو (بەتایبەتی بۆتانی)و زانینی تەواوی زمانی عەرەبیو زمانی فارسیو سەر لەتورکی دەرکردنی دەوێ. ئەو زمانانەی





سەرچاوەی زمانی شیعر بوون لای هەموو گەلانی رۆژهەڵات لەسەردەمەکانی پێشوودا، هەر وەك پێویستی تێگەیشتنی تێکستەکەو بەراستی چوونەوە سەرقورئانو حەدیسو سەرچاوەکانی بیری فەلسەفەو تەسەوفی ئیسلامو تەسەوفیتر هەیە. لەم ساڵانەدا زوربەی کۆششی خۆم بۆ کارێکی بەیەکدا چووی بەردەوام تەرخانکرد بۆ دەرخستنی لایەنە نادیارەکانو تەجروبە بەئاسانی گەیاندنە قوتابییان، وام لاباشبوو ئەمانە لەچەند کتێبێکدا رێك بخەم.

ئەم باسە یا کتێبە بەشی یەکەمو گرنگترینی ئەوانەیە، چونکە گەلێك لایەنی گرنگ دەردەخا کە پێشتر ئەوانەی لەبارەی داستانەکەیانەوە نووسیوە بەلایانەچوون.

❊ ❊ ❊

لەئەدەبی کوردیدا شاعیرێك نابینین ئەوەندەی خانی بایەخی پێدرابێو ئەوەندەش زوڵمی لێکرابێ[١]، بایەخ پێدانەکە لەوەدایە کە ناوی لەزوربەی ئەو سەرچاوە کوردیانەدا دێت کە باسی مێژووی کوردو ئەدەبی دەکەن. کوردۆییڤ بەراستی ئیشارەتی ئەم دیاردەیەی کردووە کە نووسیوێتی:

«بەراستی گوتی ژمێژڤاوزوڤا قەدرو قیمتێ "مەمو زین"ی ئەحمەدی خانی لجێ جیاجیا دکتێباندا کورت هاتیە گوتن عالمو زانیستێد کوردان ضیاء الدین خالدی، ئەمین زەکی، شێرکوە، جلادت بدرخان، کامەران بەدرخان، علاء الدین سجادی، گیوی موکریانی گەلەك گوتنی بەقیمەت دەرحەقا ئەحمەدی خانیو "مەمو زین"دا نڤیساندنە. وەسا ژی ڕۆژهەڵاتناسێد ئەوروپائی ـ آ. ژابا، پ. لرخ، ی اوربلی، ڤ. نیکیتین، ر. لسکوو إیدمائین. د کتێبێد خوەدا کێم و زێدە پسنی ئەحمەدی خانی و "مەموزین" ـ ا وی باش ئانی بەرچاڤان. چمکی وانا گوە نە دایە مضمونا فکری یا "مەمو زینی"»،[٢]

ئەوەی کوردۆییڤ دەستنیشانی کردووە بەسەر هەموو ئەوانەدا دێتە دی کە لەبارەی خانییەوە نوسیویانە. ئەگەر هەر پێویست بێ ناوی دیار ترینی ئەوانە بنووسین کە لەبارەی ئەوەوە نووسیویانە، دەتوانین بڵێین ئەو لاپەڕانەی عەلائەدین سوجادی لەکتێبی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

"مێژووی ئەدەبی کوردی"دا بۆ ئەوەی تەرخانکردووە[٣] فراوانترین نووسینە لەو بارەیەوە. لەپاڵ ئەوەشدا کە بەڵگەی باشی لەبارەی ژیانی شاعیرو دەرخستنی لایەنی دڵداریی لەشیعری ئەودا تێدایە، بەڵام لەو سنوورە دەرناچێت کە کوردۆییڤ کێشاویەتی، هەروەك ئەو دوو پێشەکییەش کە گیوی موکریانی بۆ دوو چاپەکەی "مەم‌وزین" نووسیوە لەم سنوورە دەرناچێ[٤]. بەڵام نابێ دان بەوەشدا نەنێین کە ئەم دووپێشەکییە بە باشی ئەو نووسینانەی دەرخستووە کە پێشتر لەسەر خانییان نووسیوە. لێرەدا ناتوانین خۆمان لەو ووتارە کورتە گرنگە لادەین کە تۆفیق وەهبی نووسیویەتی، کە بەراشکاوی باسی لایەنی فەلسەفەی کردووە لای خانی[٥]، هەروەك دوکتۆر نورەدین زازاش لەو پێشەکییەدا کە بۆ چاپکردنەوەی "مەمی ئالان"ی فۆلکلۆری نووسیوە بەلای ئەوەدا چووە[٦]. ئەو دوو سەرچاوە بچووکە مایەی سوود لێ بینینمان بوون وەك لەجێی خۆیاندا باسیان دەکەین.

ناوبردن‌و باسکردنی خانی هەر لەم سەرچاوانەدا نەبوو، بەڵکو زۆر ناوی خانی لەنووسینە سیاسییەکان و لەو بانگەوازە خوێنگەرمانەی کوردیشدا دێ، بەڵام ئەمە واناگەیێنێ کە بێ بایەخی بەرامبەر بە خانی نەکراوە، چونکە وەك کوردۆییڤ ووتویەتی سەرچاوەکانی گوێیان نەداوەتە ناوەڕۆکی بیر لە "مەم‌وزین"دا، بەڵکو دەتوانین لەوە زیاتر بڵێین کە زوربەی سەرچاوەکان هەر ستایشیان کردووەو بە یەکێك لەشاعیرە کوردە بەرزەکانیان داناوە، زۆر کەم لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی‌و تێگەیشتنی راستەقینەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەبینین، زوربەی ئەوانەی باسیان کردووە لەبیری میللیی شاعیرو باسی دڵداری دووان لەداستانەکەیدا کە باسی دڵداریی مەم‌وزین دەکات‌و هیچ بایەخ‌و تێگەیشتنی لایەنی بیرو فەلسەفەی سۆفی لەلای نابینن. کە ئەوە ئەو شتە بنەرەتەیە کە دەبێ تیشکی بخرێتە سەر، هەروەك لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی بەرهەمەکانی بە تەواوی بایەخیان پێنەدراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو شتە پەرش‌و بڵاوانەی لەبارەیەوە نووسراون ئەگەر لێکدانەوەی ئەدەبیشی تێدا نەبێ‌و قاڵبی لێکۆڵینەوەی نەبێ، هەر نرخدانە بەخانی‌و جێگەی ئەدەبی‌و جێگەی ئەویان لەژیانی گەلەکەیدا دەستنیشانکردووە.





ئەوەی لەکاتی نووسیندا ناوی ئەکادیمیك ئۆربیللی لەپاڵ ناوی خانیدا بێت بووە بەپێڕەو. ئەمەش لەو چەند دێڕەوە هاتووە کە ئۆربیللی نرخی تێدا داوە بە شاعیرو جێگەی ئەوی لەناو گەلی خۆی‌و ناو ئەدەبەکەی‌و بەگشتی لەناو ئەدەبی رۆژهەڵاتدا دەستنیشانکردووەو ئەو چەند دێڕە بوون بەسەرەتایەکی باش بۆ لێکۆڵینەوەی خانی.

ئەکادیمیك ئۆربیللی دەڵێت: "کە دەڵێین شاعیرو نووسەر نزیکە لەگەلی خۆیەوەو بەندە بەگەل‌و جەماوەرەوە. دەبێ یەکسەر ناوی سێ شاعیر بێنین: فیردەوسیی ئێرانی‌و رۆستاڤیلیی گورجی‌و ئەحمەدی خانیی کورد..[٧]

کوردۆییڤ لەدەستنیشانکردنە ڕەنگینەکەی ئۆربیللی زیاد دەکات، بەوەی دەڵێ: بنەڕەتی داستانی (مەم‌وزین)ی ئەحمەدی خانی داستانە میللییە کوردییەکانە. لەتوانامانەدا هەیە بە بێگومان بڵێین هەموو کورد بەگەورەو بچووکەوە داستانی "مەم‌وزین" یا "مەمی ئالان" دەزانن‌و حەزی لێدەکەن، کە گۆرانیبێژان ئەو داستانە دەڵێن، یا حیکایەتخوانان دەیگێڕنەوە، کورد بە هەموو هەست‌و هۆشەوە گوێی لێدەگرن. کورد حەز لەم داستانە دەکەن‌و شانازی بەناوەکەیەوە دەکەن.

داستانی "مەم‌وزین"ی ئەحمەدی خانی ئیبداعێکی ئەدەبیی سەربەخۆیە، لەرووی بیرەوە چاکترو بەنرخترە لەمەم‌وزینی سەر زار.

ئەحمەدی خانی لەوێدا وێنەکانی ژیانی کوردی یەك بەجۆرێکی ئینسکلۆپیدی پێشانداوە، بەڕاستی وێنەی ژیانی گەلەئاوارە، هەژارە، کۆتکراوەکەی خۆیی پێشانداوین. لەداستانەکەیدا بەڕوونی بیرو ئایدیالۆژیی سیاسی‌و چینایەتیی خۆیی دەربڕیوە[٨].

ئەم راستییانە لەبارەی خانی‌و بەرهەمەکانییەوە بە جورێکی تر وەك باسمانکرد خانیی خستۆتە جەرگەی بایەخ پێدانی بەرهەمەکانییەوە ئەویش بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی‌و وەرگێڕانی بۆ زمانانیتر، بەجۆرێك کە هیچ بەرهەمێکی تری کوردی بەخۆیەوە نەدیوە.

وەك روودێنکۆ باسیکردووە کۆنسوڵی رووس لەئەرزەرۆم ئە. ژابا یەکەم کەسبووە بایەخی بە بەرهەمەکانی خانی دابێ.

کۆمەڵێك کە زۆر نییە، بەڵام بەنرخە لەدەستنووسە کوردییەکانی کۆکردۆتەوە، کورتەیەکی ئەم داستانە بەشیعرەی بەکوردی بڵاوکردۆتەوەو ئەو کورتەیەی کردووە بەفەرەنسیو ئەم کتێبە ناونراوە "Resume De louvrage Kourded, Ahmad Effendi Khani Fout et Traduit par A. Jaba "[9]. کە تائێستا چاپنەکراوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

یەکەم سەرچاوەی کوردی کە گوێی دابێتە "مەموزین" یەکەم رۆژنامەی کوردییە "کوردستان"[١٠] ئەویش بەبڵاوکردنەوەی دیباجەی "مەموزین" لەچەند ژمارەی یەك بەدوای یەکیدا.

ماکاش هەوڵی چاپکردنی "مەموزین"ی دا بەڵام ئەو چاپە روناکیی نەدی.[١١] رۆژهەڵاتناسی ئەڵمان مارتن هارتمانیش بایەخی بە مەموزین دا.[١٢] روودێنکۆش ئەوە دەڵێ کە کورد خۆیان مەموزینیان لەئەستەموولْ ساڵی ١٩٢١ چاپکردووە، بەڵام ئەم چاپە لەگەڵ چەند کتێبیتری کوردیدا لەلایەن کاربەدەستە تورەکەکانەوە سووتێنراوە.[١٣] گۆڤاری "هاوار" لەسووریە لەساڵی ١٩٣٢دا بەشێکی لەم داستانە بەلێکدانەوەی هەندێك ووشەی لەلایەن زانای کورد جەلادەت بەدرخانەوە بڵاوکردۆتەوە.

چاپی یەکەمی "مەوزین" ساڵی ١٩٤٧ لەحەڵەب دەرچووە.[١٤] گیوی موکریانی لەدوو جار چاپکردنەوەی مەموزیندا لەهەولێر (١٩٥٤، ١٩٦٧) پشتی بەو چاپەی حەڵەب بەستووە، بە ئەنقەستیش هەندێك دێری گۆڕیوە، بۆ ئەوەی ووشەی ناکوردی، بەتایبەتی تورکیی لێ لابدات.

ئەمەش لەڕووی لێکۆڵینەوەی زانستیو ئەدەبییەوە ناگونجێ، بیانووی خواست پاکیو خوێنگەرمیی نەتەوەیی هەرچییەك بێت.

ئەو چاپەی "مەموزین" کە پشتی پێدەبەسترێ ئەو چاپە ئینتیقادییەیە کە(م. روودێنکۆ) بە وەرگێڕانی رووسییەوە ئامادەی کردووە. ئەم چاپەش ئەو بناغەیەیەکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان پێبەستووە. لەپاڵ هەندێ نوسخەی دەستنووسیتردا کە دەستم





کەوتوون یا دیومن، چ لەزاخۆ (کوردستانی عیراق)و چ لەشاری جزیرە لە (کوردستانی تورکیا)[١٥]، کە گرنگترینیان دەستنووسێکە بە خەتی (سەید تەهای ئەڕواسی) کە هەندێ ووشەی داستانەکەشی لێکداوەتەوە، بایەخی ئەم دەستنووسە لەوەدایە (بالە ساڵانی سێی سەدەی بیستەمیشدا نووسرابێتەوە) کە نووسەرەکەی کەسێکی زانایەو لەزێدی خانییەوە نزیکە، زۆر لەدێڕەکانی بەشێوەیەکی ڕاستو وەك بۆی دەچم لەرووی تەلەفوزەوە نزیکی ئەسڵەکە نووسیوەتەوە. ئەگەر لێکۆڵەرەوەی کۆچکردوو روودێنکۆ ئەم دەستنووسەی بدیایە وازی لەهەندێ تێبینی دەهێنا کە لەبارەی لەنگیی کێشو هەندێ شتیترەوە نووسیویەتیو[١٦] ئەمە یارمەتیی لەتێگەیشتنی ئەو دێرانەشدا دەدا کە لەبەر لێ تێنەگەیشتن وەرینەگێڕاون.

نەبوونی لێکۆڵینەوە لەبارەی شاعیرەوە وەك باسمانکرد وایلێکردین کە وەرگێڕانەکانی (مەموزین) بە گرنگترین سەرچاوە بزانین لەبارەیەوە، تێگەیشتنی وەرگێڕ لەتێکستەکەو ووردیی کاری لێکدانەوەو کلیلی تێگەیشتنی تێکستەکەو لێکدانەوە بێت لای خۆمان.

روودێنکۆ دەڵێ "یەکێك لەو کۆسپانەی لەوەرگێڕاندا هاتە بەردەمان ئەوە بوو کە زۆر لەو ووشەو دەربڕینانەی لەتێکستەکەدا بەکارهێنراون بەتایبەتی بەو مانایانەی لەتێکستەکاندا تێیدا بەکارهێنراون لەو فەرهەنگانەدا نەبوون کە لەبەر دەستدان"[١٧] .

ئەم ڕاستییە هەر لای روودێنکۆ نەبووە بەهۆی هەڵە لەوەرگێڕاندا بەڵکو بێ سڵ کردنەوە دەتوانرێ بووترێت کە هەندێ هەڵەی بە هەموو وەرگێڕەکان کردووەو زۆر یان کەم لەتێکستی ڕاستەقینەکەو ماناکەییان دوورخستۆتەوە ئەگەر بەویژدانەوە بدوێین ناتوانین وورد نەبوون لەوەرگێڕاندا هەموو کاتێك بدەینە پاڵ نەزانینی هەندێ ووشە لای وەرگێڕ. بەڵکو مەبەستی وەرگێڕ لەوەرگێڕانو بڵاوکردنەوەو ئەو هەلومەرجەی دەوری وەگێڕیان داوە تا رادەیەکی زۆر رۆڵیان لەوەدا هەبووە وەك لەمەودووا باسیان دەکەین.

روودێنکۆ خۆی دان بەوەدادەنێ کە ئەم وەرگێڕانە تەواو نییەو شوێنی وا هەیە کە تادووایی وەرگێڕ تێینەگەیشتووە[١٨]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕانەکەی لەوەرگێڕانە

باش‌و دەست پاکەکانەو کۆششێکی کۆڵنەدەرانەی کردووە بۆ ئامادەکردنی تێکستەکەو بەراوردی‌و ئامادەکردنی لەشێوەی تێکستێکی ئینتیقادیداو لەرێگەی وەرگێڕانێکی وردیشدا، ڕەنگە کەم‌و کووڕیی وەرگێڕانەکە لەسەختی لەفەلسەفەی ئیسلامی‌و زمانی عەرەبی گەیشتنەوە بێت، هەروەك دەتوانرێ وەرگێڕانی تێکستێکی ڕۆژهەلاتیی کۆن بۆ زمانێکی ئەوروپایی نوێ بکرێت بەبیانوو. هەر وەك ئامانجی وەرگێڕ لەوەدا کەوێنەیەکی ئەدەبی بدا بە وەرگێڕانەکەی لەووردی لەوەرگێڕانی هەندێ بیرو مەبەستی فەلسەفەیی دووربخاتەوە.

وەرگێڕی سەر عەرەبیی مەم‌وزین هەر ئەو ئامانجەی رووەدێنکۆی هەبووە[19] وەك دەردەکەوێ مەبەستی ئەوە بووە داستانە شیعرێکی هونەرمەندانە بگەێنێتە عەرەب‌و بوونی ئەدەبێکی بەرزی کوردی بسەلێنێ.[20]

لەبەرئەوە وەرگێڕ ویستوویەتی بگاتە پلەی شێوازی خانی خۆی. بە[21] ڕاستی لەوەدا سەرکەوتووە، بەلاَم هەل‌ومەرجی سیاسی‌و باری سانسۆر، رێگەی وەرگێڕانی دیباجەی داستانەکەی لێ گرتووەو بە تەواوی لەهەموو شتێك دوورکەوتۆتەوە کە پێوەندیی بەمەسەلەی نەتەوەیی کوردەوە هەبێت یا هەرچی رەنگدانەوەی ژیانی کورد بێت، بەتایبەتی لەداستانەکەدا. بۆ تورکی[22] وەرگێڕی داستانەکەش هەر لەناو ئەو هەل‌ومەرجەدا بووەو بازی بەسەر زۆر بەشی پێشەکییەکەدا داوە، بەلاَم وردیی لەوەرگێڕانی بیری فەلسەفەو سۆفیانەی خانیدا بەکارهێناوە، وامان بۆ دەردەکەوێ کە بۆز ئەرسەلان لەهەموو وەرگێڕەکانی مەم‌وزین زیاتر لەگەوهەری تێکستەکەو ماناکانی گەیشتووە، هەرچەندە وەك لامان وایە، فارسی باش نەزانین هەندێك هەڵەی پێکردووە.

وەرگێڕانی چوارەم کە دەبێ باس بکرێت وەرگێڕانەکەی هەژاری موکریانییە[23] لەدیالێکتی ژووروووەوە بۆ موکری.[24] ئەم وەرگێڕەش ویستویەتی وەرگێڕانەکەی لەقاڵبێکی ئەدەبیدا بێت. بەلاَم پاڵ پێوەنەری ئەم جیایە لەوەی بۆ عەرەبی وەرگێڕ. ئەگەر پاڵ پێوەنەری وەرگێڕانە عەرەبییەکە پاڵ پێوەنەرێکی گشتی بێت، ئەوا وەرگێڕ





بۆموکری ویستوویەتی توانای شیعرو زمانی خۆی دەربخات. چونکە داستانەکەی بەشیعر وەرگێڕاوە. هەرچەندە توانیوێتی وزەی باشی خۆی دەرخات وێنەی دلَداریی داستانەکەی خانی پیشان بدات، بەلاَم لەزۆر شوێندا لەئەسڵەکە دوورکەوتۆتەوە، هەر بەهۆی بەشیعر وەرگێڕانەوە نا، بەڵکو لەبەر چەند هۆیترەوە گرنگترینیان وەك دەردەکەوێ ئاگادار نەبوونی وەرگێڕە لەفەلسەفەو بیری ئیسلامی‌و جارو باریش بۆ شاردنەوەی دارشتنەکانی خانییە.

دووا شت داستانە شیعرەکەی خانی ساڵی ١٩٧٦ لەباکۆ بەزمانی ئازربایجانی بەشیعر وەرگێڕاو چاپکرا. ئەمەش لەلایەن شاعیرو لەزمان کۆڵەرەوەی ئازربایجانی سۆڤێتی شامیل عەسکەرۆڤەوە کراوە (کە خۆی کوردە. چاوپێدا گێرەوەی وەرگێڕانەکە قاسم زادە لەپێشەکییەکەیدا پەنجە بۆ بلاَوبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی ڕادەکێشێت لەسەدەکانی ناوەڕاستداو پەنجەش بۆ خولَقاندن لای ئەحمەدی خانی ڕادەکێشێت‌و ئەو بەرهەمانەش ناو دەبات کە لەنووسەری "مەم‌وزین" دوواون‌و گرنگیی رووناکبیری‌و جوگرافی‌و ئەدەبیی ئەو پێشان دەدات‌و پاشکۆیەکی بۆ ئەو ووشەو ئیستیلاحانە کردووە کە وەرنەگێڕراون بەروونکردنەوەی مانای مێژوویی‌و رووناکبیری‌و جوگرافی‌و ئەدەبییەوە. تێکستی وەرگێڕانەکە بەو هۆیانە دەست پێدەکات کە خانی هۆی نووسینی داستانەکەیی پێ دەرخستووە چونکە بە ئازربایجانی وەرگێڕانی مەم‌وزین بەچاپێکی میللیی فراوان بلاَوکراوەتەوە، لەبەر ئەوە بەشەکانی یەکەمی مەم‌وزینی تێدا نییە کە خانی موناجاتی لەگەڵ خوادا تێدەکات‌و سۆفیانە دەپارێتەوە.

لەوەرگێڕانەکەدا پێوەندیی بەتین لەنێوان وەرگێڕو وەرگێڕانە تورکی یەکەی مەم‌وزیندا دەبینرێت.

دەبێ لەناو ئەم وەرگێڕانانەدا ناوی ئەو کورتکراوەیەی مەم‌وزین بهێنین کە لەلایەن زانای کورد جەمال نەبەزەوە کراوە بە ئەلَمانی، کە لەبەردەستدا نەبوونی بووە هۆی ئەوەی کە باسێکی شایانی نەکەین.

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کۆسپەکانی بەردەم وەرگێڕەکان بوونە کۆسپ لەبەردەم ئەم بەرهەمەی ئێستاماندا، چونکە لەتێکستەکە گەیشتن بناغەی کار بوو، بەتایبەتی کە مەبەستمان هەر نووسینی کتێبێك نەبوو، بەڵکو لێکدانەوەی داستانەکەش بوو لەدەرسدا بۆ قوتابیان، هەرچەندە سروشتی لێکۆڵینەوەکەمان لەپلەی جیاجیای خۆیداو لەناوچەی جیاجیاداو زانینی چەند دیالێکتو چەند زمان کە باسمانکردنو هەلومەرجی تریش بناغەیەکی باشیان دروستکرد بۆ کۆسپ تەختکردن، بەڵام ژیانی درێژو بەردەوامو بێ وەرسبوون لەگەڵ فەرهەنگە کوردیو عەرەبیو فارسیو تورکییە جیاکاندا (بەتایبەتی کۆنەکان)و بەراوردکردنی ئەسڵەکەی مەمۆزین لەگەڵ (ئەو وەرگێڕانانەدا کە باسکران، پلەی یەکەمی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ نووسینی باسەکە).[٢٥]

ئەوەی روودێنکۆ بەدەستییەوە چەشتووە لەزانینی (ئەو ووشانەی ناو فەرهەنگدا لەتێکستەکەدا) هەموو لێکۆڵەرەوەیەکی تێکستێکی رۆژهەڵاتیی کۆن دەیچێژێت، هەر ئەمەشە کەوایکرد بوونی چەند فەرهەنگ کارەکەمان بە تەواوی ئاسان نەکات. شاعیری کلاسیکیی رۆژهەڵات سوودی تایبەتی لەبەکارهێنانو مانای جیای ووشە دەبینێ بۆ ئەوەی تەم بخاتە سەرماناو شێوەی جیای بداتێو لێکدانەوەی جیا بەو مانایانە ببەخشێو لەپاڵ ئەوانەدا وێنەی جیا لەرازاندنەوەی ووشە (جیناسو تیباقو تەوریەو ئیستیعارە.. هتد)، لێرەدا دەبێ لێکۆڵەرەوە چاوەڕوان بێتو ووردبێت، بەتایبەتی ئەگەر مەبەست تێگەیشتنو لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکە بێت، لەلایەنی ئەو بیرەوە کە لێکیدەداتەوەو مەبەستی لایەنی ڕەوانبیژیو ئەدەبی نەبێ بەتەنیا، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم ئەو کۆسپەی باسکراو بەردەم داننان بە ئیحتیمالی بەهەڵە لێکدانەوەی تێکستەکەدا.

ئەگەر پەیداکردنی نوسخەی باشی تێکستەکەو لەتێکست گەیشتنو زانینی ووشەکانی پلەی یەکەمی کار بێت، ئەوا پلەی دووەمی بەگشتی رووکردنە فەلسەفەو فەلسەفەی ئیسلامیو سۆفیزمە بەتایبەتی.



* * *

دیارە کە فەلسەفەو کێشەکانی مێژوویەکی پێکەوە بەستراویان هەیە دەبنە وێنەی کێشەی درێژ لەکۆمەڵی ئینسانداو لەگەڵ تیۆریی زانین دەڕوا، و روانینە جیهانی ئینسان بەرەو پێشەوە دەبات. ئەم ڕاستییە بەسەر هەموو ئاینەکاندا کە نموونەی بەرەو پێشچوونی بیری ئینسانن دێتە دی، ئەمەش وایلێکردین کە لەناو مێژووی بەرەو پێشچوونی بیری ئینساندا لەئیسلام بکۆڵینەوەو وا لەسۆفیزم بکۆڵینەوە کە دیاردەیەکی ئیسلامەو کەنارگیر نییە لەپێوەندیی ئیسلام خۆیو موسوڵمانانیش بە ئاینو فەلسەفەکانیترەوە، لەپاڵ پێویستیدا ئەمەش وایلێکردین بچینەوە سەر سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام وەك قورئان و حەدیس و چوونەوە سەر بیری یۆنانی، بەڵکو بشچینەوە سەر پێش ئەوە لەئەفسانەی سۆمەریو شتیتر، پاش ئەوە بچینەوە سەر سەرچاوە ئیسلامییەکانیتر. لێرەدا کۆسپێکی تر هاتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە زوربەی سەرچاوە ئیسلامیو سۆفییەکان (بەلێکۆڵینەوە تازەکانیشەوە) تەنیا رێبازێکی ئیسلامییان گرتووەو بۆ سەلماندنی ئەو بیرانەی پێشتر هەبوون. هەروەها (وەك ئەم لێکۆڵینەوەیە) لەوولاتێکدا ئامادەکراونو بڵاوکراونەتەوە کە ئیسلام تێیدا بە ئایینی رەسمی دەناسرێت. ئەگەر رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوایی وا هەبن کە پشتمان پێیان بەستووە وەك نیکلسونو گولدتسیهرو ماسینیون، ئەوا ئەوەش کە ئەوانیش نووسیویانە هەر لەباوەڕ بە ئایدیالیزمەوە نووسراوە (باموسوڵمانیش نەبن). بەداخەوە زۆرمان بەدەست کەمیی سەرچاوەی مارکسییەوە لەبارەی تەسەوفەوە بەتایبەتیو ئیسلام بەگشتی چەشتووە[٢٦]، ئەمەش ئەوەندە یا ئەمەندە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو بەشە تایبەتییەی لێکۆڵینەوە کە هەوڵێکی سەرەتایی بێت بۆ تێگەیشتنی سۆفیزم لەشیعری کوردیدا بە بۆچوونێکی مارکسی لەفەلسەفەو بەتایبەتی لەبیرو لەدیاردەکانی ژیان بەگشتی، ئەگەر هەموو هەوڵێکی سەرەتایی سروشتی زاتکردنی تێدا بێت، بەڵام هەر لەکەموکوڕی بەدوور نابێت. بەرینیی ئەو بیرو دیاردانەی خانی لێیان دواوە وایکرد پشت بەکۆمەڵێکی بەرین لە سەرچاوە ببەستین. سەرچاوەکانیش وەك ووتمان هەمیشە دووجۆر

* * *

بوون. جۆری یەکەم: ئەوانەن کە یارمەتییان داین بۆ تێگەیشتن لەتێکستەکە، ئەوانەش وەك ووترا (فەرهەنگە جیاوازەکانو وەرگێڕانەکانی تێکستەکەو تێکستی فۆلکلۆری داستانەکەن بەبڵاوکراوەو بڵاو نەکراوەیانەوە). جۆری دووەم: ئەو سەرچاوانەن کە بۆ تێگەیشتنی بیرەکانیو فراوانبوون لەتێگەیشتنی گەوهەرەکەیدا یارمەتییان داوین تا لێکۆڵینەوەی تازە لەبارەیەوە بهێنینە ناوەوە. ئەگەر سەرچاوە ئیسلامییەکان یاریدەدەربن بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفەکەی، ئەوا بیرەکانی تریو دەرخستنی دیاردەکانو واقیعی کۆمەڵی کورد خستینییە سەر گەڕان بەدووای گەلێك سەرچاوەدا لەبارەی کۆمەڵی کوردو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیو لەبارەی ئەو دیاردانەو (بەتایبەتی دیاردەکانی شارستانی) لەکۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەگەر ئەو سەرچاوانە یارمەتییان دابین بۆ تێگەیشتنی بیرەکانی خانی، بەڵام لەبەر ئەوەی زوربەیان گێڕانەوەی ڕووداونو وەسفی دیاردەکانو لێکۆڵینەوەی مێژوویيو لێکدانەوەی زانستییان تێدا نییە، ئەمەش کۆسپی تری هێنایە بەر دەمان، کە ئەویش گەڕانە بە دووای لێکۆڵینەوەی تازەداو هێنانە ناوی لێکدانەوەی ئەو تۆیە کە ئەوانیش شەقڵی هەوڵدانی سەرەتایی تێدا بێت، کە ئەویش نە لەزاتکردنو نە لەکەموکووڕی بە دوورە.

هەرچی باسکردنی داستانە شیعرەکەیە بەشێوەی بەرهەمێکی خوڵقێنەرانەو بەرهەمی شیعر ئەوەش پێویستی بەوە کرد کە بەوێنەی چەرخی خۆی تەماشای بکەین (چ بۆ ئەدەبیاتی کوردیو چ بۆ ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات بەگشتی)، لێرەشدا ئالاینە دووشتەوە: کەمیی سەرچاوە لەبارەی چەرخی ئەوەوە (مەبەست لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی کوردیو هاوچەرخە) ئەمەش وایکرد کە سەرچاوە مێژووییەکان بەبناغەی تێگەیشتنی چەرخ دابنێینو ئەو دیوانە چاپکراوو دەستنووسانەش کە هەن بکەین بەهۆی تێگەیشتنی بزووتنەوەی ئەدەبیی ئەو چەرخەو شاعیرەکانیشو بیانکەین بەسەرەتای لەشاعیر گەیشتنو دەستدانە لێکۆڵینەوەی.(٢٧)



* * *

ئەگەر پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لەبزووتنەوەی ئەدەبیی ئەم چەرخەماندا هەبێتو یەکێتییەکی دیالێکتیکی لەنێوان ئینتێرناسیۆلیستیو نەتەوەییدا لەئەدەبیاتی ئەم چەرخەماندا هەبێت. ئەوا ئەم دیاردەیە بەسەر ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیی چەرخەکانی ناوەڕاستو دوواییدا دێتە دی، بەوێنەی خۆییو بابەتی. بەیەکەوە لکاندنێکی مێژووییو شارستانیو بیر هەیە کە کاری کردۆتە سەر تێکەڵبوونی زمانو ڕەوانبێژیش، ئەمەش وایلێکردین بەو جۆرە لەخانی بکۆڵینەوە شاعیری چەرخی خۆیەتیو یەکێکە لەشاعیرانی ڕۆژهەڵاتو پێوەندیی مێژوویی نێوان کوردو گەلانی ڕۆژهەڵات لەچەرخی خۆیدا لەرووی مێژووییو لەرێی ڕەنگدانەوەی ئەدەبییەوە دەردەخات.

ئەم ڕاستییە خستنیە بەردەم لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی گەلانیتر، تا رادەیەك توانیبێتمان هاوسەنگیی نێوان خانیو تا رادەیەك ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات دەستنیشان بکەین، ئەوا چوونە ناو ووردەشتەوە تا رادەیەك گرانە. ئەگەر ئەمە تا رادەیەکی گەورە لەلێکۆڵینەوەی شاعیرێتیی خانیمان دوور بخاتەوەو وامان لێ بکات سەر بکەینە سەر ئەوەی کە بیرکەرەوەو سۆفییە زیاد لەوەی شاعیر بێت، ئەوەش بیانووی ئاشکرای هەیە، کە لێکۆڵینەوەی هەموو شاعیرێك پێش هەموو شت پێویستی بە دەستنیشانکردنی جێگای ئەوە لەچەرخی خۆیداو پێشاندانی ئەو لایەنەیە کە ئەو لەئەدەبیاتی گەلی خۆیداو لەرێڕەوی بەرەو پێشچوونیدا نوێنەرێتی. یەکەم جێگەی ئەوی بیرکەرەوەمان ناسی: کەویستویەتی شیعر بکاتە هۆی بیرە چەند لایەنەکەیو ویستوویەتی خۆیو ئەدەبیاتی گەلەکەیو زمانەکەی لەجێگەیەکی شایان بەخۆیاندا لەناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا دانێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی ئەوەماندا وێنەیەکی دیارو درێژی ئەوە پیشان بدەین.

لێکۆڵینەوەی خانی شاعیر بە بەراوردێکی درێژو ڕاستەقینە نەبێت لەگەڵ ئەوانەدا کە پێش ئەو ژیاون ـ لەشاعیرە گەورەکانی ڕۆژهەڵات وەك فیردەوسیو نیزامیو جامیو جەلالەدینی ڕۆمیو فزوولیو کەسانی تر ناکرێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییەو ئێستا چوونە ناوییەوە وا دەکات کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەچوارچێوە بۆ دانراوەکەی خۆی هیچ

نەبێ لەرووی قەوارەوە بچێتە دەرەوە، یا بێتە پشتکردنە لایەنی فەلسەفەو بیر لەسەر حسابی فراوانکردنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە ئەمەشمان هەر لەسەرەتادا بەدوورگرت. چونکە لامان وایە کە نەتوانین لەشاعرێك بکۆڵینەوە یاتێی بگەین ئەگەر پایەی ئەو لەرێڕەوی بیردا دەستنیشان نەکەین، لەتواناشماندا نەبووـ بەپێی بۆچوونی خۆمان کە دەست نەکەین بەو لایەنانەی بایەخمان پێدان، بە ئاواتی ئەوەی لەفەسڵێ بۆ ئەوە تەرخانکراودا لەکاری داهاتوودا بچینەوە سەر لایەنە ئەدەبییەکەو فراوانی بکەینەوەو ئەو موحازەرانەی لەزانستگای سلێمانی لەبارەی شاعیرەوە پێشکەشمانکرد کەرەسەو سەرەتای ئەوە بوون. راستییەکی تریش لەناو رۆژهەڵات ناسیدا دەبینین باس بکرێت ئەوەش ئەوەیە کە ئەو لێکۆڵەرەوە سۆڤییەتیانەی بەزانستی سۆڤیتییەوە بەستراون تەنگوچەڵەمەیەکی دیاریان لەرووی کەرەسەی لێکۆڵینەوەوە هەیە. ئەو باسانەی ئەوان لەیەکێتیی سۆڤێت دەینووسن زۆرجار ئەو سەرچاوەو کەرەسانەیان دەست ناکەوێت کە لەدەرەوەی یەکێتیی سۆڤێت چاپکراون یا هەن. هەر وەك باسێك کە ئەوان لەدەرەوەی یەکێتی سۆڤێت دەینووسن پێویستیان بەسەرچاوەی سۆڤێتی هەیە. ئەم بارە هەندێکجار وا دەکات واز لەلێکۆڵینەوە بێنن یا زاتی ئەوەیان هەبێت کە بەردەوام بن لەسەری، با ئەم کەموکوڕیەش هەبێ، کە زۆرجار هەڵومەرج و توانای سەفەرکردنیش بۆ نەهێشتنی دروست ناکرێت، ئەگەر بناغەی ئەم باسەی لەبەغدا ئامادەمانکردووە لەقاڵبی کتێبدا بوو بێت[٢٨] ئەوا لایەنی دووەمی تێدا نییەو هەوڵماندا لەوەرگێڕانە رووسییەکەدا لەوکاتەدا کە لەمۆسکۆ بووم (١٩٧٦) ئەو کەلێنە بگرم و لەو نوسخە عەرەبییەدا کە لەسەر بناغەی ئەو ئامادەکرا بوو بۆ چاپ زیادەکان جێ بکرێتەوە، هەرچەندە کەمیی سەرچاوەی مارکسی لەبارەی تەسەوفی ئیسلامییەوە یەکێك بوو لەو کۆسپانەی هاتە رێگەی ئەم بەشەی باسەکە، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە بەنرخانەی لەبارەی ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتەوە هەیە ئەو کۆسپانەی تاڕادەیەك تەختکرد. بوونم لەئینستووتی رۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆو ئاگاداربوونی کاری زاناکانی لەم ڕووەوە لە پەیداکردنی





کەرەسەدا یارمەتییان دام و هیوام وایە ئەمە وێنەیەکی تەواوتر بەکارەکانی لەمەودووام ببەخشن.

لەکۆتاییدا دەبێ تێبینی یەکی گرنگ لەبارەی میتۆد (ڕێ و شوێن)ەوە دەربڕین، چونکە کرۆکی بیرکردنەوەمان جیاوازیی لەوەدایە کە باسکردنی لایەنی بیرو فەلسەفە لەئەدەبیاتی کلاسیکیدا ئەرکی لێکۆڵەرەوەی ئەدەبە یا ئەرکی لێکۆڵەرەوەی فەلسەفەیە؟ بەڕای ئێمە ئەمە پێش هەموو کەس ئەرکی لێکۆڵەرەوەی ئەدەبە، بەتایبەتی لەباسی ئەدەبیاتی کلاسیکیی رۆژهەڵاتدا. ئەگەر ئەدەبیاتی هاوچەرخ لەسنووری هەموو جیهاندا بەگشتی بچێتە سەر هێڵێکی تایبەتیی فەلسەفە، ئەوا هەموو ئەدەبیاتی کۆنی رۆژهەڵات بە ووردەکارەکانی فەلسەفەوە خەریك دەبێت و بیرو رێبازی دیاری فەلسەفە تێدا رەنگ دەداتەوە، لێکۆڵەرەوەی ئەدەب ناتوانێت پشت بکاتە فەلسەفەو لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا نەچێت بەلایدا، دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە ناوەڕۆکی بنەڕەتیی خۆی بەباسنەکردنی ئەو لایەنە فەلسەفییە لەکیس دەدات و لێکۆڵەرەوەی فەلسەفە نەبێت کەسی تر ناتوانێ بگاتە وردەکاریی ئەو بیرانە، ئەمەش لەبنەڕەتدا لەزمانی ئەدەبیاتی ئەو چەرخەو ئەو لایەنە داخراوانەیدایە کە دەبێ لێکۆڵەرەوەی ئەدەب و زمانەوان روونی بکەنەوەو بەوە ڕێگە بۆ لێکۆڵەرەوە خۆش بکەن، ئەم ڕاستییە رێنوێنی ئەم باسەبوو هیوامان وایە کە بەمە سەرەتایەکمان بۆ تێگەیشتنی خانی دابنێین جێگای شایان بەخۆیی لەرێڕەوی ئەدەبیاتی کوردیدا بدەینێ.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ سەیری ووتارێکمان بکە لەم بارەیەوە لەگۆڤاری "الأجیال"دا ژمارە ١٨، بەغدا، کانوونی دووەم، ١٩٧٠، ل ٥٢، ٥٣.

٢ـ کوردۆییێڤ. ك. ك. پێشەکیی کتێبی ئەحمەدی خانی، مەموزین، مۆسکۆ ١٩٦٢. ل٧. (تێکستی ئینتیقادی وەرگێڕانی بۆ رووسی لەلایەن مارگرێت. ب. روودێنکۆ)وە.

تێبینی: لەپەراوێزەکانی لەمەودووادا هەر بە (مەموزین) ناوی ئەم سەرچاوەیە دەبەین.

٣ـ عەلائەدین سوجادی. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەغدا، ١٩٥٢. (بەکوردی) لەمەودووا بە ـ سوجادی ـ ناوی ئەم سەرچاوەیە دەهێنین.

٤ـ ئەحمەدی خانی. مەموزین. هەولێر، ١٩٥٤

ئەحمەدی خانی. مەموزین. هەولێر، ١٩٦٧

٥ـ تۆفیق وەهبی ووتاری "ئەحمەدی خانی"، گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە. ژمارە ٢، بەغدا، ١٩٤٣. ل ٢٨. (بەکوردی)

٦ـ مەمی ئالان. شام ١٩٥٨.

٧ـ پێشەکیی یوسف. ئە. ئۆربیللی بۆ کۆمەڵەی "یادی چەرخی رۆستاڤیللی"، لێنینگراد، ١٩٣٨. ل ١، ٢. (بەزمانی رووسی".

٨ـ کوردۆییێڤ. هەر ئەو سەرچاوەیە. ل٩

٩ـ مەموزین. ل ٦.

١٠ـ ژمارەی یەکەمی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا دەرچووە.

١١ـ مەموزین. ل٦.

12- M. Hartmann. Zur Kurdischen Literature- Wicher Zeitschrift Fürdie Kunde der Morgenlandes, BO Xll, 1898. S 107.

١٣ـ مەموزین. ل٦. (تێبینی: لەکاتی نووسینی کتێبەکەدا لەبارەی ئەم چاپەوە پشتم بەپێشەکییەکەی روودێنکۆ بەست، پاشان توانیم نوسخەیەکی وێنەگیراوە لەساڵی ١٩٧٨دا پەیدا بکەم، کە خوێنەری شایستە وێنەی بەرگەکەی‌و لاپەڕەی یەکەمی لەکۆتایی کتێبەکەدا دەبینێ).

١٤ـ ئەحمەدی خانی، مەموزین، لەبلاوکراوەکانی "ژین"، حەلەب، ١٩٤٧.





١٥ـ چوومە شاری جزیرە، ئەو شارەی داستانەکە وا دەردەخا کە لەوێ روویداوە. هەر وەك لام وایە کە خانی داستانەکەی لەوێ نووسیووە، لەپاڵ زەحمەتی‌و کۆسپی گەورە لەبەردەم لێکۆڵەرەوەیەکی کوردی عیراقدا بۆ لێکۆڵینەوە لەوێ. دووجار چوومە ئەو شارەو سوودم لەو دوو سەردانە بینی. لەکاتی نووسینی باسەکەداو بەو وێنانەی لەپاشکۆدان باسی ئەو سوود بینینانە دەکەم.

(تێبینی چاپی کوردی: باس لەزەحمەتیی سالانی حەفتای سەدەی بیستەم دەکەم، لەتورکیاو لەبەردەم کوردی عیراقیدا رێك بخرێ. ٢٠/١/٢٠٠٦)

١٦ـ مەموزین. ل ٣٠، ٣١.

١٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٧.

١٨ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٩ـ مەموزین. نووسینی میری شاعیران‌و ئەدیبانی کورد ئەحمەدی خانی.. وەرگێڕانی محەمەد سەعید رەمەزان بۆتی. بیروت. خانەی زانست بۆ ملیۆنان (دار العلم للملایین). {؟}.

(لام وایە ئەم وەرگێڕانە ساڵی ١٩٥٧ چاپکراوە ـ نووسەر).

٢٠ـ دارشتنەوەیەکی عەرەبیی مەموزین ـ هەیە کە شاعیری عەرەبی سووریا ئەحمەد سولەیمان ئەلئەحمەد دایڕشتۆتەوە. ئەمە وەرگێڕان نییە، بەڵکو ئیلهام بینینێکی تازەیە لەمەموزینەوە، هەروەك نووسەری ناسراو عەبدول مەسیح وەزیر کورتەیەکی مەموزینی فۆلکلۆری دارشتۆتەوەو پشتی بەیادگارەکانی منداڵیی خۆی‌و حیکایەتەکانی نەنکی بەستووە لەماردین (بڕوانە (عەبدول مەسیح وەزیر، مەموزین، گۆڤاری "الرسالة". ژمارە ٤٨٤، قاهیرە ١٩٤٢).

٢١ـ وەرگێڕ ئەو سەردەمە لەشام دەژیا.

٢٢ـ ئەحمەدی خانی "مەموزین". وەرگێڕانی محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان، ئەستەموڵ، ١٩٦٧ (بەتیپی لاتینی).

٢٣ـ ئەحمەدی خانی، مەموزین، وەرگێڕانی هەژار بۆ موکریانی. بەغدا، ١٩٥٩.

٢٤ـ موکری: بەشێکە لەبەشەکانی کرمانجیی خواروو کە لقی سلێمانیی بۆتە بناغەی ئەو ئەدەبە کوردییەی ئێستا زمانی ئەدەبیی رەسمییە لەعیراقدا (تێبینی: ئەم پەراوێزە ساڵی ١٩٧٨ نووسراوە. ٢٠/١/٢٠٠٦).

٢٥ـ لەئەنجامی کارکردن بۆ ئامادەکردنی ئەم باسەدا کەرەسەیەکی فراوان کۆبۆوە کە دەبنە هۆی ئامادەکردنی چاپێکی تازەی داستانی مەموزین بە شەرحێکی تەواوییەوە.

* * *

٢٦ـ لێرەدا دەتوانین پەنجە بۆ بەرهەمەکانی ئەکادیمیك یەڤگینی ئەدواردۆڤیچ بێرتێلس لەبارەی تەسەوفو شیعری رۆژهەلاتەوە بەگشتی رابکێشین. ئەوانە رەنگینترین سەرچاوەن کە هەموو لێکۆڵەرەوەیە لەم مەیدانەدا سوودیان لێ ببینێ.

٢٧ـ لێکۆڵینەوەی چەرخی شاعیرو ئەوانەی پێش ئەو لەشاعیرانی کورد رێگە خۆشکەر بوون بۆ ئەم باسە. بەری ئەو رێگەخۆشکردنە لێکۆڵینەوە بوو لەبارەی شاعیران عەلیی حەریریو مەلای جزیریو فەقیی تەیرانەوە. دوو ووتارمان لەبارەی دوو شاعیریانەوە بلاوکردەوەو لەرادیۆی بەغداوە چەند ووتارمان لەبارەی شاعیری سێیەم پێشکەشکرد.

تێبینی: (لەبارەی شاعیری سەیەم مەلای جزیرییەوە کتێبێکی تایبەتیم نووسی: ٢٠/١/٢٠٠٦، سەیری لیستەی کتێبەکانمان بکە).

١ـ د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ووتاری عەلیی حەریری ـ ژیانو بەرهەمی بلاوکراوەی ـ دەفتەری کوردەواری. ژمارە ١، بەغدا ١٩٦٩.

٢ـ د. عزەدین مستەفا رەسوولْ. ووتاری: فەقێی تەیران. ژیانو بەرهەمی. گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات. ژمارە ١٥. بەغدا ١٩٧٢.

٢٨ـ ئەم کتێبە ساڵی ١٩٧٥ لەبەغدا نووسینی تەواو بوو. کە نووسەر ساڵی خوێندنی ١٩٧٦ـ ١٩٧٧ لەمۆسکۆ بوو، ئەم پێشەکییەو کۆتایی کتێبەکەو دوو فەسڵی لەبارەی" چەرخی ئەدەبیی خانی "و" وێنەی ئەدەبی لای خانی ی خستە سەرو هەموو کتێبەکە بەشێوەیەکی تەواو کرا بەرووسیو لەئینستووتی رۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی لەمۆسکۆ موناقەشەکراو بەڵگەنامەی دوکتۆرای زانست "دوکتۆر ناووك"(D.S.C) لەئەدەبدا لە٨ی ئەیلوولی ١٩٧٧دا درا بەنووسەر. نووسەر پێشتر بەڵگە نامەی (کاندیدات ـ کە بەرامبەر بە PH.D دانراوە) لەزانستگای باکۆ لە ٢٤ حوزەیرانی ١٩٦٣دا لەسەر نامەی" ریالیزم لەئەدەبیاتی کوردی)دا وەرگرتبوو.

(تێبینی چاپی کوردی: نووسەری ئەم کتێبە بەباشی زانی مەموزین بە تەواوی بکرێتە عەرەبی. لەبەر ئەوە هەموویی دێر بە دێر بە پەخشان کردە عەرەبیو لەسلێمانی چاپی کرد. بڕوانە: {احمدی خانی، مەموزین، ترجمة الدكتور عزالدين مصطفى رسول، مراجعة الدكتور كامل مصطفى الشيبي. السليمانية.} پێشەکیی ئەم وەرگێرانە لەپاشکۆی ئەم چاپە کوردییەدا دەبینن. هەروەك لەکاتی بۆ رووسی وەرگێرانی ئەو کتێبەدا ساڵی ١٩٧٦. بە تێبینی خۆم ئەو کۆمەڵە دێرەی روودێنکۆ بەووردی وەرینەگێرابوو یا هەر وەرینەگێرابوو بەیارمەتیی زانای سۆفیەتی ـ ئارتور سەگەدێیڤ کردم بە رووسیو لەپاشکۆی نامەی دوکتۆر ناووکەکەدا بە (تایپ) چاپکرا. ئێستا لەمۆسکۆ زانای کورد ئۆردیخانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



* * *

جەلیل خەریکی رێکخستنی چاپێکی کتێبەکەو چاپێکی پوختی مەموزینەکەیە کە یەکخستنی وەرگێرانەکەی روودینکۆو راستکردنەوەکانی منە. (سلێمانی ٢٠/١/٢٠٠٦).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

* * *

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

# خانی و ژیانی

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو سەرچاوە کوردییانەی چەند دێڕێکیان لەبارەی ژیانی خانییەوە نووسیوە، جاروبار لەسەر دەستنیشانکردنی چەرخو ساڵی لەدایکبوونی یەك نین. بەڵام خانی خۆی لەوانەیە تاقەکەس بێت لەناو شاعیرە کۆنەکانماندا کە خۆی ساڵی لەدایکبوونو شتێکی لەبارەی ژیانییەوە پێ ووتبین.

خانی لەدووا فەسڵی مەموزیندا ئاشکرا دەڵێ کە لەساڵی ١٠٦١ی هیجریدا لەدایکبووە[١]. عەلائەدین سوجادی یەکەمین لێکۆڵەرەوەیەکە ئەم ڕاستییەی بەرچاوکەوتبێ[٢] کە ئەوانی تر باری سەرنجی رانەکێشاون، کە دەبوو تێبینی یان بکردایە[٣].

لەهەندێك سەرچاوەدا چەند شتێك لەبارەی ژیانی خانییەوە نووسراوە، چەند سەرچاوەیەك بەپێی ناوەکەی (خانی) داویانەتە پاڵ عەشرەتی (خانیان)ی کە مەڵبەندی عەشرەتەکەیان بە ووردی دەرنەخستووە[٤]، بەڵام یەکێك لەسەرچاوە هەرە نزیکەکان داوێتە پاڵ گوندی (خان) لەنزیك بایەزیدەوە.[٥]



* * *

لەبارەی شوێنی لەدایکبوونییەوە زوربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوەن کە لەبایەزید لەدایکبووە، وادیارە ئەمە بێجگە لەوەی بەسەر زاری خەڵکەوە هاتووە، لەوەشەوە هاتووە کە خانی لەبایەزیدی رۆژهەڵات نێژراوەو مەرقەدەکەی (هێشتا هەر زیارەتگای خەڵکە) لەوێ[٦].

عەلائەدین سوجادی لەشەرحی ژیانی ئەحمەدی خانیو بنەچەی کۆمەڵایەتییو خوێندنیدا بەدڵنیاییەوە دەڵێ کە لەبایەزیدو ئورفەو ئەخلاتو بتلیس بووە[٧]. وا دیارە لەمەدا پشتی بە پرسکردنی ووردو بەردەوام بەستووەو پشتی بەوەوە بەستووە کە هەموو ئەوانەی بایەخیان بە ئەدەبو بەرهەمی ئەو داوە لەژووررووی کوردستان گێڕاویانەتەوە. لەڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین تا ئێستا یەك سەرچاوەی نووسراومان نەدیووە کە تیشکمان بۆ بخاتە سەر شاعیرو ژیانی. ئەمەش وامان لێدەکات کە بچینەوە سەر "مەموزین" خۆیو پاش لێ ووردبوونەوەی وورد چەند هەودایەکمان دەست کەوێت شتێکمان لەبارەی ژیانی شاعیرەوە بۆ دەرخەن. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بەروونی وەك ووتمان ساڵی لەدایکبوونو ساڵی تەواوکردنی نووسینی (مەموزین)[٨]مان بۆ تۆمار دەکات.

بەڵام هیچ لەبارەی شوێنی لەدایکبوونیو ئەو شوێنانەوە کەلێی ژیاوە ناڵێت. بەڵام پەنجە راکێشانی ئاشکراو وەسفی جوگرافی هەیە بۆ ناوچەیتری ئەوتۆ کە خانی دەبەستێ بەم شوێنانەوە، لەکاتێکدا هیچ پەنجە راکێشانێك بۆ ئەو شوێنانە نابینین کە دەماو دەم وامان بیستووە کە تێیاندا ژیاوە.

لەوێنەیەکی هونەرمەندانەدا شاعیر وەسفی فرمێسکەکانی عاشق دەکاتو پەنا دەباتە ناوی ئەم شوێنو ئەو شوێن بردن. یا ناوی چەند رووبار دەبات کە تەواو (کورو ئاراسو شەتولعەرەبو فوراتو جەیحوونن)[٩]. هەندێ لەوەرگێڕانی (مەموزین) بەهەرهۆیەکەوە بێت لەوەرگێڕانی (کوڕو ئاراس)دا کەوتوونە هەڵەوە کەچی تاقە سەیرکردنێکی نەخشەی ناوچەکە ئەوەمان پێشاندەدەن رووباری (کوڕ) زۆر بەخوڕ لەشوێنێکی نزیکی سنووری ئێستای یەکێتی سۆڤێت ـ ئێران ـ تورکیاوە دەرژێتە رووباری ئاراس یا ئەرەز یا

ئاراکسەوە کە لەبایەزیدەوە دوور نییە. لەیەکێك لەسەرچاوە هەرە کۆنەکاندا لـەبارەی ئـەم دوو رووبارەوە ووتراوە:

(رووباری کورٍ کە بە ووڵاتی تفلیسو شاری سەغدەبیل لەخاکی جەزراندا رەت دەبـێ پاشان دەچـێتە ووڵاتـی بەرزەعـەو لەگـەڵ رووبـاری رەسـدا کـە رووبـاری وەرسـانە یـەك دەگرنەوەو هەموو دەرژێنە نـاو ئـەوەوە)[10] . ئەمـەش تـەواو لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە خـانی باسیکردووە.

**سیلاّبی جگەر وەسا لەکورٍ هات**

**گۆیا کو ب سەر ئەرەزڤە کورٍ هات**

**ئەلقیسە ژ عیللەتا دە دلّدا**

**سەیلەک وە د چوو مەمی بە ملدا**

**شەتولعەرەبو فوراتو جەیخوون**

**هەرسێ تە دگو کو پێکڤە رابوون**

**هەر چەند ژ هیسترێد مەمی ژار**

**شین بوون ل رٍوخی شەتی سپی دار[12]**

(شەتولعەرەب) لێرەدا هەر ناوێکی دیجلەیە هاوچـەرخانی خـانی لەناوچـەی دیاربـەکر بەکاریان هێناوە. ئەمە لەیەکێك لەسەرچاوەکانی ئەو سەردەمەدا تۆمـارکراوە[13]. خـانی لەپاڵ ئەوەشدا ناوی دیجلە[14]و (شەتی کوور- رووباری قووڵ)[15] بۆ ئەو رووبارە دەبات.

لەمەمٍوزینـدا وەسـفێکی تـەواوی ناوچـەی جزیـرە کـراوە، بـەناوی جێگـەو وەسـفی جوگرافیو سەیرنگاکانییەوە ئەو وەسفە ووردەش بەقەڵەمی کەسێك نەبـێ کە ناوچـەکەی دیبـێ یا تێدا ژیابـێ ناکرێ.

لەشوێنێکدا بە زمانی "مەم"ەوە روو دەکاتە رووباری دیجلەو دەڵـێ:

**هەر لەحزە تەژی ج تێتە بیری**

**سەرگەشتە د چی لە رەخ جزیری**





**ئەڤ شەهرییە گەر ژ بۆتە مەحبووب**

**حاسڵ گەریایە بۆتە مەتلووب**

**دائیم دە دلّی تەدایە مەنزل**

**دەستی تە ل گەردنی حەمائیل**

**هێژا ژ خودێ تو فکر ناکەی**

**هەر رۆژ هەزار شوکر ناکەی**

**ئەڤچەندە د کی هەوارو گازی**

**ئیدی چەمرادکی دخوازی**

**بێهودە چرا دکی تو فریاد**

**ئاوارە دچی دیاری بەغداد[18]**

وێنەی ئەو دوو باڵەی لەگەردنی حەمایەڵدایە بە تەواوی وێنەی دیجلەو بـەدەوری شـاری جزیـرە سـوورٍانەوەیەتی. خـانی لای ئـەم وێنەیـە ناوەسـتـێ. بـەڵکو بـەزمانی (مـەم)ەوە جارێکیتر دەڵـێ:

**دێوانەمە من پەری بەدەردا**

**ئەز دیجلەمە زونبوری مەبەردا**

**وەستانی و نێرگزیو سەقلان**

**دەروازەو عەمریو مەیدان**

**وان سەیرگەهان توو لێ دکەی گەشت**

**ئەزمامە ژ بۆ مەرا دەرودەشت[19]**

وەك لەتێکـستەکەدا دیـارە زونبـوریو وەسـتانی (وە سـطانی)و نێرگـریو دەروازەو عەمریو مـەیدان جێگان لەدەوری شاری جزیرە هێشتا هەندێکیان مـاون، وەك لەهەندێك



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەسی خەڵکی ئەو شارە خۆیانم بیستووە.[٢٠] هەرچەندە خانی لەنەخشاندنی سروشتو بەخشینی وێنەیەك لەئەدەبی وەسف یا ئەدەبی سروشتدا سەرکەوتوو نەبووە[٢١]، بەڵام وێنەکانی تەواو لەگەڵ باری جوگرافیی جزیرەدا یەکە:

هەر یەک ژ نەوال و کۆهـ و دەشتان
رەهـ شوبهەتی گۆشیە بەهەشتان
هەر رەوزە (روضة) ریازی (ریاضی) خولدی ئەکبەر
هەر چەشمە ژ عەینی ئابی کەوسەر
هەر کوهـ ژ ڕەنگی توور (طور)ی مووسا
ژ ئەنواری تەجللایی تەییسا
هەر نەهرە ژ رەنگی ئەژدەها بوون
هەر سەبزە ب موعجیزان عەسا بوون
هەر دار ژ فەیزی (فیضی) ئەو بەهاری
تێک شوعلە ددا ژ نووری باری[٢٢]

خانی لەسروشتەوە دوو وێنەی ووردی دیمەنی رۆژئاوا بوونمان دەداتێ، یەکێکیان لەدەشتدا[٢٣] و ئەویتر لەدەریادا[٢٤]. ووردی لەدوو وێنەکەدا وامان لێدەکەن کە بینینی کۆنکرێتی ئەو دوو دیمەنە لەلایەن خانییەوە بەراستتر بزانین، وەك لەوەی کاری خوێندنەوە بنو دەتوانین بیانکەین بە بەڵگەی راستیی ئەوەی لەبارەی گەشتەکانی شاعیرەوە نووسراون لەسەرچاوەکاندا[٢٥].

دەگونجێ وێنەی یەکەم ئەنجامی گەشتی شاعیر بن بۆ بەشە دەشتەکەی جزیرە وێنەی رۆژئاواش دیمەنی ئەستەمووڵ یا کەنار دەریابێ لەسووریا.

لەهەمموو ئەمانەوە دەتوانین لەپێوەندیی خانی بەشاری جزیرەوە بگەین، پێوەندییەك کە لەوەزیاتر لەچیرۆکێکەوە وەرگیرابێ کە رووداوەکانی لەشاری جزیرە روویدابێ. لەپاڵ ئەم دیمەنە ووردانەی جزیرەدا نە ناوی شارێکی تر نەناوبردنی شاری تر دەبینین، لەوانە



ئەبوو خانی ناوهێنانی شاری (بتلیس)ی لەبیر بچێ ئەگەر لەوێ ژیابایە یا بیخوێنایە،بەتایبەتی کە خانی لەکاتی هەرەسهێنانی میرنشینی بتلیسدا ژیابوو[٢٦]، زۆر ئاسایی بوو کە وێنەی بتلیسی هەرەسهێناو لەشیعری خانیدا ڕەنگی بدایەوە ئەگەر تەجروبەی داگیرکردنی ئەو شارەی بدیایە. پاشان پەنجە ڕاکێشانی ئاشکراتر هەیە ئەوە نیشاندەدەن کە خانی لەمیرنشینێکی کورددا دەژیا کە هێشتا بەلای کەمەوە میرێکی کوردی هەبووە[٢٧]. خانی ئاواتی بەو میرە هەبووە کە ئەو بەرنامە نەتەوەییە بەجێبێنی کە بۆ مەسەلەی کوردی دانابوو و دێینە سەر باسی.

بەڵام ئەوەی کە دەدرێتە پاڵ عەشیرەتی (خانیان) یادێی (خان) لەبەر دوو هۆ بەلای دووەمیاندا دەچین:ـ

**یەکەم:** دانە پاڵ (خانیان) دەبێ بە (خانیانی) بێتو بە (خانی) نەبێ کە خۆیشی هەر ناوی خۆی وا بردووە[٢٨].

**دووەم:** ئەوەی وەك دەماودەم ووتراوە، کە خانی کوڕی بنەماڵەیەکی گەورەی دەسەڵاتدار بووە، ئەو پەنجەڕاکێشانە ئاشکرایانە لاوازی دەکا کە دەبینین سەر بەخەڵکی هەژارە. لەسەرەتای پێشکەشکردنی چیرۆکەکەدا دەڵێ:

ئەز پیلەوەرم نە گەوهەریمە
خود ڕەستەمە ئەز نەپەروەریمە
کرمانجم و کۆهیی و کەناری
ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری
ئیمزا بکەن ئەو ب حوسنی ئیلتاف
ئیصغا بکەن ئەو ب سەمعی ئیننصاف[٢٩]

ناتوانین ئەم ووشانە بەشتێك لەتەوازوع بزانین، چونکە ئەو هێڵە جیاکەرەوە ئاشکرایەی خانی لەهەمموو مەیدانێکدا لەنێوان هەژاران و دەوڵەمەندانیدا دادەنێ و بەپێ داگری لەگەڵ هەژاراندا بوون[٣٠]، بەتوندی نەویستنی پارە[٣١] و پارەخوازان[٣٢] و دوژمنی

زولّم[٣٣]، نیشانەن بۆ بنەچەی کۆمەڵایەتیی شاعیر زیاد لەوەی سۆزێك بێت لەبەرەو ژوورەوە لەگەڵ هەژاراندا، بەئاشکرا بەرامبەر بە حوکمداران‌و میران وەستاني، کە دێینە سەر باسی‌و فەلسەفەی ئەو لەبابەت دوورکەوتنەوەوە لەحوکمداران[٣٤]، ئەوە بەدوور دەزانرێ کە دەماو دەم لەبارەیەوە هاتووە بەتایبەتی لەهەوڵداندا لەکاتی چوونە ئەستەموولدا بۆ گەیشتنە سولّتان[٣٥].

خانی لەبیرکردنەوەیدا لەهەموو شتێك دوور دەکەوێتەوە کە بەسترا بێت بەپێوەندیی تیرەگەرییەوە، چ لەروانینە ژن‌و روانینە خزمایەتی[٣٦]. ئەمەش لەپاڵ رەسەنیی بیری کراوەی ئەودا، بنەچەی کۆمەڵایەتیی دووری ئەومان بۆ دەردەخا لەخۆبەستن بەپێوەندیی تیرەگەریدا.

## مێژووی نوسینی مەم‌وزین‌و پێوەندیی بەمێژووی مردنی شاعیرەوە:

یەکەم سەرچاوە، بەڵکو تاقە سەرچاوە کەمێژوویەك بۆ کۆچی دوایی ئەحمەدی خانی دادەنێ مێژووی ئەدەبی کوردی خۆیەتی، خاوەنی ئەو سەرچاوەیە پشت بەرستەیەك کە لەسەر بەرگی کتێبێك نووسراوە (طارخاني الى ربه) دەڵێ: ئەم رستەیە لەسەر بەرگی دوواوەی کتێبیك نووسراوە[٣٧]. بەڵگەی ساڵی کۆچی خانییە بەپێی پێرەوی زانراوی مێژوو نووسین‌و بەم پێیە ساڵی ١١١٩ی هیجری (١٧٠٧/ ١٧٠٨)ی میلادی بە ساڵی کۆچی شاعیرداناوە، هیچ بەڵگەی ترمان نییە نزیکی یا دووریی ئەم مێژووە لەراستییەوە دەرخەن. بەڵام شتێك هەیە گومانێك دەخاتە سەر ئەم مێژووە کە خۆی نەچەسپاوە، ئەویش مێژووی نووسینی (مەم‌وزین)ە یامێژووی تەواو بوونیەتی. دێرێك شیعر هەیە دووای ئەو دێرە دێ کە شاعیر مێژووی لەدایکبوونی خۆیی تێدا نووسیوە. ئەو دێرە لەزوربەی نوسخەکاندا بەجۆرە نووسراوە:

**ئیساڵە گەهیشتە چل‌و چاران**

**وی پێشرەوی گوناهکاران** [٣٨]





زۆر سەرچاوە لەوانە مێژووی ئەدەبی کوردی وایانداناوە کە خانی لەچل‌وچوار ساڵیدا[٣٩] لەنووسینی مەم‌وزین بۆتەوە، بەڵام نوسخەیتری داستانەکە هەیە لەوە ناچێ، (شەست‌و چاران) لەجێی (چل‌و چاران) دەبینین یەکێ لەوانە دەستنووسی (H)ە. لەو نوسخانەی روودینکۆ پشتی پێ بەستوون لەتەحقیق‌و چاپی (مەم‌وزین)دا[٤٠]، دوو نوسخەیتریش کە لەشاری زاخۆ دیوومن هەروایان نوسیووە،[٤١] ئەگەر ئەمە راست بێت ئەوا گومانێك دەچێتە سەر ئەوەی لەمەوبەر باسکراو بەمێژووی کۆچی خانی دانرا. بەم پێیە دەبێ خانی (مەم‌وزین)ی شەش ساڵ پاش ئەو ساڵە دانابێ کە کراوە بەساڵی کۆچی دوایی، بەرامبەر بەم قەرینە تازەیە هەر دەبێ پەنا بەرینە بەر لێکدانەوەی لۆجیکی‌و بەڵگەکانی: خانی لەچەند ساڵیدا (مەم‌وزین)ی نوسیوە، لەچل‌وچوار ساڵیدا، یا لەشەست‌و چوار ساڵیدا؟ گوڕو تین لە (مەم‌وزین)داو خوێن گەرمیی نەتەوەیی قیبلەنما بەرەو لای یەکەم دەبات، بەڵام پێگەیشتوویی لەفەلسەفەداو کامڵبوونی سۆفیانەو، تێگەیشتنی قووڵ‌و جیهانبینی ژیرانە لەمەسەلەی نەتەوەییداو ئەم تەوژمە فراوانەی خوێندنەوەو ئاگادارییەی لە (مەم‌وزین)دا شتێك لەبەرجەستە بوون و تەشەنە کردنی دەبینین بەدەم خۆیانەوە بەرەو (شەست‌و چوار) مان دەبەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە یەکێکە لەو مەسەلانەی ناتوانین دووا بڕیاری لەسەر بدەین‌و خۆمان لەدەنگدان دوور دەخەینەوەو چاوەڕیی دەستکەوتی مێژوویی‌و زانستیی تازە دەکەین، بەڵکو چاوەڕێی ئەوەین کە لەدووا رۆژدا دەستمان دەکەوێت، تا ئەو کاتە بیکەین بەدووا بەڵگە بۆ دەنگدان یاخود هەر لۆجیك بۆ دوواجار بکەینە رابەری دەنگدان.

* * *

# شتێك لەبارەی بەرهەمەكانی خانییەوە

هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی خانییانكردووەو ئەو قسانەی بەسەر هەموو زمانێكەوەن لەهەموو هەڵقەیەكی خوێندندا لەم مزگەوتی كوردستان یا ئەودا، باسی هیچ بەرهەمێكی خانیی تێدا نییە لە "نۆباری بچووكان"[٤٢] و "عەقیدا ئیمان"[٤٣] و (مەم‌وزین) بەولاوە. ئەم بەرهەمانە بەنوسخەی زۆرو جیا لەهەموو لایەكی كوردستاندا بەتایبەتی لەباكووریدا لەبەر دەستدا بوون، زۆركەمە لەمزگەوتێكدا یا لەمەدرەسەیەكی سەر بەمزگەوتەكاندا نوسخەیەكی دەستنووس یا زیاتری هەموویانی تێدا نەبێت. هەرسێ بەرهەمەكە یەكی چەند جارو بە چاپی جیا چاپكراون، هەر وەك چەند قەسیدەیەكی خانی كەرۆژهەلاتناس ئەلیكسەندەر ژابا بەدەستنووسی لەگەڵ دەستنووسەكانیتر بردوونی بۆ سانپیتربۆرگ (لێنینگرادی ئێستا[٤٤] بڵاوكراونەوە، هەر وەك چەند چوارین یا قەسیدەی لەچوارین دروستبووی دۆزرانەوەكە بەچوار زمانە رۆژهەلاتییەكە نووسراون. ئەمانەش لەكتێبێكی تازەدا بڵاوكراونەتەوە[٤٥]. لەهەموو ئەمانەشدا باسی بەرهەمیتری خانی نەكراوە، لەیەكەم چاپكراویشدا كە باسی (مەم‌وزین)ی خانیی كردووەو چەند بەشێكی بڵاوكراوەتەوە هەر ئەم سێ بەرهەمە بڵاوكراوەتەوە[٤٦]، تا لەم سالانەی دواییدا باسێك لەچیرۆكێك كراوە كە خانی لەبارەی (یوسفو زولەیخا)وە نووسیوێتی[٤٧]، ئەوە بوو كۆڕی زانیاریی كورد لەم دواییانەدا ئەوەی بڵاوكردەوە كە لیژنەیەكی سەر بەكۆڕ نوسخەیەكی دەستنووسی چیرۆكی (لەیلو مەجنوونی) لەنووسینی ئەحمەدی خانی لەكتێبخانەی شێخ مەمدووحی بریفكانیدا لەدهۆك دۆزیوەتەوە، كۆڕ ئەوەی ڕاگەیاندووە كە نوسخەیەكی (یوسفو زولەیخا)ی خانیی لەكتێبخانەیەكی تایبەتیدا هەیە، كۆڕ هەوڵی پەیداكردنی دەدا[٤٨] بەڵام سەرۆكی لیژنەی ناوبراوی سەر بەكۆر لەووتارێكدا كە وەسفی دەستنووسەكەی(لەیلو مەجنوون)ی تێدا كردووە گومانی لەوە پێشانداوە كە ئەم چیرۆكە خانی نووسیبێتیو دووا رای لەسەر نەداوە[٤٩].

بەلێكۆڵینەوەی دەستنووسی دوو تێكستی (لەیلو مەجنوون)[٥٠] و (یوسفو زولەیخا)[٥١] چەند بەڵگەمان بۆ نەدانە پاڵ خانیی ئەم دوو چیرۆكە لاپەیدا بوو. بەڵام شتێك كە بەبیردا نەهاتبوو هاتە پاڵ ئەو بەدوورگرتنە تەواوە بێ پێویست بوونی هیچ بەڵگەیەك، ئەویش ئەوە بوو كە ئەم نوسخەیەی (لەیلو مەجنوون) هەر دەستنووسی ئەو چیرۆكەی (لەیلو مەجنوون) بوو كە حارس (حارث)ی بتلیسی نووسیوێتیو رووددێنكۆ تەحقیقی كردووەو وەریگێڕاوەو چاپیكردووە)[٥٢].

هەرچی چیرۆكی یوسفو زولەیخایە ئەویش نوسخەیەكیتری چیرۆكی سەلیم بن سولەیمانە كە لەگەنجینەی دەستنووسەكانی لنینگرادو بەرلیندایەو[٥٣]، باشتر وابوو كۆڕ كەمێك چاوەڕێی بكردایەو لەوە دڵنیاببوایە كە ئەم دوو چیرۆكە بداتە پاڵ خانیو ئاگاداریی لەبارەوە بڵاوبكاتەوە.

دیار بوونی چیرۆكی (مەم‌وزین)و بڵاوبوونەوەی بوو بەهۆی لاسایی كردنەوەی لەوێنەو لەدارشتنندا وەك لەدوو چیرۆكی (لەیلو مەجنوون)و (یوسفو زولەیخا)دا دیارە. چونكە كارتێكردنی (مەم‌وزین)لەو دوو چیرۆكەدا زۆر دیارو ئاشكرایە. هەروەك ئەو پلەیەی خانی لەناو گەلدا بەبڵاو بوونەوەی داستانەكەی پەیدایكرد. بوو بەهۆی ئەوەی زۆر كتێبو بەرهەم كە خەڵكیتر نووسیویانە بدرێنە پاڵ ئەو، كتێبی ئەوتۆشی لەناودا بێت كە هەر نەنووسراون[٥٤].

* * *

نابێ لەکاتی لێکدانەوەی دانەپاڵی بەرهەمێکی تازەشدا ئەم راستییە پشت گوێ بخەین، هەر وەك نابێ بەشێوەیەکی تەواو باس لەنەبوونی بەرهەمێتر جیا لەوانەی باسمانکردوون بکەین کە لەوانەیە قەڵەمی خوڵقێنەری خانی نووسیبنیو هەڵومەرجی کوردستان وایانکردبێت کە ئاگامان لێیان نەبێت. لەجیهانی دۆزینەوەی دەستنووسدا بەڵگەی زۆر لەبارەی دۆزینەوەی ئەمجۆرە بەرهەمانە هەیە.



* * *

## پەراوێزەکان

١ـ ئەحمەدی خانی، مەم‌وزین، مۆسکۆ، ١٩٦٢. ل ١٩٧.

٢ـ سوجادی. ل ١٩٠

٣ـ الدكتور بله چ شيركو، القضية الكردية، القاهرة، ص٢٢ـ ٢٣.

٤ـ سوجادی، ل ١٨٩

٥ـ ئەحمەدی خانی، مەم‌وزین، وەرگێڕانی بۆ تورکیی م. ئە. بۆزئەرسەلان. ئەستەموولّ، ١٩٦٨. ل١٤

٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٧ـ سوجادی، ل ١٩٤

٨ـ مەم‌وزین، ل ١٩٧.

٩ـ مەم‌وزین، ل ١١٥.

١٠ـ المسعودي، التنبية والإشراف، بيروت، ١٩٦٨، ص ٥٥.

١١ـ ووشەی "سيلاب ـ سيل آب" سەیلی ئاو. ئاوی ئەو ڕووبارانە بەفرمێسك دەچوێنێ.

١٢ـ مەم‌وزین. ل ١١٥.

١٣ـ اولياچلبى. محمد ظلى بن درويش. اولياچلبى سياحتنامەسى. دردنجى جلد "استنبول" ١٣١٤.

١٤ـ مەم‌وزین. ل ١١٠.

١٥ـ مەم‌وزین. ل ١٠٩.

١٦ـمەبەسی به مەنزل لێرەدا: مەبەس‌و شوێن مەبەسە.

١٧ـ ئەوەی بۆ جوانی دەکرێتە مل.

١٨ـ مەم‌وزین. ل ١٠٩ .

١٩ـ مەم‌وزین. ل ١١٠.

٢٠ـ لەزۆر بۆنەدا خەڵکی جزیرە خۆیم دیوەو گۆرانیبێژی کورد کاك رەمەزان جەزراوی هەندێ لەوانەی بۆ ووتم کە لەمەم‌وزینی فۆلکلۆری لەبەر کردووە، ئەو شوێنانەشی بۆ دەستنیشان دەکردم کە لەدوو تێکستەکەدا هەن (تێکستی خانیو تێکستی فۆلکلۆر) شوێنی ئەو ماڵو باخانەی دەستنیشان ئەکرد کە هێشتا لەجزیرە ماون‌و لای وابوو کە هەر ئەو شوێنانەی چیرۆکەکەن. لەهاوینی ١٩٧٣دا

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

خۆشبەختانە یەکەمجار چوومە جزیرەو لە هەموو ئەو ئەنجامانەی باسم کردوون دڵنیابووم‌و زانیاریی تازەم لەبارەی داستان‌و تێکست‌و جێگەکانەوە دەستکەوت. (زیادەی وەرگێڕانی کوردی: پاش ئەو جارە گەلێك جاریتر چوومەتە جزیرە)

٢١ـ دەتوانین لەشوێنیتردا بەدرێژتر لەم باسە بدوێین.

٢٢ـ مەم‌وزین. ل ١١٦.

٢٣ـ مەم‌وزین. ل ١٤٠.

٢٤ـ مەم‌وزین. ل ٤٨.

٢٥ـ سوجادی باسی گەشتی ئەوی بۆ ئەستەمبوڵ‌و شوێنیتر کردووە.

٢٦ـ گەورەترین هەرەسی ساڵی ١٠٦٥ی هیجری بووە.

٢٧ـ مەم‌وزین، ل ٣٧.

٢٨ـ شاعیر چەند جارێك ناوی خۆی بە (خانی)و دووجار بە (ئەحمەد) بردووە.

٢٩ـ مەم‌وزین. ل ٤٣.

٣٠ـ مەم‌وزین. ل ٧٢.

٣١ـ مەم‌وزین. ل ١٣١، ١٣٢.

٣٢ـ مەم‌وزین. ل ١٣٥.

٣٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣٥ـ سوجادی. ل ١٩٠.

٣٦ـ مەم‌وزین. ل ٩٤

٣٧ـ سوجادی، ل ١٩٠.

٣٨ـ مەم‌وزین، ل ٩٤.

٣٩ـ سوجادی، ل ١٩١.

٤٠ـ مەم‌وزین، ل ١٧٩.

٤١ ــ نوسخەی یەکەم بەخەتی سەید تەهای ئەرواسی نووسراوەتەوە، دووەم ناوی نووسەرەکەی کوژێنراوەتەوە.

٤٢ـ نۆباری بچووکان (چەندجارێك لەتورکیا بێ مێژوو چاپکراوەتەوە.

٤٣ـ (عەقید ئیمان) بەبێ ناوی شوێن‌و مێژووی چاپکردنی چەند جار چاپکراوە.



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

٤٤ـ گۆڤاری "گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا " ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٦١، مۆسکۆ، ل ١٦٧.

٤٥ـ عەبدورەقیب یوسف. دیوانا کرمانجی. نەجەف، ١٩٧١. ل ٤٣، ٤٤.

٤٦ـ گۆڤاری "گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا " ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٦١، مۆسکۆ، ل ١٦٧.

٤٧ـ عبدالله بن محمود النقشبندي. كتاب الفرائض من دار الفرائص. انقرة ١٩٦٠، ل٥٦.

٤٨ـ بەشێوەی هەواڵێکی ووروژێنەر لەرۆژنامەی (التآخی)دا بڵاوکرایەوە.

٤٩ـ شمس کردستان. صادق بهاءالدين آمیدی. مقال في مجلة شمس کردستان. العدد ٢. السنة ٢. بغداد. ك ١. ١٩٧٢. ص ٤٩، ٥٠.

٥٠ ـ ٥١ـ ئەو نوسخەیەی لەدهۆکە ـ لای کاك محەمەد مەلاشوکری بوو بۆ نووسینەوەی. دووەمیش لای کاك مەلا حەمدی عەبدولەجید بوو.

٥٢ـ حارس (حارث) بتلیسی، لەیل‌و مەجنوون، مۆسکۆ ١٩٦٥، وەرگێڕان‌و پەراوێزی م. ب. روودێنکۆ.

٥٣ــ دەتوانین بچینەوە سەر کتێبەکەی روودێنکۆ لەبارەی دەستنووسەکانی لێنینگرادەوەو کتێبەکەی دوکتۆر کەمال فوئاد لەبارەی دەستنووسەکانی بەرلینەوە.

ـ م. ب روودێنکۆ. وەسفی کۆمەڵەی دەستنووسی کوردیی لێنینگراد مۆسکۆ، ١٩٦١.

- Kamal Fuad, Kurdische Hand Schrif- Ten Wiesbaden, 1960.

تێ بینی و زیادکردنی ئەم وەرگێڕانە کوردی یە:

پاش چاپی عەرەبیی ئەم کتێبە (١٩٧٩) چەند کتێب لەبارەی خانی یەوە بەعەرەبی و تورکی دەرچووە. نامەوێ خۆم دەستنیشانی ئەو دێڕ بەدێڕو لاپەڕە بەلاپەڕانە بکەم کە بێ ئیشارەت لەو کتێبەوە وەرگیراون. تەنیا دەبێ لەناو ئەو کارانەدا نرخ بدەم بە کارەکەی سەیدا تەحسین دۆسکی کە دیوانی خانیی چاپکردووە. لەو دیوانەدا کۆمەڵێك شیعری خانیی تێدایە کە لەوەپێش نەماندیوون‌و ئەوە دەردەخەن کە خانی دیوانی تەواویشی هەیە. بەڵام دیوانەکە لەچوارچێوەی بیروفەلسەفەی خانی ناچێتە دەرەوەی ئەفراندنی ناو مەم و زین.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# مەبەست لەنووسینی مەم و زین

خانی لەفەسڵە بەراییەکانی کتێبەکەیدا، کە بووە بە پێڕەو ناوی بنێین دیباجە، مەبەستی خۆیی لەنوسینی مەموزیندا دەرخستووەو لەدوو مەسەلەدا کورتی کردۆتەوە:

**یەکەم:** شتێك بە زمانی زگماکی خۆی، یا زمانی نەتەوەکەی بنووسێ، بۆ ئەوەی گەلەکەی خۆیو وزەی بیری ئەو دەرخا کە بەواتەی ئەو بووە بە بورجێکی دیار (لەناو عەرەبەوە تا گورج)[1]، بۆ ئەوەی کەسیش نەڵێ کە جۆرەها میللەت کتێبیان هەیەو تەنیا کورد حسابیان لەم مەیدانەدا بۆ ناکرێت.[2]

خانی لەشوێنیتردا بە درێژی باسی ئەم مەسەلەیە دەکاتو بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێ کە دەیتوانی چیرۆکەکەی بە زمانێك بنووسێ کە برەوی زێڕی هەبێ، بەڵام دەڵێ: (فیڵکردنی قبووڵ نەکردو نەبووە هۆیەك بۆ غەرەز)[3]، لەبەر ئەمە (مسی سووری سووك)[4]ی خۆی دەرخست، ئەویش ئەگەر بەکێشانو نرخ سووك بێت، ئەوا (کوردیی بێگەردەو بیانووی پێ ناگیرێ)[5] ئەگەر پادشایانو گەورە پیاوان قبووڵی نەکەن، ئەوا (لەموعامەلەی عەوامی خەڵکدا)[6] قبووڵە. بەراستی ئەکادیمێك ئۆربیللی لەم رووەوە، واتە لەنەویستنی نووسینی چیرۆکەکەوە بەفارسیو تورکی، وای بینیوە کە یەکێکە لەو لایەنە دیارانەی خانیو گەلەکەی خۆی بەیەکەوە دەبەستێ.[7]





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**دووەم:** (تا ئەهلی نەزەر نەڵێن کە کورد عەشقیان پێ نەبەخشراوەو لەعەشقی راستیو مەجازی بێ بەشن)[8]، لێرەدا خانی بە ووردیو درێژی دەڕوانێتە وێنەکە، هەر وەك وامان تێ بگەیێنێ کە ئەو وەك سیاسەتمەدارو بانگەوازکەر (داعیـة) دەوەستێتو پارێزگاری لەنەتەوەکەی خۆی دەکاتو ئەو تاوانبارکردنە لەنەتەوەکەی دوور دەخاتەوە کە دوژمنانی پێوەی دەنێن، وای تاوانبار دەکەن کە لەشەڕ کردنو خوێنڕشتن بەو لاوە هیچیتر نازانێ. خانی کوڕانی نەتەوەی خۆی لەوێنەی کەسانێکدا پیشان دەدات کە خۆشەویستیو ناسکیو دڵپاکی دەزانـنو پەنابردنە بەر چەك لای ئەوان بۆ دوورخستنەوەی دوواکەوتوویيو کلۆڵییە[9].

لەچەند دێرێکیتری چیرۆکەکەدا، خانی دەگەڕێتەوە سەر هۆی وێنە بەخشینی ئەم چیرۆکی عەشقەو ئەوەش بەهۆیەك دەزانێ بۆ شەرحی ئەو "کێشەو خەمانەی" لەدەروونی خۆیدانو مەموزین بە بیانووی ئەوە دەزانێ[10]. شەرحی خەمی دەروون چوونە مەیدانێکی فراوانە لای خانی، هەموو بیردەگرێتەوە، بەفراوانترین مانایو هەموو ئەو بیرو رایانەش دەگرێتەوە کە لە(مەموزین) دانو بوونەتە بڕبڕەی پشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

خانی دەگەڕێتەوە سەر ئەم بیرە لەبارەی باسەکەیەوە، لەوەدا کە ئەو ڕەگەزانە پۆلین دەکات کە لەداستانەکەیدان و دەیانکات بەوسێ بەشەوە کە لەفەسڵی پێشوودا باسمانکرد[11]. کە دەگاتە لووتکەی تەئەمولو سۆفێتی، یا لووتکەی چیرۆکەکەیو بیری سۆفی لای ئەو دەگاتە پلەی فەوتان یاتواندنەوە (فەنا) لەخواداو لەگەڵیدا یەکگرتن، ئەو کاتەو پاش دووانـدنێك لەگەڵ قەڵەمداو ووردەشتی تازە کە لەچیرۆکەکەدایە، دووا مەبەستی خۆی لەهەموو ئەو کارانەدا کە دەیکات یادەیاننوسی لەدوو دێڕدا کۆدەکاتەوە کە دەڵێ:

لێکن وی غەرەز ژ گفتوگۆ ئی
مەقسوود ژ هەندە جستو جۆئی

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

* * *

**زاهیرکرنا جەمالی عیشقە**

**سابیت کرنا کەمالی عیشقە**[١٢]

لەتاوێکی سۆفیانەی سەر بەغەیبدا روو دەکاتە خواو بیانوو بۆ هەموو ئەو شتانە دێنێتەوەکە ووتوونی‌و نووسیونی. یا ئەو رێبازانەی بیرو سوفیزم کە لەدەرگای داون‌و ئەو نەخشە ئەدەبی یانەی کێشاونی‌و دەڵێ:

**وەڵڵاهی ژ سفیدیی‌و سیاهی**

**وی قەسدو غەرەز تویی ئیلاهی**[١٣]

واتە لەهەوو ئەو شتانەدا کە نووسیونی‌و کوژاندونیەتەوەو نووسیونێتەوە.

هەر وەك خانی لەهەموو تەئەموولە سۆفییەکانیدا دەگاتە ئەم ئەنجامە ـ وەك دەبینین ـ ئەو ئەنجامەش دەبەستێ بەو ئەنجامانەوە کە کردوونی بەبیانووی نوسینی چیرۆکەکەی.



مه کتەبی بیر و هۆشیاری

* * *

## پەراوێزەکان

١ـ مەموزین، ل ٣٣

٢ـ مەموزین، ل ٣٥

٣ـ مەموزین، ل ٣٦

٤ـ مەموزین، ل ٣٧

٥ـ مەموزین، ل ٣٧

٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٧ـ ئۆربیللی. بەرهەمەکانی چەرخی رۆستاڤیللی (پێشەکی) لەچاپکراوەکانی ئەکادیمیی زانستیی سۆڤێتی، لێنینگراد، ١٩٣٨، ل ٥ (بەزمانی رووسی).

٨ـ مەموزین، ل ٣٥.

٩ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٠ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٤١.

١١ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٨٦

١٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٩٧

* * *

# (مەم و زین)ی خانی . دانانە یا وەرگرتن؟

زۆرجار کە باسی (مەموزین) دەکرێت، هەندێ شت لەیەکتر جیا ناکرێتەوە.

یەکەمیان: پێوەندیی (مەمی ئالان)ە لەگەڵ (مەموزین)دا. دووەمیان: پێوەندیی (مەموزین)ی خانییە لەگەڵ (مەموزین)ی فۆلکۆرو هەندێ جۆرە گێڕانەوەی (مەموزین) یا دارِشتنەوەی (مەموزین).

پێش ئەوەی خانی لەساڵی ١٠٩٥ی هیجریدا چیرۆکی (مەموزین) بنووسێتو لەقاڵبی ئەو داستانە مەزنەدا نەمریی پێ ببەخشێ. لەکوردستاندا، لەناو خەڵکدا چیرۆکی (مەمی ئالان) بەناوبانگ بووەو تراژیدیای (مەم)ی کوڕی پاشای مەغریب زەمینو زینی خوشکی میری بۆتان، یا لەهەندێ گێڕانەوەدا (زین)ی کچی میری گێڕاوەتەوە.

خانی ـ بەهانەو سەرەتای دارِشتنی داستانەکەی خۆی لەم بەیتی فۆلکلۆرەوە وەرگرتووەو ئەم ووتارە ـ بۆ سەلماندنی ئەم راستییە.

بەڵام پێش ئەوەی بەڵگەی ئەو وەرگرتنە بخەینە بەرچاو باسێك لەگەڵ چەشنەکانیتری (مەموزین)دا. (مەموزین)ی خانی لەزۆر روویدا لە (مەمی ئالان) جیایە، ئەم جودایییە



* * *

ناوەرۆكو فۆرمو مەبەستی داستانەکان ئەگرێتەوە. کە ئێستا ماوەی ئەو بەراوردەمان نییە..

بەڵام پاش ئەوەی خانی بەو چەشنەی خۆی (مەموزین)ی نووسی. شتێکی تێکەڵاو لە(مەموزین)ی خانیو (مەمی ئالان) لەناو خەڵکدا هاتە کایەوەو چەند جۆرە گێڕانەوەیەکی تازەی (مەموزین)ی پەیدا کرد کە ئەچنە خانەی فۆلکلۆرەوە ئەم (مەموزین) انەی فۆلکلۆر بە (دیالێکت ـ لهجە)ی جیاجیای کوردی هەن، چ بەکرمانجیی ژووروو، چ بە بەشە دیالێکتی موکریان، کەرۆژهەڵات ناسی ئەڵەمان ئۆسکەرمان لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لەموکریان بیستوویەتیو نووسیویەتییەوەو چاپی کردووەو عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان، هەر چاپ کراوەکەی ئەوی بەتیپی عەرەبی چاپ کردۆتەوەو کردوویەتی بە فارسیو پێشەکییەکی بەنرخی بۆ نوسیوە[1] پیرەمێردیش. بە خامە رەنگینەکەی خۆی لەم هەموو چەشنە دارِشتنو گێڕانەوانەی (مەموزین) کەرەستەی چیرۆکێکی تازەی (مەموزین)ی وەرگرتووە، کە شەقڵی تایبەتیی پیرەمێردی پێوە دیارە.

بەڵام رِەنگە بیری ئەوتۆش هەبێ کە خانی خۆی (مەموزین)ی نووسیوەو پێش ئەو چیرۆکێکی وا لەناودا نەبووەو خانی سەرەتاکەی داناوە، ئەگەر بمانەوێ ئەمە بسەلمێنین ئەوا لە (مەموزین)ی خانی دا دێڕی وا دەبینین کە بکرێن بە بەڵگەی ئەوەی کە خانی ئەم شاکارەی خۆی بە نوێ گەریو بەدڵنیاییەوە بە نۆبەرەی کارو داستانی خۆیی دەزانێ، هەرچەندە پێچەوانەی ئەمەش هەر بەدێڕی (مەموزین) دێتە سەلماندن.

خانی وتویەتی:

ئەڤ نامە ئەگەر خرابە، گەر قنج

کێشایە مە وی دگەڵ دوو سەد رەنج

نۆبارەیی تیفلی ئەو رەسیدە

هەرچەند نەهین، قەوی گوزیدە

لێ من ژ رەزان ئەکر تەمەتوع

* * *

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**مانەندی دزان بكەن تەتەبوع**

**ئەوڕەستەی حەدیقەیی فوئادە**

**مەعسوومو عەفیفە، پاك زادە**

**نۆبارە ئەگەر شیرینە گەرتاڵ**

**مەتبووعە ژ ڕەنگی نەوعی ئەتفال**

**ئەڤ تیفلە، ئەگەر نە نازەنینە**

**نۆبارە قەوی بەمن شیرینە**

**ئەڤ میوە ئەگەر نە پڕ لەزیزە**

**ئەڤ تیفلە بەمن قەوی عەزیزە**

**مەحبووبو لیباسو گۆشوارە**

**مولكێد منن نە موستعارە**

**ئەلفازو مەعانیو عیبارات**

**ئینشاو مەبانیو ئیشارات**

**مەوزوعو مەقاسیدو حیكایات**

**مەرمووزو مەناقیبو دیرایات**

**ئوسلووبو سیفاتو مەعناو لەفز**

**ئەسلەن نەكرن مەیەك ژوان قەرز**

**بیلجوملە نەتایجی دەفیكرن**

**دوو شیزەو نەوعەروسو بیكرن**(٢)

كەواتە خانی هەموو دیمەنو ڕەگەزێكی مەموزین بە بەرهەمی خۆی دەزانیو شانازی بەوەوە دەكات كە هیچیی وەرنەگرتوەو نەیدزیوەو هەمووشی بەلای خۆیەوە شیرینە، چونكە نۆبەرەی باخچەی دڵو یەكەم بەرهەم یا ڕۆڵەیەتی.



* * *

بەلاّم ئەمچەشنە شانازییەش لەو راستییە ناگۆڕێ كە خانی بناغەی بیری داستانەكەیی یا لەبەسەرهاتێكی رووداوەوە لەچیرۆكێكی فۆلكلۆرەوە وەرگرتوەو ئەم شانازییەی بەم چەشنە دارشتنەی (مەموزین)ەوەیە كە مێژوو بەناوی خانییەوە تۆماری كردووەو زۆر جیاوازە لە(مەموزین)ەكەی فۆلكلۆر، هەر وەك خۆی دەلێ، دووسەد ڕەنجی لەگەڵ دارشتنی داستانەكەدا داوە، تا ئەو داستانەی وا ڕێك خستووە كە لەداستانێكی فۆلكلۆرەوە بچێتە ریزی داستانە نووسراوەكانی جیهانەوە:

**ئێنانە نیزامو ئینتیزامی**

**كێشایە جەفا ژ بۆ وی عامی**(٣)

بەلْگەش بۆ ئەوەی كە داستانە نووسراوەكەی خانی چ لەفۆلكلۆرداو چ بە رووداوی بناغەیەكی هەیە زۆرە.

مەلای جزیری ناوی مەموزین بەجۆرێك دەبا هەر وەك دوو عاشقی راستەقینە بنو ناویان لەناو خەڵكدا بلاّوبێت:

**موویەكی ئەز تە نادەم ب دوسەد ژینو شیرینان**

**چ دبەت گەر تو حسێب كەی مەب فەرهادو مەمی**(٤)

ئەوەش دیارە كە مەلای جزیری پێش خانی ژیاوەو خانی بە جۆرێك باسی دەكا كە بیەوی زیندووی بكاتەوەو ناوی بهێنێتەوە ناو شاعیرانەوە.

خانی لەسەرەتای زۆر فەسڵی مەموزیندا چیرۆكەكەو بەسەرهاتی وا دەگێڕێتەوە هەر وەك لەیەكێكی بیستبێ، یا یەكێك بۆی گێڕابێتەوە، یا لەسەر پێڕەوی ئەوانەی چیرۆك دەگێڕنەوەو بەوە دەست پێ دەكەن كە دەلێن (حیكایەت خوان ووتی:) یا لەفۆلكلۆری عەرەبدا دەلێ (قال الراوي):

**نەقاشی سەحیفەیی حیكایەت**

**نەقادی سەبیكەیی ریوایەت**

**كێشا بڤی تەرحی ڕەسمو ئایین**

* * *

لێدا بڤی تەرزی زەرب‌و تەزیین
گوو پادشاهەک زەمانی سابیق
رابوو د حکوومەتا خۆ فائیق[٥]

یا دەڵێ:

دانایی موعەمیری کۆهینساڵ
ئەو رەنگەهە کر ژ بۆمە ئەحواڵ
گوو عادەتی پێشیی زەمانان
ئەو بوو ل هەمی جەو مکانان[٦]

یا دەڵێ:

سەییادی شکاری حوسنی ئەخبار
کر بۆ مەکو سەرگوزەشت ئیزهار
گوو رۆژەکە خۆش ب فەسڵ‌و ئەییام
دەورا فەلەکا فەنا سەرەنجام[٧]
تەدبیر کونەندە پیری عاقل
ئەڤرەنگە هەبوو ژبۆمە ناقل
گوو میر ب مشاوریی‌و رایی
وەقتی وەکو چوو حەرەمسەرایی[٨]
راوی وەهە گووتە من ریوایەت
زینێ کو بهستن ئەڤ حیکایەت[٩]

پێش ئەمەش هەر بەم چەشنە ووتوویەتی:

راوی وەهە گووتە من موعەما
ئەو حوور بناڤی زین مەوسەما[١٠]



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئاگاه ژ حاڵی دەوری ئەییام
ئەڤ رەنگەهە گووتە من سەرەنجام
گوو پیرەکی میهرەداری عاشق
قەولی وی ژ رەنگ سوبحی سادق[١١]

خانی لەهەندێ دێڕی مەم‌وزیندا ئەوە دەرئەخا مەم‌وزین پێش ئەوەی ئەو بەسەرهاتیان بکات بەداستان ناویان هەر هەبووە، وەك ئەوەی کە لەهۆی نووسینی داستانەکەدا ووتوویەتی:

شەرحا غەمێ دڵ بکەم فەسانە
زینی‌و مەمی بکەم بە هانە
نەغمێ وە ژ پەردەیی دەرێنم
زینی‌و مەمی ژنۆ ڤەژێنم
مەعلوول بوین حەبیب‌و عاشق
ئیرۆهە وەکی تەبیبی حازق
دەرمان بکەم ئەز ئەوان دەواکەم
وان بێ مەدەدان ژنۆ ڤەڕاکەم[١٢]

یا جارێکیتر ئەوە دەرئەخاتەوە کە لەڕێگەی قاڵبی تازەی مەم‌وزین‌و رێکخستنیەوە ناوی دوو عاشقەکەی داستان بەرز ئەکاتەوە.

مەشهوور بکەم ب تەرزو ئوسلووب
مومتاز ببن موحیب‌و مەحبووب

جارێکیتر ئەم دوو مەبەسە، واتە وەرگرتن‌و زیندووکردنەوەی ناوی مەم‌وزین لەچەند دێڕێکیتردا کۆ ئەکاتەوە:

ئەجزای کیتابی عەشقبازی
سەحاف‌و موجەلیدی مەجازی

* * *

**شیرازەو جوزءو بەندو تەركیب**

**ئەڤ رەنگە كرن ب نەزمو تەرتیب**

**گووزینو مەمی د ناز پەروەرد**

**گاڤا وەهە دەر ڤەبوون لوان دەرد**[١٤]

هەر لەبەر ئەوەش كە خانی مەموزین بەدیمەنێكی ووشەی ناو كورد ئەزانێ بەو پەڕی تەوازوعەوە روو ئەكاتە خوێندەواری كوردو داستانەكەی پێشكەش ئەكات:ـ

**كرمانجمو كۆهیو كەناری**

**ڤان چەند خەبەرید كوردەواری**

**ئیمزا بكەن ئەو ب حوسنی ئیلتاف**

**ئیسغا بكەن ئەو ب سەمعی ئینساف**[١٥]

خانی لەدووا فەسڵی مەموزین دا هەر وەك لەرووی زمانەوە ڕەگەزەكانی (مەموزین)مان پێشان ئەدا، هەروەها لەرووی ناوەڕۆكو كەرەسەوە مەموزین ئەكات بەسێ بەشەوە:

**هەندەك ژ فەسانەیید بۆهتان**

**هەندەك د بەهانە هەن دە بوهتان**[١٦]

گەر باش لەم دابەش كردنە وورد ببینەوە، ئەتوانین ئەم سێ ڕەگەزە بەمجۆرە لێك بدەینەوە كە هەر یەكەیان كەرەسەی باسێكی گەورەن دەربارەی مەموزین كە بەم زوانە پێشكەش بەخوێندەواری كوردی ئەكەین:ـ

**١ـ هەندەك ژ فەسانەیید بۆهتان:** واتە هەندێك لەوەی كە لەووڵاتی بۆتاندا بڵاوە، كە دیارە مەبەستی تەواو ئەو داستانی فۆلكلۆری (مەمی ئالان)ەیە كە لەكاتی ئەودا لەبۆتاندا گێڕڕاوەتەوەو ئەو قسەو باسەی دەربارەی بەسەرهاتی مەموزین كە لەناو خەڵكدا هەبوون.



* * *

**٢ـ هەندەك د بەهانە:** واتە هەندێك بەهانە، كە دیارە مەبەسی هەر ئەوەیە كە لەدێڕیكی پێشوودا پیشانماندا كەوا مەبەسی لەنووسینی مەموزین شەرحی غەمی دڵ بڵاوكردنەوەیەو مەموزین تەنیا بەهانەی ئەو بڵاوكردنەوەیەن. غەمی دڵەكەش ئەو باسی ژیانو مێژوو و زانستەن كە فەلسەفەی خانییان پێك هێناوەو لەمەودووا پێشكەشی بە خوێندەواری كوردیان ئەكەین.

**٣ـ هەن دە بوهتان:** واتە هەندێ شتی دروست كراو كە مەبەسی ئەو شتانەیە كە ناچار بووە بۆ پێك هێنانی چیرۆكەكە خۆی دروستیان بكات، كە ئەمەش كەرەسەی لێ كۆڵینەوەی (هونەری چیرۆك نووسی)ی خانیو ئەویش بەشێكە لەو لێكۆڵینەوە فراوانەی هیوادارین دەربارەی خانی پێشكەشی خوێندەواری كوردی بكەین.

**تێبینی:**

ئەمەش یەكێكە لەو باسانەی كە بەرە بەرە دەربارەی مەموزین دەنووسرێ. لەژمارەی پێشوودا وا پیشان درا بوو كە ئەم ووتارە لەگۆڤاری ((تووتن))دا بڵاودەكرێتەوە، بەڵام نووسەر وای بەباش زانی كە ئەمیش هەر بۆ ((نووسەری كورد)) بێ.

**تێبینی وەرگێڕانی كوردی:** ئەم فەسڵە سەرەتا بەكوردی لەگۆڤاری "نووسەری كورد"دا بڵاوكرابۆوە كە ئەم باسە بوو بەكتێب پەراوێزی یەكەمی بەمجۆرە بۆ نووسرا.

هاوەڵ د. مەعرووف خەزنەدار بەووردی تێكستەكانی فۆلكلۆرو نووسراوی (مەموزین)ی جیاكردۆتەوە ووتارێكی لەوبارەیەوە نوسیوە فەهرەستی ئەو تێكستە فۆلكلۆریو نووسراوانەی مەموزینو مەمی ئالانی تێدایە كە رۆژهەڵاتناسانو كوردان چاپیانكردووە (بڕوانە: گۆڤاری سلێمانی ژ ٢ ساڵی ٢. ئەیلوولی ١٩٦٩) هەروەها رۆژنامەی (التآخی) تێبینییەكانی دكتۆر كەمال فوئادی لەبارەی چاپەكانی مەموزینەوە بڵاوكردۆتەوە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ عبدالله ایوبیان، چریکەی مەمۆزین، تەورێز، ١٣٤١ شەمسی.
٢ـ ئەحمەدی خانی، مەمۆزین، مۆسکۆ، ١٩٦٢. ل ٤٢، ٤٣.
٣ـ العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، القامشلي، ١٩٥٨.
٥ـ ئەحمەدی خانی، ل٤٤
٦ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢
٧ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦
٨ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤
٩ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤
١٠ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥
١١ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١
١٢ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١
١٣ـ سەرچاوەی پێشوو.
١٤ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦
١٥ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣
١٦ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# ((مەم و زین))
# داستانێکی رەسەنی تایبەتیی کوردە

لەم بەر بۆ ئەوبەری کوردستان بە دەم بەیتبێژانەوەیە، رۆژهەڵاتناسانو فۆلکلۆرناسانی خۆمان گەلێك گێڕانەوەی ئەو داستانەیان بۆ تۆمارکردووین. لەولاشەوە کە ناوی مەمۆزین هات یەکسەر ناوی ئەحمەدی خانیی شاعیری مەزنی کوردو رابەری بیری کوردایەتیی لەگەڵدا دێ. چونکە ئەو بەدارِشتنەوەی چیرۆکی عەشقی مەمۆزین لەساڵی١١٠٥ی هیجریدا داستانی کوردیی بردە ریزی داستانە هۆنراوەکانی رۆژهەڵات.

زۆرجار لەرێڕەوی نووسینو بەرهەمدا لام وا بوو ئیتر لەجوغزی (مەمۆزین) دەرئەچم، بەڵام کە دەرفەتێکی تازە دێتە پێشەوە دەبینم هێشتا قسەم لەو بارەیەوە ماوەو دەبێ بکرێت.

بۆ یادی سێ سەد ساڵەی(مەمۆزین) دەبێ هەندێك بیری تازەو کورتەی ئەو بیرانەش، یا بەشێکیان دووبارە بکەمەوە کە لەکتێبی(ئەحمەدی خانی) ی خۆمدا چ تێکستە رووسی یەکەیو چ چاپە عەرەبی یەکەیدا دەرمبڕیبوون.

* * *

یەکەم بیری تازە موناقەشەی ئەوەیە ئایا خانی نوێنەری(رینیانس)ی کوردە یا نا؟ یاخود رابەری ئەو رینیسانسەیە بەبیرو بەنووسینی کوردی.

پرسیاری یەکەم ئەوەیە ئایا رینیسانس لای کورد هەیە، یا بەگشتی رینیسانس هەر دیاردەیەکی ئیتالی یا ئەوروپی یە، یاخود لەرۆژهەڵاتیشدا بووە؟ کە ئەم باسە دێتە بەبیرمدا، هەمیشە چەند بەراوردم دێتە پێش چاو. لەو گەلانەی رۆژهەڵات کە زۆر باسی رێنینسانسی خۆیان دەکەن گەلی ئۆزبەکەو نموونەی رینیسانس لای ئەوان شەخسیەتی عەلی شێر نەوایی یە واتە ئەگەر میللەتی تر هەبێت لەرۆژهەڵاتدا باسی(رینیسانس)ی خۆی بکات بۆ کوردیش هەیە شیعری فەقیی تەیران ببەستێت بە((لسان الطیر))ی ئەوایی‌و ((منطق الطیر))ی عەتتارەوەو ئەوسا لەبارەی جزیرەی بۆتان‌و شەخسیەتی خانیدا یەکێك لەدەورەکانی رینیسانسی خۆی ببینێت.

لای ئیتالی یەکان شەخسیەتی دانتی‌و بۆکاشیۆ، نووسینەکانیان، چوونەوە سەرزمانی خەڵك‌و لەبارێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی شارستانیدا بەرەو یەکێتی‌و راپەرینی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری شارستانیدا بەرەو یەکێتی‌و راپەرینی نەتەوە چوون بە بەڵگەی رینیسانس دادەنرێت. بۆ ئەمەش پێش ئەوەی خانی بکەین بە نموونەی بەرزی رینیسانس دەبێ سەیرێکی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی کوردستان‌و بەتایبەتی جزیرەی بۆتان بکەین.

شەرەفخانی بتلیسی بەیەکگرتوویی باسی کوردستان دەکات، مێژووی ئەو مێژووی هەموو کوردستان‌و هەموو میرنشینەکانە، بەڵام وەسفی شار بەشاری کوردستان، باسی ئابووری‌و سنعەت‌و پیشەی جیا جیاو بازاڕی جیاو گردبوو نەوەی سەرمایە لەو وەسفانەدا دەبینی کە گەرۆکی تورك ئەولیاچەلەبی لەبارەی بتلیس‌و جزیرەوە پیشانی دەدات.

گەلۆ بپرسین ئەگەر عوسمانی هەموو کوردستانی داگیرنەکردایەو وێرانی نەکردایە، کۆبوونەوەی چەند کرێکار لەژێر سەقفیکدا (مانیفاکتۆرە)و گردبوونەوەی سەرمایە



* * *

نەدەبوونە سەرەتای پەیدابوونی یا سەردەرهێنانی سەرمایەداری؟. لەڕووی کلتووریشەوە، شەخسیەتی خانی، زانیاریی ئینسکلۆپیدی ئەو لە ((مەم‌وزین)) دا بەڵگەی پێگەیشتنی خوێندەواری‌و کلتورە لەکوردستاندا.

ئەولیا چەلەبی باسی سووتاندنی کتێبخانەی میری بتلیس دەکات. کوان ئەو کتێبانە کە ئەو ناویان دەهێنێت؟

دێمەوە سەرخانی. ئەو چەند هۆمان دەداتێ بۆ نووسینی((مەم‌وزین)):

**دا خەلقی نەبێژیتن کو ئەکراد**

**بێ مەعریفەتن بێ ئەسل‌و بنیاد**

**ئەنواعی میلەل خودان کتێبن**

**کرمانج تەنێ د بێ حسێبن**

**هەم ئەهلی نەزەر نەبێن کو کرمانج**

**عشقی نەکرن ژ بۆ خۆ نارمانج**

کەواتە- خانی لەکتێب دگەڕێت؟ بەڕای وی کورد شاعیرو دیوانی هەبووە. بابە تایەری هەمەدانی(٩٠٩-١٠١٠)، هەروەها مەلای جزیری بنیاد دانەری شیعری کلاسیکیی کوردو فەقێی تەیران‌و عەلیی حەریری پێش ئەون. کەواتە کتێب لای خانی دیوانی شیعر نییەو داستانی شیعرییە. بەرەو پێشچوونی(ژانر)ی ئەدەبە بۆ پلەی ژانری داستان، لای یۆنان‌و پاشان لای فارس‌و تورك(فیردەوسی - نیزامی گەنجەوی بەرەگەز کورد، فزوولی... هتد).

ئەگەر فیردەوسی بە نووسینی شاهنامە ویستبێتی بە سامانییەکان بڵێت - ئێوە خاوەنی ئەم رابوردووەن، خاوەنی ئەم قارەمانانەن کە(لەفۆلکلۆری هەموو رۆژهەڵاتداهەن - رۆستەم‌و زاڵ‌و گیوو فەلامورز... هتد)، هەروەها خاوەنی ئەم زمانەن

که بەخەیاڵی فیردەوسی خاڵییە لەووشەی بێگانە. ئەوا خانی بەمیری بۆتانو هەموو میرەکانی کورد دەڵێت:

**گەردی هەبووا مەئیتیفاقەک**
**ڤیکرا بکرا مەئینتقادەک**
**رووم‌و عەرەب‌و عەجەم تەمامی**
**هەمیان ژ مەرا دکر غوڵامی**

که رەنگە مەبەستی غوڵامی خزمەتی زمان‌و کلتوور بێت چونکە هەرخانی کە باسی کورد دەکات لەوە دەدوێت کە کورد خزمەتی کلتووری هەموو رۆژهەڵاتیان کردووە:

**ب فکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان**
**کرمانجیە بوویە شوبهی بورجان**

هەروەها بە کوردی نووسینی خانی‌و نەنووسینی مەم‌وزین بە فارسی یا تورکی وێنەی چوونەوە سەرزمانی خەڵکە، وەك رینیسانسی ئیتالیا

**کرمانجی یە، سرفە بێگومانە**
**زێرنینە ببێن سپی دەمانە**

نەزێرەو نەزیوە گومانیان لێ بکرێت، نە((فارسی)) ونە تورکی یە زێرو زیوی بۆ بهێنێت بەڵکو((مس)) سوفرێکی رووتە:

**صوفرێ مەیی سۆر ئاشکرا کر**
**قیرتاسیە بوو مەلێ دوعا کر**

ئەم سوفرو قیرتاسیە با میری کورد((خاس نەزەر نەدانەوی)) بەڵام لای خەڵکی بەرزە ((مەقبوولی موعامەلا عەوامی)).

ئەهلێ نەزەر، خاوەن بیرو توانای لێکدانەوەو هەڵگرانی بیری تەسەوف کە((مەم‌وزین)) ببیستن ئەڵێن کورد عەشقیان نەکردووە بە ئامانجی خۆیان. ئەمە





خانی یەو وەك ئەمڕۆ وەڵامی دوژمنانی کورد دەداتەوە. کورد میللەتێکی خوێن رێژ"نین، خوێنی کورد لەسەر خاکی کوردو بۆ بەرگری لەو خاکە نەبێت نەڕێژراوە. ئەوەتا ناسکترین چیرۆکی عەشقیش لەناو کورددا روو دەدات، هەر ئەمەش وای کردووە خانی چیرۆکێکی کوردی‌و ناو کورد بکات بە کەرەسەی داستانەکەی‌و دەست بۆ چیرۆکی هاوبەشی ناو رۆژهەڵاتی وەك "شیرین‌و فەرهاد" و"لەیل‌ومەجنون" نەبات تەنانەت کە بناغەی (مەم‌وزین)ی خانی لەمەم‌و زینی فۆلکلۆرەوە وەرگیراوەو خانی گەلێك لایەنی ئەفسانەیی لەگێڕانەوە فۆلکلوری یەکەدا نەهێشتووە [1] و بەرەو واقیعی بیرو ژیانی بردووە.

ئەوا شەخسیەتی(مەم‌وزین) یشی کردووە بە کوردو زادەی خاکی کوردستان لەکاتێکدا لەفلکۆردا بۆ(مۆتیڤ)ی لەدوورەوە هاتن بو لای یار، یارێگەی دوور بڕین بۆ گەیشتنە دلّدار، مەم کراوە بە کوڕی پاشای مەغریب زەمین یا کوڕی برایم پاشای یەمەن.

ئەگەر دانتی و بۆکاشیۆ چووبنەوە سەرزمانی زارگوتی خەڵك‌و ئەوە یەکێك بێت لەدیمەنی رینیسانسی ئەوان، ئەوا خانیی ئێمە دیمەنی رینیسانسی خۆی بەچوونەوە سەر فۆلکلۆرو گێڕانەوەی خەڵکی‌و بنەڕەت لەوەوە وەرگرتن پیشان دەدات‌و داستانەکەی دەباتە ریزی داستانی گەلانی داروسێ‌و شیعری گەشەسەندووی شارستانە لەدەوری عەبباسیدا کە بەدەوری زێڕینی ئەدەبی عەرەبی دادەنرێت، شیعری عەرەبی لەسەحرای عەرەبستانەوە بەرەو شارستان‌و کۆشکی خەلیفە چووە٠ بەڵام شیعری کوردی هەر چەندە

(١) وەك لابردنی دیمەنی پەری کە زین دەهێننە لای مەم. یەکخستن‌و یەکتر بینینی مەم‌وزین لەچەژنی نەورۆزدا، بابە خۆ گۆڕینیشەوە بێت. هەروەها بوونی خدر(یاخدری زیندە) لەکەسێکی ئەفسانەیی یەوە دەکات بەشتێکی مەعنەوی: "ئەو خدر چ بوو؟ تەعەشوقا دل"

یا: تا ژدین سەکنی‌و پرسیار کر
ئەو پرس ژ یەکێ ئیختیار کر
لێرەدا نە ئینکاری بوونی(خدر)ە نە دان پێدانانێتی.

* * *

لەباوەشی میرو سوڵتادا پەروەردە نەبوو، بەڵام هەر شیعری شارستان بووە، خانی ساکاریی لەگێڕانەوەکانی فۆلکلۆری لاداو مەمۆزینی لەپلەی شیعری شارستانیی سەردەمدا نووسی

**ئێنانە نیزامو ئیتیزامی**

**کێشایە جەفا ژ بۆ وی عامی**

بەمە خانی وەك "مەمۆزین"ی بە جۆری شیعری شارستان دارشتووە،[1] هەروەها جەفای بۆ خەڵکی، بۆ(عامی) کێشاوە تا پلەی چێژو تێگەیشتنی ئەوانیش بباتە پلەیەکی بەرزی شارستانی. خانی کە وردە وردە گەشە بەشەخسیەتو قارەمانانی چیرۆکەکەی دەداتو خۆیشی لەگەڵ ئەواندا بە پلەو مەقاماتی تەسەوفدا سەر دەکەوێت، هەر ئەو مەبەسی مەمۆزین نووسینەش دەکات بە مەبەسێکی سۆفیانە

**لێکن وی غەرەز ژ گفتوگۆیی**

**قەسداوی ژ ڤی جستو جۆنی**

**زاهیر کرنا جەمالی عشقە**

**سابیت کرنا کەمالی عشقە**

تەنانەت روو دەکاتە پەروەردگارو هەموو ئەم لاپەڕە رەش کردنەوەیە بەکارێك دەزانێت کە ئەوەی تێدا مەبەس بێت.

خانی رەگەزەکانی(مەمۆزین) ی خۆی دەکات بەسێ بەشەوە:

**هەنەک ژ فەسانە بید بۆ هتان**

**هەنەک ب هانەو هەن د بوهتان**

واتە: هەندێك لەوشتانەدا کە لەبۆتاندا بلاون، کە ئاشکرا مەبەستی لێرەدا ئەو گێرانەوانەی فۆلکلۆرە کە لە بۆهتاندا باوو بلاوبوون. هەنەك "بەهانە" واتە هەندێك

(۱) حاجی قادری کۆیی کە تازە کەرەوەی بیری خانیو بەراستی خانیی سەردەمی خۆیەتی(۱۸۱۵-۱۸۹۷) بە پەروەردگار دەڵێت: لەبەر ئەوە مەدحت دەکەم تا نەڵێن بە کوردی نەکراوە مەدحی باری .



* * *

شتی بلاو یا دەربڕراو، واتە ئەوشتانەی لەدڵی خۆیدایەو لەجێیەکیتردا بەمچەشنە دەریخستووە کە ووتویەتی:

**شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە**

**زینو مەمی بکەم بەهانە**

واتە- بە بەهانەی مەمۆزینەوە چی لەدڵیدایە ووتی و نووسیی.

لەم کورتە باسەدا هەردەچمە سەر ناوەڕۆكو سەر ناوی باسەکانی خانی لەو کتێبەدا کە لەبارەی خانی یەوە نووسیبووم تا ئەوە پیشان بدەم کە خانی بەچی و بەچ جۆرە دەربڕێنێکی ئەنسکلۆپیدی شەرحی غەمی دڵی خۆی کردووە، و خۆی لە چەند باسی بوونو فەلسەفەو زانست داوەو شاعیرانە بێ ئەوەی(مەمۆزین)ە کەی وەك(ئۆ باری بچووکان)و(عەقیدائیمان)ی ئەو لەکتێبی شیعرەوە ببێت بەشیعری فێرکردنو هەموو نیشانێکی پێکاوە.

تەنانەت ئەگەر لێرەدا تەنیا پێرستی کتێبە کە دووباری بکەمەوە زیانی نی یە.([1])

**خانیو ژیانی ـ مەبەست لەنووسینی مەمۆزین، ئایا خانی داستانی مەمۆزینی وەرگرتووە یا نووسینی خۆیەتیو رەسەنە. باری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری کوردستان لەسەردەمی خانیدا.**

**چەرخی ئەدەبیی خانی**

**خانیو مەسەلەی نەتەوەیی کورد**

**دیمەنەکانی شارستانیی کورد لە مەمۆزیندا.**

**١ـ بینا کردنو هونەری ئارخیتێکچەرو زانست.**

**٢ـ پزیشکی**

(١) مەخابن چەند کتێب بەتورکیو زمانی تر دەرچوون ئەم باسو نووسینانەیان هەروك خۆی وەرگێراوە بێ پەنجە بۆ سەرچاوە راکێشان



مەکتەبی بیروهۆشیاری

* * *

٣ ـ مۆسیقا

٤ ـ خشڵو جلو بەرگ

٥ ـ قاپو قاچاغو خۆراك

٦ ـ جۆری چەك

٧ ـ جۆری خەتو نووسین

روانینی کۆمەڵایەتی لای خانی

١ ـ چینی کۆمەڵایەتی

٢ ـ حاکمان

٣ ـ پارە

٤ ـ خزمایەتی(مرۆڤێتی)

وێنەی ئەتنوگرافی جەم خانی

١ ـ شایی

٢ ـ شین

٣ ـ جەژنی نەورۆز

٤ ـ راو(چوونە نێچیر)

میتۆدی تابلۆی ئەدەبی نەخشاندن لەمەموزینی خانیدا ئەحمەدی خانیو رەخنەی ئەدەبیی کوردی

خانیو فەلەك(ئەسترانۆم)

خانیو فەلسەفەو تەسەوف

خانیو بوون(وجود)

خانیو سیفاتی خودایی(ئیلاهی)ە، خانیو مەسەلەی ئیبلیس، خانیو(جەبریەت)ی تەواو.

خانیو دیالێکتیك



* * *

خانیو تەسەوف

١ ـ زوهدو تەسەوف

٢ ـ ئیستیلاحاتی تەسەوف

٣ ـ مەقاماتو ئەحوال

٤ ـ گەهینە مەرتەبەو فناءفی الله

٥ ـ بوونی پێشووی(بەرێی) گیان

٦ ـ شەریعەتو تەسەوف

٧ ـ ئەفسو رۆح(گیان)

٨ ـ رێو شوێن(ئاداب)ی سۆفیان

٩ ـ ئەدەبیاتی سۆفی

أ ـ مەدحی پێغەمبەر

ب ـ ئەڤینی خودانیو ڤەگواستنی چیرۆکین ئەڤین

ج ـ مەی

ئایا یەکێتی بوون(وجود)ە یا یەکێتی شهوودە؟

خانی ئەم هەموو شەرحی غەمی دڵەی کردووەو بە بەهانەی مەموزینەوە بە وێنەی شاعیرانەو بە ووتەو رەوانبیژی(بەلاغەت)ی شاعیران زانینی خۆیو ئەو زانستە ئینسکلۆپیدی بییەی سنگی خۆیی خستۆتە ناو دێری هەڵبەستی خۆیەوەو لەنەخشاندنی باری کۆمەڵایەتی کوردستانداو بۆ بەیەك کردنی(شاعیرانو فەقیران)، ئەوەی دەرخستووە کە رابەری ژیاندنەوەی ئەدەبی کوردیو کوردەو نموونەی مەزنی راپەرین یارینیسانسی کوردە.

* * *

خانی پەیمان دەدات، ئەگەر کورد پادشایەکی هەبێتو خودێ(کولاهەك) بداتەوی[1] ئیدی ئەو ببیتە خودانی رینیسانسی نوێ، گاڤا ئەو پادشا وا بکات:

(قەدرا قەلەما مەبیتە دانیٖو قەدرا هونەرا مەبێتە زانین)

من دی عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکرا ل بانی گەردوون
بیناڤە روحا مەلێ جزیری
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهی تەیران
حەتتاب ئەبەد بمایە حەیران

کە بەشی سێیەمی دروستکەر(چێ کەر)ی مەموزین (بوختان)ە، ئەوا بەبیری من مەبەستی خانی بە تەواوی ئەوەیە کە ئەمڕۆ (تەکنیکی هونەری)ی چیرۆکی پێ دەڵێین.

راستە خانی رێگەی تەکنیکی داستانەکانی رۆژهەڵاتی گرتووە.

سەرەتا ـ بەباسی خوداو پێغەمبەرو ستایشی ئەوان ـ رێگە خۆش کردن بۆ چوونە ناو باسو دەستکردن بەگێڕانەوەی چیرۆكو پاشان کۆتایی هێنانە بە پەند وەرگرتن لەم داستانی عەشقە.

بەڵام خانیی ئێمە هەر لەسەرەتاکەدا باسی کوردو بیری خۆیو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی باری کورد زیاد دەکاتو بۆ جۆرێك لەلێکۆڵینەوە دەچێت کە بەئیستیلاحی ئەمڕۆ(جیوپۆلێتیك)ی پێ دەڵێین.

ئەگەر ئەو جۆرە دابەشکردنە لەهەندێك لەداستانەکانی رۆژهەڵاتدا بەگشتی هەبێت. ئەوا خانی هەر فەسڵەی بەجیا بەو جۆرە داناوەو ئەو تەکنیکە بە هەموو داستانەکەشەوە دیارە. ئەگەر زۆر لەداستانەکان لەهەر فەسلەدا چەشنە قافیەیەکی

(١) لای خانی(میری) کورد هەیە، بەڵام ئەو(پادشاهە)ی دەوێت. واتە میرنشین هەیە، بەڵام ئەو دەوڵەتی یەکگرتووی دەوێت.



* * *

یەکگرتووی جیا لەفەسڵەکانیتری تێدا دیاربێت. ئەوا خانی ئازادیی داوە بەخۆیو لەهەر دێڕەدا قافیەیەکی جیا هەیەو هەموو داستانەکەی بە دێڕی مەسنەوی نووسیووە.

خانی مەموزینی بەکێشی فۆلکلۆری کوردی نەنووسیووە، تا پیشانی بدات داستانی کوردیش دێتە(نیزامو ئینتیزام)و بەو چەشنە کێشەی نزیك(عەرووز)یش دەنووسرێت کە داستانەکانی گەلانیتری رۆژهەڵاتی پێ نووسراوە.

هەر بە مەبەستی پیشاندانی رووی شیعری شارستانی بەرەو ئەو بازدانە چوو لەئەفسانەوە بۆ واقیعو گەلێك لایەنی فۆلکلۆریی لەداستانەکەیدا گۆڕیوە.

تەنانەت هەندێك شەخسیەتو ناویشی گۆڕیوە.

ئەگەر چی چوارچێوەی چیرۆکی عەشقەکەی هێشتۆتەوە.

بەڵام شەخسیەتی(مەموزین)ی کردووە بە دوو کەسی ئازا لەوێنەی ئەو سۆفیانەی لەپێناو باوەڕی خۆیاندا مردن وەك(حسینی کوڕی مەنسووری هەلاجو رابیعەی عەدەوی)و ئەو هەموو(بەهانە) یەشی لەمەموزیندا جێگە کردۆتەوە کە هەندێکیان دەچنە سەرناوەڕۆكو هەندێك دەچنە سەر فۆرمو تەکنیکی چیرۆك.

هەندێك زانای عەرەب، بە تایبەتی مامۆستام دوکتۆر عومەر فەرووخ هەموو زانستو سەرەتای زۆر زانستی سۆسیۆلۆژیو ئابووریو سایکۆلۆژی دەبەنەوە سەر ئیبن خەلدوون. رەنگە ئێمەش هەقمان هەبێت ئەحمەدی خانی لەوە مەزنتر بکەین. بۆ نموونە کە باسی جیۆپۆلێتیکم کرد. دەبێ چی لەم دیڕانە زیاتر لێکۆڵینەوەی باری جیۆپولێتیکی کوردستان بێت:

ئەڤ قەلزەمی روومو بەحری تاجیک
هێندێ کو دکەن خرووجو تەحریک
کرمانج د خوون دبن مولەتتەخ
وان ژ یێکڤە د کەن میسالی بەرزەخ

* * *

**گۆیا کو ل سەر حەدان کلیدن**

**هەر تائیفەیی سەدێکن سەدیدن** [1]

ئەمە باری جیوپولیتیکی کوردستانە. رۆمو ناجێك واتە(فارسو تورك) کە دەکەونە هێرش بردنە سەریەك دەبێ بە کوردستاندا تێپەڕبن، چونکە هەر ناوچەیەو هەر عەشرەتە سەدەیەکە بەرامبەر بەوانو دەبێ سەریان پێ شۆڕ بکرێت ئەوسا بەرەو پێشەوە برۆن.[2]

هەرچی لێکدانەوە سایکۆلۆژی یەکەیە ئەوەتا تا ئێستا راستیی ئەوە دیارە.

خانی بە سەرسامی دەڕوانێتە حاڵی کورد

**ئەز مامە د حیکمە تا خودێدا**

**کرمانج د دەوڵەتا دونێدا**

**ئایا چ وەجە مانە حرووم**

**بیلجوملە ل بەرچی بوونە مەحکوم**

خانی دەپرسێ. خەڵکی بەچی بوونە دەوڵەت:

پرسی ژ دونێ من ئەو ب حیکمەت ئەگەر مارەیی دونیا بە"هیمەت" بێت، ئەوا کورد"وان گرت بە شیر شەهری شوهرەت" واتە شاری بە ناوبانگیی ئازایەتی یان گرتووە.

ئەگەر شیر بێت، ئەگەر چاکەو ئیحسان بێت ئەوا

**هەرمیرەکی وان ب بەزلی حاتەم**

**هەرمێرەکی وان ب رەزمی رۆستەم**

---

(١) خانی تائیفەی بەمانای"عەشیرەت"و "عەشیرەت"بەمانای قەومیەت بەکار دەهێنی.

(٢)خانی پێش ئەوەی نەوت لەکوردستان بدۆزرێتەوە مەموزینی نووسیوە



* * *

تۆ بڵێیت مەسەلە بیرو زانینو هونەربێت ئەوا:

**ب فکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان**

**کرمانجی یە بۆونە شوبهی بورجان**

کە واتە:

ئەوەندەی لە ئازایەتیدا(غەیوورن ـ بەغیرەتن) ئەوەندە لە"میننەتی ئەفوورن"، واتە کەس منەتی کەس هەڵناگرێت. چونکە ئەو سەر بڵندیو "علوویی هیمەت"ە، ئەو بەرزی یە لەئازایەتیدا "بوو مانع حەملی باری میننەت" واتە: هەر کەسە شێرێکە، مێرێکە، رۆستەمێکەو رازی نابێت کەس پێش ئەو بکەوێتو هیچ میرێك رازی نی یە میرەکەی تر ببێتە گەورەو پادشای ئەو.

ئەمەیە ئەو سایکۆلۆژیە نەگۆڕراوەی کورد کە بەلای خانیو خەڵکی ئەم چەرخەشەوە هەر دەردی کوشندەی کوردە.

کە لەدیمەنەکانی رینیسانسدا باسی بە کوردی نووسینی "مەمۆزین" و بەشێوەی شیعری شارستان نووسینمان کرد، دەبێ کەمێك لای زمانەکەی بووەستاینایە . تا بۆ ئێستاش هەندێك لایەنی لەمەیدانی دروستبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوودا شتە.

خانی کە ڕەگەزەکانی زمانی مەمۆزین دەستنیشان دەکات دەڵێت:

**بۆهتیو مەهمەدیو سلیڤی**

**هەن لەعلو هەنک ژ زێڕوزیفی**

**کوردی، عەربی، دەری و تازی**

**تەرکیب کرن ب هەزلو بازی**

دیارە خانی دیالێکتەکانی کوردی یا ئەو دیالێکتانەی ئەو دەیزانێت"بۆهتیو مەهمەدیو سلیڤی" یەو زمانیش کوردیو عەرەبیو دەریو تازی یە(فارسیی کۆنو نوێ) . لەڕووی ووشەوە مەمۆزینی لەچوارچێوەیەکی کوردیدا پێ دارِشتووە.

ئەمە بۆچوونی خانی نی یە:

* * *

ووشه هەرچی هەیە بابیێت، بەڵام با چوارچێوە کوردی بێت. نابینی چۆن بە تیپی (ی) ئیزافە ـ رستەیەکی عەرەبی دەکات بە سیفەت شەقلی کوردیی دەداتێ.

ئەما تو(تضلّ من تشاء ) ی

(واتە بە پەروەردگار دەڵێت: تۆ (گومراکەر)ی

(کەسێکی کە دەتەوێ گومڕای بکەیت).

بیگومان وەك لەفەسلەکانی کتێبەکەمدا نووسراوە خانی سەرەتای بۆ زۆرباس‌و مەسەلەی کوردو زانست داناوە بۆ نموونە ـ (رەخنەی ئەدەبیی کوردی) لەسەر بناغەیەکی زانستی.

گرنگیی خانی لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا لەوەدایە کە یەکێکە لەدیارترین شاعیرانی کلاسیك کە کاریان کردبێتە سەر هەموو ئەدەبیاتی کوردی بە ئەدەبیاتی هاوچەرخیشەوە.

ئەو وێنە ئەدەبی یانەی خانی بەکاری هێناوون و جۆری دەربڕینی ئەو و رووکردنە زمان‌و دەسەڵاتی بەسەر جوانیی زمانداو توانستی وەرگرتنی ئیلهامی جوانی لەبەکارهێنانی ووشە لەڕووی زمانەوەو لەداڕشتنی ڕستەو دێری شیعرداو ئەفراندنی رەوانبێژی(ئیبداعی بەلاغەت)ی ئەو، تا ئێستا بە چەشنێکی تازەو پڕ لەئیبداعەوە دێنەوە ناو بەرهەمی زۆر شاعیرەوە. لەم بارەیەوە دەتوانین بۆ نموونە بەراوردی وورده وەسفی تابلۆی شایی ستی‌و تاژدین لەلای خانی‌و پارچە شیعری رابەری شیعری نوێی کوردی عەبدۆڵڵا گۆران(١٩٠٤-١٩٦٢) بکەین بە ناوی (یەکی ئایار لەمەیدانی سووری مۆسکۆ)دا، یا کارتێکردنی(نۆباری بچووکان) و (عەقیدا ئیمان)ی خانی بکەین لەئەدەبیاتی کوردیدا وەك سەرەتایی ئەدەبیاتی فێرکردن‌و پەروەردە یا ئەدەبیاتی زارۆکان (منداڵان) بە زمانی کوردی.

لەدەڤ (لەپاڵ) کارتێکردنی زیندووی ئیبداعی خانیدا تەجروبەی شاعیرانەی خانی خۆی ئەزموونێکە دەکرێت بەڕابەری بۆ نووسەرە هاوچەرخەکانمان چ لەڕووی زمانەوەو چ



* * *

لەڕووی سوودبینین لەلایەنە باشە زیندووەکانی سامانی شاعیرانی پێش خۆیدا، بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ واقیعی رۆژانی خۆی‌و ئەفراندنی خۆیدا، سوودبینینی تەواویش لەفۆلکلۆر بۆ دروستکردنی داستانێکی نووسراوی پڕ لەئیبداع لووتکەی کاری ئەدەبیی سەردەمی ئەو بوو کە بەئیبداعەوە رەگەزەکانی ئەفسانەی فۆلکلۆری گواستەوە بۆ واقیعی زیندووی ژیان. هەموو ئەمانەش خانیان کرد بە شاعیرێکی رابەر کە ئەزموون لەتەجروبەی ئەو لەڕووی مێژوو و فەلسەفەو خەباتەوەو لەڕووی پراکتیك‌و تیۆری یەوە پێکەوە وەردەگیرێت.

باسی خانی زۆر قووڵ‌و درێژە، بەڵام لەم دەرفەتە کورتەدا هەر دەبێ بە زمانی خانی خۆیەوە ببێژم:

ئیدی چ ببێژم ئەز نەزانم

بیلمەز نەسۆیلەیە زوبانم

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئیملای کوردی تازەو
# دیمەنێکی "مەم و زین"ی خانی

((ئەحمەدی خانی جیهـانیکی فراوانـە، تـا ئێـستاکە ئەگـەر هەنـدێ لـەناوەڕۆکی بەرهەمەکانی کۆڵرابێتەوە، باسی روخساری هەر نەکراوە.. دوکتـور عیـزەدین مـستەفا رەسول لەوەتەی دەرز ووتنەوەی کردۆتە پیشە لەبەشی کوردیی کولیەی ئاداب خەریکی ئەحمەدی خانییـە، ئـەم ووتـارە بـەرکولێکی پەسـەندکراوی کارەکانیـەتی لەبابـەت خانییەوە. . . چاوەڕوانی کارەکانین. ..)).

**نووسەری کورد**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەتوانین بڵێین گۆڤـاری ((گەلاوێـژ)) گـەلێك رێو شـوێنی ئـیملاو نوسـینی کـوردیی تازەی جێگیر کردو ئەو هەوڵەی لەپێش ((گەلاوێژ))دا زانایانی کـورد دابوویـان، لـەدێڕی گەلاوێـژەوە گەیـشتە کۆمـەڵی خوێنـدەواری کـوردو لـەڕاو پێـشنیارەوە بـوو بەڕاسـتیو لەمێشکی نەوەی نوێی کوردی خوێندا جێی خۆی گرت.

هەر لەو رۆژانەی گەلاوێژدا بەرەی کۆنی بیرڕوناکی کورد ، بەتایبەتی ئەوانـەی بەسـەد جۆرو داو بەکەڵچەری عەرەبییەوە بەسترا بوونو ئەوەیان پـێ قووت نەئەچوو کـە هەنـدێ ووشەی عەرەبی کە بـە ناچـاری لـەکوردی دا بـەکاردێت، بـە ئـیملای کـوردی بنووسـرێ بەتایبەتی گەر ئەو ووشانە نـاو بوونایـەو لـەو ناوانـە بوونایـە کـە لـەناو عەرەبـدا بـاونو منداڵی کوردی موسڵمانی پـێ ناو ئەنرێ.

هەر لەو رۆژانەدا لەلاپـەڕەی گەلاوێـژدا ئـەم بـیرە کۆنـە درابـووە دوواوەو وەڵامـی بـیر ڕووناکێکی نەوەی کۆن وا درابۆوە: کە ئەگەر بێتو ئێمە ووشەی عەرەبی بە ئیملای خۆی بنووسینو تورکی بە تورکیو ووشەی ئینگلیزیش وەك خۆی، ئەبـێ هـەر کوردێـك فێـری خوێندن بێت لەسەرەتاوە فێـری ئـیملای گـەلێك زمـانی تـر ببێـت، نـەك ئـەو ووشـانەی بێگانەی پـێ نەخوێندرێتەوە کە کورد بەکاریان ئەهێنـێ.

بەکورتی ئەم داوایە ئەوە ئەگەێنـێ کە لە (ئەلفو بـێ)ی کوردیدا هەموو ئەو تیپانە جێگیر بکەین کە لەزمانیتردا هەنو لەکوردیـدا نـین، بـەم پێیـە ئەبـێ (ئـەلفو بـێ)ی کوردی درێژترینو پڕترین ئەلفو بێی جیهان بێتو شتێکی وا بکەین کە هیچ گەلێکی جیهان نەیکردووە.

لەهەموو زمانی جیهاندا ووشەی بێگانـە، بـە هـەر جۆرێـك بـەکار هاتبـێ، سـەر بـۆ ئیملای ئەو زمانە شۆڕ دەکات کە تیایا بەکاردێت. ئەو تێکستانە نەبێت یا لەو ووشانەدا بن کە بۆ مەبەستێکی عیلمی تۆمـار دەکـرێن. ئەوانـە لـەپاڵ ئـەوەدا کـە بـەئیملای ئـەو زمانـە خۆشـی ئەنووسـرێنەوە، هـەروەها چەشـنی خوێندنـەوەیان Transcription

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەزمانەکەی خۆشی ئەنووسرێ، ئەوەی ئەم باسەی هێنایەوە یادم، هەر ئەو پرسیارە نەبوو کە لەگۆڤاری (زانیاری)دا کرابوو و بەداخەوە کەس وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو هەندێ نیشانەش بوو کە لەکاتی لێکۆڵینەوەی (مەموزین)ی خانیدا لای هەندێ دێڕم دانابوو.

هەرچەندە ئەم دوو ڕایەی دەربارەی ئەم باسە هەیە، هێڵێک لەنێوان بەرەی کۆن و تازەی بیر ڕووناکاندا ئەکێشێ. بەڵام خانی سەر ئامەدی بیری کوردایەتی، لەم بارەیەوە، سێ سەدە لەمەو بەر لەگەڵ بەرەی تازەی ئەمڕۆدا بووە.

ئەحمەدی خانی لەگەلێك شوێندا یەکێ لەو تیپە عەرەبییانەی هێناوە کە لەکوردیدا نین و کردوونی بە هاوقافیە یا هاو (روی)ی تیپێك کە لەکوردیدا هەیەو (مخرج)ی لەگەڵ ئەو تیپە عەرەبییەدا یەکە. یا دوو تیپی عەرەبیی ـ ناکوردی ـ ی هێناوە کە هەردووکیان لەکوریدا بەرامبەر بە تیپێك ئەوەستن و هەردوو ئەو تیپەی کردووە بەهاوقافیەی یەك.

**بۆ نموونە:** لەگەلێك شوێندا (س)و (ص)ی کردووە بەهاوقافیە: وەك ئەوەی ووتوویەتی[(١)]:

**تیکدا دەمزین و ملبس**

**ڤێکرا لتفرجی مرخص**[(٢)]

یا ووتویەتی:

**اڤ رنگهە وان دکر تفحص**

**ماهیت حال تجسس**[(٣)]

یاخود:

**زین ڕابوو چویە خلوتا خاص**

**تاجدین نما نەجل نە پالاس**[(٤)]

**یا لەتیپی پێش دواییدا (س)و (ص)ی یەك خستووە**

وەك:

**تقریر کو کر تمام قاصد**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**واقف گریا بحال حاسد**[(٥)]

**یا ئەڵێ:**

**هندێ کو بدر ددی لباسان**

**هندی ڤە دخونی عام و خاصان**[(٦)]

لێرەدا زۆر باش دیارە کە خانی تیپی(س)ی کوردیو (ص)ی عەرەبیی لەکوردیدا هەر بە یەك تیپ داناوە کە (س)ە کوردییەکەیە.

هەر وەك (ث)ی عەرەبیو (س)ی کوردیی هەر بەرامبەر بە یەك داناوە، وەك ئەوەی ئەڵێ:

**انواع مذکر و مؤنث**

**هندک د برهنە، هن ملبس**[(٧)]

**یا ووتویەتی:**

**شهری ژ مذکر و مؤنث**

**في الجملة مزین و ملبس**[(٨)]

**یـــا:**

**زنهار تو مەبە لمال حارس**

**لورا کو دبن ژ دست تە وارث**[(٩)]

کە ئەمەش وەك ئەوەی پێشوو لەتیپی پێش دووا تیپی قافیەکەشدا دووبارە کراونەتەوە وەك:

**خلاق خرابی و خبیثی**

**بخشینە وی جنتی نڤیسی**[(١٠)]

یا هەر یەکسەر لەدەست نووسەکەشدا هەردووکیان کراون بە (س)و ووشەی (عبث)ی عەرەبی لەبەرامبەری (بەس)ی کوردیدا راگیراوە وەك ئەو دێڕەی ئەڵێ:

**گو بیدلیا ممی مەبەس کر**

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**آزرده من لوی عبس کر**[١١]

یا خامە لەکۆتایی داستانەکەدا بە خانی ئەڵێ:

**گو احمد اگر تو نی خبیثی**

**هر چی تە دگو من أو نقیسی**[١٢]

هەروەها خانی دوو تیپی (ظ)و (ض)ی عەرەبیی بەرامبەر بە یەك راگرتووەو هەر وەك ئەمڕۆی ئێمە بێ‌و هەر دووکیانی لەکوردیدا کردبێ بە (ز). وەك ئەوەی باسی مەم‌وزینەکەی خۆی ئەکات‌و ئەڵێ:

**اسلوب و صفات و معانی و لفظ**

**اصلا نکرن مەیەک ژوان قرض**[١٣]

**یا ئەوەی ئەڵێ:**

**دم هاضمە بت أوی بکت هضم**

**دم دافعە بت أوی بکت کظم**[١٤]

یاخود خانی (س) یا تیپی(ض)ی عەرەبی وەك ئەمڕۆی ئێمە بەرامبەر بەتیپی (ز)ی کوردی ڕائەگرێ وەك ئەوەی باسی دروست کردنی جیهان ئەکات و ئەڵێ:

**بێ قالب‌و بێ محیط و مقیاس**

**بێ آلت و بێ مشیر و مقراض**[١٥]

یا ئەڵێ:

**شێخ گو کو د دینی عشقبازی**

**بیعک هەیە أو دبین تراضی**[١٦]

هەروەها خانی لەهەموو شوێنێکدا تیپی(ط)ی عەرەبیی بەرامبەر بە (ت)ی کوردی راگرتووەو نموونەی ئەمە لەمەم‌وزیندا زۆرە بە تایبەتی ئەو (ت) یانەی لەدیالێکتی کرمانجیی ژووروودا تۆزێ قەڵەو ئەخویندرێنەوەو وەك (ط) یان لێ دی، بەڵام خانی هەر بە (ت)ی ناسیوون وەك ئەوەی ئەڵێ:





مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**گوتن گەلی جندیان ڤەوسطن**

**هون جملە نە سرخوش‌و نەمستن**[١٧]

ڕەنگ هەیە زۆر کەس لەوانەی شارەزای عەرووزی عەرەبین، بێن‌و بڵێن، لەقافیە زانیی عەرەبیدا ئەوە ئەگونجێ کە دوو تیپی جیا کە (مەخرەج)یان یەك بێت بکرێن بە هاو قافیە، بەڵام هەر وەك ئەو عەرووز زانانە خۆیان ئەزانن، ئەمە لەقافیە زانیی عەرەبیدا پێی ئەووتری (الاکفاء) و یەکێکە لەنارێکیی قافیە، یا وەك لەقافیە زانیی عەرەبیدا پێی دەڵێن (عیوب القافیة)[١٨] کە دیارە شاعیرێکی توانا خۆی تووشی ئەم چەشنە عەیبە ناکات‌و هۆنراوەی خۆی بۆ تاقە قافیەیەکی وا لەکەدار ناکات.

بێگومان خانی ئێمەش یەکێکە لەو شاعیرە توانایانەی خۆی لەمچەشنە لەکەیە پاراستووەو ئەمچەشنە خۆپاراستنەش بۆ خانی زۆر ئاسانتر بووە لەشاعیریتر، هەر لەبەر ئەوەش نەبێ کە خانی شاعیرێکی بەهێزەو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کێش‌و قافیەدا بووەو لەمەم‌وزیندا بێجگە لەووشەی ئەو دیالێکتە کوردییانەی کە زانیوین‌و بەکاری هێناون، ووشەی فارسی‌و تورکی‌و عەرەبیشی لەبەر دەستا بوون‌و وەك خۆی ئەڵێ: "بەئارەزووی خۆی یاریی بەهەموویان کردووە". گەر لەبەر ئەمەش نەبێ، ئەو ئەرکەی خانی لەبەر ئەوە ئاسانتر بووە، چونکە مەم‌وزینی لەسەر پێڕەوی قافیەی (مەسنەوی) دارشتووە، لەبەر ئەمە گۆڕینی ووشەیەك یا قافیەیەك زۆر گران نەبووە، هەر وەك لەم دێڕانەشدا کە بەنموونە هێنامانەوە بۆ کەسێك کە زەوقی شیعری هەبێ، ئەزانێ کە پاش‌و پێش خستنی هەندێ ووشە لەم دێڕانەدا زۆر زەحمەت نییەو خانی بە ئاسانی توانیویەتی ئەمە بەجێ بهێنێ‌و خۆی تووشی ئەو (لەکە)یە نەکات، گەر بە لەکەی بزانیایە. هەر وەك لەسەرتاپای مەم‌وزینیشدا دیارە خانی بە تەواوی خۆی بەستووە بە پێڕەوی کێش‌و قافیەو عەرووزەوەو ئەم لادانەی لەبەر ئەوە بووە کە بەلادانی نەزانیوەو دیارە ئەو ڕابەرە بلیمەتە زوو لەوە گەیشتووە کە ووشەی عەرەبی ئەبێ لەکوردیدا وا بنووسرێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەر چەندە ئەم باسە، زۆر لـێکۆڵینەوەی پێویستەو ئەوە ئەهێنـێ کـە خۆمـانی پێـوە خـەریك بکـەین، ئەگـەر لەبـەر هـیچ شـتێکیش نەبـێ، تـەنیا لەبەرئـەوەی لـەم باسـەدا هـەمووممان نەگەیـشتووینەتە ئـەو ئەنجامـەی خـانی گەیـشتبوویێ و هێـشتا ئەمـچەشنە ووشانە بەدوو جۆر ئەنووسین. ئەڵێم هەرچەندە باسەکە خۆی وایە، بەڵام من مەبەسم تەنیا خستنەڕووی لایەکی بچووکی ئەو تێبینییانە بوو کە دەربـارەی مـەم‌وزین ئـەیان نووسـم، ئـەگینا بـەدڵ ئەمـەوێ خۆمـان نەخەینـە گێـژاوی بەرپەرچـی دانـەوەی ئـەوتۆ کـە لەگـەڵ (تیپ)و (پیـت)دا ئـەکرێ. بـا لـەو بارەیەشـەوە ئـەوەم لـەبیر نەچـێ کـە خـانی ووشـەی (پیت)ی بەمـانای گڕ بەکارهێناوە، وەك ئـەوەی لەوەسـفی نەخۆشـییەکدا کـە نـاوی نـاوە (ئەڤین ـ عەشق) ئەڵـێ:

گاڤا ڤەددەت وەکی بروسکە
بـێ شوعلەو پیت‌و بـێ چروسکە[19]
آگر تە دگو گهاندە نفتی
پیت ژی دچو آسمانی هفتی[20]

پێش ئەحمەدی خانی، ئەم ووشـەی (پیـت)ە لـەهۆنراوەی مـەلای جزیریـشدا هـەر لـەو مانایەدا بەکارهاتووە وەك ئەوەی ووتوویەتی:

بروسکا باطنی دا دڵ د پیتی سینە وی وەر بوو
کو دی بیتن تەبیننا دل، د ناڤ وی ناو و پیتیدا[21]
مە ژ بر ضرب اڤینی بوە دل پیت‌و پرنگ
لومە شب تا بسحر نالیە وەک مغنی و چنگ[22]





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ لێرەدا بۆ ئـەوەی نموونـەکانمان دیـار بـن، دێڕەکـانی خـانی بـە ئـیملا کۆنەکـەیا هـەر بـەو جـۆرە ئەنووسینەوە کە لەدەست نووسەکانی کۆن دان.

٢ـ ئەحمەدی خانی، مەم‌و زین، مۆسکۆ، ١٩٦٢، ل ٥٣ دێری ژمارە ٤٩١.

٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٦١، د. ژ. ٦٠٧.

٤ـ هەر ئەوێ. ل ١٣١، د.ژ. ١٦٤٧.

٥ـ هەر ئەوێ، ل ١٤٩، ١٩٣٠.

٦ـ هەر ئەوێ، ل ١٦٣، د. ٢١٢٣.

٧ـ هەر ئەوێ، ل ٨٥، د. ٩٧٦.

٨ـ هەر ئەوێ، ل ١٨٣، د. ٢٤٤٢.

٩ـ هەر ئەوێ، ل ١٩٥، د. ٢٦٢٤.

١٠ـ هەر ئەوێ، ل ٥٦. د. ٥٢٧.

١١ـ هەر ئەوێ، ل ١٣٢، د. ١٦٥١.

١٢ـ هەر ئەوێ، ل ١٥٥، د. ٢٠٠٠.

١٣ـ هەر ئەوێ، ل ٤٣، د. ٣٤٨.

١٤ـ هەر ئەوێ، ل ١٨٩، د. ٢٥٢٦.

١٥ـ هەر ئەوێ، ل ٥١، د. ٤٧١.

١٦ـ هەر ئەوێ، ل ٧١، د. ٧٥٨.

١٧ـ هەر ئەوێ، ل ١٣٩، د. ١٧٥٩

١٨ـ بڕوانە: السيد أحمد الهاشمي، ميزان الذهب في صناعة شعر العرب، الطبعة ١٢ القـاهرة ١ــ ١٩٥٨، ل ١٢٣.

١٩ـ هەر ئەوێ، ل ٧٣، د. ٧١٤.

٢٠ـ هەر ئەوێ، ل ٧٦، د. ٨٤٣.

٢١ـ العقد الجوهرى في شرح ديوان الشيخ الجزرى، القاميشلي، ١٩٥٨، ص ٣٨.

٢٢ـ هەر ئەوێ، ل ٧٩٩. ئەم بەشـە لـەگۆڤاری نووسـەری کـورد (ژ.(٢) سـاڵی ٢دا بڵاوکراوەتـەوەو نەچۆتە ناو کتێبە عەرەبییەکەوە. ئەو پێـشکەشکردنەش سەرنوسـەری ئەوسـای گۆڤارەکـە د. مـەعرووف خەزنەدار نووسیوێتی.

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەکوردستانی سەردەمی خانیدا

کێشانی نەخشەیەکی وورد بۆ باری سیاسیو کۆمەڵایەتی لەچەرخی خانیدا کارێکی گرانەو پێویستی بە بەدوووادا گەڕانێکی ووردو گرانە. ئەو سەرچاوانەی مێژوو کە لەبەردەستدان چەند ئیشارەتو باسی پەراگەندەمان پێ دەبەخشن کە دەتوانین لەکۆکردنەوەی زانیارییە پەرشو بڵاوەکانی زەوی یەك بۆ وێنەی ئەو چەرخە دروستبکەین کە خانی بیری تێدا بڵاوکردۆتەوە هەندێ دیمەنیی پیشانداوە رابەرانەو خاوەن بیرانە نەخشەی دووا رۆژیی کێشاوە.

ئەو سەدەی حەڤدەهەمە کە خانی کوڕی ئەوە، سەدەیەکی پڕ لەکێشەی تیژە لەنێوان میرنشینەکانی کوردو هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسو عوسمانیدا کە دەیانویست کوردستان داگیر بکەن، سوود لەداگیر کراویی بگرنو بیکەن بە پردێك بەرەو ئیمپراتۆریەتەکەی ئەو بەر، یان ببێت بە بەندێکی پتەو "سەدێکی سەدید"[1] بەرامبەر



* * *

بە هێرشی پێچەوانە، وەك خانی خۆی بە راستی دەرییڕیووە، لێرەوە دەبینین کە نەخشەی سیاسیی کوردستان رۆژ بە رۆژ ئەنجامی داگیرکردنی ئەم میرنشین یا ئەو دەگۆڕا، ئەوە بوو ئەم میرنشین لا دەچوو یا ئەو دەگیراو سێیەم بە دەرکردنی داگیرکەر پەیدا دەبۆوەو ئەم کارە هەر بەردەوام بوو لەکاتێکدا ئەم جووڵانەوە هەمیشەیی یە کە بەرابەری بیرو دەربڕی راستەقینە دەزانرێت.

گەڕانی وورد لەنێوان دێڕە پەرشو بڵاوەکاندا ئەوەمان پیشان دەدات کە سەردەمی خانی کاتی لەناوبردنی یەکێك بووە لەمیرنشینە مەزنەکان، کەمیرنشینی بتلیس بوو، "ساڵی ١٠٦٦ی هیجری مەلیك ئەحمەد پاشا والیی عوسمانی لە وان هەندێك هۆی کرد بە بیانوو و هێرشی بردە سەر "عەبداڵ خان"ی میری بتلیس بە سوپایەکی زۆرەوە، کە زۆرتریان لەو کوردانەی تەنیشت ئەم میرنشینەوە بوون، شەڕ لەگەڵیان بەردەوامبوو تا ناچاری هەڵاتنبوو. کەوتە وێرانکردنو تاڵانکردن لەوڵاتدا تا میرنشینەکەی لەناوبرد[2]، بەڵام دەبینین میرنشینی جزیرە هەبووەو تا ساڵی ١٨٤٧ی میلادی هەر ماوە، کە ئەویش پاش شۆڕشی بەدرخان پاشای عەزیزی[3] لەناوبرا کە بەڕاستی وەك مینۆرسکی دەڵێ "لانەی نەتەوەی کورد بوو، لەوێوە هاتنە دەرەوەو لەوێ بزووتنەوەی کوردایەتی لەشوینانیتر زیاتر ناوبانگی دەرکرد"[4].

دەنگوباسی دوو میرنشینی خێزانو شیروان لە نەبوو دەچێ هەر چەندە لەکاتی نووسینی شەرەفنامەدا "١٠٠٥"ی هیجری هەر هەبوون. هەرچی میرنشینی هەکاری یە ئەویش لەرۆژانی شەرەفخاندا هەر هەبوو و ئەولیا چەلەبی ستایشێکی رەنگینی دەکاتو دەڵێت: "میرەکەی هەمیشە دە هەزار سەربازی تفەنگداری لەکاتی ئاشتیدا هەبوو، لەکاتی جەنگیشدا توانای کۆکردنەوەی پەنجا هەزار جەنگاوەری هەبوو" نوروڵڵا بەگی میری بۆتان دووا میری ئەم بنەماڵەیە بوو، میرنشینەکەی لەئەنجامی شۆڕشی بەدرخان بەگی بەناوبانگدا لەکیس چوو[6]. ئەولیا چەلەبی بەباشی باسی

* * *

مەحموودیش دەکات کە لەلای ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی "وان"ەوە بوو، بریتی بوو لەسەد عەشرەتی ئازاو چاپووك لەکاتی ئاشتیشدا شەش هەزار سواریان هەبوو[7].

هەر ئەولیا چەلەبی دەڵێ: هێزی سەربازانی میرنشینی بنیاتیش نزیکەی دە هەزار سوار[8]. سەربازەکانی میرنشینی بادینان ساڵی ١٠٧١ی هیجری نزیکەی دە هەزار سەربازی سوارە، ئەوەندەش یان زیاتریش پیادە بوون[9]. میرنشینی "سۆران"یش هەبووەو بەهێز بووەو قەڵای دوێن تا ساڵی ١١٤٣ مەرکەزی بووە[10].

حکوومەتی لوڕی بچووکیش یا بنەماڵەی خورشیدی تا ٥٧١ ـ ١٢٥٠ی هیجری مابوو[11]. ئەحمەدخانی ئەردەلان شارەزووری ساڵی ١٠٤١ی هیجری لەعوسمانییەکان سەندەوە[12] و مینۆرسکی لەوباسەدا کە لەبارەی میرە سەربەخۆکانەوە نووسیویێتی ئەم نەخشەیەمان بەجۆرە بۆ کورتدەکاتەوە کە دەڵێ:

(میرنشینی ئەردەلان، سلێمانی، بادینان، ڕەواندز، هەکاری، شەمدینان، بۆتان و بایەزیدی... هتد هەبوو)[13].

لەبارەی بایەزیدەوە کە خانیی لێ نێژراوە هەر لەپەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا دەڵێ: (کە بایەزیدمان داگیر کرد بەهەلوول پاشامان گرت کە دووامیری حوکمدار بوو هێنامان بۆ تفلیس، بەڵام رایکردو لەتورکیا دەسەڵاتی درایەوە، ئێمەش جاری دووەم لەساڵی ١٨٥٥دا یەخسیرمان کردەوە)[14].

بەدوودا گەڕان ئەم نەخشەیەمان پێ دەکێشێتەوە کە ڕووداوی گەورەو خوێناوی و کوشتنی چەند میری هەر لەو ماوەیەدا تێدا بووە، ڕووداوە بەناوبانگەکانی قەڵای دمدم ساڵێ ١٠٧١ی هیجری بوون و خانی ئەو سەردەمە دەساڵانبوو. سەدری ئەعزەم لەدیواندا ساڵی ١٠٤٩ یەکێك لەمیرەکانی هەکاریی کوشت کە میر عیمادین بوو. هامەر لەبەرگی نۆهەمی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی یەکەیدا پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکات[15]. هەر وەك سەدری ئەعزەم مستەفا پاشاش هەر لەو ساڵەدا عەلی پاشای فەرمانڕەوای (ئاشیت ئاشووت)ی کوشت. هامەر هەر لەبەرگی شەشەمی ئەو کتێبەیدا



* * *

پەنجە بۆ ئەوەش رادەکێشێ[16] میری بابان (سلێمان بابا)ش پاش دوورخستنەوەی لەئەدرنە ساڵی ١١١٥ی هیجری مرد. ئەو کاتە خانی مابوو. ئەم وێنە تێکچرژاوانەی کێشەی کورد لەگەڵ دوو ئمپراتۆرییەکەدا لەبەرەو پێشچوونێکی ئاسایی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنانەوە لەو کوردەوارییەوە دەهات کە بەڕاستی لەژان و ژێی بەرەو پێشچوونێکدا بوو کە سەرەتای دەچۆوە سەر چەند زەمانی پێشوو، چونکە (داگیرکردنی تەیووری لەنگ سەرەتا بوو بۆ دارمانێکی تازەی ئابووری، رژێمی دەرەبەگی روخسارێکی تازەی گرتبوو کە رژێمی سویورگال ـ ی پشتاو پشت بوو، خاوەن مۆڵك بوو بەسەرداری هەموو کارێکی ناوچەکەو وەك مولکدار، دەرەبەگەکانی باجی لێ نەدەسێنراو پاراستنی قانوونی و کارگێڕیی هەبوو، ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی لامەرکەزی و پەرەسەندنی دەسەڵاتی دەرەبەگە گەورەکان و لەئەنجامی ئەوەدا باری زەوی لای کورد جێی خۆی گرت و بەهاتنی سەدەی شانزەهەم گەشایەوە، وەك لەشەرەفنامەدا دیارە. پیشەگەری تاڕادەیەك لەکشتوکاڵ جیابۆوە، ئەوەش کاری کردە سەر گەشەسەندنی بازرگانی و پێوەندیی بازاڕو هەندێك باج بە پارە ـ نەقد ـ دەدراو بیناکردن ئەو سەردەمە کەوتە گەشەو کۆشکی دەرەبەگ و میران بینا دەکران، بەکورتی ئەوە سەردەمێك بوو کەمۆڵکایەتیی دەرەبەگی لەزەویدا پتەوکردو پێوەندیی دەرەبەگی لەهەموو کوردستاندا سەروەر بوو[17] ).

ئەم گەیشتنە ئەنجامانەی لێکۆڵەرەوە وێنەی پان و بەرینی لەو وەسفە ووردەدا هەیە کە گەشتکەری تورك ئەولیا چەلەبی لەکتێبەکەیدا کردوویەتی، هەر بۆ نموونە بۆ دەست لەسەر یەك شت گیرکردن ناو بۆ نموونەی ئەو دیاردانەی دەبنە بەڵگە بۆ سەرهەڵدانی پێوەندیی بۆرژوازی و دیمەنەکانی لەبەرهەمهێناندا لەناو منداڵدانی ئەم کۆمەڵەدا کە مولکایەتیی دەرەبەگیی زەویی تێدا پتەو بوو بوو پێوەندیی دەرەبەگی تێیدا سەروەر بوو، بەیەکجاری وەك نوقتەی تەواو بوونی ژان و ژێ بە لەدایکبوونی منداڵی تازەوە، دەتوانین پەنجە بۆ ئەوە راکێشین کە ئەو گەشتکەرە تورکە لەبارەی

شارەکانی کوردستانەوە تۆماری کردووەو واز لەدرێژە پێدان بهێنین بۆ فەسڵێتر کە لەباسی دیمەنەکانی شارستانی لە (مەمو زین)دا دێینەوە سەری.

ئەولیا چەلەبی باسی بازاڕەکانی ئاماد (دیار بەکر) دەکات کە : گوزەری حەسەن پاشا، گوزەری سەربازی، گوزەری وردە واڵە فرۆش (عەتتار)ەکان بوو کە بۆنی خۆشی لێ هەڵدەستا، گوزەری زەڕنگەران، گوزەری ئاسنگەران، گوزەری پێڵاو درووان، گوزەری خەفافەکان، گوزەری زین درووان، گوزەری قەزازەکان، گوزەری بازرگانان (بەزازەکان)و گوزەری شەستو شەش دەستەی لەدەستەکانی بازرگانیو پیشەسازی تێدابوو. هەرچی بازاڕی سەربازیو بازاڕی کاڵاو قوماشە ئەوە لەوپەڕی شکۆدابوونو بەدوو دەرگای گەورەی ئاسن دادەخرانو توجارە گەورەکان کاریان تێدا دەکردو هەموو ئەو موجەوهەراتە بەنرخانەی لەهەموو وڵاتانەوە دەهاتن لەو دوو گوزەرەدا دەفرۆشران[١٨].

هەروەها گەشتکەرەکە باسی پیشەسازیی چەكو جلو بەرگو پێڵاو لەئامەددا بەدرێژی دەکات[١٩]. لەڕووی هونەری میعماریشەوە ئەو گەشتکەرە باسی ئەو خانووانەی دیار بەکر دەکات کە لەوەسف نایەت[٢٠]و بەدرێژی لەڕووی هونەری میعمارییەوە باسی مزگەوتی گەورەیو قەڵاکانی دەکات[٢١]، هەر وەك لەگەرماوە گشتیو تایبەتییەکانی بەدرێژی دەدوێت[٢٢]، ئەو گەشتکەرە تورکە دەڵێت: کە لەمەلاتییە چەند گوزەری سوڵتانیی ئاوەدان هەیەو هەموو کەلو پەلێکی بەنرخیان تێدایە[٢٣].

ئەولیا چەلەبی لەساڵی (١٠٦٥)ی هیجریدا، واتە ساڵێك پێش هێرشی ئەحمەد پاشا بۆ سەر ئەو شارە چۆتە تفلیسو وێنەیەکی ووردمان لەبارەی لایەنەکانی گەشەسەندنو پەرەسەندنییەوە بۆ نەخشەدەکێشی. ئەوەی لەم بارەیەوە سەرنجی ئێمە رادەکێشێ وەسفی سنعەتە بەرزەکانی شاری بتلیسە کە گرنگترینیان پیشەسازیی قوماشە[٢٤]و وەسفی ووردی بازاڕەکانێتی کە گرنگترینیان بازاڕی ئاوریشمو قوماشی بەنرخو خواردنو خواردنەوەیە[٢٥]. ئەولیا چەلەبی وەسفی پێشکەوتنی میعماریو شکۆی خانووەکانی شاری لەبیرناچێ. لەشوێنێکیتردا تەواو دەڵێت (مامۆستا هەن ئەندازیاری





بینان، بەرگدروو هەن رەنگە تەنیا بەرگدروەکانی سەقز بیانگەنێ کە بەرگی فەرەنگیی ئەوتۆ دەدروون لەئاوریشم جیا ناکرێنەوە)[٢٧]، ئەمە بێجگە لەو وەسفە درێژەی بۆ پێشکەوتنی زانستو هونەری دەکاتو لەجێگەیتردا باسی دەکەین گەشتکەری فەرەنسی میسۆ بارن تاڤارینە کە لەساڵانی ١٠٤٥ ـ ١٠٧٠ی هیجری (١٦٣٥ ـ ١٦٦٠)ی میلادیدا هاتو چۆی نێوان ئەسفەهانو پاریسی کردووەو کەلو پەلی رۆژهەڵاتی بردووە بۆ رۆژئاواو لەرۆژئاوەوە هێناوێتی بۆ رۆژهەڵات. چۆتە بینینی بدلیسو وەسفی شاری بدلیسو میرەکەی دەکات[٢٨].

ئەم بنەمایەی واقیعی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو پلە کۆمەڵایەتییەمان بۆ دەسنیشان دەکات کە کوردستان لەرۆژانی خانیدا تێدا ژیاوە لەوەش دڵنیامان دەکات کە یەکێك لەنووسەرەکانمان دیاردەی (ئەو شەڕانەی ـ پێ لێکداوەتەوە کەهەندێ لەمیرنشینە کوردەکان بەرامبەر بەیەك کردوویانەو بەدەرکەوتنی پێشەنگی بۆرژوازیی دادەنێ لەکوردستانداو بەهەوڵێکی دەزانێ لەم توێژە کۆمەڵایەتییە تازەیەوە کە ئەو کاتە لەبارێکی شێتانەدا بوو بۆ فراوانکردنی جوغزی دەسەڵاتی خۆی)[٢٩].

ئەمەش بێگومان دەبووە هۆی کۆکردنەوەی ئەو میرنشینانە، بەڵام دەست تێوەردانی عوسمانیو فارسی رێگەی لەم کۆبوونەوەیە گرتو بووە هۆی تێکچوونی باری ئابووریو دوواکەوتنی ئابووریش.

ئەگەر لەناو دێڕەکانی خانیدا بۆ بەڵگە بگەڕێین بۆ سەلماندنی ئەم لێکدانەوەیەی ئەو زۆر زەحمەت نییە، چونکە لەپاڵ وێنەکانی شارستانیی کورددا لە (مەمو زین)دا کە فەسڵێکی تایبەتیمان بۆ تەرخانکردووە ئیشارەتی بێ مەبەسیش دەبینین کە سەرهەڵدانی چەکەرەی پێوەندیی بەرهەمهێنانی بورژوازی لەکوردستاندا دەسەلمێنێ. دوکتۆر نورەدین زازا لە (پێشەکیی چیرۆکی فۆلکلۆریی (مەمی ئالان)دا بەناوی (چیرۆك نڤیس)ەوە، نوسیویەتی بەگەڕان بە دووای ئەم دیاردەیەدا لەچیرۆکی (مەمی

* * *

ئالان)ی فۆلکلۆریدا دەست پێدەکات) کە خانی بەسووچێکی بنەڕەتیی وەرگرتنی هەندێ لایەنی ڕووداوەکانی (مەم‌و زین)ی خۆیی دەزانێ.

دوکتۆر زازا دەڵێ:

"ژ ئالیێ چڤاکی مەمی ئالان فێری پڕتشتان دکەو ل پێش هن پرسان ژی مە شاش دهێلە. بەری هەر تشتی ژ مەڕە باژاڕی جزیرێ یێ کەڤن دەدە ناسکرن: ئەم دبینن کو پاژەرەکی گەلەك مەزن‌و بازرگانی بۆ ٢٥٠ تاخ، قەسرو قۆناخ‌و بازرگانێن گەلەك دەوڵەمەند تێدە هەبوون. میر، ئان شێخی تاجرێن وان مال ل هەر دەرێن" "دنێ‌و مەملەکەتان" دگەڕاند. تشتی هێژا، بازرگانێن جزیرێ ب خوە خوە دیێ سنجییەکی بلند بوون دەولەمەنترێ وان بە مەمێ ڕە وسا خەبەر دەدە:

**"..... ئیشەڤ ل ئاپێ خوە ببە میڤانە،**

**ئەز ژ تەڕە ڤەکم دکانان‌و مخازانە،**

**کوب ڤان نەبوو، ڤەکم گەنج‌و دەفینانە.**

**ڕاکە هەیا دلێ تەدخوازە پەرانە،**

**توب تەنێ رابەری ئاپێ خوە بکەوێ جهی ب تلیانە.**

**ئەزێ وێ مەحەلێ غەرق کم ب مێل‌و زێڕانە.**

**ژ تەرە بقەدێنم ڤی مالامە ئەڤە: ئەمێ مێل بە رەڤ بکن**

**کن پاشێ بدن د ڕەیا دلێ جامیرانە"**

لێ وەك هەمی بازرگانێن جیهانی خورتیا (ئاپۆ، ژی دمال‌و پەڕەیی وی دەیە. گاڤا دزانە کویشێ مەمێ تەنێ ب کوشتنا مێران وێ سافی ببە، زوو خوە ژ مەیدانێ دکشینەو خوە دەدە ئالێی. لێ ژ بۆ تشتێن ئینسانی، ژ ئالیی مال‌و پەرە خوە دجی دەدا ڤێژە پێش).

پێشترە، دمەمێ ئالاندا بەحسا ئەبەبۆزان پڕتێتەکرن. ل جزیر تاخە کە وان هەبوو و باژار ب وان داگرتی بوو. وسا دخوەیە کود وەختەکی دا تاخەکەوانم هەبۆ، باژالاب



* * *

داگرتێ بۆ، وسادخوەیە کود وەختەکێ دە باژارێن کوردستانێ تژە ئەبەبۆزبوون. ل هن جێین دن ژ وانرە ئەبەسۆرئان "پەیخوەس" دگۆتن. پێخواسێن دیاربەکرێ ب مێر خواسیا خوە ب ناڤو دەنگ بۆن. هەتا ژ خوەرە "فۆلکلۆرەکە" خاس پێك ئانی بۆن. ژ سترانێن وان "بێ مالێ" ب ناڤو دەنگ بوو. لێ ئەم دبینن کو ئەبەبۆزین جزیرێ پارسەك، سەختەکارو ترسۆنەکن. دبە کو ئەڤ ژی دژمناتیا چیرۆك بێژ ب جزیرا بۆتانرە وسا هاتنە سالغدان.

پەیدا بوونا تەبەقەکە جڤاکی وەك یا ئەبەبۆزان د باژاراندە کۆچەکە دیرۆکییەو تێرە پر وەلاتێن ئەوروپایی دەربازبۆنە. د بابەلیسکێن (١٣ و ١٤ ١٥ و ١٦)اندا باژارێن فرنساو ئینگلستانێ ب ڤان کەسێن بێکار، سەرسەری‌و شەرخواز تەژی بوو بوون. سەبەب چ بوو؟ ب پێشڤەچۆنا بازرگانی، سەناعەت‌و باژاران‌و ب خورت بۆنا حکومەتێن مەرکەزی، ئیقتائی سست دبوون‌و نەما دکارێن شەرێ هەڤ بکن. ژ لەورە، پەیاێن کو بەرێ ژ بۆ ڤی تشتی خوەدی دکرن، ژ جەم خوە ب دۆردختن. وان ژی بەرێ خوە ددان باژاران‌و تێدەل کارەکی دگەرییان. هنەك دکەتن ئۆردوین وەلاتێ خوە بەرددان‌و دچۆن وەلاتێن دن‌و ل وێ ژ خوەرە کۆلی چێدکرن، (ئیسپانیۆل، ئینگلیز، فرانسزی‌و هنەکێن دن). وهنەکێن وان ژی مدەتەکێ بێکار سەرسەری‌و گەریانە هەیا رۆژا کو سەناعەت پێشڤەچویە، هنگێ ب کار کەری کەتنێ[٣٠].

لای خانی وێنەیەکی توێژێکی کۆمەڵایەتیی وەك (ئەبووز) یا بەم ناوەوە نابینین، بەڵام پەنجە بۆ ئەمجۆرە توێژە رادەکێشرێ. لەپاڵ هەموو ئەوانەدا کە چوومە کۆڕی خۆشیی شایی (ستی‌و تاژدین)ەوە لەخەواس‌و عەوام‌و دەستەی خۆشیگێڕخانی ناوی (بەنگی‌و سەرخۆشی بۆتان دەکات کە بەخۆشییەوە دەستیانکرد بەگەڕان بە کۆڵانەکاندا)[٣١] کەباسی ئەو پارانە دەکات کە خەرجکران‌و لەو شاییەدا بەسەر هەژاراندا بەشرانەوە دەتوانین لای نیوە دێڕە شیعرێك بوەستین کە وێنەی جیاوازی لەنوسخەکانی مەم‌و زیندا هەیەو لەزۆربەی نوسخەکاندا بەم شێوەیە دەبینین.

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**خێزان و گەداوە بوونە مونعیم**

**موفلیس بوونە ژن پەرست و موغلیم**[32]

وەرگێڕی(مەم و زین) بەتورکی، ژن پەرست و موغلیمی بەوانە لێکداوەتەوە کە بازرگانی بەناموسەوە دەکەن کە نامووسی ژن بێت یا کوڕ بێت[33].

هەرچەندە بە ووردی لەووشەی موغلیم[34] نەگەیشتوون، بەڵام کاك بۆز ئەرسەلان لەلێکدانەوەدا راستیی ووتووە. دەرگای بۆ کردووینەتەوە بۆ ئەوەی بەڵگەیەکی تازە بخەینە سەر دیاردەکانی ئەم پلەیە کە ئەویش بوونی بازرگانی بەناموسەوەیە کە بە شەقڵی پلەی بۆرژوازیی تەمەنی گەلان دەزانرێت، هەر چەندە بەشێوەیەکی تەسك لەپلەکانی پێش پێوەندیی بۆرژوازیی گەلاندا هەبووە. بەڵام ناموس فرۆشتنی رەسمی دیاردەیەکی رەسمییە لەووڵاتی سەرمایەداریی رۆژئاواوە دەستی پێکردو چووە ناو ولاتانیترەوە. ئەمەش دیاردەیەکە لەکۆمەڵی بۆرژوازیدا لەدایك دەبێت و دەپارێزرێ. بۆ ئەوەی زۆر لەباس دەرنەچین بە کورتی دەڵێین رێ و شوێنی تیرەیی دەرەبەگی سزای مەرگ دەدات بەوەی لەڕووی ناموسەوە بەرەڵایە و کۆمەڵی سۆشیالیستی هۆو رەنگ و بنەمای پەیدابوونی ناهێڵێت و لەمەوە دەتوانین بوونی ئەم دیاردەیە لەدورگەی (بۆتان)دا لە مەم و زیندا بەبەڵگەی فراوانترو قووڵت لەوە لەوێنەی گردەوە بوونی ساماندا ببینین.

کارل مارکس دەڵێ: (ئەو سامانەی کۆمەڵگاکان کە شێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی بەسەریاندا زاڵە وەك گردەوەبوونێکی بێ سنووری کەل و پەل دەنوێنێ)، ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان دەیان ئیشارەتمان لەبارەی گردەوەبوونی سامان لەکوردستان دەدەنێ، نموونەی ئەوە دەتوانین باسی ئەوەبکەین کە شەرەفنامە لەوشتانە دەدوێت کە میری بدلیس سوڵتان محەمەد کە لەسەدەی شانزهەمدا ژیاوە لەپاشی بەجێماوەو دەڵێ (نزیکەی سەد هەزار سەبیکەی سوڵتانی و شتێکی زۆر لەکەلوپەلی بەنرخ بووە[36] ئەمجۆرە گردبوونەوەیە زۆر پێش پلەی پەرەسەندنی بۆرژوازی دەکەوێت، ئەوە وای



* * *

لەمارکس کردووە ناوی بنێت هەڵەی یەکەمی ئادەمیزاد[37] بەڵام ئەو گردەوە بوونەی ئێمە باسی دەکەین بەتەواوی بەستراوە بەبازاڕو بەرهەم هێنانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەئەم گردەوەبوونەوەیە لای ئابووریناسان نوقتەی دەستپێکردنی پەرەسەندنی سەرمایەداریە، چونکە کارل مارکس ئەوەی وادەست نیشانکردووە کە دەڵێ: (وادیارە ئەم بزوتنەوەیە هەمووی لەهەڵقەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوەو ناتوانرێ بێ دانان بەگردەوەبوونەوەیەکی سەرەتاییدا لێی بچینە دەرەوە، وەك ئادەم سمیس (Thmitn) دەڵێ، پێش گردەوە بوونەوەی سەرمایەداریەو بەو سیفەتەی نوقتەی دەستپێکردنی بەرهەمی سەرمایەداری، نەك بەوەی لەوەوە هاتبێتە دەرەوە خزمەت دەکات)[38]. مەبەستی مارکس لێرەدا بەبزوتنەوە بزوتنەوەی پارە (نەقد) یاکەل و پەلە، کە بەگردبوونەوە دەست پێدەکات و لەمەوپێش سروشتی سەرمایەداری ئەوی بەمجۆرە دەستنیشانکرد کە ووتی: (یەکەم مەرجی گردبوونەوە، ئەوەیە کە سەرمایەدار لەفرۆشتنی کەل و پەلداو لەسەر لەنوێ کردنەوەی بەشی زۆری ماڵدا ـ پارەو کەل و پەل "٤"ـ بەسەرمایە سەرکەوتووبێت[39]، ئاشکرایە کە ئەو گردەوەبوونەی پارە کە لەکوردستانی سەدەی حەڤدەهەمدا دیوومانە، گردەوەبوونەوەی پارەو سەبیکەی زێڕی ناو خەزنەی میرەکان نەبووە بەتەنیا، بەڵکو ئەو گردەوەبوونەوەیە بەسترابوو بەبازاڕەوەو بەوەوە کە لەمەوپێش باسمان کرد، لەپیشەسازی جیاجیاو لەبازرگانیەکی فراوان لەگەڵ زۆر ووولاتی جیهاندا، هەر وەك بەڵگەی پەرش و بڵاوی لەکتێبەکاندا دەبینین و هەروەها ئەولیا چەلەبی بەڕاستی وەسفی دەکات. خانی خۆی لەچەند گزنگی ئەدەبیدا پەنجە بۆ ئەمجۆرە گردبوونەوەیە ڕادەکێشێ و لەبازاڕو فرۆشتنیشی جیاناکاتەوە.

چیرۆکەکەی خۆی بەبەردی گرانبەها دەچوێنێ و دەڵێ:

**خرموهرەو موورک و مراری**

**هەندەک د شفاف و هەن د تاری**

**ترسیع کرن وەکی بچووکان**

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**ئێنانه ب قه‌یسه‌ریی[٤٠] و سووكان[٤١]**

ئای چه‌ند په‌نجه ڕاكێشان له‌مه‌م‌و زیندا بۆجۆری جیای قوماش ده‌بینین وه‌ك (شیباو ده‌بیق‌و دیبا... هتد)[٤٢]، بازاڕیش جێی خۆی له‌دیارده‌ی شاریشدا هه‌یه. به‌سه‌ر زمانی كچه قاره‌مانه‌كه‌یه‌وه (زین) به‌میر ده‌ڵێ كه جوانیی بووكی بۆ برازێنێته‌وه وه‌ك:

**ته‌نبیه بكه دوكان‌و سووكان**
**ته‌زیین بكه‌ن ژ ره‌نگ بوكان[٤٣]**

له‌باره‌ی گه‌نجه‌كانی میر زه‌ینه‌دینیشه‌وه ده‌ڵێ:

**ئه‌نواعی ئه‌فائیس‌و جه‌واهیر**
**ئه‌لوانی نه‌وادیرو زه‌واهیر**
**مه‌جمووعه‌یی مومكینات‌و مه‌قسوود**
**واجیب كربوون ل نك وی مه‌عبوود[٤٤]**

خانی شایی (ستی‌و تاژدین) به‌ڕۆژی خۆشی‌و چون یه‌كیی خه‌ڵك داده‌نێ كه به‌شێك له‌دیمه‌نه‌كانی ئه‌وه بوون:

**مانه‌ندی تیباقی ئاسمانی**
**یاقووت‌و زومرودێد دكانی**
**ڕهتن ته‌به‌قا دوی نیساری**
**ژووردا ل عماره‌یا نیگاری**
**ئه‌مما ته‌به‌قی دوان هه‌می پڕ**
**زیڤ‌و وه‌ره‌ق‌و جه‌واهیرو دوڕ[٤٥]**

ئه‌گه‌ر سه‌رچاوه‌كان به‌(شه‌ره‌فنامه‌)و گه‌شتنامه‌ی ئه‌ولیا چه‌له‌بیشه‌وه باس له‌و موجه‌وهه‌راتانه بكه‌ن له‌خه‌زنه‌كانی میره‌كانی كورددا هه‌بوون، ئه‌وا ئه‌و وه‌سفه‌ی خانی بۆ ئه‌و دوونگین (موستیله‌یه‌ی) ده‌كات كه‌ستی‌و زین كردیانه په‌نجه‌ی دوو خۆشه‌ویسته‌كه‌یانه‌وه بۆئه‌وه‌ی بیكات به به‌ڵگه‌ی بوونی موجه‌وهه‌راتی به‌نرخ له‌و





مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

چه‌رخه‌دا، ئه‌وا ناتوانین ئه‌و زیاد پێوه‌نانه شیعریه‌مان له‌باسی نرخی ئه‌و دوو موستیله‌یه‌دا له‌بیربچێت[٤٦] كه‌خانی باسی به‌هه‌شت‌و چاكه‌و خراپه ده‌كات نموونه‌یه‌ك ده‌هێنێته‌وه كه به‌ڕاشكاوی له‌كڕین‌و فرۆشتن‌و ئاڵوگۆڕو شتیتری سه‌ر به‌بوونی بازاڕ ده‌كات:

**ڕه‌ه شوبهه‌تی ڤی جیهانی خانی**
**مفت نادەنه ته پاره‌یه‌ك ژنانی[٤٧]**

زۆرجار شاعیر ڕووی خۆشه‌ویست به‌قوماشی جوان ده‌چوێنێ، كه كڕیار بۆی دێنه بازاڕو كڕیارو فرۆشیار له‌وێدا ده‌بینێ[٤٨] خانی له‌زۆر شوێندا ناوی جۆری پاره ده‌هێنێ وه‌ك درهه‌م‌و دینارو فلسی سوور، ئه‌و پارانه‌ش وه‌ك باسی ده‌كات له‌زیوو زێڕو مس (صوفر) دروستكراون ئه‌م ئیستیلاحانه‌ی پاره‌ش له‌باسی له‌یه‌كچووندا هاتوون، به‌ڵام به‌ڵگه‌ی واقیعی بوونی ئاڵوگۆڕو پاره‌ن، هه‌روه‌ك به‌ڕاشكاوی له‌كاتی باسی ئه‌ده‌ب‌و كتێبه‌كه‌یداده‌ڵێ (پاره‌ی ئێمه نه‌بوو به‌سكه‌ی لێدراو، له‌ڕوانینه‌ی میردا بۆئه‌و ـ واته میری بۆتان بردنه ده‌ره‌وه ده‌بینێ له‌جوغزی شوێن ـ واته محه‌لی ـ كه‌ناو ده‌برێ به (شه‌هرِه‌وا)، به‌ره‌و جوغزی پاره‌ی زێڕی بره‌ودار له‌هه‌موو بازاڕێكدا.

**سوفری مه‌یی سۆره كر ئاشكاره**
**زیڤ نینه ببێن كوكه‌م عه‌یاره**
**نه‌قدی مه مه‌بێژه كوكه‌م به‌هایه**
**بێ سكه‌یی شاه شه‌هڕه‌وایه[٤٩]**
**گه‌ردی ببواب زه‌ربی مه‌نقووش**
**نه‌ده‌ماوه هه‌بێ ڕه‌واج‌و مه‌غشووش[٥٠]**

خانی له‌ئیشاره‌تێكی ووردا په‌نجه بۆ ئه‌وه ڕاده‌كێشێ كه له‌بازاڕدا ڕووده‌دات‌و توجاری گه‌وره‌و بچووك پێوه‌ی خه‌ریكن. كه‌باسی (مه‌م‌و زین) ده‌كات‌و ده‌یه‌وێ باسی نووسینی كتێبه‌كه‌ی بكات به‌زمانی كوردی‌و ئه‌وه ده‌رده‌خات كه زمانی خه‌ڵكی

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سادەیەو وەك شتێك نییە کە لەزێڕو زیو دروستکرابێ، واتە بەزمانی گەلانێك کە قەوارەیان هەبێت، بەڵکو لەو مسەیە کە توجاری گەورە بەکاری ناهێنن و عەوامی خەڵك ئیشی پێدەکەن.

**ئەڤ پوول ئەگەرچی بێ بەهانە**
**یەک ڕوونەو ساف و بێ بەهانە**
**بێ حیلەو خوردەو تەمامن**
**مەقبوولی موعامە عەوامن**
**کرمانجی یە، سیرفە، بێ گومانە**
**زێڕنینە ببێن سپیدەمانە**[51]

ئەمە بێجگە لەو وەسفەی جزیرەو میرەکەیی دەکات و بەئاواتی دەخوازێ کەببێ بەسوڵتانێك سکە لێ بدات و بەوە ڕازی نەبێ کە پارەکەی هەر لەشوێنی خۆیدا بێت و بێ برەوبێت، لەکاتێکدا کە پارەو لیرەی کوردیی سکەلێدراو پێش ئەو هەبووەو داگیرکەران نەیانهێشتووە. خاوەنی شەرەفنامە دەگێڕێتەوە کە میر شەمسەدین کە لەسەرەتای سەدەی پانزە هەمدا ژیاوەو لەمیرەکانی بدلیس بووە پارەی بەناوی خۆی و کوڕەکانییەوە لێداوە[52].

بدلیسی لە (مطلع السعدين) دا دەڵێ: (میرشەمسەدین کە سەربەخۆیی خۆی لەزەمانی دەوڵەتی قەرە قۆینلوودا، لەسەدەی پانزەهەمدا ڕاگەیاند فرمانی دا کە ناوی لەسەر پارە بنووسرێ و لەخوتبەدا بخوێنرێتەوە. خاوەنی شەرەفنامە دەڵێ: کە لەووڵاتی کورددا لەڕۆژانی ئەودا جۆرە پارەیەکی زێڕو زیو هەبووە هەریەکەیان مسقاڵێك بوون، پێیان دەوترا (پارەی شەمسەدینی) بەناوی ئەوەوە خەڵکی کوردستان بۆ پیرۆزی و تەبەڕوکی ئەو هەڵیان دەگرت و هەژار خۆی (مەبەستی شەرەفخان خۆیەتی ـ ع ـ) سێ



* * *

جۆری تری پارەی دیووە کە بەناوی سێ میری فەرمانڕەوای بدلیسەوە لێدراون یەکێکیان بەناوی محەمەدو سێ یەمیان بەناوی شەمسەدینی کوڕی زیائەدینەوە بوون[53].

گرنگترین وێنەی واقیعی جزیرە لەمەم و زینداو لەباسی پەرە سەندنی بازاڕو پارەو دەرکەوتنی پێشەنگی پێوەندیی بۆرژوازیدا لەو وێنە ئەدەبیە تووڕەیەدایە کەبۆ چەرخی خۆیی دەکێشێ. ئەو چەرخەی پارە پەرست بووەو وازی لەئەدەب و خاوەنانی هێناوە، پاش ئەوەی باسی واقیعی ئەدەبیاتی نەتەوەکەی و پشتگوێ خستنی دەکات و لەوازهێنان لەشاعیرانی پێشین دەدوێ لەگەرمەی لەبیرچوونەوەدا، وادەبینێ کەخۆی بەیداخی (کەلامی مەوزوون ـ واتە شیعر)ی هەڵدەگرت ئەگەر کورد پادشایەکیان هەبوایە نرخی ئەدەب و هونەری بزانیایە[54] بەڵام کەڕوودەکاتە بازاڕی ئەدەب دەبینێ کە بێ برەوە لەکاتێکدا گەشەسەندنی بازاڕی ڕاستەقینەی پارە دەبینێ:

**چبکەم کوقەوی کەسادە بازاڕ**
**نینە ژقوماشرا خریدار**
**خاسما دڤی عەسردا کوهەمیان**
**مەحبووب و حەبیب بوو نەهەمیان**
**یەعنی ژتەمەع دراڤ و دینار**
**هەریەک ژمەرا وەبوونە دڵدار**
**گەر عیلم تەمام بدی ب پولەک**
**وەبفروشی توحیکمەت ب سولەک**
**کەس ناکتە مەیتەرا خوە جامی**[56]
**ڕاناگرتن کەسەک نیزامی**[57]
**وەقتی کومەدی زەمانە ئەڤڕەنگ**
**بیلجوملە ل سەر دراڤ بوو جەنگ**
**حەزکر مەببیتە کیمیاگەر**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**گاڤا کومەدی نەبوو مویەسسەر**

**نیصفیە مەپیلەکی عەمەل کر**

**تەصفیەیی جەوهەری دەغەل کر**[٥٨]

لەگەڵ ئەوەشدا کە خانی لێرەدا پەنجە بۆئەوە ڕادەکێشێ کـە چـیرۆکەکەی بـەزمانی خۆی زەحمەتە بڵاوبیێتەوە، چونکە زمانی گەلێکـە کـە ئیمپراتۆریـەتیان نـی یـە وەك فارسو تورك، لێرەداو لەمەودواش زمانەکەی خۆی بەپوخت دەزانی کە خەڵك بـەکاری دەهێننو بڵند پایە بەکاری ناهێننو ساختەی تێدا ناکرێت چـونکە نرخـی زۆرنـی یـە. هەرچەند خانی لەچەند شوێندا ئەوە دەردەخات کـە ڕقـی لەپارەیـە، بـەڵام وێنەیـەکی زینـدووی ئـەو چـەرخەی گواسـتنەوەمان لەکوردسـتاندا بـۆ نەخـشە دەکێـشێ، کـە سەرەتایمان لادیاربوو ئەوەی خانی زەنگمـان بـۆ لـێ دەداتو هاتنـەدی بـەداگیرکردنی وولات لەلایەن عوسمانیو فارسەوە ڕاگیرا. ئەم وێنەیەش لەبیردا شتێك دەهێڵێتـەوە وەك ئەوەی کارل مارکس لەئابووریدا بەسروشتی بت ـ (فتیش) ی پارەی دادەنێ کە (جۆری پارە لەسەر مەعدەنی بەنرخ)[٥٩] چاپی دەکات. ئەمە لەکاتێکدا کەئەو وێنە ئابووریـەی کارل مارکس نەخشەی پارەو پەرستنی وەك بت دەکێشێ زۆرجیاوازە، بەڵام دووریش نیـە لەو وێنـە ئەدەبیـەوە کـەخانی نەخـشەی دەکێـشێو بەلێکدانـەوەی چـەرخو گـۆڕینو بنەمایەکی باشی دەزانین بۆسـەرەتای ئـەو ڕاپەڕینـە میللیـەی خـانی بـوو بەڕابـەرو بیرکەرەوەو دەربڕی وەك بینیمان.

کە بە بەراوردی بیرێکی ئابووریی مارکسیەوە خـەریکین لەگـەڵ بیرێکـی ئـەدەبیی خانیدا، دەتوانین ئەوە تۆمار بکەینەوە کە دوکتۆر نورەدین زازا لەباسێکی لەیەکـچووی تردا نووسیبووی ئەوەی لەپێشەکیی (مەمی ئالان) دا نووسیویەتی:

مارکس دبێ کو هەیانها بیشاکاران ئاجڤاکی ـ پەرە ملك ئـی خـاسو دەوڵـەت، ب ئاواکی ـ دیالیکتیك "دیالیکتیکی". ل هەڤدانی "جـدلی" بـوون سـەبەبێن پێـشڤە چونا ئینسانیەتێ. ڤادخویە کو دڤیا بو ئینـسان پـر نـزم بکەڤـە دابکاربـە خوراکـەو





سەربلندببە. دڤی بابەتی دە مارکس ب خوەوا دبێژە: "دڤیا بۆ کو ئافراندنێ ئینسانی: بکەڤە ڤێ پەریشانیا مەزن کو بکاربە هەمی دەولەمەندیا خوەیال هوندر بدە زایین".

ئەڤ رامانا هاب تمامێ ل جەم ئەحمەدێ خانێ ب خوە هەیە. ل ڤان مالکان بنێرن:

**"هەتا نەکەنت ژ ئەوجێ عیززەت**

**هەتا نەگەهێتە خاکێ زیللەت**

**ئەو نابتە سالکێ تەریقێ**

**ئەو نابتە ماعسەرا حەقیقێ".(معصرا ـ ٤ـ )**

ل سەر ڤێ نقتێ: خوەو نداکرن، نزم کـەتن مادیـەنو ئینـسانیەن پەریـشان بـوونو پشترە خوە ژ نوڤە ناسین، بلندو بەختیار بوون، هیگلو مارکس خوە دگەهینن سەیدایێ مەیێ گەورە، ئەحمەدێ خانێ. دڤێ بـزانن کـو چـرایا کوردێتیـێ سـەد سالـێ بـەری هیگل[٦٠] و سەدو پنجێ (١٥٠) ساڵ بەری مارکس هاتیە دنێ. ددشینا وان دە:

**"هەتا نەکەنت ز ئەوجی عیززەت**

**هەتا نەگەهێتە خاکێ زیللەت**

**ئەو نابتە سالکێ تەریقێ**

**ئەو نابتە ماعسەرا حەقیقێ".**

بێ شك هن فەرق هەنە: خانێ بـەختیاریا ئینـسان دهێلـە ژ بـۆ بحەشـتێ، هیگـل ئینسان دکە "گیانێکێ نەپەندێ" و مارکس مەزناهیا ئینسان ل ڤێ دنێ دخوازەو دێ مکن دبینە. لـێ ریا رامانا دیالێکتیکێ ل جـەم هەرسـیان ژی یـەك ئـەو ئـەڤ ژ بـۆ مەتشتەکی پڕ پڕ هێژایە[٦١].

ڕەنگە لێکچواندنی بیری ئـابووریی مـارکسو دیـدی سـۆفیانەی خـانی تاڕادەیـەك دووربن لەیەك. بەڵام ئەمچەشنە لێکدانەوەیـەی دوکتـۆر زازا لـەو گزنگـە کەمانـەن کەهەولّی لێکۆڵینـەوەی مـەمو زینیـان وەك بەرهـەمێکی بـیرو فەلـسەفە تێـدابێت. لەبەرئەوە لامانباشبوو کەئەم بیرەو ئەم بڕگانەی لەودەچن وەك خۆیان بنووسینەوە.

* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ مەم‌و زین، ل ٣٣

٢ـ محمد أمين زكى، تأريخ الدول والامارات الكردية في العهد الاسلامي. ترجمة محمد على عونى، القاهرة، ١٩٤٥، ص ٣٦٨.

٣ـ هەر ئەوسەرچاوەیە، ل ٣٦٥.

٤ـ فلادیمێر مینوروسکی. کورد. تێبینیو بیروەرگرتن پیترۆگراد، ١٩١٥. ل ٤. (بەزمانی رووسی).

٥ـ محمد أمين زکی، سەرچاوەی پێشوو. ص ٣٦٨.

٦ـ هەرئەو سەرچاوەیە، ل ٣٨١. بڕوانە: ئەولیا چلبی. محمد ظلی ابن درويش. اوليا چلبى سياحتنامەى. درونجى جلد. (استنبول، ٤، ١٣، ص ٢٦٥ ـ ٢٧١ (لەمەودوا ئەم سەرچاوەیە هەربە ـ ئەولیا چەلەبی ـ ناودەبەین).

٧ـ ئەولیا چەلەبی. ل ١٧٨.

٨ـ هەرئەو سەرچاوەیە.

٩ـ محمد أمين زکی. سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٩٥.

١٠ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٤.

١١ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

١٢ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧.

١٥ـ محمد امين زکی. سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٨١.

١٦ـ سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٨٢.

١٧ـ الدكتور عبدالرحمن قاسملو. كردستان والأكراد. ترجمة ثابت منصور، ١٩٦٨، ص ٩٧ ـ ٩٨.

١٨ـ ئەولیا چەلەبی. ل ٣٨.

١٩ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٤٩.

٢٠ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٣٨.

٢١ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٩، ٣٠، ٣١.

٢٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٤٠، ٤١.



* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

٢٣ـ هەرئەو سەرچاوەیە، ل ١١.

٢٤، هەرئەو سەرچاوەیە، ل ١٢١.

٢٥ـ هەرئەو سەرچاوەیە، ل ٩١.

٢٦ـ هەرئەو سەرچاوەیە، ل ٩٢.

٢٧ـ هەرئەو سەرچاوەیە، ١٧٨.

٢٨ـ محمد أمين زکی، هەرئەو سەرچاوەیە.

٢٩ـ محمود حسن شنويى. رد على الكوسمو پوليتية. دمشق، ١٩٥٧. ص ١٥ (تێبینی: مەحموود حەسەن شنۆیی ناوێکی خواستراوی نووسەرو زمانەوان عەبدوڕەحمان زەبیحی یە).

٣٠ـ ممى آلان، المقدمة. ترجمة المهندس صلاح محمد سعدالله. بغداد، ١٩٧١، ص ٢٥، ٢٦.

٣١ـ مەم‌و زین، ل ٨٧.

٣٢ـ مەم‌و زین، ل ٨٧.

پەراوێز: لەهەندێ نوسخەدا زێڕ پەرست‌و مونعیم یا موغلیم نووسراوە، بوونی زێڕ پەرستیش زۆر لەباسەکە ناگۆڕێت. چونکە بوونی دیاردەی شایلۆکی. سەرەتای ئەو پلەیەیە کەباسی دەکەین.

٣٣ـ ئەحمەدی خانی. مەم‌و زین، وەرگێڕانی بەتورکی لەلایەن محەمەد ئەمین بۆ زئەرسەلانەوە، ئەستەموولْ، ١٩٦٨، ل ١٩٢.

٣٤ـ (موغليم، الغلم من غلم واغتلم بمعنى غلب شهوة وهو غلم (القاموس المحيط لمجد الدين الفيروزأبادى. ج ٤. القاهرة ١٩١٣. ص ٤٤.

٣٥ـ کارل مارکس، کەپیتاڵ (سەرمایە) پ ا. مۆسکۆ ١٩٧٣، ل ١٤٨ (چاپی ڕووسی)

٣٦ـ کارل مارکس. هەرئەو سەرچاوەیە. ل ٨٠٧.

٣٧ـ کارل مارکس، سەرمایە ب ا. مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل ٧٢٥ (چاپی ڕووسی).

٣٨ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣٩ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٨٠٧.

٤٠ـ بازاڕی بەرزی سەرگیراوە.

٤١ـ مەم‌و زین، ل ١٨٦.

٤٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٦.

٤٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٦٢.

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

٤٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٤٥.

٤٥ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٨٧.

٤٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦١.

٤٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٣١.

٤٨ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٤.

٤٩ـ جۆرێکە لەپارەی خۆجێی (محەلی) کەهەر لەناو میرنشینەکەدا کاری پێدەکراو لەدەرەوەی نەدەڕۆیشت.

٥٠ـ مەمو زین، ل ٣٧.

٥١ـ هەرئەو سەرچاوەیە. (٥٢) شەرەفنامە. ل ١٩١. (٥٣) هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٤٠٦. (٥٤) مەمو زین. ل ٣٥.

٥٥ـ شاعیری فارس عەبدولڕەحمانی جامی.

(٥٦) شاعیری ڕۆژهەلات نیزامیی گەنجەوی.

(٥٧) کیمیا کەلێرەدا ئەوەیە مەعدەنی هەرزان بکات بەزێڕ.

(٥٨) مەمو زین. ل ٣٦.

(٥٩) کارل مارکس. سەرمایە. ب ا مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل ٨٠ ـ ٩٨ (چاپی ڕووسی)

٦٠ـ ئاشکرایە خانی ساڵی ١٦٥٠ ی میلادی لەدایك بووە، (ع).

٦١ـ مەمی ئالان، ل ٢١، (تێبینی: ئەم دێڕانەم لەکتێبە عەرەبییەکەدا لەو سەرچاوەیەوە وەرگرت، بەڵام لەم وەرگێڕانە کوردیەدا چوومەوە سەر ئەسڵە کوردیەکەی د. زازا).





مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

# چەرخی ئەدەبی خانی

لەناو لێکۆڵەرەوەکانی ئەدەبی کوردیدا رێکەوتنی تەواو یا دەستنیشانکردنی تەواو لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردەوە نییە. کەسانی وا هەن لایان وایە دەبێ دووای مێژوونووسانی ئەدەبیاتی فارسی بکەوین و ئەدەبیاتی ئاڤێستایی و پەهلەوی بە ئەدەبیاتی کوردیی پێش ئیسلام بزانین[1] ئەوەش بەهۆی ئەو پێوەندیی لەیەکچووی ئەو دوو زمانە بە زمانی فارسیی تازەوەو بۆ پشتگری ئەو رایە خۆی کەسانی وا هەن کە مانەوەی کێشەکانی شیعری ئاڤێستا[2] لەفۆلکلۆری کوردیدا بە بەڵگەی ئەم پێوەندییە دەزانن. بەڵام ئەمجۆرە رایە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فراوانی هەمە لایەنە هەیە، ئەگەر سووریش بین لەسەر راستیی ئەم رایەش هەر ناتوانین ئەم ئەدەبیاتە وەك سەرەتای ئەدەبیاتی نووسراوی کوردیی (چەرخەکانی ئیسلام) بچەسپێنین چ بۆ کوردو چ بۆ گەلانیتر، چونکە چەرخی دابڕین لەنێوانیاندا هەیە.

زۆر لێکۆڵەرەوەی کورد (وەك لێکۆڵەرەوەی گەلانیتری موسوڵمان) هەوڵی ئەوەیانداوە کە سەرەتا لەرێگەی گەڕانی ئارکیۆلۆژییەوە یا لەڕێگەیترەوە بچەسپێنن، بەڵام دێڕ دێڕی

پەڕاگەندە یا ناوی گومانلێکراو ناکرێت بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتێکی دیار، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە کورد لەگەڵ گەلانیتری موسوڵمانی ناعەرەبدا لەدیاردەیەکدا بەشدارن، ئەویش هاوبەشییە لەگەڵ ئەدەبیاتی عەرەبیی سەردەمی عەباسیدا، کە زمانی عەرەبی بوو بە زمانی شیعرو ئەدەبو زانست لەلای ئەم گەلانە، هەر وەك لەسەردەمی سامانییەوە لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسیشدا بەشدارنو تا رادەیەکیش لەگەڵ ئەدەبیاتی تورکیی عوسمانیداو زەحمەتیش نییە بەڵگە بهێنینەوە یا بنەچەی کوردیی چەند شاعیری گەورە بسەلمێنین کە لەو سەردەمانەدا بەو زمانانە نووسیویانە. هەرچی ئەدەبیاتی کوردیی بەکوردی نووسراوە، ئەوە تۆمارکردنی سەرەتای جێی موناقەشەو رێکنەکەوتنە، هەیە بابا تایەری عوریانی هەمەدانی (٩٣٥ ـ ١٠١٠)و ئەو شیعرانەی کە بە دیالێکتی لوڕی نووسراوە بەسەرەتا دەزانێت[٣] هەشە ئەو ئەدەبیاتەی بەدیالێکتی گۆرانی نووسراوەو شیعرەکانی یەکەم شاعیری ئەو دیالێکتە کە مەلا پەرێشانە (کە ساڵی ١٣٩٨/ ١٣٩٩م مردووە) بەسەرەتا دەزانێ[٣].

ئەو چوارینانەی بابا تایەر کە لەناو کورددا بڵاون (وەك گەلانیتری ناوچەکە) کۆنن. ماوەیەکی دابڕینی کات لەنێوان ئەوانەو ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆراندا هەیە لەسەر هەڵدانییەوە تا کۆتایی[٤]. ئەگەر ئەدەبیاتی سەر زمانو نووسراوی ئەو دیالێکتە کاری زۆری کردبێتە سەرو تائێستاش بکاتە سەر بەرەو پێشچوونی ئەدەبیاتی کوردی (بەناوەڕۆكو روخسارەوە)، ئەوا ئەدەبیاتی تۆمار کراو بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو لەچەرخی خانیدا لەو جۆرە کارتێکردنە دوور بووە.

ئەو بارودۆخی سیاسییەی گەلی کوردی پێش ئەم سەدەیە پێدا رابووردووە بووە بە هۆی کۆمەڵێك ئەنجام بۆ رووناکبیریی کوردی. ئەو سەرچاوانەی مێژووی کوردیان تۆمار کردووە کەمو شێواون. زۆر دیوانی شیعریش ونبوون یا سووتان. لێکۆڵەرەوە گەلێك سەختی دەبینێ تا بەڵگەیەکی لەبارەی ژیانی شاعیرانەوە دەستدەکەوێ. لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەدیالیکتی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو دەستنیشانکردنی





چەرخەکەشی کارێکی گرانە. رووداویش هەمیشە پێویستی بە بەڵگەی کۆنکرێتی هەیە. سەرنجێك لەوەی لەو زانیارییانەی لەبارەی شاعیرانەوە نووسراوە (تەنانەت لەبارەی هەرە دیارەکانیشیانەوە) ساڵی جیاوازمان دەداتێ لەبارەی لەدایکبوونو کۆچیانەوە. جاری وا هەیە چەند سەدە جیاوازییان لەنێواندایە، ئەمە لەو سەرچاوانەشدا هەیە کە نووسەری کورد نووسیویانن یا بێگانە. نووسینی کارەکەش هەمووکات لەگرانیی سەرچاوە دەستکەوتنەوە نەهاتووە، بەڵکو درشتیو نەبوونی لێکۆڵینەوەی راستیش هەر دەبێتە هۆی ئەوە، بەجۆرێك ئەو جیاوازییە لەسەرچاوەکانیشدا لەبارەی شاعیرێکی وەکو خانیشەوە دەبینین کە هیچ گومانێك لەبارەی ساڵی لەدایکبوونو ساڵی نووسینی "مەمو زین"یەوە نییە، چونکە خۆی هەر دووکیانی تۆمار کردووە[٥].

دیارترین شاعیری کرمانجیی ژووروو لەپێش خانیدا مەلای جزیریو عەلیی هەریریو فەقیی تەیرانن، خانی خۆی ئەم راستیەشی لەمەمو زیندا تۆمار کردووە[٦].

سەرچاوەکان لەدەسنیشانکردنی ئەو سەدانەدا کە ئەم سێ شاعیرەیان تێدا ژیاون یەك نین، بەڵام بە ووردی بە دووادا گەڕانو دانوستاندنێکیی لۆجیکیی سەرچاوەو ڕا جیاوازەکانو لێکدانەوەی شیعرەکانیان دەمانبەنە سەر ئەوەی بە شاعیری سەدەی شانزەهەمو سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمیان بزانینو هەر تەنیا ئێمەش ئەوە ناڵێین[٧].

بەمجۆرە دەتوانین ئەم ماوەیە بە ماوەی پەیدا بوونو گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردیی بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو بزانین کە خانی بووە بە لووتکەی دیاری.

دیارترین شت کە نەبوونی شاعیری دیار پێش ئەم ماوەیە دەردەخات ئیشارەتێکی دیارە لەشەرەفنامەدا، کە لەوێدا باسی بوونی رووناکبیرو زانای گەورەو پیاوی مەزن کراوە لەنێوان کورددا، بەڵام ئەوە ووترا کە پیاوی بەرزیان لەمەیدانی شیعرو ئەدەبدا نەبووە[٨].

* * *

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

راپەڕین لەژیانی میللیی دوو سەدەی شانزەهەمو حەڤدەهەمـدا راپـەڕینێکی ئـەدەبیی دروستکرد سەرەتاکەی ئەو سێ شاعیرە بوون کە ڕێگەیان بۆ دەرکەوتنو بەرز بوونـەوەی خانیو ناوەڕۆکی شیعرەکانیو شێوازی تایبەتیی ئەو خۆشکرد.

نـەبوونی بەڵگـەی قـسە بـڕ لـەبارەی ژیـانو بـەدووای یەکـدا هاتنیـانو کۆنترینیـان ئەمانخاتە بەردەم زەحمەتیی دانانی زنجیرەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەیان.

ئەگەر پشت بە خانی ببەستین بۆ دانانی ئەم زنجیرەیە دەبـێ بـە مـەلای جزیـری دەسـت پێبکـەین ئەوسـا بـچینە سـەر عـەلیی حـەریریو پاشـان فـەقێ تـەیران، بـەڵام پلـەی شاعیرانەی هەرسـێ شاعیر وامانلێدەکات کە مەلای جزیری بە یەکەمی ئەو سێ شاعیرە بزانینو پاشان بێینە سەر فەقێی تەیرانو ئەوسا عەلیی حەریری.

ناتوانین عـەلیی حـەریری لەئـەنجامی لێکۆڵینـەوەی تـەواوی بەرهەمەکانیـدا بـە دووا شاعیری ئەم سێ کوچکەیە دانێین، بەڵکو کەمیی ئەو بەرهەمانـەی کـە مـاونو لەچـەند قەسیدەیەك زیاتر نین هەمیشە دەیخەنە دوواوە.

ئەو قەسیدە کەمانەی دەدرێنە پاڵ عەلیی حەریری[9] پێش ئـەو هاوچـەرخانەی خـۆیی ناخەن کە بەرهەمی شایان بە لێکۆڵینەوەیان هەیە.

قەسـیدەکانی حـەریری لـەڕووی دارشـتنیانەوە هەڵقەیـەکی ئاشـکرای گواسـتنەوەن لەشیعری سەر زارەوە بۆ شیعری نووسراو. زۆرترینیان لەسەر بەحری (هەزەج) ڕێکخـراون کە لەکێشەکەیدا لەگـەڵ کێـشی هیجـای میللیـی کـوردیی (٤+٤)دا یەکـدەگرنو لـەو چوارینانەی بابا تایەر دەچن کە دیمەنی میللیان پێوە دیارە. شیعرەکانی عەلیی حـەریری لەناوەڕۆکیانـدا لەخۆشەویـستییەکی بەسـۆز دەرناچـن کـە لەخۆیـدا شـەقڵی شـیعری ڕۆژهەڵاتەو و ساکاریو قووڵیی فۆلکلۆریی تێدا دیارە.

قەسیدەکانی عەلیی حەریری (تەنانەت نووسراوەکانیشیان) لەناو قـووڵترین کۆمـەڵی خەڵکدا بڵاون، ئەوەش کە بایەخیان لەناو شاعیرانی کرمانجیی ژووروودا بۆ پەیدا دەکات بڵاوبوونەوەیانـە هـەر لـەباکووری کوردسـتاندا نـا، بـەڵکو لەناوچـەی سـۆرانیش[10]،



* * *

ئەمەشمان بە بەڵگەی لەسنووری ناوچەی خـۆی دەرچـوونی ئـەدەبیاتی دیـالێکتی ژووروو دانا لەو سەردەمەدا[11].

شـەقڵێکی گـەورە عـەلیی حـەریریو فـەقێ تـەیران کۆدەکاتـەوە، کـە یەکخـستنی دیمەنەکانی ئەدەبی نووسراوە لەپلەی داهاتوودا لەگەڵ نەشونمای فۆلکـۆردا بەشـێوەیەکی ئاشکراو بەیەکدا چوو.

فەقێی تەیران کە خانی بەیەکێك لـەو سـێ شـاعیرانەی دەزانـێ کـە دەبـێ (ژیانیـان بکاتەوە بە بەردا) بەشیعری خۆی یا گەورەییان دووبارە بکاتەوە ئەگەر کورد قەوارەیـەکی هەبێت، ئەوە یەکێکە لەو شاعیرانەی سەرەتایان بۆ بلیمەتیی ئەدەبیی خانی خۆشکرد.

چەرخی هەموو فـەقێی تـەیرانو دوو سـاڵی لـەدایکبوونو مردنـی لـەناو ئـەو سەرچـاوە کەمانەدا کە هـەن لـەنێوان سـەدەی چـواردەهەمو سـەدەی حەڤدەهەمـدا دێـت[12]. پـاش ووردبوونەوەو لێکۆڵینەوە دەتوانین بیدەینە پـاڵ کۆتـایی چـەرخی شـانزدەهەمو سـەرەتای حەڤدەهـەم[13]. بـەڵام بـێ پێـداگرتن لەسـەر دووسـاڵو کردنیـان بەسـاڵی لـەدایکبوونو کۆچکردن[14]. ئەگەر زۆر لەسەرچاوەکان بە حـەتمی فـەقێی تـەیرانو مـەلای جزیـری[14] بەپێی موساجەلەیەك بەشیعر کە لەدیوانی مەلای جزیریدایە لەنێوان (مـەلاو فەقـێ)دا ببەستن بەیەکەوە ئەوە لای ئێمە مەرج نییە ئەو(فەقـێ ـ قوتابی)، کە موسـاجەلە لەگـەڵ مامۆستایدا دەکات (مەلا) هەر دەبـێ فەقێی تەیران بێت.

فەقێی تەیران بەرهەمێکی فراوانی زۆری بۆ بەجێ هێشتووین کـە زۆربـەی دەچـێتە سـەر ئەدەبی نووسراو (بـێ رزگار بوون لەسادەیی ئەدەبی میللی)، لەناو ئەوانەشدا هەیـە کـە تۆمار نـەکراونو هێـشتا گۆرانیبێـژانو حیکایـەتخوانان لەکوردسـتاندا پـشت بـە پـشت دەیانگێڕنەوە، کە ئەم بەرهەمانەی بە شێوەیەکی سەیر لەگەڵ ڕەگەزی فۆلکلۆردا تێکـەڵ بوونو چوونەتە ناو چوارچێوەی ئەوەوە. روودێنکۆ لەم بارەیەوە دەڵـێ: "گومـان لـەوەدا نییە کە فەقێی تەیران خاوەنی بەرهەمی ئەدەبیو فەلسەفیی گەورەو جیا جیایەو ئەمانـە لەشێوەی فۆلکلـۆردانو لەچوارچـێوەی ئـەو دان، لـەناو ئەوانەشـدا بـە زەحمـەت شیعری

راستەقینەی شاعیر دەناسینەوە. بەڵام قەڵەمی فەقێی تەیران شوێنی لەو داستانەدا دیارە کە لەناو کورددا بڵاوە ئەویش داستانی فەقێی تەیرانە"[١٥]. هەر لەبەر ئەمەش دەبینین هەندێ شاعیری هاوچەرخ ئەوەی لەزمانی خەڵکەوە کۆیانکردۆتەوە بێ دوو دڵی‌و ڵێ وورد‌بوونەوە دەدەنە پاڵ فەقێی تەیران[١٦].

لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاکردنەوەی ڕەگەزی فۆلکلۆر لەو ئەدەبیاتی سەر زارەدا کە دەدرێتە پاڵ فەقێی تەیران زەحمەتە، بەڵام ڕاستییەکی جێگیر هەیە ئەویش بەیەکدا چوونی تەواوی شاعیرە لەگەڵ فۆلکلۆردا ، لەپاڵ بەیەکدا چوونی بەرهەمیدا لەگەڵ فۆلکلۆردا شەخسیەتی خۆیشی بووە بە کەسێکی ناو فۆلکلۆرو حیکایەتی لێوە دەگێڕنەوە کاری لەتوانستی ئادەمیزاد بە دەری دەدەنە پاڵ، داستانی "شێخی سەنعان"ەکەشی لەبەیەکدا چوونی فۆلکلۆر رزگار نەبووە.

ئەوەی لەئەدەبی نووسراوی دەست ئێمە کەوتووە، بەلایەنی کەمەوە پێش سەدەیەك نووسراوەتەوەو زۆربەی ئەوەیە کە ژابا لەناو ئەو کۆمەڵە دەستنووسەدا هێناویەتە پیتەربورگ هێشتا بە دەستنووسی لەکتێبخانەی "سالتیکۆڤ شدرین"ی سەر بە ئینستووتی رۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیی زانستیی سۆڤێتیدا ماونەتەوە[١٧]. کاری دیار لەناو بەرهەمەکانیدا کە بایەخ بە ساغکردنەوەو چاکردنی درا بێت داستانی شێخی سەنعانە[١٨].

داستانی شێخی سەنعان پێش هەموو شت حیکایەتێکی بڵاوە لەناو کورددا، لەپاڵ وێنە فۆلکلۆرییە بڵاوەکانیا، ئیشارەتی زۆری ئاشکرا لەناو شیعری کوردیدا بۆ ئەو داستانە هەیە. مەلای جزیری بە حیکایەتێکی ڕاستەقینەی زانیوە. سروشتی سۆفیانەی داوەتێ، ئەوەتا لەموناجاتی خوادا دەڵێ:

**مەی نەنۆشی شێخی سەنعانی غەلەت**

**ئەو نەچوو ئەرمەنستانی غەلەت**

**یاکومیسلی مووسا تەجللایی تە دی**



**یا تەدی کانێ خەتا کانێ غەلەت**[١٩]

خانیش ئیشارەتێکی هەیە لەوە دەچێ[٢٠]. هەر چەندە فەقێی تەیران نووسیویەتی پێوەندیی بەوانەوە هەیە کە پێش خۆی بەچەند زمانی ڕۆژهەڵات نووسراون وەك: (منطق الطیر)ی فەریدەدینی عەتتارو(لسان الطیر)ی میر عەلی شێر نەوایی، بەڵام رەگەزی فۆلکلۆری کوردی چووەتە ناو ئەوەوە کە دەدرێتە پاڵ فەقێی تەیران. سەیریش ئەوەیە کە شەخسیەتی فەریدەدینی عەتتار بەیەکێك لەکەسانی داستانەکەی فەقێی تەیران چۆتە ناو تێکستە کوردییەکەوە. ئەوەتا ناوی بەشێوەی (شێخ عەتتار)دێت‌و ئەو (پیر)ەیە کەمریدەکانی شێخی سەنعان پەنای دەبەنە بەرو لێی دەپاڕێنەوە کە شێخ بهێنێتەوە سەر رێ.

ئەکادیمیك بێرتلس لەبارەی نەوایی‌و عەتتارەوە دەڵێ: "داستانی شێخی سەنعان بایەخێکی زۆر گەورەی هەیەو زیاد لەو جوانییەی لەدەربڕینە ئەدەبییەکەیدا هەیە ئەم داستانە بناغەیەکی بچووکەو خۆلاسەی سۆفیزمە"[٢١].

ئەمەی ئەو زانا سۆڤێتییە گەورەیە دەیلێ بۆ ئەوەش دەبێت کە فەقێی تەیران نووسیویەتی. لەبەر ئەوە دەتوانین بەیەکێك لەو بناغانەی دابنێین کە خانی پشتی پێ بەستووەو لەو بەرهەمانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسیان دەکەین لێی بدوێین.

بەڵام شیعرەکانی فەقێی تەیران کە لەناو خەڵکدا بڵاون ئەوە شاعیری کوردی سۆڤێتی ئارامی چەچان هەوڵێکی گەورەی داوە بۆ کۆکردنەوەیان‌و توانیویەتی بەشێکیان چاپ بکات[٢٢]. خۆزگە بە باشی‌و رەخنەگرانە لەو بەشەی ئەکۆڵییەوە کە کۆیکردوونەتەوەو ماون‌و چاپنە کراون کە میللەت دەیانداتە پاڵ فەقێی تەیران، لەپاڵ بەیەکدا چوونە فۆلکلۆریەکەدا کە لەکۆمەڵە بەرهەمی (گوڵ بەهار)دا دەیبینین دەتوانین یەك شتی تێدا ببینین کە دەنگی شاعیرو بیرە سەرەکییەکانێتی. لەشێخی سەنعاندا دەنگی ئینسان بە دلێری بەرز دەبێتەوە، بەجۆرێکی درامی داوای خۆشەویستی‌و سەرکەوتنی خواستی چاکە دەکات. بەڵام لەپارچە شیعری "ناچم دیوانا میری" کە لەم

* * *

کۆمەڵە شیعرەدا بڵاوکراوەتەوە، دەنگی شاعیر خۆی دەبیستین دەبێ بەدەنگی زوڵاڵی ئینسان. مەسەلەی مرۆڤ لێرەدا ئاشکرایە. بیری قووڵی فەقێی تەیران و تێگەیشتنی راستی لەرێرەوی مێژوو، هاواری مردنی کۆنی رزیوو چەوساندنەوە دەکات و هاواری سەرکەوتنی تازەو پیاوەتی دەکات[٢٣]. ئەمە دەنگێکی ئاشکرای چەرخی خۆیەتی بەرامبەر بەزوڵم و چەوساندنەوەو دژ بەیەکێکیانی ژیان. شاعیر لەپێناوی ئەوەدا کە دەیلێ چەشتنی هیچ نارەحەتییەکی لاگران نییەو وەك سۆفییەکانیتر بەندیخانە بەکونجی خواپەرستی و رێگەی پاکبوونەوەی دەروون و گەیشتنە راستی دەزانێ[٢٤].

ئەو شاعیرەی گەلەکەی خۆی هێشتا بە قارەمانی دەبینێ بیری خۆی دەکات بە چەك و، قەڵەم و دەفتەر بە هۆی تێکۆشان دەزانێت[٢٥] و گوێ ناداتە بەندیخانە ئەگەر بەهۆی بیری تازەوە یاخۆشەویستی پاکی راستگۆیانەوە دەبێت[٢٦].

شیعری دڵداریی فەقێی تەیران رەگەزێکی راستگۆیی و نموونەیەکی ساکاری خۆشەویستیی لای کوردی تێدایە، لەمەشدا بە تەواوی لەگەڵ دڵداریی ناو فۆلکلۆردا یەکدەگرێت، هەر چەندە وێنەیەکی جوانی لەشیعری خۆیدا دەکێشێت و سۆزێکی تایبەتیی دڵداری دەردەبڕێ. بەڵام ئازارو خەم هەوێنی ئەو خۆشەویستییەن کە تێکەڵ بە وێنەی غەریبی و ئاوارەیی دەبێ، گومان لەوەشدا نییە کە هەردووکیان دیمەنی ژیانی فەقێی تەیرانن. هەموو ئەم وێنانە هەمیشە لای شاعیر دەبنە هاواری ئازایەتی[٢٧]. لەمەشدا یەکگرتنەوەی تازە لەگەڵ فۆلکلۆردا دەبینین. فەقێی تەیران وەك خۆی دەڵێ "سروودی ئازایەتیی بۆ کورد وتووەو ئاواتی ئەوە بووە کە گۆرانییەکانی نەمرین"[٢٨]، بەکارکردنی ئاشکرای بەسەر خانییەوە خۆی نەمر بوو پێش ئەوەی لای گەل بەو شێوەیەی باسمان کرد نەمر بێت.

خۆشەویستیی ساکاری کورد، کە لەسروشتێکی هێمنی جوانەوە هەڵقوڵابێ هەندێجار بەجۆرێ هێمنیی رووبار دەرژێتە خوارەوەو وەك هاژەی تاڤگە دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە. گۆرانییەکی چیای لێ بەرز دەبێتەوەو لەبەرزییەوە دێتە خوارەوە بەرەو



* * *

قووڵایی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو قووڵییە سۆفییەدا یەکدگیر بێت کە شاعیر لای عەتتارو نەوایی دیویەتی و هارمۆنییەکی تازەیان لێ دروستکات رەگەزە سەرەکییەکانی ئاشکرابن و هێزی ئەم یەکدگیرییەی تێدا دیاربێت.

فەقێی تەیران هەوڵی دەستکەوتنی هەموو ئەو شتانەی دا کە لەبەلاغەی کلاسیکیدا هەن وەك یاریکردن بە ووشەو بەکارهێنانی جوانییەکانی ووشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشە میللییەکانی لەشیعرەکانیدا هێشتەوەو داستانی شێخی سەنعانیشی لەسەر بەحری هەزەج هۆنیوە کە لەگەڵ کێشی (٤+٤)ی گۆرانی یە میللییەکاندا یەکدەگرێت. لەبەر ئەوە ئەمیش بەهەڵقەیەك دەزانرێت لەنێوان ئەدەبی کلاسیکیی رۆژهەڵات و ئەدەبی سەر زاری کوردیداو هەنگاوێکە بەرەو ئەو تەواوییە کلاسیکییەی لای مەلای جزیری دەیبینین لامان بووە بەپێرەو کە ناوی مەلای جزیری ببەستن بە ناوی حافزی شیرازییەوە[٢٩]. ئەمەش لەخۆیەوە نەهاتووە، هەر وەك لەبەر چەند ئیشارەتێك نییە لەدیوانی مەلای جزیریدا بۆ ناوی حافزی شیرازی[٣٠]، یا لەبەر دیوان دەستپێکردنی بە قەسیدەیەکی (مولەمەع) کە هەموو دێرەکانی ئەو قەسیدەیەی حافزی تێکەڵکردووە (الا یاأیها الساقی أدر كأساو ناولها) بەڵکو کارتێکراویی مەلای جزیری بە شیعری حافزو جامی و جەلالە دینی رۆمی و سەعدییەوە دیارە، چ لەرووی ناوەرۆکی سۆفییەوە یا لەرووی دارشتنەوە. لێکۆڵەرەوەیەکی هاوچەرخی کورد بەراستی باسی ئەم کارتێکردنەی لەچەند شاعیرێکی کلاسیکیی کورد کردووەو نووسیویەتی:[٣١]

زۆر لەشاعیرە کۆنەکان شیعری شاعیرانی فارسی کاریی تێکردوون و لەزۆر شوێندا شوێن ئەوان کەوتوون و لەشوێنیتردا بیرو شێوازی ئەو شاعیرانەیان وەرگرتووە، بەڵام بەپێی سەلیقەی خۆیان دایانرشتۆتەوەو دیمەنێکی کوردیان داوەتێ و ئەو لەفزو ئیستیلاحاتەی بەکاریان هێناوە بە تایبەت ئیستیلاحە سۆفیێکان لەشاعیرانی فارسەوە وەرگیراون[٣٢].

* * *

جزیری ویستوویەتی ئەو ئیبداعەی شیعری فارسی گەیشتوویەتی بهێنێتە زمانی کوردییەوە، جا ئەگەر ئەوەی لەبەر خۆشویستنی (سەلما)ی خوشکی میری بۆتانەوە راست بێت، یایەکێك بێت لەو حیکایەتە بلاوانە کە هەن، بەلام ئەو عەشقی (حەقیقی و مەجاز)ی خۆی و ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبە سۆفییە بە کوردی بلاوەی بەرەوانی و هێزو دەنگدانەوە بەجۆرێك دەربڕیوە کە هیچ کەسێك لەشاعیرانی گەلەکەی پێش ئەو دەرینەبڕیوە، لەپاڵ ئەو هەستی راستگۆییەی لەو هەستەدا هەیە کە لەشیعرەکانی ئەودا رەنگیانداوەتەوەو ئاواتێکی ئاشکراش لەپشت ئەو ئەفراندنەوە هەیە، کە لەگەڵ ئاواتی گەلەکەی و خواستنی دەرچوون لەو پلەیەدا لەجوغزی دەسەلاتی تورك و فارس لە (سیاسەت و ئەدەبدا) یەکدەگرێتەوە.

شاعیر لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە ئیستیلاحە فارسی و عەرەبی و بەکارهێنانە بەلاغییەکانی ئەدەبیاتی رۆژهەلات بەگشتی تێکەڵ بە کۆمەڵێ ووشەی کوردی بکات کە لەشیعردا بەکارنەهاتوون و بە شیعری کوردی دایانبڕێژێتەوە، داوا لەمیللەتەکەی دەکات کە شیعری جوانی ئەو و زمانی میللییان بکەنە جێگر یا هاوتای شیعری حافزو سەعدیی شیرازی کە لەناو کورددا بلاون:

**گەر لوئلوئی مەنسوور ژ نەزم تە دخوازی**

**وەر شیعری (مولێ) راببین تە بەشیراز چ حاجەت**[٣٣].

ئەگەر گەڕانەوە سەرکێشی شیعری میللی و وازهێنان لەکێشەکانی عەرووز دیاردەیەکی تازەکردنەوە بن لەسەدەی بیستەمدا (لای چەند میللەتی رۆژهەلات). ئەوا گواستنەوە لەو کێشانەوە بەرەو کێشی عەرووز لەچەرخەکانی پێشوودا دیاردەیەکی پڕ ئیبداع بوو دەبووە بەلگەی دەسەلاتی شاعیرانەو دیاردەیەکی شارستانی بوو پالی بە شیعری کوردییەوە لەبەرەو پێشچووندا بەرەو ریزی ئەدەبیاتی رۆژهەلات ناو تۆمەتی دوواکەوتنی لەگەلی کورد دوورخستەوە.



* * *

ئەگەر دیار نەبوونی زەمانی شیعر کۆسپ بێت لەبەردەم دانانی مەلای جزیری بەیەکەم شاعیر کە شیعری کوردی بەپێی ئەو کێشانەی عەرووز داڕشتبێ کە لەشیعری فارسیدا هەن[٣٤]. بەلام بێگومان بەیەکەم شاعیر دادەنرێ کە دیوانێکی تەواوی ئەوتۆی هەبێ کە خاسیەتی دیوانی تەواوی رۆژهەلاتی تێدا بێت لەدابەشکردنی بەسەر هەموو تیپێکداو لەبەکارهێنانی هەموو ئەو بەحرانەی لەشیعری فارسیدا هەن و بەرەو پێشەوە چوون بەرەو تازە (بۆ نموونە بەکارهێنانی ـ موستەزاد) و پراکتیزەکردنی هەموو ئەو رازاندنانەوانەی لەڕەوانبێژیی عەرەبی و فارسیدا هەن بەسەر ئەو زمانە کوردییەدا کە پێشتر وایان زانیووە هەر زمانی قسەکردن و شیعری میللییە. بەمە دەنگی سۆفیانەی بە سۆزی خەمناکی خۆی گواستەوە بۆ نەوەی خۆی و نەوەکانی داهاتوو و بانگی هاتنە ناوی چەرخێکی تازەی شیعری کوردی و هاوشانیی شیعری کوردیی لەگەڵ ئەدەبیاتیتری رۆژهەلاتدا، ئەمەی وەك شیعری ناسکی دلداری دەرخست و لەبناغەی میللییەکانی خۆی دوور نەکەوتەوەو لەئەدەبیاتی ئەو چەرخە لانەکەوت، هەر وەك شیعرێکی تەسەوف بوو شاعیر تازەی ئەوتۆی بەخشی کە ناوەڕۆکە مێژوویییەکانی ئەمجۆرە شیعرەیان دەولەمەند کرد و لەوێدا رەگەزێکی تازەیان تێکەلکرد کە دەربڕی بەشدارییەکی نوێی کورد بێت لەرێڕەوی رۆژهەلات و رووناکبیریی ئەودا.

دەرکەوتنی قوتابخانەیەکی نوێی شیعر (لەجزیرەی بۆتان)دا بەلگەیەکیتری راپەڕینی سیاسی و ئابووری و شارستانییە کە لەکوردستان لەسەدەی ١٦، ١٧دا پێدا رابوردووە. مەلای جزیری بە قوولی ئەوەی لەڕووکردنە میرەکانی جزیرەو ئاوات لەوان خواستنیدا دەربڕێ، ئەمەش بەشێکە لەئاواتی گەلەکەی بۆ هاوکاریی ئەو میرنشینانە، کە دانیشتوان لەهێرشی فارس و تورك بپارێزن، مەلای جزیری ئەو ئاواتەی بە زمانی شیعر دەربڕیوە ووشەکانی خۆی و شیعرەکانی کردووە بەو بالی یەکێتییەی لەبۆتانەوە بۆ هەموو کوردستان پێی دەفڕێ:

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**گوڵی باغی (ئیرەم)ی بۆتانم**

**شەبچراغی شەبی کوردستانم[٣٥].**

ئەو لووتکەیەی مەلای جزیری گەیشتێ سەرەتایەکی بەهێز بوو. بۆ تێکەڵبوونی دەنگی کوردی چیا لەگەڵ ئەو دەنگانەدا کە لەچیاو دۆڵەکانی رۆژهەڵاتەوە بەرز دەبنەوەو بانگەوازی خۆشەویستی قووڵی راستگۆیانە بوو و بەمە چوارچێوەیەکی شارستانیی بۆ دەستکەوتەکانی روخساری شیعری رۆژهەڵات دۆزییەوە، مەلای جزیری لەپاڵ حەریری و فەقێی تەیراندا وێنەیەکی راستگۆی چەرخەکەی و ئەدەبیاتی ئەو هێشتەوەو سەرەتایەکی رووناکی بۆ پەیدا بوونی شاعیرێکی گەورەی وەك خانی داناو توانیی ناوەرۆکەکانی قوتابخانەی شیعری جزیری و روخساری بەرەو پێشەوە بەرێ و لەگەڵ چەرخدا بیباتە پێشەوە.



* * *

## پەراوێزەکان

(١) دوکتۆر ئەمین عەلی سەعید موتابچی. شاعیرانی کوردو ئەدەبی فارسی. گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات. ژمارە١٦. بەغدا، ١٩٧٣ ل٥.

(٢) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٧ـ ٨.

(٣) موناقەشەیەك هەیە (لەناو کۆڕە زانستیو ئەدەبییەکاندا) لەبارەی دوو دیالێکتی لوڕیو گۆرانەوە کە گوایە چەند کوردیی رەسەنن، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەئەدەبدا جیایە وەك لەزماندا. لوڕ لەعیراقو پشتکۆو کرماشانو هەموو ئەوانەی بەدیالێکتی گۆران قسە دەکەن خۆیان بە کورد دەزانن (ئەسڵی ئەم دوو دیالێکتە لەڕووی زمانەوە هەرچییەك بێت) لەبەر ئەمە ئەدەبیاتی ئەوان (بە میللیو نووسراوەوە) بە بەشێك لەئەدەبیاتی کوردی دەزانینو کاریانکردۆتە سەر بەرەو پێشچوونی ئەدەبیاتی کوردیو لەناو کورددا بڵاوبوونەتەوە.

(٤) رەنگە سەرەتای سەدەی بیستەم بە کۆتایی ئەدەبیاتی بەو دیالێکتە نووسراو دابنێیت. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەشی سلێمانیی دیالێکتی خواروودا وەك بناغەیەکی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو (لەکوردستانی عیراقو ئێران)دا لەسەرەتای سەدەی پێشوودا (نۆزدەهەم)و دانپێدانیدا بۆ خوێندن لەقوتابخانەکانی عیراقدا لەم سەدەیەدا. ئەو نووسەرانەی بەو دیالێکتەو بەشەکانی دەدوێن (هەورامی، رۆژبەیانی، زەنگەنە، باجەلانی ....هتد) دەستیانکرد بە نووسین بەو زمانە ئەدەبییەو ئەدەبیاتی نووسراو بە دیالێکتی خۆیان بوو بە بەشێك لەسامانی کورد هەمووی. (بۆبە درێژی تێگەیشتن بڕوانە کتێبی: سەرنجێ لەزمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی. بەغدا ١٩٧١).

(٥) مەمو زین. ل ١٩٧.

(٦) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(٧) سەیری ئەو وتارەمان بکە (فەقێی تەیران. ژیانو بەرهەمی) گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات. ژمارە ١٥. بەغدا ١٩٧٢ (بەکوردی).

(٨) بڕوانە: شرفخان البدليسى. الشرفنامه. ترجمه محمد جميل بندى الروژبيانى. بغداد، ١٩٥٢، ص ٢٣، ٢٤.

تێبینی: چ لەم وەرگێڕانەی شەرەفنامەدا، چ لەوەرگێڕانەکەی هەژاردا قسەی شەرەفخان بەو جۆرە وەرگێڕاوەو منیش لەم کتێبەدا وام نووسیبوو، بەڵام کە دووای چاپی عەرەبیی کتێبەکە چوومەوە سەر

* * *

فارسی یەکەی شەرەفخان، دیم وەرگێڕانەکان تەواو نین، شەرەفخان لای وایە زاناکانمان لەشاعیرەکان گەورەترن ـ ئەمە ناوەڕۆکی ووتارێکە کە هێشتا بڵاوم نەکردۆتەوە. (٧/١١/٢٠٠٦)

(٩) بڕوانە: م. ب. روودێنکۆ. وەسفی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی لێنینگراد. مۆسکۆ، ١٩٦١.

(١٠) توانیم هەندێ قەسیدەی عەلیی حەریری لەدەمی خەڵك لەناوچەی حەریر وەرگرم. لەوێ کە ناوچەیەکی سۆرانە، بڵاوە.

(١١)بڕوانە ووتاری (عەلیی حەریری. ژیانو بەرهەمی) مان بکە. دەفتەری کوردەواری. ژمارە ١.بەغدا ١٩٧٠.

(١٢) بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی ل ١٠٩. سوجادی ل ٥٣٦.

(١٣) بڕوانە. ئەو ووتارە لەبارەی (فەقێی تەیران)ەوە (پەراوێزی ٧).

(١٤) بڕوانە (العقد الجوهری في شرح دیوان الشیخ الجزیری، القامیشلی، ١٩٥٨ص) و (عەبدو رەقیب یوسف. دیوانا کرمانجی. نەجەف، ١٩٧١. ل ١٤٣. (بەکوردی)

(١٥) فەقێی تەیران. شێخی سەنعان. تێکستێکی رەخنە گرانەو پێشەکیو وەرگێڕانی م. روودێنکۆ بۆ رووسی. مۆسکۆ، ل ١٤٣ (کوردی).

(١٦) عەتاری شارۆ. دوو جیهان. یەرێڤان، ١٩٦٣. ل. ٥٨٠٠. ئارامی چەچان. گوڵ بەهار، یەرێڤان، ١٩٥٧ ل ٧ـ ٤٦.

فەقێی تەیران. تەنبورر. کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئارامی چەچان. یەرێڤان ١٩٧٤.

(١٧) م. ب. روودێنکۆ. وەسفی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی لێنینگراد. مۆسکو، ١٩٦١.

(١٨) فەقێی تەیران. شێخی سەنعان. مۆسکۆ، ١٩٦٥.

(١٩) العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزری، القامیشلی، ١٩٥٨، ص ٣٢٧.

(٢٠) مەمو زین، ل ٢١.

(٢١) ب. أ. بێرتلس. نەوائیو عەتنار. لێنینگراد، ١٩٢٨. ل٥٤.

(٢٢) بڕوانە پەراوێزی ١٦.

(٢٣) ئارامی چەچان. گول بەهار. یەریڤان، ١٩٥٧. ل ٧.

(٢٤) هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٨

(٢٥) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(٢٦) هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ١٦



* * *

(٢٧) هەر ئەو سەرچاوەیە. ٤٢

(٢٨) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(٢٩) دوکتۆر ئەمین عەلی موتابچی. ووتاری "شاعیرانی کوردو ئەدەبی فارسی" گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات. ژمارە ١٦. بەغداد، ١٩٧٣، ل ١٦.

(٣٠) بۆ نموونە بڕوانە: العقد الجوهری. ص ١٠.

(٣١) مەبەسی نووسەر شاعیرە کوردە کۆنەکانە.

(٣٢) دوکتۆر ئەمین عەلی موتابچی. هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ١٤. (لەتێکستە عەرەبییەکەوە وەرگێڕراوەتەوە)

(٣٣)العقد الجوهری. ص ١٢٩.

(٣٤) شیعری بە دیالێکتی گۆران نووسراو بە کێشی فۆلکلۆری کوردی هۆنراونەتەوە.

(٣٥) العقد الجوهری. ص ٨٢٤

ئەم نیو دێڕە عەرەبییە شیعری یەزیدی کوڕی موعاویەیە. دەڵێن کە لەحافزیان پرسی چۆن شیعری پیاوی وا وەردەگری، ووتی:ماڵی کافر بۆ موسڵمان حەڵاڵە.

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# خانی و مەسەلەی نەتەوەیی کورد

مەسەلەی نەتەوەییو ئاواتی نەتەوەی کورد لەلای خانی هەر خەوی شاعیرێكو ئاواتێك نییە بۆ رزگاربوون لەداگیرکردنی عوسمانیی ـ فارسی. بەڵکو بینینێکی زانستیی ئەو مەسەلەیەیە کە لەگەڵ واقیعو توانای سەردەمدا رێك دەکەوێتو لە لێکدانەوەدا پێش خەڵکیتر دەکەوێ. ئەوەش بە بیری هەڵکەوتووانەو بینینی ڕابەرانەی مەسەلەکە.

خانی گەوهەری مەسەلەی کورد لەسەردەمی خۆیدا بە زاڵبوونی دوو ئیمپراتۆریەتی فارسیو عوسمانی لەهەندێك بەشی کوردستانو هەوڵدانی لەناودانی دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورددا دەبینێ. جەنگ بەردەوام بوو. میرنشینێك لەناو دەچووو یەکێك دروست دەبۆوەو تورکو فارس وا زاڵ دەبوون، ئەگەر کوردستان یەکگرتوو بوایە، بەڕای خانی هیچ زاڵبوونیان بەخۆیانەوە نەدەدی[1]:

غالب نەدبوو ل سەرمە ئەو رووم
نەد بوونە خرابەیی ددەست بووم
مەحکوومو عەلیهیو سەعالیک
مەغلووبو موتیع تورکو تاجیک[2]



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خانی بە جۆرێکی زانستی هۆی ئەم داگیرکردنە دەستنیشان دەکاتو شوێنی ستراتیژیی کوردستان لەنێوان ئەو دوو ئیپراتۆریەتەدا کە تەماعیان کردۆتە یەك بەهۆی یەکەمی حەز بە گرتنی کوردستان دەزانێت[3]:

ئەڤ رۆمو عەجەم بوان حەسارن
کرمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلی کرمانج
بۆ تیری قەزا کرینە ئارمانج
گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن
هەر تائیفەیی سەدێکن سەدیدن
ئەڤ قەلزەی رۆمو بەحری تاجیک
هەندێ کو د کەن خرووجو تەحریک
کرمانج دبن بخوون مولەتتەخ
وان ژێکڤە د کەن میسالی بەرزەخ[4]

هەرچەندە خانی یاخی یە، شۆڕشگێڕە، بەڵام بەسەر میللەتی خۆیدا هەڵناچێتو ئەو بەهۆی سستیو سەرشۆڕیو پشتێن کردنەوەو لەخوێندا گەوزاندن نازانێت، بەڵکو وەك کوڕێکی هۆشیاری گەل باری میرەکانی کوردو پێکەوە رۆیشتن (ئینقیاد) یان بە هۆی راستەقینە دەزانێتو حاڵی ئەوان بەشەرمەزاری دەزانێت:

تابیعیەت وان ئەگەر چی عارە
ئەو عارە ل خەلق نامدارە
ناموسە ل حاکمو ئەمیران
تاوان چی یە شاعیرو فەقیران[5]

هەرچەندە شۆڕشگێڕانە هەڵدەچێتو مـۆری شـەرمەزاری دەنێـت بـە ناوچـەوانی مـیرو حاکمانـەوە، بـەڵام دەیـەوێ بیانوویـەکی بـاش بهێنێتـەوە بـۆ هەنـدێك دیـاردە لـەژیانی نەتەوەداو وەك ئەو شاعیرە رۆمانتیکی یانەی پاش خۆی هێرش ناباتە سەر گەلی خۆی:

جامێری‌و هیممەت‌و سەخاوەت
مێرێنی وغیرەت‌و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکراد
وان دانە ب شیر هیممەت‌و داد
هەندێ ژ شەجاعەتی غەیورن
ئەو چەند ژ مینەتی نەفوورن
ئەڤ غیرەت‌و ئەڤ علووی هیممەت
بوو مانیعی حەملی باری مینەت
لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دائیم ب تەمەرودو شیقاقن[٦]

خانی سەیری ئەم واقیعە دەکـاتو بـۆ چارەسـەرکردن دەگـەڕێت، سـوود لـەتەجروبـەی گەلانی ترو مێژوو دەبینێت:

هەرچی برە شیر دەستی هیممەت
زەبت کر ژ خوە را ب مێری دەوڵەت
لەورا کو جیهان وەکی عەرووسە
وی حوکم د دەست شیری رووسە
لێ عیقدو سیداق‌و میهرو کابین
لوتف‌و کەرەمن عەتاو و بەخشین
پرسی ژ دونێ من ئەو ب حیکمەت
میهراتە چ؟ گوتە من کو هیممەت



حاسڵ کو دونیا ب شیرو ئیحسان
تەسخیر دبت ژ بۆیی ئینسان[٧]

بەرامبـەر بـەم دەسنیـشانکردنەی رەگـەزەکانی گەیـشتنە سـەربەخۆیی‌و دەوڵـەت دروستکردن‌و بە (شیرو ئیحسان) دروستکردنی، سەیری توانای گەلی کورد دەکـات وای دەبینـێ کە توانای گەیشتنە ئاواتی هەیە. بـۆ هـۆی دواکـەوتنیان دەگـەڕێتو دەچـێتەوە سەرکانی فەلسەفەی (جەبری)ی خۆی تا بەپێی ئەو ئەوە لێکبداتەوە کە بە بەڵگەیتر پێـی نەسەلێمنرا:

ئەز مامە دحیکمەتا خودێدا
کرمانج د دەوڵەتا دونێدا
ئایا ب چ وەجە مانە مەحرووم
بیلجوملە ژ بۆ چەبوونە مەحکووم
وان گرت بەشیر شەهری شوهرەت
تەسخیر کرن بیلادی هیممەت
هەر میرەکی وان ب بەزلی حاتەم
هەر مێرەکی وان ب رەزمی ڕوستەم[٨]

وەك خاوەن بیرێکـی هۆشـیارو شـاعیرێکی زانـا رۆڵـی بـیر لـەئازاد بـوون‌و گەیـشتنە دەوڵەتی دنیادا دەبینـێ‌و پشتگوێی ناخات. وەك پرسیارێکی گەورە لەبارەی رۆڵی بیرەوە خرابێتە بەردەمی. بـێ ئەوەی پرسیارەکە بخانە بەردەم وەڵام دەداتەوە:

ب فیکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان
کرمانجی یە بوویە شوبهی بورجان[٩]

خانی لێرەدا لەبەر دەرگـای سەرسـامیی جەبریەتـدا ناوەسـتـێ. وەك جـەبری رابـوردوو بەسەرشۆڕکەری دووا ڕۆژ نەزانێت. جەبریەتەکەی پاڵی بەرەو سەرشۆڕکردن بـۆ رابـوردووو درێژکردنەوەی بەرەو دووا ڕۆژ پێوە نانێت. بـەڵکو وێنەیـەکیتری دووا ڕۆژ دەبینێـت. هـەر

* * *

مەكتەبەی بیر و هۆشیاری

وەك ئـەوەش بەشـێك بێـت لەجـەبرو بـچێتە نـاو زانـین‌و عیلمێكـی خـواوە كـە هێـشتا نەهاتبێتە دی.

هەر چەندە خانی سەرسام بەرامبەر بەم هێـزو توانایانـەوە دەوەسـتێت كـە لەمیللـەتی خۆیدا هەیەو بەشایانی گەیشتنە ئامانجی دەزانێت. ئامانجێك كە هیـچی نەهاتبێتـە دی. لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر ئەو لێكدانەوەیەو ئەوسا دەچێتەوە سەر جەبر:

**ئەمما ژ ئەزەل خودێ وەساكر**

**ئەڤ رۆم‌و عەجەم ل سەر مە ڕاكر**(١٠)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم كارەی خودا بە جەبری دووا ڕۆژ نازانێـت ـ وەك ووتمـان‌و ڕوو دەكاتـە ئـەو لێكدانەوەیـەو مـەبەسـتی نەتـەوەیی‌و ئامـانجی لەدامـەزرانـدنی دەوڵـەتێكی كوردی لەفارس‌و ڕۆم جیاو سەربەخۆدا دەبینـێ. ئەم ئامـانجـەی خـانی لەخواسـتی بـوونی پاشایەكی كورددا دەبینێت، ئەگەر بـە ووردیـش سـەیری كارەكـە بكـەین دەبیـنین خـانی لەزۆر شوێنیدا لەمەم‌و زیندا (میر) لە (پادشا) جیا دەكاتەوەو ئینكاری بوونی میرێكی كورد لەمیرنشینێكی بچووكدا ناكات. بەڵام ئەوەی خانی دەیەوێت بوونی پادشایەكە ئەم میرنشینانە لەیەك دەوڵەتدا كۆ بكاتەوە:

**گەردی هەبووا مە پادشاهەك**

**لایق بدیا خودێ كولا هەك**

**تەعیین بە بوویا ژ بۆی تاجەك**

**ئەلبەتە دبوو مەژی رەواجەك**(١١)

ئەم بیرەی خانی لەڕاستیدا خەوی شـاعیر بـوو لای یـەكێك لەوانـەی پـێش خـانی، لای مەلای جزیری كە یەكێك بـوو لەكۆڵەكـەكانی شـیعری كـوردی. مـەلا ئـاواتی ئـەوە بـوو دەنگی ئەو لەبۆتانەوە بگاتە هەموو كوردستان:

**گوڵی باغی ئیرەمی بۆهتانم**

**شەب چراغی شەبی كوردستانم**(١٢)



* * *

محەمەد ئەمین زەكیی مێـژوونووس باسـی كۆشـشی شـەرەفخانی بتلیـسی دەكـات بـۆ (دامـەزراندنی یەكێتی یەكی سیاسی‌و پێكەوەنانی بەرەیەكی بەتین لەنێوان حكوومـەت‌و میرنشینە نیشتمانییەكاندا بەچەشنی فیدراسیۆن (حكوومەتی یەكگرتوو) كە مەركـەزی لەشاری (جزیرەی ئیبن عومەر) بێـت(١٣). بـەڵام ئـەم كۆشـشانە لەپلـەی بـیرو دەربڕینـی ئەدەبیدا تەنانەت لەكتێبی شەرەفنامەی بتلیسی خۆیدا دیـار نـەبوو. بـەم مانایـە ڕەنگـە خانی بەرابەری بیری بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نیشتمانیی كورد دابنێین. هەر لەو كاتەدا لامان وایە مەسەلەی (بوونی پادشاو دامەزراندنی دەوڵەتێك كە لایەنی ئاشكرای هەبێت لای خانی تەنیا هەستێكی نەتەوەیی عاتیفی یا ئارەزووی دەسەڵاتی شەخسی‌و نەتـەوەیی نی یە. بەڵكو مەسەلەی ئەم قەوارەیـە دەبەسـتێت بـە ئاسـۆیەكی فراوانـی گەشەسـەندنی ئابووری‌و زانستی‌و ئەدەبیی وولاتەوە:

**ڕابت ژمەژی جیهان پەناهەك**

**پەیدا ببیتن مەپادشا هەك**

**شیری هونەرا مەبێتە دانین**

**قەدری قەڵەما مەبێتە زانین**

**دەردی مەبینێت عیلاجێ**

**عیلمی مەبینێت رەواجێ**

**گەردی هەبووامە سەرفرازەك**

**ساحیب كەرەمەك سوخەن نەوازەك**

**نەقدی مە دبوو ب سكەی مەسكووك**

**نەدما وەهەبێ رەواج‌و مەشكووك**

**هەر چەندی كوخالیس‌و تەمیزن**

**نەقدێن بە سكەیی عەزیزن**(١٤)

* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

خانی لەیەکێتیی نەتەوەیی‌و بوونی پادشایەکی بەتوانادا دابینکردنی دووبارە داگیر نەکردنەوەو لەخوێندا نەگەوزان دەبینێت:

**غەمخواری دکر ل مە یەتیمان**
**تێنانە دەرێ ژ دەست لەئیمان**
**غالب نەدبوو ل سەرمە ئەو رووم**
**نەدبوونە خەرابەیی د دەست بووم**[١٥]

یا دەڵێت:

**گەردی هەبوویا مەژی خودانەک**
**عالی کەرەمەک لەتیفە دانەک**
**عیلم‌و هونەرو کەمال‌و ئیزعان**
**شیعرو غەزەل‌و کیتاب‌و دیوان**
**ئەڤ جنس ببویا ل بال وی مەعموول**
**ئەڤ نەقد ببویا ل نک وی مەقبوول**
**من دی عەلەما کەلامی مەوزوون**
**عالی بکرا ل بانی گەردوون**[١٦]

لێرەدا خانی ئەوپەڕی ئاوات‌و خواستی خۆی لەرۆژانی یەکگرتن‌و هەڵکردنی بەیداخی شیعرو زیندووکردنەوەی شاعیرانی پێشوودا[١٧] دەبینێ، هەر وەك هەموو لایەنێکی مەسەلەکە بەلێکۆڵینەوەو دەست خستنە سەرو ڕێگەی بەجێهێنان‌و کار ئاشکرا دەبینێ،لەکاتێکدا دوو بەرەکی بەگرنگترین هۆی دوواکەوتن دەزانێت، پێچەوانەی ئەوەش (یەکێتی‌و پێکەوە کارکردن) بە گرنگترین هۆی سەرکەوتن‌و گەیشتنە ئاواتێك دەزانێت کە بەچڕی لەم دێڕانەدا پیشانیان دەدات:

**گەردی هەبوویا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێکڕا بکرا مە ئینقیادەک**



* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**ڕووم‌و عەرەب‌و عەجەم تەمامی**
**هەمیان ژ مەرا دکر غولامی**
**تەکمیل دکر مە دین‌و دەوڵەت**
**تەحسیل دکر مە عیلم‌و حیکمەت**
**تەمیز دبوون ژ هەڤ مەقالات**
**مومتاز دبوون خودان مەقامات**[١٨]

خانی ڕێگەی گەیشتنە ئامانج پشتگوێ ناخات، چونکە چەك بە تاقە ڕێگەی گەیشتنە مەبەس دەزانێت، دەست دانە چەکیش لای خانی هەر ئارەزووی شاعیرێك نی یە ئازایەتیی پێ باش بێت‌و قارەمانی بەسەرچاوەی ئیلهام بزانێت، بەڵکو شیری هەڵکێشراو(مەسلوول)، بەو هۆیە دەزانێت کە سەر بە(بووکی جیهان) شۆڕ دەکات‌و بەو شێوەیەی خەباتی دەزانێت کە لەگەڵ پلەی ژیانی گەلی کوردو رادەی ئەو هۆشیاری یەدایە کە خانی گەیشتویەتێ‌و لەگەڵ ئەو ڕێگەیەدا یەك دەگرنەوە کە ئەوی ڕابەر نەخشەی بۆکێشاوەو نیشانەی کردووە.

باوەڕی خانی بە چەك‌و بەهۆی گەیشتنە ئامانج دانانی، هەر لەدیباجەی مەم‌و زیندا نی یە کە وەك ووتی:

**هەرچی برە شیر دەستی هیممەت**
**زەبت کر ژ خوە را ب میری دەوڵەت**[١٩]

بەڵکو ئەم بیرە بە ئاشکرا لەڕووداوی ناو چیرۆکەکەدا دیارە. کاتێك میر قارەمانی چیرۆك (مەم) دەگرێت، تاژدینی هاوڕێی مەم جووتە براکەی‌و هاوڕێ یەکانی کۆدەکاتەوەو داوایان لێدەکات بە کۆمەڵ بچنە لای میرو تکای بەردانی (مەم) بکەن، بەڵام خانی هۆشیارانە بە زمانی(عارف)ی برای تاژدینەوە وەڵام دەداتەوە:

**عارف وە هە گوتە ڕۆستەمی زاڵ**
**ئەڤ ئەمر ب من محاڵە بێ قاڵ**

* * *

مه کتەبی بیروهۆشیاری

**بـێ جەنگـو جیدالو بـێ تەهەور**

**قەت ڤی شوغلی مەکە تەسەور**

**ئەڤ مەعرەکە نابتن ب دیوان**

**ئەم مانەو سوبحەو سەحنی مەیدان**

**یا قەنج ئەوە ئەم سبەسواربین**

**هەر سـێ ب سیلاحو کاروبار بین**

**چارانەو جۆشەنان د بەرکەین**

**زیندانەو مەغفەران ل سەرکەین**

**گورزان بهەژین رمان ببازین**

**ئەڤ رەنگەهە مەمی ژمیر بخوازین**

**یادی ب کوتەک مەمی خوە بەردەین**

**یا جوملە ب مەردی سەربدەر دەین**

**وەرمای موسسیرٖ ل سەرعینادی**

**ئەم دی بکرین وە رەنگ جیهادی**[٢١]

لێرەدا لەفەسڵی دووای ئەمەدا خانی رۆیشتنی سـێ برا بە شێوەیەکی ئەدەبی نەخشە دەکێشـێو وەك رابـەرێکی سـوپا دەچـێتە سـەر باسـی هەنـدێك ووردەشـت، نەخشە بـۆ جەنگێکی گونجاو لەگەڵ جەنگو چەکی سەردەمی خۆیدا دەکێشێتو لەم جەنگـەدا هـەر وەك جەنگی ئازاد کردنی گەلەکەی بێت دوو نوقتە تۆمـار دەکات:

١ــ رەوایـی مەسـەلە: سـێ بـرا لەچـوونە لای مـیرداو لـەو جەنگـەدا دیمـەنی غـەزا (جیهاد)ێك دەبینن کە بەهەشتی پـێ بکـرن. هـیچ خـەمباریش نـین بـە هـارینی تـاقمی بەرامبەریان، بەڵکو نەهێشتنی زوڵم مایەی سەرکەوتنو شادی یە:

**ئاشی ئەجەلی وەسا بگێڕین**

**تەشبیهی حەبان سەران بهێرین**



* * *

مه کتەبی بیروهۆشیاری

**بۆ هتانە بکەینە رەقسو گۆڤەند**

**دابێنە تەماشایی شەکر خەند**[٢٢]

٢ـ خانی ئەم دەستە شۆڕشگێڕە بە مەردیو شەرەفمەند نیشاندەدا، دڵپاكو بێگەردن، بەڵام دەستەکەی تر (میرو بەکری مامۆستای) فێڵبازن کە چاریان نەما ڕوو دەکەنە تەڵەکەبازی، بەڵام شێری هەڵچوو نەرم دەبێت ـ واتە فێڵ کاری تێدەکات.

کە میرو مامۆستای بەربەرەکانی بە بێسوود دەزانن یەکێك دەنێرن کە قەناعەت بەسـێ برا بکات کە میر بەقسەی کردوونو گلەیی دەستدانە چەکیان لێدەکات، کە دەبوو هەر بهاتنایەو داخوازیی خۆیان بکردایە، بەمچەشنە سـێ برا نەرم دەبن:

**شێری دل شەڕ وە بوون مولائیم**

**گوتن دەمو دەولەتا وی دائیم**[٢٣]

هەر وەك خانی بەم دیمەنە هونەری یە بچووکە ئاسۆی ئەو مەسەلەیە نەخشە بکێشێت کە بۆتە رابەری، هەر وەك لەم فێڵبازی یەدا، ئەو فێڵبازییە گەورەیە ببینێت کە هەندێك کارەساتی ئەوەی دبووە. فێڵی ملدانی میرەکانی کورد بۆ ئاشتی لەگەڵ سوڵتاندا، لەسەر دەستی مەلا ئیدریسی بتلیسیدا، کە ساڵی ٩٢٠ی هیجری (١٥١٤م) بووو دەوڵەتی عوسمانی پاش پانزدە ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر مۆرکردنیدا پێشێلیانکردو ووردە ووردە میرنشینەکانی کوردیان نەهێشت تا لەساڵی (١٢٦٦ی هیجری ـ ١٨٥٠م)دا دووا میرنشین لەناوچوو[٢٤].

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ احمدی خانی، مەم و زین، تێکستو وەرگێڕانی: رودینکۆ، مۆسکۆ، ١٩٦٢، ل ٢٢.

٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە (تێبینی: مەبەس لەتاجێك فارسە).

٣ـ مەمو زینی خانی پێش دۆزینەوەی نەوت لەکوردستاندا نووسراوە.

٤ـ مەمو زین. ل ٣٣ (تێبینی: خانی ـ قەبیلو عەشیر بە مانای گەل بەکاردێنێت، هەر وەك تائیفە بە مانای عەشیرەت بەکاردێنێت).

٥ـ مەمو زین. ل ٣٤.

٦ـ مەمو زین. ل ٣٤.

٧ـ مەمو زین. ل ٣٢، ٣٣.

٨ـ مەمو زین. ل ٣٣.

٩ـ مەمو زین. ل ٣٣. (تێبینی):

خانی ـ لێرەدا باسی دیاردەیەك دەكات لەمێژووی روناکبیریی کورددا، ئەویش دەرکەوتنی کۆڵەکەو کەسانی دیاری مەیدانی زانستیو ئەدەبییە، کە بەرەچەڵەكو بە بیر کوردن، بەڵام بە زمانێکیتر دەنووسن، چونکە ئەو زمانە لەو سەردەمەدا زمانی ئەدەبیاتی چەرخێك یا وڵاتێك بووە.

خانی بەباشی هەموو رۆژهەڵاتی بە سنووری ئەم دیاردەیە داناوە (ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان)، چونکە لەناو ئەوانەدا کە بە زمانی ئەم ناوچانە نووسیویانە کەسانێك دەبینین کە کوردن.

ئەمە ئەگەر دێڕەکە بەو جۆرە لێك بدرێتەوە کە لێکمانداوەتەوە. خۆ ئەگەر بەجۆرێکی تر بێت کە لەناو مەلاو فەقێی باکووری کوردستاندا باوەو لامان راست نییەو هیچمان لەسەر هەڵنەبەستووە. ئەوە لێکدانەوەکەش دەگۆڕێت.

١٠ـ مەمو زین. ل ٣٢.

١١ـ مەمو زین. ل ٣١.

١٢ـ الملا أحمد بن الملا محمد البهتی الزفنگی. العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزری، الجزء الثاني، القامشلي، ١٩٥٩، ص ٨٢٤.

١٣ـ محمد أمين زكي، خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، جـ ١، ترجمة محمد علي عونی، ط ٢، بغداد ١٩٦١، ص ٢٠٢، ٢٠٣.





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

١٤ـ مەمو زین. ل ٣٠.

١٥ـ مەمو زین. ل ٣٤.

١٦ـ مەمو زین. ل ٣٥.

١٧ـ مەمو زین. ل ٣٥.

١٨ـ مەمو زین. ل ٣٤.

تێبینی: دیسان دەگەڕێمەوە سەر لێکدانەوەی ئەو تاقە دێڕەی خانی کە بۆتەجێی رەخنەی هەندێك کەس. ئەگەر ئەم بیرانە بە تەرازووی ئەم چەرخە لێك بدەینەوە ئەوا کەمو کوڕیی تێدا دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەم تەرازووەش بیانوومان بەدەستەوەیە. چونکە خانی دروستکردنی دەوڵەت بەیەکێك دەزانێ لەهۆکانی خۆپاراستن لەداگیرکردنی بێگانە. باوەڕی ئەو بە گەلی خۆیو خۆشویستنی ئەو گەلە پالّی پێوە ناوە کە پێچەوانەی حالّی ئەوو حالّی گەلانیتری بێتە بەرچاو. بەهەموو بارێکدا خانی ئاوێنەی بیری چەرخی خۆیەتی با بەرابەرو بەپێشکەوتووتری دابنێی لەو بیرانەی لەوچەرخەدا هەبووە لەزۆر مەسەلەدا، نە زۆر لەئێمە دەکریو نە زۆر لەو دەکرێت کە بیری چەرخی بیستەم دەربڕێ، یا بەو پێیە لێکی بدەینەوە.

١٩ـ مەمو زین. ل ٣٢.

٢٠ـ تاژدین ـ بە تیپی ـ ژ ـ ی کوردی یا (ل) ی فەرەنسی ناوی کەسێکی دیارە لەچیرۆکەکەدا. ناوەکە لەدەستنووسە کۆنەکاندا بە (تاجدین) نووسراوەو بە (تاج الدین) نەنووسراوە، با هەندێك کەس لاشیان وابێت.

ئێمە لەسەر نووسینە کۆنەکە رۆیشتین هەرچەندە لەرێنووسی کوردیی تازەدا بەتیپی (ژ) دەینووسین. ئەوەش بڵێین کە ڕای وا هەیە بە بێگومانی ناوەکە بە کوردی دەزانێتو بە وەرگێڕاو یا گۆڕراوی ئەو ناوە عەرەبییەی نازانێت.

٢١ـ مەمو زین. ل ١٤٦ ـ ١٤٧.

٢٢ـ مەمو زین. ل ١٤٧.

٢٣ـ مەمو زین. ل ١٥٢.

٢٤ـ بڕوانە: شەرەفنامە ـ بە عەرەبی، پەراوێزی ل ٤٣٧. هەروەها بڕوانە: محمەد أمين زكی. خلاصة تأريخ الكردو كردستان (١/ ١٧٥/ ١٩٠).

* * *

# وێنەی شارستانیی کورد لەمەم و زیندا

لەفەسڵێکی پێشوودا باسی باری کۆمەڵایەتیو ئابووریی کوردستانمان لەڕۆژانی خانیدا کرد، پشت بە سەرچاوەکانی مێژوو وێنەکانی (مەمو زین) خۆی سوور بووین لەسەر ئەو ئەنجامەی دەڵێ دوواکەوتنی کۆمەڵی کورد لەکۆمەڵەکانیتری ئینسان لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە لەسەردەمی عوسمانییەوە بەردەوامە، ئەمەش هەر دەبێ بەلایەنی هاوتایەك دابنێین کە ئەو سەری ووشەی هەژاریو نەخۆشیو نەزانیو دوواکەوتوویی یە پێکەوە.

دێری پەرشو بڵاو لەسەرچاوەکانی مێژوودا ئەوە دەردەخەن کە پەرە پێدانێکی شارستانی لەکوردستاندا هەبوو راگیراو بە پاچی رووخێنەری عوسمانی گێڕدرایەوە دوواوە.

خانی لەو چەرخەدا ژیا کە کوردستان بۆ راگرتنی داگیرکەرانو چەسپاندنی قەوارەیەکی پتەو روو بەڕوویان هەستا بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی شارستانی بەرەو پێشچوو پشت بە کۆڵەکەکانی ساختمانی شارستانی بە چەند سەدە دامەزراو دابمەزرێنێ ئەگەر



* * *

لەناو دێڕەکانی مەمو زیندا گزنگی شاعیرانەی ئەوتۆ ببینین کە وێنەی کۆمەڵی کوردەواری لەڕووی کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە بکێشن، ئەوا گزنگی شاعیرانەی لەو چوو دەبینین کە وێنەی ئەو بنەڕەتە شارستانییانەمان بۆ دەکێشن کە کوردەواری خۆی ئامادەکرد بوو لەرێڕەویدا پشتیان پێ ببەستیو تەواو لەو دێڕە پەرشو بڵاوانەی سەرچاوە مێژووییەکان دەچن کە پێکەوە بە کۆیی ئەو بنەڕەتە شارستانیانەمان پیشان ئەدەن.

بۆ ئەوەی دیمەنەکانی وێنەکە بەئاشکرا پیشان بدەین، دەبێ رێگەیەکی تایبەتی بۆ باسو گێڕانەوە بگرینە بەر، کە ئەویش دابەشکردنی باسەکەیە بەسەر چەند وێنەیەکدا کە ئەمانەن:

## ١ـ بینا دروستکردنو هونەری ئارخیتێکچەر ( میعماری )و زانست :ـ

لەمەو بەر باسمان کرد کە گەشتکەری تورك ئەولیا چەلەبی وەسفی خانووەکانی شارەکانی کوردستانو هونەری میعمارییان بە درێژی دەکاتو لەشاری (ئامەد ـ دیاربەکر) ئەمەی تۆمار کردووە:

"لەدیار بەکر خانووی بەرزمان بە زۆری دی. لەشارەکەدا ١٢ گەرماوی گشتی هەیە. ئەمە بێجگە لە١٤٠ گەرماوی تایبەتی لەماڵەکاندا(١) هەر وەك لەشوێنێکیتردا بەدرێژایی لەگەرماوەکانی دیار بەکر(٢) دەدووێو باسی قەڵاکانی ئەو شارەو هونەری ئارخیتێکتووری مزگەوتی گەورەی لەشوێنێکیتردا دەکا(٣). بەدڵنیاییەوە دەڵێ هەموو مزگەوتێك لەدیار بەکر مەدرەسەیەکی گەورەیە(٤) بەدرێژی باسی هەر یەکێك لەم مەدرەسانە دەکاتو پسپۆڕیی هەر یەکەیان لەزانستێك لەزانستەکاندا دەردەخات، دەڵێ: لەهەر مەدرەسەیە شێخێکی قورئانخوێنان هەیەو پێش نوێژی مزگەوتی گەورە (وەلی ئیمام) خوێندنی لەئەزهەری شەریف تەواو کردووە(٥). لەبارەی شاری بتلیسیشەوە دەڵێ: (لەبتلیس زیاد لەپێنج هەزار خانووی بەرزی جوان هەیە. لەڕاستیدا ئەم شارە بەهەشتی کوردستانەو پێنج گەرماوی گشتیو ٦٠٠ گەرماوی تایبەتی لەماڵەکاندا

* * *

تێدایە. هەر وەك ١٠٠ مزگەوتی تێدایەو هەر مزگەوتە مەدرەسەو مودەرِیسێکی تێدایە[٦]. لەمەوبەر باسی قسەی ئەومان لەبارەی ئەندازیارەکانی بیناسازیی بتلیس کرد هەر وەك لەوە دڵنیایە کە میر عەبداڵ خان لەفەلەكو فەلسەفەو زانستەکانی کیمیاو سیمادا[٧] زانا بووەو بە(شاعیرو زمان پاراو، پۆلینکەر، دانەر مصنف و مؤلف)، زانای دەزانێ لەهەزار زانستو زۆر لەهونەرەکاندا[٨]، باسی پاشماوە رووناکبیرییەکانی ئەم میرە دەکات، پاش داگیرکردنی بتلیس لەلایەن ئەحمەد پاشاوەو دەڵێ (بریتی بوو لەباری حەوت حوشتر لەکتێب، چونکە کتێبخانە تایبەتییەکەی زیاد لەچوارهەزار نوسخە لەکتێبی بەنرخی تێدا بوو، لەدەسنووسی دەگمەن، لەزانستە ئایینییەکانو مێژووییەکانو زانستەکانی زمانو زانستی حەیوانو رووەكو پزیشکیو ئەنەتۆمی (تەشریح)و شیعرو قافیەو دیوانە شیعرو جۆرەها نەخشە (خەریتە)و وێنەو تابلۆی دەگمەن، کە زۆربەیان زۆر بە شارەزاییو رازێنراوی جزوبەندکرا بوون. ئەو کتێبانەش کە خۆی نووسیبوونی ژمارەی دەگەیشتە (٧٦) کتێبو (١٠٥) نامیلکە کە بە فارسیو عەرەبی نووسرابوون[٩]. خاوەنی شەرەفنامەش بە درێژی باسی زانایانی پێش خۆی دەکات لەبتلیسو کتێبە نووسراوەکانیان دەژمێرێ[١٠]، و دەگاتە ئەو ئەنجامەی دەڵێت: "مەبەستمان لەپیشاندانی ئەم ژیاننامانەیە ئەوەیە کە شاری بدلیس هێشتاو هەرلەکۆنەوە خانەی ئەهلی فەزڵو زانایانو جێگەی ئەدیبانو زیرەکان بووە"[١١] خاوەنی شەرەفنامەو وێنەیەکی درێژی لەبارەی قەڵاو مزگەوتەکانی بدلیسو کڵێسەی ئەرمەن پیشان داوینو باسی پیشەسازییەکانیو دوکانەکانو میوانخانەو گەرماوەکانیی کردووە، هەر وەك ئەو وێنەیەش لەبارەی قەزاکانی کە ئەخلاتو مووشو خنسە[١٢] پیشانداوە، ئێستابە پێویستی نازانین سەر لەنوێ تۆماری بکەینەوە، چونکە ئەو کتێبە لەبەر دەستدایە، بەڵام دەتوانین بچینەوە سەر خانیو ئەو گزنگە ئەدەبیانەی بۆی بەجێ هێشتووین تەواو لەگەڵ ئەو دیمەنانەی شارستانیدا یەکدەگرن.



* * *

خانی وێنەیەکی جوانو ئەدەبیی میر زەینەدینی بۆ کێشاوین. کۆمەڵێك لەیەکچوونی دەرەوەی تێدا پیشانداوە کە لەباخچەی واقیعیەت بەوێنەکان لا دەدا، بەڵام وێنەکەی خانی بەگشتی لەو واقیعە دەرناچێ کە ئێستا لەفۆلکلۆردا لەبارەی باخی میری بۆتانەوە پیشان دەدرێتو خەڵکی پاشماوەکانی تا ئێستا بە باخی (ئیرەم) ناو دەبەن. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خانی وەسفەکەی خۆی بەوە دەستپێکردووە کە دەڵێ:

باغەک وی هەبوو ئەمیر زەینەدین
باغی ئیرەمی[١٣] دچوو ب مزگین[١٤].

لەزۆر شوێنیشدا باسی کۆشکەکانی میر دەکاتو بەشەکانی بە (دیوان) و (سەرای) و (حەرەم سەرا) و (سەرای عالی) و (شاهنشین) و (شاە نشینی عالی) ناو دەبات. ئەمەش ئەو بەشەیە کە دەروانێتە باخەکەیان کە لەناویدا دروستکراوە. بەڵام گەورەترین گزنگی ئەدەبی کە هونەری میعماری لە (مەمو زین)ی خانیدا بنوێنێ ئەوەیە کە لەدێرەکانی مێژوودا نین، ئەوەتا لەوێنەیەکی لاوەکیدا لەبارەی کەونو دروستبوونەوە ناوی ئەو ئامێرانەی بینا دەهێنێ کە لەزەمانی ئەودا بەکارهاتوون.

کە باسی بیری خۆی دەکات لەبارەی ئەوەوە کە خوا کەونی لەنەبووەوە دروستکردووە دەڵێ:

خەللاقی جیهان ژ فەیزی قودرەت
هەیئاتی فەلەک ب وەجهی فیترەت
بێ قاڵبو بێ موحیتو میقیاس
بێ ئالەتو بێ موشیرو میقراز
ئەڤ چەندە موعەزەمو مودەوەر
ئەڤ رەنگ موسەنەعو موکەڕەر
ئێنانە بە مەعرەزا و جوودی
کێشانە بە مەنزەرا شهوودی[١٥]

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کە خانی ناوی ئامێرەکانی بیناسازی دەبات کە (قالّبو موحیتو میقیاسو ئالەتو موشیرو میقراز) ن. چەند پرسیار دێنە ناوەوە:

ئایا چەند لەم ئامێرانە ناو دەبران ئەگەر خانی هەر باسی بیناسازیو هونەری ئارخیتێکچەری خۆیی بکردایەو هەروا ڕاگوزاری لەباسی خواو دروستبووندا بەلایدا نەڕۆیشتایە؟ پاشان چەند وولاّتیتری جیهان ئەو ئامێرانەی هەبوو؟ دوواشت کوا کوردستان لەکاروانی بەرەوپێشچوونو دوواکەوتن لەم دیمەنە خۆیدا؟

باسی زانستەکانمان کرد لەباسە بلاّوەکانی مێژوودا، هەر چەندە خانی شتێك لەبارەی زانایانی چەرخی خۆیو پێش خۆی باس ناکات، بەلّکو تەنیا ناوی چەند شاعیرو فەیلەسووفی بردووە. بەلاّم خۆی لە (مەمو زین)دا وەك زانایەکی گەورە دەنوێنێ لەسنگیدا خولاسەی چەند چەرخ کۆبکاتەوەو لەوەدا لەیەکێك لەو دانا دەگمەنانە دەچێت کە خاوەنی شەرەفنامە ناوی بردوون‌و گەشتکەری تورك ئەولیا چەلەبی دیبوونی، بەپیاوێکی دەبینین بە زانستو تەجروبەی خۆی ئەفسوونی ووشەی دروستکردووەو زانیویەتی چۆنی بەکار بهێنێو لەبەرهەمی خۆیدا باش سوودی لێ بینیوە، لەبارەی ئەم شەخسیەتە زانستیەشەوە ناتوانین لەوە کەمتر بلّێین کە هەلّکەوتنی وێنەی ئەو ئەنجامو لووتکەی ئەو دەوروبەرە زانستییەکە ئەو نووسینە مێژوویانە باسیانکردوون کە لێیان دواوین.

هەرچەندە لەخانی خۆیدا خولاسەی بەرەو پێشچوونی زانستی دەبینین، بەلاّم دیمەنیتری شارستانێتی لەمەمو زیندا هەیە بە زیندوویی تێکەلّ بە دیمەنی پێشکەوتنی زانستیش دەبن.

## ٢ـ پزیشکی: ـ

گەشتکەری تورك ئەولیا چەلەبی بەسەر سوڕمانەوە باسی پێشکەوتنی زانستی پزیشکیو زۆریی پزیشکان دەکات لەو زەمانە لەکوردستاندا، لەبارەی شاری مەلاتییەوە دەلّێ: هەر چەندە شاری تورکمانو کوردە، بەلاّم لەباوو باپیرانەوە دەرمانی تەجروبە



* * *

کراوی بەهێزیان بۆ ماوەتەوەو زانای شارەزا لە لەشدا لەوێ هەن کە نموونەیان لەوولاّتی ئەلّلاندا نین، حەوت دوکانی نەشتەرگەری (جەراحیی) تێدایە، وەستا بەشارەت لەو پەڕی تەواویدایە[١٦].

لەشوێنێکیتردا پزیشکە بەناوبانگەکانی بدلیس دەژمێرێ کە ئەمانەن: میسی، ڕەمەزان، قەرەسوجاد، گەنجی عەلی ساریلی زادە[١٧]. پاشان دەلّێ: (لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بەشێکە لەکوردستانو جەنگی تێدا زۆرە دەبینین ئەو پزیشکانەی پسپۆڕی نەشتەرگەرین زۆرنو بەناوبانگن، لەوانە کوڕی بەشارەت صفیقلی، سەیفعەلی، جیهاندار[١٨]. دێتەوەسەر باسی وەستا حەیدەری کوڕی وەستا بەشارەتی جەڕراحو لەلاپەڕەیەکیتردا لەناو زانایانی بدلیسدا ناوی دەبا[١٩]. وا دیارە ئەم پزیشکە کوڕی ئەو جەڕراحە بەناوبانگەی مەلاتییە بە کە لەشوێنی تردا باسیکرد بوو.

وێنەی گەشەی پزیشکی لە (مەمو زین)دا وەك پەنجە بۆ راکێشانێکی راگوزاری دەردەخرێت، هەر وەك لەچەند مەیدانی تردا دیوومانە، ئەم پەنجە بۆ راکێشانەش لەوێنەی پیرێژنی(دایەنی ستیو زین)دا دەبینین کە خۆی لەبەرگی پزیشکێکی گەڕۆکدا دەشارێتەوە بە دووای(مەمو تاژدین)ی عاشقدا دەگەڕێ:

**رابۆوە عەجووزە میسلی لوقمان**

**سەرەتا بقدم دەواو دەرمان**

**قارورەو حوققە نەشتەرو کیس**

**هەلّگرتن ئەوا خەبیسە تەلبیس**

**دانی بەغەلّاخووە چەند کتێبەك**

**دئوما بحەکیمەیی عەجیبەك[٢٠]**

خانی ئەوەشی لەبیر ناچێت کە هەندێ زاراوە (ئیستیلاحات) بەکاربێنێ کە دیارە لەو زەمانەدا بەکار هاتوون:

**بی جورحەوو قورحەو برینە**

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**ناڤی لوی دەردی هەر ئەڤینە**[٢١]

بەزمانی پیرێژنیشەوە دەڵـێ:

**وێ گووتە بەهەمدەمو دەلیلان**

**تەنها مەبهێلن و عەلیلان**

**دا ئەز بکرم دەردی تەشخیص**

**پاشی بکەم ئەز دەوایی تەلخیص**[٢٢]

لەشوێنیتریشدا ئیشارەتی وەك ئەوە دەبینین، وەك ئەوەی دەڵـێ:

**گۆیا کو ئەوان ژ دەست فلاتون**

**خوارن بەیەقین دەوواو مەعجوون**[٢٣]

یا دەڵـێ:

**ئەمما ژ تەبیبی عەشقی سادق**

**من زانیە بۆتە را موافیق**

**پەرهێز ژ قیسمی موشتەهاتان**

**تەقوایە ژڤان مولەزیزاتان**

**هەرچی کو موخالیفی هەوایە**

**عەینی وی ژ بۆ تەراشیفایە**

**من پرسیە بـێ گومان ژ لوقمان**

**خاسیەتی شەربەتان و لوقمان**

**هەرچی کوشیرینە عەینی دایە**

**هەرچی وەهە تەحلە ئەو دەوایە**[٢٤]

دیـارە زانینـی خـانی خـۆی و تێگەیـشتنی لەچـەند مەسـەلەیەك كـە ئـەمڕۆ بـەكاری سەرەتایی دەزانرێت لەبارەی خولی ژیانەوە دیارە، كە دیارە لەرۆژانی ئەودا بەڵگەی زانین و

(٢٢)





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

تێگەیشتنی بووە. دیارترین نموونەی ئەوەش پیشاندانی وێنەی لەدایكبوونی ئینـسانە لـە "جەنین"ەوە، یا پیشاندانی وێنەی ووردی خۆراك هەزمكردنـە كـە هـەر دووكیـان لەگـەڵ راسـتیەكانی زانـستی ئـەمڕۆدا یەكـدەگرن. لەوێنەیەكـدا كـە یەكخـستنی لـەدایكبوونی ئینـــسانە وەك بووەیـــەكی مـــەتریالیی هەســـتپێكراو (كـــۆنكریتی) و لـــەدایكبوون و بەرەوپێشچوونێتی وەك شتێكی گیانی (لای خانی خۆی)، هـەردوو لـەدایكبوون چـییان تێدا روو دەدات لەهەر چەشـنە كردارێـك بـە وێنـەی ژیـان خـۆی دەزانـێ و ئەمـە بەسـەر هەموو بووەیەكی زیندوودا دێتە دی[٢٥].

## ٣ـ مۆسیقا: ـ

تا ئێستا[٢٦] لێكۆڵینەوەیەكی فراوانـی قـووڵی مۆسـیقای كـوردی و مێـژووی بـەرەو پێشچوونیمان نییە[٢٧]. ئەگەر پێویست بێت سەرەتایەك بـۆ ئـەوە دابنـێین كـە پـسپۆڕان لەوێوە دەست پـێ بكەن دەبـێ بچینەوە سەر ئەو سەرچـاوە مێژووییانـەی كردوومـانن بـە بناغـەی سـەرەتاكانیتری شارسـتانێتی و لـە (مـەم و زیـن)یـشدا پزیـسكی ئـەدەبیی روونكـەرەوە دەبیـنین. لەكتێبـەكانی مێـژوودا وورده باسـی مۆسـیقای كـوردی و مۆسیقاوانەكانی كورد كـراوە. نـاوی بـەدرەدینی هـەولێری هـاتووە كـە سـاڵی ٦٨٦ك ـ ١٢٨٧ز لەدایكبووە ئـەم نـاوە لـەزۆر سەرچـاوەدا هـاتووە[٢٨] و واباسـكراوە كـە خـاوەنی (أرجوزة الأنغام ـ هۆنراوەی ئاواز)ە كە ساڵی ٧٢٩ك ـ ١٣٢٨ز هۆنراوەتەوە.

هەروەها ناوی جەماله دینی داسنی ـ عومـەری كـوڕی خـدری كـوڕی جەعفـەر زادەی كوردی داسنی لەلای ئیبن فەزلولڵای عومەری (إبن فضل الله العمری) و ئـیبن خـەتیبی ناسریە (ابن خطیب الناصریة) لەدوڕی هەڵبژێردراوی مێژووی حەڵەب (الدر المنتخب في تأریخ حلب) دا باسكراوە. لەكتێبی (كشف الظنون ـ دەرخەری گومـان) دا ووتـراوە كـە ئەو جەلالەدین عومـەری كـوڕی خـدری كـوردە و لەسـنووری سـاڵی ٨٠٠ك ـ ١٣٩٧ز دا

کۆچی دوایی کردووە. کتێبی (گەنجینەی ویستراو لەزانستی جۆغزوجۆر ـ جۆر ـ الکنز المطلوب في علم الدوائرو الضروب) لەدانانی ئەون[٢٩].

هەروەك یەکەم ئیشارەت بۆ مۆسیقای کوردی لای مەسعوودی لە (مروج الذهب) دا هاتووە کە دەڵێ" پاشان شوانە کوردەکان شتێکی وایان دروستکرد کە فووی پێدا دەکرا، کە مەڕەکانیان بڵاودەبوونەوە فوویان پێدا دەکرد، کۆدەبوونەوە، ئیبن خەرداز بەئەوەی لەکتێبی (نبذة في اللهو والملاهي) ی خۆیدا دووبارە کردۆتەوەو عەبباس ئەلعەزاوی بەدرێژی لەوە دوواوە[٣٠].

ئەولیا چەلەبی لەگەشتی خۆیدا بۆ دیار بەکر ئەم تێبینییە تۆمار دەکات:

(ئاسنگەرو مسگەرەکان عادەتیان وا بوو چەکوش لەسەر ئاوازی مەقامەکانی مۆسیقای وەك سێگاو حوسەینی لێ بدەنو لەسەر ئەو ئاوازانە گۆرانی بڵێن. ئەگەر بوەستایتایەو گوێت بگرتایە واتدەزانی لەبەر دەمی تیپێکی رەنگینی مۆسیقادا وەستاوین[٣١].

لەبارەی مەلاتی یەشەوە دەنووسێت:

(گۆرانیبێژو مۆسیقاژەنەکانو موتریبان گوێگرانیان بە ئاوازی سێگاو دووگاو نەوا سەر خۆش دەکەن)[٣٢].

خاوەنی شەرەفنامەش ئەم مەیدانە بێ هەندێك ئیشارەت ناهێڵێتەوە. لەبانگێشتنێکی مەلیك خەلیلی کوڕی مەلیك سولەیمانی حاکمی حوسنکێفدا بۆ برای شا ئیسماعیلی سەفەوی کە لەرێگەی حەجدا بەو وولاتەدا رابوردووە، شەرەفخانی بدلیسی وا باس دەکات کە لەناو ئامادەبوواندا (گۆرانیبێژی دەنگ خۆش، لەشارەزای هونەرەکانی ئاواز دانان، مۆسیقا ژەنی بەهرەدارو بەتوانا لەعوود لێداندا کۆڕەکەیان بەمچەشنە ئاوازو خرۆشە دەڕازانەوە[٣٣] ).





کە دێتە سەر وەسفی بایسنقەری دووەم فەرمانڕەوای پرتك لەناوچەی دەرسیم لەپاڵ شارەزایی زانستیو بەکرداری زۆر ئەو زاڵیی لەڕووی ئەقڵەوە بەسەر هەموو میرو فەرمانڕەوا هاوچەرخەکانی خۆیدا دەڵێ (بەشێکی زۆر لەمۆسیقا فێر بوو بوو)[٣٤].

کە خاوەنی شەرەفنامە وەسفی ئەو مەهرەجانە دەکات کە لەقەڵای بدلیس گێڕاویانە دێتە سەر لایەنی مۆسیقا لەمەهرەجانداو دەنووسێ: "ئەو گۆرانیبێژانەی شارەزای ئاوازو نەغمە بوون، موتریبە خۆشخوانو دەنگ خۆشەکان، ئەو مۆسیقاژەنانەی گیتاریان لێدەدا بەرنامەی کوردیو رێو شوێنی عەرەبیو رێبازی فارسیو یاسای عەجەمییان دەزانی، بەگورجوگۆڵی رووباندەکردە گۆرانیو مۆسیقا ژەندن تا خۆشیو گەشەیان دەگەیاندە (زوحەل)"[٣٥].

هەرچەندە ئەو وێنانەی پێوەندییان بە مۆسیقاو بەرەوپێشچوونییەوە هەیە لە (مەمو زین)دا بەپێی پێڕەوی خانی لەشێوەی گزنگی ئەدەبیی لابەلادا دێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرچاوەکانی مێژوو ووردتر دیارن. یا وا دەردەخەن کە خۆی پیاوێکی شارەزاو زانایە لەهونەرەکانی مۆسیقاداو توانیویەتی هەندێك راستی وا بچەسپێنێت کە ببنە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیە. دەتوانین ئەوەی بۆی بەجێ هێشتووینو بۆ کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ئەم مەیدانە دەست دەدات، بکەین بە سێ بەشەوە:

١ـ ناوی ئەو مەقامانەی ئەوسا لەکوردستاندا بڵاوبوون یا باوبوون لەباسی کۆڕی ئاوازو گۆرانیو بابەتیتردا، لەرووکردنە شوبهاندنی ئەدەبیدا خانی ناوی ئەم مەقامانەی مۆسیقامان بۆبەجێ دێڵێت:

١ـ عوششاق. ٢ـ نەوا. ٣ـ عیراقی. ٤ـ ئەوج. ٥ـ گوردان یا (کوردان). ٦ـ رەهاوی. ٧ـ گوشت. ٨ـ شەهناز. ٩ـ حەزین. ١٠ـ ئاهەنگ. ١١ـ تەڕەننوم. ١٢ـ سەرو سەهی. ١٣ـ سەبا. ١٤ـ سەدا. ١٥ـ میزراب. ١٦ـ نەوبەهار. ١٧ـ شاهین. ١٨ـ هەوا. ١٩ـ پەردە. ٢٠ـ دلڕوبا. ٢١ـ دڵگوشا. ٢٢ـ نەغمە. ٢٣ـ نسفیە (نصفیه). ٢٤ـ هوزار. ٢٥ـ ئاوازە. ٢٦ـ گولڕوخ. ٢٧ـ دڵئارا[٣٦].

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

خانی لە (مەمو زین)دا وەك شارەزای گۆرانی دەدوێتو گۆرانی دەکات بەسێ بەشەوە: ئاوازەو شوعبەو مەقام[٣٧] هەروەها بەدڵنیاییەوە دەڵێت:

**شوعبە ژمە قامى دل بيّت ب ئاواز**

**گولگەشت بکەن گوشتو شەهناز[٣٨]**

خانی مەقامی (رەهاوی) بەم جۆرە باسدەکات :

**رەهوارى سەماع کرن رەهاوى[٣٩]**

لێرەدا شتێك لەئاگادار بوون لەگرانیی ئەم مەقامە دیارە، یا رەنگە وا لێك بدرێتەوە کە مەقامی (رەهاوی) لەگەڵ (سەماع) یا مەقامی (سەماعی)دا تێکەڵ کراوە یا لێکدراون.

شاعیر ئەم جۆرە تێگەیشتنانە لەمۆسیقا لەووتەی وەك (سەنگ زوبانەیی جەرەس بوو) یا (نەغمەی ژ پەردەیی دەرانین)دا دەردەخات. ئەمچەشنە تەوریەی ووشەیە لای خانی لەچەند جێگەدا بەکاردێت. چونکە دەگونجێ ووشەکە ئیشارەت بێت بۆ مانا فەرهەنگییەکەی یا ئیشارەت بێت بۆ ئەوەی مەقامێکی مۆسیقایەو لێکۆڵەرەوان ماناو واتە مۆسیقاییەکەی لەسەرچاوەکانی مۆسیقای کۆندا دەدۆزنەوە. لەوانە ئەم ووشانەیە کە لەزۆر شوێندا لای شاعیر بەم جۆرە بەکاردێن:

١ـ زەمزەمە. ٢ـ زێر گوڵە. ٣ـ سازگار. ٤ـ سەفا. ٥ـ تەننانە. ٦ـ گوڵستان. ٧ـ گولعوزار. ٨ـ لالە روخ. ٩ـ تەنت یا تەست. ١٠ـ ناز، نازەنین. ١١ـ نەسیم. ١٢ـ نیگار. ١٣ـ نەو رەسیدە. ١٤ـ نەورۆز. ١٥ـ بەزم.

١٦ـ دەد. ١٧ـ جامی جەم. ١٨ـ گوڵڕوخ. ١٩ـ شەبدیز. ٢٠ـ زەنگولە. ٢١ـ بورقوع، موبەرقەع. ٢٢ـ تەرز. ٢٣ـ موخالیف. ٢٤ـ مەقلووب. ٢٥ـ بێداد. ٢٦ـ دڵنەواز.

لەچیرۆکی (مەمو زین)دا ووتەی زۆری ئەوتۆ هەیە کە شارەزایان دەتوانن لەجوغزی تێگەیشتنی مۆسیقادا لێکی بدەنەوە. بۆ نموونە شاعیر دەڵێ کەمەقامێکی وەك



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

(کوردان) تەنیا بە نای لێدەدرێت[٤٠] یا (ساز) لە (چەنگ)[٤١] دایە. هەر وەك ئیشارەتیتر هەیە کە شارەزایی لەمەقامدا دەردەخەن وەك ئەوەی دەڵێت:

**مانەندى ناى دنالى بێ پەردە**

ووشەی پەردەش رەنگە وەك مانا فەرهەنگییەکەی بە (شەرم کردن) لێك بدرێتەوە یا هەر ئیستیلاحی (پەردە) بێت لەمۆسیقادا. هەر وەك دەڵێت:

**هەموو ئاهەنگیان دەگرت بە نەوا[٤٢]**

لێرەشدا دەتوانین مانای ناو فەرهەنگ بدەین بە دوو ووشەی (ئاهەنگ)و (نەوا) بە مانای "گۆرانیو دەنگ" یا وایان لێك بدەینەوە کە دوو مەقامو ووشەکان بە رێگەی مۆسیقادا بەرین.

٢ـ ناوی ئەو ئامێرانەی مۆسیقا کە بەکاردێن، خانی هەر بەو شێوە لابە لایە ناوی زۆر ئامێری مۆسیقا بەکار دێنێت.

١ـ دەف  ـ زۆریش وەسفی ئەم ئامێرە دەکات وەك ئەوەی (زنگوڵو تەپانجە) بە پێوەبەستراویی مۆسیقایی ئەو دەزانێت. ٢ـ قانوون. ٣ـ چەنگ. ٤ـ روباب کە بەهاوڕێی کەمانچەی دەزانێ. ٥ـ موغنی ٦ـ کەمانچە. ٧ـ عوود. ٨ـ تەنبوور. ٩ـ هوور. هاوتای ئەم ئامێرەش لەشوێنێکی تردا دەهێنێ کە (کەڕەنا)یە. ١٠ـ ناقوور. ١١ـ سەنتوور. ١٢ـ نای. ١٣ـ نەفیر. ١٤ـ مەیتەریا میهتەر. ١٥ـ تەپڵ کە (خانو سازان) بەدووایدا دێتو دیارە خان ناوی ئالەتێکی مۆسیقاشە. ١٦ـ زێڕ. ١٧ـ بەم. ١٨ـ جەڕەس. ١٩ـ میزراب.

خانی وێنەیەکی ئەدەبیی ئامێری (نای) نەخشە دەکێشێتو دەیشوبهێنێت بە گەلێك شت لەژینداو بە درێژی لەفەرمانی شەریعەتی ئیسلام لەبارەی ئەمچەشنە ئامێرەو ئەوانیترەوە بە (حەڵاڵو حەرام)یانەوە دەدوێتو دەیانشوبهێنێت بە حەڵاڵو حەرام لەژیانداو نزیکیان لەنای.

ئەوەی خانی لەگەڵ مۆسیقازانەکانی سەدەکانی رابوردوودا کۆدەکاتەوە زۆرن. لەوانە ئەوەیە کە موسلیمی موسڵی باسی مەقام دەکات‌و دەیانبەستێ بە فەلەکەوە (لەناو بردنی جوغزو گرێدانی بە بورج‌و فەلەك‌و سەعات)[٤٣]ەوە، کە نموونەی وەك ئەوە لای خانی لەمۆسیقا بەستن بەفەلەك‌و بورج‌و ئەستێرەوە دەبینین‌و لەو فەسڵەدا کە بۆ فەلەکمان تەرخانکردووە، باسی دەکەین.

٣- پسپۆڕیی جیا جیا لەخانەی مۆسیقادا: کە خانی لەزۆر شوێندا باسی کۆڕی گۆرانی‌و خۆشی دەکات‌و ئەو کەسانەی ئەو کۆڕە ساز دەکەن، دەکات بە چەند بەشێکەوە بەهەر هەموویان جۆش بەخۆشی‌و گۆرانی دەدەن. ئەمانەن ١- رامشگەر. ٢- خۆش نەوا. ٣- خۆش دەنگ. ٤- موتریب[٤٤]. لەشوێنێکیتردا بریتین لە. ٥- قەوال. ٦- موغەنی. ٧- غەزڵخوان[٤٥] یا بریتین لە. ٨- خواننده. ٩- بەز لەگۆ(١٠) چەنگی [٤٦]. دەتوانین کەسانی تر لەمەم‌و زینەوە بخەینە سەر ئەم تاقمە وەك: ١١- ترانە پەرداز[٤٧]. ١٢- گۆینده[٤٨]. ١٣- نەییاحە. ١٤- ساز. ١٥- رەققاس[٤٩]. یا ئەوانەی لەبارەیانەوە دەڵێت:

**مەرسیە دسترانن ب ئاهەنگ**[٥٠]

یا لەبارەی چیرۆکەکەوە دەڵێت:

**ئاوازی دڵی شۆر ب زێڕو بەم بێت**
**سازندەیی عەشق زین‌و مەم بێت**[٥١]

وەك دەزانین زێڕو بەم لەهەندێك شوێندا بە ناوی دوو ئامێری مۆسیقا هاتووەو لەهەندێك شوێندا ناوی دوو مەقام‌و وێنەی دوو تارە، بەرزو نزم. ووشەی (سازندە)ش لەوەسفە مۆسیقاییێکەیدا (ئەو مۆسیقا ژەنەیە کە ئامێرێکی مۆسیقا لێدەدات).

لەکۆتاییدا دەتوانین ئەوەی خانی لەبارەی سەماکردنەوە نووسیویەتی بخەینە سەر ئەم باسە. چونکە لەسنووری ووشەی وەك (رەقس)ی عەرەبی‌و (سەما)ی کوردی دەردەچێت‌و باسی (بیریتە سەما، ساز، گۆڤەند)[٥٢] دەکات‌و دەتوانین ناوی (تەنتەنە)و (دەبدەبە)ش بخەینە سەر ئەو باسە[٥٣].



## ٤ ـ خشڵ‌و جل‌و بەرگ

ئەولیا چەلەبی لەباسی بازاڕەکانی دیاربەکردا دەڵێ: "هەرچی بازاڕی عەسکەری‌و بازاڕی کوتاڵە ئەوە لەوپەڕی شکۆدان‌و بەدوو دەروازەی ئاسن ئەو سەریان دێت، توجاری گەورەیان تێدایە، کەل‌و پەلی جیاوازو موجەوهەراتی بەنرخ لەم بازاڕانەدا هەن[٥٤].

پاشان دەڵێ:

"ئەو نەخشانەش کە بەدەستی چێنەرەکان لەسەر کوتاڵ نەخش دەکرێن خۆیان لەنەخشەکانی (مانی)و (بەهزاد) دەدەن کە لەهونەری رەسمدا بەدەست رەنگینی بە ناوبانگبوون[٥٥]".

لەم بارەیەوە لەسەر شاری بدلیس ئەوەی تۆمار کردووە کە دەڵێ: "شارەزاترین بەرگدروو لەوێ دەبینی، ئەوەندە لەهونەری درووندا هونەرمەندن کە لەسەر قوماشەکە شوێنی دەرزییەکە نابینیت. چەرمی بدلیس زۆر بەنرخەو ڕەنگی جوانی هەیە. دەتوانین ئەم چەرمانە بەکاغەزی خەتایی‌و ئەحمەد ئابادی بچوێنین. ئەم چەرمانە بە دیاری دەبرێن بۆ وولاتی فەڕەنگ[٥٦]".

لەباسی پیشەسازیدا دێتە سەر باسی چەکسازی‌و جل‌و بەرگ‌و پێڵاوی دیار بەکر[٥٧]. لەلاپەرەیتری کتێبەکەیدا دێتەوە سەر بازاڕی بدلیس‌و باسی بازاڕی ئاوریشم‌و کوتاڵی بە نرخ‌و خواردن‌و خواردنەوەی دەکات[٥٨]، هەر وەك کوتاڵ دروستکردن بە گرنگترین پیشەسازیی بدلیس دادەنێ[٥٩].

ئەگەر لەم باسەدا بێینەوە سەرخانی، دەبینین لە (مەم‌و زین)دا لەسەر پێڕەوی خۆی کەرەسەیەکی تازە دەدات بەدەستەوە بۆ لێکۆڵینەوەی باسەکە، ئەوەش کە لەوێنەی ئەدەبیدا ناوی خشڵ‌و ئامێری ئارایشت‌و جل‌و بەرگ‌و ئەو قوماشانە تۆمار دەکات کە لەرۆژی خۆیدا بەکارهاتوون، یا لەرۆژانی رووودانی داستانەکەیدا بەکارهاتوون، رەنگە ئەم کەرەسەیە سوودی بۆ لێکۆڵەرەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیاو کەسانیتر زیاتر بێت، بە

هـەموو حاڵێـك خـانی لەچـەند ئیـشارەتی سـەرپێییدا نـاوی چـەند جـۆری خـشڵو موجەوهەرات دێنێ لەوانە: گۆشـوارە[٦٠] (کـە گوارەیـە) جـەواهیرو نـەترەكو سـەربەندو زینەتو خەمڵو قشتو خونبول[٦١]. لەشوێنێکیتردا سەربەند بەسەر بەنـدی قەسـەب نـاو دەباو ناوی بازنو حجلە لەپاڵ (خورموهرە، مۆرە، موركو مرواری)دادێنێتو زۆر باسـی زێڕو زیو دەکات کە بەدوو هۆی ئارایشتیان دەزانـێو، لـەناوی بـەردی گرانبـەهادا نـاوی (دوڕ، مرواری، گەوهەر، لەعل، یاقووت، زێوەر، مـەرجان، زومرود، ئـەڵماس)[٦٢] چـەند جار دەهێنێت.

لەجلو بەرگدا ئەم ناوانە دەبینین:

ئـسکۆڤ، جلّغـۆ، مـوعجیر، مەقرەمـە[٦٣]،و لەقوماشیـشدا (دیبـا، حـەریرو خـەز)و (ئیـستەبرەق، سـوندوس)[٦٤]، و (شـیباو دەبیـق)[٦٥]و (زەڕ بـەفت)[٦٦]و (بورقـوعو سەرەنداز)[٦٧] کە بۆ سەرو روو داپۆشین بەکاردێن[٦٨].

کە هەر باسی جلو بـەرگو ئـامێری رازاندنـەوە دەکـەین، دەبـێ پەنجـە بـۆ ئـەو وێنـە زیندووەش رابکێشین کە خانی باسی (رازاندنەوەی بـووك)و ئامێرەکـانی کارتێداکـەرانی دەکات، لەوێشدا ئەوەندەی بەدەستەوەداوە کە لەوێنەکانی تری کەمترنین[٦٩].

## ٥ـ قاپو قاچاغو جلو بەرگ:

بەڵگەی ناوێ کە پێشکەوتنی ئـامێری چێـشت لێنـانو قـاپو قاچـاخو ئـەو شـتانەی لەکاتی نانخواردندا بەکار دێن، شتێکن لەگەڵ بەرەو پێشچوونی شارستانیی ئێستاماندا بـەرەو پێـشەوە دەچـنو ئـەوەش بەسـتراوە بەچـەرخەکانی سـەرەتای ژیـانی بەشـەرەوە بـە دۆزینەوەی مـەعدەنی جیاوازەوە، هەر وەك جۆرەکانی خواردنیش لەکۆنـەوە لەگـەڵ بـەرەو پێشـچوونی مرۆڤایـەتیو کێـشەی مـرۆڤو ئینـساندا دەگونجـێ. هـەر وەك بانگێـشتن (دەعوەت)و رێکخستنی لەگەڵ رێڕەوی کۆمـەڵگای مرۆڤایەتیدا بەرەو پێـشەوە دەڕوات.





بەڵام ئەمە هەمووی ئەوە ناگەێنێ کە ئەمجۆرە پێشکەوتنە لەهەموو روویەکـەوە بەسـتراوە بە بەرەو پێشەوەچوونو سەر هەڵدانی سەرمایەدارییەوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئامێری تازەو بەرهەمی بەکۆمەڵ زۆر شتیان لـەم لایەنـەی ژیـانی ئینـسان زیـاد کـردووە، بـەڵام ئـەمجۆرە دیـاردەی شارسـتانیی هـەر لەسەردەمەکانی کۆیلەییەوە هەبوونو لەگـەڵ بـەرەو پێشـچوونی زانیـاریی مرۆڤایـەتیو شارستانیدا بەرەو پێشچوون، هەر لەبەر ئەوەش نـاتوانن هـەموو دیمـەنێك لەدیمەنـەکانی بەرووخـساریکی دیاردەکـانی شارسـتانی پەرەسـەندوو لەکوردسـتاندا نـەزانین، پلـەی کۆمەڵایەتی ئەو دیاردەیە هەرچییەك بێت ئەولیا چەلەبی لـەناو بازاڕەکـانی دیاربـەکردا وەك ووتمان باسی بازاڕی مسگەرەکان دەکات[٧٠]. لەبازاڕی زەرنگەرەکانیشدا ئەوە تۆمار دەکات کە دەڵێت: "زەڕەنگـەرەکان لەدیاربـەکر قـاپی زیـوو ئـامێری زێـڕی رازاندنـەوە دروست دەکەن بە بەردی بە نرخ ئەیڕەنگێنن بەجۆرێکی پڕ لەووردەکاریو شـارەزایی کـە لەجیهاندا وێنەی نییە[٧١]، لەناو بازاڕەکانی بدلیسدا باسی بازاڕی خواردنـەوەو خـواردن دەکات[٧٢]، خاوەنی شەرەفنامـەش بە ووردی باسی بانگێشتنێك دەکات کـە شـەرەفخانی میری بدلیس (دیارە کە شەرەفخانی دانەری شەرەفنامەخۆی نییە) رێکیخستووە. وێنـەی ئەم بانگێشتنە لەوە دەچێت کە لای خانی دەیبینـین لەباسـی وێنـەی خـوانی مـیر زەینـە دینی میری بۆتاندا[٧٣]، خانی لەم وێنەیەو وێنـەیتردا لـە(مـەمو زیـن)دا قـاپو قاچـاخو خواردەمـەنیمان بـۆ بەجـێ دێڵـێ کـە دەتـوانین بیانخەینـە سـەر دەسـتکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی شارستانیو ئەنتۆگرافی. لەقاپو قاچاخو ئەو ئامێرانەدا کە لـەو خوانـەدا بەکارهێنراون ئەم ناوانە دێنێت: لەنگەری کـە لـە زێـڕو زیـو دروسـتکراوە[٧٤]، چاشـنە، سەحنە، سەرپۆش، تبسی، پیاڵەی فەغفوور،مەشـرەبە، ئـەیاغی چینی، چینی، مەجمـەر (کـە عـوودو عەنبـەر)[٧٥]ی تێـدا دەسـووتێنرێ،و (جـامو قـەدەح)[٧٦]و (ئـەیاغو مەجمەر)[٧٧] بە تەنیا، هەر وەك ناوی (تەبەق، لەگەن، ئیبریق، قەرع، ئینبیق)[٧٨] دەبات.

هەرچی خواردن‌و خواردنەوەیە ئەوە لەپاڵ هاوتای جیاوازی مەیدا وەك (بادە، مەی، مودام، خەمر، خەمری طەلال، دورد، شەراب، عەرەق، گولاب.... هتد)دا کە لەزۆر شوێنی داستانەکەدا ناویان دەهێنرێتەوە، ناوی (بریانی‌و کەباب، تەعام‌و چرپ‌و شیرین، ئەلوانی غەزا، نوقلّی رەنگین، نارنج، ترنج، نار، لیمۆ، نەوباوە، شاخساری مینۆ، فانیذ، نەبات، قەند، شەکەر)[٧٩]و (گولّقەند)[٨٠] دەبینین.

خانی لەپاڵ ئەوەدا کە لەسەر خوان دادەنرێت لەجۆرەها خواردنی هەمە رەنگ باسی بۆنی خۆش دەکات کە بە (موبەخیرات‌و تیب‌و تەیبات)ناوی دەبات. دەتوانین ئەم چەند شتە بۆن خۆشە لەلای بژمێرین: (ماوەرد، زوباد)[٨١]، (میسك‌و عەنبەر)[٨٢] و (میسکی ئەزفەر)[٨٣]و (عوود)[٨٤]، (گولاب)[٨٥]، (عەتری شاهی)[٨٦] و بخوورو عوودو عەنبەر)[٨٧] یشی دەچێتە سەر. دەتوانین هەندێك لەو بۆن خۆشانە بە بەشێك لەئامێرو شتی بەکارهێنراوی خۆ جوانکردن‌و خۆرازاندنەوە بزانین کە لەمەوبەر بەدرێژای لەوەسفی ئەوەدا لەلایەن خانییەوە دووایین.

### ٦ـ چەك

بەرەو پێشچوونی چەك‌و جۆرەکانی بەستراوە بەکێشەی مرۆڤەوە لەگەڵ سروشتداو بەدۆزینەوەی جۆرەکانی میتاڵ (مەعدەن)ەوەو بەپلەکانی بەرەوپێشچوونی پێوەندیی بەرهەمهێنانیشەوە. ئەگەر دۆزینەوەی باروت یەکێك بووبێ لەهۆکانی رووخاندنی قەلاّکانی دەرەبەگی لەئەوروپا ئەوا کارگەکانی چەك‌و تۆپ‌و تفەنگ دروستکردن لەماوەیەکدا کە لەو ماوەیەی تەمەنی ئەوروپا دوور نییە کوردستانیشی گرتەوە، لەسەرچاوەکانی مێژووی میرنشینەکانی بۆتان (سەردەمی بەدرخان پاشا)و بابان‌و سۆران (رۆژانی محەمەد پاشا)، بەدرێژی باسی ئەو چەك‌و تۆپانە دەکرێت کە هێشتا هەندێکی لەمۆزەخانەی بەغداو شوێنیتردایە.





هەرچی ئەو سەردەمەیە کە لێرەدا لێیدەکۆڵینەوە ئەوە هەر ئەولیا چەلەبی خۆی لەباسی پیشەسازی لەبدلیسا نووسیوی یە: (ئەو شمشێرانەی بە شێخانی، مقراوی‌و زیوەرین بەناوبانگن لەبدلیس دروست دەکرێن)[٨٨] (هەروەك بدلیس بەوە دەرکەوتووەو بە ناوبانگە کە تیرو کەوانی تێدا دروستدەکرێت)[٨٩]، لەناو بازاڕەکانی دیاربەکریشدا ناوی بازاڕی عەسکەری دەبات[٩٠]، هەر وەك لەناو پیشەسازییەکانی دیاربەکردا لەچەك دروستکردن دەدوێ[٩١]، هەر وەك لەفەسڵێکیتردا باسمانکردووە، لەهێزی میرنشینەکانی کوردیش دەدوێ، لەبارەی میرنشینی هەکارییەوە لەرۆژانی شەرەفخاندا لە ١٠٠٥ی هیجریدا دەڵێ ئەو میرە هەمیشە دە هەزار سەربازی تفەنگ بەشانی لەکاتی ئاشتیدا هەبووە[٩٢].

لەگەڕان بە دووای ئەم باسەدا لەمەم‌و زیندا وەسفی وێنەکانی ئازایی لای کەسانی داستانە کە دەبینین کە وەسفی شمشێری جیاوازیشی لەچەند شوێندا لەگەڵدایە، زۆریش باسی تیرو کەوان دەکات وەك هەموو شاعیرانی رۆژهەڵات. هەر ئەو بە ئامێری شەڕنا بەڵکو بەئامێری لێچواندن بە جوانیی یار بەڵام لەپاڵ شمشێرو تیرو کەوان‌و رمدا ناوی ئەم چەکانەش دەهێنێت زیرە، زەند، بن پەڕ، شیر، شەشپەڕ[٩٣]، چارانە، جەوشەن، زندانە، مەغفەر، گورز، رم[٩٤]. رەنگە هەندێ وێنەی لاسایی کردنەوەی داستانەکانی رۆژهەڵات بێت. بەڵام دیارەکە ناوی چەکەکان راستن.

### ٧ـ جۆری خۆشنووسی کتێب:

پێشتر ووتمان ئەحمەدی خانی خۆی لەناو دێڕەکانی (مەم‌و زین)دا وەك زاناو فەیلەسووفێك دەنوێنێ کە زۆربەی ژیانی لەناو هەڵقەی خوێندن‌و دەرس ووتنەوەدا سەر بەسەرکتێبدا شۆڕ بۆوە خەریك کردووە. هاودەمی کتێب بووە. ئەم وێنەیەی شاعیر زۆر بەئاشکرا لەدیمەنەکانی مەم‌و زیندا دیارە، چ لەوەدا کە لەئاگاداریی فراوانیدا دەرئەکەوێ (بەپێی زانایانی چەرخی خۆی) لەگەڵێك چەشنی هونەرو زانستداو لەو سامانە

گردەوەبووەی زماندا لە لێکۆڵینەوەی زمانە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات و ئەدەبیاتدا، یا لەپێوەندیی بەتینی بەبیرو هەستەوە بە نووسەرانەوە، هەروامان دێتە بەرچاو کە هەرگیز لەکتێب جیانەبۆتەوەو کتێب بە جوانترین شت دادەنێت لەژیاندا، گەڕانمان بۆ سەلماندنی ئەم بیرەمان زۆرشتی داینە دەست کە لەدوو توێی داستانەکەدا زۆرو چڕن، بە جۆرێك کە ناتوانین سنووری بۆ دانێین خانی لەوەدا دەگاتە لووتکە، کە جوانیی ژن لەهەندێ شوێندا دەشوبهێنێ بە کتێبێکی جوان. کە دەیەوێ لاسایی شاعیرە کلاسیکییەکان بکاتەوە بە وەرگرتنی هەندێك لایەنی سروشتی بوکردنی بە هۆی لێچواندن لەبەرزیو سووریو سپێتیو ڕەنگینیدا .....هتد، دەبینێ کە کتێب لەدیمەنەکانی سروشت هەموویان جوانترەو دەڵێ :

صەحنا ڕەزی موجمەلا کتابەک
هەر قیتعەو فەسلە فەسلو بابەک
گۆیا ب ئەدەب ئەدەبیی تەنجیم
سەر سەفحەیی باغ شوبهی تەقویم
جەدوەل کر بوو بحەل سیماب
شەنگرەف سیفەت گولێد سیراب
ئەتراف ژ سونبولو ڕەیاحین
ئەلوان ژختوت سەبزو موشکین
هەر یەک دکرن بەیانی ئەحکام
بەختی سەیەهو و سەفید ئیعلام[٩٥]

بەڵام خانی لە لووتکەی خوێنگەرمییدا بۆ کتێب، بەڵگەی وای داوینێ دەتوانین بیخەینە سەر ئەم فەسڵە، لەوانەش وێنەی کتێب لای خانی، کە دەیکات بە فەسڵو باب، وێنەی ئەو ڕۆژنامەیەی زانای ئەستێرەناس وەك جەدوەلی گیراوەی (سیماب ـ جیوە) دروستی دەکات. هەر وەك لەناوی ئەو مەرەکەبانەدا کە زانیونی ناوی (شەنگرەف، سەبزە





موشکین)مان بۆ دێنێ. خانی ئەم وێنەو ناوانەمان لەشوێنیتردا بۆ دەهێنێ، لەوانە ئەو وەسفەی لەکۆتاییدا بۆ کتێبەکەی خۆی دەکاتو ناوبردنی خەتی (غوبار، زۆر وورد)و خەتی (مەشق) و (نەسخی ثولثی)[٩٦]. هەر وەك وێنەیەکیتری بۆ کتێبو بەرگرتێگرتنو سەحافی بۆ جێ هێشتووین (کە لەپیشەگەریی ووردی سەردەمی ئەو بوون). یەکێك لەفەسڵەکانی خۆی لەسەر پێڕەوی خۆی بەباسی ئەو کەسە دەستپێکردووە کە داستانەکەی فۆلکلۆری(مەمو زین)ی بۆ گێڕاوەتەوە، بەڵام لابەلا هەندێك شتی بۆ بەجێهێشتووین کە دەمانەوێ:

ئەجزایی کیتابی عەشقبازی
سەحافی موجەلیدی مەجازی
شیرازەو جوزء بەندو تەرکیب
ئەڤرەنگەکرن بنظم و ترتیب[٩٧]

دووا شت ـ ئایا ئەم وێنە گواستراوانە بەڵگەی شتێکی کۆمەڵایەتین زیاد لەوەی لەچەند وێنەی شاعیرانە قووڵترو فراوانتر بن؟. دەبێ هەموو کەسێکی بە ئینساف پشت ئەم وێنانە ببینێ، بەڵکو دەبێ ئەم وێنانە بەرەنگدانەوەی واقیعێکی کۆنکرێتی، یا واقیعێکی مێژوویی شارستانی ببینێ.

ئایا بەخششەکانی داستانی (مەمو زین)و ئەو سەرچاوە مێژووییانەی لەگەڵیدا لەواقیعەوە هاتوون؟ کەس ناتوانێ بڵێ ئەم هەموو ئیستیلاحە زۆرە لەکردەی شاعیرو خەیاڵی خۆیەوەن ، چونکە ئیستیلاحی شارستانینو هەن، لێکۆڵەرەوە دەتوانێ لەپێناسەو وەسفیان لەزۆر سەرچاوەی لەبەر دەستدا بوو بۆیان بگەڕێت.

کەواتە، ئایا ڕەنگدانەوەی واقیعی شارستانیی کوردەوارین؟ ئایا بیناسازیو هونەری میعمارىو زانستو پزیشکیو مۆسیقاو دیاردەکانی تر لەخشڵو جلو بەرگو قاپو قاچاخو خواردەمەنیو چەكو خۆشنووسیو نووسین لەم پلەیەداو بەم فراوانییە بووە کە لەمەمو زیندا دیمان؟. پرسیارێکی مەنتیقی دێتە بەردەم، ئەویش ئەوەیە کوا ئەم

* * *

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

شارستانێتییەی لەپلەی شارستانیی مرۆڤدا بوو و ئێمە ئێستا لەکوێی ئەو شارستانی یە داین؟. لۆجیك هەر بەو هێزەیەوە لەبارەی ئەم پرسیارەوە دێـتە وەڵام.

ئەمە چیرۆکی هەموو رۆژهەڵاتە، ئەمە هـەر لەچیرۆکی بەغـداو شارسـتانیی گـەورەی عەبباسی دەچێت لەبەرامبەر داگیرکردنی رووخێنەرا. ئەگەر رووخاندن بەدەستی هۆلاکۆ لەچەند رۆژێکدا بووبـێ، ئەوا چیرۆکی شارستانی لەو وولاّتانەدا کە کەوتنـە ژێـر زوڵمـی عوسمانی چەند سەدەی کێشاو هەمووی سـەدەی رووخانـدنو مـەیینی دوواکـەوتن بـوون لەچـەرخێکی تـازەی شارسـتانیی جیهانیـدا، چـەرخی راپـەڕینی پیـشەسازیو بـەرەو پێشچوونی ئامێرو تەکنەلۆژی لەرۆژئاوا.

لێرە پێداگرتن بووە لەسەر نەزانکردنی خـەڵكو کوشـتنی هـەموو دەستپێـشخەرییەك بووەو هەنگاویش هەیە ئەفسانەیی بووە لەبەرامبـەر ئـەوەدا کـە لەچـەرخەکانی پێـشوودا بـوون. بـەجۆرە جیـاوازی زۆر زۆر بـووە، ئاساییـشە ئـەوەی لەداسـتانەکەدایە بـە وێنـەی شارستانیی راستەقینە زانین، کە هەندێجار خەیاڵی شاعیرانەی بەجۆرێك تێکـەڵبووە کـە لەواقیعی چەرخی شاعیر یا چەرخەکانی پێش ئەوی دوور نەخستۆتەوە، چونکە هـەر ئـەو ئیستیلاحانە خۆیان، وامان بۆ دەرئەخەن ئەگـەر هەڵوێستمان سـلبی بـێ بەرامبـەر بـە بوونی ئەو شارسـتانییە کـە شـاعیر خـۆی روونـاکبیریو زانـینو ئاگـاداریی زۆری هەیـە، لەئەنجامیشدا کەسێکی جیاوازە لەکۆمـەڵێکی دیاردا، نیشانەیە بەهەموو حاڵ بۆ بـوونی شتێك لەبوونی زانینو شارستانی لەکۆمـەڵەکەی خۆیدا.



* * *

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ ئەولیا چەلەبی، ل ١٣، ١٤.

٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل. ٤٠ـ ٤١.

٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٩ـ ٣٠.

٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٣٤.

٥ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٣٥.

٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٨.

٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٠٠.

٨ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٩٦.

٩ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٤١، ٢٥٤.

١٠ـ شەرەفنامە، ل. ٣٧٠، ٣٧٦.

١١ـ شەرەفنامە، ل ٣٧٦.

١٢ـ شەرەفنامە، ل ٣٧٧ـ ٣٥٨.

١٣ـ زۆر پێوەنـانی شـاعیرانەیە، هـەر وەك خـانی هـەوڵی داوە پـشت بـە وێنـەی قورئـان ببەسـتێت لەبارەی باخی (إرم ذات العماد ـ سورەتی الفجر ـ ئایەتی ٨)ەوە.

١٤ـ مەمو زین، ل ١١٨.

١٥ـ مەمو زین، ل ٥١.

١٦ـ ئەولیا چەلەبی، ل ١١.

١٧ـ ئەولیا چەلەبی، ل ١٤.

١٨ـ ئەولیا چەلەبی، ل ١٤، ١٥

١٩ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٩٢.

٢٠ـ مەمو زین. ل ٧٢.

٢١ـ مەمو زین. ل ٧٣.

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

٢٢ـ مەمو زین. ل ٧٣.

٢٣ـ مەمو زین. ل ٧٨.

٢٤ـ مەمو زین. ل ١١٤.

٢٥ـ مەمو زین. ل ١٨٩، ١٩١.

٢٦ ـ کوردی سۆڤێت پێش خەڵکیتر کەوتوون لەم مەیدانەداو دیارترین کۆشش بۆ تۆمارکردنی شتێك لەبارەی مۆسیقای کوردییەوە هەوڵدانی جەمیلەی جاسمی جەلیلە

GEMILA GELIL, KILAMED CIMETA KURda, Moskva, 1965

لەکاتی خەریکبوون بە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە هەولێکی راستەقینەی کاك عوسمان شارباژێری دەرچوو. بڕوانە (عوسمان شارباژێری. لێدوانێکی کورت لەمەقامو مۆسیقای کورد. سلێمانی، ١٩٧٢.

٢٧ـ بڕوانە (ذیل تأریخ بغداد) (پاشکۆی مێژووی بەغدا) ئەویش ئەو هەڵبژاردەیەیە بە ناوی (المختار المذیل به علی تأریخ إبن النجار، انتخبه التقي الفارسی، طبعه عباس العزاوي عام ١٣٥٧ه ـ ١٩٣٨م) به ناوی (منتخب المختار في علماء بغداد)، بڕوانه ص ٣٧ ـ ٣٩.

٢٨ـ بڕوانه عباس العزاوی الموسیقی العراقیة في عهد المغول و الترکمان، بغداد، ١٩٥١، ص ٤٦ـ ٤٨.

٢٩ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٩٤.

٣٠ـ اولیا چلبی. محمد ظلي إبن درویش. اولیا چلبی سیاحتنامەسی. درد نجی جلد. استمبول ١٣١٤. ص ٣٨.

٣١ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ١٨.

٣٢ـ البدلیسی: شرف خان. الشرفنامه. نقله الی اللغة العربیة وعلق علیه ملا جمیل بندي رۆژبیانی. بغداد ١٩٥٣. ص ١٧٧. (تێبینی: لەکاتی نووسینی کتێبەکەدا هەر ئەم سەرچاوەیەی شەرەفنامەم لەبەردەستدا بوو).

٣٣ـ شەرەفنامە. ل ١٩١.

٣٤ـ شەرەفنامە. ل ٤٢٣.

٣٥ـ دەتوانین بەکارهێنانی ئەم ئیستیلاحانە لەلاپەڕەکانی ٤١ـ ٨٣ـ ١٣٣و لاپەڕەی تری (مەمو زین)دا ببین.

٣٦ـ ئەحمەدی خانی. مەمو زین. موسکو، ١٩٦٢. ل ٨٣.



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

٣٧ـ هەر ئەویٚ، ل ٤١.

٣٨ـ هەر ئەویٚ، ل ٨٣

٣٩ـ هەر ئەویٚ، ل ٨٣،

٤٠ـ هەر ئەویٚ، ل ١٦٤.

٤١ـ هەر ئەویٚ، ل ١٧٦.

٤٢ـ الشیخ أحمد بن عبدالرحمن القادري الرفاعي الشهیر بالمسلم الموصلي. الدر النقي في الموسیقي، ١٩٦٤ ، ص ١٦ـ ١٨.

٤٣ـ مەمو زین، ل ٨٠.

٤٤ـ هەر ئەویٚ، ل٨٢.

٤٥ـ هەر ئەویٚ، ل ٨٨.

٤٦ـ هەر ئەویٚ، ل ١٣٣.

٤٧ـ هەر ئەویٚ، ل ١٧٣.

٤٨ـ هەر ئەویٚ، ل ١٧٣.

٤٩ـ هەر ئەویٚ، ل ١٧٣.

٥٠ـ هەر ئەویٚ، ل ١٧٣.

٥١ـ هەر ئەویٚ، ل ٤١.

٥٢ـ هەر ئەویٚ ل ٨٨.

٥٣ـ ئەوەی دەیەویٚ دڵنیابیٚ لەدرێژەی ئەم ئیستیلاحانەو پیٚ ناسەیانو رێکیان لەگەڵ ئەوەدا کە خانی ووتوویەتی، دەتوانیٚ بچێتەوە سەر ئەو سەرچاوانەی نووسەر لەباسەکەیدا پشتی پیٚ بەستوون. ئەوانەش لەپاڵ ئەو سەرچاوانەی پێشوودا ئەمانەن:

(١) الدکتور صبحي أنور رشید. تأریخ الآلات الموسیقیة في العراق القدیم ط١، بیروت، ١٩٧٠.

(٢) الدکتور حسین علي محفوظ، معجم الموسیقی العربیة، بغداد، ١٩٦٥.

(٣) الأدوار في علم الموسیقی، لمؤلف مجهول، بغداد، ١٩٦٤.

(٤) بدرالدین محمد بن علی الخطیب الاربلي. أرجوزة الأنغام تعلیق عباس العزاوي، بغداد ١٩٥١.

(٥) عباس العزاوي، الموسیقی العراقیة في عهد المغول والترکمان، بغداد ١٩٥١.

(٦) الشیخ أحمد عبدالرحمن القادري الرفاعي، الشهیر بالمسلم الموصلي، الدر النقي في علم الموسیقی، بغداد ١٩٦٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

* * *

(٧) أ. كاظم. الإصطلاحات الموسيقية، تعريب إبراهيم الداقوقي، بغداد، ١٩٦٤.

(٨) المستدرك على كتاب الاصطلاحات الموسيقية، اعداد إبراهيم الداقوقي، بغداد، ١٩٦٥.

(٩) مهدي بركشلي، موسيقى دوره ساسانى، تهران ١٣٢٦.

٥٤ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٣٨.

٥٥ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٣٩.

٥٦ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٤٩.

٥٧ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٩١.

٥٨ـ ئەولیا چەلەبی، ل ١٢١.

٥٩ـ مەم‌و زین، ل ٧١.

٦٠ـ مەم‌و زین، ل ٤٧.

٦١ـ مەم‌و زین، ل ١٨٦.

٦٢ـ مەم‌و زین، ل ٨٤، ٨٥، ٨٧، ٩٢.

٦٣ـ مەم‌و زین، ل ٥٥.

٦٤ـ مەم‌و زین، ل٥٥.

٦٥ـ مەم‌و زین، ل ٦٦.

٦٦ـ مەم‌و زین، ل ٨٥.

٦٧ـ مەم‌و زین، ل ١٧٣.

٦٨ـ وامان لا باشبوو کە ئیستیلاحەکانی خانیو مانا بەکارهێنراوەکانی بەو جۆرە بهێڵینەوە کە خانی خۆی بەکاریهێناوە، ئێمە هەر پۆلێنکردنمان لەسەر بێت، بۆ کەسێك بە دوایاندا بگەڕێت گران نییە بچێتەوە سەر فەرهەنگ بۆ ئەوەی بەرامبەرەکانی هەموو ئیستیلاحو ووشەیەك بدۆزێتەوەو لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێن یا وازیان لێهێنراوە بەراوردیان بکات. لامان وا بوو ئەمینی لەزانستدا پێویستی بەوەیە. دەشتوانین بوونی مەدلوولی ئاییینی زەردەشتیو یەزیدیشی بۆ هەندێ لەم ئیستیلاحانە زیاد بکەین بۆ نموونە (رامشگەرو قەووال). بێجگە لەمەدلوولەکانی مۆسیقا.

٦٩ـ مەم‌و زین، ل ٨٣، ٨٥.

٧٠ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٣٨.

٧١ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٣٩.

٧٢ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٩١.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

* * *

٧٣ـ مەم‌و زین، ل ٨٠، ٨٣.

٧٤ـ مەم‌و زین، ل ٨١.

٧٥ـ مەم‌و زین، ل ٨٠.

٧٦ـ مەم‌و زین، ل ٩٠.

٧٧ـ مەم‌و زین، ل ٩٠.

٧٨ـ مەم‌و زین، ل ٩٤.

٧٩ـ مەم‌و زین، ل ٨١.

٨٠ـ مەم‌و زین، ل ١٣٦.

٨١ـ مەم‌و زین، ل ٨١، ٩٠.

٨٢ـ مەم‌و زین، ل ٨١، ٩٠، ١٣٦.

٨٣ـ مەم‌و زین، ل ١٦١.

٨٤ـ مەم‌و زین، ل ٨١، ٩٠.

٨٥ـ مەم‌و زین، ل ٩٠، ١٣٦.

٨٦ـ مەم‌و زین، ل ٩٠.

٨٧ـ مەم‌و زین، ل ١٦١.

٨٨ـ ئەولیا چەلەبی، ل ١٨و دواتر.

٨٩ـ ئەولیا چەلەبی.

٩٠ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٣٨.

٩١ـ ئەولیا چەلەبی، ل ٤٩.

٩٢ـ ئەولیا چەلەبی، ل٢٦٥، ٢٧١.

٩٣ـ مەم‌و زین، ل ٩٨.

٩٤ـ مەم‌و زین، ل ١٤٧.

٩٥ـ مەم‌و زین، ل ١١٩.

٩٦ـ مەم‌و زین، ل ١٩٤.

٩٧ـ مەم‌و زین، ل ١٤٦.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بۆچوونی کۆمەڵایەتی لای خانی

خانی بەگشتی بینینێکی تایبەتیی هەیە لەبارەی کۆمەڵو سووچەکانیو رووداوەکانی بەوە کە لەگەڵ هێڵی گشتی بەرەو پێشچوونییەوە لەگەڵ بینینی پێشکەتنخوازانەی ئەو هێڵە بەپێی زەمانی خۆی رێکدەکەوێ، ئەو بینینە لەگەڵێك لایەندا لەگەڵ ئەو راستییە زانستیانەشدا رێك دەکەوێ کە رێبازی بەرەو پێشچوون لەم چەرخەشدا سەلماندوویەتی.

رەنگە ئەم بینینانەی خانی وەرگیراوبن یا بەردەوامیی ئەو بیرکەرەوە گەورانەن کە پێش خۆی بوونو کاریان تێکردووە، رەنگە هەندێکیان بەرەو پێشبردنی بینینی ئەوانە بێتو بەرهەمێکی خۆییو، دیاری بیری تێدا بێت، کە بەری پراکتیكو وورد بوونەوە بێت لەبارەی کوردەواری خۆیەوە لەلایەن ئینسانێکی بیرکەرەوەی بلیمەتەوە.

لە (مەمو زین)دا روانینی خانی لەدیاردەی جیا جیای کۆمەڵ دەبینین کە جارانو ئێستاش لەپلەی فەلسەفەدا جێی موناقەشەنو ئەو موناقەشەیە بەوەی فەلسەفە وەك هۆی خەباتی ئایدیۆلۆژی کەوتە گێژاوی ژیانەوە لەپلەی میللیدا کەوتە ناوەوە.

ئەو دیاردانەی خانی رای لەبارەیانەوە هەیە، فەیلەسووفیتر باسیان لێکردووەو ئێستاش بە بینینی جیاواز باسی لێ دەکەن، ئەمەش جێگەی ئەوان لەکۆمەڵداو





مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەڵوێستیان بەرامبەر بە بەرەو پێشچوونی هەر یەکە بەپێی چەرخی خۆیو گۆڕینەکانی دەسنیشان دەکات.

خانی رای خۆی لەبارەی گەلێك دیاردەی کۆمەڵایەتییەوە دەربڕیوەو هەڵوێستێکی بەرامبەری هەبووە کە لەگەڵ بیری سەرکەوتووو روانینی واقیعیی قووڵدا دەگونجێو لەهەندێ لەم بینینانەدا پێش کەسانیتر کەوتووەو بیرەکانی ئەو سروشتی رابەریان لەچەرخی خۆیدا هەبووە با هەندێکجار لەم چەرخەدا بەساکار زانرا بن.

رەنگە بچینە سەر بیرەکانی خانی لەبارەی گەلێك دیاردەی کۆمەڵایەتییەوەو لە (مەمو زین)ەوە بیری خانی دەربێنینو ئەو لێکدانەوەی باسمانکرد بسەلمێنین.

## گرنگترین دیاردەی خانی لێیان دووا بێت ئەمانەن: ـ

### ١ـ چینایەتی:

خانی هێڵێکی جیاکەرەوە لەکۆمەڵدا لەنێوان چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێ، هەمیشە هەڵوێستێکی ئاشکراشی لەدانە پاڵ چینە چەوساوە هەژارەکاندا هەیە.

ئەم هێڵە جیا کەرەوەیە لەیەك شوێن زیاتردا دیارە، تەنانەت لەشوێنی ئەوتۆشدا کە ماوەی ئەم جیاکردنەوە کۆمەڵایەتییە نییە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی روانینە جیاوازیی چینایەتی لای خانی روانینێکی قووڵو ڕەسەنەو تەنیا ئارەزوویەکی شاعیرانەی ئینسانی نییە کە بەزەیی بێت بە هەژاراندا.

رووکردنە جیاکردنەوەی خەڵك لای خانی لەدیباجەی کتێبو باسکردنییەوە لەمەسەلەی نەتەوەیی یەوە دەست پێ دەکات، بەوەی دەداتە پاڵ زەحمەتکێشانو هەژارانو شاعیران دەبەستێت بەیەکەوە، وەك ئەوەی شاعیر بە کوڕی هەژارانو دوور لەکۆشکی میران بزانێ.

کە خانی داگیرکردنی هەندێ بەشی نیشتمانەکەی لەلایەن رۆمو عەجەمەوە باس دەکات هەڵوێستی توێژە جیاوازەکان بەرامبەر بە داگیرکردن بەجیا دەزانێو دەڵێ:

* * *

مه کتەبی بیروهۆشیاری

**تابیعیەت وان ئەگەر چەعارە**
**ئەو عارە ل خەلق نامدارە**
**نامووسە لەحاکمو ئەمیران**
**تاوان چییە شاعیرو فەقیران**[1]

ئەم هێڵە جیاکەرەوەیە لەمێشکی خانیدا بەردەوامە هەتا لەچەند بۆنەیتردا سەر ئەکەوێ، کاتێ دەیەوێ عەشق بسەلێنێو بیکات بە خاسیەتی ئینسان، توێژەکانی خەڵك لەیەك جیادەکاتەوە تا جارێکیتر لەدەوری عەشق کۆیان بکاتەوە.

**گەر شێخو مەلا ومیران**
**دەروێشو غەنیو گەر فەقیران**
**کەس نینە نەتالبی جەمالی**
**کەس نینە نەراغیبیو یسالی**[2]

که باسی ئەوانە دەکات کە عاشقی جوانیی (ستیو زین) بوون دەیانکات بە (عەوامو خەوادیمو خەواس)[3]ەوە ووشەی (عەوامو خەواس)[4] دەیانجار لە (مەمو زین)دا دووبارە دەبێتەوە بەمەش پیاوانی دەوری میر کە خەواسن، لەرەشە خەڵك جیادەکاتەوە کە عاسیو عەوامیان پێ دەڵێ.

خانی کە چینەکان لەچەند بۆنەدا جیادەکاتەوە، حەز بەوە دەکات کە بەخۆش ویستنی یەکتری کۆیانکاتەوە، یا بە عەشقەوە بەستراوی بەلای کەمەوە، ئەوەتا (ستیو تاژدین) لەگەڵ (سۆفیو مەلاو هەژارانو پاشایان)[5]دا کۆدەکاتەوە. رەنگە ئەم کۆکردنەوەیەشی لەباوەڕی سۆفیانەیەوە بە نەمانی مۆڵکی دنیاو کۆبوونەوەی خەڵك لەبەردەمی خوادا هەڵقولابێ کە بەمیری میرانو حاکمی حاکمانو هەژارانی دەزانێ کە نەمردنو نەلێخستنی[6] نییە. کە ئەمانەی لەخۆشیەکانی ژیاندا کۆکردۆتەوە ئەوا لەشینیشدا کۆیان دەکاتەوە. ئەوەی لەپشت تەرمی مەمەوە رۆیشتن ئەمانە بوون:

**جندیو سپاهیو ئەمیران**



* * *

**دەرویشو رەعیەو فەقیران**[7]

لەناو ئەوانەشدا کە چوون بۆ خوازبێنی ستی لەمیر بۆ تا ژدین (عولەماو عادلو ئومەراو جاهیل)[8]ی کۆکردۆتەوە، پاشان (مەجموعی مەلاو شێخو میرانو ئاغاو ئەکابیرو فەقیران)[9]ی هێناوە. بەڵام ئەمە وای لەخانی نەکردووە کە بەناحەزی نەڕوانێتە ئەوانەی بەناهەق خزمەتی میرانیانکردووە، بەڵکو خۆشیی خۆشی بەو خوێنەشیان دەردەبڕێ کە لەکاتی بەرگریی ناهەق لەمیراندا دەڕژێ.

لەوەسفی تاژدینو براکانیدا کە بە چەکەوە بۆ لای میر دەچن بە زۆر داوا دەکەن کە مەم بەردات، (عارف) نەخشەی پلانی خۆی بۆ تاژدین دەکێشێ بۆ لەناوبردنی میرو دەستو پێوەندیو کوشتنیان ئەگەر بەسوور بوونو کەللە رەقی مانەوە:

**گەرمان موسیرٍ لسرعینادی**
**ئەم دی بکرێن وە رەنگ جیهادی**
**ژ ئەوەڵڤە بچین بەکر بکرٍکەین**
**وی مودبیری ژێرە دەربەدەرکەین**
**هەر بەر دەرکێ کورٍەک لبەربت**
**خەسمانەیی قنج سەر بەسەربت**
**میر ئەر ژویرا بکەت تەعەسوب**
**رابەت لمە ئەو بکەت تەغەلوب**
**ئاشی ئەجەلی وەسا بگێرین**
**تەشبیهی حەبان سەران بهێرین**[10]

خانی هیرشی مەرگو سەرهارٍین بەهۆی خەمو گریان نازانێ، بەڵکو ئەمە بەهۆی خۆشیو شایی دەزانێ، بە زمانی عارفەوە پاش ئەو دێرٍانە بە تاژدین دەڵێ:

**بۆهتانە بکەینە رەقسو گۆڤەند**
**دابێنە تەماشایی شەکر خەند**[11].

لێرەدا هەڵوێستی کاربڕینەوەی کەسێك دیارە کە خاوەنی مەسەلەیەك بێت، باوەڕی بە جەنگی عادیلانە بێت لەپێناویدا، ئەمەش بەپێی تێگەیشتنی ئەم چەرخە دوور نییە لەهەڵوێستێکی چینایەتیی راستەقینەوە، هەر چەند خانی لەوەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی مەمو تاژدین‌و رەچەڵەکیانەوە ئایا لەجوندو لادیین واتە لەفللاح‌و عەوامن یا لەبنەچەی بەگزادەو خاوەن پلەی بەرزن بە باوەڕەوە وەڵام دەداتەوە کە لەئایینی عەشقدا فرۆشتنێك هەیە پێی دەڵێن بەیەکتر رازی بوون‌و گوێناداتە مەرجی هاوشانی[١٢]، خانی بە زمانی مەمەوە لەتاوێکی تەئەمولی سۆفیانەدا لەبەندیخانەدا ئەوە دەڵێ کە جیاوازیی چینایەتی عاشقان لەیەکتر دوور دەخاتەوەو بە زمانی مەمەوە دەڵێ:

**هەر چەندە کومیر لمن غەزەب کر**
**ئەڤ قەهرە لمن نەبێ سەبەب کر**
**هەرچەند خەبەری بەکر وی گوه کر**
**ئەڤ جەبر لمن ئەوی بجەه کر**
**لەورا کو توشاهی ئەز گەدا بووم**
**ئەز بۆتە نەکوفوو هەم لیقابووم[١٣]**

وێنەی جیاوازی چینایەتی لەبەرچاوی خانی لەکاتی راوکردنیشدا وون نابێت، ئەوەتا فەقیران لەمیران لەدەستکەوت‌و مەبەستی چوونە راودا لەدێرە شیعرێکی پڕ لەمانای قووڵدا جیا دەکاتەوە دەیکات بە کۆتایی

**کوشتی ژ خۆرا برن فەقیران**
**گرتی بخۆرا برن ئەمیران[١٤].**

گرنگترین وێنە کێشانی جیاوازیی چینایەتی لەو فەسڵەدایە کە خانی باسی بەکری (قاپیەوان‌و پەردەدار)ی میری تێدا دەکات بە هەموو جۆرە وەسفێکی ئیبلیسانە وەك رابورد وەسفی دەکات، وەك باسمانکرد، پاشان هەموو وەسفەکانی بەکر بۆ میر دەکات بە زمانی تاژدینەوە بەڵام میر دەست لەپەردەدارەکەی هەڵناگری، چونکە دەزانێ سروشتی





حوکومکردن چییەو چۆن پێویستیی بە پشت بەستن بەکەسانی وەك بەکر هەیە وەك دێینە سەری، هەر چەندە خانی میرەکان‌و دەوروبەریان تاوانبار دەکات‌و گوناهی مفتی حەرام‌و رەنجی خەڵکیتر خواردنیان دەداتە پاڵ، بەڵام هەستی چینایەتیی عادیلانە دەردەکەوێ، ئەوە دەردەخات کە ئەو کارەی میرەکان‌و دەست‌و پێوەندیان هەرگیز سروشتی هەژاران نییەو بەسەر زمانی میرەوە پاش لێکدانەوەی سروشتی حوکم کردن دەڵێ:

**ئاشێدمە زالمان دگێڕن**
**دەخلێد مەزالمان دهێڕن**
**ئاشێ مە ئەگەر چە وەقفی عامە**
**کووری تژی گارسی حەرامە**
**وی گارسەک حارثەك دچینەت**
**ئەو حارثە بۆ مەدی هلێنەت**
**وان ژی هەمی پاسبان ژ صانن (سەگ ـ ع)**
**ئەو ژی هەمی قیسمی دەرگەڤانن**
**ئەڤ عادەت تەنێ خاصی میران**
**نابینی لبەر دەری فەقیران[١٥].**

لەمەشدا تێگەیشتنێکی قووڵی چەوساندنەوەی دەرەبەگی‌و نەویستنی ئاشکرای چەوساندنەوەی دەرەبەگی دەبینین‌و نرخدان بە پاکیی هەژاران‌و زەحمەتکێشان دەزانین هەر وەك خانی وابیبنین کە باسی ئەو زەوی کێڵە دەکات کە زەوی دەکێڵێ‌و تۆو دەچێنێت‌و دوایی بۆ کەسانیتری دەدروێتەوەو بەهێمنی دەنگی خۆی، لەقووڵایی دڵەوە بێ راگەیاندن بەرز دەکاتەوە، ئەمەش هەر ئەو هاوارەیە کە دوو سەدە پاش خانی بەرز بۆوە: (زەوی بۆ ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ).

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

**٢ـ کار بەدەستان:**

روانینــە کــار بەدەســتانو پادشــایان بەشــێکی گەورەیــە لەبەرهەمــە کلاســیکییە کوردییــەکان، ســەعدیی شــیرازی لــەپاڵ تــەرخانکردنی فەســڵێکدا بــۆ دەروێــشان[16] فەسڵێکی لەگولستانە رەنگینەکەیدا بۆ دەنگوباسـی پادشـایان[17] تـەرخانکردووە. لـەو بەرهەمانەدا کە لەو دەچن پارچەو دێڕی لەوەچـوو هەیـە، هەسـتی خاوەنـەکانی هەمیـشە لەپاڵ پادشایاندا بووە، بەڵام هێمن بوون لەگەڵیانـداو هـەر بـە ئامۆژگـاریکردنو رێگـە نیشاندانو وازیانهێناوەو هیوایان بەهەندێکیان هەبووە، تەنانـەت هـەواڵی باشیـشیانیان گێڕاوەتــەوە. هەرچــەندە دان بــەوەدادەنێین کــە هەنــدێك لــەو بەرهەمانــەی رۆژهــەڵات کاریانکردۆتە سەر بیرو ئەفراندنی شـاعیرانەی خـانی، هەرچـەندە لەداسـتانی فۆلکلـۆری "مەمی ئالان"دا کە یەکێکە لەو بنەڕەتیانەی خانی بناغەی داسـتانەکەی لەسـەر دانـاوە هەر ئەو دیمەنەی میرەکانی داوینێ، بە پیشاندانی وێنەی شەخسیەتی (خدر) کە لەکتێبە ئاسمانیەکاندا ناسراوە، بەوەی رێگەی چاکە نیشانی میرەکانی جزیرە دەداتو داوا دەکات کە خەزنـەکانیان بـۆ هـەژاران بکەنـەوە[18]. بـەڵام خـانی هەڵوێـستێکی تونـدترو زۆرتـر لەراسـتییەوە نـزیکتر زیـاتر لەسیاسـەتی چـەرخ گەیـشتووی بەرامبـەر بـەکار بەدەسـتان (حاکمان) هەیە.

تاوانبــارکردنی کاربەدەســتان لای خــانی لەفەســڵەکانی ســەرەتای داســتانەکەوە دەسـتپێدەکات. لەوێـدا کـە حـاکمو ئـەمیران بـە لپێرسـراوی سـەرەنجامی گـەلی کـوردو داگیرکردنی خاکی لەلایـەن رۆمو عەجەمـەوە بـە بـەرپرس دەزانـێو شـاعیرو فـەقیران بـە گوناهبار نازانێو هەمیشە سوود لەڕووداوەکانی داستانەکەی وا دەبینێ کە رەوشتی میر بکات بە بیانوو بۆ ئەوەی بڕیاری توند بەسەر هەموو حاکمو ئەمیراندا بدات:

**حوککام بباتینو بزاهیر**

**بێ شوبهە موشابیهن بە ئاگر**





مه كته‌بی بیروهۆشیاری

**زاهیر د سوپاهیو بنوورن**

**باتین ژمودارەیی د دوورن**

**رەحمێ کو دکەن ژ رەنگی رۆژن**

**قەهری کو دکەن جیهان دسۆژن**

**زینهار بوان نکەی تو باوەڕ**

**گەر بابو پسەر گەر برادەر**

**خاسما کوموقەڕەبی د بەدخواه**

**نیزیک ببن نەعوزو بیللاه**[20]

خـانی لەفەسـڵێکیتردا زیـاتر وێنەیـەکی تاریـك لـەبارەی کاربەدەسـتانو رەوشـتو نیازیانەوە دەدوێ:

**حوکام هەموو ژجنسی مارن**

**ئەسحابی سمووەو میهرەدارن**

**میهران کوددن بزان کو زەهرە**

**میهری کودکن بزان کو قەهرە**

**عاقڵ حەزەری دکەن ژماران**

**غافڵ دبنە موحیبو یاران**

**هەرچەند لنک بعیززو نازی**

**هەرچەند د گەڵ ب لوعبو بازی**

**جوزئی ببەتن ژ تە تەغەییور**

**کوللی دکەتن ژ تەتەدەبور**

**خاسما کوهبن خەبیسو خەنناس**

**بەدخواهو بەخیل بن من الناس**

**تەحقیق خراپترن ژ شەیتان**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**یارەب مەکەوان قەریبی سولتان**[٢١] .

پێداگرتنی خانی لەسەرکارکردنی دەوروبەری خراپ لەسەر کاربەدەستان، وایلێنەکردووە کاربەدەستان خۆیان بێ گوناه بزانێ، با هەوڵی ئەوەشی دا بێت‌و کەمێك چاکە لای هەندێ کار بە دەست ببینێ، بەڵام ئەوانە بەلای کەمەوە بە نەزان دەزانێ چونکە دەوروبەری خراپیان هەیە:

**میرن هەنە عاقلن عەزیزن**
**لێ سادە دلن‌و بێ تەمیزن**
**ئەو سادە ژ بولهو ناتەمامی**
**دل نادەنە مەنشەئا کەلامی**
**وان دل گهە گوه بدلڤە نینە**
**رەش چاڤن‌و مەردمەک سپینە**
**هەرچی کو دبێژ نێ غەرەزدار**
**باوەڕ دکەن ئەو بڕاستی خوار**
**نابێن ئەڤە قنجە یاخرابە**
**نابێن ئەڤە خەتا یاصەوابە**
**قاصر نەزەری دبێ تەئەمول**
**حازر غەزەبن بێ تەحموول**
**ئەغلەب دبن ئەو ب عەقڵ مەغروور**
**ئەکسەر دکرن ژ دانشی دوور**
**بەدخواه و بەخیل‌و بەد سگالان**
**بەد ئەسڵ‌و سەفیهو بەد فعالان**
**تێنن دکنە رەفیق‌و رەهبەر**
**بەدنام دبن وەزیرو سەروەر**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**دسپێرنە ڤان کەسان ئوموورێ**
**ئەو تێخنە دەولەتێ قسوورێ**[٢٢]

خانی کە هیچ کار بەدەستێکی عادلی نەدیووە، هیوای ئەوە نابڕێ کە کەسێکی عادل بێت‌و لەسیفەتی میری عادلدا قسەی هەیەو دووا بە دووای ئەو دێڕانەی پێشوو دەڵێ:

**میرێ ب دەولەت‌و فەراسەت**
**ساحیب شەفەقەت خودان سیاسەت**
**ئەو هەر کەسکێ خودان ناکن**
**حەتتا وەکو ئیمتیحان ناکن**
**چل جار دکەن یەکێ موجەڕڕەب**
**پاشێ ئەوێ دێ بکەن موقەڕەب**
**ئەڤ میرو وەزیریا جیهانێ**[٢٣]
**ئەڤ پێکڤە گزیریا**[٢٤] **زەمانێ**
**هەر دوو بەمیسال یەک لییزن**
**هەر دوو د بەتاڵ وبێ تەمییزن**
**حەتتا وەکو بەکر نەبێ تو ئەلحەق**
**کەنگێ تو دبێ وەزیرێ موتلەق**[٢٥]

دیمەنی میرو وەزیر لای خانی تاقە بڕیار بە سەرداداں نییە، بەڵام گەیشتنە ئەنجامە، پاش ئەوەی بیرو کرداری میر(زەینەدین)و (بەکر)ی پەردەداری پیشاندایِن کە بەموعەلیمی میری ناو دەبا، دەیانکات بە نموونەی هەموو میرو وەزیرەکان. خانی فڕوفێڵ‌و پێچ‌و پەنای کردووە بەروخسارێکی ئەوان. لەزمانی بەکرەوە کە ئامۆژگاریی میر دەکا کە لەڕوو رازی بێ لەسەر ئەوەی داوای دەکەن، بەڵام باوەڕیان پێ نەکات‌و بۆ فرسەتیتر بگەڕێ:

★ ★ ★

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

زاهیر مەکە تو ئەڤی عینادی
جارەک ڤەکوژ ئاگری فەسادی
ژئەو پاش توبیخەوەفتی فرسەت
زینهار مەدە ئەمان وموهلەت
خەسمێ کو نەشێی ببی موقابیل
دەرمان چییە شەربەتا[٢٦] هەلاهیل
لەو لازمە ژ حاکمان دوو فنجان
یەک خاص خراپە بیکەڤنجان
دا یەک نەخۆشان ژ بۆ وی خۆش کت
یا دی ژویڕا خوشان نەخۆش کت
یەک جان ژ دوژمنان جودا کەت
یادی مریان ژ نۆڤە راکەت
کەربا خۆ مەکە تو ئاشکارا
یاقنج ئەوە تابکەین مودارا
شولن هەنە ئەو ب کەرب نابن
لەورا کو ب زۆرو زەرب نابن
ئوستادی دڤێتن و تەئەمول
ئیخفاو تەغافول و تەحەمول
ئەوقاتی زەمانە گۆنە گۆنە
باری ژمەرا کرن نموونە
یەعنی شەڤو رۆژو سوبح و شامن
هەن رۆهنینە هەن ژوان ظەلامن



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەمژی د لەیالی و نەهاران
دابین بە نیهان و ئاشکاران
هەن زاهیرو هەندکان ب خوف کەین
راکین هەنکان هەنان تەلەف کین[٢٧]

"بەکر" کۆلەوە ناکاتەوە کە ئەو شتانەی خوا دروستیکردوون بخاتە بەرامبەر یەکو دژ بەیەك بۆ ئەوەی بیانوو بۆ ئەو کارانە بهێنێتەوە کە ئامۆژگاریی میریان پێ دەکا ئەوەش ئەو پەڕی ئەوەیە کە ئێستا پێی دەڵێن میکافیلێتی. خانی ئەوەی لەبیر ناچێ کە باسی ئەو درۆو هەڵەو ساختە گەریانە کە بە واتەی ئەو (مولحید) خستوونی یە کارو کاریان لەمیر کردووەو میرو ئامۆژگارییەکانی ئەوی بەجێ هێناوە[٢٨]. بەڵام خانی نایەوێ میر بەبێ تاوان بزانێ لەو کارانەیداو لەگوێگرتن لەئامۆژگاریی بەکر هەر بوونی ئەو جۆرە وەزیرو ئامۆژگاریکەرانە بەشەقڵێکی کار بەڕێوەبردنی خۆی دەزانێ و ئەمە لەزمانی میرەوە دەردەخا.

ئەڤ رەنگە میر دگوتە تاژدین
فیعلێ د بەکر مەگەر نەزانین
ئەم قیسمی ئەمیر قیسمی ئاشین
پڕ فەتل و گرین پێش و پاشین
هەندێ ب حکوومەتی دکەین دەور
گەه عەدلە ژ بۆ مەکار گەه جەور
هەر چەند بەکر وەلەد زینایە
ئاشی مەژوی ب فەتل و بایە
ئەڤ زومرە کو زاڵم و عەوانن
سووباشی و شەحنە دەرگەڤانن
ئاشێدمە زاڵمان دگێڕن

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**دەخلێدمە زاڵمان دهێڕن**

**ئاشێ مە ئەگەرچی وەقفی عامە**

**کووڕی تژی گارسی حەرامە**

**وی گارسی حارشەک دچێنەت**

**ئەو حارثە بۆمەدی هەلێنەت**

**ئەڤ عادەتە تەنێ خاسی میران**

**نابینی لبەر دەری فەقیران**

**وان ژی هەمی پاسەبان ژصانن**

**ئەو ژی هەمی قیسمی دەرگەڤانن**

**سوڵتانی سەریری بێ نیازی[۲۹]**

**نابینی ژ بۆ وی چارەسازی**

**هەندێ ئەوی راکرن سەلاتین**

**دەه چەند ئەوی چێکرن شەیاتین**

**حاسڵ د صەیی خووە میر نەبووری**

**تەعلیل د دانە بەر زەرووری**

**میران هەنە ئەو صەیی د تازی**

**نادن ب عەدالەیی دە تازی[۳۰]**

ئێمە لەم دێڕانەدا زیاد لەتێگەیشتنی خانی لەسیاسەتی میکافیلیانەی کاربەدەستو میران تێگەیشتنو پۆلینکردنێکی نوێی چینەکانی کۆمەڵ دەبینین. خانی کە هەژارانی باش ناسیووەو پشتی گرتوون، لێرەدا باش ئەوان لەو توێژە جیا دەکاتەوە کە لەناو ئەوانەوە دێنە دەرەوەو دەبن بە قامچییەك بە دەست زاڵمانەوە، ئەوەش دەستەی گزیرو وەکیلی دەرەبەگو میرن کە وێنەیان لەهەموو کۆمەڵێکی چینایەیتیدا بە شێوەی جیاو ناوی جیاوە دەبینین. ئەم پۆلینکردنەش لای خانی تازە نییە. هەر ئەو بوو لەو فەسڵانەی





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

پێشوودا ئەو خەڵکانەی حەز لەستیو زین دەکەن بەبێ سنوورو بێ رادە داناو بە (عەوامو خەوادیمو خەواس)ی ناساندن، واتە (خەوادیم ـ خزمەتکاران)ی بە توێژێك داناوە لەناو ڕەشە خەڵكو خەواسو دەستو پێوەندی میردا. نووسەرێك لەقسە لادانێکدا خانیی لەناو شاعیرە کلاسیکەکاندا داناوەو وای ناو بردووە کە خزمەتی دەرەبەگی کردووە[۳۲].

ئەم قسەیەش زوڵم لێکردنێکی ئاشکرای بەرامبەر بە خانیو مەولەویو خانای قوبادی تێدایە کە نووسەر ناوی ئەوانیشی هێناوە. هەرچەندە باوەڕمان وایە کە ئەم لەقسەلادانە ئەنجامی ئاگادار نەبوونی نووسەرە لەبەرهەمی خانیو هەر ئەنجامی بیستنی تێکستێکی فۆلکلۆری داستانەکەیە بەلاّم هەر بۆ موناقەشە دەڵێین با ئەمە لێکدانەوەی هەندێ دێڕ بێت لەپێشەکیی "مەمو زین". هەر چەندە ئەو هیچ یەکێك لەم دێڕانەی نەکردووە بە پاڵپشتی خۆیو ئەم دێڕانەش ئەوانەن کە بۆ میری بۆتان وتراون بە هیچ جۆرێك بەڵگەی سەر شۆڕیی خانیی بۆ میر تێدا نابینین بەڵکو زۆر لێی وورد بوونەوە جورئەتی دەگمەنی خانی دەردەخەن.

ئەو دێڕانەی تۆمارمانکردنو باسی کار بەدەستانو میران هەموویانبوو، خۆلاسەی گێڕانەوەی هەموو فەسڵێك بوون لەداستانەکە، ئەو میرەش کە ناوی لەداستانەکەدا هاتووە هەر میر (زەینە دین)ە کە لای هەموان لەرۆژانی خۆیدا واناسراوە کە باپیری ئەو میرەی بۆتانەکە لەرۆژانی داستان نووسینی خانیدا لەسەرکار بووەو ئەمە ڕێگەی لەخانی نەگرتووە بەجۆرە باسی بکات، بەڵکو رووکردنە میری بۆتان خۆی "لەرۆژانی خانی خۆیدا" لەگەوهەردا لەوە باشتر نەبووە کە باسی باپیریی پێکردووە.

ئەو شتانەی کە لەبارەی ستایشی میر "زەینەدین"ەوە لەرووداوەکانی داستانەکەدا ووتراون لەوە زیاتر نین کە ستایشی هێزو دەسەڵات رۆیشتنی بن، با خانی کەمێك ستایشی ئەو میرەشی کرد بێ لەدینداریو بەخششو ئازایەتیی دووابێت[۳۳]. بەلاّم لەمە زیاتری نەووتووەو ئەو باسەش کاتێك کراوە کە میر چەند سەدە بووە کۆچی دووایی

* * *

کـردووه (ئەگـەر تەنانـەت دان بـە بوونیـشیدا بنـێن)، بـەڵکو ئـەم ستایـشە لـەجۆری پێناسەکردنی یەکەم وەك کەسێکی داستانەکەو بەزمانی خوازبێنی کەرانەوە لـەخوازبێنی "ستیو تاژدین"دا جارێك[٣٤] ناتوانین بە هەڵوێستی خانی خۆیی دابنـێین بەرامبـەر بـە مـیر خـۆی بـەڵکو بەشـێکە لەپێویـستییەکانی دوانـدنی نـاو چیرۆكو لـەتۆمارکردنی ئەتنۆگرافیی ڕێو شوێنی خـوازبێنی، لەکاتێکـدا لـەرێڕەوی ڕووداوەکـانی داسـتانەکەدا شتیتری داوەتە پاڵ میر وەك دیمـان. خـانی کـەمێ: لـەو چەشـنە ستایـشی مـیری بۆتـانی کردووەو بایەخی داوە بە توانستی لەکردەوەی سەیر بەجێ هێناندا بـێ ئـەوەی بلّـێ ئـەو دروستکەری ئەو کردەوانەیە. بەڵکو ستایشی بە جۆری (زەم)ی هەر لەم باسـەدا کـردووە، لەکاتێکدا کـە وەسـفی چیرۆکە کوردییەکـەی دەکـاتو دەبینێـت ئـەنجامی ڕەواجو بـڵاو بوونەوەی بە بوونی میرێکی کورد دەگۆڕا کە باوەشی بۆ ووشە بکردایەوە، ئەوا بەئاشـکرا پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشێ کە میری بۆتان لەو جۆرە پادشایە نییە:

**لـێ حاکمی وەقتی مەعریفە تناک**

**مەسمووع نەکر بەسەمعی ئیدراک**

**میری کو بناڤ میرزایە**

**مەحزا نەزەرا وی کیمیایە**

**سەد بار هەبن فلووسی ئەحمەر**

**دەرحال دکەت ب یەک نەزەر زەڕ**

**ئەعلای دکەت ب قەهر ئەدنا**

**ئەدنای دکەت ب لوتف ئەعلا**[٣٥]

خانی ڕێكو ڕەوان دەڵـێ، هەر چەندە ئەم توانستە گەورەیەی هەیە کەس گوێی نەدایە خۆیو بەرهەمی:

**گەردی وی نەزەر بدا مەجارەک**

**ئیکسیری تەوەجوها موبارەک**



* * *

**ئەو قەول هەمی دکرنە ئەشعار**

**ئەو پوول هەمی د بوونە دینار**

**ئەمما نەزەرا وی زێدە عامە**

**لەو خاس نەزەر ژ دل نەدامە**

**ئەو ڕەحمەت عامە بۆ عەوامی**

**یاڕەب بدە وی تو هەردەوامی**[٣٦]

وەسفی روانین بە گشتی لەکوردیدا زەمێکی ئاشکرایە، ئەمەش پێـچەوانەی ووردییـە. (واتە: ووردیو درشتی). هەرچی دوعـای خانییەکە میر دەوامی هەبـێ ئـەوەش بیـانووی خۆی هەیە، بەڵکو بە زمان تاژدینو براکانییەوە داواکردنی ئیتاعەتی میر لـەو جەنگـەدا کە دەیزانین ئەویش بیانووی خۆی هەیـە، چـونکە خـانی بـە زمـانی ئەوانـەوە لەئەنجامـدا دەڵـێ:

**هەرچە کری حاکمی مە فەرمان**

**ئەم نابنە مانیعی چو حوکمان**

**دەستی دمە بەستنە لبر میر**

**ها گەردنو دەستو پێو زنجیر**[٣٧]

بیانووی ئەمە ئەوەیە کە خانی پادشایەکی بۆ گەلەکەی دەوێ و بەیـەکێتیی نەتـەوەیی نەبێ لەژێر تاجی ئەودا چارە بۆ مەسەلەی گەلەکەی نابینێ و هەر دەبـێ میرێکـی کـورد پاڵێوراوبێ لای بۆ ئەوەی ئەو تاجە بخاتە سەری و بچێتە سـەر ئـەو تەختـەو وا دیـارە ئـەم دێڕانە پاڵ بەمیرەوە دەنێن کە خۆی ئەوەندە بەهێز ببینێ کە خانی وەسفی دەکاتو خەڵك لەدووایەوە بڕۆنو بۆ ئەو مەسەلەیە بکەوێتە کار کە خانی بۆتە ڕابەری بیری ئەو.

بیری بوونی میر لای خانی بیرێکی تاقەوە بوو(تجریدی)نییە، بـەڵکو چـەند مـەرج لای ئەو دەبینین بۆ ئەو پادشا تازەیەی هیوای هاتنیەتی[٣٨]. لای ئەو وێنەی کاربەدەستی تازە دەبینین لە چەند شوێنیتردا[٣٩]. هیوای ئەوەیە وولاتەکـەی پادشـایەکی ببێـت بـاوەش بـۆ



مه کتەبی بیر و هۆشیاری

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بیرو ووشە بکاتەوەو گوێ لەشیعرو دیوانو حیکمەت بگرێت ئەمەشمان لەباسی هەڵوێستی خانی لەمەسەلەی نەتەوەیی کورددا باسکردو دەتوانین لێرەدا ئەوە زیاد بکەین، کە ئاواتی خانی لەجوغزی وەسفی دوو فەیلەسووف دەرناچێ کە کاریانتێکردووەو ئاواتی کاربە دەستی عادلیان هەبووە، کارتێکردنی ئەوان لەم بارەیەوە ئاشکرایە، فارابی لای وایە کە پادشای خاوەن فەزڵ (فاضل دەبێ فەیلەسووفو خاوەن حیکمەت بێت)[٤٠].

ئیفلاتوون لەکتێبی "کۆمار"دا دەڵێ ناتوانین کلۆڵی دەوڵەتانو کاربەدەستانو نەگبەتیی بەرەی ئینسان نەهێڵین تا فەیلەسووفان نەبنە کاربەدەست یا پادشاکانو کاربەدەستان دەستنەدەنە فەلسەفە واتە فەلسەفەیەکی راستی تەواو، واتە ئەگەر ئەم دوو هێزە یەکنەگرن، مەبەست سیاسیو فەلسەفییە لەتاقە کەسێکدا[٤١]. بەڵکو خانی بەزمانی زینەوە لەدووا وەسێتیدا بۆی، نەخشەیەك بۆ براکەی دەکێشێ ئەو وێنەیەی تێدایە کە لای وایە دەبێ میر لەسەری برِواو بە زمان زینەوە داوا دەکات میر هەموو ئەوانە بەناوی ئەوەوە بنووسێو بیانکات بە جیازیی بووك. ئەمەش دیمەنێکی شاعیرانەی زیرەکانەیە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە بدرێنە پاڵ زینو نەدرێنە پاڵ کاکی:

ئەی مائیلی خەیر بی موکافات
وەی بازیلی مەقسەدو مرادات
حەتتا ڤەکە سالەکی تەمامی
هەندێ کو تەلەف دکەی تەعامی
هەندێ کو ب دەر ددەی لیباسان
هەندێ ڤەدخوونی عام وخاسان
هەندێ کو ب کرِ دکەی قوماشان
هەندێ کو بلاڤ دکەی مەعاشان
هەر رۆژ ب نییەتا غەزایی



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەندێ کو گەلەک دکەی عەتایی
هەندێ وەکو تو ل تەخت روونی
هەر رۆژ کو جندیان ڤەخوونی
هەندێ کو تەهی دکەی خەزینان
هەندێ وەکو شادکەی حەزینان
هەندێ کو غەنی دکەی فەقیران
هەندێ کو رەها دکەی ئەسیران
هەندێ دحکوومەتی خەبەر دەی
هەندێ وەکو گرتیان توبەردەی
هەندێ کو ژ بۆ خۆرا دکەی خەرج
هەرچی دخەزینیان دکەی دەرج
قەهرا وەکو دوشمنان دکەت دەفع
زەجرا وەکو زاڵمان دکەت رەفع
عەدلا کوژ بۆ خودێ تو خاص کەی
مەزلووم ژ زاڵمان خەلاس کەی
سازی کود چەنگیدا[٤٢] دبێژی
خوونا ژ موخالیفان درێژی
حەتتا خورەکی صەیی شکاری
حەتتا عەلەفی کەری د باری[٤٣]
شاهم ل تەبێ وەسییەتا من
وان سەرف بکە بە نیەتا من[٤٤]
مەفکر د حەقیقەتو مەجازی
بنڤیسە ل دەفتەرا جیهازی[٤٥]

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**دا فەخر بکەم ل پێش زاڤی**
**شەرمەند نەبم دوەڤت و گاڤی**
**هەر چەند کومن قەوی درێژ کر**
**پڕبیێژیە وی چرا مەبێژکر**
**گۆڕێ تەمە مەقسەدا مەدوورە**
**دوور بەت ژ تە مەرقەدا مەکوورە**
**لەو هەندە قەدر دبێم ب دیقەت**
**دابێتە دلێ تەرەحمو ریقەت**
**دەرحەق منو مەمێ نەکی عار**
**گاڤا دمرت مەمێ بریندار**(٤٦)

پاشان زین وەسێت دەکات کە لەگەڵ مەمدا بنێژرێت، لەم وەسێتەشدا وێنەیەکی ئەوەی تیدایە کە خانی دەیەوێ بەمیری بڵێت، چونکە گومانی لەوەدا هەیە کە میر ئەو کارە بکات ئەگەر ئەم تاوە پڕ لەهەستە (عاتیفی)یە نەبێت کە پاش مردنی خوشکی پێیدا رادەبوورێ.

خانی کە باوەڕی بە نەمانی ئەو زوڵمە هەیە کە خاوەنیشی دەگرێتەوە ئەگەر لەسنووری خۆی دەرچوو. هەر ئەویشە لەگزنگێکی شاعیرانەدا بە زمانی ستیو زینەوە لەسەرەتاکانی داستانەکەدا کە بە جوانییان خەڵك شێت دەکەن دەڵێت:

**ئاخر کو ژ حەدێ چوویە دەر جوور**
**جەورێ لمە عاقیبەت نەما دوور**(٤٧)

خانی لەپاڵ ئەم هەموو بڕیارە بابەتیانەدا بەسەر حاکماندا، لەفەسلەکانی دوواییدا هاوار دەکات، بەئاشکرا دەریدەخا کە هیچ مەبەسێکی شەخسیی لای میرەکان نەبووە، بەڵکو هەرگیز خۆی لەمیرەکان نزیك ناخاتەوەو بە سووك کردنی سۆفییەکو



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

تێکۆشەرێکەوە سەیریان دەکاتو بە زمانی مەمی قارەمانییەوە کە بانگیانکردووە پاش لێبوردن بچێتە لای میر دەڵێ:

**ئەز ناچمە حەزرەتا چو میران**
**ئەز نابمە بەندەیێ ئەسیران**
**ئەڤ میرو وەزیریا مەجازی**
**ئەڤ شەعبدەو خەیاڵو بازی**
**بیلجوملە بە تاڵو بێ بەقانە**
**بێ عاقیبەتن هەمی فەنانە**
**میرێ کو مرن هەبەت نەمیرە**
**مەعزوولی هەبەت ئەوی ئەسیرە**
**ئەم چوونە حوزووری میری میران**
**وی حاکمی حاکمو فەقیران**
**شاهنشەهی میرو پادشاهان**
**بەخشندەیی توهمەتا گوناهان**(٤٨)

لەم کۆتاییە سۆفیانەیەدا هەر خوا بە تەنیا بە پادشایەکی باقی دەزانێ:

**ئەو میر حەکیمە زولجەلالە**
**بێ عەزلو تەغەیوڕو زەوالە**(٤٩)

ئەمەش کۆتایی رای خانییە لەبارەی کار بەدەستو میرانەوەو هاواری سۆفییەکە داوای دوورکەوتنەوە بکات لەخۆیانو ژەهریان(٥٠)

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

**٣ـ پاره:**

لەباسێکی پێشوودا دیمان خانی بە گزنگی شاعیرانەی‌و باسکردنی پارە شتێکمان دەداتە دەست بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ئابووریی کوردەواریی دەزانین‌و بەئەنجام دەبنە رەنگدانەوەی گۆڕینی کۆمەڵایەتی‌و بیر.

ئەگەر ئەنالیزەکانمان لەشت پیشاندانەکانی ئەوەوە وەرگیرابێ‌و خانی خۆی نەیویستبێ ئەم گۆڕینانە شەرح بکات ئەوەندەی وێنەی گۆڕینەکان بەسەر گزنگەکانیدا سەر بکات‌و باسکردنی لەپارە هەڵوێستێکی خوو رەوشتی ئەو تۆیە کە ناتوانین بایەخی پێنەدەین ئەو وێنەیەی خانی بۆ چەرخی خۆیی رەنگ کردووە خراوەتە کونجی کزیی بازاڕی ئەدەبیات‌و توورەکەی پارە بوون بە خۆشەویستی‌و دڵداری هەمووان‌و عاشقی خۆیان بەجۆرێك هەیە کە کەس زانست‌و حیکمەت بە پوولێك ناکرێ‌و کەسیش نیزامی بەخزمەتکارو مەیتەر راناگرێت[٥١] ئەگەر ئەم وێنەیە ئاوێنەی ماوەی گردەوەبوونی پارەو سەرەتای گوێزانەوە بەرەو سەرمایەداری بێت لەکۆمەڵدا وەك لەمەوە پێش باسمانکرد، ئەوا هەڵوێستی رەوشت لای خانی بەرامبەر بەم دیاردەیە هەڵوێستی بە بەد زانین‌و گاڵتە پێکردنەو هەڵوێستی کەسێکە دڵی (فێڵی قبووڵ نەکرد بێ)و بۆ غەرەزیا مەبەس نەبووبێ بەهۆ[٥٢]و رازی بوونە بە پلەی مسگەرو تەماع نەکردنە دینارە[٥٣].

ئەم رادەرخستنە هەڵوێستی رەوشت نوێنە ئەگەر پارەو دینار بە ماناکەی بازاڕی لێك بدەینەوە یا وەك پارە سەیریان بکەین یا بە مانا مەعنەوییەکەی کە ئارەزووی گەیشتنە پلەو پایەی گەورەیە بە جۆرێك کە ویژدانی شاعیر پێی رازی نییە.

خانی هەڵوێستی رەوشت نوێنی خۆی لەبارەی پارەوە، بەوە دەردەخات کە حیکمەتێك پیشان ئەدات ئەوەی پاش رووداوەکانی داستانەکەی هەموو فەسڵێك پیشانی داوە. لەوەدا کە تاژدین پەنا دەباتە بەر سووتاندنی ماڵ‌و موڵك‌و جەواهیر بۆ رزگارکردنی "مەم‌و زین" لەئەنجامی خراپ کاتێ میرو دەست‌و پێوەند دێن بەسەریاندا بۆ ئەوەی





مه کته‌بی بیروهۆشیاری

لەباخەکەدا میر پێکەوە نەیانبینێ خانی حیکمەتێك دەکات بە ئەنجام کە روانینە ماڵ‌و پارەی لای ئەو تێدا دیارە:ـ

مالی مەحوبێن تو ئەی نیکۆ نام
حوبیا وی دکت مرۆڤی بە دنام
زینهار تو مەبەلمال حارس
لەورا کو دبەن ژ دەست تەوارس
جەمعاوی ژ بۆ تەباری زەحمەت
تەرکاوی ژ بۆ تەناری حەسرەت
رۆژا بچی پێش دەست باری
دەست تەژ گەنج‌و ما ل عاری
ئەڤ جەننەت‌و ئەڤ قماش دیدار
ئەی موفلیسی ئاخرەت خریدار
کەنگی ژ تەرا دبن مویەسەر
دی بێژنە تەموفلیس‌و هەرە دەر
رەه شوبهەتی وی جیهانی فانی
مفت نادەن تەپارەیەک ژنانی
مالی مەدە وارسان تومەجان
گەر دی تەبڤی هەساییا جان
واریس ژ تەراکفن بە هائی
حەتتا نەکرن ددەن هەسائی
هێژا کوخۆشی تەلەف بکە مال
بیلجوملە بدە بە حوسنی ئەعمال
یان سەرف بکە میسالی تاژدین

* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**پـێ ناڤ ئەبەد ژ بوە خوەبستین**

**یان پـێ بگـرە تو یارەکـی قنج**

**ئەو چێترە ژ بۆ تەرا ژ سەد گـەنج**(٥٤)

ئەم هەڵوێستەی خانی لەپاڵ ئەوەی دیتنی تاقە کەس‌و هەڵوێستی رەوشتی تێدایـە، لـەو لاشەوە بە پێوەندی یەکی بەتین بەسـتراوە بەهەڵوێـستییەوە وەك موتەسـەوفێك لەژیانـداو بایەخ نەدانی بەخۆشیی ژیان. دەتوانین ئەمەش بخەینە سەر ئەدەبیاتی سۆفیان لای خـانی کە لەبەشێکیتردا دێینە سەری.

## ٤ ـ خزمایەتی:

بەئاشکرا دیمەنەکانی ئەو چەرخەمان دەرخست کـە خـانی تێیـدا ژیـاوە، کـە چـەرخی لووتکەی رژێمی دەرەبەگی‌و دەرکەوتنی چـەکەرەی بەرهـەمی کەلوپـەلی سـەرمایەدارییە. هاتنە خوارەوەی دەرەبەگی لەهێڵی سەرکەوتووی خۆی کەمبوونەوەی پێوەندیی تیرەگەریی (پەتریالکالی)و گەشەسەندنی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی تازەی لەگەڵدایە کـە لەکۆمـەڵی پیشەسازیی بەرەو پێشچوودا گرد نابنەوە. بەڵام بایەخەکانی کۆمەڵی تازەو بایەخـەکانی رەوشت تێیدا کە بەرە بەرە دروست دەبن. ئەمە پەلی تـەواو ناکێـشی پـاش دروسـتبوونی ژێرخانـە ئابوورییەکـە نـەبێت ئـەویش بـە ماوەیـەك کـە کـەم نییـە. بـەڵام ئەمـە رێگـەی لەبیرکردنەوە لەو پێوەندی یانەو بانگەشە بـۆ کردنـی لەبیرکـەرەوەو رابـەرەکان نـەگرتووە، ئەمەش بەڵگەی بەیەکدا چوونی دیالێکتیکییە لەنێوان تێکەڵبوون‌و کارکردنە سەریەکی نێوان ژێرخانی ئابووری‌و سەرخانی کۆمـەڵدا. لێرەوە دەبیـنین خـانی وەك خـاوەن بیرانـیتر هەڵوێستێکی بەرامبەر بەپێوەندیی خزمایەتیی تیرەیی هەیە، لەگـەڵ واقیعـی پێوەنـدیی بەرهەمهێنان لەکوردەواریی رۆژانی ئەودا لەگەڵ مانەوەی پێوەندیی تیرەیی ناگونجێ کـە بە دووای بەڵگەدا گەڕان‌و نموونەی لەناو کتێبەکانی مێژوودا زەحمەت نییە.

تاژدین مـەمی دۆسـتیی لەهـەموو خزمـەکانی (لـەبراو بـاوك‌و مـام)(٥٥) لەپێـشترە، خـانیش لەبـەبرا بـوونی ئـەو دوو کەسـەی داسـتانەکەیدا حیکمـەتێکی قـووڵی برایـەتی



* * *

(لـەدنیاو ئـەو دنیـادا)(٥٦) بـەدی دەکـات. هـەر وەك کۆڵەکـەکانی برایـەتی‌و ئەندێـشە لەپێناویدا دەبینێ(٥٧). کە دەتوانین بە وێنەیەکی برایەتی لای سۆفیانی ببینین.

خانی ئەوە پیشاندەدا کە مەمیشی لەدڵسۆزییدا بەرامبـەر بـە تـاژدین لـەبراو بـاوك‌و مام(٥٨) چاکتر بوو، لەشوێنێکیتردا ئەوە رەت دەکاتەوە کە پێوەندیی خزمایەتی هاوشانی برایی‌و دۆستایەتی بێت، بـەڵکو گـوێش ناداتـە، ئـەوەی کـە دەسـت لـەبراو خزمـی بـێ ئەمەك هەڵگرێ، کـە ئەمـە لەگـەڵ بینینـی تـیرە گەریـدا رێـك ناکـەوێ، بـەڵکو هـەموو دۆستێکی دڵسۆز لەم خزمانە بە باشتر دەزانێ، ئەمەش ئەنجامی بینینی دڵسۆزیی مەمە بەرامبەر بە تاژدینی دۆستی لەرۆژی ژن هێنانیدا:

**یارەک تە هەبەت مەگەر وە بێتن**

**گەردی وەنەبەت مەگەر نەبێتن**

**یارێ ب تەرا بتن موافیق**

**سەد خزمی د خائین‌و موناقیق**

**قوربان بکە قەت مەبـێ مەخابن**

**چ دکی ب کەسان کو بـێ وەفابن**

**قوربان بکە قەت مەبێژە کینە**

**بـێ کیرە برا ئەگەر بکینە**

**یاری تەژ بۆ تەرا برایە**

**هەم چاڤە ژ بۆ تەهەم چرایە**(٥٩)

## ٥ـ دادی کۆمەڵایەتی:

زۆر زەحمەتە ئەو سەرەتایە بدۆزیتەوە کە لەچوارچێوەی نووسراودا ئارەزووی ئینسان بۆ پایەدار بوونی تێدا دیار بێت. بەڵام هەرگیز کۆسپ نابینین کە تێکستی ئەوتۆ بدۆزینەوە ببرێتەوە سەر زەمانی زۆر کۆن‌و چیرۆکی بیری ئـارەزووی ئینـسان بگێڕێتـەوە بـۆ خـستنە

* * *

گۆڕی زوڵم‌و جیاوازیی کۆمەڵایەتی، لەوێنە ساکارەکانییەوە تا دەگاتە ئەو بیرو باوەڕەوە فەلسەفی‌و ئابوورییەی بەپراکتیك دادی کۆمەڵایەتیی هێناوەتە دی.

تێکستی ئاشکرا لە (مەم‌و زین)دا بەشداریی خانیمان وەك خاوەن بیرێکی خاوەن باوەڕ بە ئینسان‌و ئاواتە بەرزەکانی لەمەسەلەی دادی کۆمەڵایەتی‌و ئارەزووی نەهێشتنی چەوساندنەوەی ئینسان بۆ ئینسان پیشان دەدەن.

ئەو تێکستانەی بۆ دەرخستنی بیری چینایەتیی خانی‌و روانینە کاربەدەستان پیشانمان دان وێنەی بەشێکن لەم بەشدارییەو تێکستێکیتر هەیە ئارەزووی خانی لەنەهێشتنی زوڵم‌و هەژاری‌و هێنانە دیی دادو چوونیەکی لەوێنەیەکی خەیاڵییدا دەردەخەن کە توباوی یەکان لەو شاعیرانەی ئاواتی روخساری سادەیان هەبووە بۆ نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی‌و دامەزراندنی سۆشیالیزم.

خانی لەوێنەکێشانی شایی ستی‌و تاژدیندا تابلۆیەکی ئەتنۆگرافیمان پیشان دەدات کە بەو وێنەیەی لەشایی کوردەواریدا دەیبینین کۆتایی دێت، ئەویش پارەو شیرینی‌و شتیتر بەسەر کەژاوەکەو شایی کەراندا هەڵدانە. کە خانی دەیەوێ ئەو شتانەی هەڵدراون بباتە پلەی زاواو بووك‌و دەوڵەمەندییان ئەوە بەو وێنەیە ئاواتی خۆی دەردەخات بۆ دابەشکردنی سامان تا لەکۆمەڵدا رووت‌و برسی‌و هەژار نەمێنێ:

تا ژدین بخوە بوویە پادشاهەک
مەم ژی ل تەنیشت شوبهی ماهەک
روونیشتی د شاهنشینی عالی
جەمعەک ژ ئەکابیران حەوالی
رابوون ل تەفەڕوحی ڤەوەستان
وان جوملە تەبەق د هەردو دەستان
مانەندی تیباقی ئاسمانی
یاقووت‌و زمورِودێد دکانی



* * *

رهتن تەبەقا دوی نیساری
ژووردا ل عەمارەیا نیگاری
ئەمما تەبەقێد وان هەمی پڕ
زیڤ‌و وەرەق‌و جەواهیرو دوڕ
یەغماگەر گەنج بوون ماشا
خێزان هەمی بوونە میرو پاشا
سەد جار ل هێڤیا حەریسان
خاریج ژ جڤاندنا خەسیسان
قاسید ژ کەرامەتا کەریمان
زائید ژ خودانیا لەئیمان
خێزان‌و گەدا غەنیی‌و زەنگین
شادان‌و حەزین شادو غەمگین
ئیدی نەدبوون ژ هەڤ موشەخەس
تە دگو هەمی میرکرن موڕەخەس
تێکدا دمناسیب‌و موافیق
ڤێکرا دموسافیح‌و موعانیق
حاسڵ کو ژمەقدەما سەرامەست
بوون ئەو دەروبان‌و سەرامەست(٦٠)

زیادلەوەی لێرەدا دەیبینین لەدووبارەکردنەوەی بیری فارابی بۆ توانای بەجێهێنانی بەختیاری لەسەر زەویدا(٦١). ئەم دێرانەی خانی تێگەیشتنێکی زیرەکانەیان تێدایە لەو واقیعی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی بەدادی کۆمەڵایەتی‌و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی لەکۆمەڵدا دێتە دی. لەڕاستیدا ئەم چوونیەکیی کۆمەڵایەتییە کە برایەتیی راستەقینە لەنێوان کوڕانی کۆمەڵدا بەدی دەهێنێ. خانی هەموو کات ئاواتی کۆکردنەوەی چینە

* * *

جیاكانی كۆمەڵی هەبووە لەخۆشیو ناخۆشیدا، وەك لەزۆر نموونەی جیادا دیومانە، ئەگەر شاعیر (شاعیرانو فەقیران)ی یەكخستبێ لەبەر پرسیار نەبووندا لەسەر شۆڕی بۆ داگیركەراندا، دیارە وەك دەرئەكەوێ نەیویستووە شاعیرانو فەقیران لەگەڵ ئەو قوتبی سالیبەدا یەكخات كە لەكۆمەڵدا لەڕیزی پێچەوانەی ئەواندا لەسەر خوانی جیاوازیی سامانو گوزەراندان، بەڵكو دەیەوێ بەم وێنە دەربڕە لەسەر سینیی پەرشو بڵاوی ئەو سامانە بەشكراوە كۆیان بكاتەوە كە جیاوازی لەنێوان كڵۆڵانو دەوڵەمەنداندا بەجۆرە توباوییە ناهێڵێ كە لەسەردەمی خانیدا ناتوانێ ببێتە ئاوێنەی دووركەوتنەوە لەچاری شۆڕشگێریو پەنابردنەبەر یەتۆبیزم (توباویەت)ێكی دوور لەواقیع، بەڵكو بۆ ئەو دەبێتە ئاوێنەی خواستێكی مەردانە كە لەئەدەبیاتی كلاسیكیی جیهاندا بۆ چارەكردنی كارەساتی ئینسانو نەهێشتنی چەوساندنەوە دەیبینین، هەر وەك ئاوێنەی بەشێكە لەخواستی سۆفیانەی دوژمن بە دەوڵەمەندانو خوا پێداوان كە لەفەسڵەكانی دوایی خانیدا دەردەكەون. بە هەموو حاڵ ئەم دێڕانەی خانی دەچنە سەر ئەوەی لای بابە تایەری هەمەدانی دیوومانە لەخواستی مەردانەی چوون یەكیی ئینسان(٦٢)، لەگەڵ یەكیشدا دەبنە سەرەتایەكی ساكارو مەردانەی بیری سۆشیالیزمی كورد لەگەڵ بیری سۆشیالیزمی زانستیی جیهاندا بەیەكدا دەچنو تێكەڵ دەبن.



* * *

## پەراوێزەكان

١ـ مەمو زین، ل ٣٢.
٢ـ مەمو زین، ل ٤٧، ٤٨.
٣ـ مەمو زین، ل ٤٨.
٤ـ مەمو زین، ل٥٠.
٥ـ مەمو زین، ل ل ٨٦.
٦ـ مەمو زین، ل ١٧.
٧ـ مەمو زین، ل ١٧٦.
٨ـ مەمو زین، ل ٧٨.
٩ـ مەمو زین، ل ١٤٧.
١٠ـ مەمو زین، ل ١٤٧.
١١ـ مەمو زین، ل ١٤٧.
١٢ـ مەمو زین، ل ٧١.
١٣ـ مەمو زین، ل ١٤١.
١٤ـ مەمو زین، ل ١١٨.
١٥ـ مەمو زین، ل ٩٧.
١٦ـ گلستان سعدی، موسكو. ١٩٥٩، ص ١٢٢ـ ٢٠٣.
١٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ص ٣١ـ ١٢١.
١٨ـ مەمی ئالان، شام، ١٩٥٨، ص٣.
١٩ـ مەمو زین، ل ٣٢.
٢٠ـ مەمو زین، ل ١٠٠.
٢١ـ مەمو زین، ل ١٣٥.
٢٢ـ مەمو زین، ل ١٥٣، ١٥٤.
٢٣ـ مەبەستی میر زەینەدینو بەكرە.
٢٤ـ "گزیر"ە كە بەمانای كوێخاشو وەزیریش دێ.

* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

٢٥ـ مەمو زین، ل١٥٤.

٢٦ـ ووتەكەی ئەو شەربەتی خۆش.

٢٧ـ مەمو زین، ل ١٥٠، ١٥١.

٢٨ـ مەمو زین، ل ١٥١.

٢٩ـ خوا.

٣٠ـ مەمو زین، ل ١٩٧.

٣١ـ مەمو زین، ل ٤٩.

٣٢ـ مكرم الطالباني. "أية ثقافة نريدها للشعب الكردي". "مجلة "الثقافة الجديدة" عدد ١٩. تشرين الثانی ١٩٧٠، ص ٢٥.

٣٣ـ مەمو زین، ل ٤٤، ٤٥.

٣٤ـ مەمو زین، ل ٧٩.

٣٥ـ مەمو زین، ل ٣٨.

٣٦ـ مەمو زین، ل ٣٨.

٣٧ـ مەمو زین، ل ١٣٩.

٣٨ـ مەمو زین، ل ٣٥. بڕوانە: باسی خانیو مەسەلەی نەتەوەیی.

٣٩ـ مەمو زین، ل ١٥٤.

٤٠ـ أبو نصر الفارابی. كتاب الملة ونصوص أخری، حققها وقدم لها وعلق عليها محسن مهدی، بيروت {؟} ص ٥٦.

٤١ـ إفلاطون. الجمهورية. ترجمة الشيخ حنا خباز. {؟}.

٤٢ـ چنگ یاجنگك: ئامێرێكی مۆسیقای ژێیە لەنیوەی دووەمی چەرخی (وركاو)ەوە (٣٠٠٠ـ ٢٨٠٠پ. م)ەوە هەیە. بەزمانەكانی ئەوروپا (هارپ)ی پێ دەڵێن (بڕوانە. الدكتور صبحی أنور رشيد. تأريخ الآلات الموسيقية في العراق القديم ط١. بيروت ١٩٧٠. ص ١٣، ٨٧.

٤٣ـ بە ووتەی ئەو (كەری باری) ـ یا بلێین رەشەو وولاخیش دەبێ.

٤٤ـ لەپێناوی ئەودا.

٤٥ـ جیازی بووك. ئەو كە لوپەلەی بووك لەماڵی باوكییەوە دەیبات.

٤٦ـ مەمو زین، ل ١٦٣، ١٦٤.

٤٧ـ مەمو زین، ل ٩٥.



* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

٤٨ـ مەمو زین، ل ١٧٠.

٤٩ـ ئەو سەرچاوەیە.

٥٠ـ فەقێی تەیران لەم بارەیەوە پێش خانی كەوتووەو ووتویەتی:

ئەز ناچمە دیوانا میرا

ئەز نابمە شاروریێ كۆچكو وەزیرا.

بڕوانە: ئارامی چەچان. گوڵ بەهار. یەریڤان: ل٧. هەروەها بڕوانە ئەو ووتارەی نووسەر لەبارەی فەقێی تەیران لەگۆڤاری كۆلێجی ئەدەبیاتدا ژمارە ١٥. بەغداد ١٩٧١ـ ١٩٧٢ بڵاوكراوەتەوەو دووایی چۆتە كتێبی (شیعری كوردی، ژیانو بەرهەمی شاعیرانی) هەر لەبارەی ئەوەوە بڕوانە كتێبی نووسەر "الواقعية في الأدب الكردي". بيروت ١٩٦٦، ص ٦٣، ١٤.

٥١ـ مەمو زین، ل ٣٦.

٥٢ـ مەمو زین، ل ٣٦.

٥٣ـ مەمو زین، ل ۆ٣٦.

٥٤ـ مەمو زین، ل ١٣١، ١٣٢.

٥٥ـ مەمو زین، ل ٥٠.

٥٦ـ ٥٧ـ مەمو زین، ل ٥١.

٥٨ـ مەمو زین، ل ٥٠.

٥٩ـ مەمو زین، ل ٩٤.

٦٠ـ مەمو زین، ل ٨٦، ٨٧.

٦١ـ الفارابی، كتاب الجمع بين رأی الحكيمين، مصر ١٩٠٧. ص ٦٥.

٦٢ـ سەیری كتێبی نووسەر الواقعية في الأدب الكردي. بيروت ١٩٦٦، ص ٥٩ ـ ٦٢ بكە.

* * *

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

# وێنەی ئەتنۆگرافیی کورد لەمەم و زینی خانیدا

ئەتنۆگرافیا بووە بەزانستێك چەند لێکۆڵینەوەی قووڵو زۆری بۆ تەرخان دەکرێتو ئەتنۆگرافییەکان روو دەکەنە خوو رەوشتو رێو شوێنی میللیو دەیانکەن بەکەرەسەی لێکۆڵینەوەو رۆژهەڵاتناسەکان لەپاڵ چەند لێکۆڵینەوەیاندا لەبارەی ژیانی کوردو ئەفراندنی کورددا روویانکردۆتە دابو نەریتی کورد، هەندێکیان پەنایان بردۆتە بەر زانایانی کورد بۆ ئەوەی شتێکیان لەبارەی ئەم دابو نەریتەوە بۆ تۆمار بکەن. دیارترینی ئەمانە رۆژهەڵاتناسی رووس ئەلیکسەندەر ژابا بوو کە پەنا یبردە بەر زانای کورد مەلا مەحموودی بایەزیدی تا لەتۆمارکردنی کەرەسەی ئەتنوگرافیدا یارمەتیی بدات، وەك لەهەندێ مەسەلەیتردا یارمەتیی دابوو [1] دەتوانین ناوی چەند کتێب لەمەیدانی رۆژهەڵاتناسیدا بنووسین کە بایەخیان بە ئەنتوگرافیای کورد داوە، بەڵام ئەم کتێبانە لەمەودای خۆیدا لەسەدەی نۆزدەهەم یا ئەوپەڕەکەی سەدەی هەژدەهەم تێناپەڕێ،



* * *

لێرەوە دەبینین کە هەندێ وێنەی ئەتنۆگرافی لە (مەمو زین)ی خانیدا گرنگییەکی گەورەی لەمەیدانی ئەم لێکۆڵینەوانەدا هەیە.

خانی چەند وێنەیەکی داوینێ کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی دەست دەدەنو دەشێ ئەم وێنانە تەنیا سروشتی ئەدەبییان هەبێت، با مەودای خەیاڵی شاعیر بن، ئەگەر دڵنیا بوونی خانی نەبێت لەسەر ئەوەی کە لەکۆتایی وێنەکانیدا دەڵێ: ئەمە لەوساوە بوو بە عادەتێك لەجزیرەی بۆتان، واتە لەزەمانی مەمو زینەوە، وەك ئەوە لەدوو تابلۆی شایی[2] و ماتەمدا[3] دەبینینو ئەمجۆرە دڵنیا بوونە دەمانباتە سەر ئەنجامێکی لۆجیکی کە ئەم دابو نەریتانەی خانی بە قەڵەمی شاعیرێك وێنەیانی بەخشیووە، بەلای کەمەوە لەرۆژانی خۆیدا لەجزیرە هەبوون. ئەگەر بەدەیان ساڵ یا چەند چەرخ پێش خۆیشی نەبووبن.

ئەوەی لەم باسەدا لامان گرنگە ئەوەیە کە کەرەسەیەکی تازە بخەینە بەردەم ئەوانەی بەلێکۆڵینەوەی ئەنتۆگرافیاوە خەریکنو تا ئێستا لایان دیار نەبوو، ئەوەش بە دانانی وێنەکانی خانیدا لەشوێنێکی بەرزداو بەلادانی پەردە لەسەری رەواندنەوەی ئەو تەمانەی بە چەند هۆوە دەورەی لایەنەکانی بیرییدا بوو، یەکێك لەوانە دەسەڵات نەبوونی ئەوانەیە کە بایەخ بە باسی جیاواز دەدەن لەتێگەیشتنی تێکستی (مەمو زین)ی خانیدا، بەهۆی ئەو شەقڵانەی زمانەوە کە بەسەر تێکستی شیعرەکە خۆیدا چەسپیوە، ئەم ئەرکەش زۆر قووڵبوونەوەمان بەسەردا نادا، بەڵکو دەبێ بگەینە سەر وێنەکە خۆیو دەریبخەینو وەریبگرین، ئەوەش لەخۆیدا ئەرك بەجێهێنانە لەبەرئەوە تەنیا بە پیشاندانو وەرگێڕان (مەبەس بۆ عەرەبییەکەیە ـ ع) لەمەیدانی ئەو نەریتو خوانەدا کە لە(مەمو زین)ی خانیدا هەن وازدەهێنین.

### ١ـ شایی ـ زەماوەند:

وەسفی شاییو زەماوەند لای خانی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە زینو ستی بە دایەنە پیرەکەیانیان ووت مەمو تاژدین بانگ بکات بۆ خوازبێنییان، خانیش ئەمجۆرە بانگکردنە

* * *

بەڕەوشـتێكی ئاسـایی نازانـێ، بـەڵكو بەشـتێكی تایبـەتی دەزانـی لـەنێوان ئـەو دوو خۆشەویستەدا كە بە دایەنە دەڵێت:

**رابە هەڕە زوو بە بێژە تاژدین**
**گەردی تەستی بڤێ مەمی زین**
**مزگین ژوەرا مەهوون قبووڵێ**
**ئەم ژی ژوە زێدەتر مەلوولن**
**عەشقا وە جلەو ژمە رەڤایە**
**مانیع لمە پەردەیا حەیایە**
**ئەو پەردە ژ بۆ وەرا عەدیمە**
**بـێ پەردە ژ بۆ وەرا قەدیمە**
**خوازگێنی وەسایت‌و وەسیلە**
**هەرچی كوژبال وەبن جەمیلە**
**ئەڤڕەنگە بە بێژەوان حەبیبان**
**مەجمووعی مەوالی[٤] و خەتیبان**
**هەندەك ژ وەرا ببن رجاچی**
**هەندەك ژ مەرا ببن دوعاچی**
**بەڵكە كربت خودێ موقەدەر**
**وەسڵەمەو وەببت مویەسەر[٥]**

پـاش چـەند پێـشەكیی ئـەدەبی بـۆ فەسـڵێكی تـازە خـانی بـە باسـی خـوازبێنی دەستپێدەكات‌و وێنەیەكی ئاشكرای ئەو نەریتە دەكات كە ئەوسا بـاو بـووە، ئەگـەر لای هەمـوو خەڵكیش نەبـێ، ئەوە لای چینی ژووررووی كۆمەڵ:

**گاڤا كو ئەوان بهیست مزگین**
**هایدان بتبائی خەلق‌و خوازگین**



* * *

**هەندەك عولەماو هەن دعادل**
**هەندەك ئومەراو هەن دجاهیل**
**رابوو نەڤە جوملە چوونەنك میر**
**ئەڤرەنگەكرن قەزیە تەقریر**
**كای والیی مولك‌و مال‌و دەولەت**
**وەی حامیی داد‌و دین‌و دەولەت**
**توسایەیی لوتفی كرد گاری**
**ئیرۆ لمە شاهو خوندەكاری[٦]**
**شاهی نەزەرا تەكیمیایە**
**ماهی ئەسەرا تەپڕ زیایە**
**هەرچی تەڤەخوندی ئەو عەزیزە**
**هەرچی تە نەخوندی بـێ تەمییزە**
**هەرچی تەكرە چراغ‌و گەش كر**
**گەر حالە خراپەژی تەخۆش كر**
**تا ژدین ئەگەر چەمیرزایە[٧]**
**نیسبەت بتە بەندەیە گەدایە**
**هاتین كو ژدل بكەین دوعانی**
**فیلجوملە ژ تە دكەین رجائی**
**تاژ دین ستی ژتە دخوازەت**
**ئەو قول ب چراغی دنازەت**
**ئەو بەندەیەوی بگێڕە ئازاد**
**زێبەندەیە وی بدێرە داماد**
**میرگو كو هەچی وە دیتی لائیف**

* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**ئەلبەتە ژ بۆ مەرانە فائیق**
**عیقدا ستی مەکر ل تاژدین**
**ئیجابە، ئەڤەقبووله ئامین**
**هەرچی کو وەکیله بیتو روونت**
**مەولا کییه خوتبەیی بخوێنەت**
**فیلحال چەکو بەزیە پێ میر**
**تەقبیل کرو قبوولو تەقریر**
**مەجمووعی مەلاو شێخو میران**
**ئاغاو ئەکابیرو فەقیران**
**ڤێکرا ب دەڤی خو، وان سەناکر**
**تێکدا ب دلی خوه وان دەعاکر**[٨]

لەم وێنەیەدا، باسێبەرێکی ئەدەبیشی بەسەردا هاتبێ وێنەیەکی ئەو نەریتو رێبازەی تێدایە کە تا سالآنێکی نزیك لەکوردستاندا هەبوو و هێشتا لەهەندێ ناوچەو ناوەنددا هەیە، لەوانە کۆکردنەوەی خوازبێنیکەر لەتوێژی جیاجیا مەلا یا ئەو کەسانەی لەقسەکردندا زمانیان دەسوورێ، پێشیان دەکەون، پاشان روو دەکەنە ئەو کەسەی دەبێ خوازبێنی کچەکەی لێ بکرێت بەو پەڕی رێزەوە بەکەمێك زیادە پێوە نانەوە ئەگەر میر بێت یافەقیرو بۆ تەوازووع خوازبێنی بۆ کراو بچووك دەکرێتەوەو مەسەلە بە قبوولو بەجێهێنانی ئەوەی لەتوانادایە لەمەراسیمی شەرعیو (ئیجابو قبوولو تەقریر) کۆتایی دێتو ئەوسا لەلایەن وەکیل یا برای خوازبێنیکەرەوە دەست ماچ دەکرێت.

هەر لەم وێنەیەدا ناوبردنێکی (ستی)یو خوازبێنیکردنێکی تێدایە لەکاتێکدا خوازبێنیکەران وا راهاتوون کە ناوی کچەکە لەبەردەمی خوازبێنی لێکراودا بە (گوڵێك لەباختدا) بهێنن، رەنگە ئەم ناوبردنەش بۆ جیاکردنەوەی ستی بێت لەزین پاش ئەم وێنەیەش خانی شایی ستیو تا ژدین یەکسەر دەنوێنیو میر یەکسەر رێگە بەوە دەدات.



* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**میر گوو بقوطن دەفو رەبابان**
**بینن هەمی شەربەتو شەرابان**[٩]
**دابزمکە شادمانە دانین**
**ئیرۆهە کو سوبحە ئەم نەزانین**[١٠]

خانی بە زمانی میرەوە دەچێتە سەر وێنەی ژیانو ناکۆکییەکانی کە لەفەسڵێکیتردا باسی دەکەین، هەر بەوە بیانوو بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە رووی کردۆتە شادی، پاشان خانی وێنەی دڵسۆزیی تاژدین بۆ ئەو پیشان دەداتو پێویستیی هەوڵدان لەپێناویدا بەپێی رێو شوێنی وەفا دەردەخاتو میریش لەدەربڕینی وەفا بەرامبەر بەودا زۆری پێوە دەنێ[١١] خانی ئەم وێنەیە دەبەستێ بە وێنەیەکیترەوە بە رێگەی دوو دێڕدا ئەوەیان تێدا دەردەخا کە تاژدین کاتێك لەخزمەتی میردا بوو، سەرپەرشتکەری بانگێشتنو چێشتخانەی بوو یا کەوگێر بە دەست بوو، (چەشناوی ددەست چاشنە گێر بوو) بەڵام میر ئەمڕۆ بووە بەسەرپەرشتیکەرو گەورەی چێشتخانەو خوانێك دەهێنێتە بەردەم لەخوانی ئاسمانی دەچێتو[١٢] خانی خوانی میر وا دەنوێنێ کە وێنەی لەشوێنیتردا هاتووە[١٣] و لەنەخشاندنی خوانی میر زەینەدیندا تەواو بە خوانێکی دەچوێنێ کە شەرەفخانی بدلیسی بۆ خوانی میری بدلیس شەرەفخانی نواندوە[١٤]. ﴿تێ بینی: ئەم میرە شەرەفخانی نووسەر خۆی نییە. ناوی شارەکەش بەبدلیسو بە بتلیس رەوایە﴾ خانی پاش نواندنی جۆرەها قاپو خواردنو خواردنەوەی دەچێتە سەر کۆڕی خۆشیو ئامێرو پلەی گۆرانبێژان مەقامی جیا دەردەخات[١٥]، وەك لەفەسڵێکیتردا باسمانکردو لێی دواین. خانی لەم وێنەیەدا سەرەتای رێو شوێنی شاییکردن دەردەخات:

**ئەلقیصە ل رەغمی تەبعی شەدداد**
**دانین بوی رەسمی عیرس بنیاد**[١٦]

ئەم وێنەی شاییە خوازبێنیو دووای ئەوەشی لەدابو نەریتو رێو شوێن دەرخستو خانی وێنەی رۆژی گواستنەوەشی خستۆتە پاڵ:

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**میر خۆندنە پێش مەمۆو تاژدین**

**گوخەرج ل من مەمۆ توشوشبین**(١٧)

**ئەو هەر دو کرن تەمام مەلبووس**

**رابوون ب ئەدەب ئەتەک کرن بووس**

**ڕوونشتن‌و پێکڤە وان ڤەخوارن**

**ئەو ڕۆژ پێکڤە رابهوارن**(١٨)

خانی بەم کۆتاییە سەرەتای گواستنەوە دەردەخاو پەنجەو بۆ ڕێو شوێنی ئەوەی میر خۆی لەم حالانەدا مەسرەفی شایی دەدات، واتە شایی شووکردنی خوشك‌و کچی لەیەکێك لەپیاوانی کۆشك. باسی گواستنەوە لەفەسڵی دووای ئەمەدا بە پێشەکییەکی تەقلیدی دەست پێدەکات پاشان. دەچێتە پیشاندانی وێنەی سەرداهێنەرو دایەن‌و پەردەدار کە دەچن بۆ رازاندنەوەی ستی و زین، وەك ڕێو شوێن وایە، بەڵام خانی لادانێکی ئەدەبیی جوان لائەدات‌و بە نائومێدی دەگەڕێنەوە، لەو دوو کچە شەنگەدا شتێك نابینن رازاندنەوەو جوانکردنیان بوێت چونکە هەرچی هەیانە جوانترە لەوەی ئەوان بەکاری دەهێنن بۆ رازاندنەوەو جوانکردن(١٩) تاڵێ موو نەبێ لار بوو راستیانکردەوە هەر بۆ ئەوەی بڵێن ئارایشتکەر بوون(٢٠)، خانی لێرەدا وێنەیەك‌و درێژەی باسێکی کەرەسەو ئامێری جوانیمان دەدەنێ کە شوێنێکیتریان لەم کتێبەدا بۆ دەدۆزینەوە پاشان دەچێتە سەر وێنەی کەژاوەی بووك‌و ئەو جیازییەی پێیەتی‌و وێنەی کەژاوەکەشی لەپاڵ ئەو رەسەنییەی تێیدایە دەتوانین بە وێنەی ئەتنۆگرافیی دابنێین وەك هەڵگرتنی بووك لەناو کەژاوەیەکدا با لەسەر دەست‌و پارە رشتن‌و شتیتر بەسەر کەژاوەکەدا لەکاتی گەیشتنە ماڵی زاوادا.... هتد، ئەمە وێنەیەکی ئەدەبییە خەیاڵی شاعیرێك نەخشەی کێشاوەو ئەفسانەی بەڵقیس‌وهەڵگرتنی بۆ لای سولەیمانی وەك لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە تێکەڵکردووە، لەوێنەیەکی تەواودا ئیشارەتێك دووبارە دەکاتەوە کە لەدێڕێکی فارسیی شەرەفنامەدا هاتووە:



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**مهد بلقیس زمان داشت أرزانی**

**بسرا بردەی (حجم) دولت تشریف حضور**(٢١)

ئەگەر وێنە ئەدەبیەکانی جیا کەینەوە، دەبینین کە بەردەوامبوونی شایی حەوت ڕۆژو شەو دەستکەوتێکی ئەتنوگرافییە لەم وێنەیەوە.

خانی بەسەر تابلۆکەیەوە تاتەواوی بکات‌و بەیەك گەیشتنی بووك‌و زاوای لەوێنەیەکی ئەدەبیدا دێنێتە سەر لەوێدا وەستانی (مەم) کە براو دۆست‌و شوشبینە لەبەردەم دەرگای ئەو ژوورە رازاوەیەدا تا هاتنە دەرەوەی زاوا، شتێکی ئەتنوگرافیە لەگەڵ ئەوەشدا کە خەیاڵی خانی ماوەی وەستانەکەش دەکات بە حەوت شەو و ڕۆژ.

## ٢ـ شین:

وێنەی شین لای خانی لەوەسێتی زینەوە بۆ کاکی پاش مردنی مەم دەستپێدەکات کە دەڵێ با بەو شێوەیە خۆی بەرەو گۆڕ (واتە زین) بەرێ بکرێت کە زینی پێ برا بە بووکێ‌تا شایی وشین چوون یەك بن‌و زین لەوەسێتەکەیدا وەسفێکی ووردی ئەوە دەکات کە زین پێی دەڵێ جیاو گواستنەوەی بۆ لای زاوا لەگۆڕدا(٢٢). خانی لەتابلۆی جیا جیادا دێتەوە سەر ئەو وێنەیەو لەچەند فەسڵێکیشداو هەوڵ ئەدات دوو تابلۆی شایی‌و شین نزیکخاتەوەو هەموو ئەم تابلۆیانە دەچنە ناو باسی وێنەی ئەدەبییەوە لای خانی، بەڵام ئەوەی لەم باسەدا بەدەستکەوتی ئەتنۆگرافی بۆمان دەمێنێتەوە، ئەو وێنە تێکەڵەی وێنەدانی ئەدەبی‌و واقیعی ئەتنۆگرافییە، کاتێ کە تاژدین وەك شێت لەپەت بەر دەبێ‌و ئەو کۆتە دەشکێنێ کە میر پاش کوشتنی بەکر کردبوویە پێی‌و دێت تەرمی مەم هەڵدەگرێت.

**تابووت لەسەر سەری خۆ دانی**

**ئەڤغان دگهانە ئاسمانی**

**هەندێ کو د شەهری ئادەمی بوون**

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

تێکدا دلیباسی ماتەمی بوون
هەندێ کو هەبوون دشەهر مەشهوور
خاتوون و موخەدرات و مەستوور
گیسوو ڤەکری ب تایی تەر پۆش
سەرتا ب قەدەم هەمی سیەه پۆش
بێ موعجیرو بورقوع و سەر ئەنداز[٢٣]
رەش گرتی ژ بۆمەمی ب دڵخواز
ئەنبیاحەو میهرەبان و دایین
گویندە بنالە شوبهی گۆیین
وان مەرسیە دستران ب ئاهەنگ
زین رابوو بە ب قامە تا شەنگ
ناهید سیفەت ل دەنگی سازی
رەققاس دچوو دبەر جەنازی[٢٤]

پاش چەند دێڕ لەوێنە نەخشاندن و زۆرپێوەنانی ئەدەبی خانی راستی یەك دەردەخا کە پاش جیاکردنەوەی خەیاڵی شاعیر لێی دەبێ بە تۆمارکردنی واقیعێکی ئەتنۆگرافی:

ئەڤ ماتەم و ئەڤ سیاە پۆشی
ئەڤ چار شەڤو ئیزار پۆشی
بۆهتان وی زەمانی کرنە عادەت
بوو رەسمی قەدیم تا قیامەت[٢٦]

بەمجۆرە خانی (مەم)ی قارەمانی خۆیی بەرەو گۆڕ بەڕێکرد. هەرچی کچە قارەمان (زین)ە ئەویش بەپێی وەسیەتەکەی خۆی بۆ کاکی بەڕێکرا.

خانی گریان و لاواندنەوەیی لەگەڵ هەموو خەڵکی بۆتانداو پاشان موناجاتی لەگەڵ یارەکەیدا لەگۆڕدا باوەشکردن بە مەرقەدی یاو لەوکاتەدا مردنی بۆ کردین بە وێنە.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

پاش ئەوەش بە وێنەیەکی سۆفیانە ناشتنی ئەوی لەیەك گۆڕدا لەگەڵ مەمدا پیشاندایین و دەستکەوتی ئەتنۆگرافی لەم هەموو وێنەیەدا دەسنیشانکردنی شین و ماتەم بوو بەسێ رۆژ وەك تا ئێستا لەکوردستاندا هەیە.

وان ماتەمێید دڵ بریندار
تیکرار ژ نۆڤە کرنە هاڤار
ئەفغان ژ جان حاضرینان
فریاد ژ نهاد نازەنینان
سێ رۆژو شەڤان ژ فەرشی غەبرا
پێوەستە دچوونە عەرشی ئەعلا
حەتتا وەکو زین بەڕەسم و ئایین
تەجهیز کرن وەکی دزانین[٢٧]

## ٣ـ جەژنی نەورۆز:

جەژنی نەورۆز لەپاڵ ناوەڕۆکی نەتەوەیی و تێکۆشاندا لەناو گەلی کوردا لەم رۆژانەی ئێمەدا، کەرەسەیەکی بە پیتە بۆ ئەدەب و وێنەی تازە، خاوەنانی قەڵەم هەر یەك لەدەرفەتی خۆیدا هەوڵی تۆمارکردنی شتێکی داوە لەبارەی ئەم ئەفسانەیەوە کە بووە بە واقیع، هەر وەك مێژوو نووسان هەوڵی تۆمارکردنی سەرچاوەی ئەم جەژنەو تۆمارکردنی گواستنەوەییان لای گەلی کورد داوە لەئەفسانەیەکەوە فیردەوسی لەشانامەدا بۆی تۆمارکردووین بۆ جەژنێکی نەتەوەیی بووەتە سومبولی خەبات لەپێناوی مافی نەتەوەییدا، بەڵکو لەوە فراوانتر، کراوە بە سومبولی خەباتی چینی کرێکاری کورد و دیاریی خەباتی ئەو بۆ چینی کرێکاری جیهان[٢٨].

ئەگەر بە دووای پلەکانی جەژنی نەورۆزو رەمزەکانی پیرەو و داب و نەریتەکانیدا لەلای گەلانی رۆژهەلات و بە تایبەتی لای گەلی کوردی خۆمان بگەڕێین، لەم گەڕانەدا

پلەیەك دەبینین کە دەتوانین ناوی بێنین پلەی خانی، چونکە ئەو پەنا ناباتە بەر ئەفسانەی کاوە یا زوحاك هەر ناویشیان نابات‌و هەر بە جەژنی سەری ساڵی نازانێ‌ وەك شاعیرانی پێش خۆی وەك مەلای جزیری بۆ نموونە[٢٩]. بەڵکو دان بەوەدا دەنێ‌و ئەوە تۆمار دەکات کە ڕێ‌و شوێنی کورد لەزەمانەکانی پێشوودا لەوەدا بوو کە ڕۆژی جەژنی نەورۆز کە سەرەتای ساڵە لای ئەو دەکرا بە جەژنی یەکتر بینینی لاوان‌و کچان بە ئازادی‌و هەڵبژاردنی هاوسەر یا هاوشان (هاوکوف) بەپێی شەرع:

**دانای موعەمیری کۆهن ساڵ**

**ئەو ڕەنگە هەکر ژ بۆمە ئەحوال**

**گو عادت پێشبیی زەمانان**

**ئەو بوو ل هەمی جەو مەکانان**

**وەقتێ وەکو شەهسواری خاوەر[٣٠]**

**تەحویل دکر دماهی ئازەر**

**یەعنی کو دهاتە بورجی سەرساڵ**

**قەت کەس نەدما دمەسکەن‌و ماڵ**

**بیلجوملە دچوونە دەر ژماڵان**

**حەتتا دگەهشنە پیرو کاڵان**

**ڕۆژا کودبووبە عیدی نەورۆز**

**تەعزیم ژ بۆ دەما دل ئەفرۆز**

**سەحراو چەمەن دکرنە مەسکەن**

**بەیداو دیمەن دکرنە گولشەن**

**خاسما عەزەب‌و کچێد باکیر**

**ئەلقیسە جەواهیرێد نادر**

**تێکدا دموزەیەن ومولەبەس**





**ڤێکرا ل تەفەروجی مورەخەس**

**لێکن نەبە توهمەت‌و بەمینەت**

**بەڵکی ب تەریق شەرع‌و سوننەت**

**لەورا کو ئەوان غەرەز ژگەشتێ**

**مەقسوود ژ ژچوویناب دەشتی**

**ئەو بوو کوچە تالیب‌و چە مەتلووب**

**یەعنی دوو تەرەف موحیب‌و مەحبووب**

**ئەڤ هەر دوو جەلەب کوهەڤ دەبینن**

**کوفوید[٣١] خووە ژ بۆ خوە بینن[٣٢]**

خانی هەڵوێستی بێ لایەنانەی بەرامبەر بەم پێڕەوە نییە، بەڵکو بەڕێ‌و شوێنێکی پیرۆزی دەزانێ‌و دەیکات بە نوقتەی سەرەتای واقیعیی چیرۆکە شیعرەکەی‌و یەکەم دیداری قارەمانەکانی لەو ڕۆژەدا ڕێکدەخات:

**دەورا فەلەکی ژ بەختی فەیرووز**

**دیسان کو نوما ژ نۆڤە نەورووز**

**مەبنی ل وی عادەتی موبارەک**

**شەهری‌و سوپاهیان ب جارەک**

**باژێرو کولات‌و خانی بەردان**

**تەشبیە بە نژدیان‌و جەردان**

**سەف سەف دەمەشینە کۆه و دەشتان**

**ڕەف ڕەف دخەشینە سەیرو گەشتان**

**ئەسنافی ئومەم سیغار وکیبار**

**قەتعەن قە نەما د شەهری دەییار**

**هەندک بە پیائی چوونە باغان**

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

هەندەک بەسوارى چوونە راغان
هەندەک بە تەبائىو بەکیسرەت
هەندەک بە هەڤالىو بە وەحدەت
رابوونەڤە خانمو خەواتین
وان ژى تژى گول کرن بەساتین
حووران کرە مەسکەنى خوە جەننەت
بىێ پەردەو بىێ مەلالو میننەت
دووشیزەو دوختەرو رەوالان
پاکیزە عوزارو زولفو خالان
ئەترابو کەواعبێد عەزرا
ئەمرەدان و موراهیقێد زیبا
ئەسحابى قوماشى لوتفى روخسار
ئەربابى متاعى حوسنى دیدار
وان لێک دکرن متاعى یەک عەرز
تەخمین دکرن بطول و العرض
سەوداگەرى عەشق بوون دبازار
هەن بائع حوسنو هەن خرێدار
سەرسالىو باکیرو رەوالان
سەد سالى[٣٣] ولاو و پیرو کالان
سەر سالْ ل رەسم و راە مەعهوود
گیران د جەو مەقامى مەحموود[٣٤]

لەم دیدارانەداو کە سەرى سالّى تازە سەر لەنوێ دێتەوەو میر رێگە دەدات بە بەستنی کۆڕى تازەو رێگە بە لاوان دەدات وەك عاشقان بچنە پیشانگاى مەزات یا شوێنی دڵو



* * *

مەبەسو مراد[٣٥] مەمو تاژدین بە بەرگى ژنانەوەو زینو ستى بە بەرگى لاوانەوە دەچنو دەبێتە یەکەم دیدارو سەرەتاى چیرۆك.

خانى ئەم دیدارەى کرد بە دیدارێکى واقیعى، بەپێچەوانەى گێڕانەوە فۆلکلۆرى یەکەى چیرۆکەکە پالْ بە پەرییەوە دەنێ زین هەلْگرنو بیبەنە یەمەن یا مەغریبو لەتەنیشت مەمەوە لەناو نوێنەکەیدا داینێنو پاش چەند تاوێك بیبەنەوە بۆ مالْو وولاّتى خۆى تا چیرۆکەکە لەوێوە دەست پێبکات.

ئەم بەرگە واقیعییەو گواستنەوەى مەسەلە لەئەفسانەوە بۆ راستى وامان لێدەکات باوەڕ بەوە بکەین وێنەى نەورۆزو رێو شوێنی پیرۆز وێنەیەکى راستى ئەو دەمانەیەو خەیالّى شاعیر نییە، ئەگەر شتێك لەخەیالّیشى تێدا بێت، ئەوە هەر ئەو رازاندنەوەو ئەو سێبەرانەیە کە نابێ لەهیچ رووداوێکى واقیعیدا وێنەى شاعیرانە لێى دوور بێت، هەر لەمەوە تابلۆى خانى بۆ جەژنى نەورۆز بەدەستکەوتى ئەتنۆگرافیش دەزانینو بە پلەیەك لەپلەکانى تازەبوونەوەى جەژنى نەورۆزى دەزانینو هەمیشە تازە لەلاى کوردەوەو بۆ کورد دەهێنێت.

## ٤ ـ راو ، نێچیر:

دەتوانین وێنەى راو بەیەکێك لەو وێنە ئەتنۆگرافیانە بزانین کە خانى بۆى بەجێ هێشتووینو رێو شوێنو راستیى بەهێرشى راودا تێکەلْ بە رەنگى شاعیر کردووە، بەهەموو حالّێك هێرشە بە کۆمەلّەکانى راو تا ماوەیەك لەکوردستاندا هەبوونو خانى لەتابلۆى راوەکەیدا هەندێ لەو شتانەى بەدەم هێرشى راوەوە دەبینرێت تۆمار دەکات.

هاوەلّمان مامۆستا عەبدولقادر حەسەن ئەمین لەبارەى وێنەى راوەوە لاى خانى[٣٦] دەلّێ :"لەبەشێك لەم پارچە درێژە زۆر گەورەیەدا هێرشێکى گەورەى راوى تێدایە، میر خەلّکى بۆتانى ناچار کردووە کە هەموو بە چەكو کەلوپەلیانەوە بچنە دەرەوەو هەڕەشەى لەوانە کردووە کە ناچن بیانگرىو کۆتو زنجیریان کات، وا دیارە ئاهەنگى خۆشبوونى

* * *

هەوا هاتنی بەهار جەژنێکی نەتەوەییە دەبێ بەشداریی تێدا بکرێ، قەسیدەکەش وەك جیهانێکی گەورەیە بە حەیوانو ئینسانییەوە پڕە لەجوولەو بەیەکدادان، ئالۆدەیی شاعیر بەسروشتەوە دەردەخاتو توانیوێتی ئەو دیمەنە زۆر شارەزایانە وا دەرخا کە پەنجە بۆ باڵندەی نێچیرگرو نێچیری جیا جیا درێژ کات، کەشی جەنگێکی راستەقینە بەسەر دیمەنەکەدا زاڵە وەك ئەو جەنگە لەنێو چەند سوپای گەورەی خۆبەختکەردا بێت، هەر وەك هەستێکی ئینسانیی تێدا دیارە، یا ئەگەر بەراورد کرێ لەگەڵ شەپۆلی خوێنی رژاودا کز بێت، یا بەدەنگە دەنگی شیوازی خۆشحاڵیی شاعیر کە بەردەوام لەگەڵ هەنگاوەکانی میرانو سوارانو پیاوانیتر دایە لەهەر نیشانێکدا کە نێچیرێکی تێدا دەکەوێ(۳۷)"

ئەم بڕیارانە بۆ ئەو وێنە ئەدەبییە راستە کە خانی لەبارەی راوەوە پیشانی دەدات، هەرچی دەستکەوتی ئەنتۆگرافیی راوە، ئەوە بێجگە لەناوی باڵندەو حەیوان لەڕێ کردنەوە بۆ وێنەی راو پیشاندان، وێنەکەی خانی خۆیەتی، لەپێشەکیی فەسڵەکەو رێ خۆشکردن بۆ ئەو وێنەیەی خانی لەبارەی سروشتی گەشەداری بەهارەوەو بۆ جووڵانی مەلو حەیوان پیشانی داوەو لەناو ئەوانەدا ناوی، مەلی بەیان، تووتی، قومریو کەروێشكو ئاسكو گوورِو قازی کێویو قەتێو کەو دێنێ ئەوسا هێرشی راو باس دەکاتو دەڵێ:

**ئەلقیصە بە ئیقتیزایی زەمانی**
**بوو فرسەت عەیشو کامەرانی**
**فەسڵێ بگەڕین ل گەشتو سەیران**
**نێچیر بکەن ژ وەحشو تەیران**
**میرێ کە فەلەک موتیع فەرمان**
**گو سوبحە نەبوی قەومی بوهتان**
**رابستێ سیلاحو گورزو شمشێر**
**بیلجو ملە د گەل مەبینە نێچیر**



* * *

**حازر نەبتن کەسەک د سەیدی**
**ئەو دی بمرەت د بەندو قەیدی**
**خەلقی کو حەتتا بەصبح کاذب**
**حازر کر بوون بیساط وراتب**
**فەجری کو نومایە وان عەلامەت**
**رابوو دوی شەهریدا قیامەت**
**میران ڤەکرن عیقاب و بازی**
**شێران دبرن پڵنگ و تازی**
**دڕندەو ئادەمو بەهائیم**
**فەردەک ڤە نەما د شەهر قائیم**
**دامو دەدو ئادەمی و حەیوان**
**تیفلو سەبییو ئاشڤانو ڕەزڤان**
**ئەلقیصە قەبیلیا ریجالان**
**فیلجوملە کەسەک نەما ل مالان**
**بوو حەشرگەهەک ل سەید گاهان**
**شەفقەت نەکرن ل بێگوناهان**
**ئەو چەند ژ وەحشیان د کوشتن**
**گۆیا کو وحوش قەت نەهێشتن**
**دڕندەو دەوندەو پەڕندە**
**هەن کوشتیو گرتی هەن فکەندە**
**چاپوک حەرکاتو نەوجوانان**
**وان فارسو گوردو پەهلەوانان**
**دڕندە دڕاند بوون ب شیران**



مەكتەبى بیر و هۆشیاری
مەكتەبى بیر و هۆشیاری

* * *

پەڕەندە پەڕاندبوون ب تیران
مەحبووب میسال شەهلەوەندان
مەرکەب عەرەبان خودان کە مەندان
چۆگان د دەست د گەل گوپالان
هاڤێتنە گردنێد غەزالان
ئەو شێر سوارو بەبری جەنگی
خوونی کر بوون بەڵەک پلنگی
ئیدی نەدشێن د گەل خووە بێنن
بەڵکە نەدشێت ژ جەهەلێنن
کوشتی ژ خۆرا برن فەقیران
گرتی بخۆ رابرن ئەمیران[٣٨]

**٥ـ وێنەیتر:**

دەزانین هەرچی بچێتە سەر پیشەگەری میللی یا ژیانی میللی دەبێت بە کەرەسەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافیو هەندێك بە بەشێکی دەزانن لەفۆلکلۆری میللی[٣٩] و ئاشکرایە خانی وێنەی زۆرمان ئەداتیو ناوی زۆر لایەنی ژیانی گەل تۆمار دەکات کە تەواو بە تۆمارکردنی ئەتنۆگرافی دەژمێرریٚ، نموونەی ئەمەش: خشڵو جلو بەرگو خواردن قاپو قاچاغو تەنانەت چەكو یارییە، ئەم وێنە ئەتنۆگرافیانە لەڕاستیدا تۆمارکردنی وێنەی شارستانیی کوردیشنو چوونە سەر ئەو وێنانە لەباسێکیتردا بەکارمان هێنان، پێویستیی دووبارەکردنەوەی ئەوە نابینین کە خانی لەوێنەو ناو پێشانی داون چونکە ئەوە هەر سوودی لێکۆڵەرەوەی ئەتنۆگرافیاو لێکۆڵەرەوەی مێژووی شارستانیی کوردیشی تێدایە، کاری خانی لەچەسپاندنی ئەو ناوو وێنانەدا لەکۆتاییدا



* * *

لەپاڵ روویتریدا دەستکەوتێکی ئەتنۆگرافییە دەچێتە سەر ئەوەی وێنەیی بەخشیو ئاگاداری بووین لەکەرەسەیتری ئەتنۆگرافیا.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

* * *

## پەراوێزەکان

١ـ بڕوانە: مەلا مەحموودی بایەزیدی، عادات‌و رسوماتنامە اکرادیە، موسکو، ١٩٦٤.

٢ـ مەم‌و زین، ل ٨٣ ـ ٨٩.

٣ـ مەم‌و زین، ل ١٧١ ـ ١٧٤.

٤ـ کۆی: مەلا ـ ئەوەی عەرەب. (عالم دین)ی پێ دەڵێن (بڕوانە وتاری نووسەر لەگۆڤاری "بەیان"دا ژمارە، شوباتی ١٩٧٠.

٥ـ مەم‌و زین، ل ٧٧، ٧٨.

٦ـ شاەو خندکار لەفارسی‌و تورکیدا بە پادشاو خاوەن دەووترێت.

٧ـ میرزا بە مانای (میر زادە)یە لەزماندا بەڵام لەم دواییەدا بە مانای کاتب باسکرتێر با فێرکەریش دەووترێ.

٨ـ مەم‌و زین ، ل ٧٨، ٧٩.

٩ـ هەموو خواردنەوەیەك.

١٠ـ مەم‌و زین، ل ٧٩ .

١١ـ مەم‌و زین، ل ٨.

١٢ـ مەم‌و زین، ل ٨١.

١٣ـ بڕوانە فەسڵی: وێنەکانی شارستانیی کورد لەمەم‌و زیندا.

١٤ـ شەرەفنامە، ل٤٤٤.

١٥ـ مەم‌و زین، ل٨٢.

١٦ـ مەم‌و زین، ل ٨٢.

١٧ـ شوشبین، ئەوەی برا زاوای پێ دەڵێن، یا ئەوەی سەرپەرشتی کاروباری شایی دەکات.

١٨ـ مەم‌و زین، ل ٨٣.

١٩ـ مەم‌و زین، ل٨٣، ٨٤.

٢٠ـ مەم‌و زین، ل ٨٤.

٢١ـ شەرەفنامە، ل١٧٧.



* * *

٢٢ـ مەم‌و زین، ل ١٦٢، ١٦٣، ١٦٤.

٢٣ـ جل‌و بەرگ‌و سەرپۆش.

٢٤ـ مەم‌و زین، ل ١٧٣.

٢٥ـ چارشف. ئەو قوماشەی پشت دادەپۆشێ.

٢٦ـ مەم‌و زین. ل ١٧٤.

٢٧ـ مەم‌و زین، ل ١٧٨.

٢٨ـ بڕوانە: گۆران "نەورۆزی ٦١" گۆڤاری "هیوا" بەغدا، ژ ٣٢، نیسانی ١٩٦١، ل٤٤ـ ٤٦.

٢٩ـ بڕوانە العقد الجواهری فی شرح دیوان الجزری القامیشلی ١٩٥٨. ص ١٧٨.

٣٠ـ رۆژ.

٣١ـ (کفوو) بە ئیستیلاحی شەرع.

٣٢ـ مەم‌و زین، ل٥٢ـ ٥٣.

٣٣ـ ئەوەی تەمەنی سەد ساڵ بێت.

٣٤ـ مەم‌و زین، ل ٥٣ـ ٥٤.

٣٥ـ مەم‌و زین، ل ٥٤ـ ٥٥.

٣٦ـ هاوەڵ مامۆستا عەبدولقادر حەسەن ئەمین داوای وەرگێڕانی پارچە شیعرێکی کوردیی لەبارەی (راو)ەوە لێکردم منیش کتومت (حەرفی، ئەوەی خانیم بۆ ئاگادار بوون بۆ وەرگێڕا، ئەویش وەرگێڕانەکەی رێکخستبوو بە پێشەکییەك لێی کۆڵیبۆوە، لێرەدا ئەم چەند دێڕە بە نرخەیمان وەرگرت. بە ئەمانەتیشەوە پەنجەی بۆ ئەو یارمەتییە راکێشا بوو. بڕوانە (عبدالقادر حسن أمین. شعر الطرد عند العرب. النجف الأشرف ١٩٧٢، ص٧).

٣٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣٨ـ مەم‌و زین. ل ١١٦ـ ١١٨.

٣٩ـ بڕوانە: ئەلیکزاندر هجرتی کراب، علم الفولکلور. ترجمه رشدی صالح. القاهره، ص ١٧ـ ٢٤.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# شێوازی وێنەی ئەدەبی

# لە (مەم و زین)ی خانیدا

دەتوانین دوو ئیبداع دەستنیشان بکەین خانی لەداستانەکەیدا نوواندبێتی، یەکەمیان دارِشتنەوەی چیرۆکی عەشقە لـەپێناوی (زیندووکردنـەوەی عاشـقاندا ـ وەك خـانی خـۆی ئەڵێ، بەشێوازێکی تازە، بەوەی بیخاتە سەر (نیزامو ئینتیزامـی) واتـە بـە دارِشـتنەوەی سەرلەنوێی چیرۆکەکەو گواستنەوەی داستانەکە لەدارِشـتنو چوارچێوەی فۆلکلـۆرەوە بـۆ دارِشتنی داستانێك لەداستانەکانی گـەلانیتر بـچێت . ئەگـەر لەمـەدا شـتێك لەلاسـایی نیزامیو فزوولیو کەسانیتر هەبێت، ئـەوا خـانی هەمیـشە سـەلماندوویەتی کەشـتی تـازە دەهێنێ، ئەو وێنەیەکی تازەی (لەیلو مـەجنوون) یـا (شـیرینو فـەرهاد) یـان تەنانـەت شێخی سـەنعانی نـەهێناوە، بـەڵکو لـەژیانی کـورد خـۆی، چیرۆکێکی بـڵاوی عـەشقی هێناوە کە لای گەلانیتر بڵاو نین تا بیسەلێنێ کە یەکـەم داسـتانەکەی کوردییـەو دووەم ئیبداعـی خۆیەتی بێ لاسـایی، هەرچـی (نیـزام)ە، کـە شـاعیر پێـی لەسـەر دائـەگرێت ئـەوەش (نیزامـی شـیعری هاوچـەرخی رۆژهەڵاتـە)، لێرەشـدا سـوورە لەسـەر بایـەخی شارستانی، بەوەی شیعر لای گەلەکەی لەچوارچێوەی سـاکاریی فۆلکلـۆر دەربێنـێ بـۆ





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

جیهانی شیعری رۆژهەڵات، بە بەکارهێنانی هەموو ئـەو جوانییانـەی روخسارو ئیبـداع لەپیـشەگەریی ووشـەدا کـە شـیعر گەیـشتوویەتییە ، بـەوەی هـەوڵی تـەتبیقێکی تـازەی دەستکەوتەکانی ئەو سامـانە بدات.

قوتابخانەی حافزی شیرازی کـە بەهـەموو بەرجەسـتە بـوونی نـاوەرِۆكو روخـسارییەوە لەسـەر دەسـتی مـەلای جزیریـدا گواسـترایەوە بـۆ زمـانی کـوردی، ئەمـە فراوانبـوونو قووڵبوونەوەی لەسەر دەستی خانیدا بوو، بەو جـۆرە تـەتبیقی کـوردیی دەسـتکەوتەکانی شیعری رۆژهەڵاتی لەبەنـدی (غـەزەل)و (قەسـیدە)دا نەمایـەوە، بـەڵکو بـەرەو جیهـانی داستانی شیعر رۆیشت کە شیعری فارسیو تورکی پێی گەیشتبوون، ئەگـەر کـێش هـەر بەکێشی عەرووزو لەسەر کێشی بەحری (هەزەج)دا تـا کۆتـایی مابێتـەوە. ئـەوا قافیـەی یـەکگرتوو لەقەسـیدەدا یەکـەمجار بووبـە بـەیتی مەسـنەوی. شـاعیربە دەسـەڵاتێکی سەرکەوتووانەوە رێگەی نیزامی قافیەی شـیعری گـرت، هەنـدێجار لێـی دەچـووە دەرەوە بەرەو (لزوم مالایلزم) لەهەندێ دێرِیدا، بـەڵام بـە جیـاوازی لەخـەڵکیتر لەبـەکارهێنانی ئەمجۆرە نەریتی قافیەیەدا.

ئەوەی زانراوە ئەمجۆرە سنعەتێکی شیعر دەهێنێ کەمێك ووشکیو قورسایی بـۆ سـەر گوێ تێدایە، بەڵام خانی بە ناچاری بەزەبری سنعەت ناچێتە سەر نـەریتی قافیـە، بـەڵکو بـە ئیبداعـەوە دەچێتەوە سـەری، بـەدووادا هـاتنێکی مۆسـیقای بـە نـەرمی رژاوە نـاو گوێچکەی لەرِێگەی لەیەکچوونی ووشەی بەرامبەر بەیەکدا لەتاقە دێرِێکدا تێدایە.

عولوی ژ خوراعەیان دخوازەت
سوفلی ژ خۆرا نیهان دخوازەت
کەس نینە نە تالیبی جەمالی
کەس نینە نە تالیبی ویسالی
قەددانە حوباندی بۆ تەدارە
زولفاتە جڤاندی ئەو قەنارە

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خانی توانستێکی ئیبداعیی لەدروستکردنی رەگەزی جوانیدا لەئاوازی ووشە خۆیدا هەیە، دەتوانێ مۆسیقایەك لەڕێگەی ریزکردنی ووشەو کۆکردنەوەیانەوە بەکارهێنانی مانا لەڕێگەی ئەم مۆسیقایەوە، یا دروستکردنی وێنە لەڕێگەی مۆسیقاوەو تێکەڵکردنی وێنەو ناوەڕۆك لەرێگەی ئەم ئامێرە کاریگەرەوە، لەدیمەنی ئامادەیی (تا ژدینو چەکۆو عارف، بۆ چوونە لای میر بۆ داواکردنی بەردانی مەم)[1] دا تابلۆکە بە تەواوی باسی ئازاییو پێداگرتنو داواکردن دەکات، بەڵام شاعیر ئەم رەگەزەش دەباتە ناو جەنگەکەوە، ئایا ئەم مۆسیقایەی ڕێزکردنی ووشە باسی شەڕ نەبێ باسی چی دەکەن:

**گورزان بهەژێن رمان ببازین**

**ئەڤ رەنگە مەمی ژمیر بخوازین**[2]

لەڕێی وێنەیەکی ئاڵۆزی جەستەدارەوە، شاعیر هەموو ژیان پیشاندەدات لەکردارێکدا بە خولی ژیانی روەك دەست پێدەکات، لەکێڵانەوە تا درەوو تا ئاش (کەلای ئەو ئاشی ژیان)ە، تا کرداری هەزمی ئەو خواردنەی دەبێ بە وێنەیەکی رەمز بۆ پرۆسێسی ژیان، بەڵام شاعیر لەبیری ناچێ ئامێری لەهەموو پەسندتر لای خۆی بۆ ئەم پرۆسێسە بەیەکدا چرژاو وگردبۆوە بەکار بێنێ، ئەوەی ئیلهامی وێنەیەك بە روخسارێکی هەستپێکراوی نزیکتر بە گوێو مێشك دەدات:

**وەقتێ رەسیباو بوو بە خووشە**

**وی دی بقطن ژ بۆیی تووشە**

**ئاشی دەڤو چەقچەقا زوبانان**

**ئاڤا دەهەنو بەرێ ددانان**[3]

تابلۆی راو تابلۆیەکی هونەریی پێگەیشتووە لای خانی، شاعیر لەوێنە کێشانی وێنەیەکی زیندوو و بزێو ئیبداع دەکاتو جیهانێکی فراوان دەردەخاو لەوێوە دەچێ بەرەو ئامانجێکی کۆمەڵایەتی لەکێشانی وێنەدا وەك باسمانکرد، بەڵام ئامێری ووشەی



* * *

زۆر بەتین ئیلهامەکە تەواو دەکات، وەك لەووشەکانی شمشێرو تیرو کەشێکی ئاڵۆزی پڕ لەقوربانی دروست بکات:

**دڕەندە دڕاند بوون ب شیران**

**پەڕەندە پەڕاند بوون ب تیران**[4]

ئاسان نییە، بەڵام هیچ شتێك ئەوەندە نابێتە بەڵگەی دەسەڵات بەسەر وەسفو ووشەدا وەك ئەوەی شاعیر دەربڕی سووتاندن بەخۆشەویستییەوە، لەڕێگەی ریزکردنی شارەزایانەی ووشەوە.

**ئەو بوونە لڤان جگەر کەڤاندن**

**ئەو بوونە کوڤان ب دل حوباندن**[5].

کاتێ خانی دەیەوێ بە هەستێکی ناسكو بەهۆی کۆمەڵێ وێنەو لەیەکچوونی دەرەوە خۆشەویستمان پێ بناسێو بە ووشەی بەدوای یەکدا دیاربوو لەیەکچووی مۆسیقای دەربڕ بڵێ.

**بێ جورحەو وقورحەو برینە**

**ناڤی لوی دەردی هەر ئەڤینە**[6]

هیچ هۆیەك لەدابارینی مۆسیقا زیاتر دەسەڵاتی دەربڕین لە بەدووای زانینو دڵنیا بووندا لەم ووتانە بەهێزتر نییە:

**ئەسحابی نگین بە بێژەکینە**

**جنینە، پەڕینە، ئادەمینە**[7]

نووسینی داستانێکی **٢٦٦٥** دێڕ دەسەڵاتی شاعیرو زمان پێکەوە لەرێگەی قافیەی یەکگرتووەوە کز دەکات، بەڵام شاعیر رێگەی هەندێ داستانی وەك ئەوەی خۆی نەگرت بەوەی داستانەکە هەمووی بەش بکات بەسەر چەند قەسیدەدا (کە دووا تیپو قافیەی هەر بەشە یەك بێت، تەنانەت یەك بەحریشی لەهەموو داستانەکەدا بەکارهێناوە، بەڵام جڵەوی بۆ خۆی لەڕووی قافیەوە شل کردووەو بەیتی مەسنەویی بەکارهێناوە[8] بە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دروستکردنی ئیبداعی ڕەوانبێژییەوە هەر لەو قافیانە. خانی بەگشتی لەچوارچێوەی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتو پشت بەستنی لەفزی دەرنەچووە، بەڵام ناتوانین ئیبداع بە دوور بزانین لەهیچ هەنگاوێك لەهەنگاوەکانی کە سەر بە جیهانی شاعیران پێویستی کردووە کە پەنا بەرێتە بەر لاسایی. ئاسان، بەڵکو کارێکی ئاساییە لەڕەخنەی ئەدەبی کۆندا[٩] پەنا بەرینە بەر کتێبەکانی ڕەوانبێژیو لیستەیەکی ئەو مەبەستە ڕەوانبێژیانە بکەین کە لەشیعردا بەکاردێتو بە دووای پراکتیزەکردنی ئەواندا بگەڕێین لە (مەمو زین)داو نابێ گومانمان لەوەدا هەبێت کە مەبەستێکی ڕەوانبێژی یا جوانییەکی ڕەوانبێژی هەیە. لەداستانەکەدا نییە، بەڵام شاعیر هەمیشە دەیەوێ بڵێ کەبیرەکانیو زمان بەکارهێنانی ئەنجامی بیری خوێن[١٠] و وەك دز لەرەزی کەسی وەر نەگرتووە[١١]، شاعیر لەگەرمەی وابەستەیی بە بنەڕەتەوەو بەو مەرجانەوە کە ووتراون بۆ دان نان بەشاعیرێتیی شاعیردا شتی تازە دەهێنێ. دەتوانین پشت بەهەر وێنەیەکی تەقلیدی لەو وێنە دووبارە کراوانەی سەدان لەشاعیرانی کلاسیکی ڕۆژهەڵات ببەستین، وەك وێنەی (گوڵو بولبول)و (مۆمو پەروانە)، لەوانە بەشەرم بێت یاکەمی بێت بۆ دیوانی شیعر کە ئەم دوو وێنەیەی تێدا نەبێت با ئەو چوار عاشقە لەمیحرابی خۆی دەرکات، بەڵام کەمی یەکە شاعیری توانا وێنەکانی خۆی دووبارە بکاتەوە. ئەوەی بیری خۆی لەهەسان بداتو سەیری بولبولو گولو مۆمو پەپوولە (شەمعو پەروانە) بکات لاپەڕەی دیوانەکانی هەڵداوەتەوەو دەتوانێ وێنەیەك بنەخشێنی لەناو چوارچێوەی فراوانی لاساییدا ئیبداعی تێدا بێت .

**تەیرەک مەبهیستیە د باغان**
**بەختێ وی رەشە ژ رەنگێ زاغان**
**لێ ژارو زەعیف و بێ مەجالە**
**ئاشفتەیی رووی وەردی ئالە**
**رۆژان دکتن فیغانو زاری**





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**خوونا خوە دخۆت شەڤێد طاری**
**دائیم دکەتن فیغانو غولغول**
**هەڤدەنگێ منە بناڤ بولبول[١٢]**

وێنەکانی گوڵ کۆدەکاتەوەو لەتەنیشت یەکەوە دایان دەنێو پاشان وێنەی تازەو تەشبیهی تازەیان لێ دروست دەکاتو جوانیی گوڵ لەباخچەو دەشتو ئەو جوانییە لەکتێبی شاعیراندا ڕەسم کراوە کۆ ـ دەکاتەوە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ڕوو دەکاتە بەراوردێکی لۆجیکی ویژدانی کە لەقووڵایی دڵی خۆشەویستێکی ڕاستگۆوە دێتە دەرێو (لێچوێنراو) لادەباو (پێ چوێنراو) دەبینێ کە خۆشەویستەو لەهەموو گوڵی دەشت جوانترە:

**گوڵ یەک نەتەنێ کوسەد هەزاران**
**گوڵشەن ددەتن د نەوبەهاران**
**مەعشووقە کو میسلێ وان گەلەک بن**
**هەرچەند کوحووریو مەلەک بن**
**ئەو نابنە موجیبێ چەدەردان**
**لەو راکو هەین ل جوملە عەردان**
**یەک بێتو نەبت میسالێ هەمتا**
**مەستوور ژ رەنگێ زین عەنقا**
**عاشق ب چەدێ بکەت مودارە**
**بێ سەبرو مرن ئەوێ چەچارە[١٣]**

وێنەی مۆمو پەپوولەش لەلاساییو ئیبداعدا هەر وەك وێنەی پێشووە:

**شەمعاتە وەکێ تەئینتیزارە**
**شەوقا تە ل جانو جیسم نارە**
**صوهتن تە بەسە میسلێ شەمعان**

* * *

**بەس شوبهەتی من بیارە دەمعان**(١٤)

لەوێنەی مۆمو پەپوولەشەوە دەچێ بۆ جیهانی بەرزتری ئینسانیو شتێکی بە هێزترو قووڵترو لکاوتر بە دەروونی خۆیەوە لەم وێنەو هێنانە بەر چاوانە دەبینێ کە نەخشە کێشراون:

**دەم شەمع دکر ژ بۆ خوە دەمساز**
**کای هەمسەرو هەم نشینو هەمڕاز**
**هەرچەند بصوهتنی وەکی من**
**ئەمجا نەبەگوهتنی وەکی من**
**گەر شوبهەتی من تەژی بگوهتا**
**دی من بخوە دل قەوی نەصوهتا**
**دەردی من و تەژیەک ب فەرقە**
**ئەو فەرق ژ غەرب تا ب شەرقە**
**مەشریق توئی ئاگری تە زاهیر**
**مەغریب ئەزو باتینی من ئاگر**
**دائیم دسۆژت مەڕشتەیی جان**
**تە ناصوژتن ب غەیری ئەزمان**(١٥)

ئەو شاعیرەی لەناو جەرگەی تەئەمولی فەلسەفەدا ژیاوەو شیعر لای ئەو لەگەڵ فەلسەفەدا جووت بووە، ناتوانێ لەبینینە فەلسەفییەکانی دوور بێت تەنانەت لەکاتی وێنەیەکی عاتیفی بەخشینیدا وەك ئەوەی پێشوو و زەحمەتیش نییە نموونەی زۆرتر لەبارەی ئەم قووڵبوونەوە فەلسەفییەو ئەم وێنانە بهێنینەوە کە بیرو عاتیفەو جوانی ئامێری بەکارهاتوو شارەزاییانە دێتە کایەوە. ئەوەش نەمریو چوونیەکی لەگەڵ وێنەی تازەی چەند سەدەدا دەدات بە دەستەوە. لێرەدا دەبێ بێینەوە سەر وێنەی پەپوولە لەئەدەبیاتی سۆفیداو لەگەڵ خانیدا بەراوردیان بکەین.



* * *

خانی دوو قارەمانەکەیی لەجارێك زیاتر چوواندوە بە مۆمو پەروانەو هەڤ دووانـدنێکی جوانی لەنێوانیاندا داڕشتووە، ئەوەش هەڤ دووانـدێکی ئەدەبییە لەنێوان مۆمو پەپوولـەدا نموونەیەکی ئەدەبی تەقلیدییە(١٦)، هەر وەك یەکتر دووانـدنی دوو خۆشەویستە لەداستانێکی عەشقداو یەك دووانـدنێکی سۆفیانەیە چەند رەمـزی قـووڵی نیشاندەری سۆفیانەی تێدایەو بەستراوە بە پلە (مقامات)ی سۆفیانو بار (أحوال) یانەوە تا دەگاتە نەمان (الفناء).

ئەگەر وێنەی پەپوولە نموونەی سۆفییەك بێت خۆی بسوتێنێ تا دەگاتە پلەی نەمان (الفناء) لەهەموو ئەدەبیاتی سۆفیدا، ئەوە خانی دەیەوێت پێشبڕکێ لـەنێوان (مەم)ی قارەمانیو ئەم رەمز سۆفییەدا دروست بکاتو قارەمانەکەی وەك لووتکەی نەمانو قوربانیو قارەمانی پیشان بدات، بە قارەمانێك ببینین بێ سڵکردنەوە وبێ لەرزین لەبەردەمی مەرگدا دەمرێو پەلەی نەمانێنێ.

**مەردانە دبەخشی جانی ئەرزان**
**حەیفا کو بمەرگرانی لەرزان**
**ناوەستی دەمەک لبر هەواڵی**
**نا پوختە تەڵەب دکەی فەنائی**
**ئەو لەرزژتەرا گەلەک قسوورە**
**ئەو لەرزە ژ بۆتەرا فتوورە**
**بێ سەبریو بێ سکوونو بێ تاب**
**لەورا خوە دکەی بزووئی پڕ تاب**
**نا پۆختەیی عەیبکە تەمامە**
**مەتبووخ د بێژنێ تەمامە**
**پوختە دسۆ ژن مەگەر چوجاران**
**فانی قەدبن بنوورو ناران**(١٧)

* * *

خانی وەك پارچەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ جیهانی شیعری خۆیدا هەڵس‌و کەوت دەکا، خۆشەویستیی ئینسانی وێنەی واقیع‌و ئامێری گردەوە بووی شیعری لەسەردەمێکی درێژی پێوەندی‌و دەورەدانی تەواوی سامان (تراث)دا تێکەڵ دەکات. زۆرجار بە ووشەیەك دەست پێدەکات‌و ئەوەی کەسانی تر لەپێشوبهاندنی دووبارەکراوەوە هێناویانە دووبارەی دەکاتەوە (برۆ کەوان‌و برژانگ تیرو باڵاداری سنەوبەرو چاو چاوی ئاسك... هتد)و مێشکی خۆی دەگوشێ بۆ ئەوەی شتێکی تازە بهێنێت، رەنگە زۆرجار ئەمەش گران بێت بۆ ووشەی تایبەتی لەتابلۆ ئینسانییە تەواو کراوەکەدا، یا لەیەکتر جیاکردنەوە بەکارهاتوو و دووبارەکراوە بۆ رەخنەگریش گران بێت:

**زەرین کەمەران‌و کەچ کولاهان**

**تەلعەت قەمەران‌و خەت سیاهان**

**سیمین بە دەن‌و سەمەن عوزاران**

**سیڤین زەقەن‌و مەمک هەناران**[18]

دەتوانین پەنا بەرینە بەر حسابکارییەك کە رەوانبێژە کۆنەکان دەیانکردو خشتەیەکی بەراورد نەخشە بکێشین، کە رەنگە تێدا سەربکەوین بە جیا کردنەوەی بەکارهاتوو ئیبداع تێدا کراو وەك ووتمان، لەفەسلێکی یا باسێکی تازەدا تەواو بوونی ئەم نەخشەیە دەبینین:

**لەب لەعل‌و سەمەن عوزارو گوڵ روخ**

**رەونەق شکەنی بوتان خوڵوخ**[19]

**زوڵفەین میسالی تایی سونبول**

**خەددەین ژ رەنگی رووی سور گوڵ**[20]

* * *

**بادام سیاه چەشم شەهلا**

**نارو بەهـ و سیڤ شاخ باڵا**



* * *

رەنگە پەنا بردنە بەر ئەم خشتانە سوودی تێدا بێت‌و کەرەسەی لێکۆڵینەوەی زمانی ئەدەبیات‌و بەرەو پێشچوونی رەوانبێژیمان بداتێ، لەدرێژە پێداتێکدا نقووم نەبین کە مەودای ئەم باسە بۆ ئەوە تەنگ بێت، رەنگە چەند نموونەی کەمی تر بهێنینەوە بۆ نموونە بێت بۆ سنوور بۆ دانان نا، چەند پراکتیزەی رەوانبێژی لەووشەی (حاتەم، تەی (طی، تۆمار، سەخاوەت)دا لەیەك دێڕدا هەیە:

**حاتەم ژ کەمالی هیممەتا وی**

**تۆماری سەخاوەتا خۆکر طە ی**

یا پەنا بردنە بەر موعەمما (شارراوە) بە زیرەکی‌و هەستێکی شاعیرانە:

**یا دی ژ دڵ‌و هەناڤی میر بوو**

**وێ ناڤ ژ نیسفی ناڤی میر بوو**[22]

**یەک زێدە شیرین، زیادە مەحبووب**

**یەک رووحی قلووب‌و حووری مەقلووب**[23]

چەند مەبەسی رەوانبێژیش (ئیستعمارە، تەشبیە، جیناس، تیباق) لەم تاکە دێرەدا هەیە:

**مەجنوون کونەبەت عەدیلی لەیلی**

**لەیلا کودکت ب لەیل مەیلی**[24]

خانی توانای سوود بینین لەناوی (مەم)و لەیەك نزیکیی لەفزی لەگەڵ (غەم)دا دەبینێ‌و لەرێی ئەم دوو ووشەیەوە چەند دێڕە شیعر دەڵێت جوانیان لەسنووری لەفزو مۆسیقا دەچێتە دەرەوە بەرەو ئاسۆی وێنەو هەندێکجار تابلۆی تەواو:

**هەم سوحبەت وهەم دەمی مەمی بوو**

**هەم شاهی یو هەم غەمی مەمی بوو**[25].

**سەر تاب قەدەم غەریقی غەم بوو**

**نەقشی دڵ‌و جان خەیالی مەم بوو**[26]

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**ڤێکرا دەبەزین ب سەرمەمی ڤە**

**وان دەرد برن ب سەر غەمی ڤە**[٢٧]

**رۆژا وەکو بر مە مەم ژ بۆ خۆ**

**بیلجوملە برن مەغەم ژ بۆ خۆ**[٢٨]

دوواشت، دەتوانین زیاد لەوەجیناسی تەواو، لەم دێرەدا ببینین:

**من پرسییە بێگومان ژ لوقمان**

**خاسیەتی شەربەتان و لوقمان**[٢٩]

هەر لەناو ئەم بڕیارەی ڕەوانبێژیدا دەتوانین لەگەڵ خانیدا لەووشەوە بگوێزینەوە بەرەو وێنەو بەرەو تابلۆ.

وێنە، پاشان تابلۆ دەبێت یەکسەرو بەیەکجار دروستبووبن، یا دەبێ کردەی کۆکردنەوەی چەند ووشەیەکی ڕەوانبێژی بن. ئەگەر یەك دێڕ بۆ نموونە دابەشکەین، کە وەسفی کردەی ئیبداعو نووسینی شیعر دەکات ئەوا لەوێدا چەند لەیەکچوونی ڕەوانبێژیی لەیەك جیا دەبینین، بەڵام کردەی لەیەکدانی ئەم لەیەکچوونانە وێنەیەكو جیهانێکی فراوان دروست دەکات:

**مورغی دڵی مردە بێتە پەرواز**

**بێ پەردە ببت ترانە پەرداز**[٣٠]

کرداری ئیبداع لای ئەو لەخۆیدا کرداری جوانی ناسییە، یا وێنەیەکە لەوێنەکانی جوانیو دەنگێکی دەنگدەرەوەیە بی ئامێری هەستپێکراو، لەجیهانی دەنگدا ناسراوەو کرداری خەیاڵی باڵدارێکە، بێ مەیی ڕاستەقینەی خەیاڵ دروستکەر:

**ساقی بدە من شەرابی گڵگون**

**بێ دەنگ دەفو سەدایی قانوون**[٣١].



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

ئەم شاعیرەی دووای شوێنەواری نەزانراو وقووڵایی ئەفسوونی ژیان دەکەوێت بۆ ئەوەی لەوێوە شتێکی کۆنکرێتیی ژیان خۆی بهێنێتەوە، ئاگای لەهێزی خۆیو وزەی ئیبداعیتیو قووڵیی هونەرمەندێکی پڕ لەشانازی بەخۆیەوە دەڵێ:

**ئەی شاعیری صاغرو نگون سەر**

**وەی ساحرو ساحری فسونگەر**

**ئەی هائیمی وادیا ضەلالی**

**وەی غاویی دەعوەیا کەمالی**[٣٢]

لێرەدا دەتوانین بەرەو تێبینیەکی دیار لابدەین کە بەچەند تاڵی ناوخۆوە بەستراوە بە قووڵایی دەروونی خانیی هونەرمەندەوە: زۆر کەم شاعیرێکی کۆنی ڕۆژهەڵات دەبینین چەند دێڕێکی شانازیی بەخۆیەوە نەبێتو ئەمە دەدرێتە پاڵ لەخۆبایی بوونی شاعیر یا شانازیی بە هونەرو ئیبداعو وزەی خۆیەوە هەرچی خانییە کە زانایەکی موتەسەویفە، زۆر بە تەوازوعکاریی زاناو ساکاریی موتەسەویفێکەوە لەگەڵمان دەدوێ کە خۆی ئەشکێنێو ئەمەش لەچەند دێڕێکی بڵاودا دیارە، بەڵام شاعیرێکی هونەرمەندیشە، خۆی لەتەنگەژەیەکدا دەبینێ لەنێوان تەوازعو شانازیدا، زۆر زەحمەتیش نییە بۆ ئەو کە بەباشی لێی دەرچێ، زۆر زەحمەت نییە ئەمجۆرە دێڕانەی لاببینین کە شانازی بە چەند ئامێرێکەوە دەکات کە بۆ تەوازووعکاری نەبێت بۆ شتی تر بەکار نایەت، ئەوەتابە قەڵەمەکەی دەڵێت:

**هەندێ کوسەری تەمن تراشی**

**ئەو چەند تەکر گونەھ تەلاشی**

**هەندێ کوسەری تەمن قەڵەم کر**

**ئەو چەند تەخەتی خەتا ڕەقەم کر**

**فەحاشی تەکر ژ ڕەنگی خانی**

**نەققاشی تەکر میسالی مانی**[٣٣]

مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

دەچینەوە سەر وێنە لای خانی، کە ئەویش جاروبار سادەیە، لەو وێنەو تەشبیهانە وەرگیراون کە لەشیعری پێش خۆیدا بە هەندێکجار دەستکاریی بچووکەوە وەرگیراوە:

**ئەو هەردوو وەکی دووجام جەمشید**

**ئەو هەردوو میسالی ماهو خورشید**[٣٤]

* **

**چلو بوی جوحمێد تازە**

**ڕەنگی سەمەنی بجایی غازە**

**کافوور میسلی عوزاری قانی**

**سوور گوڵ گەریای زەعفەرانی**[٣٥]

یائالۆزە، چەند لایەنەیە، زۆر جوان سوود لەو وێنانە دەبینێ کە لەکرداری کۆبوونەوەو سەر لەنوێ داڕشتنەوەدا بەکاردێن. خۆر ئاوابوون بە هەموو لایەن‌و ئامێرییەوە لەرۆژو ئاسۆو ئەستێرەی گەشەدارەوە بە هۆی چەند تەشبیهێکی تازەوە دەبێت بەم وێنەیە:

**ئیڤاری کو ئاسمانی مینقەل**

**داناو لوان ڤەشار میشعەل**

**یەعنی کو ڤەکوشت چراغی زێڕین**

**وەرگرت ژ نۆ لیباسی رەنگین**[٣٦]

یا ئەم وێنە پێچەوانەیە لەبارەی جوانیی زینەوە دەدات:

**رابوو خەملی ژ پای تافەرق**

**بوو بەحر حوسن د گەوهەران غەرق**[٣٧]

زۆرجار وێنە لای خانی خەرمانەی وێنەی شیعری رۆژهەڵات دەورەی داوە، بەڵام بۆنی ساکاریی ژیانی کوردو ئاسانیی وێنەی میللیی فۆلکلۆری لێدێ، جاروبار بە وێنەو لەفزەوە، لەچوارچێوەی نەریتی شیعری رۆژهەڵاتدا:





مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

**گو ئەی هەوەسا دڵو هەناڤان**

**هەر یەک ژ وە رۆهنیا دوو چاوان**[٦٤]

(رۆهنیا دوو چاڤان) واتە (رووناکیی چاوان) ئەو ووشەیەی لەزمانی داپیرەی کورد دەیان جار لەرۆژێکدا دەردەچێ، چەند (هاوار)ی لادانی لەکاتی بینینی کچێکدا لەگەڵدایە کە گۆزەی بەشانەوەیە بەرەوکانی[٣٩] بەڵام ئەم هاوارە لەرێگەکانییەوە بەرەو کۆشک دەڕوات‌و لاوانی شار لەگەڵیدا بەرەو کونی پەنجەرەیەك دەچن کە زین چەند تاوێك لەوێوە دیارە:

**خەلقی کو دیتی ئەو کەمەرگاه**

**حازر دکرن ژ غوری دل ئاه**[٤٠]

لەشوێنێکی بچووکەوە بۆ جیهانێکی فراوان شاعیر دووای دڵی خۆی دەکەوێ بەچەند ووشەی میللیی ساکاری دەربڕ، هەر لەو گەڕانەدا بە دووای ئەو نەزانراوەدا کە بەئامێریتری شیعر دەریدەبڕێ:

**ئەی دل مەچە بێ چراغی جانی**

**زوڵماتە تە کووری ڕێ نەزانی**

ئەم دوو سەرچاوەیەی وێنەکانی خانی (بناغەی میللی‌و گردەوە بووی شیعری سامانی نەتەوەیی هەندێکجار بەس بۆ دروستکردنی وێنەی هاوبەش، کە هەموو ئامێرە ئیبداعی‌یە شاعیرانەکەی لەپاڵ وەرگیراو لەسروشتی جوانیی وولات تێدایە:

**ئەو چەند ئەوی دگەل دلی گوت**

**ناچار دلی دلی بوی سووت**

**دووکەل ژ حەرارەتا سوەیدا**

**رابوو تژی بوو مەحەلی سەودا**

**رابووڤە ژ دل دوخان‌و یەحمووم**

**رەش کر ل سەری دماغ‌و خەیشووم**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**نینک خەیال بوو موکەدەر**
**ئاینەیی عەقل بوو موغەیەر**
**عەورەک تە دگوو ژ ئەرزێ ڕابوو**
**ئەفرازێ ل ئاسمان جەما بوو**
**وێ عەورێ ژ نیڤکا هەناڤان**
**خوونبارێ دکر ژ هەر دوو چاڤان**
**سیلابێ جگەر وەسا ل کوڕهات**
**گۆیا ب سەر ئەرەزڤە کوڕهات**(٤٢)

ئەم وێنەیە جاریتر لەکاتی وێنەی لایەنیتر رووداوی چیرۆکەکەدا دێتەوە بەرچاوو زۆرجار رەگەزەکانی سروشتی بەهێزو رەنگو دەنگەوە بەسەرئامێری ئامادەی شاعیردا زاڵ دەبێت:

**ئەو چەند ژ عاریزێ دگلگون**
**ڤێکرا دوەرین سروشک پڕخوون**
**گۆیاکو دفەسلێ نەوبەهارێ**
**باران ل گولشەنان دبارێ**(٤٣)

یا رەنگەکانی سروشتو هەموو رەگەزەکانی وەرزەکانی لەگەڵ تاڵە ووردەکانی دەروونی عاشقان کە بەپێوەندییەکی نەپچراو بەستراون بە دەروونی شاعیرەوە یەکدەگرن:

**کانی لمە ئاشە یانەزیزە**
**باغێ وێ بەهارە یا پەییزە**(٤٤)

ئامێرەکانی سامانی نەتەوەیی لای شاعیر هەر لەیەك لای ئەم سامانە فراوانەی رۆژهەڵاتدا قەتیس نەبووە، زۆر جار خانی پەنا دەباتە بەر زمان خۆی تا وێنەی نوێی خولقێنەری لێ دروست بکات کە دەتوانین ناوی بەرین بە گۆڕینی روخسار بۆ ناوەڕۆك. شاعیر دەسەڵاتی بەسەر چەند زمانی رۆژهەڵاتدا دەشکێتو هەڵسوکەوت لەگەڵ ووشەدا





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

وا دەکات وەك موڵکی شیعری رۆژهەڵات بێت لەگەڵ چاودێریی تەواوی پێکهێنانی رستەی کوردی زمانی تێکەڵاوی شیعری رۆژهەڵات (ووشەو بەکارهێنانی رەوانبێژیی فارسیو عەرەبیو تورکی) ووشەی کوردی لەچوارچێوەی دروستکردنی تەواوی رستەی کوردیدا دەچێتە پاڵ. خانی ووتویەتی:

**کوردی، عەرەبی، دەریو تازی**
**تەرکیب کرن ب هەزلو بازی**(٤٥)

ئەم شاعیرە وزەی هەموو ئەم زمانانە بۆ سوودی کارە ئامانجدارەکەی دەگوشێو شایان بەخۆی ئاهەنگی لەدایکبوونی داستانی کوردیی لەقووڵایی دەرونی کوردی خۆشەویستەوە دەگێڕێ.

دەسەڵات بەسەر ئەم زمانانەدا، یارمەتیی شاعیر دەدات مەودایەکی فراوانی ئیبداعی لەبەر دەمدا دەکاتەوەو لەجوغزی تەسك دەیهێنێتە دەرەوە، زۆر، ئیبداع لەسوود بینین لەم توانستە تازەیەدا دەکات یا لەکاری خەریك کردنی خوێنەردا یاری بە ووشە دەکات. هەر ئەو ووتویەتی:

**رەنگێ سەمەلێ ب جایێ غازە**(٤٦)

یا زمان دەگۆڕێ بە ناوەڕۆكو شاعیر دوو دڵیی خۆی بەرامبەر بە ئامێرە جیاوازەکانی زمان دەرنابڕێ، بەڵکو بەرامبەر بە ناوەڕۆكو سەرسامیی دەروون، هەر لەڕێی سەرسامی بەرامبەر بە ئامێرو زمانەوە دەڵێ:

**جوانیو بەهارو باغو مەحبووب**
**ئایا د دونێ چەمایە مەتلووب**
**خاسما هەبتن ئەڤینی غالب**
**لەب تەشنەیی عەشق هەردوو جانب**
**ئیدی چ بە بێژم ئەز نەزانم**
**بیلمز کە نەسویلیە زبانم**(٤٧)

* * *

مه كته بى بیروهۆشیارى

داچۆڕاندنی زمان لای خانی لەسنووری ئەو زمانانەدا ناوەستێ کە دەیانزانێ، بەڵکو دەچێتە قووڵایی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردیو لقەکانیانەوە، خۆی ئەوەی دەسنیشانکردووەو ووتویەتی:

**بۆهتیو مەهمەدیو سلیڤی**

**هەن لەعلو هەنەک ژ زێڕو زیڤی**

بەڵام خانی خۆی لەسنووری ئەم لقانەدا رانەگرتووە کە وەك دەردەکەوێ بە لقی کرمانجیی ژووروو زانیون کە دیالێکتی خۆیەتی، بەڵکو گەلێك ووشە دەبینین دەتوانین نیشانیان بدەینو بەووشەی لقە جیاوازەکانی دیالێکتی خوارووی بزانین، تەنانەت گۆرانو لوڕیشی لادەبینین کە شارەزایانە دایمەزراندووە، جێگەی گونجاوی لەناو رەگەزەکانیتری زماندا بۆ دۆزیوەتەوە.

فرمانی (نەدێرین) کەئێستا لەقسەی رۆژانەی فەیلیی لوڕدا بەکاردێت[٤٩]، وەك بەردێکی جوانی جیاواز دەدرەوشێتەوەو هەستێکی زمانەوانیی جوان لەم دێڕە درامییەدا دەبەخشێ:

**ئەی واقیفی واقیعاتی دێڕین**

**ئەم غەیری تە مەحرەمان نەدێرین**[٥٠]

ئەگەر خانی دەسەڵاتێکی رەسەنی جیاکردنەوەی لەنێوان بەکارهێنانی ووشەی فارسیو تورکیو عەرەبیدا هەبێتو توانیبێتی دارشتنی ساغی رستەی کوردی بپارێزیو سامانێکی فراوانی ووشەی ئەم زمانانەو زمانە کوردییەکەی خۆی لاببینین، تا لەهەموو کونجێکی داستانەکەیدا بۆ سوودی زمانی زگماکی خۆی بەکاری هێنابێو وزەی توانستی شاعیرانەی خۆی پێ پتەو کردبێتو توانیبێتی ووشەی جیا جیا لەتاقە دێڕێکدا یا لەتاقە وەسفێکدا بەکاربهێنێو چەند وێنەیەك لەرێگەی ئەوەوە دروست بکات، ئەوا ئەم هەڵوێستەی بە تەواوی بەرامبەر بە دیالێکتەکانی زمانی خۆی نییە.



* * *

راستە خانی داستانەکەی لەبنەڕەتدا بە بەشی بۆتانیی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو نووسیوە وەك ووتمان ئیبداعی زمان زانیی خۆیی لەو لقەدا رانەگرتووە ـ بەو شێوەیەی لێی دووایـن بە وریایی زۆرەوە بەرامبەر بەدارشتنی رستەش. بەڵام ئەم[٥١] وریاییە مەودایەکی هەبوو لەدووا سنووری زمانی کوردیدا دەوەستان. بێجگە لەسێ نیوە دێڕ کە خۆیان بە عەرەبی نووسراون. کە سەیر دەکەینو یەك رستە نابینین دارشتنەکەی کوردی نەبێ ئەوا خانی لەدارشتندا پەنا دەباتە بەر هەموو لقو دیالێکتەکانی زمانەکەی، لەمەو پێش باسی بەکارهێنانی راناوی لکاومانکردو ئەمچەشنە بەکارهێنانە لەچەند شوێنیتردا لەلای دووبارە دەبێتەوە وەك (شێخم)[٥٢] لەجێی (شێخێ من)و (میرم)[٥٣] لەجێی (میرێ من)و ئەم دیاردەیە نموونەیتریشی هەیە، ئەوەی زانراوە کە باری کۆ لەناودا بە "ان" دەبێو (ی) لەکرمانجیی خوارووداا دەخرێتە سەر وەك (کوڕانی ئێمە)، بەڵام لەبۆتانیدا (ین)ی دەچێتە سەرو دەبێ بە(کوڕێن مە)، (ید) لەهەکاریدا بەکاردێتو دەبێت بە (کوڕێدمە) کە لەبادینانیدا دەگۆڕرێ بە(یت) وەك(کوڕێت مە) بەڵام دەیان نموونە لەمەمو زیندا هەیە کە خانی ئەم سێ وێنەیە هەرسێکیانی بەکارهێناوە[٥٤] سەیریش ئەوەیە کە شوێنەواری چەند دیالێکتی دوور لەمەڵبەندی خانی دەبینین وەك ئەوەی ئەم راناوە ببێ بە(ن) لەجێی (م) کە ئەمە دارشتنی بەکارهێنراوی ناوچەی پشدەرو مەنگووڕە کە تێکەڵن لەقسەی سلێمانیو موکری (گوتی هەڕە بێژە میرو ئاغان)، کە هەر لەباسی ووشەی کوردیو بەکارهێنانیدابین لای خانی، ئەوا باسێك لەم بارەوە هەیە دەبێ لێی بدوێین. هەڵسوکەوتی خانی لەگەڵ ووشەی کوردیدا هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی زانستیی لەمەو دوواو هێڵی بەرەو ژوور چوودا گونجاوە. وەك دەزانین لەناو کۆڕی رووناکبیریی کوردا موناقەشەیەك لەساڵانی چلدا لەبارەی ووشەو ناوی عەرەبیی لەکوردیدا بەکارهێنراو هەبوو. ئایا بەو ئیملا کوردی وەرگیراوە رێکخراوە بینوسین کە لەبنەڕەتدا لەعەرەبییەوە وەرگیراوە، وەك (مستەفا)[٥٥] لەووشەی (مصطفی)دا، یا بە شێوەی ئیملای عەرەبی بینووسین؟ نەوەی کۆنی نووسەران

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کە بەنەوەی مزگەوتیان ناو دەبەین بەلای رای یەکەمدا دەچوون، هێشتا هەندێکیان هەر سوورن لەسەر ئەوە. هەرچی نەوەی تازەیە کە رووناکبیریی ئەوروپا کاری تێکردوون ئەوە بەلای رای دووەمدا دێت.

کە بەچاوی گەڕانی باش سەیری (مەمو زین)ی خانی بکەین ئەنجامێکی سەیر دەبینینو سەرسامانە بەرامبەر بە مێشك کراوەیی شاعیر دەوەستین. دەیان نموونە هەیە بۆمان دەسەلێنن کە شاعیر هەڵسوکەوتی لەگەڵ ووشەی عەرەبیدا هەڵسوکەوتی کەسێك بووە کە نوتقی کوردانە بێت بۆ نموونە دەڵێت:

**زینهار تومەبە ل مال حارس**

**لەورا کو دبەن ژ دەست تەوارث**

ووشەی (حارس ـ پاسەوان) نابێ لەقافیەدا بەرامبەر بە (وارث)[٥٦] بێت ئەوە لەزانستی قافیەدا (الاکفاء)ی پێ دەڵێن کە لەخەوشەکانی قافیەیەو نابێ شاعیر شوێنی بکەوێ، لێرەشدا ناتوانین کزی بدەینە پاڵ خانی، نەك هەر لەبەر ئەوەی شاعیرێکی بە دەسەڵاتە بەڵکو چونکە بۆ شاعیرێکی دێڕی مەسنەوی بنووسێ ئاسانە بە کارێکی سووکی پاشو پێشخستنی (حارس) بەرامبەر بە (وارس)ە واتە ووشە عەرەبییە کە (وارث) بە نوتقی کوردیی جیاواز لەئیملای عەرەبی بنوسرێت یا بووترێت.

دووبارە بوونەوەی ئەم دیاردەیە بۆمان دەسەلێنێ کە شاعیر زۆر لەگەڵ خۆیدا لەم مەسەلەیەدا نزیکەی سێ سەدە پێش پەیدا بوونی ئەم موناقەشەیە موناقەشەی کردووەو گەیشتۆتە رای دووەم کە لەگەڵ لۆجیكو بەرەو پێشچوونی زانستیدا دەڕوا[٥٧].

دێینەوە سەر وێنەی هونەری لای خانی، وەك دەزانین سەرچاوەکانی سامانی نەتەوەیی لای خانی هەمە رەنگنو وەك یەکێك لەشاعیرە گەورەکانی رۆژهەڵات ناتوانێ لەناو پێگەکانی خۆیدا ئەوەی لەبیربچێت کە لەرەخنەی ئەدەبیی عەرەبیدا بە وێنەی ئەدەبیی قورئان یا بە وێنەی قورئانی دەزانرێت. لەداستانەکەیدا وێنەی قورئانو تابلۆی قورئانیی زۆر هەیە. خانی بە قەڵەمی هونەرمەندێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات. وێنەکە یا



* * *

بیرەکە لەبنەڕەتدا قورئانییە، بەڵام وەك وێنەکانیتری سامانی نەتەوەیی بە قەڵەمی شاعیرێکی توانا دارێژراوەو بە روخسارێکی تازەو بە لێ زیادکردنی تازە دارێژراوە.. ئەوەتا دارشتنی تازەی وێنەکانی قورئان لەمەمو زیندا دەبینین.

لەو فەسڵەماندا لەبارەی تەسەوفەوە، پشت بە ئایەتێکی قورئان دەبەستین[٥٨] بەڵام دووبارەکردنەوەی ئەم ئایەتە هەر لەباری سەرنجی تەسەوفەوە سەیر ناکرێت. بەڵکو سەیرکردنێکی شیوازی وێنەی هونەری دەمانباتە سەر بەراوردێکی نوێ.

ووشەکانی وێنەکانی قورئانی بە تەنیا دەچنەوە سەر وێنەی خانی، بەڵام هەر یەکێ لەوانە هاوتای ووشەیەکە لەچیرۆکی عەشقو لەو ڕەگەزانەی خۆشەویستی کە چیرۆکی عەشق دروست دەکەن:

**عەشق ئاگرە، تەن چیایێ طوورە**

**دل ئەو شەجەرێ بەنارو توورە**

**میشکاتە قەفەس، قەبەس چرایە**

**جان زەیتە، ئەو چرا دناڤە**

**سِر جوزئە دەکولیدا بلّڤە**[٦٠]

وێنەی مووسا کە موتەسەویفان پێوەی پابەندن هۆیەکە بۆ دۆزینەوەی وێنەی ئەدەبیتر لای خانی ـ وەك:

**تاژدین تەدێ چ رەنگ ئەداکر**

**مووسا ل مەبەحرێ غەم زەواکر**[٦١]

هەڵسوکەوتی خانی لەگەڵ ئەم ئایەتەدا هەر وەك هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ ئایەتو وێنەی قورئانییتردا، یا دەبێ بەوێنەیەکی تازە یا دەبێ بە تابلۆیەکی تەواو، یا شێوەی گزنگێگ یا چەند ئیشارەتی خولّقێنەرانەی شاعیرانەیە.

ئەو مەنجەنیقەی برایمی خەلیلی تێ فڕێدراو نەیسووتاند ڕێگەی وێنەیەکی پێچەوانە دەدات بە خانی. قارەمانەکەی لەناو گولزاردا دەژی[٦٢]، بەڵام گولزار هەرچەند مەنجەنیقە بۆ عاشقی سەرشێت.

**گولزار ل تە دبێتە ئاتەش**[٦٣]

لەم بارەیەوە دەتوانین پەنجە بۆ ئەو وەرگێڕاوانەی درێژکەین کە لەوێنەکانی بەهەشت لەقورئاندا وەرگیراوەو لای خانی بۆ وێنەی ئەو سروشتە بەکار هاتووە کە دەورەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەیانداوە:

**هەر ڕەوەزە ڕیازی خولدی ئەکبەر**

**هەر چەشمە ژ عەینی ئابی کەوسەر**[٦٤]

تەنانەت خانی لەزۆر لایەندا وێنەی قورئانیی تەواومان دەداتێ نموونەی ئەوە وێنەی باغەکەی میر زەینەدینە[٦٥] و شوبهاندنو ناوبردنێتی بە باغی ئێرەم لەقورئاندا[٦٦] یاعاشقەکانی بە یارانی ئەشکەوت (أصحاب الکهف) دەشوبهێنێو هەر ووشەکانی قورئانیشی بۆ بەکاردێنێ.

**مەحرووم مەکەن بەکر ئەمانەت**

**ئەم بووینە بوی صەیی صیانەت**

**گاڤا کو دچینە نیڤ صەعیدی**

**کەلبی مەبتن لبەر وەصیدی**[٦٧]

ئەو وێنانەی لەئەفسانەکانی ئایینەوە وەرگیراون هەندێجار لای خانی یاری بە ووشە دەکرێو وێنەیەکی جوان دەهێنێ کە هەموو کەسێك کە قوولبێتەوە یا لەجوانیی زمان بگات لەزمانی کوردیدا لەمەغزای دەگات:

**بتخانەی ب ئاگری دششتن**

**ئاتەشگدە جوملەگی ڤەکوشتن**[٦٨]

**





**خەل ڤەدکوژن ئاگر ب ئاڤی**

**ئەزدی ڤەکوژم بە ئاگر ئاڤی**[٦٩]

لێچواندنو وێنەی قورئانی هەندێ جار فراوانتر دەبێت تا دەبێت بە تابلۆیەکی قورئانیی تەواو بەشارەزاییو بەکارهێنانێکی زانایانە سوودی لێ دەبینرێ بۆ بەخشینی تابلۆیەکی تەواوی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە. لەشایی ستیو تا ژدیندا[٧٠] ڕەگەزەکانی ئەم تابلۆیە بەرامبەر بەڕەگەزەکانی چیرۆکەکەی خانی دەوەستن (تاژدینو کەژاوەی شاییو ستیو مەم... هتد) شاعیر وێنەیەکی تر دەباتە سەری کە وێنەی بەردە درەوشەدارەکانی تەختی پادشا کەوەك ڕەنگی ڕۆژی ئاوا بوو بوو لەدەریایەکی هەڵچووی شەپۆل بەیەکدادەرو پاپۆڕێك بەڕووی شەپۆلەکاندا بەرەو کەناری خۆشی بڕوا ئامادەبوونی ئینسان بەهەموو هەستو خۆشییەو بزووتنەوەیەکەو زاڵە بەسەر ئەم تابلۆیەدا.

ووشەی لەیەکچوو وێنە وەك ووتمان دەبن بە تابلۆیەکی تەواو ئەم تابلۆیانە هەمیشە لەگەڵ تابلۆکانی سامانی ئایینیو ئەدەبیدا لەیەك ناچن[٧١]، بەڵام تابلۆکە لای خانی لەگەڵ شتێکی دەرەوەدا لەیەك ئەچن، کە لەسروشتی یا ژیان خۆی وەرگیراوە. بەڵام شێواز لای خانی زۆرتر وەك خۆی دەمێنێتەوە واتە تەشبیهی تابلۆیەکی ئامادەی دەرەوە بە تابلۆیەك لەڕووداوەکانی چیرۆکەکە، یا تابلۆکەی دەرەوە خۆی خانی هەر خۆی دروستیکردووە، بۆ ئەوەی لەدروستکردنی تابلۆی تازەو دەرخستنی ڕووداوی ناو چیرۆکەکەدا یارمەتیی بدات. لەمەشدا ڕوودەکاتە کرداری بەرامبەری، هەر بەشە لەولا بەشێك هەیە بەرامبەریو هەر دوو تابلۆکە پاشان یەکدەگرنەوەو گرنگترینی ئەم تابلۆیانە تابلۆی ئاسمانو ئەستێرەکانێتی کە بەرامبەر بەوە لای خانی تابلۆی خوانی میر زەینەدینە[٧٢] لەڕۆژی شایی ستیو تاژدینداو یەکگرتنەوەی ووردە لەنێوان کتێبی بەرگ تێگیراوی جوانی ڕەنگینو باخچەی میردا[٧٣] قەڵەمی خانی بە ئیبداعو ووردی ئەو وێنانەی دەرەوەی ڕووداوەکانو کەشەکانی چیرۆکەکە پیشان دەداتو زۆر سەرکەوتووە لەبەخشینی دیمەنی سەرەکیی کەسەکانیشدا، ئەو دابەشکردنانەی دەرەوە کە بەپەنجەی

* * *

رەسامو وێنەی دەمو چاوو لەش کە خانی دەمانداتێ هێزێکی دیاری بناغەی تێدایەو وێنەی دەرەوەو ناوەوە یەك دەخاتو شاعیر لەڕێی ئەم دیمەنو دیاردانەوە بە ناخدا دەچێتە خوارەوەو هەوڵی دیاربوونو هێنانە دەری دەدات لەژووررووداو لەجووڵاندنەوەیکی گورجو گۆڵدایەو وەسفێکی گشتیی تەواوی هەر یەکە لەکەسەکانیان دەداتێو ئەو ئامێرانەی سامانی نەتەوەییو تەشبیهەکانی پشت گوێ نەخاتو هەندێجار پشت بە ووشەی ئامادە ببەستێو جێگە بۆ ئەو ووشە ئامادەکراوانە بدۆزێتەوە کەسەر بە جیهانی شیعری کۆن بوون تەواو سوودبینین لێیان بکات بە پێویست، ئەم وەسفە لەوێنەیەکی هونەری کە دەمو چاو ببەستن بە دڵەوەو دەرەوە بکەن بە ڕێگە بۆ دەربڕینی ناو دەروون بەدەرنییە.

شاعیر ڕێگەی داستانەکانی پێشوو لەپێ ناسینی کەسایەتییەکانیداو ڕێگە بۆ خستنە جەرگەی ڕووداوەکان دەگرێو بەناوو بەنەسەب دەستپێدەکات پاش ئەوە ئامێرەکانی شیعری بۆ وەسفی شەخسیەتو پیشاندانی وێنەی بنەڕەتی هەر شەخسیەتێك پیشاندەداتو لەوێ لەناوەندی ڕووداوەکاندا دەبینین کەسایەتی بەهێمنیو بێ ئینفیعال وبێ هەوڵی ڕوونکردنەوەی شاعیر خۆی دەنوێنێت.

ستیو زین دوو خوشکن بە تەواوی وەسفی کردوون[٧٤]، هەردوولا هاوسەنگ بوون، دوو کچی جوانی میرزادە...هتد. ئیتر چی تر؟ کامیان دەچێتە پێشەوە بۆ ناوەندی ڕووداوەکانو دەبێ بە قارەمانی چیرۆکە شیعرییەکەی؟ شاعیر دەست لەوە نادات کە بەڕاشکاوی وەڵام بداتەوە، بەڵام کەسایەتی بەرە بەرە لەگەڵ ڕووداودا پێ ئەگات. ئەگەر وێنەی دەرەوەی دوو کچەکە لەیەك بچنو چون یەك بن، ئەوا جووڵەیەکی تازە بەرە بەرە دەیانخاتە سەر دووریانێکی دەرخستنی قووڵایی دەروونو هێزی شەخسیەتو دووا پێوەندی بەو دڵدارییە فیداکارانەیەوە کە شاعیر کردوویەتی بە مەبەسی حیکایەتەکەیو ژیانی.

هەر دوو کچ بە خۆشارراوەییەوە لەسەیرانو ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بەو چەشنەی لەچیرۆکەکەدا دیارە دەگەڕێنەوە[٧٥] و ئەوە لێی داون کە لێی داون لەتیری خۆشەویستیو



* * *

کەوتنە دڵە کوتێو هەڵچوون، ئەوەندەی پێ ناچێت دایەنەکەیان حەیزەبوونی پیرێژن دێتە لایانو دوو موستیلە لەپەنجەیاندا دەبینێ[٧٦]، داوای دەکات لێیان تا خاوەنەکانیان بناسێتەوەو لێرەوە خانی دووڕیانەکە دەستنیشاندەکاتو سەرەتای دیمەنی ناو دەروونیان بە ئیبداعەوە نیشان ئەدات:

**حازر ستی نگین دەر ئانی**
**دادەست عەجوزیا زەمانی**
**زینی وەهە گوتە حەیزەبوونی**
**من دل بوویە وەرتەیەک ژ خوونی**
**گاڤا وەکی وەرطە تێتە جۆشی**
**وقتێ کو دکەت بکەت خرۆشی**
**تەسکین دکەت ئەو نگین دڵی ژار**
**دەم دەم کو ددەم دچەشم خوونبار**
**زنهار ئەگەر دبەی نگینی**
**زوو بێنەڤە بۆ مە دل حەزینی**
**لەورابوویە بۆمە سەبرو سامان**
**ئەو بۆمنە خاتەما سلێمان[٧٧]**

لەلاکەیترەوە هەردوو عاشقیش هەر لەو تاوە ئاڵۆزەدا دەژیان هەر ئەو پیرێژنە هاتە لایانو هەر ئەو داوایەی لێکردن.

**تاژدین نگین ژ دەست دەرئانی**
**دا دەست عەجووزەیا زەمانی**
**مەم تێفکری کو بێ نگینی**
**کەنگی دکەتن مەدارو ژینی**
**گو دایە تومن بدێرە مەعزوور**

* * *

**کی جان ددەت ژ دەست خوە دەستوور**
**ئەڤ خاتەمە ئیسمەگەر تەلیسمە**
**من جان ئەوە قالبی مەجیسمە**
**ئەی دایە توقاسیدی حەبیبی**
**بێ شوبهە ل دەردی من تەبیبی**
**صدقی سەرو زولفو خالی زینی**
**مەستێنە ژ دەست مەنگینی[٧٨]**

ئەم دیمەنە دەربڕە سەرەتای پێوەندیی بەرەو پێشچوونی ناوەوەی کەسایەتیی مەمو بەستنییەتی لەناوەوە بەکارتێکەرەکانی دەرەوەو بە هەموو رووداوەکانەوە، تاکەسایەتییەکە بەرە بەرە بگەشێتەوە لەرێگەی ریزەکارتێکەرێكو گزنگێکی شارەزایانەوە کامڵ ببێت، بەهۆی هونەرمەندێکەوە کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەوانەدا بشکێ کە لەجیهانی ناوەوەو دەرەوەی قارەمانەکەیدانو بەسەر توانای ئیبداع کەری خۆیدا وەك هونەرمەندێك بەسەر هۆکانی هونەرداو تا ئەو شەخسیەتە بەهێمنی لەنێوان زۆریی کارتێکردندا بەرەو ناوەندی قارەمانێتی زۆر بەهێزو خۆڕاگر بێنێتە دەرێ.

عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان بەڕاستی دەڵێت کە کەسایەتیی مەمی قارەمان بەکۆتاییەکی ورە بەرداوو کز دەزانرێ بەرامبەر بە ئازاری ئەشکەنجەو ئاگری دلداری[٧٩]، بەڵام قارەمان لای خانی هەموو دیمەنەکانی هێزی ئەو چەند سەدەیەی دوایی تێدایەو بەدەنگێکی پتەوی چوونە مەیدانی چەرخی پڕ لەگۆڕینی خۆی هاوار دەکات[٨٠] و بە ئاشکرا دیارە کە خانی نایەوێ وێنەیەکی ورە بەرداو بۆ قارەمانەکەی بکێشێ. سەیرکردنێکی وورد لەپەیکەری قارەمان لای خانی چەند دیمەنی ئەفسانەییو واقعیان دەداتێ کە لەفۆلکلۆرو لەکۆمەڵو لەکتێبەکانی سامانی نەتەوەییەوە وەرگیراون، بەڵام وێنەی تەواو پڕی گونجاو کە خوێنەر بە تەواوی دەیبینێ ئەوە پەیکەرێکی قارەمانی تازەیە لەگەڵ رووداوو بەرەو پێشچوونیدا دەگونجێ، لەگەڵ راستیی رووداوەکاندا





دەگونجێ، شەقڵی قارەمانی لەچەرخەکانی پێشووە بەئەمینیو بێ زۆر لەخۆکردن بۆ چەرخی خۆی دێنێ. خانی زۆرشت لەبۆچوونی خۆیو ئاواتەکانی دەخاتە سەر وێنەکەو ڕەنگە سۆفیە جیا جیاکانو هەمە رەنگەکانی خۆی بەکاردێنێ. بێگەردیی دڵێکی سپیو تاریکیی ژیانێکی سەختو تاریکیی بەندیخانەو زەردیی رۆژ یا لەمۆمێکەوە دەیبینێ کە سوفی لە کلاورۆژنەی دڵی پڕ باوەڕییەوە دەیبینێ، تا دەگاتە رەنگی سووری خوێنو شەهید بوونیو بینینی چەند تاڵی دیار لەوێنەی حەللاج[٨١].

وێنەی کەسایەتی لەو بەرەوە دەگۆڕرێ بە وێنەی مەمو زینو کاتێ وێنەی بەکر پیشاندەدا دەبێت بەکارێکی تەواو بووی کەسایەتییەکی دیار کە وێنەی مێژوویی خۆی وەك نوێنەری هێزی خراپەو هەموو ئەو شتانە هەبێت کە لەچیرۆکەکەدا وەك کێشەیەکی نموونانە دیارە[٨٢].

وەسفی بەکر بە هەموو ئەوەی تێیدایە لەرەنگو هێڵەکانی رەسمی وێنەیەکی شێواویو ناشیرین دەکاتو لەوفەرهەنگەی خۆیدا کە لەبەر دەستیدایە هەموو ئەوەی لەدەسەڵاتدا بۆ کەسێکی وەك خانی لەسیفەت بەکاری بهێنێ دەچێتە سەر ئەو وێنەیە، بەڵکو جوێنیشی دەچێتە سەر، ئەوسا واز لەبەکر دەهێنێ کە خۆی لەسەر تەختی چیرۆکەکە بجولێتو بکەوێتە جوولەیەکی بەردەوامو فڕوفێڵێکی زۆری رێوییەکی فێڵباز، کە بەهەزار فێڵو پێچو پەنا لەقوربانییەکەیەوە نزیك دەبێتەوە هەر وەك سیاسییەکی فێڵباز بێت بزانێ چۆن مناوەرە دەکاتو لەکاتی پێویستدا چەپۆك دەهاوێت[٨٣].

بزووتنەوە بەشێکە لەوێنەی شەخسیەتی بەکرو چوونە پێشەوەو هاتنە دوواوە دوو رێگەی رەنگ کردنی شەخسیەتی ئەونو ئەگەر دەرخستنی خانی بۆ سروشتی پێوەندی لەنێوان میرو بەکردا[٨٤] بچێتە ناو رەنگدانەوەی واقیعی حوکمو شێوازی، ئەو بیناکردنی شەخسیەتی میرو بەکر لای خانیو بەکارهێنانی هەموو ئەو رەگەزانەی تێی گەیشتووەو توانیوێتی بەکاریان بهێنێ، شەقڵی دەسەڵاتی سەرکەوتووانەی لەڕەنگدانەوەی کەسایەتیو تێکەڵکردنی رووداو بزووتنەوەو شەخسیەتو بەخشینی تابلۆیەکی تەواوی

هێزەکانی خراپەو کێشەی کۆمەڵایەتیی لەرێگەیانەوە پێ دەبەخشن. شاعیر بەبێ لایەن بەرامبەر بە تابلۆکەی ناوەستێو ناتوانێ بداتە پاڵ ئەو رەنگانەی تەنیا بۆ روخساری دەرەوەی بەکارهێناوە، بەڵکو بۆ وێنەدانی هەڵوێستیشی، قووڵاییەکی دەروونی پیشانداوە کەلەدوو بنەڕەتی سەرەکیی خانییەوە. هەموو ئەو وەسفەو سیفەتانەی بەکاریهێناون بۆ شاعیر بەس نەبووەو تینوێتیی بەرامبەر بە هێزی خراپە نەشکاندووەو رەنگە یەکسەرەکانی تێری نەکردوونو ویستوویەتی لەرێگەی تاژدینو براکانییەوە کە بەمینەمۆم (رادەی خوارووی) داخوازەکانیان لەمیر رازینو داوای ناردنی بەکر دەکەن بۆ لایان تینوێتی خۆی دەشکێنێ. بۆچی بینێرێت؟ چیی لەگەڵ دەکەن؟

**دا ئەم خەبەران ژ بۆ وی بێژن**

**دەردێد خوە ئەم ل وی برێژین**

ئەگەر خانی نەیتوانیبێ خراپە لەناو بەرێت، ئەوا بەسەرزمانی تاژدینو براکانییەوە بەم شێوە سادەیەی هەجوو کە دەچێتە ناو وێنە کێشانی سایکۆلۆجییەوەو دێینەوە سەری خەمی خۆی دەرەوێنێتەوە.

وێنەی بەکر کە پڕە لەجووڵە هەمیشە. وێنەیەکیتر، رێگەیەکیتری وێنەی هونەریی خانیمان دێننەوە یاد، کە وێنەی داپیرەی حەیزەبونی دایەنی ستیو زینە.

زۆرجار پیرێژن دەبێتە وێنەی هێزی خراپە لەحیکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا. ئەو پیرێژنە بە بازێك نەچۆتە قوتبی ئەو بەر، بەڵام پێوەندیی ئۆرگانیکیی بە (ستیو زین)و سەرەنجامو بەختیارییانەوە بێ چەندو چوون دەیبەستێ بەم قوتبەوەو بە شارەزاییەکی سەرسوڕهێنەر دەکەوێتە جووڵە لەنێوان ئەم پێوەندییەو ئەو هۆیانەی پێوەندییەکە کە لەگردەوەبووی تەجروبەیەکی درێژ لەگەڵ سەختییەکانی ژیانو فێڵی شارەزایانەدا دروستبووە. شارەزایی خانی لەکارێکی لەوەچوودا لەوەی وێنەی کێشاوە لەنێوان میرو بەکردا (چوونە پێشەوەو هاتنە دوواوە) دەگاتە لووتکەی ئەوەش بە چوونی پیرێژنە بۆ لای شێخی سیحرباز (فاڵ خوێنەرەوەو زانای نهێنی)، خانی ئەم وێنەیە لەو فڕوفێڵانەوە





وەردەگرێ کە لەجیهانی کڕینو فرۆشتنندا هەیە، ئەمەیان دەیەوێ پارەی دەستکەوێتو ئەویتر دەیەوێ بە نرخێکی هەرزان نهێنیی دەستکەوێت، تا ئەوە لەستیو زین بشارێتەوە کە ووتویەتی سیحرو نهێنی دەزانم، خانی کۆمەڵێك رەنگو شێوازی جیا دەدات بەم وێنەیە. لەوەسفی دەرەوەی ناشیرینی پیرێژنەوە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی تازەو رووداوێکی گەشەسەندوو کە دەرخستنییەتی لەشێوەی پزیشکدا، تا پیشاندانی وێنەیەکی سایکۆلوژیی بزێو، بۆ جارێکی تر گەشەسەندنی شەخسیەت، لەپیرێژنێکەوە کە حەز لەشت زانین دەکاتو تەنیا دەیەوێ نهێنی بزانێت بۆ خاوەنی مەسەلەیەك (مەسەلەی چوار دڵدارەکەیە)و لەجیهانی سنوورداری خۆیدا کاری بۆ دەکات. خانی سەرنەکەوتنی پیرێژن دەرنابڕێو رۆڵی ئەو لەفەسڵەکانی سەرەتادا دەردەخات، بەڵکو لەشانۆی رووداوەکان دەچێتە دەرەوەو دەنگی بەهاوارێکی درامی دەنگ دەداتەوە[٨٦].

لەرێی ئەم دوو وێنەیەوە دەتوانین بە قەناعەتەوە بچینەوە سەر ئەو وێنە سایکۆلۆژییەی دەچێتە قووڵاییەوە بۆ ئەوەی رووداوەکە لەرێی تێگەیشتنێکی جێگیری ئینسانو سووچ (بعد) و بوونو هەژاندنو کارتێکراوییەوە لێك بداتەوەو چەند لایەنێك لەهەڵسووکەوتی مرۆڤ لەگەڵ رووداودا بەهۆی سیفەتی جێگیر کارتێکردنی ئینسانییەوە وەردەگرێ:

**شاهی وغەمان دڤێت ئەنباز**

**دەردانو دەمان دڤێت دەمساز**

**ئونسیەتی عاشقان سکوونە**

**سەرمایەیی وەحشتی جنوونە**

**ئاسوودە دبن ب یەک دووهەم قال**

**خاسما کو هەبن پێکڤە هەم حال[٨٧]**

وێنەی عاشق لای خانی وێنەیەکی سایکۆلۆژیی قووڵەو لێڕژاوی تەجروبەیەکی ئینسانییە، تیژیی عاتیفە تێدا چەند ناسك بێت، هەر واقیعیو پەسەندە:

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**عەشق ئاگرە نەفحەیە نەسیحەت**

**سڕ پەردەیە لۆمەیە فەزیحەت**

**هەندێ کو ئەوان دکر مەلامەت**

**وی زێدە دبوو ژوان نەدامەت**

**ئەشکان نەدانە چاڤی فرسەت**

**ئاهان نەددا دهانی موهلەت**(٨٨)

هەرچەندە وێنەی لەقیو لەزۆربەی داستانەکانی رۆژهەڵاتدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام هەڵپەی عاشقو موناجاتی لەگەڵ بێ گیانو ڕووەكو ئاوو ئاسماندا و پەنابردنە بەر هەموو شتێکیش کە تەسکینیی بێنێ کە وێنەی رۆچوونە بەقووڵایی دەروونی ئینساندا و لەگەوهەری دڵداریی رۆژهەڵاتەو رەسەنیی تەجروبە تێیدا رەنگ دەداتەوە با دووبارەکردنەوەی چەند تەجرووبەی خوێنراوە بێت.

**فکرا خوە دکر ژ ئینسو جانان**

**سڕا خوە د گوتە بێ زوبانان**

**سەرتاب قەدەم غەریقی غەم بوو**

**نەقشا دڵو جان خەیالی مەم بوو**(٨٩)

خەیاڵی عاشق لێرەدا خەیاڵی شاعیر خۆیەتی، وێنەکە هەرچییەك بێت فەنتازییەو ئامێرێکی دوور لەواقیعە، جووتبوونی لەگەڵ دەروونی ئینسانیدا و بە قووڵیی خۆشەویستییەك واقیعیەتێکی جیاکراوەش دەیبەخشێ:

**وەڵڵاهی گونەهی خووە ئەز نەزانم**

**ئەممامە دلەک هەبوو دزانم**

**ئەو دل پەریان ژمە رەڤایە**

**ئەڤ پیلەکە ئەو ژمن جودایە**

**وەقتێ کۆ دگەل من ئەو تەبا بوو**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ساحێب هەوەسو خودان هەوا بوو**(٩٠)

ئەم دڵەش هەر دڵی شاعیر خۆیەتی، هەر چەند رفێنەرەکانی بەهێزبنو چەند دڵی شاعیری ئاوارە لەبیرو لەژیان گەیشتنی دوورکەوێتەوە، چەند دوور بەرەو ئاسۆی خۆشەویستییەکی واقیعی بفڕێ، هەر لەژیانەوە لەجوانییەوە، لەئینسانەوە نزیکەو پێش هەموو شتێك جوانیی ئینسانی تێدایە کە شاعیر بە جوانترین شتی دەزانێ لەژیاندا.

خانی لەوێنەیەکی ئەدەبیداو لەبەچاك زانینێکی مێژووییدا هەموو ئەو شتانە کۆ دەکاتەوە کە جوانو بەنرخو لەگەنجینەی قاروونو بەندی ئەسکەندەرو شارراوەکانی خاقانو موستیلەی سلێماندا گرانبەهان، بەڵام لووتکەی جوانی لەئینسانو گەوهەرو جوانییدا دەبینێ(٩١). هەرچی کارە ئیبداعییەکەیترە کە خانی زۆرچاك نووسیوێتی ئەوە گواستنەوەی لایەنی ئەفسانەییە لەداستانی فۆلکلۆرەوە بە وریایيو شارەزاییەوە بۆ وێنەیەکی واقیعی، بێ ئەوەی رەنگو بۆی ئەفسانە وون کات.

وەك لەهەموو وێنە فۆلکلۆرییەکانی چیرۆکەکەوە زانراوە مەم کوڕی پادشای یەمەن یا پادشای مەغریبە، بەڵام زین کچ (یا خوشکی میری بۆتان)ە پەری زین بە نوستوویی بەشەو دەهێنن بۆ یەمەن لای نوێنەکەی مەم، مەم لەخەو رادەپەڕێ دەبینێ جوانترین کچ لەتەنیشتییەوەیە، هەر دەیەوێ دەست بکاتە ملی خەوی لێدەکەوێتەوە، کە جارێکیتر هەڵدەستێ کچەکە نابینێ. چونکە پەری دەیبەنەوە بۆ جێی خۆی، بۆ ئەو شوێنەی لێی نوستبوو. لێرەوە چیرۆکە فۆلکلۆرەکە دەستپێدەکاتو مەم لەگەشتێکی ئەفسانەییدا دەڕوات تا دەگاتە جزیرەی بۆتانو رووداوەکانی چیرۆکەکانی بەردەوامە.

ئەم سەرەتا ئەفسانەیی یە پڕە لەرەگەزی ئەفسانەی کۆنو ئێمە ئێستا خەریکی شیکردنەوەو جیاکردنەوە نین، بەڵام دەبینین خانی ئەم سەرەتا ئەفسانەییەی لاداوەو چیرۆکەکەی بەسەرەتایەکی خەیالی دەستپێکردووە.

* * *

بەڵام کەرەسەی خەیاڵەکە لەواقیعەوە وەرگیراوەو لەئەفسانەوە وەرنەگیراوە(پەریو شتیتر). چیرۆکەکە لای ئەو بەوە دەست پێدەکات کە دوو کچەکە بەخو شارراوەیی لەبەرگی دوو کوڕدا بە دوو کوڕەکە دەگەن کە بە بەرگی کچانەوە خۆیان شاردبۆوە.

رەگەزە دیارەکانی تری ئەفسانە لەم یەکتر بینینەدا شەخسیەتی (خدر)ە کە خانی زیرەکانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات.

شەخسیەتی خدر[٩٢] لەهەموو حیکایەتەکانی رۆژهەڵاتدا بەرزگارکەری قارەمانەکان لەلێقەوماندا و یاریدەدەری هەژاران و رابەری پادشا سەرسامەکان و رێ نیشاندەری عاشقان پیشاندەدرێ.

زۆرجار ئەم کەسایەتییە کۆنەی ئەفسانە کە لەئەفسانەی جوولەکەو ئیسلامدا هەیە، یارمەتیی دڵدار دەدات بەو رێگەیەدا کە دەگاتە لای خۆشەویستەکەی. لەوێنە جیاوازەکانی گێڕانەوەی مەمی ئالان و مەم و زین بە چەند جۆرو لەچەند شوێندا پیشاندراوە، بەڵام خانی وەك ووتمان زیرەکانە لەگەڵ ئەم شەخسیەتەدا هەڵسوکەوت دەکات. بەوەی ئەم شەخسیەتەی ئەفسانە لادەداو دان بە ئامادە بوونی تەواویدا نانێت.

لەگەرمەی ئەو دیمەنەدا کە بەشارەزایی نەخشەی دەکێشێ و باس لەسەرسامیی خەڵك و جووڵەو راکردنیان پاش بینینی(ستی و زین) دەکات کە بەخۆشارەوەییش لەجوانیدا دەدرەوشانەوە، مەم و تاژدین دێن و ئەم کۆمەڵە خەڵکە هەڵچووە دەبینن و بۆ رێگە پیشاندەرێك دەگەڕێن راستیان پێ بڵێ:

**تاژدین سەکنی و پرسیار کر**

**پرسا خوە ژ یەکی ئیختیار کر**

**گو ئەی خدری رەهی هیدایەت**

**بێژە ئەڤ چ بەڵایە بێ نیهایەت**[٩٣]

ئایا ئەم مەبەسی ئەوەیە کە لەخدر خۆیی پرسیوە؟ خانی دان بەوەدا نانێ.



* * *

کەواتە ئەو پیرە کێیە؟ ئایا خدرە یا ناوهێنانی خدر مەجازەو بۆ هەموو پیرێك و رێگە نیشاندەرێك بەکاردێت[٩٤]؟ رەنگە بەسڵ کردنێکی زیرەکانەوە لای خانی بەرامبەر بەم کەسایەتییە پیرۆزە ئەفسانەییە بجوولێینەوە. ئەم لێکدانەوەیە بۆ بەکارهێنانی شەخسیەتی خدر لای خانی لەشوێنێکی تریشدا دەست دەدات. رۆژێك زین لەباخچەکەی میری برایدا دەبێ. لەتێکستەکانی فۆلکلۆردا هاتووە کە خدر مەم دەهێنێ بۆ لای، بەڵام خانی ئەم دیمەنەش بە جۆرێکی شارەزایانە پیشان دەدات. خدر نەهات و مەمی نەهێنا بۆ لای زین وەك کەرەمی برد بۆ لای ئەسڵی، بەڵام شتێکیتر مەم دەباتە لای زیاتر رەنگە دەربڕی قووڵیی فەلسەفە بێت لەدروستکردنی رێکەوتدا بەیەکگرتنی دوو پێویست، یا وێنەیەکی ئەدەبی و سایکۆلۆژییە، یا هەڵسوکەوتێکی زیرەکانەیە لەگەڵ ئەفسانەییەکەدا:

**ناچار ژ خانی ئەو ب دەرکەت**

**ئەو داعیە خدر بوو بە بەرکەت**

**ئەو خدر چبوو تەشەوقا دل**

**ئەو عەشق چ بوو تەعەشوقا دڵ**[٩٥]

کەواتە خدر لەلای ئەو بوو بەشتێك کە وای خەیاڵ دەکات یا پێویستییەکی سایکۆلۆژی زیاد لەوەی کەسێکی ئەفسانەیی بێت و شاعیر بە باوەڕەوە دانی پێدا بنێت.

ئەم دوور کەوتنەوەیە لەئەفسانەوە بۆ واقیع شەقڵێکە لەشەقڵەکانی چەرخی خانی و لەشەقڵەکانی ئەدەبیاتی گەلەکەی لەچەرخی خۆیداو شەقڵێکە خاسیەتی مێژوویی خۆی هەیە. بەڵام ئەم سوور بوونە لەدوورکەوتنەوە لەئەفسانەوە وەك باوەڕێکی پتەو، رێگەی لەخانی نەگرتووە پەنا بەرێتە بەر ئەو یا بەر رەگەزی چیرۆکی ئەفسانەو بیکات بە رەمزی ئەدەبی. میر زەینەدین لەو نموونەیەدا کە دەیهێنینەوە چەند لەدێوەکانی ئەفسانەی کوردی دەچێت.

* * *

زۆرجار لەم ئەفسانە کوردییانەدا بیستوومانە کە ئینسانێکی ئاوارە بۆ سامانێك یا خۆشەویستێك یا مەسەلەیەك دەگەڕێ‌و لەجێگەی دێوێك لەلووتکەی چیادا خۆی دەشارێتەوە، دێوەکە دێتەوە بۆنی ئینسان دەکا دەیکات بە گرمە گرم:

**بۆن دێت بۆنی بێگانان دێت،**

**لەم دەورو مەکان دێت،**

میر زەینەدینیش لەڕاو دەگەڕێتەوە بۆ باخەکەی کە مەم‌و زین بەدزیی ئەوەوە خۆیان لەو و لەخەڵك شاردبۆوە دەست دەکات بەگرمە گرم:

**میر گو کییە ئەڤ دڤی زەمانی**

**بێ ڕوخسەت من دڤی مەکانی؟**

ئەم ڕوخسارەی لەفۆلکلۆرەوە وەرگیراوە دیمەنی کەسانیتری چیرۆکی خانی دەردەخات‌و دەچنە سەر ئەوەی پێشوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە خانی چوارچێوەی گشتیی چیرۆکەکەی‌و کەسەکانیی لەحیکایەتێکی فۆلکلۆرەوە وەرگرتووە، بەڵام زۆر دیمەنی فۆلکلۆر لەچیرۆکەکەی خانیدا شارراونەتەوەو داڕشتنە شیعری یە تازەکە دەر ئەکەوێ، لەکاتێکدا وەرگێڕانی فۆلکلۆری لەدەرەوەی مەم‌و زینەوەو لەبەخشینەگشتییەکانی فۆلکلۆرەوە دەبینین چوونەتە ناو داڕشتنەکەی خانییەوەو گرنگترینی ئەو بەخشینانە ئەوانەن کە لەفەسڵەکانی سەرەتادا دیمانن، وەك بینیمان وای دەست پێدەکات کە حیکایەتەکانی فۆلکلۆری کوردی دەستپێدەکەن (هەبوو ... نەبوو.. کەس لەخوا گەورەتر نەبوو.... پادشایەك بوو... هتد).

لەکۆتاییدا دەبێ پەنجە بۆ چوارچێوەی گشتیی داڕشتنی چیرۆکەکە درێژ بکەین.

هەرچەندە خانی هەوڵیداوە شەخسیەتی دیارو ئیبداعی تایبەتیی دەرخاو ویستویەتی لەڕێگەی ئەوەوە داستانی کوردی وا دەرخات کەشتێکە خاسیەتی لەداستانەکانیتری ڕۆژهەڵات جیاوازیی هەیە، بەڵام هەر دەستی بەچوارچێوەی گشتیی هونەری داستانی ڕۆژهەڵاتەوە گرتووە، بەتایبەتی لەرووی داڕشتنی گشتییەوە. وەك دەبینین لەزۆر



* * *

داستانی ڕۆژهەڵاتدا هەر لەشانامەی فیردەوسییەوە داستانەکە بە پێشەکییەك دەستپێدەکات بە ئاسانی موناجاتە لەگەڵ خواداو لەگەڵ پێغەمبەر محەمەددا (د.خ) پاشان شاعیر ڕێگە دەگرێ بەوەی بەشەکان بەیەکەوە ببەستێ وەك ڕێگەیەك بۆ چوونە ناو ڕووداوەکانەوە، پاشان دەستدەکات بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان‌و کۆتایی داستانەکەی بە چەند پەندێك دێنێ کە لەم ڕووداوانەو لەهەموو داستانەکە وەرگیراون.

لەم چوارچێوەیەدا شتێك لەئیبداعی خانیشی دەچێتەوە ناوەوە[٩٧]. ئەم بنەڕەتەی داستان بەسەر هەموو داستانەکەو هەر فەسڵە لەفەسڵەکانیدا بەجیا دێتەدی. داستانەکە بەئاسایی بەناوی خوا دەست پێدەکات (سەر نامەیی نامە نامی ئەڵڵا)، خانی سێ فەسڵ (١٨٨) دێڕە شیعر بۆ وەسفی خواو دەسەڵاتی‌و بۆ وەسفی پێغەمبەر محەمەد (د) تەرخان دەکات، پاشان دەچێتە سەر پێوەندییەکی بەتین‌و دەربڕ بە گەلی کوردی خۆی‌و باری پڕ ئازارییەوەو خانی بەسیفەتی ڕابەرێك ڕوودەکاتە ئەو کارە، پاشان بەرە بەرە ڕێگە بۆ چوونە ناو چیرۆکەکە خۆشدەکات بەوەی وێنەیەکی میری کورد زەینەدینمان دەداتێ، لەڕێی ئەوەوە دەچێتە سەر کەسانیتری چیرۆکەکەو هەریەکەیان بە چەند دێڕێك پێشکەش دەکات، کە پێناسەیەکی ساکارو قووڵیی وێنەشی تێدایە، و پەنابردنە بەر یاری بەووشەش دەبینین‌و لەوێوە ڕووداوەکانی داستانەکەو فەسڵەکانی دەست پێدەکەن‌و کۆتاییەکەش سۆفیانەیەو کورتەیەکە لەبیری خانی لەبارەی ژیانەوە بەگشتی وەك لەفەسڵەکانی داهاتوودا دەیبینین.

شتێکی وەك چوارچێوە گشتیەکە لەفەسڵەکانی داستانەکەدا دووبارە دەبێتەوە: سەرەتا، ڕێ خۆشکردن‌و ڕووداوی چیرۆك، پاشان کورتەیەك. لەسەرەتاکەشدا دینامیکێتیی خانی دەردەکەوێت، زۆرجار پێشەکییەکە چەند دێڕێکە لەبارەی سروشت‌و لەبارەی ڕۆژو هەڵاتن‌و ئاوا بوون، ئەمەش لای خانی مەغزایەکی هەیەو دوایی باسی دەکەین، یا پێشەکییەکە تەقلیدییە وەك ئەو پێشەکییانەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات‌و بە تایبەتی ئەدەبیاتی عەرەبی (باسی شوێنەوارو مەی)، یا پشت بە سەرەتای حیکایەتی

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

فۆلکلۆری کوردی وەك باسمانکرد، نەك هەربار بێت بەسەر گێڕاوەکانی مەمو زینـەوە بـە تەنیا.

ڕێگە خۆشکردن شێوازێکی شاعیرانەی هونەرمەندانەیە، ڕێگـەی خوێنـەر نـادات کـە دابڕێو لەجیهانی شیعر دوور بکەوێتەوەو شـاعیر شـارەزایە تێیـداو بـە هێمنـی خوێنـەر بەرەو جەرگی ڕووداوەکان دەبات یا لەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەدا بەردەوامە کە بەناچاری لێیان دابڕبـوو، یـا چـوونە سـەر خولاسـەی فەسـڵی پێـشوو پێـشەکیی فەسـڵی داهـاتوو دایانبڕیبـێ. خانیش ڕووداوەکانمان بە تاقەوە بوو (مجـرد) ناداتـێ، بـەڵکو شـتێك لـەبیرو ڕوانینـی خـۆی بـە چـەند گـزنگ بـێ ئـەوەی لـەدووریی ڕووداوو هەسـت بەیـەکبوون دوورمـانخاتەوە هەرچی کۆتاییەکەیە ئەوە پەندێکـە ڕەنگـە لەبنەڕەتـدا لەپەنـدی پیـشینان وەرگیراوبێ. یا دەبـێ هەندێك لەو پەندانەی ئێستا لەناو خەڵکدا باون لەوەوە وەرگیرابـن، ئەمـەش وێنەیەکی ترمـان دەداتـێ لەیـەکبوونی خـانی لەگـەڵ ئیبـداعی گەلـدا. وێنـەی ئەدەبی لای خـانی بەگـشتی لـەبیری فەلـسەفیو تێگەیـشتنی فەلـسەفی جیـا نابێتـەوە. یـەکێك لەشـتە دیارەکـانی خـانی دەسـەڵاتی ئـەدەبیی لای خـانی لەدەرخـستنی بـیری فەلسەفی لەشیعرەکانیدا بێ ئەوەی ئەم بیرانە کار بکاتـە سـەر وێنـە هونـەرەکانیو بـێ ئەوەی داستانەکەی بێنێتە پلەی ئەدەبیاتی فێرکردن[٩٨]. فەسڵەکانی دووایی ئەم ڕاستییە بە ئاشکرا دەردەخەنو لەپاڵ شیکردنەوەی بیردا وێنەیـەکیتری ئـەنالیزی ئـەدەبیی تیایـەو دەمانباتە سەر لایەنی بەهێز لەدەسەڵاتە ئیبداعێکانی خانی.



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ مەمو زین، ل ١٤٦.

٢ـ مەمو زین، ل ١٤٧.

٣ـ مەمو زین، ل ١٨٩.

٤ـ مەمو زین، ل ١١٧.

٥ـ مەمو زین، ل ٦٢.

٦ـ مەمو زین، ل ٧٣.

٧ـ مەمو زین، ل ٧٠.

٨ـ بەیتی مەسنەوی لەسەر دەستی رابـەرو تـازە کـەرەوەی شـیعری نـوێی کـوردی عەبـدوڵڵا گـۆران (١٩٠٤ـ ١٩٦٢)دا برایە مەودایەکی فراوانی ئیبداعی شیعر.

٩ـ واتـە لای ڕەخنـە گـرە کۆنـەکان، یـا ئەوانـەی شـێوازی ڕەخنـەی کـۆن بـەکاردەهێنن لـەنێوان هاوچەرخەکاندا.

١٠ـ مەمو زین، ل ٤٣.

١١ـ مەمو زین، ل ٤٢.

١٢ـ مەمو زین، ل ١٢٠.

١٣ـ مەمو زین، ل ١٢٣.

١٤ـ مەمو زین، ل ٩٠.

١٥ـ مەمو زین، ل ١٠٥.

١٦ـ مەمو زین، ل ١٦٨.

١٧ـ مەمو زین، ل ١٠٧.

١٨ـ مەمو زین، ل ٨٨.

١٩ـ مەمو زین، ل ٤٦.

٢٠ـ مەمو زین، ل ١٧٧.

٢١ـ مەمو زین، ل ٤٤.

* * *

تێبینی: بۆ ئەوەی بیرەکەمان تەواو بێتو لێکۆڵەرەوە ئاگای لەبۆچوونە جیاکانی دێڕەکە بێت دەبێ بڵێین ووشەی (تەی ـ طی) ئیشارەتە بۆ تیرەی حاتەمو هەر ئەو ووشەی (طی)ە شەکە لەئایەتی قورئاندا هاتووە (ویوم نطوی السماء کطي السجل الکتب)و ووشەی تۆمار بەکوردی (السجل) دەگەینێ.

٢٢ـ مەمو زین، ل ٤٥.

٢٣ـ مەمو زین، ل ٤٥.

٢٤ـ مەمو زین، ل ٦٧.

٢٥ـ مەمو زین، ل ١٣٧.

٢٦ـ مەمو زین، ل ١٠٧.

٢٧ـ مەمو زین، ل ١٧٢.

٢٨ـ مەمو زین، ل ١٦٠.

٢٩ـ مەمو زین، ل ١١٤.

٣٠ـ مەمو زین، ل ٣٩.

٣١ـ مەمو زین، ل ١٩٤.

تێبینی: لەووشەی (کەمال)دا لێرەدا (تەوریە) هەیە. لەلایەکەوە (کەمال)ی سۆفییەو لەلایەکیترەوە (کەمال) بە مانای هونەرو ئەدەبە، ئەمەش ئیستیلاحێکە لەتورکیی عوسمانییەوە هاتۆتە ناو زمانە رۆژهەڵاتییەکانی ترەوە.

٣٣ـ مەمو زین، ل ١٩٥.

٣٤ـ مەمو زین، ل ٦٦.

٣٥ـ مەمو زین، ل ٦٤.

٣٦ـ مەمو زین، ل ١٥٢.

٣٧ـ مەمو زین، ل ١٦٥.

٣٨ـ مەمو زین، ل ٦٤.

٣٩ـ ناوەڕۆکی ئەم دێڕە لەوێنەیەکی جوانـدا لـەبارەی کـانیو لاوانـی دیـیـەوە لەداسـتانی (گەشـتی هەورامان)ی شاعیری هاوچەرخ عەبدوڵڵا گۆراندا دەبینین.

٤٠ـ مەمو زین، ل ٤٧.

٤١ـ مەمو زین.

٤٢ـ مەمو زین، ل ١١٤.



* * *

٤٣ـ مەمو زین، ل ٧٣.

٤٤ـ مەمو زین، ل ١٤٥.

٤٥ـ مەمو زین، ل ١٨٦.

٤٦ـ مەمو زین، ل ٦٤.

تێبینی: (سەمەن) بە کوردیو فارسی مانای گوڵی یاسەمینە، بەڵام بە تورکی مانای(کا)ی رەنگ زەردە. بەڵام (غازە) گوڵی سووریا گوڵاڵە سوورەیە بەفارسی.

٤٧ـ مەمو زین. ل ١٢٦.

لێدوان: وێنەی یەکەم هەر وەك پەندی عەرەبیی (ئاوو سەوزیو رووی جوان)ەو بە زمانێکی کوردی سادە دەڵێ (ئیدی چ ببێژم ئەز نەزانم)و وەگێڕانێکی تورکی ئەو رستەیەی بە دووادا دێت (بلمز کەنە سویلیە) واتە (نازانێ بڵێ چی؟) هەرچی (بکەر)ە ئەوە (زوبانم)ە بە دارِشتنو بە زوبانی کوردیو بەڕاناوی لکاو کە لەدیالێکتی خانیدا بەکار نایەت، بەڵکو بە دیالێکتی خوارووە. ئەمەش دەربڕینێکی قووڵی دوو دڵیو باری سایکۆلۆژییە پێش ئەوەی بەکارهێنانێکی بە ئیبداعی زمانو بەخشینەکانی ئەم زمانە بێت.

٤٨ـ مەمو زین. ل ١٨٦.

٤٩ـ ووشەی لوری هەیە وەك (جوملەگی) (ل ٢٥) و (بدێرە) (ل٧٥).

٥٠ـ مەمو زین، ل ٧٧.

٥١ـ دارِشتنی ناکوردی بووە بە دیاردەیەکی دیار لای زۆر لەنووسەرانی ئەو نەوەیەی لەقوتابخانەکانی عیراقدا پاش ساڵانی سی خوێندوویانە، لەگەڵ سووربووندا لەسەر بەکارهێنانی کوردیی پەتیدا، زۆرجار دەبینین بەشێوەیەکی نەزانیو ناسروشتی زمانەکە دروستکراوە. دارِشتنی رستە زۆرجار وەك دارِشتنی عەرەبییە.

٥٢ـ مەمو زین، ل ٧٢.

٥٣ـ مەمو زین، ل ١٥٣.

٥٤ـ لێکۆڵینەوەی زمانی مەمو زینو پێوەندیی بە زمانو دیالێکتی جیاوازەوەو پێوەندیی لەگەڵ زمانی ئەدەبدا لەچەرخی خۆیدا، باسێکی فراوانو چەند لایەنەیە بە تەرخانکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی نەبێت تەواو نابێت.

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**٥٥ـ تیپی عەرەبی هەن لەنوتقی کوردیدا نین‌و کورد بەشێوەی چەند تیپێکی کە لەهەردوو زماندا هەن نوتقیان دەکات وەك (ذ ، ض، ظ) کە هەرسێکیان بە (ز) نوتقی دەکرێن‌و وەك (ث، ص) کە بە (س) و (ط) کە بە (ت) نوتق دەکرێت.**

**٥٦ـ مەم‌و زین‌و، ل ١٣٢.**

**٥٧ـ بە درێژی لەووتاری نووسەر (خانی‌و ئیملای کوردیی تازە)دا گۆڤاری (نووسەری کورد) ژ ٤ تشرینی دووەم ١٩٧١دا ئەم باسەکراوە کە (لەم وەگێڕانە کوردییەدا) دەیبینین‌و لەکتێبە عەرەبییەکەدا نییە.**

**٥٨ـ قورئانی پیرۆز. سورەتی (النور). ئایەتی ٣٦.**

**٥٩ـ لەو فەسڵەدا کە لەسەر تەسەوف نووسراوە ئەم ئایەتە بەکارهێنراوە.**

**٦٠ـ مەم‌و زین، ل ٧٦، ٧٧.**

**٦١ـ مەم‌و زین، ل ١٣١.**

**٦٢ـ بەم وێنانە دەڵێین وێنەی قورئانی چونکە خانی لەبنەڕەتدا پشت بە قورئانی پیرۆز دەبەستێ رەنگە وێنەکان لە تەلمود یا ئەفسانەی جوولەکەو یۆنانی‌و سۆمەرییەوە وەرگیرابن. بەڵام پشت بەستن بە قورئان لای خانی دیارە.**

**٦٣ـ مەم‌و زین، ل ١١٤.**

**٦٤ـ مەم‌و زین، ل ١١٦، ١١٧.**

**٦٥ـ مەم‌و زین، ١١٨، ١١٩.**

**٦٦ـ سەیر ئەوەیە پاشماوەی باخی میری بۆتان تا ئێستا باخی (ئیرەم)ی پێ دەووترێ.**

**٦٧ـ مەم‌و زین، ل ١٧٥.**

**٦٨ـ مەم‌و زین، ل ٢٥.**

**٦٩ـ مەم‌و زین، ل ١٣١.**

**٧٠ـ مەم‌و زین، ل ٨٥، ٨٩.**

**٧١ـ نموونەی زۆر لەفەسڵەکانی لەمەودوودا لەبارەی ئەم وێنە قورئانی یا تەلمودیانە هەیە.**

**٧٢ـ مەم‌و زین، ل ٨١، ٨٢.**

**٧٣ـ مەم‌و زین، ل ١١٨، ١١٩.**

**٧٤ـ مەم‌و زین، ل ٤٥، ٤٨.**

**٧٥ـ مەم‌و زین، ل ٥٥، ٦٠.**



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**٧٦ـ دوو موستیلەی مەم‌و تاژدینە.**

**٧٧ـ مەم‌و زین، ل ٦٩.**

**٧٨ـ مەم‌و زین، ل ٧٥.**

**٧٩ـ عەبەیدوڵڵای ئەیوبیان. مەم‌و زین بەپێشەکی‌و وەرگێڕانی فارسییەوە. تەورێز دووبارە چاپکردنەوەی ئەو تێکستەی فۆلکلۆر کە ئۆسکارمان تۆماری کردووەو بڵاویکردوتەوە.**

**٨٠ـ دیارە خانی دەربڕی بیری پێشڕەوی چەرخی گۆڕینی مێژوویی ئەو وڵاتەیە.**

**٨١ـ خانی هەردوو قارەمانەکەی لەشێوەیەکی سۆفیدا دەردەخا وەك لەمەودووا باسی دەکرێ‌و ئەوە ببینین کە شەهید بوونی سۆفیانە بەو پەڕی قارەمانی لەپێناوی بیرو مەسەلەی چەرخی خۆیدا دەبینی‌و ئەوەی کردووە بە سیفەتی قارەمانەکەی.**

**٨٢ـ لەبارەی شەخسیەتی بەکرو وێنەی هونەری ئەوەوە لەفەسڵی (خانی‌و مەسەلەی ئیبلیس)دا بە درێژی دوواوین.**

**٨٣ـ مەم‌و زین، ل ١٢٨، ١٣٩.**

**٨٤ـ بڕوانە: رای خانی لەبارەی کاربە دەستان (حاکمان)ەوە.**

**٨٥ـ مەم‌و زین، ل ١٤٩.**

**٨٦ـ مەم‌و زین، ل ٧٠.**

**٨٧ـ مەم‌و زین.**

**٨٨ـ مەم‌و زین، ل ١٠٠.**

**٨٩ـ مەم‌و زین، ل ١٠٧.**

**٩٠ـ مەم‌و زین، ل ١١١.**

**٩١ـ مەم‌و زین، ل ٤٨، ٤٩.**

**٩٢ـ لەبارەی شەخسیەتی خدرەوە لەفۆلکلۆری کوردی‌و بە تایبەتی داستانی (مەمی ئالان)دا بڕوانە کتێبی نووسەر (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ـ لێکۆڵینەوە ـ ، بەغدا)، ١٩٧٠.**

**٩٣ـ مەم‌و زین، ل ٥٦.**

**٩٤ـ ئیدیۆمەیەکی کوردی بۆ پێ شوبهاندن هەیە کە بەهەموو پیرێکی باش دەڵێن: (لەخدری زیندە دەچێ).**

* * *

٩٥ـ مەم‌و زین، ل ١٢٣.

٩٦ـ مەم‌و زین، ل ١٢٩.

٩٧ـ پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاری هەیە کە ئیبداع لەلاسایی تێدا لەیەك جیا بکەینەوەو بەشەکانی لای خانی‌و کەسانیتر لەشاعیرانی ڕۆژهەلات جیا بکەینەوە، هیوامان وایە لەکاری لەمەو دوواماندا ئەوەمان پێ بکرێ.

٩٨ـ دەتوانین دوو کتێبی خانی (نۆباری بچووکان) کە فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبیی هۆنراوەیەو "عەقیدا ئیمان" کە هۆنراوەیەکی زانستی (کەلام)ە بە دوو کتێبی ئەدەبی پەروەردە بزانین، کە جۆرە هۆنراوەیەکن لەوولاتانی موسوڵمانان‌دا پاش چەرخی عەبباسی، لەمەیدانی زانستەکانی زمانی عەرەبیدا باو بوون‌و ڕەنگە (هەزارەی ئیبن مالیك) (ألفیه إبن مالك) لەنەحودا دیارترینیان بێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# خانی و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی

تا ئێستاو زۆر لەکۆنەوە لەگەلێك کتێب‌و گۆڤاری کوردی دا لەسەر ئەوە نووسراوە کە ڕەخنەی ئەدەبی چی یەو لەچی یەوە هاتووەو ڕەخنەی ئەدەبی دەبێ چۆن بێت‌و ڕەخنەی ئەدەبیی ئێمە چۆنەو دەبێ چیی لێ بێت! لەم بارەیەوە سەیری هەر سەرچاوەیێك بکەین ئەبینین کە ووشەی ڕەخنەی ئەدەبی لای ئێمە کە لای عەرەب بووە بە(النقد الادبی)و لای فارس(نەقد)ە کە بووە بە تەنقید، لەو ووشەی کریتیك(Kritike)ی (گریك)ەوە[١] هاتووە کە ئێستا چۆتە فەرهەنگی زوربەی زمانەکانی جیهانەوە.

ووشەی(کریتیکە) لەبنەڕەتی گرنگی دا بە(شی کردنەوە، موناقەشەی شتێك، ڕووداو، کردەوە، تیۆری[٢]، کتێبی بەرهەمی هونەرمەندانە، خوتبەدان... هتد،[٣] هاتووە کە(هەموو ئەمانەش بۆ مەبەس دەرخستنی لای باش‌و کەم‌و کووڕی یە)[٤].

ڕەخنەی ئەدەبیش دیارە کە هەڵسەنگاندنی ئەم مەبەسانەیە لە کۆڕی ئەدەبیاتدا.

لەزۆر سەرچاوەدا باس لەڕەخنەی ئەدەبی وا ئەکرێ کە بەو بەرهەمی ئەدەبی یانە، یا ووتارو تێ بینی یانە، ئەووترێ کە بۆ نرخ پێدان‌و جیاکردنەوەو لێکدانەوەی بەرهەمی هونەری تەرخان کراون.

* * *

مه كتەبی بیروهۆشیاری

لەباری سەرنجی بەرژەوەندیی ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمەوە[٥].

ئەگەر بمانەوێ ئەم دیمەن دەرخستنەی رەخنەی ئەدەبی تۆزێ درێژتر بکەینەوە، ئەتوانین لەیەکێك لەسەرچاوەکانەوە ئەم چەند دێڕە وەربگرین.

رەخنەی ئەدەبی: ئەرکی رەخنەی ئەدەبی ئەوەیە کە بەپێی گرنگی لەژیانی کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمە لەم دیمەنی ئەدەبی یا ئەو بکۆڵێتەوەو هەموو لایێکی دەربخاو نرخی بیرو هونەری خۆی بۆ دانێ.

رەخنەی ئەدەبی رەنگە بەرهەمی ئەدەبیی جیا یا هەموو بەرهەمی نووسەرێك[٦]، یا دەستە بەرهەمی کۆمەڵە نووسەرێك بکات بە کەرەسەی خۆی.

رەخنەی ئەدەبی دوو مەبەس بەجێ دێنێ. یەکەم ئەوەیە کە رەخنەگر لەراست تێ ـ گەیشتنو نرخی تەواو دانا بەو بەرهەمەوە کە رەخنەگر لێی ئەدوێ یارمەتیی خوێنەرەوە ئەدات. دووەم: رەخنەگر ئەبێ لەگەشەسەندنی بەرهەمی لەمەودووای نووسەردا یارمەتیی نووسەر بدات. رەخنەگر بەدەست نیشان کردنی دیمەنی چاكو چەوتی[٧] ئەم یا ئەو بەرهەمی ئەدەبی یارمەتیی نووسەر ئەدات، تا لای باش لەبەرهەمی خۆیدا پتەو بکاتو هەڵەو چەوتیی تیایدا نەهێڵێ[٨] بەم جۆرە رەخنەی ئەدەبی قاڵبی زانستێکی جیاو خاوەن سنوور دەکرێو دەبێتە بەشێك لەو چەند زانستەی بە هەموویان ئەووترێ ئەدەبیاتناسیو[٩] گرنگترینیان مێژووی ئەدەبو تیۆریی ئەدەبو رەخنەی ئەدەبین.

هەر وەك مێژوو ئەمڕۆ بووە(بەزانست)و خۆی لەکۆڕی زانیاریو زانست دا بەشێکی جیاواز دادەنرێ. وەك بڵێین (فیزیك) خۆی زانستە، بەڵام مێژووی فیزیك شتێکیترە، یا(کیمیا) زانستێکە باس لەو رەگەزانە دەکات کە لەسروشتدا هەن، بەڵام مێژووی کیمیا ئەوەیە کە باس لەپەیدابوونی ئەم زانستەو گۆڕانو بەرەوپێش چوونی دەکات. جا مێژووی کیمیا تێکڕاشتێکی گشتی یەو هەر نەتەوەش دەتوانێ مێژووی پەیدابوونی کیمیا لەووڵاتی خۆیدا بنووسێتەوەو دووای پەرەسەندنی بکەوێ. هەر بەم پێ یە مێژووی



* * *

ئەدەب شتێکەو رەخنەی ئەدەبی شتێکیترەو و مێژووی رەخنەی ئەدەبی شتێکە لەهەر دووکیان جیا دەکرێتەوە.

مێژووی رەخنەی ئەدەبی، ئەوەیە کە پەیدا بوونو پەرەسەندن و گەشەسەندنی رەخنەی ئەدەبی دەردەخا. رەنگە بتوانین تێکڕا لەمێژووی ئەم زانستە بدوێین، هەر وەك هەموو نەتەوەیەك دەتوانێ مێژووی پەیدابوونو پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی خۆی تۆمار بکات زۆر جار ئێمە دەپرسین، ئایا رەخنەی ئەدەبیمان هەیە؟ کەی پەیدابووە و باری ئێستای چۆنە؟. پاش جیاکردنەوەی ئەو سێ بەشەی ئەدەبیاتناسین دەپرسین، ئایا ئەو کتێبانەی دەربارەی ئەدەبیاتی کوردی نووسراون کامیان دەچنە خانەی مێژووی ئەدەبەوەو کامیان بەشێکن لەرەخنەی ئەدەبیی کوردی؟

لەبەر ئەوەی ئەم ووتارە بۆ شتێکی تر تەرخان کراوە، بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە لێرەدا نادرێتەوە، تەنها بۆ ئەوەی بچینە ناو باسە کەمانەوە ئەوەندە دەنووسین. کە بێگومان رەخنەی ئەدەبیمان هەیەو ئەم زانستەش لای ئێمە خەریکە رێو شوێنی تایبەتیی خۆی دەگرێ. هەرچەندە پلەی پێش کەوتنی رەخنەمان لەگەڵ پلەی بەرەو پێشەوە چوونی ئەدەبیاتەکە خۆیدا ناگونجێ.

زانستی رەخنەی ئەدەبی، لای هەموو نەتەوەیەكو وەك هەموو زانستێکیتر، سەرەتا لەبیرێکی بچووکی سادەوە دەست پێ دەکاتو پاشان جێگەی خۆی دەگرێو بەپێی گۆڕینی رژێمی کۆمەڵایەتیو پلەی ئابووری کۆمەڵێش دەگۆڕرێ.

ئەگەر بمانەوێ دەست بدەینە نووسینەوەی مێژووی رەخنەی ئەدەبیی کوردی، ئەوا دەبێ سەرەتای ئەم زانستە لەکوردیدا دەست نیشان بکەین. بۆ ئەمەش، وەك سەرەتای زۆر زانستی تر لەکوردیدا ـ بەلای منەوە ـ هەردەبێ بچینەوە سەر ئەحمەدی خانیو لەوە وە دەست پێ بکەین[١٠] .

بیری رەخنەگریی خانی لەوە چۆتە دەرەوە کە لەهەندێ بەرهەمو داستانی رۆژهەڵاتدا دەبیبنین، یا هەندێ شاعیر بەگیانێکی پڕ لەتەوازوعکاری یەوە رووئەکاتە خوێنەرانو

* * *

مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

داوای ئەوە دەكات كە كەمو كوورِیی هۆنراوەكانی ببورن. بەپێی رۆژی خـۆی بەرنامـەیـەك بۆ رەخنەگرتن دائەنیَو رەحنەگران ئەكات بە دوو بەشەوە، بەجۆرێك كە ئەگەر ئەو بـیرەی خانی نەختیَ فراوانتر بكەیتەوە تۆزێك بەرەو قوولاَیی بەرین، ئەوا هەر چوارچێوەی گشتی یە ئەگرێتەوە كە ئەمرِۆ ئێمە چەشنی رەخنەو رەخنەگرانی تیادا جیَ دەكەینەوە.

خانی روو دەكاتە ئەو كەسانەی كـە دلَو دەروونیـان پاكـەو داوای هانـدانو دلَ خـۆش كردنو ووتەیەكی باشیان لیَ دەكات.

**خەلقى كو ژ سينەو ژ دلّ ساف**
**پاكيزە سروشتو ئەهلى ئينساف**
**بيلجوملە بكەن ژ بۆ مە تەحسين**
**بێژن كو بقنجى هاتە تەدوين**[11]

(واتە ـ ئەو كەسانەی كە لەسـینەو لەدلـَدا سـافنو سروشـت پـاكو خـاوەن ئیـنسافن. هەمـوو پێكەوە تەحسینو ئافەرین بۆ ئێمە بكەنو بلێین كە بەباشی نووسرا).

پـاش ئەمــە رِوو دەكاتــە ئەوانــەی بــەتواناو بــەهرەنو داوایــان لیَ دەكـات كـە قـسە لەكەسانێك نەگرن كە مەبەستیان فێربوونو سوود بینینـە كـە لێـرەدا بەلێكدانەوەیـەكی ئەو دێرِە، خۆی دەگرێتەوە.

خانی ئەمەی بۆیە ناویَ كە(مەمِوزین) بە بەرهەمێكی تەواوو بیَ كەمو كوورِی بزانی، بەلَكو زۆر بە ساكاری یەوە روو دەكاتە كۆرِی ئەدەبیاتناسانو دەنووسیَ:

**مێ هێڤى دكەم ژ موستە عيدان    حەرفان نەگرن ل موستەفيدان**
**ئەڤ نامە ئەگەر خرابە، گەر قنج    كێشايە دگەل دووسەد رەنج**
**نەوبارەيى تيفلى نەو رەسيدە    هەر چەندە نەهن، قەوى گوزيدە**
**لێ من ژ رەزان نەكر تەمەتوع    مانەندى دزان بكەن تەتەبوع**
**نەورِەستەى حەديقەيى فوئادە    مەعسووم، عەفيفە، پاك زادە**
**نۆبارە ئەگەر شيرينە گەر تال    مەتبووعە ژ رەنگى نەوعى ئەتفال**



* * *

مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

**من هێڤى هەيە ژ ئەهلى حالان    تەقبيح نەكەن ئەڤان تيفالان**
**ئەڤ ميوە ئەگەر نەئابدارە    كرمانجى يە ئەو قەدر لكارە**
**ئەڤ تيفلە ئەگەر نەنازەنينە    نوبارە قەوى بە من شيرينە**
**ئەڤ ميوە ئەگەر نەپرِ لەزيزە    ئەڤ تيفلە بمن قەوى عەزيزە**
**مەحبووبو ليباسو گۆشوارە    مولكى دە منن نەموستعارە**[12]

واتە ـ من هیوا لەخاوەن بەهران دەكەم، كە حەرف ـ واتە قسە ـ لەدەست پـیَ كـەران نەگرن. ئەم نامەیە ئەگەر خراپە یا باش.

ئێمە لەگەلَ ئەودا دووسەد رەنجمان كێشاوە. نۆبەرەیە، منـدالَی نەونەمامـە. هەرچـەندە نی یە ـ واتە دیمەنی نی یە ـ بەلاَم زۆر جوانە.

بەلاَم من لەرەزان ـ واتە رەزی خـەلَكی ـ سـوودم وەرنـەگرتووەو وەك دزان دوای كـەس نەكەوتووم. نەو نەمامی باخچەی دلَە، پاكو خاوێنو بیَ گوناهـە. نۆبەرەیـە، گـەر شـیرین بێت گەر تالَ، لەهەموو روویەكـەوە لەمنـدالَ دەچـیَ ـ واتـە لەدیمـەنو سروشـتی دا. مـن هیوام بە خاوەن دلاَنە، كە ئەم مندالاَنە بـە ناشـیرین نـەزانن. ئـەم میوەیـە ئەگـەر ئـاودار نەبێت، ئەوا كوردی یەو هەر ئەوەندەی لەباردایە. ئەم مندالَە گـەر جـوانو نـازەنین نـەبیَ، ئەوا نۆبەرەیەو لای خۆم زۆر شیرینە. ئەم میوەیە گەر تامی خۆش نەبیَ، ئەوا منـدالَـە لای خـۆم زۆر خۆشەویـستە. خۆشەویـست خـۆیو بـەرگو گـوارەی، مـولَكی خـۆمنو نـەم خواستوون).

خـانی چـەند دێـرِێكیتریش دەربـارەی ئـەوە دەنووسـیَ كـە مـەمِوزین بەرهـەمی بـیری خۆیەتیو[13] سەرەتای داستانی نووسراوەی كوردی یە. هەر لـەم چـەند دێـرِەدا بنـەرِتێكی گەورەی رەخنەی ئـەدەبی دەسـت نیـشان دەكـات. ئـەویش ئەوەیـە كـە بەرهـەمی ئـەدەبی لەكاتو شوێنی خۆیو لەجێگەی تایبـەتیی ی خـۆیو نووسـەرەكەی لـەكۆرِی بـەرەوپێش

چوونی ئەدەبیاتی نەتەوەدا جیاناکرێتەوە. هەر وەك ئەو تەرازوو و مەزندانەی بۆ بەرهەمی سەدەو نووسەرێکیتر بەکار نایەت.

خانی ـ لەگەڵ ئەوەی خۆیو لەبەرهەمەکەشیدا، ـ داوای ئەوە دەکات- کە لەباسی کەمو کوورِی دا حسابی ئەوەی بۆ بکرێ کە ئەمە سەرەتای ئەمچەشنە نووسینەیە لەکوردی داو خۆشی بەسەر کەرەسەو تەجروبەی کۆنو ئامادەکراودا نەهاتووە تا سوودی لێ وەرگرێ. لێرەدا خانی لەپاڵ ئەم بیرە ووردەدا شانازی یەکی بەتینی شاعیرانەش، بە بەرهەمی خۆیەوە دەردەبرِێ.

خانی پاش ئەمە پرِ بە دڵ لەخوای دەوێ کە ئەم بەرهەمە بەنرخەی نەداتە دەست کەسی ئەوتۆ کە تێی نەگاتو نەیداتە دەست رەخنەگری وا کە هەر لەکەمو کوورِیو شکاندنی بگەرِێ.

**یا رەب مەدە دەست خەلقی ناساز**
**ڤی شاهیدی دلڕوبای تەلناز**[١٤]

پاش ئەمە دیسان داوای ئەوە دەکاتەوە کە ساردی نەکەنەوەو وای لێ نەکەن کە دەستی بگرێو نەتوانێ شتی تازە بنووسێو لێرەدا رەخنەیان بۆ ئەوەیە کە نووسەر سارد بکەنەوەو وای لێ بکەن کە ئیتر نە نووسێ. ئەوانەش کە رەخنە دەکەن بەهۆی پێش خستنی ئەدەبیاتو کەمو کوورِی نووسەر بەچەشنێك دەست نیشان دەکەن کە چارەسەریان بکاتو بەرهەمی لەمەودوای چاکترو بەرزترو پوختەتر بێت.

**ئومێد ئەوە ژ ئەهلی عیرفان  ئەو دێ نەگرن لمن چوو حەرفان**
**تەشنیع نەکەن وەکی غەیوران  ئیسلاح بکەن لمن قسووران**
**ئەسحابی کەمال پەردە پۆشن  ئەربابی غەرەز، دە پرِ خرۆشن**
**مەئموول ئەوە ژ ئەهلی رازان  ئەو دی نەگرن لمن تەنازان**[١٥]

(ئومێد لەخاوەن زانستو زانایان ئەوەیە، نەکەونە قسە لەمن گرتن. ئەوانیش وەك حەسوودان بەناشیرینی دانەنێنو نەکەونە قسەی نارِەوا پێ ووتنم، کەمو کوورِیم چاك





بکەن. چونکە خاوەن غەرەز رق لەدڵن کە زۆر لەخرۆش دان. ئومێد ئەوەیە لەخاوەن رازان، کە ئیتر برِو بیانووم پێ نەگرنو قسەی قەڵەو نەهێننە رِێگام).

خانی جارێکیتر هەر بەو گیانی تەوازوعەوە بیانوو بۆ کەمو کوورِیی خۆی دەدۆزێتەوەو بریارِەکەی بەسەر رەخنەگردا دووبارە دەکاتەوە.

**ئەز پیلەوەرم نە گەوهەریمە**
**نەو رەستەمە ئەز نە پەروەریمە**
**کرمانجمو کۆهیو کەناری**
**ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری**

**ئیمزای بکەن ئەو بەحوسنی ئیلتاف**
**ئیسغا بکەن ئەو ب سەمعی ئینساف**
**ئەسحابی غەرەز کو گۆه بدێرن**
**عەیبان بە کەرەم لمن ڤەشێرن**
**ئاڤا روویی شاعیری نەرِێژن**
**گەر مومکینە پێکڤە قنج بەبێژن**
**سەهوو غەلەتان نەکەن تەعجوب**
**تەئویل بکەن ژ بۆ تەعەسوب**[١٦]

(من عەتارێکی بچووکمو گەوهەر سازنیم، خۆم خۆم پێ گەیاندووە کەس پەروەردەی نەکردووم. کوردمو کێویو کەناری، ئەم چەند قسەیەی ناو کوردەواری. بە لوتفو چاکەی خۆتان مۆر بکەن ـ واتە لێی رازی بن، بە گوێی ئینسافیش گوێی لێ بگرن. تەنانەت خاوەن غەرەزیش کە گوێ یان لێ گرت، با بە چاکەی خۆیان کەمو کوورِی من بشارنەوە. ئاوی رووەی شاعیر نەرِێژن ـ واتە حەیای نەبەن، گەر توانا هەیە با هەموو پێکەوە باش بڵێن. با لەچەوتیو هەڵە سەریان سورِنەمێنێ، بەهۆی تەعەسوبەوە بیانووم بۆ بهێننەوە).

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

(تەعەسوب بە هەستی نەتەوەیی بەکاری دێنێ). لەبەر ئەوە کەم‌و کوڕیی شاعیر داپۆشن. واتە ـ رەخنەگر نابێ مەوزوعیەتی خۆی بکات بەشتێکی دوور لەهەموو هەست‌و کات‌و شوێنێك.

ئەو هەستانەی کە ئادەمیزاد دەجوولێنن بە هەستی نەتەوەیی‌و ئایدیولۆژی یەوە پێڕەو بۆ رەخنەگر دادەنێن. رەخنەگر دەبێ رەخنەکەی خۆی بکات بەڕی نیشاندەرێك بۆ ئەدەبیاتی نەتەوەکەی‌و بەرەو پێش بردنی، یا بەرەخنەگرتن بەرەو بەرێڕەوی ئایدیۆلۆژیی خۆی بدا لە ئەدەبیاتی نەتەوەکەیدا، هەر وەك دەبێ لەرەخنە گرتنیا، تێکست(نص) یێك بە کەلایی نەگرێ، بەڵکو بە چاوی پلەی ئەمڕۆی ئەدەبیاتی نەتەوەکەی خۆی تەماشای بکات. ئەم ووشانەی خانی تەواو سەرەتای ئەم پێڕەوەن.

خانی‌و رەخنەی ئەدەبی هەر لێرەدا ناوەستێ، بەڵکو لەچەند شوێنی(مەم‌وزین) دا دێڕی وا دەبینین کە خانی بکات بەرەخنەگر، واتە بەشێوەیەکی سادە بڕیار بەسەر هەندێ دیمەنی بەرهەمی ئەدەبیدا بدات. نموونەی ئەمە دووا بەشی(مەم‌وزین)ە کە خانی لەگەڵ خامەدا دەکەوێتە قسە، لەوێدا ئەم دوو دێڕە تەواو بڕیاردانە بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا:

**ئەی خامە تەژی گەلەک درێژکر    ئەڤ نامە بەسە تەپڕ قرێژ کر**
**هەر چەند کەلام شوبهی دوڕبەت    بێ قەدر دبەت دەما کوپڕ بەت**(١٧)

(واتە ـ ئەی قەڵەم تۆش گەلێك درێژت کردەوە، ئەم نامەیە واتە: ئەم کتێبە ـ بەسە، تۆ زۆر پیست کرد. هەر چەند قسە وەك دوڕ وا بێت، بێ نرخ دەبێت کە زۆر بوو).

خانی پێش ئەم دێڕانە وێنەیەکی ئەفراندن و خوڵقاندن‌و تازەکردنەوەو داننەنان بەلاسایی کردنەوەمان دەداتێ کە دەڵێ:

**هەندێ وەکو خەت غوباریی هووره**
**ئەو خەت ژ لەتافەتی نەدووره**
**گاڤا کو ڕەنگ مەشق پڕ بوو**





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**یا شوبهەتی نەسخ‌و سولس (ثلث) گربوو**
**ئەو ناسخی نوسخە یا جەمالی**
**بێ ڕەونەق‌و رۆهنی و کەمالی**
**لازم ئەوە دولبەری و سادە**
**خەت لێ نەبتن وەکی قەلادە**
**خۆش زینەتە خەت ل ماهی روخسار**
**هەندێ ل رووتان نەبوویە هەڤسار**(١٨)

گومان لەوەدا نی یە کە ئەم دێڕانە بیرەکانی خانی چڕ دەکەنەوەو دەچنە سەر هەندێ مەسەلەیتر کە لەمەودووا باسیان دەکەین، بەڵام لەگەڵ چڕکردنەوە خانی لەکونجێکەوە باسی ووردی دەکات لەنووسین‌و ووردبینیدا پێش دەست دانە نووسین ، ئەوەتا بەتەوازووعی سۆفی یەوە دەڵێ:

**سەهوو غەڵەت‌و خەتاو نسیان**
**مەجمووعەیی ناپەسەندی عصیان**
**تەحریرکرن بەبێ تەئەمول**
**کی دی بکەتن ژ تە تەحەمول**
**کەس نینە بکەت ژ بۆ تە تەحسین**
**گۆینەدەیی ئافەرین‌و نەفرین**

بەمجۆرە دەتوانین خانی بەسەر ئامەدی رەخنەی ئەدەبیی کوردی دابنێین‌و ئەو پێڕەوانەی سەرەوە لەبیری رەخنەگریی خانی دابنێین.

پێش خانی هەندێ دێڕی وا هەیە کە بۆنی بڕیاری ئەدەبی یا رەخنەگری دانی تیادا بێت، بەڵام بەم رۆشنی‌و پێڕەوداری یە نی یە کە لەهۆنراوەی خانی دا دەیبینین.

خانیی مەزن لەم مەیدانەشدا هەر ڕابەرە، هەر وێنەی بیر ڕوناکێکی مەزنە کە ئەو سامانە بە نرخەی بۆ نەتەوەی کورد بەجێ هێشتووە.

## پەراوێزەکان

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

(١) گریك، ئیغریق، یۆنانی کۆن.

(٢)تیۆری، نڤریه

(٣) فەرهەنگی ووشەی بێگانە، چاپی شەشەم، مۆسکۆ، ١٩٦٤. ل٣٤٣.

(٤)هەر ئەوێ.

(٥)تیمۆڤیێڤ. ل.ی، ڤێنگرۆڤ. ن، فەرهەنگێکی کورتی ئیستیلاحی ئەدەبیاتناسی.(بەرووسی). مۆسکۆ، ١٩٥٨. ل٧.

(٦) هەر ئەوێ .

(٧) هەر ئەوێ .

(٨) هەر ئەوێ .

(٩) هەر ئەوێ .

(١٠) تەواو لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەحمەدی خانی زاناو فەیلەسووفێکی گەورە بووە، هەر وەك شاعیرێکی مەزنیش بووە. خانی توانی شیعرو بەهرەی شاعیرێتیی خۆیی لەمەموزیندا بۆ خزمەتی بیرو زانستو فەلسەفەکەی خۆی بەکارهێناوە. سەلماندنی ئەم رایە ناوەڕۆکی ئەو شتانەیە کە لەمەودووا لەسەر خانی ی ئەنووسین.

(١١) ئەحمەدی خانی. مەموزین. مۆسکۆ، ١٩٦٢ل ٤١، ٤٣.

(١٢) هەر ئەوێ . ل٤٢، ٤٣

(١٣) ئەم چەند دێرەو چەند دێرِ پاچەری تری(مەموزین) لە موناقەشەی ئەوەدا بەکار دێ کە ئایا خانی مەموزینی لەفلکۆرەوە وەرگرتووە یا خۆی نووسیوی یەتی.. ئەمە باسێکی درێژە لەپەراوێزی(مەموزین) داو بوو بە کەرەسەی ووتارێك کە بۆ گۆڤاری(تووتن)م نووسیو هیوادارم بەم زاوانە دەربچێ.

(١٤) هەر ئەوێ ، ل ٤٣

(١٥) هەر ئەوێ ، ل٤٣

(١٦) هەر ئەوێ ، ل ٤٣، ٤٤.

(١٧) هەر ئەوی ، ل ١٩٤.

(١٨) هەر ئەوێ.



مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

# خانی و فەلەك

خوێندنەوەیەکی ووردی چیرۆکی "مەمو زین" دەمانخاتە بەردەمی راستییەك ئەویش ئەوەیە کە خانی زانایەکە لەناو زاناکانی چەرخی خۆیدا کە زانستی فەلەکیشی دەزانی. بەڵکو لەوانەیە بەڵگەکان دوور لەم راستییەمان ببەن، تا بڕیاری ئەوە بدەین کە خانی موناقەشەی تایبەتیی خۆی بەرامبەر بەرا جیاکانی فەلەکیش هەیە وەك زانستەکانیترو ئەویش لەم مەیدانەشدا، رێگەیەکی پێشکەوتوو دەگرێ بەمێشکێکی کراوەوە.

شوێن پەنجە ئەدەبییەکانی خانی هەندێ کەرەسەمان لەبارەی بیری فەلەکیی خانییەوە بۆ بەجێ دێڵنو رەنگە بڵێین خانی لەکەرەسەو زانیارییە فەلەکییەکانی هۆی دەربڕینی ئەدەبی دەردێنێو لەمەدا کۆنی زانستی فەلەكو تازەی لەچەرخی خۆیدا تێکەڵ دەکاتو بۆ ئێمە زەحمەتە هەندێکجار کە ئەوە جیا بکەینەوە کە وەك راستییەکی فەلەکی باوەڕمان پێیەتی لەوەی بیری کۆنی فەلەکییەو بە رەمزێکی ئەدەبی بەکاری دێنێو بەکارهێنانی ئەمە لەئەدەبیاتی هاوچەرخدا دیارە، ئەوەتا خانی ئیستیلاحی "بورج"و "دورج" زۆرجار لەو شوێنانەدا بەکاردێنێ کە بۆ زانستی فەلەکن، یا بەوەی لەفەلەکدان

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

تەشیبه دەكرێن. بورج لای ئەو شوێنی دەركەوتنی ئەستێرەكانەو دورج شوێنی ئاوا بوون‌و شاردنەوەیانە:

**دلّدار نەزەر بكەن ژ بورجان**

**دوڕدانه ب دەركەڤن ژ دورجان**[1]

یا:

**بیلجوملە ب دەركەتن ژ بورجان**

**دوڕدانه ب دەركەتن ژ دورجان**[2]

لەبارەی ناشتنی مەم‌و زینەوە لەیەك گۆڕدا پێكەوە دەڵێ:

**ئەو هەردوو گوهەرد دورجێكیدا**

**شەمس‌و قەمەر دبورجێكیدا**

شوێنیتریش هەیە ئەم دوو ئیستیلاحەی تێدا بەكاردێت. لەوانەش كە دەدرێتە پاڵ بیری فەلەكیی كۆن، ئەوەیە كە رۆژ لەفەلەكی چوارەمدا دەبینیێ‌و هەندێكجار وەك كۆنەكان ناوی دەنێ بە ئەتلّەس:

**رەه شوبهەتی پادشاهی ئەنجوم**

**تا بەندە ژ تارمی چهارم**[4]

***

**سولّتانی سەریری چەرخی رابیع**

**وەقێ وەكو بوو ژ شەرق تالع**

***

**ئەفغان گهانە چەرخی ئەتلّەس**[6]

خانی لەزۆر شوێندا ژمارەی فەلەك دەكا بە نۆ فەلەك، وەك ئەوەی دەڵێ:

**ڤێكرا ب نەوا دكر ئاهەنگ**

**هەر نەه فەلەكان ب سەر دكەت دەنگ**[7]





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

خانی ئەوەی لەبارەی بورجەكان‌و جووڵانەوەی ئەستێرەكان تێداو كاتەكانی بۆ پیشاندانی وێنەیەكی ئەدەبی بە بۆنەی شایی (ستی‌و تاژدین)و هاتنی خۆشی‌و هەڵاتنی خەم بەكاردەهێنێ‌و دەڵێ:

**خەتاتی فەلەك ژ دەست قەڵەم كەت**

**جەللادی دكر كو وی قەڵەم كەت**

**ناهید ب عەردیدا ددا چەنگ**

**مەه چوو ڤەشرێ دبورجی خەرچەنگ**

**كەیوان د دەلویدا نیهان بوو**

**برجیس د حووتیدا نیشان بوو**

**دنیا هەمی بوو بەعیش‌و عوشرەت**

**زاڵ فەلەكی ژ كەرب‌و حەسرەت**

**ڕ ژ دەست نەهات‌و مایە عاجز**

**ناچار عەجووزە بوویە كادز**

**شەیخووخەیی چەرخ رەنگ سەماوی**

**رەهواری سەماع كر رەهاوی**[8]

رەنگە ئەم وەسفە فەلەكیانە نیشانە بن بۆ هاتنی بەهار كە دوور لەهاوین‌و زستان وەرزی خۆشییە، چونكە زوهرە بەپێی رۆژمێری كۆن ئەم بورجانەی هەیە، جەوزاو لە ٢٨ی ئایارەوە تا ٢٢ی حوزەیران، مانگ بورجی (سەرەطان)ی هەیە لە ٢٢ی تەمووز، زوحەل بورجی (جەدی ـ مەڕ ـ دەلو ـ سەتڵ) هەیە لە ٢٣ی كانوونی یەكەمەوە تا ٢٢ی كانوونی دووەم‌و ٢٣ی كانونی دووەم تا ٢٢ی شوبات، هەرچی نەهەنگە ئەوە لەبورجەكانی موشتەرییەو ماوەكەی لە ٢٣ی شوباتەوە بۆ ٢٢ی مارتە، واتە سەرەتای بەهار. خانی لەشوێنێكیتردا دووا هەفتەی نەورۆزی كردووە بە هەفتەی (بەرخ)، لەوێدا كە باسی گەڕانەوەی (ستی‌و زین) دەكات لەئاهەنگی نەورۆزو لەحاڵیان دەدوێت دەڵێ:

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

(کە هێشتا لەهەفتەی بەرخدا بوون)[٩] و ئەوسا دەچێتە سەرباری عاتیفیان‌و لەبارەی ژوانی دوو خۆشەویستی یەوە دەڵێ:

**شەمس‌و قەمەران قران پێکڤە**

**بوو موشتەری ئەڤ جیهان پێکڤە**[١٠]

لەناو بورجەکانی (موشتەری)دا، کەوان هەیە (لە ٢٣ی تشرینی دووەمەوە تا ٢٢ی کانوونی یەکەم، و نەهەنگ لە ٢٣ی شوبات تا ٢٢ی

خانی ڕێبازێکی ئەدەبیی لەوێنەو وەسفدا هەیە، ئەوەش وەسفی تەواوی دیمەنێکی تەواوی دەرەوەیە بەو شتەی دەیەوێ وەسفی بکا.

کاتێك کە دەیەوێ جوانترین وەسفی خوانی میر زەینەدین بکات لەئاسمان‌و بورج‌و ئەستێرەکانی جوانتر نابینێ تا بیکات بەهۆی وەسف‌و لێرەشدا ئیستیلاحی فەلەکی بەکاردەهێنێ:

**کێشاوی ب مەجلیسا خووە خوانەک**

**گۆیا کرە فەرش ئاسمانەک**

**قورسی مەه و میهری ئاسمانی**

**ئێنان تەد گو ب جایی نانی**

**ئەڤ لەنگەرێید[١١] زیڤ‌و زێڕین**

**شوبهەت فەلەکێد ژوور‌و ژێرین**

**هەر سەحنە مەزن میسالی بورجەک**

**سەرپۆش ل سەر میسالی دورجەک**

**هەر تبسیی‌و کاسەیید فەغفوور**

**یەک ئەختەری پڕ زیایی پڕ نوور**

**جیدی‌و حەمەلی ئاسمانی**

**بریان‌و کەباب‌و میهمانی**[١٢]



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خانی لێرەدا ئەوجامی خواردنەوانەی لەمەجلیسدا دەهات دەکات بە (ئەستێرەی سەییار ـ گەڕۆك ـ کەلەگەڕان‌و سەیراندایە)[١٣] خانی لەچەند شوێنیتردا پەنجە بۆ ئەستێرەی بێ جووڵەو ئەستێرەی گەرۆك رادەکێشێ (ئەڤ نۆ سەفێدی پڕ مراری) یا (ئەو حەوتەی لەدوڕی تێر رەنگ، دەچن)[١٤]

یا دەڵێ:

**ئەڤ ئەرز‌و سەما بەطیئ‌و دائیر**

**ئەڤ مولک‌و مەلەک، موقیم‌و سائیر**[١٥]

لەبارەی بزووتنەوەی ئەم ئەستێرانەو سەر پێ شۆڕکردنیان بۆ ئینسان، خانی پەنجە بۆ مانای دوو ئایەتی: (والنجوم مسخرات بأمره (وسَخر لكم مافي السموات و مافي الأرض) درێژ دەکات‌و دەڵێت:

**حیکمەت ئەوە ئەو هەمی ل کارن**

**هەندەک دپیا وهەن سوارن**

**هەندەک د بەطیئ و هەن سەریعن**

**هەندەک د موعین‌و هەن مەنیعن**[١٦]

خانی جێگەیەکی گەورە بۆ رۆژ لەداستانەکەیدا تەرخان دەکات، لەبەر ئەوە نا کە ناوەندی رێکخراوەی فەلەکییە بەڵکو لەبەرئەوەش کە وەسفی رۆژ لەلای ئیشارەتێکی باوەڕ دەدات کە لەفەسلێکیتردا دێینە سەری، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبینین کە رایەکی فەلەکیی لەبارەی رۆژەوە هەیە لەهەندێك شوێن پەنجەیدا وەك ئەوەی بەسەرچاوەی هەموو رووناکییەکی دەزانێ دیارە:

**سیڕا د تەدا ژ فەیزی جانە**

**نووڕا د زەمین ژ ئاسمانە**[١٧]

* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

یا دەڵـێت:

**قائیم د بتن عەرەز ب جەوهەر**

**بـێ شەمس قەمەر دبەت مونەوەر[١٨]؟**

ئەمـەش هەر ئـەو بیرەیـە کـە ئەنکسگۆراس (٥٠٠ ـ ٥٢٨ پ. م) دۆزییـەوەو دەڵێـت مـانگ خـۆی تاریکـەو روونـاکی لـەرۆژ وەردەگـرێ، ئەمــە لەلایــەن زۆر لەفەلەکییــە رەسمییەکانەوە تا پێش ماوەیەك ئینکار دەکرا. بـیری خـانی لەمەسەلەیکیتریشدا بـەرەو راستیی زانستی دەچێت. هەر چەندە هەندێ شوێن پەنجەی ئەدەبیی ئەو وا دەگـەیێنێت کـە رۆژ دەجوولێتەوە بەڵام باوەڕی بـە جوولانـەوەی زەوی زۆر ئاشـکرایە، لەشـوێن پەنجـەکانی سەرەتایدا لەبارەی جەژنی نەورۆزو سەرهەڵدانییەوە دەڵـێ:

**وەقتێ وەکو شەهسواری خاوەر**

**تەحویل د کرد ماهی ئازەر**

**یەعنی کو دهاتە بورجی سەرساڵ**

**قەت کەس نەدما دمەسکەن‌و ماڵ[١٩]**

یا دەڵێت:

**دەورا فەلەکی ژ بەختی فەیرووز**

**دیسان کو نوما ژ نۆڤە نەورۆز[٢٠]**

لێرەدا رۆژ خاوەن جووڵە نییە، بەڵکو فەلەکە بەگشتی ئەم بـیرەش دووبـارە دەکاتـەوەو دەڵـێ:

**گوو رۆژەکی خۆش ب فەسڵ‌و ئەیام**

**دەورا فەلەکی فەنا سەرەنجام[٢١]**



* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

وا دیــارە مەبەســی گەیــشتنە رۆژی نــەورۆزو ســەرەتای ســاڵی تازەیــە چــونکە لەشوێنێکیتردا سـەرەتا لـەوەدا دەبینـێ کـە زەوی بـە جـوولانی سروشـتی خـۆی دەگاتـە ئیعتیدال. ئەوەش لەباسی ئەستێرەی نەجوولاّوو گەرۆکدا دەڵێت:

**هەندەک ژ تەحروکا تەبیعی**

**ئەو تێنە ب نوقتەیا رەبیعی**

**تەجدید دکەن ژ بۆ مەساڵی**

**گاڤا وەکو تێنە ئیعیدالی[٢٢]**

لێرەدا یەکـسەر دەکەوێتـە خۆشـیو تـەپڵ لێـدان وەك ئـەوەی بیکـات بـە تـەمو مـژو شاردنەوەی ئەم بیرەی لەووڵاتێکـدا کـە جـاران تـا ئێـستاش تیـۆریی بـەتلیمۆس رێبـازی خوێندنی فەلەکە لەمزگەوتەکانیدا، لەهەموو ئەم بیرەو شێوەی پیشاندانیدا لایـەنێکیتری بلیمەتیو بـیری ووردی خـانی دەبیـنین، کـە پاشـان بەکارهێنانـەکانی فەلـەك بـە وێنـەی هەڵۆێستی "مەم"ی قارەمانی لەبەندیخانەدا بە سۆفی بوون کۆتایی دێنـێو وای پیـشان دەدات کە وەك کەسێکی لە مەرسەدی فەلەکدا بێتو خەریکی دۆزینەوەیە:

**گۆیا کوبخوە ئەو رەسەدنشین بوو**

**ئەو چاڵ ژ بۆ وی دووربین بوو[٢٣]**

* * *

مه کتەبی بیروهۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ مەمو زین، ل ١٤٨.

٢ـ مەمو زین، ل ١٦٥.

٣ـ مەمو زین، ل ١٧٨.

٤ـ مەمو زین، ل ١٣٣.

٥ـ مەمو زین، ل ١٣٥.

٦ـ مەمو زین، ل ١٧٦.

٧ـ مەمو زین، ل ١٧٦.

٨، مەمو زین، ل ٨٢، ٨٣.

٩ـ مەمو زین، ل ٦٠.

١٠ـ مەمو زین، ل ٤٨. لەبارەی کۆبوونەوەی ئەستێرە لەگەڵ یەکداو ئەوەی بەیەکتر گەیشتنی دوو ئەستێرە وەك رۆژو مانگو زەوی‌و موشتەری‌و هیتر رایدەگەێنی دەتوانین بگەینە ئەنجامی فەلەکیی قووڵ کە زانستی فەلەکی کۆن دەمانباتە سەری‌و لێرەدا دەتوانین بچینەوە سەر (اخوان الصفا)پێش کەسانیتر (بڕوانە: رسائل إخوان الصفا. م١، ص ١٤١ ـ ١٤٤).

١١ـ لەنگەری: قاپێکی گەورەیەو (تبسی)ش ناوی جۆرە قاپێکە پاشان بوو بە ناو بۆ جۆرە خواردنێك‌و فەغفوور جۆرە قاپێکی چینیەو بە(فەغفووری)ش ناو دەبرێ کە لەناوی فەغفووری پاشای چینەوە هاتووەو (بریان‌و کەباب) لە برژاوو خواردنی ناسراون‌و لەم تەشبیهانەی خانیدا نزیکبوونەوەی لەتەشبیهی لەوەی ئەو جووش لای (إخوان الصفا) هەیە.

١٢ـ مەمو زین، ل ٨١.

١٣ـ مەمو زین، ل ٨١.

١٤ـ مەمو زین، ل ٢٠.

١٥ـ مەمو زین، ل ٥.

١٦ـ مەمو زین، ل ٥٢.

١٧ـ مەمو زین، ل ١١٣.

١٨ـ مەمو زین، ل ٦٧.



* * *

مه کتەبی بیروهۆشیاری

١٩ـ مەمو زین، ل ٥٢.

٢٠ـ مەمو زین، ل ٥٣.

٢١ـ مەمو زین، ل ١١٦.

٢٢ـ مەمو زین، ل ٥٢.

٢٣ـ مەمو زین، ل ١٤٣.

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# خانی و فەلسەفەو تەسەوف

ئەو شوێن پەنجەی شاعیرانەیەی خانی کە باسی مەسەلەکەی چەرخی پێدەکاتو بۆ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك لەبیرو وێنەی لایەنی جیاوازی ژیان لەو مەسەلانەدا کە پیشانماندا لەو سنوورەدا ناوەستێ. بەڵکو لەدەرگایەکی گەورەوە دەچێتە مەودای بیرو ژیانەوەو مەیدانی باسکردن فراواندەکاتەوە بە جۆرێك کە هەموو شتێك لەژیانو بیردا دەگرێتەوە لەسەیرکردنی فەلسەفییەوەو فەلسەفەیەکی تەواو دەدات بەدەستەوە دەتوانین ناوی بنێین بینینی فەلسەفیی خانی. ناتوانین بڵێین فەلسەفەی لەبەرچاوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین شەخسیەتێکی جیاوازی لەبینینیدا هەیە. لەسەر ئاگادارییەکی فراوانو لەهەستێکی ناسکەوە لەرەخنە گرتن لەوەوە کە بەڕاستی دەزانێ بیناکراوە. بەبێ ڕەتکردنەوەی تەواوی هەموو لایەنەکانی فەلسەفەیەکی تایبەتیی یا ڕێبازێکی تایبەتی، ئەگەر لەم شوێن پەنجە یا ئەودا سەر بەڕێبازێکی تایبەتی ببینێت، ئەوا دەبینیت کە دەگاتە شتێکی تازە یا بیری کەسانیتر بە بیری خۆی دەردەبڕێ.

خانی باسی گەلێك لەو مەسەلانەی کردووە کە فەیلەسووفو زانایانی (کەلام) باسیانکردووەو لەچوارچێوەی گشتیی خۆیدا سەر بە بیری ئیسلامییە، بەڵکو لەوەدا کە



* * *

بە دیباجەی "مەمو زین" ناو دەبرێت، لەموناجاتیدا لەگەڵ خواداو لەگەڵ محەمەد پێغەمبەردا (د) ئاشکرا دەریدەبڕێ کە یەکەم: سەربە ئیسلامو مەزهەبی سونییەو دووەم: کە بەرزیی چوار خەلیفەی راشیدین باس دەکات[١] و چەند جار ئەم دەبڕینە دووبارە دەکاتەوەو پاش ڕۆچوونی قووڵ بە قووڵاییی تەسەوفو مەسەلەی گیانو لابەلا چوونی سۆفیدا بەرەو لایەنی وا دەچێت کە سەر بەشتیتر بوونی تێدا دیارە. کە بەدڵ دەڵێت:

زینهار مەچە لدوو تەوەللا!
داجان نەکەتن ژتە تەبەڕا
چوونا تە دبێتە خاریجیەت
تەرکاتە دبێتە رافزی یەت
خاریج مەبە دا ببی تو داخل
تەرکی مەکە دا ببی توواصل
ڕەفزی مەکە توبە دڵ بەسوننی
ما بالك ویحك انت منی[٢]
سابیت بەکودا نە نا خەڵەف بی
داواقیفی سیڕی من عەریف بی[٣]

ئەگەر ووشەی (خروج) و (رەمز) ئیشارەتێکی ئاشکرا بێت بۆ خەواریجو بۆ (رافزی)و پەنا بردنە بەر سوننی بێت لەلایەن شاعیرەوە لەدڵەوە ڕەفزنەکردنی بێت، بەڵکو گەڕانەوە سەری پاش گەشتی گیان کە ڕەنگە بەدەرچوون (خروج) یا نەویستن (رەفز) بۆ (سوننە) بەتەنیا نا بەڵکو بۆ دوورتریش لێك بدرێتەوە، چونکە ووشەی (واصل ـ گەیشتوو) با بەرامبەر ووشەی (داخل ـ لەناودا) هاتبێ، بەڵام ڕەنگە لە (تەوەرییەکی ئەدەبیی جواندا) بۆ ناوی گەورەی موعتەزیلەو واصلی کوڕی عەتا بێت. ئەمەش تاقە ئیشارەت نییە کە خانی ببەستێ بە موعتەزیلەوە، بەڵکو ئێمە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەموعتەزیلەوە لەچەند مەسـەلەدا بـە نزیکـی دەزانـین‌و لەفەسـڵەکانی داهـاتوودا باسـی دەکەین.

ئەمە دەبـێ بە بەڵگە بۆمان کە ئەو چوارچێوە سونیەی خانی خۆی خستۆتە ناوی هەر تەنیا چوارچێوەیەکی ڕووکەشی سەر بەو بوونەیە کە وەك فەیلەسووف‌و موتەسەویف کەی بیـەوێ لێـی دەرئەچـێ‌و لام وایـە وەك هـەموو یـەکێك لەشـێخەکانی تەسـەوف ئـەم چوارچێوەیە فراواندەکات‌و بەئاسۆیەکی ئینسانیی فراواندا دەفڕێ‌و تا زیاتر بە بیربـچێتە ناوتەسەوفەوەو بەکردار (سلووك) پێی تێدا داگرێ فـراوانتری دەکاتـەوە، سـەیر نییـە کـە چەند ئیشارەتێکی لاببینین کە بچنەوە سەر ئایینە کۆنەکان، یا ئەو ئایینانەی بەتایبەتی لای کورد بڵاوبوون‌و تا ئێستاش شوێنەواری لای هەنـدێ ڕێبـازو تایەفـە لەکوردسـتاندا دەبیـنین (وەك مانـەوی‌و زەردەشـتی بـۆ نموونـە)و لەفەسـڵەکانی داهـاتوودا باسـی ئـەو کارتێکردنانە دەکەین، بەڵام تەرخانکردنی فەسڵی تایبەتی بۆ ئەو کارتێکردنانـە پاڵـمان پێوە دەنـێ بۆ پیشاندانی هەندێ لەو ئیشارەتانەی پێش کاتی خۆی.

خانی هەموو فەسڵێك لەفەسڵەکانی چیرۆکەکەی بـە پێـشەکییەکی کلاسـیکی دەسـت پێـدەکات پاشـان بەرێگـە خۆشـکردن دەچـێتە نـاو ڕووداوی چـیرۆکەکەوە. ئـەم شـێوازە لەشێوازی داستانە فارسییەکان (شانامەو داستانەکانی نیزامی دەچێت)، سـەرەتاکان‌و باسەکانی ئەم پێشەکییانە ڕەنگە لەوە بـچێت کـە لەئـەدەبی جـاهیلیی لای عەرەبـدا دەبیینین (پێشەکی ـ سـەرەتا، وەسـفی سروشـت، یـا سـەرەتا بـە باسـی مـەی... هتـد) (زیادەی ئەم وەرگێڕانە: ئەو چوار بەشە لەقەسیدە هەڵوەسـراوەکانی ئـەدەبی جاهیلیـشدا دەبینـرێن). یـا سـەرەتای لادەبیـنین لەوانـە دەچـن کـە لەچـیرۆکی فۆلکلـۆری کـوردی‌و شوێنیتردا هەیـە (هـەبوو نـەبوو، لـەزەمانی زوودا هـەبوو.... هتـد). بـەڵام خـانی لـەزۆر پێشەکیدا لای ڕۆژو ڕۆژهەڵاتدا دەوەستێ، کە باسی خانی‌و وەسفی ڕۆژهـەڵات دەکـەین، ناتوانین هەست بە حاڵێـك لەحاڵـەکانی (وەجـد)ی سـۆفی نەکـەین بەرامبـەر بەشـتێکی پیرۆز، شاعیر ناتوانێ ووشەی "ڕۆژ" ناو نەبا یـا باسـی ڕۆژهـەڵات‌و ڕۆژئـاوا بکـا بەبـێ





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەوەی بەخەرمانەیەکی وەسفی ئـەدەبی‌و بـەپیرۆزی دەورەی نـەدات. هەنـدێجار ڕۆژدەکـات بە(شەهسواری مەشریق)[٤]، یا هەڵاتنی لەرۆژی نـەورۆزدا بـە کۆتـایی دەورەی فەلـەك‌و بەختی ئاسمان[٥] دەزانێ یا ئەم ووشانە بۆ وەسفی هەڵدەبژێرێت:

**قەندیلی مونیری[٦] دەیری ئەزرەق[٧]**

**میشکاتی حەمەل[٨] کوکر موڕەوەق**

**سەر ساڵ کو بوو ژ نۆڤە مەعموور[٩]**

هەڵهاتنی ڕۆژ بەم ووشانە وەسف دەکات:

**وەقتێ وەکو نەو عەرووسی خورشید**

**زێڕ قووبە میسالی جامی جەمشید[١٠]**

**فیلجوملە کرن بە ڕۆخ موجەللا**

**گویا کوکرن ب زەڕ موتەللا[١١]**

لەشوێنێکیتردا وەسفی ڕۆژهەڵات بە جۆرە دەکات:

**دامانی عەرووسی پاکی گەردوون**

**داماد[١٢] کوکر ب میهر گولگون**

**تارێتی ب ڕۆهینی کو راکر**

**غەم شوبهەتی زوڵمەتی فەناکر[١٣]**

کە شاعیر بۆ شتێکی گەورە دەگەڕێ کە عەشقی پـێ بشوبهێنـێ لەدەسەڵات‌و هێزیدا لەڕۆژ باشتر نادۆزێتەوە. ناشتوانـێ ناوی ڕۆژ بەبـێ خەرمانەیەکی تازە بهێنـێ کە پڕبێـت لە وەسف‌و پـێ شوبهاندن:

**سوڵتانی ویلایەتی مەحەبەت**

**سەرخێڵی ئیالەتی مەوەدەت**

**گاڤا کو ژ مەکمەنی خلووسی**

**بنومێت ل تەختی دل جلووسی**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**کەنگی دکەتن قبوولی ئەستار**

**حەتتا عەلەما خوە ناکەت ئیزهار**

**رەه شوبهەتی پادشاهی ئەنجوم**

**تا بەندە ژ تارمی چهارم**

**ژ ئەو چەند تەبەقاتی ئاسمانی**

**ژ ئەو چەند مەسافەو مەکانی**

**ژ ئەو چەند عەناسیرو سەحابان**

**ناچار دکەت نفووز هەر رووز**

**ئەلبەتە دبێتە عالەم ئەفرووز**

**ئەڤ پادشەهی کو عەشق نامە**

**رۆژی بوی نیسبەتەک تەمامە**[١٤]

لەشوێنێکیتردا بۆ سیفەتی تازە دەگەڕێ کە وەسفی رۆژو هەڵاتنی بکات:

**سالاری مەواکیبی کەواکیب**

**سەرداری تەوالیعو غەواریب**

**سوڵتانی سەریری چەرخی رابیع**

**وەقتێ وەکو بوو ژ شەرق تالع**[١٥]

لەوەسفی سوار چاکیو رۆژهەڵاتدا پێکەوە دەڵـێ:

**سەرسوبحە کوشەهسواری ئەفلەق**[١٦]

**ئەشهەب**[١٧] **کو کشاندە جای ئەبلەق**[١٨]

لەبارەی رۆژئاوا بوونیشەوە ئەوەمان بەسە کە ئەم وێنەیە پیشان بدەین:

**ئیڤارێ کو ئاسمانی مینقەل**

**دانیو ل وان ڤەشار میشعەل**

**یەعنی کو ڤەکوشت چراخی زێڕین**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**وەرگرت ژ نۆ لیباسی رەنگین**[١٩]

ئەو وێنانەمان پیشاندا، تا بیانکەین بە بەڵگە بۆ ئـەوەی لەفەسڵەکانی لەمـەودووادا لەبارەی کارتێکردنی ئاینەکانی ترەوە لەخانی باس دەکرێت. کە ئەم وەستانە بۆ پاڕانـەوە لەمیحرابی رۆژدا دەبینین، ناتوانین ئەوە ببەینەوە سەر یەکێك لەهۆکانی وەسفی ئەدەبی یا دووبارەکردنەوەی چەند چەرخێکی تایبەتی، بەڵکو هەر (وەجد)ی سۆفیانەیە بەرامبەر بە رۆژ کە هێشتا لای یەزیدیو کاکەیی (کە رێبازی ئـاینین لەکوردسـتاندا) هەیـەو لای زەردەشتییەکانو مـانەوەیەکانو لای کۆمـەڵانی موتەسەویف هەر پـیرۆز بـووەو دەبەسـترێ بە مەسەلەی روونـاکییەوە کە لەو چیرۆکەی مووسـادایە کـە سـۆفییەکان بەشـێوەی تـازە باسی دەکەن.

پێوەنـدیی خـانیی موتەسـەویف بـە زەردەشـتیو یەزیدییـەوە دەمانباتـە سـەر لێکۆڵینەوەیـەکی بـەراورد لەگـەڵ بـیری ئیـسلامیداو گومـان لـەوەدا نییـە کـە ئـەجۆرە باسـلێکردنە لەمەسـەلەمان دوور دەخەنـەوەو نهێنیێتـی جـۆری پەرسـتنو بـاوەڕ لای یەزیدییەکان رێگەی گەیشتنە راستیمان لا زەحمەت دەکات.

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی یەزیدیەکانەوە نووسراون[٢٠]، ئەو تێکستانەی دوو کتێبی (جلوە)و (مەسحەفی ڕەش) کە بڵاوکراونەتەوە لەگەڵ ئەسلە یەزیدییەکاندا بەیەك نـازانن. زۆری ئـەو یەزیدییانـەی دیـومنو هەنـدێك شـتیان پـێ ووتـووم کـە بەخـەڵکیتر ناووترێن هەر ڕایان وابووە. بەڵام ئەگـەر ئـەو تێکستە بـەراورد بکـەین لەگـەڵ ئـەو بـیرە ئیـسلامیو یۆنانییـەدا کـە خـانی دووبـارەی کردووەتـەوە دەبیـنین لەیەکچوونێك هەیـە لەنێوان ئـەوەدا کـە ئـەو هێنـاوێتیو لـەنێوان ئـەوەدا کـە لـەکتێبی (جلـوە)دا لـەبارەی دۆزینەوەی گەنجینە لەدروستکردنی جیهاندا[٢١] و نیزامی جیهان[٢٢] و چـوار رەگـەز[٢٣] و زاتو وێنـە[٢٤] و مەسـەلەی نـووردا[٢٥] هەیـە. ئەگـەر بـە پـیرۆز زانینـی ژمارەیـەك (Magieche) لەو کارانە بێت کە لەهەندێ مەزهەبو ئاییندا هـەن، ئـەوە خـانی لـە

* * *

بەپیرۆز زانینی ژمارە (٤٠)دا لەگەڵ یەزیدی ڕێك دەكەوێت. ئەوەش لەگەلێك شوێندا[٢٦] لای ئەو دەبینین، وەك لای یەزیدیش دەیبینین.

لاپەڕەكانی دێن بۆمان دەردەخەن كەلای خانی ڕوانینە كەون بە چەشنی فەیلەسووفو خاوەن بیر دەستپێدەكاتو ئەوسا بە پلەی تەسەوفدا سەر دەكەوێو دەگاتە مەقاماتو ئەحواڵ. كە ئەم چوارچێوە ئیسلامییە قورئانییەی لا دەبینین ئەوە پێوەندیی یا دووركەوتنەوەی لەو چوارچێوەیە (بەفەیلەسووفیو موتەسەویفی) لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێ كە لای كەسانی تر لەفەیلەسووفو موتەسوویفو موسوڵمان دەیانبینین.

كە خانی فەسڵەكانی پێشەوەی بە خاوەن بیرو فەیلەسووفو موتەسەویف دەستپێدەكات لامانباشبوو باسەكانیو كەسایەتیی بەو زنجیرەیە دەستپێبكەینو ئەو زنجیرەیە بە پیشاندانی باسە جیاوازەكانیو گێڕانەوەی ئەو باسەنەی ڕێكخەین كە جارانو تا ئێستاش ووتەی كاتو سەر زمانی پیاوانی فەلسەفەنو مەرجی دروستبوونو بوونی سۆفین لای پیاوانی تەسەوف.



* * *

## پەراوێزەكان

١ـ مەمو زین. ل ٢٧.

٢ـ ئەم نیو دێڕە هەر بە عەرەبی نووسراوە.

٣ـ مەمو زین. ل ١١٣.

٤ـ مەمو زین. ل ٥٢.

٥ـ مەمو زین. ل ٥٣.

٦ـ رۆژ. (٧) ئاسمان (٨) بورجی بەرخ ـ ٢١ی مارت.

٩ـ مەمو زین. ل ٥٤.

١٠ـ جامی جەمشید. جامێكە جەمشید وەك ئەفسانە ئێرانییەكان دەڵێن هەموو شتێكی تێدا دەبینی.

١١ـ مەمو زین، ل ٨٣.

١٢ـ زاوا لێرەدا تاژدینە لەڕۆژی شاییدا.

١٣ـ مەمو زین. ل ٨٩.

١٤ـ مەمو زین. ل ١٣٢,١٣٣.

١٥ـ مەمو زین. ل ١٤٨.

١٦ـ ئەسپی شێ.

١٧ـ ئەسپی بەڵەك یا خەت خەت، لێرەدا مەبەس ئاوا بوونی ئەستێرەو هەڵاتنی رۆژە.

١٨ـ مەمو زین. ل ١٤٨.

١٩ـ مەمو زین. ل ١٥٢.

٢٠ـ بۆ نموونە: بڕوانە سعید الدیوەچی . الیزیدیە. الموصل ١٩٧٣. ص ١٤٣.

٢١ـ Dr maximaliAN Bittner. Die meilgen bucher der jeziden oder Teufels – Anbeter Kurdisch And Arabisch Wien, 1913. p20.

٢٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٢٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل٢٢.

٢٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

* * *

۲٥ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل٣٨.

۲٦ـ بڕوانە: ئەو سەرچاوەیە. ل٣٠، ل ٣٦ (بۆ باسی یەزیدی)و بڕوانە: مەمو زین. ل ١٤١. ١٤٢.

ئەگەر وێنەی پەپوولە نموونەی سۆفییەك بێت خۆی بسووتێنێ تا دەگاتە پلەی نەمان (الفناء) لەهەموو ئەدەبیاتی سۆفیدا، ئەوە خانی دەیەوێت پێشبڕکێ لەنێوان (مەم)ی قارەمانیو ئەم رەمزە سۆفییەدا دروست بکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

* * *

# خانی و بوون (وجوود)

خانی لەزۆر دێڕە شیعرداو بە تایبەتی لەسەرەتای چیرۆکەکەیدا، باسی کەونو دروستبوونی دەکاتو لەتێگەیشتنو وێنە بەخشینی ئەم دروستبوونەدا لەنێوان بیری فەیلەسووفەکانو زانایانی کەلامو سۆفێکاندا دێتو دەچێت هەر چەندە زۆر شت بە بیرو بەوەسفەوە وەردەگرێ بەڵام تێگەیشتنی لەم مەسەلەیە لەچوارچێوەی تێگەیشتنی بیری ئیسلامی یا قورئانی دەرناچێت، ئەگەر بە ووردی سەیری بکەین. کۆکردنەوەی رای جیاواز، کۆکردنەوەی ئەو رایانەیە کە لەگەڵ تێگەیشتنی قورئانیی ئەم مەسەلەیەدا دەگونجێن.

خانی لەدێڕی یەکەمی داستانەکەیەوە باوەڕی خۆی بە خوا دەردەخاتو بەوە نامەکەی دەستپێدەکاتو (بێ ناوی خوا ناتەمامی)[١] دەبینێ خوا بەسەرەتاو (مەتلەع)ی جوانیی عەشق دەزانێتو بەخۆشەویستی حەقیقیو مەجازیی[٢] دادەنێو لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو وێنەیەو ناوبردنی خوا بە مەعشووق لەئیفلاتوونییەوە نزیك دەکاتەوە کە گوتراوە خوای ئەو مەعشووقە، بەڵام خانی وێنەیەکی قورئانیی مەسەلەکەمان بە وەرگرتنی زیرەکانە لەقورئانەوە بۆ وەسفی پەروەردگار دەداتێ. لەزۆر دێڕدا ناوەڕۆکی ئەم دوو

ئایەتە دەردەخات (إنك لاتهدى من أحببت ولكن الله يهدي من يشاء وهو أعلم بالمهتدين)و (إن في ذلك لذكرى لمن كان له قلب أو ألقى السمع وهو شهيد)[٣]

مەحبووبی قولووبی مەن لەهولقەلب
قەلبان تودکەی ببال خۆڤە جەلب[٤]

ئەم تێگەیشتنە لەچەند دێریتردا بە درێژتر لەسەرەتاکەدا باسدەکاتو پەنجە بۆ ئایەیتیترو بیریتر رادەکێشێ لەوانە بیری سۆفیانو کەسانیتری پێش خۆی یا بیریتر رادەکێشێ لەوانە بیری سۆفیانو کەسانیتری پێش خۆی یا بیریتر کە خانی خۆی داهێنەری بوو بێ، لەوەسفی پەروەردگاردا دەڵێ:

نووری تو دحوسنیroویی دلّدار
ناری تو دقەلبی عاشقی زار[٥]

هەر چەندە خانی دڵنیایە کە ئەم رووناکییە مەعنەوییەو ئەم ئاگرە لەم دێڕەو ئەوی دووای ئەودا[٦] هەر مەعنەوییە بەڵام کۆکردنەوەی رووناکیو ئاگر لەوەسفی پەروەردگاردا بەڕای من وەرگرتنە لەئایەتی پیرۆزی (إذ رأى ناراً فقال لأهله امكثوا إني آنست ناراً لعلي آتيكم منها بقبس أو أجد على النار هدى)[٧] ئەو ئایەتەی موحیدینی ئیبن عەرەبی بەجۆرە شی دەکاتەوە کە دەڵێ: (بڕوانە هێزی پێغەمبەری چەند سەرسامکەرە چونکە رێی هیدایەتی دیو ئەمەش وات پیشاندەدات کە بڕیاری نەدابوو ئەوەی دیویەتی ئاگرەو هەر دەبێ هەموو ئاگرێگ کە گڕی گرت رووناکیی هەبێت)[٨].

خانی شێوەی خۆی لەگەیشتنە ئەو ئەنجامانەی باوەڕی پێیەتی لەڕێی خوێندنەوەیەوە یا لەڕێگای موناقەشەی بیری فەیلەسووفانو موتەسەویفانەوە دەگرێ، بێ ئەوەی پەنجە بۆ موناقەشەکە خۆی درێژ بکات هەر وەك بە تەواوی لەگەڵ ئیبن سینادا بێت کە وەسفی پەروەردگار دەکات خۆی لەخواکەی ئەرستۆ لا ئەدا کە (عەقڵێکە هەر لەخۆی دەگاو





جیهان دەسووڕێتەوە بێ ئەوەی خۆی لەگەڵیدا بجوولێتەوە)[٩] لەگەڵ ئیفلاتووندا رێکە لەوەدا کە خوا (مەعشووق)ە بەڵام لەوەی ئەو زیاد دەکات بەوە خوا لای ئەو (عەقڵو خاوەن ئەقڵو مەعقووڵە، عەشقو عاشقو تەنیا چاکەیە)[١٠]

خانی دەڵێ:

مەعشووق تویی ب فەخرونازی
عاشق تویی لێک بێ نیازی
موتلەق تو موفیدو موستەفادی
بێ شوبهە موریدو هەم موڕادی[١١]

هەروەك لەم کۆکردنەوەیەدا ئەوە کۆ بکاتەوە کە ئیبن عەرەبی پێش ئەو ووتویەتی: (کە راستی تێکەڵبوونو مەعشووقو عاشق یەکیانگرت، خوایەتی بەدەسەڵاتی خۆیەوە بڵند بوو)[١٢].

لەباوەڕی تەواوەوە بەخوا خانی بەرەو باسکردنی هۆی دروستکردنی گەردوونو کەون دەچێو لەزۆر شوێندا تێگەیشتنی ئیسلامی خۆی لەبارەی مەسەلەکەوە دەچەسپێنێ، لەزۆر دێڕە شیعردا ئەو بیرەی (حەدیسی قودسی) دەردەخا کە دەفەرموێ "گەنجینەیەکی شارراوە بووم حەزم کرد بناسرێم ئەم کەونە "خلق"م دروستکرد بەوەوە ناسرام[١٣]" خانیش دەڵێ:

گەنجی تو دنیڤ تەلیسمی عالەم
کەنزی تو عەیان ژئیسمی ئادەم[١٤]

ئیبن عەرەبی پێش ئەو کەوتبوو بە لێکدانەوەی مانای دروستبوو ونهێنییو پەنجەی بۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر درێژکرد بوو[١٥]. هەر خانیش دەڵێ:

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لێ سەنعەتا وی حەکیمی دانا

نەقشی ئەوی قادرە توانا

نەدبوو کو نەبەت ئەوی رسوومەک

لائیق وی دی هەبەت رقوومەک[١٦]

هەر وەك بیری ژمارەی لەفیساغۆرسییەكانەوە وەرگرتبێ[١٧] بۆ سەلماندنی بوونی خوا، بەڵام بیرەكە بەرەو پێشتر دەبات‌و لێی زیاد دەكات وەك لەمەو دووا دەبینین بەڵام لەجوغزی ئەو هۆیە ناچێتە دەرەوە كە باسمانكرد:

وی واجیبی مومکینات بەرقەع

مومکین وی ژ بۆ خۆە کرنە مەتلەع

یەعنی ئەوی ژێ ببیت موبەرهەن

حوسناوی بەدەرکەڤت ژ مەکمەن

گەنجینەیی سڕی وی ببت فاش

سابیت بە بتن ژ نەقشی نەقاش[١٨]

هەرچەندە خانی مەسەلەی هۆكانی دروستكردن بەرەو تەسەوف دەبات‌و سەرسامیی خۆی جاروبار لەحیكمەتی خوا دەردەخات[١٩] و لەدەرخستنی عەشق‌و كەماڵ‌و جوانیدا هۆیەك دەبینێ لەهۆكانی هێنانە دیی دروستبوون‌و ئەمەش بیرێكی نزیكە لەمانەویەتەوە كە عەشق بەهۆی ئیبداع دەزانێ[٢٠] بەڵام ئەو بیرە سۆفییە زۆر لەجەوهەردا لەم هۆیە دوور ناكەوێتەوە كە باسیكرد.

خانی لەمەسەلەی (بۆچی؟)یەوە.... لەگەڵ خاوەن بیراندا دەڕوا بەرەو مەسەلەی (چۆن)و دووا ئەنجامەكان لەموناقەشەی مەسەلەی چۆنیەتیی دروستكردنی جیهاندا دەداتێ‌و تیۆریی (فەیزی خوایی ــ الفیض الالهی)و كەون بەلێرژاوەی پەروەردگار (فیض)و مەسەلەی سێ ئوقنووم تێكەڵ دەكات كە ئەرستۆ دەسپێكرد‌و فەیلەسووفەكانی ئەسكەندەریەو بەتایبەتی ئیفلۆتین، كە فەلسەفەی ئەرستۆ‌و ئیفلاتوونی



تێكەڵكردووەو لەگەڵ (ئیخوانلسەفا ـ إخوان الصفا) یەكدەگرێت لەمەسەلەی دروستكردن‌و لێ رژاندا (الخلق و الفیض).

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئیفلۆتین لای وایە كە یەك سەرەتای هەموو شتێكەو ئوقنوومی یەكەمەو پاشان ئەقڵ ئوقنوومی دووەمەو لەكەماڵدا دووای یەكەو پاشان ئوقنوومی سێیەم دێت‌و نەفس‌و یەك چاكەی تەواون‌و بوون لێپڕژانێكی پێویست لەوەوە دەڕژێ بێ ئەوەی ئەم لێپڕژانە هیچی لێ كەم بكاتەوەو بوون لەوەوە دەڕژێ لەبەر بوونی، لەبەر هیچ شتێكی لەو بەولاوە نا[٢١].

شەهرستانی لای وایە سێ ئوقنوم هەیە: زانست‌و توانست‌و ژیان‌و ئەمانەش سیفەتی ئەوتۆن كە لە (زات) جیاناكرێنەوە[٢٢].

هەرچی خانییە ئەویش بەمەسەلەی (فەیز) دەستپێدەكات كە لەچەند دێڕدا دەریدەبڕێ. لەوانەدا ئەوەیە كە رووداكاتە پەروەردگار پاش بەدرێژی وەسفكردنی ئەو شتە جیاوازانەی دروستیكردوون:

هەمیان ب تەیە مودارەو دوبور

فەیازی ریازی خەلق‌و لئەمر[٢٣]

ئەم بیرە قورئانییە لەم ئایەتەوە وەرگیراوە كە دەفەرموێ (الا لە الخلق والأمر) و ئایەتی (فعال لمایرید)[٢٤]

كە دڵنیابوون لەبوونی ئەو بیرەی لای وایە دروستكردن‌و فەرمان‌و خواست (إرادة)و زانست لەیەك جیا نابنەوە[٢٥] لەم دێڕەدا بەڵام مەسەلەی لێڕژانیش ئاشكرایەو لەم دێڕانەدا دووبارە دەبنەوە:

ئەو نوور بە ئەمری عالیم‌و لغەیب

بوو مەنشەئی فەیزی عالەم‌و لغەیب[٢٦]

* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

یا بە عاشقەکە دەڵێ:

**سڕا دتەدا ژ فەیزی جانە**

**نوورا دزەمین ژ ئاسمانە**[٢٧]

یالەوەسفی سروشتدا دەڵێ:

**هەردار ژ فەیزی نەوبەهاری**

**تێک شوعلەددا ژ نووری باری**[٢٨]

یا دەڵێ:

**باران نە ژ فەیزی بت مەدەدکار**

**ئەو دانە دبێتە نەخلی بێ بار**

**سەر سەبز دبت ژ بەرگ و باران**

**گەر لێ بوەرت ژ فەیزی باران**

یا دەڵێ:

**خەللافی جیهان ژ فەیزی قودرەت**

**هەیئاتی فەلەک ب وەجهی فیترەت**

**بێ قالب و بێ موحیت و میقیاس**

**بێ ئالەت و بێ موشیر و میقراز**

**ئەڤ چەندە موعزەم و مودەوەر**

**ئەڤ ڕەنگ موسەنەع و موکەڕەڕ**

**ئێنانە بە مەعرەزا وجوودی**

**کێشانە بەمەنزەرا شهوودی**[٣٠]



* * *

لێرەوە تێکەڵکردنێکی ئاشکرا لەنێوان (دروستکردن) و (فەیز)دا دەبینین کە ئیخوانلسەفا پێشی کەوتوون تێیدا بەڵکو نموونەکەی و شوبهاندنی کەون بە خانوو نموونەیەکە لەوەدەچێ کە لەنامەکانی ئیخوانلسەفا هاتووە: "زۆرترینی عاقڵان لایان وایەو وەهمی ئەوە دەکەن کە بوونی جیهان لەخوای گەورەوە وەك بووونیماڵێکە بەبینا دروستکرا بێ و لەخۆیدا بۆ خۆی سەربەخۆ بێ و پێویستی بە خانوو نەبێ پاش بیناکردن... مەسەلەش وەك ئەوەیە بە بیریاندا هاتووە یا وەهمی یان بۆی چووە، چونکە بینای خانوو لەیەکدان و پێکهێنانە لەچەند شتێك کە بە دیارەکانیەوە هەیە، بە زاتەکانییە وەستاوە وەك گڵ و ئاوو بەردوو خشت و گەچ و خشتی قوڕو تەختەو لەو جۆرە شتانە[٣١]

هەرچی ئەو ئوقنوومانەیە کە لەیەکەمەوە دەڕژێت ئەوە خانی بەمجۆرە دانی پێدا دەنێ:

**هەرچی وەکو بوونە بێ ڕەقەم بوو**

**لەو ئەوەلی ماخەلەق قەلەم بوو**

**ئەڤ ئەوەل و رووح و عەقلی ئەووەل**

**هەر سێنەب ئەوەلی موئەووەل**[٣٢]

لەدێڕێکیتردا باسی سێ (مەوالید)و ئەو جووتییە دەکات کە خوا دروستیکردووەو دەڵێ:

**هەرسێ وەلەدێد پڕ مەوالید**

**غەبراو سەما دگەل مەقالید**[٣٣]

خانی بەدرێژایی باسی دروستکراوان و دروستبووان (مەخلوقات و مکونات) دەکات و وەك بیەوێت لەجوغزی ئوقنوومەکان بێتە دەرەوە بۆ جوغزی باوەڕ بە یەکێتیی بوون لەدروستبوونیشدا. (لەوح و قەلەم جێگیرو تەخت ـ ثوابت و عەرش و حەیوان و رووەك و مەعدەن و فەرش)[٣٤] دەژمێرێت و باسی (فەلەکەکان و ڕەگەزەکان و مەوالیدو ڕەوشت و

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سروشتو مەقالید)[٣٥] دەکاتو دێتە سەر نیعمەتو شتە بەنرخەکانو خواردنو جلو بەرگ کە خوا هەموویانی دروستکردووە[٣٦] و لەبارەی هەموو ئەمانەوە لەبارەی (قەڵەمو گیانو عەقڵی یەکەم)ەوە کە بەیەکەم لێکدەدرێتەوە دەڵێ:

**ئەما مەکە وان ژ هەڤ تو تەفریق**
**ئەڤ رەنگە ئەوان بگێڕە تەوفیق**
**بێ شەیئێکی واحیدن ب جارەک**
**تیعدادو تەعەدود ئیعتیبارەک[٣٧]**

لەمەشدا خانی رێبازێکی سۆفی دەگرێو لەوەدا لەمحێدینی ئیبن عەرەبی دەچێت کە لەبارەی یەکێتییەوە دەڵێ: (یەکەم بوو بە کۆتکراوی و هەژاری بووە وپێی دەووترێ عەقڵی یەکەمو بە گیانی هەمەیی (کلی) ناودەبرێو ناو دەبرێ قەڵەمو ناو دەبرێ دادو ناو دەبرێ عەرشو ناو دەبرێ هەقی دروستکراوو ناودەبرێ راستیی محەمەدیو ناودەبرێ گیانی گیانانو ناو دەبرێ ئیمامی ئاشکرا ـ (موبین)و ناودەبرێ هەموو شت[٣٨].

یا لەبیری ژمارەی فیساگورسییەکانو تیۆریی لێڕژانی فارابیو ئیبن سینا دەرچووە کە رایان وەك رای ئیفلۆتینە کە (لەیەکەوە هەریەك دەردەچێت)[٣٩] بۆ رای ئیبن روشد کەلەیەکەوە بۆ زۆر دەرئەچێو دەڵێ: (مانای قسەی ئەرستۆ کە یەك هۆی یەکێتیو زۆرییەو لەوە هێزێك هەیە بووی زۆری لێ پەیدا بووە)[٤٠] هەرچی دانانی "تیعدادو تەعەدودە بەکارێکی ئیعتیباری ئەوەش قسەی ئیخوانلسەفا دووبارە دەکاتەوەو بەرێی فیساگورسییەکاندا دەڕوات کە لەنامەکانیاندا نووسراوە: (بزانە کە ژمارە چوار پلەیەکە تاكو دەیانو سەدانو هەزارانەو مەسەلەیەکی پێویست نییە کە هەر دەبێ سروشتی ژمارە بێت وەك جووتو تاكو کسوور. هەندێکیان لەژێر هەندێکدان، بەڵام کارێکی دانراوە (وضعی) کە زانایان بە تاقیکردنەوەی خۆیان رێکیان خستووەو ئەوەیان لەبەر ئەوە کردووە بۆ ئەوەی کاروبار بە ژمارە بێت تەواو لەگەڵ پلەکانی کاری سروشتیدا یەك بێت[٤١].





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەرچی جۆری دروستبوونە ئەوەخانی تێیدا دەچێتە موناقەشەی کاری (هیولا)وە و دڵنیایی پیشاندەدات کە خوا کەونی لەنوێوە دروستکرد بێ بوونی هیولاش:

**هەر یەک ژ عەدەم کرن تەپەیدا**
**ئیبداع کرن تەبێ هیولا[٤٢]**

یا دەڵێ:

**گاڤا ژ عەدەم خودێ کر ئیجاد**
**ئەڤ کەونو مەکان ژ نۆڤەبنیاد**
**مەجمووعێ موکەویناتێ عالەم**
**حەتتا ڤە خولاسە نەوعێ ئادەم[٤٣]**

فارابی لای وایە (خوا قەدری بەرز بێ هیولای لەنەبووەوە دروستکرد، بەڵکو لەپەرەوەردگار سوبحانە ـ و خواستی ئەوەوە دروستبووەو، پاشان رێکخرا)[٤٤] ئەم ئیشارەتەش بۆ هیولاو وێنەکە بابەوتەش بێ کارتێکردنێکی ئیخوانلسەفای تێدایە کە لایان وایە (نەفسی هەمە لایی ــ کلی ـ هیولای سەرەتاییو وێنەی لێ دەڕژێو لەهیولای سەرەتاییو وێنەوە لەش دروست دەبن[٤٥] بەڵکو ووتەی تر هەیە لای خانی کە وەك ئەوە لای ئیخوانلسەفا واتەی هەموو ئەو دروستبووانەی لە(فەلەك[٤٦] دان) بەرامبەرێتیو ئەم تێکستەی پێشوو کە باسی فەلەكو چوار سووچو شتیتریان تێدا کرد وێنەی لای خانی بۆ ژماردنی دروستکەرانی جیهان دەبینین:ـ

**ئەڤ نەه سەدەفێد پڕ مرارێ**
**رۆژێد سپی شەڤێد تارێ**
**حەفتێد میسالێ دوڕێ غەڵتان**
**هەرشەش جیهانو چار ئەرکان[٤٧]**

* * *

خانی ئینكاری بوونی هیولا ناكات با باوەڕیشی بەوە هەبێت كە خوا كەونی بێ هیولا دروستكردووە واتە دان بەوەدا نانێ كە هیولا پێشتر هەبووە، بەڵكو وەكو فاڕابی بەوەی دەزانێ كە لەپەروەردگارەوە پەیدا بووە، لەشوێنێكیتردا هیولا بەوە دەزانێ كە لەگەوهەری ئینسانەوە ماوەتەوە، یا لەوێنەو دیاردە (صورة ـ عرض) ماوەتەوە. لەزمانی مەمەوە دەڵێ:

**نینە عەجەب ئەربم حلوولی**

**من مایە ژ سوورەتی هیولی**

**شاهنشەهی عیشق بێ غەرەز هات**

**جەوهەر ڤەشری دەما عەرەز هات**[٤٨]

ئیخوانلسەفاو كندی لایان وایە (هیولا لەلایەن خواوە پێش بوون دروستكراوە)[٤٩] لەنامەكانی ئیخوانلسەفادا واهاتووە كە: (هیولای هەمە لایەنە زەمانێكی زۆری بەسەردا رابوردووە تا جوانو چڕی لێ دروستبووەو دیاربوونو تا روخساری فەلەكیی خڕوگەش (شەفاف)ی بەخۆیەوە دیو هەندێكی چووە ناو هەندێكیترەوەو تا جورمی ئەستێرە رووناكەكان سووڕانەوەو ناوەندی خۆیان چەسپاندو تا چوار سووچ دەركەوتنو پلەیان دیاربوو رێك كەوت[٥٠] خانی پەنجەی بۆ سەر لەنوێ دروستبوونی كەون درێژ كردووەو لای باوەڕێكی تری ئیسلامی رامانەدەگرێت، ئەوەی فەرموودەی پێغەمبەر نیشانی دەدات (پێش ئادەم هەزار ئادەم هەبووە[٥١] خانی ئەم بیرە لەجێگایەكیتردا دەردەخاتو باسی دروستكردنی ئادەمو جیهان دەكاتو دەڵێت:

**ئەڤ عالەمو ئادەمێد مەشهوود**

**ئەو مومكینو ماسیوای مەوجوود**[٥٢]

لێرەدا دڵنیاكردنەوەیە لەوەی مەبەسی لەئادەمو لەجیهان ئەو ئادەمەیە كە بەسەرەتای دروستبوون دەزانرێ لەجیهانی ئێمەداو كەسیتر نا لەو "ئادەمانە"و لەو "جیهانانە" یتر.



* * *

لەباسی دروستكردنی كەوندا خانی لەوە دوور نییە كە ئەو دروستبوونە ناوبنێت راستیی محەمەدی وەك ئیبن عەرەبی لەجوولاّندا ناوی ناوە:

**ئەوەڵ بەرقێ لەحوسنی سەرمەد**

**نوورەک بویە مەعنەیا محەمەد**[٥٣]

خانی بەدرێژی باسی دروستبوون دەكاتو بەسەرەتای راستیی محەمەدی دادەنێو وەك لەفەسڵێكیتردا باسی دەكەین ـ پشت بەفەرموودەكانی پێغەمبەر لەو بارەیەوە. هەر وەك خانی لەواتای "بەبێ هیولا دروستتكردووە"دا لەوەسفی قورئانی دوور نەبوو. "بدیع السموات والأرض"[٥٤]و دوور نەبوو لەواتای "الإبداع المطلق"ەوە كە ئیخوانلسەفا زۆری دەڵێنەوە كە ئەمەش دەچێتەوە سەر چۆنێتی دروستكردنی جیهان بۆ ئەوەی خانی لەتاقەدێرێكیدا كە هەر بە عەرەبی لەناو مەمو زیندا نووسیویەتی روودەكاتە پەروەردگارو دەڵێ:

**سبحانک کلما خلقت    أحسنت فکیف مافلقت**[٥٥]

لەدێرێكیتردا دەڵێ:

**ئەی خالقی ئەرزو ئاسمانان**

**وەی خالقی جوملە ئینسو جانان**[٥٦]

هەرچەندە ئەمجۆرە بیرە لەبارەی دروستبوونەوە لەئەفسانە سومەرییەكاندا هەیە[٥٧]. بەڵام خانی نابێ لەوەدا بەهیچ شتێكەوە ببەسترێ بەتێگەیشتنی قورئانیی مەسەلەكەو بە ئایەتی قورئان "أولم یرالذین كفروا أن السموات والأرض كانتا رتقاً ففتقناهما وجعلنا من الماء كل شئ حي أفلا یؤمنون..."[٥٨]ەوە نەبێو بە ئایەتی "قل أعوذ برب الفلق"[٥٩]. خانی لەتاوی سەرەتای دروستبوونەوە پشت بە ئایەتی پیرۆز "بدیع السموات و الأرض وإذا قضى أمراً فانما یقول له كن فیكون"[٦٠].. ەوە یا بەئایەتی "إنما أمره إذا أراد شیئاً أن یقول له كن فیكون"[٦١] ەوە بەستووەو ئەوەش دەردەبڕێ:

* * *

**ئەمرێ تەب لەفزێ (كن) دوو عالەم**

**مەوجوود كرن غەرەز ﭺ ئادەم**

**ئادەم بخوە یەك ژ هەر دووانە**

**یەك حەرف ژ ئەمرێ (كن فكان)ە**

**ئەو حەرفێ حەقیقیەتا موحەقەق**

**هەم ئەمرە ب قودرەتاتە هەم خەلق**[٦٢]

لێرەدا خانی جارێكیتر ئەوە دەردەخات كە دروستكردن‌و فرمان جیابوونەوەیان لەنێودا نییە. لەپاڵ ئاشكرایی بیری ئەودا لەبارەی (تازەیی جیهان ـ حدوث العالم)ەوە لەهەموو پێشەكیی (مەم‌و زین)دا بەلاّم لەرای ئیبن عەرەبییەوە نزیك دەبێتەوە كە دەڵێ: (جیهان لەبوونیدا لەگەڵ پەروەردگاردا نییەو جیاوازیشیان كە دیار بێت بەڵكو پێوەندییی كە دەتوانێ ببێ (ممكن) بە پێویست (واجب) دروستكراویشە بە دروستكەر ئەو لەپلەی دووەمی بووندایەو پەروەردگار لەیەكەمدا لەنێوانیشیاندا پلەیەكی وەك ئەو نیە"خوا بلّندترین نموونەیە". دوو چاكەی تەنیشت یەكی دوو گەوهەرەكە هیچیان لەپلەی ئەویتردا نیەو جێگەیەكیان لەنێواندا نییە، بەم پێیە پێوەندی نزیكی یەكی تەقریبی تێدایە لەمە زیاتر لەم مەسەلەیەدا ئەوە ناگرێتەوە ئەمەش رێبازێكی سێیەمە لەنێوان كۆنەكان‌و ئەشعەرییەكاندا، ئەو مەزندە وەهمییە نەما كە ئەشعەرییەكان لەنێوان هەق‌و دروستكردن‌و بەڵگەی تازە بوون‌و پێویستی‌و جێگیریی نەبوون لەدروستبووندا بۆ بوونی پەروەردگار هەیە[٦٣] ئەم نزیكبوونەوەیە لەموناجاتی خانی لەگەڵ خواداو ژماردنی ئەوەی دروستیكردووەو ژماردنی ئەوانەدا دیارە كە دروستیكردوون‌و لەوەدا كە بەخوا دەڵێ:

**حیكمەت ئەوە باتینی‌و زاهیر**

**قودرەت ئەوە غایبی‌و حازر**

**نینن تەحەیوزو تەمەكون.**



* * *

**ئەمما وە دوان دكەی تەوەتون**[٦٤].

كە لێرەدا بیری غەزالی لە (ئیقتیساد لەباوەڕدا) وەردەگرێ بەوەی (خوا ممكین نییەو خۆی لەزاتی خۆیدا هەیە)[٦٥] خانی ئەم بیرەی لەبارەی دروستبوونی كەون بەرەو یەكێتیی بوون دەبات كە لەشوێنی خۆیدا دێینە سەر ئەو باسەو لەغەزالی دوور دەكەوێتەوە. لێرەدا دەبێ لای هەندێ واتەی خانی بوەستین‌و لەبەكارهێنانی ووشەو چوونەوە سەر گەلێك سەرچاوەی بیر ووردبین كە بیرەكانیی تێدا تێكەڵ كردووەو ئەوەی هەڵبژاردووە كە لای خۆی راستە. ئەم سەرچاوە ڕاستانەشی بەشكردووە بێ ئەوەی بەتەواوی خۆی ببەستێ بەرای یەك سەرچاوەوە... كندی لای وایە هەموو شتێك خوانەبێت تازەیەو جیهان هەمووی لەنەبوو لەهیچ دروستكراوە، بەیەك لێدان بەهۆی خواوە كە هۆی هەموو هۆكاركەرەكانی كەونە[٦٦].

كندی بەمە لەگەڵ هەندێ لەموعتەزیلە رێك دەكەوێت. ئەبوو لهوزەیل (أبو الهذیل)ی موعتەزیلەیی دەڵێ:

"دروستبوون فەرمانێكە لەو فرمانانەی خوا كە بەووشەی (كن) دەربرراوەو ئەم كارە روویكراوەتە نەبوو چونكە ئەو زاتە نەبووانەی كە دەتوانرێ بن بەباری نەبووندا رەتبوون بۆ باری بوون[٦٧].

گرێدانی خانی لەم مەسەلەیەدا بە كندی‌و ئەبولهوزەیلەوە لەوتێكستانەدا دیارە كە هێناومانەتە بەرچاو.

هەرچی مەسەلەی هۆ(علە)یە ئەوە خانی بیری خۆی لەبارەی هۆوە لەگەڵ بیری كندی‌و موعتەزیلەو چەند كاریتردایە كە دەڵێ:

**هەرچی ببێتن ژ خەیر ئەگەر شەڕ**

**بێ داعیە نابێتن مویەسەر**

**گەر وەصلە گەر قوماشێ دیدا**

**بێ داعیە نابتن چو بازاڕ**



مەكتەبی بیرو هۆشیاری

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**بێ داعیە جوملە ئەهلی حالن**

**بەڵکی ژ جەنابی زولجەلالن**[(٦٨)]

ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا کەموعتەزیلەو کندی لەسەری ڕێك کەوتوون یەکە، کە (خوا ئەوەی دەیەوێ لەڕێگەی ئەو هۆیانەوە کە خۆی تەگبیری کردوون دروستکراوە ئەوەش هۆی دووەمە هەرچی هۆی یەکەمە ئەوە کارێك نییە لەنێوان خواستی ئەو وکاری ئەودا بێت، خوا ئەوەی بیەوێ دەیکات)[(٦٩)].

دوو مەسەلە ماون لەباسی دروستکردنی کەوندا دەبێ پیشانیان بدەین:

یەکەم: ئەوەیە کە خانی مەسەلەی گیانو لەش بەپیشاندانێکی ئیسلامی پیشاندەداتو وەك هەموو سۆفیان هەندێ وەرگیراوی لەباوەڕی نائیسلامییەوە وەرگرتووە بێ ئەوەی ئەمە لەجەوهەری بیرە ئیسلامییەکەی بکەوێ ئەو لای وایە کە گیانو لەش بە زۆر بەفرمانی خوا جووتکراونو تارمایی لەناسووتو گیان لەلاهووت دروستکراونو ئەگەر ناسووت ڕەنگێك بێت لەسواڵەت[(٧٠)] بەڵام گیان لەمەشخەڵی جوانییە واتە جوانی پەروەردگارو[(٧١)] بەمە پەنجە بۆ ئەو ئایەتەی قورئان درێژ دەکات (ولقد خلقنا الانسان من صلصال من حمأ مسنون)[(٧٢)] یا ئایەتی (خلق الإنسان من صلصال كالفخار)[(٧٣)].

مەسەلەیەکیتر هەیە خانی وەك موعتەزیلە باسی دەکات. جیهان لای ئەوان تازەیەو سەلماندنیان بۆ ئەوە وایە کە هەرچی کۆتایی هەیە تازەیە (محدث)ەو جیهان کۆتایی هەیە، کەواتە تازەیە[(٧٤)] نەززام (النظام) دەڵێ: (ئەوەی ڕۆیشت بێ پارچە لەش بێت وا دەگەێنێ کە یا کۆتایی هاتووە یا بێ کۆتاییە. ئەگەر کۆتایی هەبێ سەرەتای هەیە، کەواتە تازەیە)[(٧٥)]. لەم بارەیەوە خانی دەڵێ:

**ئاغاز ئەگەر ﭻ ڕەنگ حەیاتە**

**ئەنجام حەیات وی مەماتە**

**یەعنی کو وجوود بێ وجوودە**

**خۆش خلیقەتە حەیف بێ خلوودە**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ئەفلاكو عەناسیرو مەوالید**

**ئەخلاتو تەبایعو مەقالید**

**ڤێکڕا د بەدیعو لئیسشتیراکن**

**تێکدا د سەریعو لئیفیکاکن**

**سەر ڕشتەیی گەوهەرا بەقانە**

**سەرمایەیی عیلەتا فەنانە**[(٧٦)]

لەگەڵ ئەو لەیەکچوونەی ئەم دێڕانە ئەو ڕایەی موعتزیلەکان کە باسمانکرد چڕکردنەوەیە ڕاو بیری جیای تێدایە لەشوێنیتردا باسی دەکەین. بەڵام پاش ئەم سەرەتایە بۆ ئەوە دەچێت کەمانەوییەکان بۆی دەچنو سەرەتای بوون بە دوو ئەزانن "ڕووناکیو تاریکی" چونکە خوا ڕووناکییەو ئیمکان تاریکییە، ئەقڵ لەڕووناکییەوە دەرژێ، خواش لەڕووناکیی خۆی بەسەر مادەدا دەپرژێنێ، مادەش بەپێی ئەو وێنەیەی بڵاوبۆتەوە خۆی دەگونجێنێ، پاشان ئەم وێنانە چاکەن چونکە تەواویی بوون تەواویی چاکەیەو چاکە لەمادەدانییە بەوە نەبێ کە لەبەخشەری وێنەوە بەسەریا ڕژاوە. ئەویش عاشقی وێنەیەو عەشق هۆی ئیبداعو مانەوەیەو باسی جیهان دەکات، نزیك لەم بیرەوە باسی ئادەم دەکاتو دەڵێت:

**مەوجوودە دوی شەهادەتو غەیب**[(٧٨)]

**مەشهوودە دوی سیادەتو عەیب**[(٧٩)]

**ئینسان بخوە هەم ظەلامە هەم نوور**

**ئادەم ژ تە هەم قەریبە هەم دوور**

**هەندێ وەکو جنسی عالەمینە**

**ئەو تابیعی نەوعی ئادەمینە**[(٨٠)]

لەچەند شوێنیتری (مەمو زین)دا پێوەندیی بیری خانی بەمەسەلەیتری ئەم تێکستەوە دەبینین کە بەئاشکرا لەمانەویەتەوە وەرگیراوە.

* * *

دووەم: ئیفلاتوون لای وایە خوا ئەو دروستکەر (صائع)ەیە کە نیزامی ئەم کەونەی ئەفراندووە. مادە لەجوولانێکی شێواوی لەرزیو، بە بێ نیزامی دەجوولێتەوە، دروستکەر ڕێکیخستو خستییە جێی خۆیو جیهان لەبێ نیزامییەوە بۆ نیزام ئەفراند، جیهان نوێیە (حادث)و ماددە کۆنە[٨١] .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لێرەدا دوو بیری نیزامی جیهانو بزووتنەوە کە دەدرێنە پاڵ ئیفلاتوون دەردەکەون. بیری نیزامی جیهان لای ئیبن روشد ناونراوە بەڵگەی عینایەت[٨٢] و بەهۆی مەبەسدار لای کەسیتر. لەفەلسەفەی یۆنانیی کۆندا سەرنجێك هەیە بۆ ئەوە دەچێ کە دیاردەکان هەموویان هەر لەپێناوی مەبەسێکی کۆتاییداردا لەپێناوی هۆیەکی مەبەستداری سەربەخۆدایە پەیدابوونو بەڕای ئەوە لەو هۆیانەیە کارتێکەرن ولای وایە چالاکیی خەڵكو ژیانی کۆمەڵو هەموو بزووتنەوەکان لەسروشتدا ئەم ئامانجانەو ئەم مەبەسە ڕێنویانە هەر وەك کەون خۆی لەپێناوی ئامانجێکی بەرزی "خواکان" داڕێکخراوە. ئەم لێکدانەوەیەی ئەو دیاردانەی کەون کە بەرەو دوو ئامانج دەچنو گزنگی بیری سروشتیان بۆ دەچێ کە بەپێی بیری خاوەنەکانی "تیلیبیولۆگیا"ی پێ دەووترێت. "تیلیبیولۆگیا" بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ لاهووت پەیدا بوو. فەیلەسووفە ئایدیالیستەکانو پیاوانی لاهووت پێکەوە سەلماندنێکی تیلیبیولۆگیی فیزیاییان داڕشت بۆ سەلماندنی بوونی خواکانو خاوەنانی ئەم سەلماندنە بەرەو مەبەستی ڕێکخستنی سروشتو بەرەو خاسیەتی ئەم ڕێکخستنە کە لەعەقلانیەت دەچنو دوو بەڵگەن بۆ عەقلانیەتی ئەو هۆیەی پێکی هێناون واتە دوو بەڵگەن بۆ بوونی بووە (کائن)ێکی بیرکەرەوەی عەقڵدار، کە خوایە[٨٣] ،

ئەم دوو بزووتنەوەیەی لای ئیفلاتوون دەیبینین لای خانی بەو ووشانە دەیبینین کە خۆی دایاندەڕێژێ.



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

حەقەن کو تە خۆش نیزامو ڕەونەق

تەرتیب کرن ژ بۆمە ئەلحەق[٨٤]

***

هەرچی کوتە چێکر ئەی نیکۆکار

هەریەک د حەدی خۆدا سزاوار[٨٥]

بەسەر زمانی بەکرەوە لەکۆتایی چیرۆکەکەدا بو هۆی کوشتنی خۆی (بەکر)لەلایەن تاژدینەوە دەڵێ:

کوشتم وی ژ بۆ نیزامی عالەم

بوو ڕاحەتیا عەوامی عالەم[٨٦]

خانی لەخولاسەی بیرەکانیدا بەڕێ نیشاندەر دەدوێو ئەوە لەتەجروبەی دروستبوونو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە وەردەگرێ:

ئیزمان بکە مەسئەلەی مودەڕەس

تەخمینی مەساحەتا موهەندەس[٨٧]

لەبارەی بزووتنەوەشەوە ئیفلاتوون وەك هیرەقلیت لای وایە بزووتنەوە قانوونی کائیناتەو گۆڕین قانوونی هەستکردنەو هەموو شتێك لەم جیهانە هەستپێکراوە ئەگۆڕێو دێتە جێی[٨٨] . بیری ئیفلاتوون میتافیزێکییە چونکە لەسەر گۆڕینی هەستپێکراوەکانە لەسەر حسابی جێگیری لەبایەخدارەکانداو بیری هیراقلیتس مەتریالییە چونکە گۆڕین بەبارێکی پێویستو پێکەوەیی هەموو شتێك دەزانێ لەسروشتدا نموونەی زۆری ئەمانە لای خانی هەیە:

ئەڤ کارگەها عەزیمە دەوار

ئەڤ بارگەها بەدیعە سەییار

ئەڤ چەندەهە نیعمەتو نەفائیس

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**ئه‌ڤ ره‌نگهه مه‌ئکه‌ل‌و مه‌لابیس[٨٩]**

★ ★ ★

**حیکمه‌ت ئه‌وه ئه‌و هه‌مى ل کارن**

**هه‌نده‌ک د پیاو هه‌ن سوارن[٩٠]**

★ ★ ★

**ئه‌فلاک میسالى ئاسیابن**

**هه‌مواره به چه‌رخ‌و ئینقیلابن[٩١]**

به‌ڵام ئه‌م دوو بیره ئیفلاتوونییه به‌ره‌و به‌رنامه‌ی ئیسلامیی خۆی له‌دوو کاردا ده‌بات. یه‌که‌مین: ئه‌وه‌یه که بیری نیزامی جیهان ده‌کات به به‌ڵگه بۆ بوونی په‌روه‌ردگار وه‌ك که‌سانیتر له‌ئه‌هلی که‌لام کردوویانه‌و به‌م دێڕانه ده‌ستپێده‌کات:

**ئه‌شبا ب حه‌سه‌ب ده‌لیل‌و بورهان**

**نابن چو مه‌گه‌ر وجووب‌و ئیمکان**

**واجیب یه‌که زاتى کیبریایه**

**مومکین پڕه جه‌معى ماسیوایه[٩٢]**

له‌م سه‌ره‌تایه‌وه ده‌ستپێده‌کات بۆ وه‌سفی که‌ون‌و نیزام‌و بزووتنه‌وه‌و شتیتر وه‌ك باسمانکردو دووه‌میان ئه‌وه‌یه که دڵنیایه له‌وه‌ی هه‌میشه ئه‌وه‌ی خوا دروستیکردووه هه‌ر به‌رده‌باری ئینسانه‌و له‌خزمه‌تیدایه:

**بیلجومله ژ بۆ مه‌را بکارن**

**فیلجومله ژ بۆ مه به‌رده‌بارن[٩٣]**

لێره‌دا ئیشاره‌تێکی ئاشکرا بۆ ئایه‌تی زۆری قورئان هه‌یه له‌وانه: "وسخر لكم ما في السموات وما في الأرض جميعاً"[٩٤] "وسخر لكم الليل والنهار والشمس والقمر والنجوم مسخرات بأمره"[٩٥]. لاى خانى لێکدانه‌وه‌و قووڵکردنه‌وه‌ی بزووتنه‌وه یا ته‌سك





مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

کردنه‌وه‌ی جۆره‌کانی نابینین وه‌ك فه‌یله‌سووفه کۆنه‌کان کردوویانه‌و به‌وه سه‌ره‌تای به‌رنامه‌ی دیالێکتیکیان بۆ بزووتنه‌وه له‌فه‌لسه‌فه‌ی هاوچه‌رخدا داناوه.

مه‌سه‌له‌یه‌کیتر هه‌یه، ئه‌ویش سروشتی دروستبوونه ئایا هه‌ر به‌رده‌وامه بۆ زه‌مانێکی درێژ وه‌ك ئیبن روشد به‌رێکه‌وتوویی له‌گه‌ڵ ئیخوانلسه‌فادا ده‌یبینین یا به‌یه‌کجار (لێدان) بووه وه‌ك لاى کندی وایه یا هه‌ر ده‌یووت (کن ـ ببه) وه‌ك راى که‌لامییه‌کانه له‌باره‌یه‌وه[٩٦]؟. ووردی له‌بینینی راکانی خانیدا به‌رامبه‌ر به تێکه‌ڵکردنیش رامان ده‌گرێت. ئه‌وه‌تا له‌دێڕێکدا ئه‌وه دووباره ده‌کاته‌وه که ره‌نگه نزیك بێت له‌یه‌ك لێدانه‌که‌ی کندیه‌وه که ده‌ڵێت:

**مولک‌و مه‌له‌ک‌و فه‌له‌ک بجاره‌ک**

**بیلجومله ته‌چێکرن ته‌باره‌ک[٩٧]**

له‌زۆر به‌یتی درێژدا باسی خولی ژیان‌و دروستکردنی ئینسان‌و به‌ره‌و پێشچوونی ده‌کات له (جه‌نین)ه‌وه پاشان گه‌ڕانه‌وه‌ی به‌ره‌و خاك‌و ده‌رکه‌وتنی ژیان تێیدا به‌شێوه‌ی رووه‌کێك که له‌م خاکه بێته ده‌ره‌وه‌و ببێته‌وه به خۆراك ده‌ری ئینسان‌و دروستکه‌ری سه‌رله‌نوێی جه‌نین.... هتد[٩٨].

وه‌ك له‌مه‌دا له‌گه‌ڵ ئیبن روشددا به ته‌واوی یه‌کبگرن، ئه‌نجامی قسه خانی به‌چه‌ند شوێن په‌نجه‌ی شاعیرانه ئه‌و رایانه ده‌رده‌خات که پێش خۆی له‌باره‌ی بوونه‌وه ووترا بێت چ له‌لایه‌ن فه‌یله‌سووفه‌کانه‌وه یا که‌لامی‌ییه‌کانه‌وه یا له‌لایه‌ن سۆفیێکانه‌وه، به‌ڵام ده‌گاته یه‌ك ئه‌نجام که په‌نجه بۆ هیولا راده‌کێشێت وه‌ك ووتمان‌و په‌نجه بۆ چوار ره‌گه‌ز راده‌کێشێ که فه‌یله‌سووفی یۆنان (ئه‌مبادوقلس) باسی کردبووو که‌سانیتر دووای که‌وتبوون بوو به‌سه‌ره‌تایه‌ك بۆ زه‌رده‌شتییه‌کان یا (دووالیست ـ دووه‌یه‌کان)و که‌سانیتر. ئه‌نجامیش هه‌ریه‌که، به‌ڵکو له‌چوار ره‌گه‌ز تێده‌په‌ڕێ بۆ ئه‌وه‌ی په‌نجه بۆ پێنج ره‌گه‌ز رابکێشێت وه‌ك لاى مانه‌ویه‌کان وایه[٩٩]، یا وه‌ك ئه‌رستۆ به زیادکردنی (ئه‌کاسیا ـ ئه‌ثیر) سامکهیا

* * *

مه كتەبی بیروهۆشیاری

(كـە لەبراهماتییـەكان بوونەتـەوە) یـا وەك فەیلەسـووفی كۆنفۆشیۆسـی (كـان)[١٠٠] دەیبینـێ، وەك خانی گوێی نەدابێتە ئەوەی چوارن یا پێجن:

**هەرچەند ژ بۆ مە ئەسڵ پێنجن چارن**
**هەرچار ژ بۆ مەرا بژارن**[١٠١]

هەر وەكو پێمان بڵێ: ئەگەر ئەم سەرەتایە بێت یا ئەو كۆتایی هەر هـەمووی بەڵگـەی تاكێتیی خواو كاری ئەون لەدروستكردندا:

**هەر نەخڵ نیدا كونەندە هەرگاه**
**تەشبیهی شەجەر دگوو ئەناڵڵاه**[١٠٢]

باشترین شت كە كۆتایی ئەم فەسڵەی پـێ بهێـنین ئەوەیـە كـە هـاوەڵ مـەدەنی سـاڵح لێكۆڵینەوەكەیی لەبارەی (بوون ـ الوجود)ەوە پـێ هێناوەو ووتویەتی "ئەمـە مەسـەلەی بوونە لەفەلسەفەی ئیسلامدا، قورئانی تێدایە، یۆنـانیی تێدایـەو ئیبـداعی تێدایـە، یـا نەلەمـەو نەلـەو، بـەڵام خەوشـێك كـە لەفەلـسەفەی ئیـسلامی دەگـیرێ ئـەو لەیەكـچوون بەیەكجۆر بەرەو پێشچوونەیەتی. رەنگە ئەمەش، لەكارتێكردنی قورئان‌و دەسەڵاتی بێـت بەسەر هەموویاندا[١٠٤]

بەڵام ئایا ئـەو لەیەكـچوونە لـەخانیش دەگـیرێ؟ بـاوەڕم وانییـە كـە ئـەو لەیەكـچوونە (رتابة)ە لەخانیش بگـیرێ چـونكە بـیری جووڵـەداری هەڵبـژێرەری خـانی وا نییـە، بـەڵام بێگومـان هەر دەچێتە خانەی دەسەڵاتی قورئانەوە لەگەڵ هەمواندا.



* * *

مه كتەبی بیروهۆشیاری

## پەراوێزەكان

١ـ مەمو زین. ل ١٧.

٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣ـ قورئانی پیرۆز (القصص (٥٦). (ق ٣٨)

٤ـ مەمو زین. ل ١٧.

٥ـ مەمو زین.

٦ـ مەمو زین.

٧ـ قورئانی پیرۆز (طه ⁄ ١١) و بڕوانە (النمل⁄٨) (القصص⁄ ٣٠).

٨ـ محی الدین بن عربی... كتاب الأسفار.... حید أباد الدكن) ١٩٤٨ل ٥٤.

٩ـ ارسطوطالیس.. الطبیعة.. ترجمة اسحق بن حنین، حققه وقدم له عبدالرحمن بـدوي ج٢. القـاهرة ١٩٦٥.

١٠ـ شارل فنرنر. الفلسفة الیونانیة.. ترجمة تیسیر شیخ الأرض. بیروت ١٩٦٨ ص ١٧.

١١ـ مەمو زین ل ١٧.

١٢ـ محی الدین بن عربی. كتاب الكتب. حیدر أباد الدكن ١٩٤٨. ص ٣٤.

١٣ـ فەرموودەی قودسییە.

١٤ـ مەمو زین. ل١٧.

١٥ـ محی الدین بن عربی. فصوص الحكم. تعلیق الـدكتور أبـو العـلا عفیفـی ج٢ القـاهره ١٩٤٦. ص٦١.

١٦ـ ممو زین. ص٢٣.

١٧ـ أنظر: رسائل إخوان الصفاء وخلان الوفاء م١. بیروت ١٩٥٧ ص٤٨.

١٨ـ مەمو زین. ل٢٣.

١٩ـ مەمو زین ل٢٢.

٢٠ـ بڕوانە: جمیل صلیبا. من إفلاطون الی إبن سینا. ط ٤. بیروت (؟) ص١٩٢.

٢١ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

٢٢ـ الشهرستانى (أبو الفتح الامام محمد بن عبد الكريم): الملل و والنحل.

٢٣ـ مەمو زین. ل ١٨.

٢٤ـ قورئانی پیرۆز (الآعراف/ ٥٤). (البروج/ ١٧)و بڕوانه: (هود/ ١٠٦).

٢٥ـ دەتوانین ئەم بیرە لەچەند سەرچاوەی ئیسلامیدا ببین.

٢٦ـ مەمو زین. ل ٢٤.

٢٧ـ مەمو زین. ل ١١٣.

٢٨ـ مەمو زین. ل ١١٦.

٢٩ـ مەمو زین. ل ١٩٠.

٣٠ـ مەمو زین. ل ٥١.

٣١ـ رسائل إخوان الصفا وخلان الوفا. م٣. بيروت ١٩٥٧.

٣٢، مەمو زین. ل ٢٢.

٣٣ـ مەمو زین. ل ٢٠.

٣٤ـ مەمو زین. ل ٢٠.

٣٥ـ مەمو زین. ل ١٨٨.

٣٦ـ مەمو زین. ل ١٨.

٣٧ـ مەمو زین. ل ٢٤.

٣٨ـ إبن عربى. كتاب المسائل. حيدر أباد الدكن ١٩٤٨. ص٩، ١٠.

٣٩ـ أرسطوطاليس. علم الطبيعة، ترجمة أحمد لطفي السيد. القاهرة، ١٩٣٥. ص٤١٩.

٤٠ـ إبن رشد. التهافت (نقلا عن مدني صالح ـ الوجود. بحث عن الفلسفة الإسلامية. بغداد، ١٩٥٥، ص ٨٣.

٤١ـ رسائل إخوان الصفا وخلان الوفاء. م١. بيروت ١٩٥٧. ص ٥٢.

٤٢ـ مم و زين. ص٢٠ (وقد وردت كلمة "هويدا" مكان "هيولى" في بعض النسخ وهي تعني الوجود، الظاهر. الواضح في الفارسية (بڕوانه فرهنگ عميد). ص ١٢٦.

٤٣ـ مەمو زین. ل ٩٥.

٤٤ـ الفارابي. كتاب الجمع بين رأي الحكيمين. مصر ١٩٠٧. ص ٢٢.

٤٥ـ رسائل إخوان الصفا وخلان الوفاء م٣، ل بيروت ١٩٥٧. ص ٤٦٨.

٤٦ـ رسائل إخوان الصفا. ج٣. ص ٣٦١.



* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

٤٧ـ مەمو زین. ل ٢٠.

٤٨ـ مەم و زین. ل ٦٣.

٤٩ـ بڕوانه. مدنى صالح. ص ٤٦.

٥٠ـ رسائل إخوان الصفا. ج٣. ٣٣١.

٥١ تفسير الفخر الرازى ج١٩، ص ١٧٩.

٥٢ـ مەمو زین. ل ١٨.

٥٣ـ مەمو زین. ل ٢٤.

٥٤ـ قورئانی پیرۆز (البقرة/ ١١٩) (الأنعام ١٠٢).

٥٥ـ مەمو زین. ل ١٩.

٥٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٥٧ـ صموئيل نوح كريمر. الأساطير السومرية: ترجمة يوسف داود عبد القادر. بغداد ١٩٧١. ل ٦٣.

٥٨ـ قورئانی پیرۆز (الأنبياء/ ٣١)

٥٩ـ قورئانی پیرۆز (الفلق/ ٢)

٦٠ـ قورئانی پیرۆز (البقرة/ ١١٩)

٦١ـ قورئانی پیرۆز (يس٦١) و أنظر (النحل/ ٤١). (الأنعام/ ٥٤) (ال عمران/ ٦٠)

٦٢ـ مەمو زین. ل ١٨.

٦٣ـ إبن عربي كتاب المسائل. حيدر أباد الدكن ١٩٤٨. ص ٢٢، ٢٣.

٦٤ـ مەمو زین. ل ١٨.

٦٥ـ الغزالى. الإقتصاد فى الاعتقاد. القاهره. ﴿؟﴾.

٦٦ـ رسائل الكندي الفلسفية. نشر محمد عبدالهادي أبو ريدة.

٦٧ـ بڕوانه: الدكتور علي سامي النشار، نشأة الفكر الفلسفي في الإسلام. القاهرة، ١٩٥٤، ص ١٠٩.

٦٨ـ مەمو زین. ل ١٢٢.

٦٩ـ بڕوانه: مدنى صالح. ص ٢٥.

٧٠ـ سفال، صوال، صلصال ـ هەر سوالەتە.

٧١ـ مەمو زین. ل ١٨.

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

٧٢ـ قورئانی پیرۆز (الحجر/ ٢٧)

٧٣ـ قورئانی پیرۆز (الرحمن/ ١٥)

٧٤ـ بڕوانە: مدنی صالح. سەرچاوەی پیشوو، ص ٢٦.

٧٥ـ محمد عبدالهادي أبو ريده. إبراهيم النظام. أراؤه ﴿؟ ـ ؟﴾

٧٦ـ مەمو زین. ل ١٨٨.

٧٧ـ جميل صليبا، ص ٩٢.

٧٨ـ شەهادەتو غەیب. واتە بوونی مەتریالیی کۆنکرێتیو بوونی گیانی.

٧٩ـ سیادەتو عەیب: تەواویو کەمایەتی.

٨٠ـ مەمو زین. ل ١٨

٨١ـ بڕوانە: صلیبا. ص ٣١، ٣٢.

٨٢ـ إبن رشد، الكشف عن مناهج الأدلة. القاهرة، ١٩٦٤. ص ١٣٧.

٨٣ـ بناغەکانی فەلسەفەی مارکسی. مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل٢١٠، ٢١١. (بە زمانی رووسی).

٨٤ـ مەمو زین. ل ١٩.

٨٥ـ مەمو زین.

٨٦ـ مەمو زین. ل ١٨٤.

٨٧ـ مەمو زین. ل ١٨٥.

٨٨ـ جمیل صلیبا. ص ٢٦.

٨٩ـ مەمو زین. ل ١٨.

٩٠ـ مەمو زین. ل ٥٢.

٩١ـ مەمو زین. ل ١٨٨.

٩٢ـ مەمو زین. ل ٢٣.

٩٤ـ قورئانی پیرۆز (الجاثية/ ١٣)و بروانە (الجاثية ١٢).

٩٥ـ قورئانی پیرۆز (النحل/ ١٣).

٩٦ـ بڕوانە: هادی العلوي. نظرية الحركة الجوهرية عند الشيرازي. بغداد، ١٩٧١.

٩٧ـ مەمو زین. ل ١٩.

٩٨ـ مەمو زین. ل ١٨٨ ـ ١٩١.

٩٩ـ (بڕوانە: الشهرستانی. ل ١٨٩)



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

١٠٠ـ بول ماسون ـ أورسيل. الفلسفة في الشرق (ترجمة محمد يوسف موسى) القاهرة، ١٩٤٥ ص ١٢٤، ٧٥.

١٠١ـ مەمو زین. ل ١٨٨. تێبینی: هەڵبژاردنی خانی بەرامبەر بە ژمارە (٤)ەبە لاسایی ئەو ڕا بڵاوەیە لای فیساگۆرسییەکان کە لەبیری ئیسلامیدا لای کندیو ئیخوانلسەفا بەرەو پێشدەچێ.

١٠٢ـ مەمو زین. ل ١٦٦.

١٠٣ــ لێرەوە تا کۆتایی لەچاپە عەرەبییەکەدا نییە. چونکە سانسۆر کوژاندبوویەوە. ئەو کوژاندنەوەیەش لاپەڕەیەکە لەکارەکانی رژێمی فاشیستی عیراق کە لەشوێنیتردا باسەکەی دەگێڕمەوە.

١٠٤ـ بۆ زانینی خولاسەی بوون لەبیری ئیسلامیدا بڕوانە: مدنی صالح ـ الوجود ـ لێکۆڵینەوەیەك لەفەلسەفەی ئیسلامی، بغداد ١٩٥٥. ص ١١٣.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# خانی و سیفاتی خوایی

دەستە ئیسلامییەکان لەسەر سیفاتی خوایی ڕێککەوتوون، با لەبارەی ژمارەو پێوەندی سیفەتەکان بە زاتی خواییەوە جیاوازییان هەبێت. خانیش وەك چنراوێکی تایبەتی دەچێتە ئەم مەیدانەوەو سیفەتەکان تێکەڵ دەکات لەگەڵ ئەو ناوە پەسندانەی خوادا کە دەتوانێ تۆماریان بکاتو دایانڕێژێتەوەو هەموویان ناو دەنێ سیفاتو ڕەنگە لەنێوانیاندا ئەم ناوانە ببینین:

مەعشووقو عاشقو موفیدو موستەفادو موریدو مورادو کەریمو مەوجوودو خالقو ئامیرو مەعبوودو واحیدو واجیدو (بێ مشال)و (بێ زەواڵ)و باقیو دائیمو هادیو قائیمو مضلو صانعو حەزرەتی قەدیرو قەدیرو نەققاشو باریو سەرمەدو قەدیمو (لایزال)و حەکیمو قادرو عالم الغیبو واجبو ووجوودو واجب الوجود بە تاکێتیی خوا دەستنیشاندەکاتو بەرامبەر بە (زاتی کبریاء) یا کبریاء ڕایدەگرێ[1] خانی زۆر دەست ڕەنگینانە ئەو تێگەیشتنەی قوتابخانەکە لەبارەی نهێنی بوونەوە لەفەرموودەی قودسی "کنت کنزاً مخفیاً فأردت أن أعرف فخلقت الخلق لیعرفونی"[2] وەریگرتووە تێکەڵ بەتێگەیشتنە سوفییەکەی دەکات لەبارەی ئەوەوە کە هەرچی "مومکین"ە ئاشکرا کردنی نهێنیی ئەو گەنجینەیەو دەرخستنی ئەو سیفەتانەیەتی کە بەکۆن "قەدیم"یان





مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەزانێو هەر لکاون بە زاتی خواوە لەبوونیداو لەدرکاندنیاندا تازەن. تێگەیشتنە جەبرییەکەیو دان نەنان بە هەڵبژاردن "إختیار"دا بەوە دەسەلمێنێ:

**کەس نینە ژ کافرو عوساتان**

**موزهیر نەبیتن ژ بۆ سیفاتان**

**کافر بوین ئەم ب ئیسمی قەهار**

**غەفار[3] کو ئەم کرین گوناهکار[4]**

وێنەی دەرخستنی ئەم سیفاتە لەدیدی خانییەوە بۆ ووردە شتەکانی کەونو ژیانو عەشق دەردەکەوێ:

**کوڕ ئایێنەیی جەمالی زاتن**

**کچ موزهیری پرتەوی سیفاتن**

**بێ زاتو صیفەت عەرەز میسالە**

**جەوهەر نەبتن عەرەز بە تاڵە**

**قائیم دبێتن عەرەز ب جەوهەر**

**بێ شەمس قەمەر دبێت مونەوەر؟[5]**

لێرەوە زاتو صیفات والێدەکات کە لەیەك نابن هەردووکیشیان پێکەوە دەخاتە جێگەی جەوهەر لەکاتێکدا هەرچی مومکینە دەبێتە عەرەز (عرض)و عەرەز بێ جەوهەر بە تایبەتی لەم شوێنەدا (لای خانی) نابێت. تێگەیشتنی خانی لەزاتو صیفات بەدەم ڕووداوەکانی داستانەکەوە بەردەوامە. (مەم)ی قارەمانی لەموناجاتی خۆیدا لەگەڵ دڵدا بەدڵ دەڵێت:

**لەورا تو نموونەداری زاتی**

**ئایینەیی سوورەتی صیفاتی[6]**

کە لەیەکێ: لەسەرەتاییە کلاسیکییەکانیدا داوا لەساقی دەکات مەیی بۆ تێکاتو مەیی خوایی لەمەیی دنیایی جیا دەکاتەوە بە خانی دەڵێ:

* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو مەی نەوەكی مەیا تە ئاڵە

ئەو مەی ژ جەمالی زولجەلالە

ئەو حوبی حەبیبی پاكی زاتە

قەنواتی حەدیقەیی صیفاتە[٧]

خانی بیری خۆی دەربارەی گیانو دەرچوونو بەیەك گەیشتن (إتصال)ی كە باسی فەسڵێكی تایبەتیی ئەم لێكۆڵینەوەیەیە، دەكات بە دیاردەو وێنەی صیفات:

حاصل كوژ پاشی ئیتیساڵی

ئەو پڕتەوو مەشعەلا جەمالی

گاڤەك سەكنینو موتمەئین بوون

حینا كو بەیەكڤە موئتەمین بوون

ئەو قەترە دە قەلزەما سیفاتان

ئەو زەڕە د بەحرا موهلیكاتان

دەم هاتنە ساحیلی فەنایی

گەه چوونە بەسەر حەدی بەقایی[٨]

خانی بیری خۆی لەبارەی "دژ بەیەكەكانو یەكێتییانو كێشەیا"نیش دەكات بە بەشێك لەوانەی دەیانبینێو باوەڕی پێیانە لەكۆنداو دەشیانكات بە وێنەی صیفاتیش. دروستكەری كارەسات لەچیرۆكەكەدا كە لایەنی خراپەیە تێیداو نوێنەری تاریكییە لەكێشەكەدا ـ بەكر ـ پاش مردنی (مەم) بەدەستی (تاژدین)ی دۆستی مەم دەكوژرێ. بەڵام بەكری خراپەكاری دوو زمان دەچێتە بەهەشتەوە چونكە بەو كارەی شتێكی لەوە دەرخستووە كە دروستكەری خراپیو پیسی خۆی ویستوویەتیو تاژدین نهێنیی خوایی نەدەزانیو كوشتی لەبەر ئەوە لەدیاربووندا گوناهبار نەبوو، هەردووكیشیان بوون بەدەرخەری شتێ: لەصیفات.



* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

پیاو چاكێك لەداستانەكەدا بەكری لەخەودا یا لەخەیاڵدا لەبەر دەرگای كۆشكێكدا لەبەهەشتدا دیو پاش دوواندنێكی درێژ ووتی:

سەد شوكر ئەزی خراپو تاژدین

مەحزا ب تەعەلوقا مەمو زین

مەحرووم نەبوون بە پڕگوناهی

بوون موزهیری رەحمەتا ئیلاهی[٩]

لەبەر ئەوەی هەموو شتێك دەبێتە وێنەی صیفات ئەوا لای خانی وێنەی جوانی دەبینین وەك ئەوەی دەڵێت:

عەشق ئاینەیی خودا نومایە

خورشید سیفەت خودان زیایە[١٠] (ضیاء)

بەڵكو تەنانەت رووەكو میوەو بەر دەڵێت:

ئەو میوە دەما گها كەمالی

بوو موزهیری پڕتەوا جەمالی[١١]

ئەگەر یەك نەبوون لەبارەی سەرەتای مەسەلەی صیفاتەوە هەبێ.. ئایا بیری ئیسلامییە یا بەرهەمی وەرگێڕانی فەلسەفەیە یا بەكارتێكردنی جولەكەیی یا لاهوتی مەسیحییەوە هاتووە ئەوا خانی نەچۆتە ئەو مەیدانەوە تەنانەت بەپەنجە لێدانێكیشی بێت، بەڵام ئەم تێكەڵكردنەی مەسەلەكە بەڵگەی ئەوەیە كە بیرەكەی لەبارەی صیفاتەوە بەلای كەمەوە لەكانی فەلسەفەی ئیسلامەوە هەڵهێنجاوەو پاشان بەرە بەرە لەگەڵ پەرەسەندنی چیرۆكەكەدا یا گۆڕینی بیری خۆیدا لەفەلسەفەوە بۆ تەسەوف، بەرەو بیری سۆفیش دەڕوات. زۆرتر دەبینین وەسفی صیفاتی خوا بە صیفاتی جەلال یا زیلجەلال دەكات[١٢]، یا (میری میران)و خاوەن تەختو هەقو ئوستادی موتلەقو (یاهو)و (پەروەردەگاو داوەر)، كە لای سۆفیكان دەیبینینو لەفەسڵێكی تایبەتیدا دێینەوە سەری.

مه کتەبی بیروهۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ بڕوانە ئەم صیفەتانە لەلاپەڕە ٢٨، ١٩٣و لاپەڕەیتردا.

٢ـ فەرموودەیەکی قودسییە.

٣ـ لەپێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (لولا أن تـذنبوا لـذهب بکـم وجـاء بقـوم یـذنبون فیستغرون فیغفرلهم) (ئەگەر گوناە بکەن لـەناوتان دەبـاتو قـەومێك دێنـێ داوای لێبـوردن دەکـەنو لێیان دەبورێ).

٤ـ مەمو زین. ل ٢٩.

٥ـ مەمو زین. ل ٦٧.

٦ـ مەمو زین. ل ١١٣.

٧ـ مەمو زین. ل ١٢٧.

٨ـ مەمو زین. ل ١٥٩.

٩ـ مەمو زین. ل ١٨٤

١٠ـ مەمو زین. ل ١٨٧

١١ـ مەمو زین. ل ١٩٠

١٢ـ بڕوانە (مەمو زین)، ل ١٧، ٢٨، ١٢٧.





مه کتەبی بیروهۆشیاری

# خانی و مەسەلەی ئیبلیس

مەسەلەی ئیبلیس لەو مەسەلە ئالۆزانەیە کە میتۆلۆژیای ئینسانی باسی کردووەو گێڕاوێتەوەو ئایینە ئاسمانی یەکان پاش ئەوە لێیدواونو مەسەلە لای موسوڵمانان بەو جۆرە جێگیر بووە کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە،[1] وەك زۆر مەسەلەیتر لەباوەڕدا چەند لێکدانەوەی لەقورئاندا هەیە، هەروەها لێکدانەوەی جیاواز لەیەکگرتوویی موسوڵماناندا دەبینین لە (لەعنەتی ئیبلیسو بەردە بارانی)، کە چەند سۆفی رایان وایە، هەرچەندە لەپلەی بیانوو هێنانەوەدا بۆ کاری ئیبلیس لەسوجدە، نەبردن بۆ ئادەمدا پاشان دانە پاڵ خراپییو کۆتاییدا جیاوازن،

سادق جەلالعەزم (صادق جلال العظم) جێگەیەکی گەورەی بۆ ئەم مەسەلەیە لەکتێبی (رەخنەی بیری ئاینی)[2]دا تەرخانکردووەو هەر لەوکاتەشدا کەڕای موفەسیرەکانو کەسانیتر لەبارەی تاوانبارکردنی ئیبلیسەوە دووبارە دەکاتەوە، پەنا دەباتە بەر موتەسەویفەکان بۆ پشتگیریی رای خۆی لەم مەسەلەیەداو بە تایبەتی چەند ووتەی حەللاجو ئیمامی مەقدسی دەڵێتەوە کە بەرگریی ئاشکرای لەئیبلیس تێدایەو خراپە

* * *

(الشر) دەکات بە سەرەتای (جەبر) لەلای..... هتد. هەر لەناو ئەوانەشدا کە بەموتەسەویفی تیژڕەو نابینرێن کەسانی وا هەن کە بیانوو بۆ جەبر لەکردەوەکەی ئیبلیسدا دەهێنێتەوە بێ ئەوەی بگاتە تیژیی حەللاج و ئیمامی مەقدسی و لەوانەش کە العظم هیچ ووتەیانی نەووتۆتەوە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە کە لەوێدا کە ناوی ناوە "ووتاری بیست و یەکەم لەپلەی ئیبلیسدا لەعنەتی لێ بێ" دەڵێ:"ئیبلیسی لەعینم لەخەودادی، من لەناو خەڵکێکی زۆردا بووم خەریکبوو بیکوژم.

لەعنەتی خوای لێ بێ ووتی بۆچی ئەمکوژی گوناهم چییە ئەگەر قەدەر خراپەی پێ بێ من ناتوانم بیگۆڕم بە چاکەو بیبەمە سەر ئەو، ئەگەر بە چاکەش بێت ناتوانم بیگۆڕم بە خراپە بیبەمە سەر ئەو چیم بە دەستە.... هتد ئەمەش شەوی یەکشەممەی دوانزەی ذیلحیجەی ساڵی پێنجسەدو شانزدە بوو"[٣].

لەگەڵ بوونی لەیەکچوونی گەورە لەتیژی و بیانوو بۆ هێنانەوەدا لەنێوان خانی و ئیمامی مەقدسی و حەللاجدا لەشلکردن و هاتنە دوواوەدا لەگەڵ شێخی گەیلانیدا، خانی لەم مەسەلەیەشدا چنینێکی تایبەتییەو دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو شتانەی لەپشت تێکست و تەفسیرە ئیسلامییەکانەوەن لەم مەسەلەیەدا کاریان تێکردووە:

بێ سوجدە تە ئەی جەنابی مەعبوود
ئادەم کرە قیبلە گاهـ و مەسجوود
عیسا تە کۆسا گەهاندە ئەوجان
ئایا ب چە تەحوباندە ئەو جان
دەرسا کو ب خۆف تە گووتە ئیدریس
ئەڵبەتە دچوو مەقامی تەقدیس
ئیبلیسی فەقیری بێ جینایەت
هەر ڕۆژ دەکر هەزار تاعەت
لەورا کو تە دا وی ئیستیتاعەت



* * *

وی سوجدە نەبرل پێش ئەغبار
قەهرا تەکرە موخەلدوننار
ئەلقیسە ل حیکمەتا تە ئاگاه
فەردەک مەنەدی تەبارە کەللّٰە
عیرافان تەڵەبید ساحیب ئیدراک
دەرحەق تەگوتە ماعەریفناک
خانی ب نەزانیا خوە دەرحەق
گومراە ببێت نەدوورە ئەلحەق[٤]

کەواتە خانی مەسەلەی ئیبلیس لەچەند نوقتەدا کورت دەکاتەوە:

١ـ لەگەڵ ئەوەشدا کە خانی لێرەدا باسی چوار ڕەگەزو بە دووای یەکدا هاتنیان ناکات، کە ئەوە بەهۆی سوجدە نەبردنی ئیبلیس زانراوە، "قال ما منعك الآ تسجد إذ أمرتك. قال أنا خير منه خلقتني من نار و خلقته من طين"[٥]. باسی دروستکردنی ئادەم لەقوڕ لەچەند شوێنیتردا کراوە. خانی قسەی ئیمامی مەقدسی دووبارە دەکاتەوە کە لەژێر کارتێکردنی رای حەللاجدایە، کە نەویستیی ئیبلیس دەباتەوە سەر سەربەرزیی.

"پێی ووتم سوجدە ببە بۆ کەسی لەمن بەدەر. ووتم لەتۆ بەدەر نییە. ووتی نەفرەتی منت لێ بێ. ووتم زیانی نییە. ئەگەر لەخۆتم ببەیتە پێشەوە تۆ هەر تۆیت. ووتەی ئەمە بە لووت بەرزی و شانازییەوە دەکەیت. ووتم گەورەم ئەوەی لەژیانی خۆیدا تاوێك تۆی ناسیبێت. بە تەنیا چاوتروکانێك لەژیانیدا بە تەنیا لەگەڵت بووبێ. یا سەعاتێك لەڕێگەی خۆشەویستیدا لەگەڵت بووبێ. هەقی هەیە شانازیت پێوە بکات. ئیتر کەسێك ژیانی بردبێتە سەرو بەخۆشەویستی دڵو دەروونی ئاوەدانکردبێتەوە چی بکات. چەند ژمارەی لاپەڕەم لەباسی تاك و تەنیایی تۆدا لەشەوو ڕۆژدا پڕکردۆتەوە: چەند دەرسم لەدەرسەکانی پیرۆزی و بە بەرزگرتنی تۆدا ئاشکراو نهێنی ووتۆتەوە.... شوێنەوار شایەتمن، ولاّتان هەقی من دەزانن... شەوو ڕۆژ بەراستم دەزانن... ئادەم لەکوێ بوو کە

مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

من له‌پێش ڕێزی فریشته‌كانه‌وه بووم‌و خه‌تیبی هه‌موو كه‌روبییه‌كان‌و سه‌ركرده‌ی شاندی كه‌سانی له‌تۆوه نزیك بووم، من له‌گه‌ڵ تۆ په‌رستنی كۆنم هه‌یه‌، تۆش خواستی كۆنت له‌گه‌ڵ من هه‌یه كه ئالآی خواسته‌كان ده‌ركه‌وتن.... ڕێ‌و شوێنی په‌رستن نه‌مان. خاوه‌ن ئیجتیهاد ئه‌و ئیجتیهاده‌ی به هه‌ڵه‌داچوو. گه‌وره‌ش له‌پله‌كانی گه‌وره‌ییدا نه‌ما. تیری قه‌زای لێكه‌وت‌و له‌دڵی دا. ئه‌گه‌ر سوجده به‌رم یانه‌یبه‌م. بپه‌رستم یا نه‌په‌رستم. هه‌ر ده‌بێ بچینه‌وه سه‌ر پێشووی قه‌ده‌ر. منت له‌ئاگر دروستكردو ده‌بێ بچمه‌وه ناو ئاگر.

**منها خلقناكم وفيها نعيدكم**[٦]

٢ـ خانی دان به مه‌سه‌له‌ی ئیبلیسدا ده‌نێ "كه له‌قاپیی خوا ده‌ركراوه" ئه‌و نامۆ بوونه‌ی حه‌للاج به زمانی ئیبلیسه‌وه وه‌سفی ده‌كات‌و ده‌ڵێت:

"تاكی خستم، ته‌نیای كردم، سه‌ر سامی كردم، ده‌ریكردم تا له‌گه‌ڵ دڵسۆزاندا تێكه‌ڵ نه‌بم، بێگانه‌ی زاڵ كرد به سه‌رما به هۆی غیره‌تمه‌وه، به‌هۆی سه‌رسامیمه‌وه گۆڕێی، به هۆی غه‌ریبیمه‌وه سه‌ر سامی كردم، به‌هۆی هاوسوحبه‌تیمه‌وه بێ به‌ریی كردم، له‌به‌ر جوانیم ناشیرینی كردم، به هۆی دوور بوونمه‌وه بێ به‌ریی كردم، به‌هۆی راست ووتنه‌وه دووری خستمه‌وه، به‌هۆی نزیك بوونمه‌وه خستمیه روو[٧] .....

٣ـ خانی ئه‌وه‌ی به‌دوور ئه‌زانێ كه ئیبلیس سه‌رچاوه‌ی خراپه‌و دروستكه‌ری مه‌عصیه‌ته، به‌ڵكو وا ده‌زانێ كه خوا خۆی دروستكه‌ری چاكه‌و خراپه‌یه‌و له‌شوێنێكیتردا به دروستكه‌ری خراپه‌و ناشیرینی دائه‌نێ[٨]. هه‌ر چه‌نده ئه‌زانێ كه ئیبلیس (هه‌میشه له‌ئاگر)دا ده‌مێنێته‌وه‌و چاوه‌ڕێی سه‌ره‌نجامیتر نییه بۆی به‌ڵام به‌لێپرسراوی ئه‌و كاره‌ی خۆیی نازانێ (فه‌قیری بێ جینایه‌ته) هه‌ر وه‌ك خانی ئه‌وه دووباره بكاته‌وه كه حه‌للاج له‌باره‌ی ئیبلیسه‌وه ووتویه‌تی:

**ألقاه في اليم مكتوفا وقال له**

**إياك اياك أن تبتل بالماء**[٩]





(به ده‌ست‌و پێ به‌ستراوی فڕێی دایه ناو ده‌ریاوه‌و پێی ووت: نه‌كه‌ی، نه‌كه‌ی ئاو ته‌ڕت بكات).

به‌ڵكو خانی لای وایه خراپه (شه‌ڕ) وه‌ك زاتی خۆی كۆنه‌و ئه‌و هه‌ر خۆی خراپه‌ی به ئه‌نجام (قه‌ده‌ر) بۆ داناوین:

**میهرا فه‌له‌كی ئه‌زه‌ل عه‌دیمه**

**كینا فه‌له‌كی ئه‌به‌د قه‌دیمه**

**هه‌رچی وه‌كو ئه‌و ژ عه‌ردی راكه‌ت**

**ئه‌ڵبه‌ته وی دی دعه‌ردی راكه‌ت**

**عولوی ژ خۆرا عه‌یان د خوازه‌ت**

**سوفلی ژ مه‌را نیهان ده‌خوازه‌ت**[١٠]

وه‌ك ئه‌وه‌ی ئه‌وه دووباره بكاته‌وه كه ئیمامی مه‌قدسی به زمانی ئیبلیسه‌وه له‌باره‌ی ده‌ركردنییه‌وه ده‌یڵێت:

"ئه‌رێ تۆ" لات وایه له‌ته‌گبیردا هه‌ڵه بووم‌و ته‌قدیرم دایه دوواوه‌و گۆڕین گۆڕیمی. نا سوێند به به‌رزیی شكۆی ئه‌و و به‌سایه‌ی ده‌سه‌ڵاتی. به‌ڵام ئه‌و جوانی‌و ناشیرینی‌و ڕێكی‌و راستیی دروستكرد. شت‌و پێچه‌وانه‌یی كۆكرده‌وه. تا ببێته به‌ڵگه‌ی ته‌واوی ده‌سه‌ڵاتی. چونكه هه‌موو شت به‌هۆی دژه‌كه‌یه‌وه ده‌ناسرێت. له‌سه‌ره‌تاوه وای لێكردم چاكه فێری خه‌ڵكانی بالآ بكه‌م‌و بۆ فریشته‌كانی ده‌ربخه‌م‌و فه‌له‌كه‌كانی پێ برازێنمه‌وه.

مامۆستای تاكی (ته‌وحید) بووم. كه منداڵانی مه‌كته‌ب نموونه‌كانی تاكیانیان خوێنده‌وه‌و حه‌رفه‌كانی حینجه‌ی پیرۆزی‌و به به‌رز گرتنیان پێك هێنا. له‌جیهانی بالآوه گواستمیه‌وه جیهانی خواروو تا دژی ئه‌وه‌یان فێر بكه‌م‌و ناشیرینییان بۆ ده‌ربخه‌م‌و لای ئه‌وان جوانی بكه‌م. به هۆی منه‌وه جوان‌و ناشیرین ناسرا. ڕێكی‌و راستی له‌یه‌ك جیاكرانه‌وه[١١].

* * *

٤ـ مەسـەلەی ئیبلیس خـانی بـۆ سـەرەتاو دەسـتپێكردنی بـیرو سـۆفی دەبـاتو بـە ووشەیەكیتر بیری خۆی لەبارەی ئیبلیسەوە بە مەسەلەیتر تێكـەڵ دەكـات، هەنـدێكی بـەو بناغەیە دەزانـێ كە چیرۆكەكەیی لەسەر دامەزراوە، لەوانەش مەسەلەی جـەبرو نـاكۆكیو كێشەیەو لێرەوە دەست دەكات بە پرسیارێكی گەورە لەبارەی حیكمەتی پەروەردگارەوە.

٥ـ هەر وەك خانی لەمەسەلەكانیتردا كەوتۆتە كێشەیەكی سـەیری بـیرەوە بـە تایبـەتی لەكاتی نووسینی داستانەكەیدا، ئەوا بیری ئەویش لەم مەسەلەیەدا دەچـێتە گێـژاوی ئـەم كێشەیەوە. لەكاتێكدا دەبیینین لەپاڵ شەهیدانی تەسـەوفدا دەچـێتە مـەیدانـەوە، دەبیـنین وەك خوا پەرستێكی سادەی ووشك دێتەوە سەر مەسـەلەكەو سـادەترین بـیری قوتابخانـەی ئیسلامی. هەر ئەوە لەموناجاتی پێغەمبەردا (د) دەڵـێ:

**كوفرى تو مەگەر نەشێى ببەخشى**
**گەردى گونەهان ل مەنەبەخشى**
**دى شاد ببن ل مە شەیاتین**
**مەسروور ببن گەلەك مەلاعین**
**قەت غیرەتە ئەى پەناهى عالەم**
**قەت لائیقە ئەى شوبانى ئادەم**
**ئەو گورگى لەعین، بەد سەرەنجام**
**ڤێكرا بكەتن مەشوبهى ئەغنام**
**ئەلقیسە بكەى كو دێوى سەركەش**
**تەنها وتەنێ بچێتە ئاتەش**
**فیلجوملە مەجوملە خاسو عامامان**
**عاسىو شەقىو ناتەمامان**
**تێكدا ب شەفاعەتا خۆ خاس كە**
**ڤێكڕا مە ژ ئاگرێ خەلاس كە** (١٢)



* * *

٦ـ مەسەلەی رەگەزەكانو فەزڵی ئاگردان بەسەر گڵدا لەحیكایەتی ئیبلیسدا، پـاڵ بـە خانییـەوە دەنـێ ئـەو حیكایەتـە بـەو جـۆرە دەرخـا كـە موسـڵمانان لـەبارەی كەونـەوە دەیگێڕنەوە، لەدابەشكردنی پێغەمبەر (د) بەسەر گیانو لەشدا، یا (وێنەیەكی دنیاییو مانادا)(١٣) و مانای ئەو لەوە بەبڵندتر دەزانـێ كە بەشێك بێـت لـەگڵی ئـادەمی، ئـەوەی سۆفیێكان وەك حەللاجو ئیبن عـەرەبی ناویـان نـاوە راسـتیی موحەمـەدی، وەك لەفەسـڵی تەسەوفدا دێینە سەر باسی.

**ئەووەڵ بەرقى ژ حوسنى سەرمەد**
**نوورەك بوویە مەعنەیا موحەممەد**
**ئەو نوور ب ئەمرى عالیمو لغەیب**
**بوو مەنشەئا فەیزى عالەما غەیب**
**ئەڕواح ژ مەعنەیا پەیەمبەر**
**چـێ بوون میسالا نەباتو شەكەر**
**بوو ئەسڵى ئوسووڵى جوملە نەفسان**
**نەفسا سوعەداو نەفسـێ نەحسان**
**هەمیان ژوى دیتنە تەفەڕوع**
**هەمیان ب وى گرتنە تەمەتوع**
**هێژا نەزەمین نەئەڤ سەما بوو**
**ئەو سەروەرى جوملە ئەنبیابوو**
**خەلقا فەلەكان ژ بۆوى رابوو**
**سوجدا مەلەكان ژ بۆ وى رابوو**
**ئەو رەحمەتى جوملە عالەمین بوو**
**ئادەم دمیانى ئاوو طین بوو**
**پێغەمبەرى جەمعو جوزو كول (كل) بوو**

* * *

**ئادەم بۆ خوە هێژ ئاڤ و گڵ بوو**[14]

٧ـ لەباوەڕی خانییەوە کە(هەموو شت بەهۆی دژەکەیەوە دەناسریّ)و پاش چەند هۆیەك کە لەباسی مەسەلەی دژەکاندا دێینە سەرباسیان، و بەپێی (ئیقتیزای خلیقەت)[15] دژ لەداستانەکەیدا دروست دەکات، واتە لایەنی خراپە لەداستانەکەیدا بەوەی قاپییەوان یا پەردەدار بەکر بە دژی (مەمو زین)، کەسی پڕ لەکارەساتی بەکر لەداستانی خانیدا تەواو لەیەکچوو یا دووبارەکردنەوەی وێنەی ئیبلیسە لەخەلیقەتدا. خانی خۆی ناگرێتو ئەو ڕاستییە دەردەبڕیت، کە خۆی زۆرجار وێنەی بەکر دەنەخشێنیّو چەند وەسفی دەداتیّو بۆ وێنەی لەو چوو دەگەڕیّ، ئەوا وەسفی وێنەو باری ئیبلیس ئەو لوتکەیەیە کە دەیگاتیّ.

**مەنناعو موزەبزەبینو ئیبلیس**
**خەدداعو خەبەر بەزێنو تەلبیس**
**شاگرد د شەئامەتا وی شەیتان**
**شەڕ مندە ژ گوهتنا وی بوهتان**
**بەد چێهرە ژ ڕەنگی دێوی کابووس**
**بەد فیعلو ستیزە کارو سالووس**[16]

* * *

**خوف ژ ئادەمیان وەکی عەزازیل**
**مەحزا غەرەزاوی کیزبو تەسویل**
**تەنها وەهەگووتە میر دخوفدا**[17]

* * *

**مەلعوونی کو دی نەبوو چوو تەئسیر**
**ئەو مەسئەلە وەرگەڕاندە تەزویر**[18]

* * *



* * *

**گوو ئەی سەبەبی فەسادی عالەم**
**شەیتان سیفەتی ل شکلی ئادەم**

* * *

**ئیبلیسی خەبیسی پڕ نەدامەت**
**بەس نینە ل من تەکر قیامەت**[19]

* * *

**حەتتا بەکری ژ ڕەنگی ئیبلیس**
**ساحێب غەرەز، خەبیسو تەلبیس**[20]

* * *

**خاسما کوهەبن خەبیسو خەنناس**
**بەدخوا هـ و بەخیل بن مینەنناس**
**تەحقیق خراپترن ژ شەیتان**
**یا ڕەب مەکەوان قەریبی سوڵتان**[21]

کار بە وەسفی بەکرەوە بە سیفەتەکانی شەیتانەوە نەوەستاوە، بەڵکو خانی لەناو جەرگەی "نامۆبوون ـ ئیغتیرابەوە "دەیهێنیّ، نامۆ بوون لەهەموو شتێکدا، لە لەدایکبووندا، لەپێوەندییدا بە دایكو باوكو خەڵکەوە، لەپێوەندییەوە بە خاکی جزیرەی بۆتانەوە:

**ئەمما ب نەسەب نەمەردی بۆهتان**
**بەڵکە موتەوەلیدی دەبوهتان**
**ئەسڵی وی دبێن ژ مەرگەڤەر بوو**
**مەحزا وی بەشەر ب شۆڕو شەڕ بوو**
**ناڤی وی مونافیقی بەکر بوو**

* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**بەڵکە ژ بلووقیا[٢٢] بەتر بوو[٢٣].**

خانی بە زمانی میرەوە لەبارەی پەردەدارەکەیەوە دەڵـێ:

**هەرچەندە بەکر وەلەد زینایە**

**ئاشی مەژوی ب فەتلو بایە[٢٤]**

سادق جەلالئـەعزم (صـادق جـلال العظـم) دەڵـێ: "کەواتـە دەبیـنین ئیبلیـس لـەو مەعدەنەیـە کـە قارەمانـەکانی کـارە تراژیدیـە گـەورەکانی ئـەدەبیاتی جیهـانی لـێ دروسـتکراوەو کەسـەتراژیدیێکانی لەشـێوەی ئـەو پیـشاندراوە. کەواتـە سـەیر نییـە ئـەو قارەمانانە وا ببینین کە یەکسەر پێوەندییان بە شەیتانەوە هەبێت یا سـیفەتی شـەیتانیی ئاشکرایان هەبێت. هەر وەك رێکەوت نییە ئەو کەسە تراژیدی‌یە گەورانـە زۆرتـرین کـات لەنێوان کۆمەڵەی نا ئاسایی (شاز)و تێکدەرانو یاخیـانو کـافرانو بـەد نمـەکانو پیـاو کوژاندا هەڵبژێررێنو لەبەر ئەوە دادگایی کردنی قانوونیی بە زۆری لەژمارەیـەکی زۆری کارە تراژیدییە بەناوبانگەکاندا هەیە. ئـەوە بەسـە کـە بەنموونـە هـەر نـاوی ئەسـکیلۆسو کافکاو برایانی کەرەمازۆڤو رۆمانی (غـەریب)ی کامۆ[٢٥] بهێنین.

ئەم سیفەتانە بە تەواوی بەسەر شەخسیەتی بەکردا لەتراژیدیای خانیدا دیـارە، چـونکە لەپاڵ هۆ باسکراوەکانی نامۆییدا، بەکر سەر بە هیچ چینێکی کۆمـەڵایەتی نییە، بەڵکو لەو دەستە لەکۆمـەڵو چینەکانی دوورەیە کـە ئـەنگلز لەچـەرخی سـەرمایەداریدا پـێیان دەڵـێ خڵتەی پرۆلیتاریا.

**ئەلقیسە ب ئیقتیزایی خیلقەت**

**میری ب کەمالو عیزو رەفعەت**

**راگرت بۆ خوە دەرگەڤانەک**

**فەتتانی زەمانە سەی پسانەک**

**دائیم ل دەری وی قاپوچی بوو**

**قەللاعو قەللاشو قەهوەچی بوو[٢٦]**



* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**هەرچەند سەو دەرگەڤان برانە**

**ئەکسەر سە بە میهرو باوەفانە[٢٧]**

**ئەڤ زومرە کو زاڵمو عەوانن[٢٨]**

**وان ژی هەمی پاسەبان ژ سانن**

**ئەو ژی هەمی قیسمی دەرگەڤانن[٢٩]**

٨ـ خـانی باسـی سـەرەنجامی ئیبلیـسی نـەکردووە کـە وتوویـەتی خـوا بـە (هەمیـشە لەئاگری)دا داناوە. لەپاڵ ئەوەشدا کە بەبێ تاوانی دەزانـێو یەکـسەر باسـی مەسـەلەی سزاو پاداشو پاداشی ئەوی لەرۆژی قیامەتدا لەو بارەیەوە نەکردووە بـەڵام باسـی وێنـەی ئەو ئیبلیسەی کردووە کـە خـۆی دروسـتی کـردووە، واتـە: ـ لای وایـە دەبـێ پاداشـتی بدرێتـێو سزا نەدرێ. چونکە ناچار بووە کە کاری خراپـە بکـات بـۆ ئـەو حیکمـەتی دوو دژو دروستکردنی بـەختیاریی هەمیـشەییان پـێ پێـك بهێنێـت. خـانی لەسـەر زمـانی پیرێکی خوا پەرستەوە کە (دڵـی لەسـڕی لـەوحی پـارێزراو بـوو، لەهـەموو تاوێکـدا بـە کەشف بەختیار بوو)[٣٠]. دەگێڕێتەوە کە بە (خەو یا بە ئیلهام) دیی کـە چـۆتە (دیـاری باخچەکانی ریزوان)و دوو هەزار حۆریو غیلمانی دیو کۆشکێکی دی بەیـداغی لەسـەر هەڵکرا بوو و لەدوری تەواو بوو. لەبەر دەرگادا یەکێك وەستا بوو لەبەکر دەچوو و پـاش پرسیار لێکردنی ووتی: من ناناسی ئەی پیر، من بەکری قاپییەوانم شەریکی مەمو زینم. ئاوا لەم مـەقامـەدام. ئەم کۆشکە کە هەشت نهۆمە، من نهۆمـێکیم هەیەو ئەوان حـەوت، مـن لێـرەدا ئەمینـدارو خـاوەن ئیـدارەم. مـن خـاوەن بەشـم لـەم موڵکـەداو هاوبەشـی ئەوانم[٣١]. کەواتە غـەریبی لەکۆتاییدا لەبەکر دەبێتەوەو خانوو جێگەو مـەقامو مـوڵکی دەبـێ، بە غـەریبو بێزراو نازانرێ بەڵکو هاوبەشی مەمو زینە.

کە پیر نهێنیی ئەوەی لـێ دەپرسـێ ـ بەکر وەڵامـی دەداتەوە (مـن بەقسە لەیەکم کردن بـەڵام بـە دڵ خۆشەویـستیان بـووم، لـەدنیاوە رامکێـشانو رام هێنـان ئـازارو ناخۆشـی بچێژن، لەگەڵ ئازاردا رۆیشتن، زۆرم ئازاردان تـا بوونـە خـاوەن سـەرۆکی، (بەهەشـتێکی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تەواوم پێ بەخشین ئەوان یەك نهۆمیان پێ بەخشیم)[٣٢]. ئایا ئەمە هەر ئەو ئەنجامە نییە کەخانی بۆ ئیبلیسی دەوێ‌و ناتوانێ بە ئاشکرا بیلێ، هەر چەندە دەتوانین پشت بەو فەرموودە قودسی ببەستین کە دەڵێ: (خوای عەزە وەجەل فەرمووی ئەگەر بەندەیەك لەبەندە خاوەن باوەڕەکانم تووشی بەڵاکردو سوپاسی کردم‌و خۆی بەرامبەر ئەو بەڵایە راگرت ئەوا لەئارامگاکەیەوە وەك ئەو رۆژە هەڵدەستێت کە لەدایکبووە بەرامبەر بە گوناه و خوا بە پارێزگاران دەڵێ من ئەم بەندەیەمم کۆت کردو تووشی بەڵام کرد دە ئێوەش ئەو پاداشەی بدەنێ کە پێشتر دەتاندایە)[٣٣]. ئایا هەموو ئەمانەش ئەوە دێنێتەوە یاد کە حەللاج ووتوویەتی.

| | |
|---|---|
| جحودى لک تقديس | وظنى فيک تهويس |
| وقد حيرنى حب | وطرف فيه تقويس |
| وقد دل دليل الحـ | ـب أن القرب تلبيس |
| وما أدم الاک | ومن في البين إبليس[٣٤] |

پرسیارێك لەبەر دەمماندا لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە دەمێنێ، ئایا بیری خانی لەبارەی ئیبلیسەوە لەپێوەندیی بە تینی ئەوەوە بە تەسەوف‌و بە تایبەتی بە حەللاجەوە وەرگیراوە، یا هەر مەودایەکی دوورتر لەوەی هەیە؟. بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك سەبارەت بەوە دەبێ هەندێ رایتر لەسەر خانی‌و مەسەلەکەو لەسەر مەسەلەی ئیبلیس بخەینە پێش چاو. تۆفیق وەهبی تاقە لێکۆڵەرەوەیە کە باسی خانیی لەچوارچێوەیەکی لەخەڵکیتر فراوانتردا باس کردووەو بە چەند دێڕێك باسی فەلسەفە دەکات لای خانی، ئەوەش وامان لێدەکات کە ئەو چەند دێرە هەموو بنووسینەوە. لێکۆڵەرەوە دەڵێ: "ئەحمەدی خانی لای وایە دەرکەوتنی چاکە (خێر) بەستراوە بە بوونی خراپە (شەڕ)ەوە. شاعیری گەورە ئەم فەلسەفەیە لەشوێنێکیتری مەم‌و زیندا بە شێوەیەکی ئاشکراتر پیشان دەدات"[٣٥]

پاشان دەڵێ:





"فەلسەفەی ئەحمەدی خانی، بنەڕەتی فەلسەفەی زەردەشتمان دێنێتەوە بیر، کە لەسەر یەکگرتنی دوو گیانی دژ بەیەك دامەزراوە یەکێکیان گیانی خێرە، ئەویتریان گیانی خراپە (شەڕە)[٣٦].

پاشان پەنجە بۆ دێڕەکانی خانی لەبارەی ئیبلیسەوە درێژ دەکات‌و لەبارەیەوە دەڵێ:

"لێکدانەوەی ئەحمەدی خانی بۆ مەسەلەی یاخیبوونی شەیتان لەتاعەتی فەرمان، لەرای موتەسەویفە گەورەکانی دوو سەدەی پێنجەم‌و شەشەمی هیجری دەچێ کە لەبەغدا بڵاویان دەکردەوە بۆ نموونە: ئەحمەدی کوڕی محەمەدی غەزالی[٣٧] لەبەغدا دەڵێ: ئیبلیس سەرۆکی تاك پەرست (موەحید)ەکان بوو، ئەوەی تاك پەرستی لەئیبلیسەوە فێر نەبووبێ زندیقە، چونکە فرمانیدا بە ئیبلیس کە سوجدە بۆ غەیری زاتی خوا بەرێت، رازی نەبوو"[٣٨].

لێرەدا دووشت دەبینین کە لەڕەواڵەتدا دژ بەیەکن، ئەوەش پێوەندیی خانییە لەم رووەوە بە زەردەشتێتییەوە، پاشان بە تەسەوفی ئیسلامییەوە، بەڵام هەر بە ووردییەکی زانستی بڕوانینە تەسەوف‌و وەرگرتنی بیرو سلووکی لەئایین‌و مەزهەبە جیاکانی فەلسەفە، ئەو ناکۆکییە نامێنێ. ئەم وەرگرتنە لەزۆر شوێندا لای خانی دیارە لەمەسەلەی ئیبلیسدا بە تایبەتی دەتوانین بیرێکیتر بخەینە روو، ئەوەش قسەی عەباس مەحموود ئەلعەقادە کە دەڵێ:

"لەئایینی هیندی‌و لقە جیا جیاکانیدا تاقەکەسایەتی یەك نییە لەکەسایەتی شەیتان بچێ ئەو خوایە نەبێ کە (مارا)ی پێ دەڵێن لەمردنەوە وەرگیراوەو دەڵێن دەسەڵاتی بەسەر ئاسمانی شەشەم‌و ژێر ئەودا لەجیهانەکانی زەویدا هەیە"[٣٩]

"ئەم (مارا)یە ئەوەیە کە لەحیکایەتی بودادا ووتراوە، کە ئەو خستیە سەر دوو دڵی‌و پێی لەسەر دوو دڵی پێداگرت تاوازی لەنوسك پێهێناو لەڕێ‌و شوێنی خۆی لەحیکمەتی لادا کە ڕێ‌و شوێنی زوهدو هێمنانە رەوییە"[٤٠]

* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لێرەدا دەتوانین لای نوقتەیەك بوەستین كە ناونانی شەیتانە بە "مار" كە ئەو ووشـەیە لەكوردیـدا بـە تـەواوی بـە "مـار" دەووتـرێ. ناونـانی "شـەیتان" بـە مـار لەسەرچـاوە مەسیحیەكانیشدا هەیە. لەئینجیلدا هاتووە:

"جەنگێك لەئاسمان روویدا، میخائیلو فریشتەكانی جەنگیان لەگەڵ ئـەژدەها كـردو ئەژدەها فریشتەكانی كەوتنە جەنگەوە بەڵام نەیانتوانیو ئیتر جێگەیان لەئاسمانـدا نـەما. ئەژدەهای مەزن ئەو مارە كۆنەی فڕیدا كە پێی دەڵێن ئیبلیسو شـەیتان ئـەوەی هـەموو جیهان گومڕا دەكات فڕێ درایە سەر زەویو فریشتەكانیی لەگەڵ فڕێدران"[٤١]

بەرامبەر بە هاوتایی "مارو ئـەژدیها" و "شـەیتانو ئیبلـیس" جـارێكیتر دەچـینەوە سەرخانی، كە (بەكر) كە تابلۆو وێنەی ئەوە بۆ ئیبلیس وەك باسمـانكرد بـە "مـار" نـاو دەبا:

كە زین لەوەسێتنامەكەیدا بۆ كـاكی بـەرگری لەبـەكر دەكـاتو داوا دەكـات تـوخنی نەكەونو دەڵـێ:

**ئەم سوور گوڵین ئەو ژ بۆ مەخارە**

**ئەم گەنجینو ئەو ژ بۆمە مارە**

**گوڵ حیفز دبن ب نوكێ خاران**

**گەنجینە خودان دبن ب ماران**[٤٢]

كە بەكر لەنزیك مەمو زینەوە دەنێژرێت، خانی لەو بارەیەوە دەڵـێ:

**ئەو دوڕ ب خەزێنەیێ سپارن**

**ئەو مار ل بەر پێیان ڤەشارن**[٤٣].

هەرچەندە دێڕەكانی خانی وێنەی شیعریی لەگەنجی قاروون وەرگیراوی تێدایە كـە مـار دەیپارێزن، بەڵام لەدوو شوێنی هەڵچووندا تاژدینی شوبهاندووە بە ئەژدەها[٤٤]و هاوتای (مـار = بەكر = شـەیتان)یـش ئاشـكرایە. وێنەكـەش پـاش مردنـی بـەكریش دیـارە، كـە لەگۆڕەكەیەوە دار (كنێر)ێكی دڕكاوی دێتە دەرەوەو وەك مـار خۆی لەكێلی گۆڕی مەمو



* * *

زین بـۆ لەیـەك كردنیـان دەئـاڵێنی[٤٥]. لـەم هاوتایـەدا پێوەندییـەكی ئاشـكرا لـەنێوان خانیو ئەفسانەی هیندیو باوەڕی یەزیدی لەبارەی مـارو پیرۆزییەوە دیـارە[٤٦]، هـەر وەك پێوەندی لەگەڵ وێنەی ماردا هەیە لەچەند حیكایەتی فۆلكلۆرداو بە تایبەتی لەگەڵ ئەو حیكایەتانەدا كە لەناو یەزیدیو موسوڵمانەكانی دەوروپشتیانادا تـا ئێسـتا بـڵاون، كـە وێنەیەكی جوانی مـار دەبیـنین، بـەڵكو هەنـدێ لـق یـا شـێخی نەقـشبەندی ماركوشـتن لەناوچەی خۆیاندا قەدەغە دەكەن.

هاوتایەكی ئاشكرایتر هەیە لای خانی، ئەلعەقاد خۆی دەڵـێ:

"ووشەی شەیتان لەوەرگێڕانی یۆنانیدا بەرامبەر بە ووشـەیەكی یۆنـانی دێـت كـە بـە ئیبلیس دەووترێت Diabolos یا بەرامبەر ووشەیەك كە بە دێوو گیانی دەسـەڵاتدار دەووترێت DEMON . ئەگەر ئەو گیانە شەڕلەتان بێت یا نەبێت[٤٧].

لەم باسەدا نموونەی ئەوەمـان هێناوەتـەوە كـە خـانی بەشـەیتان دەڵێـت (دێـو)و نـاوی دەبات بە (دێوی سەركەش)و ناوی دەنێت "گورگی لەعین".

ناتوانین ئەم باسە بـێ ئـەوە كۆتـایی پێبهێـنین كـە زانایـەكی سۆشیالیـست لـەبارەی مەسەلەكەوە ووتوویەتی، پۆرشـنێڤ چـۆتە نـاو ئـەم مەسـەلەیەوەو ئـەوە دەردەخـات كـە مەسەلەی ئیبلیس لەئاینـە تـاك پەرسـتەكاندا بـە جـۆرێكی بـەتین دەبەسـترێت بـە بـاری كۆمەڵایەتییەوە.

پێڕەوی تایبەتی لـەبارەی ئـەو كردەوانـەوە كـە دەبـێ خـەڵك لێیـان دووربـن، لـەدووا حسابدا دەچێتە سەریەك نوقتە، هەموو ئازارێك رووی جیاوازی ئەو بەرجەسـتە مادیـیانـە خۆیانە، كە "یەكەم هەڵە" دەردەخەن یا ئەو هەڵانەی جێگـەی بەرجەسـتە بـوونی مـاددی دەگرنەوە. ووشەی خوا لەسەدەكانی ناوەڕاستدا تەنیا ئەوە دەگەێنـێ، كـە دوورە لـەتاوانی یاخیبوون.

وەسفی لـەدایكبوونی كـەون كـە بـە هەڵـەی یەكـەم دەژمێـررێ دەرازێننـەوە، یـەكێك لەفریشتەكان بە لەخوبایی بوونو سەركەش بەرامبـەر بە خـوا وەسـتا، زۆریـتری بـە دووای

* * *

خۆیدا راکێشا، سروشت لەهیچ شتێکدا وا دیار نییە، وەك لەدەرکەوتنی یا بەرجەستە بوونی کاری یاخی بووندا دیارە. ئارەزووی کەمکردنەوە لەپایەی پەرستراوو ئیتاعەت نەکردنی، خواستێکە روو دەکاتە بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆ (زات). هەرئەو خواستەش لەنەهێشتنی توهمەتداو لەگوێ رایەڵ نەبووندا هەیە، لەهەڵەی یەکەمدا، سروشتی ئیبلیس دەرکەوت کە بریتییە لە: ئینکار، دوواتریش لەپاڵ ئەو سروشتە هەڵانەدا دەرکەوت کە خەڵك تێی کەوتن. لەم خواستی ئینکاری توهمەتانەدا لەگەڵ خۆیدا دڵنیا بوونی لەخۆو بەرجەستە بوونی پێشووی خۆ دەهێنێ. هەموو ئەوانەی گوناهیان نەکردووە دووای هەنگاوی شەیتان دەکەونو هەموو بە کەم زانراوان لەبەردەمی خوادا حسابیان لەگەڵ دەکرێت(٤٨). بەمجۆرە بیانوو هێنانەوە بۆ شەیتان لەهەڵوێستی لووت بەرزانەیدا بەرامبەر بە خوای خۆی، بەشێوەیەکی لا بەلا خزمەتی هەموو جۆرە یاخیبوونێك دەکات. لەحاڵی سۆفێکاندا بیانوو هێنانەوەیە بۆ یاخیبوون لەدەسەڵاتی باری سەرنجی زانستی کەلام لەبارەی کەونەوەو بەرامبەر راکانی زانایانی تەقلیدیی (کەلام) لەباری دەسەڵاتی گیانیدا لەژیانی گەلانی ئیسلامدا.



* * *

## پەراوێزەکان

١ـ قورئانی پیرۆز (البقرة / ٣٠ ـ ٤٠ الحجر ٢٨ ـ ٤١، الأعراف ١٠ ـ ١٧).

٢ـ صادق جلال العظم، نقد الفکر الديني، بيرءت ١٩٦٩.

٣ـ الشيخ محي الدين عبدالقادر الجيلانى، فتوح الغيب، ط ٣، القاهرة، ص ٤٠.

٤ـ مەمو زین، ل ٢٣.

٥ـ القرأن الكريم، (الأعراف/ ١٢).

٦ـ الإمام عزالدين المقدسي، تفليس إبليس، القاهرة، ١٩٠٦. ص ٢١، ٢٢.

٧ـ (كتاب الطواسين)، تحقيق ماسينيون، باريس، ١٩١٣ "طاسين الأزل والإلتباس".

٨ـ مەمو زین، ل ١٨٣ـ ١٨٤.

٩ـ ديوان الحلاج، صنعه و أصلحه الدكتور كامل مصطفى الشيبى، بغداد، ١٩٧٤، ص ١٩.

١٠ـ مەمو زین، ل ١٤٠.

١١ـ تفليس إبليس، ص ٢٢.

١٢ـ مەمو زین، ل ٢٩ ، ٣٠.

١٣ـ مەمو زین، ل ٢٥.

١٤ـ مەمو زین، ل ٢٤.

١٥ـ مەمو زین، ل ٩٥.

١٦ـ مەمو زین، ل ٩٦.

١٧ـ مەمو زین، ل ٩٧.

١٨ـ مەمو زین، ل ٩٨.

١٩ـ مەمو زین، ل ١٧٢.

٢٠ـ مەمو زین، ل ١٣٤.

٢١ـ مەمو زین، ل ١٣٥.

٢٢ـ بلوقيا: مار.

٢٣ـ مەمو زین، ل ٩٦.

٢٤ـ مەمو زین، ل ٩٧.



مه کتەبی بیروهۆشیاری

* * *

٢٥ـ نقد الفكر الديني، ص ١٠٧، ١٠٨.

٢٦ـ مەمو زین، ل ٩٥، ٩٦.

٢٧ـ مەمو زین، ل ١٩٦

٢٨ـ مەمو زین، ل ٩٧.

٢٩ـ مەمو زین، ل ٩٧.

٣٠ـ مەمو زین، ل ١٨٢.

٣١ـ مەمو زین، ل ١٨٢.

٣٢ـ مەمو زین، ل ١٨٣.

٣٣ـ الشيخ محمد المدني، الإتحافات السنية في الأحاديث القدسية، حيدر اباد، ١٣٥٨، ص ١٠.

٣٤ـ ديوان الحلاج، ص ٤٠.

٣٥ـ تۆفیق وەهبی: ووتاری "ئەحمەدی خانی"، گۆڤاری "دەنگی گێتیی تازە" ژمارە ٢، بەغدا، تشرینی دووەم، ل ٢٨.

(تێبینی بۆ وەرگێڕانی کوردی: لەبەر ئەوەی ئەو ژمارەیەی دەنگی گێتیی تازەمان لەکاتی ئەم وەرگێرانەدا دەستنەکەوتەوە نووسینەکەی تۆفیق وەهبیمان لەعەرەبییەوە کردەوە بە کوردی ـ نووسەر).

٣٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣٧ـ برای ئیمامی غەزالییە.

٣٨ـ تۆفیق وەهبی، هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٩.

٣٩ـ عباس محمود العقاد، إبليس، القاهرە، (؟)، ص ٦٥.

٤٠ـ المصدر نفسه، ص ٦٦.

٤١ـ العهد الجديد، رؤيا بوحنا اللاهوتي ، الاصحاح الثاني عشر. (ئەمە لەوەرگێڕانە عەرەبییەکەی ئینجیلدایە، هەرچی ئەسڵە ئارامییەکەیە ئەوە مار (حويا)و ئەژدیها (تنينا)و شەیتان (صاطانا) و ئیبلیس (بعلد واوا)ی پێدەڵێن. وەك سیادەتی قەشە (باوکە ئیستیفان زەکریا) پێی ووتووم.

٤٢ـ مەمو زین، ل ١٧٥.

٤٣ـ مەمو زین، ل ١٧٦.

٤٤ـ مەمو زین، ل ١٥٢ـ ١٧٢.

٤٥ـ مەمو زین، ل ١٨١.

٤٦ـ العقاد. المصدر نفسه، ص ١٠٥.



* * *

٤٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٤٨ـ ف. ف. پۆرشنێڤ. دەرەبەگیو جەماوەری میللی. مۆسکۆ، ١٩٦٤، ل ٣٨٣ (بەزمانی رووسی).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# خانی و جەبریەتی تەواو (موتلەق)

خانی لەمەسەلەی جەبرو ئیختیاریشدا هەڵوێستێکی تایبەتیی هەیە، لەکاتێکدا لەچەند شوێندا (باوەڕی بە جەبری تەواو هەیە)، دەشبینین کە لەهەندێ بیری ئەشعەرییەکان نزیك دەبێتەوەو موناقەشەی دەکاتو جارێکیتر بەلای جەبرییەکاندا دەچێتو لەگەڵ ئەوانەدا ڕێك دەکەوێت کە دەڵێن خوا هێشتا ئاگادارە لەهەموو ئەو کارانەی مەخلووقاتی ئەو کردوویانەو هیچی لێ شارراوە نییە.

پێوەند بوون بە جەبریەتو نزیکبوونەوە لەجەبری تەواو شەقڵێکە لەشەقڵەکانی خانی. هەر وەك هەموو جەبرییەکان کردوویانە بەوە دەست پێدەکات کە پشت بە ئایەتی قورئان بۆ سەلماندنی باوەڕەکانی خۆی ببەستێت. لەکاتی پیشاندانی ئەو حیکایەتی عەشقانەدا کە پێش "مەمو زین" بوونو لەکاتی ناوبردنی عاشقاندا ڕوو دەکاتە خواو بە دروستکەری هەموو حیکایەتەکانی عەشقو تاقە جووڵێنەری عاشقانی دادەنێ، کە دەبێ ئەوان لەیەك نزیك ببنەوە بەوەی بەیەك بگەن یا دوورکەونەوە کۆتایی بە عەشقیان بێتو ئەگەر عەشق هەندێجار لەڕێگەی هۆشیارییەوە ببێت بە دوورکەوتنەوە، ئەوە تەنیا



* * *

خوا بە خالقی کار دەزانێو ئیشارەت بەو ئایەتە پیرۆزە دەکات کە دەفەرموێ "کذلك یضل الله من یشاء و یهدي من یشاء"[(١)] و دەڵێ:

مەقسوودو مورادێ دل تو شایی
ئەمما تو توزیللو مەن تەشائی
هەرچی تە دڤێ ببی ضەلالی
پابەندی دکەی ب زولفو خالی
هەرچی کوو تو بینیە سەر هیدایەت
ڤێرا بکری بکەی عینایەت
حازر وی دبێ مەقامی مەعلووم
گەر خادیمەوی دگێری مەخدووم[(٢)]

پاش ئەوەی نموونەی ئەو حیکایەتانە دێنێتەوە کە لەبارەی پێغەمبەرانەوە دەگێڕێتەوە با دەداتەوە سەر مەسەلەی ئیبلیسو لەوێشدا هەڵوێستی جەبرییانەی دەبێ، بەڵکو وەك یەکێك لەو فەیلەسووفو موتەسەویفانە دەچێتە ناو مەسەلەکەوە کە لەمەوبەر باسکران.

خانی جەبر لەهەموو کارەکانی بەشەردا دەبینێ، بەڵکو لەسروشتیشداو لەکاری ڕووەكو نەباتیشدا دەبینێ. هەر وەك بیەوێت ئەم تێگەیشتنە بە ئاشکرا دەرخاتو لەم مەسەلەیەدا لەئیشارەتەوە بەلای دەرخستنی بیرەکانی لادەدات، ووشەی وەرگیراو لەبیری جەبرییەکان لەهەموو مەسەلەیەکدا بەکاردەهێنێو سوورە لەسەر چەسپاویی قانوونەکانی سروشت:

ئەڤ روحو جەسەد ب جەبرو ئیکراه
تەزویج بووین ب ئەمری ئەڵڵاه[(٣)]
تەقسیمی غەمان ژ بۆ مەرا بوو
تەقدیری ئەزەل یەقین وەسا بوو[(٤)]
نەقشێ کو خودێ کری موخەییەر

* * *

کی قادره وی بکەت موغەییەر[٥]

خانی لای وایە خوا ئاگاداری ووردەشت (جزئیات)ە، بەڵکو ئەو بڕیاری داوەو دروستیکردووە، هەر لەمەوە لای وایە فەرمانی ئەزەل بڕیاری بەیەك گەیشتنو لەیەك جیابوونەوەی خۆشەویستان دەدات:

ئەڤرەنگهە ببێژە وان حەبیبان
مەجمووعی مەوالیو خەتیبان
هەندەک ژ وەرا ببن رجاچی
هەندەک ژ مەرا ببن دوعاچی
بەڵکی کر بێت خودێ موقەددەر
وەسڵەمە و وەببیت مویەسەر[٦].

بە مەمی عاشق دەڵێو زین بە پیرۆزترین کار تەشبیە دەکاتو دەڵێت:

بەیتو حەجەرو مەقامو حوجرە
سەعیو تەڵەبو تەوافو عەمرە
باری ژ تەرا کرن موقەددەر
هابوونە ژ بۆ تەرامویەسسەر[٧]

لێرەوە دەبینێ کە خوا زانینی پێشوو وکاری پێشووی هەیە:

لەورا کوو خودانی ئینسیو جانان
وی خالیقی ئەرزو ئاسمانان
رۆژا ئەوی حوب دەدا حەبیبان
هەنگی ئەوی بوغز دا رەقیبان
مەوجوودکرن دەما ژمە عدووم
ئەم پێکڤە دلازمینو مەلزووم[٨]



* * *

لەگەڵ ئەوەشدا کە تەسەوف بەسلووك یەکێکە لەو پاڵپێوەنەرانەی خانی بەرەو جەبر دەبات وەك لەمەو دووا باسی دەکەین، بەڵام ئەو بە مەبەس گەیشتنێك نابینێ کە تەقدیری پێشووی لەسەر نەبووبێ:

ئەڤ سەیری سلووک و تەیی مەنزل
مەخسووسە ژ بۆ موریدی موقبیل
کەنگی ژ مەرا دبێت مویەسسەر
خالیق ژ ئەزەل نەکەت موقەددەر
لەورا کو خراپیو قبوولی
نابەت بە فەزائیلو فزوولی
عابید ب ریایەکی هیلاکن
عاسی ب دوعایەکی دپاکن
عالەم کوو وەکی خەیالی زیللە
سانع بخوە هادیو موزیللە
ئەو تێنیتە مەنزەرا خەیالی
ئەو تێخنە پەردەیا ضەلالی[٩]

خانی دان بەزانینی ئەزەل لەبارەی هەموو شتێکەوە دەنێ، بەڵام ئەمە پاڵی پێوە دەنێ کە لێکدانەوەیەکی جیاوازی لەگەڵ ئەو (موتەکەلیم)انەدا هەبێ، کە دانیان بەوەداناوە. بەڵکو ئەنجامێکی پێچەوانەی ئەوانی هەیە، کە پووچ کردنەوەی تەکلیفی شەرعییەو پووچ کردنەوەی سزاو پاداشەو داوا لەخوا دەکات بەلای کەمەوە پووچی بکاتەوە چونکە ئاگادارو دروستکەری کرداری بەندەکانی خۆیەتی:

ئەوەل تە ژ بۆچی دامە تەعزیم
دانی ل سەرێ مەتاجی تەکریم
تەشریفی خیلافەتی تەدامە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**گاڤا تە ئەمانەتی خۆ دامە**
**مەعلوومی تە بوو کو ئەم نەزانین**
**قەدری وی ئەمانەتی نەزانین**
**هەرچی تە ژ بۆ مەکر ئیرادە**
**یەک زەڕە مەلێ نەکر زیادە**
**حاشا ژ کەمالی رەئفەتا تە**
**دوورە ژ جەلالو رەحمەتا تە**
**کفرو گونەهان بکەی بەهانە**
**لائیق تە بێتن ئەڤە شەهانە**
**یەکڕوونە ل نک تە کفرو ئیمان**
**یەکسوونە ل نک تەخولدونیران**
**قەهرا خۆ بکەی ئەگەر تو زاهیر**
**جەننەت ل مەدی ببێتە ئاگر**
**وەرفەیز بکەت سەحابی رەحمەت**
**دۆزەخ ل مە دی ببێتە جەننەت**
**کەس نینە ژ کافرو عوساتان**
**موزهیر نەبیتن ژ بۆ سیفاتان**
**کافر بوین ئەم ب ئیسمی قەههار**
**غەفارە ئەم کرین گوناهکار**(١٠)

مەسەلەی جەبر لەکۆتاییدا وەك هەموو مەسەلەکانیتر لای خانی رێبازێکی سۆفیانە دەگرێو بیری فەلسەفیی ئەو تێکەڵ بە لێ ووردبوونەوەی سۆفیانە دەبێو ئەوان لەپاڵ فەیلەسووفەکاندا کاری تێدەکەن. ئەمەش لە لەیەکچوونی ئەم دێڕانەدایە لەگەڵ ئەوەدا کە جەلالەدینی رۆمی ووتوویەتی:





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**پیاوی خوا راستی دەیکات بە زانا**
**پیاوی خوا زانست لەکتێب وەرناگرێ**
**پیاوی خوا لەدووای باوەڕو کفرەوەیە**
**لای پیاوی خوا هەڵەو راست یەکن**(١١)

خانی لەچەند شوێندا مەسەلەی سیفەتەکانی خواو مەسەلەی جەبر یا دەرخستنی سیفاتو جەبر بە ووردی تێکەڵ دەکات:

**فیلجوملە چ ئەوەڵ و چ ئاخر**
**ئەلقیسە چ موئمین و چ کافر**
**هەریەک ژ تەرا وە بوونە مەزهەر**
**ئەو رەنگ دوان تو بوویی موزمەر**(١٢)
**حوسنا تەیە زینەتا حەبیبان**
**رشکا تەیە غیرەتا رەقیبان**(١٣)

ئەگەر خانی ویستبێتی کە زۆر لەئەشعەرییەکان دوور نەکەوێتەوەو هەندێ لەنموونەکانی ئەوانی لەم مەسەلەیەدا هێنا بێتەوە، بەڵام ئەو ئەنجامی لەوان جیاوازی هەیە، بەهێمنیو بەلا بەلا دەریاندەخات. ئەگەر ئەشعەریەکان تیۆریی جەواز یا رێکەوتن بۆ دەرخستنی دەسەڵاتی گشتیو هەمە لاییو سەربەخۆیی خوا بەکاریگەریو رامالینی شتو تەنانەت ئینسانیش لەهێزی کاریگەری دارێژن وەك جووڵاندنی قەڵەم لەلایەن نووسەرەوە، لەراستیدا کاری خوایە کە لەجووڵاندنی قەڵەمدا چوار دیاردەی یەك لەدووای یەك دروست دەکات کە لەنێوان هیچیاندا پێوەندییەکی سەبەبی نیە بەڵکو بەراوردێکە لە وجووداو ئەم دیاردانە بریتین لەخواستو توانستو جووڵاندن خوا لەدەستی نووسەردا دروستیان دەکاتو دوواشت بزووتنە ـ خوا لەقەڵەمدا دروستی دەکاتو دەجوولێت(١٤)، خانی هەر ئەو نموونەیە دەهێنێتەوەو لەئەنجام وەرگرتن دوور دەکەوێتەوەو

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دووا فەسڵی بۆ موناقەشەیەكی بیانووهێنانەوە سەلماندن لەگەڵ قەڵەمدا تەرخان دەكاتو بەگلەییەوە دەڵێ:

**هەندێ كوسەری تەمن تەراشی**

**ئەو چەند تەكر گونەه تەلاشی**

**هەندێ كو سەری تەمن قەڵەم كر**

**ئەو چەند خەتی خەتا رەقەم كر[١٥]**

كە قەڵەم داوای تۆبە دەكات بەرامبەر بە هەموو ئەو بیرانەی نووسیویەتیو خاوەنی بەرەو تەهلوكە دەبات رێگەی قەڵەم دەدات بەرگری لەخۆی بكاتو وەك "شاسوارێكی قارەمان، پشتێن بە توورەییەوە دەبەستێتو سواری ئەسپی دوڵدوڵی پەنجەی دەبێتو زمانی وەك شیری زولفەقار لەشەڕدا لەگەڵ نووسەردا سوارانە[١٦] درێژ دەكاتو دەڵێت:

**گو ئەحمەد ئەگەر تو نێ خەبیسی**

**هەرچی كو تەگوو من ئەو نڤیسی**

**ئەی بەد عەمەلۆ توقەنج دزانی**

**تو قائیلو فاعیلو خودانی[١٧]**

خانی بە درێژی كرداری دروستكردن لەلایەن نووسەرەوە باس دەكاتو لەوێنەیەكی ئەدەبیدا دروستكەریی قەڵەمو نای لەقامیش تێكەڵ دەكاتو وێنەی داتاشینی ئەو لەجیهانی كەسو كارو قامیشەلان نەخشە دەكێشێو لەگیانی خۆی فووی پێدا دەكاتو[١٨] لەجیناسێكی كوردیی جواندا ئیشارەتی واتەی (كن فیكون) لەكرداری دروستكردنی قەڵەمدا دەكاتو قەڵەم روو دەكاتە دروستكەرەكەی ـ كە نووسەرەو روو دەكاتە جەبری تەواوو دەڵێ:

**تەپڤ كرە جیسمی من دەما جان**

**ڕهاتن ژ دلی من ئاه و ئەفغان**

**ئەفخاتە لە من دلو جگەر سووت**



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**هەرچی كو تە پڤ كری من ئەو گووت**

**ئەز لالمو بێ زمانو خامووش**

**بێ نەفسو نەفەس ژ قیسمی قامووش**

**بەزما تەرەبی بە من تەخۆش كر**

**دیوانی گونەه بە من تەڕەش كر**

**هەرچەند كو زاهیری هەیم ئەز**

**سازندە تویی وەكی نەیم ئەز**

**ما نەی بخوە تشتەكی دبێژێت**

**خامە بخۆە رەشحێكی درێژێت**

**كاتب قەلەمی دكەت سیاكار**

**سازندەیە نەی ژ دەست بەهاوار**

**نای وقەلەم وكیتاب ونیشان**

**تیرو هەدەفو كەمانو كێشان**

**مەحكوومو عەلەیهی بوون دە تەقدیر**

**هێژ ئیسمی گونەه نەبوویی تەستیر[١٩]**

كە قەڵەم پاكانە بۆ خۆی دەكات. خانی رێگەیتر بۆ خۆی نابینێ ئەوە نەبێ كە ئەو چوار دیاردەیە دووبارە بكاتەوە كە خوا لەنووسەرو قەڵەمدا دروستیكردووەو دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەكاتەوەو دەڵێ:

**یاڕەب تو دەزانی خانیێ ژار**

**تەشبیە بەخامەیا گرفتار**

**فەلبی وی د دەستی تودایە ئەلحەق**

**دەستی وی د دەستی خوە نینە موتلەق**

**گاڤا كو لەوی توسەر قەلەم كر**

* * *

**هەرچی تەئیرادەکر رەقەم کر**

**ئامیر تویی ئەو ب ئەمر مەئموور**

**مەئموور دبن هەمیشە مەعزوور**[٢]

لێرەداو لەشوێنێکیتردا دەست دەکات بە موناقەشەی ئەشعەرییەکان لەپێگەی جەبریەتی تەواو وقەدەریی تەواو کە ئیختیاری تەواو نادەنە دەست ئینسان بەڵکو (بەشی ئیختیار)ی دەدەنێ. لەو بارەیەوە دەڵێ:

**گەر دایییەوی تە ئیختیارەک**

**ئەو ژی وی سپاردە تەب جارەک**

**ئەو گەر عەدەمو وەگەر قەلەم بوو**

**پەیوەستە دە دەست تەسەر قەدەم بوو**

**نەفعو زەرەرا خوە ئەو نەزانێت**

**یاقنج ژ بۆ خوە را چ زانێت**

**چاوا کو ژ بۆ تەرا رەزایە**

**ئەو نەی سیفەتە وی ئەو هەوایە**

**وەللا ژ سەفیدیی‌و سیاهی**

**وی قەسدو غەرەز تویی ئیلاهی**[٢١]

دیارە کە خانی باوەڕی بە بەشی (جوزء)ی ئیختیار نییە بەڵام نایەوێ ئینکاری بکات بۆ ئەوەی بە هەر هۆیەکەوە بێت لەڕای یەکگرتوو (اجماع)ی زانایانی کوردستان دەرنەچێ. لەمەوپێشیش موناقەشەی ئەوەی کردووە.

**لێ دایە مەجوزئی ئیختیاری**

**نەفسا مە ب لیپ و حیلە کاری**

**ئەو ژی بریە ژ دەست مەناچار**

**ئەم مایینەو لوتفی حەق مەدەدکار**[٢٢]



* * *

هەرچەندە خانی کاری یەکسەر ناداتە پاڵ پەروەردگارو دان بەبوونی "هۆ"دا دەنێ بەڵام خواستی تەواوی کار دەداتە پاڵ ئەو:

**هەرچی ببێت ژ خێر ئەگەر شەڕ**

**بێ داعیە نابێتن مویەسەر**

**گەر وەسڵە وەگەر قوماشی دیدار**

**بێ داعیە نابێتن چوو بازاڕ**

**ئەو داعیە جوملە رەمزو حاڵن**

**بەڵکی ژ جەنابی زولجەلالن**

**قەلبی تە دەبێژێتن کو رابە**

**ئەڤ ساعەتە عەینی فەتحی بابە**[٢٣]

بەجۆرە جارێکیتر لەو را یەکگرتووە دەردەچی‌و روو دەکاتە (جەبریەت) بەڵکو ووشەی (جەبر) باڵی بەسەردا دەکێشێ تاکۆتایی حیکایەتەکە، کە قارەمانەکەی (مەم) هەوڵی بیانوو هێنانەوە دەدات بۆ خۆراگرتن لە بەندیخانەداو دەڵێ: هەرچەندە میر گوێ رایەڵی بەکری دوو زمان بوو و منی خستە بەندیخانەوە، بەڵام (ئەم جەبرەی لەجێی خۆیدا بوو)[٢٤]، ئەگەر پرسیارێکی گشتیش لەبارەی ئەم دەستە جەبریانەی ناو فەیلەسووف‌و دەستەکانی ئیسلامدا هەبێت، هەر ئەوە پاڵێوەنەرە بۆ رووکردنە جەبر، ئەم پرسیارەش دێتە بەردەم بەشێوەیەکی لۆجیکی لەخانی دەپرسرێ‌و لەلێکدانەوەی ئەوەدا هەر تەنیا خانی خۆی دەبینین وەڵام بداتەوە تا سێ هۆی جیاو بەیەکدا چووش بۆ ئەوە ببینین:

١ـ ئەوەی کە زۆرتر خانی بەخۆیەوە خەریك دەکات باری گەلی کوردو پەرش‌و بڵاوبوونەوەو دابەشبوونیەتی بەسەر چەند میرنشینی بەردەم هێرشی فارس‌و تورکدا، لەگەڵ ئەوەشدا باری نەتەوەکەیی لێکداوەتەوەو هۆی ستراتیژی‌و جوگرافیی "لەڕۆژانی خۆیدا" بەگرنگترین هۆزانیوە کە داگیرکەران چاویان بۆ بڕیوەتە وڵاتەکەی، بەڵام لەلایەکیترەوە وەك لەفەسڵێکیتردا هاتووە توانستی بە روودا وەستانیان هەیە، خانی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

رابوردوو دووارۆژی لەیەکتر جیاکردۆتەوە، موناقەشـەی کـاری قـەوارەو دەوڵـەتی کـوردی کردووەو سـێ ڕەگەزی بۆ دروستبوونیان بۆ هەموو گـەلێك دانـاوە (شـمشێرو ئیحـسانو بیر)و گەلی کوردی لەهیچ شتێکدا بە کەم نەزانیوە هـیچ هۆیـەکی بـۆ ئـەوە نـەدیوە ئـەو پرسیارە گەورەیە نەبـێ:

**ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا**

**کرمانج د دەولەتا دونێدا**

**ئایا ب چ وەجە مانە مەحرووم**

**بیلجوملە ژ بۆ چەبوو نەمەحکووم**[٢٥]

بۆ وەڵامی ئەوە، پاش موناقەشەیەکی درێژی ئەو سـێ ڕەگـەزەو بونیـانو دەرکـەوتنی میللەتەکەی تێیدا دەڵـێ:

**ئەمما ژ ئەزەل خودێ وەساکر**

**ئەڤ ڕۆمو عەجەم ل سەر مەراکر**[٢٦]

٢ـ گیانی تەسەوف بەسلووك، ئەوەیە کە خاوەن باوەڕ وا لێـدەکات خـۆی بەرامبـەر بـە پەروەردگار بە بچووك بزانـێو کاری خۆی بداتە دەسـت ئـەو، هـەر ئەمـە بـە تـەواوی لای خانی دەبینین زۆرجار ئەنجامەکانی بیرو کەلام کە دەیگاتێ بەدوعایـەکی سـادە[٢٧] تێـك دەدات، کە دەیکات بە کۆتایی فەسڵێکی کتێبەکەیو هەندێکجار زۆر لەخۆکردنی پێـوە دیارە، کـە مـەبەسـی حـساب لەگـەڵ نـەکردنی تێدایـەو ترسـی لەپـەروەردگار هەنـدێجار دیارەو لەهەردوو حاڵدا شاعیر ڕوو دەکاتە جەبریەتێکی تەواو.

٣ــ دووا فەسـڵ دەمانخاتـە بـەردەم زیرەکـی یـەکی زۆری شـاعیر لـەخۆ دوورخـستنەوە لەحسابو سزا، لەپاش موناقەشەیەکی درێژ لەگەڵ قەڵەمدا بەقەڵەمەکەی دەڵـێ:

**ئەی خامە تەژی گەلەک درێژ کر**

**ئەڤ نامە بەسەتە پڕ قرێژ کر**

**هەر چەندە کەلام شوبهی دوڕبێت**





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**بـێ قەدر د بەت دەما کو پڕ بێت**

**نابینی بە قیمەتن جەواهیر**

**لەورا وەکو هەندێکن دنادر**

**سەهوو غەڵەتو خەتاو نسیان**

**مەجمووعەیی ناپەسەندو عسیان**

**تەحریر کری تەبـێ تەئەممول**

**کی دی بی کەتن ل تە تەحومول**[٢٨]

کەواتـە کەسـانێك هـەن گـوێ نادانـە قـسەی شـاعیر لـەبارەی کـەونو پـەروەردگارو ئیبلـیسو پێغەمبـەرانو حاکمـانو مەسـەلەی میللەتەکـەیو ئـەوەی لـەبارەی (خـەمی دڵـی)یـەوە شـەرحی کـردووە، لیـستەیەکی گوناهبارکردنیـشی هەیـە دەیخاتـە جێگـەی "حەللاج" یا "برۆنۆ" یا کەسانیتر، وەڵامی شاعیر چی دەبـێ، لیـستەکەو ووردە بەشـی کـورت دەکاتـەوەو پرسـیارێك دێتـە پێـشەوە، ئایـا جـەبر ڕاسـتە، یـا پیـاوانی ئـاین لەئەشعەرییەکانی کوردستان ڕاستن؟ شاعیر ئامادەیە موناقەشەی ئەم کارە بکات، دیـارە بـاری وولات ڕێگـەی ئـەوەی دەدا ئـەم ناکۆکییـە بخرێتـە چوارچـێوەی موناقەشـەیەکی زانستییەوە، بـێ پەنابردنە بەر شمـشێر. زیرەکیـی شـاعیریش لەمـەدا دیـارەو ڕەگـەزێکی گرنگە لەرەگەزەکانی جەبریەتی ئەو، یا سووربوونی لەسەر دەربڕینی.

* * *

مه كته بى بروهوشيارى

## پەراوێزەکان

١ـ قورئانی پیرۆز، (الأعراف: ١٨٨).

٢ـ مەمو زین، ل ٢٢.

٣ـ مەمو زین، ل ١٨.

٤ـ مەمو زین، ل ١٠٥.

٥ـ مەمو زین، ل ٨٤.

٦ـ مەمو زین، ل ٧٨.

٧ـ مەمو زین، ل ٩١.

٨ـ مەمو زین، ل ١٧٤.

٩ـ مەمو زین، ل ١٩٣.

١٠ـ مەمو زین، ل ٢٩.

١١ـ نیکلسون، الصوفیة في الإسلام، ترجمه وعلق علیه نورالدین شربیه، القاهرة، ١٩٥١، ص ٩١، ٩٢.

١٢ـ مەمو زین، ل ٢٠.

١٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٤ـ بڕوانە الدكتور عرفان عبدالحمید، دراسات في الفرق و العقائد الإسلامیة، بغداد، ١٩٦٧، ص ٢٩٥. وأنظر: الغزالي، تهافت التهافت، بیروت ١٩٢٧، ص ٢٧٩.

١٥ـ مەمو زین، ل ١٩٥.

١٦ـ مەمو زین، ل ١٩٥.

١٧ـ مەمو زین، ل ١٩٥.

١٨ـ مەمو زین، ل ١٩٦.

١٩ـ مەمو زین، ل ١٩٦.

٢٠ـ مەمو زین، ل ١٩٧.

٢١ـ مەمو زین، ل ١٩٧.



* * *

مه كته بى بروهوشيارى

٢٢ـ مەمو زین، ل ١٩٣.

٢٣ـ مەمو زین، ل ١٢٢.

٢٤ـ مەمو زین، ل ١٤١.

٢٥ـ مەمو زین، ل ٣٣.

٢٦ـ مەمو زین، ل ٣٢.

٢٧ـ ئەمە بێجگە لەدوعا رەنگینە سۆفیانەکەی لەمەمو زیندا، ل ١٧٩، ١٨٠.

٢٨ـ مەمو زین، ل ١٩٤.

مەكتەبەی بیروهۆشیاری

# خانی و دیالەكتیكی

كە لەپێوەندیی یەكێك لەفەیلەسووفەكانی پێش سەدەی نۆزدەهەم بە بیری دیالێكتییەوە دەكۆڵینەوە دەبێ لێكۆڵینەوەكانی لەبارەی جێگەی ئەوەوە بێت لەبەرەو پێشچوونی بیری ئادەمیزاددا لەمەیدانی دەرخستنی قانوونەكانی دیالێكتیدا[١]. وەك دەزانین (قانوونەكانی دیالێكتیك‌و كەتیگۆرییەكانی لەخۆیانەوە دروستكراون بەڵكو لەسروشت‌و ژیانی كۆمەڵایەتییەوە وەرگیراون)[٢] واتە قانوونی ئۆبجەكتیڤ‌و لەدەرەوەی هۆشیاریی ئێمەدا لەواقیعدا لەسروشت‌و دیاردە كۆمەڵایەتی‌و بیرییەكاندا هەن. فەیلەسووفەكان بە درێژایی زەمان هەندێ لایەنی ئەوانەیان وەك وێنەی گەڕانی ئینسان بە دووای زانین (مەعریفەت) داو دەرخستنی هەموو راستی دیاریكردووە، تا وێنەی بالای خۆی ـ بەپێی رای ئێمە ـ لەدیالێكتیكی ماركسیدا دیووەتەوە، كە بلاوترینی قانوونەكانی بەرەو پێشچوونی هەموو واقیعمان لەسروشت‌و ژیانی كۆمەڵایەتی‌و بیریشدا پێ دەناسێنێ)[٣]، رەنگە دیالەكتیكی لەدووا پێناسەی زانستیی خۆیدا بریتی بێت لەوەی (چارەسەری شت‌و دیاردەو رەنگدانەوەیان لەئەقڵ‌و بیركردنەوەكان بێت بەپێوەندیی بەیەكەوەو جووڵەو پەرەسەندن‌و بەرەو پێشچوونی ناكۆك‌و خۆشاردنەوەیدا)[٤]





لێنین زۆر بە ئیبداع بناغەی دیالیكتیكی بەوە دەربڕیووە كە پێناسەی بەوە كردووە كە (دیالێكتیك بە مانای تایبەتیی ووشەكە دەرسی ناكۆكییەكانی ناوەڕۆكی شتەكانە)[٥] لێرەوە دەتوانین لای كۆمەڵێك لەفەیلەسووفەكانی پێش ماركس‌و ئەنگلز تێگەیشتن لەهەندێ لایەنی ئەم راستییە ببینین هەرچەندە (نەزانینی دیالەكتیزم لاوازییەكی مەترسیدارە لەهەندێ لەقوتابخانەكانی پێشووی مەتریالیزمدا)[٦] چونكە دووركەوتنەوە لەتێگەیشتنی مەتریالیی سروشت‌و مێژوو رێگەی لەبەر فراوانبوونی ئاسۆی دیالیكتیزمدا لای زۆر لەبیركەرەوەكان گرتووەو ئەحمەدی خانیی فەیلەسووفیش یەكێكە لەوانە وەك لەمەو دووا باسی دەكەین.

(لەناو مەتریالییەكانی رابوردوودا دەستەیەك هەن بەجۆرێكی مەتریالی سەیری جیهان دەكەن‌و تێ روانینەكانیان تێكەڵ بە رێبازێكی سادەی ناسینی دیالیكتێكی جیهان دەبن یا تێكەڵ بە رەگەزی دیالێكتیكی دەبن. لێرەدا لەناو فەیلەسووفە كۆنەكاندا ناوی (هیرقلیت‌و ئیفیس دەبەین. (سەدەی پێنجەمی پێش میلاد)و دیدرۆو فەیلەسووفانیتری چەرخە تازەكان. بەڵام ئەو رەگەزە درەوشەدارانەی دیالێكتیك كە لای ئەوان دەیانبینین هێشتا نەبوون بە بەرنامەیەكی دیالێكتیكیی زانستی‌و ئەم رێبازە بالایە لەسەر دەستی ماركس‌و ئەنگلزدا دانرا)[٧] گران نییە لای زۆر لەفەیلەسووفان تێكستی وا ببینین بە سەرەتای دەرخستنی قانوونە جیاوازەكانی دایلێكتیزم بزانرێن ئەوەتا سوقرات لەدوواندنەكانیدا پێش ژەهر خواردنەوە دەڵێت (دژ بەیەكەكان لەدژەكانیان نەبن لەشتیتر لەدایك نابن)[٨]. ئەرستۆ ئەڵێ: (هەرچی لەدایك دەبێت، لەدژبەیەكەكان لەدایك دەبێت)[٩]و (هەموو شتێك كە لەسروشتدایە یا دژ بەیەكن یا لەدژ بەیەكەكانەوە هاتوون)[١٠]. لەمجۆرە تێكستانەی ئەرستۆو ئیفلاتوون تا هیگڵ‌و لای فەلسەفەی ئیسلامیدا دەبینین. كاری گەورەی هیگڵ لەوەدایە كە رێبازی دیالەكتیزمی دارِشت هەرچەندە ئەمەی لەسەر بناغەیەكی ئایدیالیزمیی هەڵە دروستكرد.

* * *

وەك لێنین تێبینی کردووە هیگڵ بە بلیماتەنە واقیعی بابەتی خۆی خستۆتە ناو (تەنیا خستوویەتی‌یە ناو). دیالێکتیکی شتەکان خۆیانەوە لەڕێگەی دیالێکتیکی بیرو تێگەیشتنەوە، هیگڵ لەسەر بناغەیەکی ئایدیالیستانە یەکەم دارشتنی قانوونە بنەڕەتییەکانی دیالێکتیکی دارشتووە وەك قانوونی گۆڕینی چەندایەتی بە چۆنایەتی‌و ناکۆکی‌و یەکێتیی دژ بەیەکەکان کە سەرچاوەی بەرەو پێشچوونەو قانوونی نەویستی نەویستی (نفى النفي). ئەم دارشتنە هەنگاوێکی گەورە بوو لەبەرەو پێشچوونی بیری فەلسەفەداو لەئامادەکردنی تیۆریی دیالێکتیزمدا. هیگل بە باسی بەرەو پێشچوونی دیالێکتیك چەپۆکێکی گەورەی دا بەسەر ڕێبازی ئەو میتافیزیقەدا کە ئەو سەردەمە باو بوو)[١١]، بەڵام دەبێ بپرسین خانی نوێنەری چ پلەیەکە لەبیری دیالێکتیکی‌و پێوەندیی بەم بەرەو پێشچوونەو تێگەیشتنییەوە چییەو چۆن بەجێی دێنێ؟

پلە بەپلەیی‌و روونکردنەوە پاڵمان بەرەو پۆلێنکردنی مەسەلەکەوە لەبیری خانیدا پێوە دەنێ: ئەو یەکەم ـ باوەڕی بە یەکێتیی بوون (وحدة الوجود) هەیە، بوونی وەك فەیلەسووف‌و کەلامییەکانیتر دابەشکردووە بەسەر لەتوانادا بوو و پێویست (ممکن و واجب)دا[١٢] وخوا بە پێویست دەزانێ‌و هەموو شتەکانیتر بە لەتوانادا بوو:

**ئەشیا بە حەسەب دەلیل‌و بورهان**

**نابن چو مەگەر وجووب‌و ئیمکان**

**واجب یەکە زاتی کیبریایە**

**مومکین پڕە جەمعی ماسیوایە**[١٣]

* * *

**ئەو مومکین وماسیوا سەراسەر**

**فیلجوملە ژ بۆ وی بوونە مەزهەر**[١٤]

* * *

**ئەڤ عالەم‌و ئادەمێد مەشهوود**[١٥]



* * *

**ئەو مومکین و ماسیوای مەوجوود**

یا لەبارەی پێغەمبەرەوە دەڵێ:

**وی بورزوخی مومکیناتی واجیب**

**وی پادشاهی دە شەکلی حاجیب**[١٦]

* * *

**ئیمانی مە هەیە ب زاتی واجیب**

**ئیمکانیەتا مە بوویە حاجیب**[١٧]

بەڵام لەتوانادا بوو وپێویست لەیەکتر جیا ناکاتەوەو خوا بەبوو دەزانێ لەناو لەتوانادا بووەکاندا و بەیەکگرتوویی لەگەڵیاندا:

**هەر یەک تەرا وە بوونە مەزهەر (مظهر)**

**ئەو ڕەنگ دوان تو بویی موزمەر (مضمر)**

**بێ حوسنی تەنینە وان وجوودەک**

**بێ نووری تەنینە وان نموودەک**

**حیکمەت ئەوە باتینی و زاهیر**

**قودرەت ئەوە غاییی و حازر**

**نینن تە تەحەیزو تەمەکون**

**ئەمما وە دوان دکەی تەوەتون**

**گۆیا هەمی جیسمەکن توجانی**

**گۆیا هەمی شەهرەکن توخانی**[١٨]

لەمەوپێش ئەوەمان لەبارەی سەرەتای بوون‌و چەند بووە (تعدد)و پێش هەموو شت لەباری ئەقڵەوە دەرخست کە دەڵێ:

**ئەڤ ئەوەل‌و رووح‌و عەقلی ئەوەل**

**هەر سینەب ئەوەڵی موئەوەل**

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

**ئەمما مەکە وان ژهەڤ تو تەفریق**

**ئەڤ رەنگە ئەوان بگێڕە تەوفیق**

**بێ شەیئەکی واحیدن ب جارەک**

**تبعداد و تەعەدود ئیعتیبارەک[19]**

لێرەدا دەتوانین رای خانی بەڕای سەدرەدین شیرازیی فەیلەسووف (٩٧٩ یا ٩٨٠/ ١٥٧٣ ـ ١٠٥٠ھ/ ١٦٤٠م) بچوێنین‌و لەشیکردنەوەمان لەرای ئەو لەبارەی یەکێتی بوونەوە دەرنەچین وەك ئەوەی هاوەڵێکی لێکۆڵەرەوە لەبارەی سەدرەدینی شیرازییەوە نووسیوێتی:

(باوەڕی یەکێتی بوون دوو دەلالەتی جیاوازی هەیە): مەتریالی کە تێگەیشتنی رەواقیشی تێدایە کە خواکان لەناو مەتریالدان‌و لەدەرەوەی جیهان نین‌و ئایدیالی کە بوونی تەواو دەداتە پاڵ خوا خۆی بە تەنیاو دنیا بە سێبەری ئەو دەزانێ. ئەمەش لەرای هەندێ موتەسەویفی ئیسلامەوەیە کە ووتوویانە ئەوانە توانای بوونیان هەیە بووی هەستپێکراونین بەڵکو ئیعتیبارین نە زۆری هەیە نە ژمارە کراویی (تعددی)ی تێدا نییە. هەر وەك بوون هەر یەکێکەو بوو هەریەکەو ئەم ووتەیەش تۆوێکی ئایدیالیی خۆی تێدایە کە دان بە بوونی بابەتیی جیهاندا نانێت، مەلا صەدرا وەڵامی سۆفێکانی داوەتەوەو ووتوویەتی:

"بوونی لەبوون هاتووان‌و زۆریان بەڵگە نەویستێکی سەرەتاییە گومان هەڵناگرێ‌و رێگەدان بەم چەشنەکارە بەڵگە نەویست پێویستی بە لابردنی بڕیاری ئەقڵ هەیەو دەچێتە سەر سەفسەتە ئەمە لەبارەی جیهانەوە، هەرچی خوا خۆیەتی لای ئەو دوورە لەمەتریاڵەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە تەشەنەی تێدا سەندووەو ئەویش بەمە بە پێچەوانەی رەواقییەکانەوە دەوەستێ. لێرەشەوە باوەڕی بە کتێبی بوو لای شیرازی لەڕووی دان نانی بە بوونی بابەتیی جیهانداو بەستنی بە لەبوون هاتووەوە هەر دوو بوون بەیەك راستی زانین‌و یەك پێناسە ناسینەوە مەتریالییەو لەولایەنەوە کە بوونی راستەقینە بەیەك





مه کته‌بی بیروهۆشیاری

دەزانێت یا بەهۆی (علـة)ی کاریگەری یەکەمی دوور لەمەتریاڵی دەزانێ ئایدیالیستانەیە.

ئەوە ماوە کە باری سەرنج بۆ ئەوە راکێشین کە شیرازی لەرێگەی تێگەیشتنەوە لەیەکێتی بوون هەنگاوێکی گەورەی ناوە بەرەو یەکخستنی یەکێتیی جیهان‌و هەمەرەنگیی. کەتیگۆریی (بوون یەکە) ئەگەر لەتێکەڵاو بوونە لاهووتییەکانی جیاکرێتەوە دەبێ مانای بوونی ئەوانە بێت کە هەن (وحدة الموجودات) لەڕووی چوونەوە سەر شتێکی هاوبەش[20].

بەڵام خانی لەشیرازیی رەت کردووە بەوەی بیری خستۆتە سەر لەبوون هاتووەکان‌و بیری بۆ پراکتیکی دیالێکتیکیانە لەبارەیانەوە خستۆتە کارو گرنگترین شت کە لەبارەیانەوە دیووێتی بوونی دژ بەیەکەکانە، بەڵکو یەکێتی ئەم دژ بەیەکانەشە. لێنین یاسای یەکێتی دوو دژ وا دەناسێنێ کە دان پێدانانە (دەرخستن)ی رێگا لەیەکنەچوونی دژبەیەکی لەیەك سەربەخۆیە لەهەموو دیاردەکانی سروشت (بەبیرو کۆمەڵ‌و کردارەکانییەوە)[21] خانی ئەم ناکۆکییانەی بە ووردی لەهەموو ئەو دیاردانەدا کە دەبینێ‌و باوەڕی پێیان هەیە دەست نیشان دەکات:

**ئەشیا بەحەسەب سیفات‌و ئەفعال**

**ئێنانە وجوودێ موختەلیف حاڵ**

**مەوجوود کرن ب هەڤ موعەیەن**

**ئەضداد کرن بە ضد موبەیەن**

**ئەڤ ئەرزو سەما بەتیئودائیر**

**ئەڤ مولک‌و مەلەک موقیم و سائیر**

**ئەف نوورو ظەلام‌و کوفرو ئیمان**

**ئەڤ خولدو سەقەر بەهەشت‌و نیران**

**ئەڤ باریدو حاڕو رەتب‌و یابیس**

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

ئەڤ میرو گەدا غەنیو بائیس

ئەڤ ئاخو هەواو ئاگرو ئاڤ

ئەڤ لەیلو نەهارو سەهو سیّتاڤ

ئەڤ هەجرو ویصالو شاهیو غەم

ئەڤ مەوتو حەیاتو سوورو ماتەم

هەن نوور میسالو هەن وەکی نار

هەندەک دحەلیمو هەن دە دژوار

ڤان سادقو راستو خیّرخواهان

وان قمصی و خوارو رووسیاهان

ڤان ئەهلی جەهەنەمو عەزابان

ڤان لائیقی جەنەتو سەوابان

نابینی کو پیّکڤە جوملە ضدن

حیکمەت چییە بۆچە پیّکڤەنیدن

لەوراکو ئەگەر نەبەت تەخالوف

تەمیز موحالەو هەم تەعاروف[٢٢]

ئێمە لەم دێڕانەدا تێگەیشتنێکی هەمە لایەنەی دیالێکتیکی دەبینین (با لەقوولاییەکی ئایدیالیتیشەوە هەڵقوڵا بێت) ئەوەتا یەکێتیو ناکۆکیی دژ بەیەکەکان بەسەر هەموو شتێکدا دەهێنێتە دی، بەسەر سروشتو ژیانو بیرو کۆمەڵو سیفەتی شتەکانو بەسەر ئەو شتانەدا کە لەپشت ژیانەوە (ژیانی دووەم) باوەڕی پێیانە. بەئاشکراش یەکێتیو ناکۆکیی شتەکان بەسەرەتای پۆلێنکردنی چینایەتیی کۆمەڵ دەزانێو لەوە گرنگتر ئەویە کە ڕێگەیەکی دوور لەتێگەیشتنی فەلسەفیدا دەبڕێو ئەوە وای لێ دەکات کە یەکێتیو ناکۆکیی دژەکان بکات بە هۆیەك بۆ لەیەك جیاکردنەوەو یەکتر ناسین ـ واتە زانین ـ مەعریفەت.





لێنین دەڵێ "مەرجی زانینی هەموو تێکەڵبوونەکانی جیهان لەڕووی دینامیکێتی خۆییو لەخۆوە بەرەو پێشچوونییەوە لەبوونی زیندوویدا زانینێتی وەك یەکێتی دژ بەیەکەکان[٢٣]. لێنین رەخنەی لەپلێخانۆڤ گرتووە چونکە لەباسەکانیدا لەبارەی دیالەکتیکەوە، یەکێتیی دژ بەیەکەکانیانی وەك قانوونی زانین دەرنەخستووە[٢٤].

بیری (جیاکردنەوە) پێش خانی بەشێوەیەکی ساکار دەبینین وەك ئەوەی جاحیز (الجاحظ) دەڵێ (بزانە کە چاکە لەکاری سەرەتای جیهاندا تا تەواو بوونی ماوەکەی تێکەڵبوونی چاکەو خراپەو زیان بەخشو سوودمەندو بێزراو بەگەشەدارو سیفەت بە بەرزێتیو زۆری بەکەمییە ...هتد)[٢٥] دەشڵێت: (ئەگەر کارێك بێت جیاکردنەوەی ناویو ئەگەر کولفەت نەبێ پاداش نابێ)[٢٦]. بەڵام بیری خانی زۆر قووڵترو ئاشکراترو زۆر لکاوترە بە بەرەوپێشچوونی لەمەو دووای بیرەکەوە. خانی ئەم وێنەیەی دژ بەیەکەکان لەزۆر شوێندا دووبارە دەکاتەوەو لەوێوە دەڕوات بەرەو تێگەیشتنی فراوانترو قووڵتری لایەنەکانیتری بیری دیالێکتیی خۆی لەبارەی ژیانەوە، لەمەوبەر لەباسەکەدا لەجەبریەتی خانیدا لەوە دووایـن کە بەرامبەر بە (جوزئی ئیختیار) ئەوەشی ووتووە کە لەدروستکردنی شتێکی تازەدا دژیەتی:

لێ دایە مەجوزئی ئیختیاری

نەفسامە ب لیپو حیلەکاری

ئەو ژی بریە ژ دەست مەناچار

ئەم ماینەو لوتفی حەق مەدەدکار[٢٧]

یا دەڵێ:

وەڵڵاهی قەسەم دکەم بە باری

رۆژێد سپیو شەڤێد تاری[٢٨]

یا دەڵێ:

حوبڵانە لەیالی ئەی مەوالی

مه کتەبی بیر وهۆشیاری

**کانـێ چەدەزێن عەلەلتەوالی**

**ئەڤ شیوەن و شاهی تەوئەمانن**

**ئەڤ چەرخی فەلەک دەبـێ ئەمانن**

**گەھ نوور نومانەگاه موزلیم**

**گەھ سوور نوومانە گاھ ماتەم**

**گاڤا کو دەبینی وەقتی عوشرەت**

**دا فەوت نەکەی زەمانی فورسەت**

**لەوراکو زەمان میسلی شیرە**

**نا بێژتن ئەو گەدا میرە**[٢٩]

هەرچـەندە لـەم دیڕانـەدا بـیری لـەدایکبوونی ڕۆژ لەشـەو و دووبارەکردنـەوەی واتـەی ڕووناکی لەتاریکییەوە دەبینین، کە خانی لەداستانەکەیدا زۆری دووبارە دەکاتەوەو زۆرتر وەرگرتنە لەزەردەشتێتییەوەو وێنەی دژەکانی پێشووە کە زۆری دووبارە دەکاتەوە:

**ئەو قاتی زەمانە گۆنە گۆنە**

**باری ژ مەراکرن نموونە**

**یەعنی شەڤو ڕۆژو سوبحو شامن**

**هەن ڕۆهنینە هەن ژوان ظەلامن**[٣٠]

لەگەڵ ئاشکرایی تەواو دیاریی شەخسیەت لای خانی لەباسی دژ بەیەکەکانـدا، بـەڵام ناتوانین ئینکاری ئەوە بکـەین کـە فەیلەسـووفـو بەتایبـەتی موتەسـەویفەکانیتر کاریـان تێکردووە، کە کـارتێکردنی جەلالـەدینی ڕۆمـی لەمەسـەلەکانی تەسـەوفدا بـە ئاشـکرا بەسـەر خانییـەوە دەبیـنین، ئـەوا لـەم باسـەدا چـەند دێڕێکـی ڕۆمـی دەهێنینـەوە کـە وێنەیەکمان دەداتی لەهەندێ دیمەنیدا لەوەدەچێ کە خانی پیشانی داوین:

**نەبوون و کەمی، لەهەر لایەک بن ئاوێنەی جوانیی کەونن**

**هێزی ئێسک ساغەوەکەر لەچیدا دیارە**





مه کتەبی بیر وهۆشیاری

**لەنەخۆشێکدا نەبێت بە ئیسک و پروسک شکاوی کەوتبـێ**

**کیمیا گەر لەچیدا شارەزایی دیارە**

ئەگەر بۆتە هەندێ مەعدەنی بـێ نرخ نەفەوتێنـێ

ئەوە بنەڕەتی خراپەیە وەك ووتتان

بەڵام خراپە نایگاتـێ، بەڵکو بەڵگەی گەورەییەتی

گوێ لەسروودێکی من بگرە، هونەرمەندی ئاسمانی

نەخشەی جوان و ناشیرینی لەیەکێك لەو وێنانەدا کێشاوە

ژنانی جوان، لەخاکی میسر، چاویان بڕیە جوانیی یوسف

بەسەرسامی و لەویتریشدا، هونەرمەند هەر یەکێك بوو

ئاگری دۆزەخ و ئیبلیس بە شەیتانەکانیەوە.

هەردووکیان هونەرێکی تاك بوون، بۆ مەبەستی پیاوانە دروستکران

تا شکۆ (جەلال)ی ڕاستەقینەی ئەو دەرخەن،

یاسام بخەنە دڵی بیرمەندەکانی خوایەتیی ئەوەوە

ئەگەر نەتوانێ خراپە دروستبکات، ئەوە کەمیی دەسەڵاتی ئەو بوو.

لەبەر ئەوە کافری دروستکرد و موسڵمانی ڕاستگۆش

تاببنە بەڵگە بۆ بوونی ئەو تاقە خوایەك بە ئاشکرا بپەرستن[٣١]

خانی لەوەسفـو خستنەڕووی دژەکانـەوە بـەرەو نوقتەیـەکی بـەرزتر دەچـێت، ئـەوەش بوونی دژ بەیەکەکانە دەیانکات بە هـۆی بـەرەو پێشـچوون و خولقانـدنی تـازەو مەسـەلە بەجووڵانـدنی تـەواوەوە دەبەستـێ، لیـنین دەڵـێ (بـەرەو پێشـچوون کێـشەی دژ بەیەکەکانـە)[٣٢]. ئـەم بیرانـە لەوانـەدا هـاتوون کـە لەبەخـشینی فەیلەسـوفەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیکدا لەزۆر سەرچاوەدا هـاتوون. ئـەنگلز دەڵـێ (بزووتنـەوە خـۆی ناکۆکی یە)[٣٣] . لێنین ئـەم بـیرەو ئەنجامـەکانیی شـەرحکردووە. واتـە (بەرەوپێشـچوون و بەرزبوونەوە بەوەی ووتوویەتی: هەردووباری سەرنجی بنەڕەتی یا (هـەردوو لـەتوانادا بـوو،

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەردوو لەمێژوودا بینراو) لەبەرەو پێشچوون (بەرز بوونەوەی گەوهەری) هەردووکیان بەرەو پێشچوون وەك کەمیو زیادی، وەك دووبارەکردنەوەو بەرەو پێشچوون وەك یەکێتی دوو دژ (دابەشبوونی تاك بەسەر دوو دژی یەکنەگرتوو کە پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕی بەیەکیانەوە ببەستێ)[٣٤].

با بگەڕێینەوە سەر نموونەیتر لە (مەمو زین)ی خانیدا، تا وێنەیتری ئەم قانوونانەی دیالەکتیك ببینین:ـ

خانی لەبارەی دروستکردنی خەڵكو کەونەوە یا دروستکردنی (مەمو زین)و دژەکەیان (بەکر) لەداستانەکەدا لەلایەن خواوە دەڵێ:

**ڕۆژا ئەوی حوب دا حەبیبان**
**هەنگی ئەوی بوغزدا ڕەقیبان**
**مەوجوودکرن دەما ژ مەعدووم**
**ئەم پێکڤە دەلازمو د مەلزووم**
**ئەم صۆرگولن ئەو ژ بۆ مەخارە**
**ئەم گەنجن ئەو ژ بۆ مە مارە**
**گوڵ حیفز دەبن ب نوکی خاران**
**گەنجینە خودان دبن ب ماران**
**ژ ئەوە لڤە ئەگەرچی وی جەفاکر**
**ئاخر ب مەرا ئەوی وەفاکر**
**زاهیر وی ئەگەر موخالەفەت کر**
**باتین بمەرا موافەقەت کر**
**گەر ئەو نەبوا دنێڤ مەحائیل**
**عەشقا مەد بوو بە تاڵو زائیل**
**وی گەرچە ژ بۆ خوە خەراب کر**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**دەرحەق مەوی قەوی سەواب کر**
**ئەو بوو سەبەبا حەقیقەتامە**
**داخل گریا تەریقەتامە**
**ئەو ژی د ریا مەدا شەهیدە**
**تەحقیق بکەن کو ئەو سەعیدە**[٣٥]

ئەم دێڕانە لەبەردەمی چەند بیری فەلسەفیو سۆفیدا رامانەدەگرێت بەڵام لێرەدا بەرامبەر بەوە دەوەستین کە باسی دەکەین. لەپاڵ ئەوەدا لەپاڵ بیری دیالێکتیکیدا پراکتیکێکی دیالەکتیکش دەبینین.

خانی دوو وێنەی بۆ قارەمانی داستانەکەی دروستکردووە ڕەنگە لەمەیدانی رەخنەی ئەدەبیدا پێی بڵێین قارەمانی ئیجابیو قارەمانی سلبی، (مەمو زین) نوێنەری پاکیو خۆشەویستیو دڵپاکی دەکەنو (بەکر)ی لە یەك کەرو حەسوود کە وەك شەیتان وێنەی کێشاوە، کە خانی هەریەکە لەکەسانی داستانەکەی بە چەند دێڕو وێنەیەك پێشکەش دەکات ئەوا شەخسیەتی بەکری یەکسەر پاش چەند دێر کە لەداستانەکەوە وەرمانگرتووە پاش پیشاندانی دژەکان تەواو بەمچەشنە پێشکەش دەکات:

**نابینی کو پێکڤە جوملە ضدن**
**حیکمەت چییە بۆچە پێکڤە نیدن**
**لەورا کو ئەگەر نەبەت تەخالوف**
**تەمیز موحالە هەم تەعاروف**
**ئەلقیسەب ئیقتیزایی خلیقەت**
**میری بە کەمالو عیزو ڕەفعەت**
**راگرت ژ بۆ خوە دەرگەڤانەك**
**فەتتانی زەمانە صەی پسانەك**[٣٦]

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەردەوامە لەوەسفی خراپ دانـدا بـە بـەکر[٣٧]. کەواتـە دروسـتکردنی کەسـی بـەکر لەلایەن خانییەوە (بەئیقتیزای خلیقەت)ە کە بەدرێژی خۆی خلیقـەت بـۆی باسـکردووین بەوە ڕێگەی بۆ نەخشەکێشانی بەکر خۆش کردووە، تا بەرامبەر بە هـەموو شـت دژەکـەی هەبێت.

یەکێك لەپراکتیکە زیرەکانەکانی دیالێکتیك لای خانی لەوەدایە کە لەداستانەکەیدا، با لەداستانی (مەمی ئالان)ی فۆلکلۆریشییەوە وەریگرتبێ کەچی کەسایەتییەك لادەدا کە مانای خۆیی هەیە ئەویش (کچی بەکر)ە.

داستانەکەی فۆلکلۆروا دەگێڕێتەوە کە بەکر کچێکی هـەبووە ویـستوویەتی لەمـەمی مارە بکاتو نەویستنی لەلای مەمەوە حەز کردنیو ئارەزووی هێنانی (زین)ی خوشـکی میر هۆی رقی بوو لەمەمو هەلپەی بوو بۆ دروستکردنی کارەسات، بـەلام خـانی (کـچی بەکر) لادەبا بۆ ئەوەی بەکر بکات بە کەسێکی شەرلەتان (بەپێی ئیقتیـزای خلیقـەت)و بۆ بەجێ هێنانی بنەڕەتی بوونی دوو دژو کێشە لەنێوانیاندا، ئەم کێشەیەشی کردووە بە هۆیەکی مەبەسێکو بۆ گەیشتن بە بەختیاریی راستەقینەو دلداریی راستەقینە، تـا ئـەوە ببێت بە (ڕێباز)ێکو بەرنامەیەك لەژیاندا بۆ دان نان بەوەدا (چ بۆ بوونی دوو دژ یا ئەو عەشـقەی لـەم دوو کێـشەیە پەیـدا بـووە)، لـەپاڵ ڕێـڕەوی سـۆفیدا لای خـانی لـەم مەسەلەیەدا، بەلام لەهێڵی دیالێکتیکی دەرناچێ، بەڵکو بـەکر وا دەبینـێ کـە ڕۆڵێـك دەبینـێ لەژیاندا پێی دەگاتە (بـەختیاری)، بـا لـەو دنیـاش بێـت کـە خـانی بـەجیاوازی نازانـێ لەگەڵ ئەم جیهانەدا، ئـەم بـیرەش بەسـەر زمـانی بـەکرەوە لەبەهەشـتدا دەردەخـاو دەڵـێ:

ئەز گەر بەخەبەر رەقیبێ وان بووم
لێکن ب نەزەر حەبیبێ وان بووم
من ئەو ژ دونـێ پاشڤە کێشان
موعتاد کرن ب دەردو ئێشان





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خۆشی دونـێ ئەوان ب دەردان
مونقادکرن ب داغو دەردان
ئەو چەند مەدانە وان سیاسەت
حەتا وەکو بوون خودان ریئاسەت
لەورامە لەضرێ وان خەبەردا
حەتاکو سەرێ خوە تـێ بە دەردا[٣٨]

بیری دوو دژ کە تازەی بەرەو پێشچووی لەپەیژەی بەرەو ژوور چووندا لـێ پەیدا دەبێت لەخانی جیا نابێتەوە تەنانەت لەلوتکەی ئایدیالیی ئاینیشدا ئەو لەدوو جیهاندا (دنیـاو ئاخیرەت) وێنەیەکی ئەم بیرە دەبینـێو دەڵـێ:

ئەڤ هەر دوو جیهان بە هەڤ هەوێنە
ئەڤ ضرە ل ضرێ هەڤ قەوینە
حەتا وەکو بەر نەدەی تویێکێ
نابینی چو لەزەتێ ژ بێکێ[٣٩]

لێرەدا ناتوانین لابدەین بە لای لایەنی بنەڕەتیدا لای خانی کە بانگێکی ئاشکرایە بـۆ تاقە یەك ژن هێنان، کە لەپەنجەلێدانێکی ئەدەبیدا خۆی لــێ دەداتو ئەگەڕێینـەوە سـەر بناغەیەکی بیرەکە تا بلێین بیرەکەی پێشوو کە ئـەویش بەڕوخسارێکی سـۆفیو لەباسـی کامڵ کردنی عەشقدا دێتەوە ناوەوە. میر باسی هۆی  خستنە زیندانی مەم بـۆ خوشـکی دەکاتو دەڵێت:

لەو من ب غەزەب شهاندە چالێ
ئەو حەپس ل وێ گهاندە سالێ
دا عەشق بکەت کەمال حاسل
حوببا وە نەکەت ویسال باتڵ[٤٠]

* * *

مـاركس دەڵــێ: (بــێ نەهێـشتنی وێنـەكانی كـۆنی بـوون هـیچ گۆڕانێـك لـەهیچ مەیدانێكدا نابێت)[٤١].

لێنین بیرەكەی لەبارەی بەرەو پێشچوونەوە كە لەمەو پێش باسمان كرد درێژە بە بیری خۆی دەدات لەو بارەیەوەو ئەوە دەردەخات كـە بـیری یەكـەم مـردووەو هـەژارو ووشـەكە، بەڵام دووەمیان زیندووە. هەر ئەم بیرەش سەیری رەشنووس بكە (بازدان)و "وەستانی پلە بەپلـە"و گواسـتنەوە بـەرەو شـتی دژو "نەهێـشتنی كـۆنو سـەرهەڵدانی تازەمـان"[٤٢] دەداتـێ بەمە لێنین بیری میتافیزیقیو دیالێكتیكی لە جووڵەو بەرەو پێشچووندا لەیەك جیادەكاتەوە.

لێرەدا بە سەرسامی لەبەردەمی تێگەیشتنی خانیدا بەرامبـەر بـەو بـەرەو پێشـچوونە دەوەستین كە لەدوو دژو جووڵەو دامـەزراندنی تازەو فەوتانی كـۆن پەیـدا بـووە. لـەبارەی كەونەوە دەڵـێ:

ئەفلاكو عەناسیرو مەوالید
ئەخلاتو تەبایعو مەقالید
ڤێكرا د بەدیعو لئیشتیراكن
تێكدا د سەریعو لئینفیكاكن
سەر ڕشتەیێ گەوهەرا بەقانە
سەرمایەیێ عیللەتا فەنانە
هەندەك د سەفیلو هەن خەفیفن
هەندەك د خەفیو هەن لەتیفن
هەر چەند ژ بۆ مە ئەسڵو بێخن
هەر چار ژ بۆ مە ئاخشێخن[٤٣]
ئاگر ڤەمرەت هەوا هەوایە
ئاڤ ئەرچكیا هەبا هەبایە



* * *

ئەفلاك میسالێ ئاسیا بن
هەموارە ب چەرخو ئینقیلابن
دەخلێ لەوێ ئاشێ ئادەمینە
مەتمووورەیێ ئەرزێ ئەردەلینە[٤٤]

كەواتـە ئێمـە لەبـەردەم وێنەیـەكی تـازەی كـەونو كۆمـەڵـداین، لەبـەردەم یـەكێتیو ناكۆكیی دژەكانداین، بەرامبەر بەو دژەین كە ناكۆكی خـۆی دەبینـێو ئەمـەش بناغـەی لەدایكبوونی تازەو مردنـی كـۆنی تێدایـە. ئێمـە لەبـەردەمی ئـەم كـردارە هەمیـشەییو بەردەوامـەدا لەجولەی ئاش دەچێتو لەبەردەمی چـوار رەگـەزو پـشت بـەو فەیلەسـووفانە دەبەستێ كە پێش ئەو هەبوون.

شەهرستانی رای ئیراقلیدسو ئەباسیس پیشان دەدات كە لەفیساگۆرسییەكان بـوونو دەڵێن (سەرەتای ئەوانەی هەن ئـاگرە، ئـەوەی لـەوەوە چـڕ بۆتـەوەو بـووە بەبـەرد زەوییـە، ئەوەش كە لەزەوییـەوە بـەئاگر هەڵوەشـاوە دەبـێ بـەئاو، هەرچـی لـەئاو بەگـەرمی ئـاگر هەڵوەشاوە دەبێ بەهەوا، كەواتە ئاگر سەرەتایەو پاش ئەو زەویو پاشـان ئـاوو پـاش ئـەو هەوا، ئـاگر سـەرەتایە كۆتـاییش دەچێتەوە سـەر ئـەو. كـەون لەوەوەیـەو گەنـدەڵیش بـۆ ئەوە[٤٥].

تێكستێكی لەوەچوو لەبارەی ئاوو هەواوە لای سەدرەدینی شیرازی[٤٦] دەبینین.

لێكۆڵـەرەوە هـادی ئەلعەلـەوی لـەبارەی نموونەكـەی شـیرازییەوە دەڵـێ كـە لـەڕووی زانستییەوە هەڵەیە چونكە ئەو چـوار رەگـەزەی نـاونراوە (ئەستەقسەكانی ئـەنبادۆقلس) ئاسـان نـین وەك كۆنـەكان (دیمـۆقریتس نـەبێ) باوەڕیـان وابـوو. زانـستی نـوێ ئـەوەی دەرخستووە كە سێ لەم رەگەزانە لێكدراو(مركب)ن كە ئاوو هەواو گڵە. هەرچـی ئـاگرە ئەوە رەگەزی سەرەتایی نییە چونكە لەسوتاندنی چەند لێكدراوێكی دیارەوە دەردەكـەوێ، واتە شێوەیەكە لەشـێوەكانی وزە، چـونكە ئـاویش نابـێ بەهـەوا بـەڵكو ئـەكولێو دەبـێ بەهەڵمی ئاو[٤٧].

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

لێرەشدا بەبەرزییەوە تەماشای خانی دەکەین، کەوا ئەو چوار رەگەز دەژمێرێ ـ ئەوەی ئەگەر چەند جارێك ناوی هێنابێ ـ بەڵام ئەو ئەو جێگەیەی شەهرستانیو هیرقلیتس نادات بەئاگر (وا ئاو بەبوونە هەڵم دەبێتە (هەوا) ئەوا پێ لەسەر وشەی (هەڵم) لەجێگەیەکی تردا دادەگرێو لەوێنەیەکدا لەبارەی دروستبوونی رووەكو ئینسانەوە کە لەمەودوا دێینە سەری دەڵێ:

**تەنزیل بکەن ژ وی غوباری**

**تەصعید بکەن ژ وی بوخاری**[٤٩]

دێیەنەوە سەر جوڵەو وێنەیتر کە بلیمەتیی خانیمان پیشان دەدات، ئەنگلز دەڵێ: (ئەوەتا دیسان دەچینەوە سەر دامەزرێنەرە گەورەکانی فەلسەفەی گریك کە سروشت هەمووی لەبچووکترین شتەوە تا گەورەترین جەستە، لەگەردی خۆڵەوە تا رۆژ، لەبردیتسەوە تا ئینسان، لەبزوتنەوەیەکی بەردەوامدایە لەدروستبوونەوە بۆ لەناوچوون، لەدرێژبوونەوەیەکی بێ پشوودایە، لەبزوتنەوەو گۆڕینێکی بەردەوامی هەمیشەیین[٥٠].

فەلسەفەی تازە وا دەبینێ کە بزوتنەوە دەبێ خۆیی بێتو تێگەیشتنی دیالیکتیکیی بزوتنەوەی خۆیی، ئەمە رەنگدانەوەی واقیعی بابەتییە کە دەڵێ مەتریالو سروشتو ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا پاڵپێوەنەرو هۆو سەرچاوەی بەرەوپێشچوونی تێدایە[٥١].

ئەگەر ئەو دوولایەنییە لەبیری خانیدا بخەینە لاوە کە لەباسی یەکێتیی بووندا لێی دووایینو سەیری بیری ئەومان کرد لەبارەی بوونەوە پاش یەکەم خولقاندن دەبینین کە بیری لەخۆوە بەرەو پێشچوون لای ئەو ئاشکرایە. خانی لەبارەی دروستبووەکانی کەونەوە جارێکیتر دەڵێ:

**حیکمەت ئەوە ئەو هەمی لکارن**

**هەندەک دە پیاو هەن سوارن**

**هەندەک د بەطیئو هەن سەریعن**

**هەندەک دەموعینو هەن مەنیعن**





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**هەن مودبیرن ئەو هەنەک مودەبیر**

**هەن موقبیلن ئەو هەنەک موقەدیر**

**هەن کاتبن ئەو هەنەک دە ئوستاد**

**هەن موتریبن ئەو هەنەک دە جەللاد**

**هەن رۆژ پەرست هەن شەب ئەفرووز**

**هەن غوصە رەڤێنو هەن غەم ئەندووز**

**هەندەک دەمیسالی زین زەڕینە**

**هەن شوبهی مەمی دە موشتەرینە**

**بیلجوملە موسەیقەلو مونیرن**

**هەن پادشاهن، هەنەک وەزیرن**

**هەنەک ژ تەحەروکا تەبیعی**

**ئەو تێنە بە نوقتەیا رەبیعی**

**تەجدید دکەن ژ بۆمە سالی**

**گاڤا وەکو تێنە ئیعتیدالی**[٥٢]

ئەم دێڕانە چڕکردنەوەی بیرە پێشووەکانی خانییەو رووکردنە بزوتنەوەی سروشتیی خۆییە کە ساڵی پێشوو لەجوڵەی خۆیدا بەجێ دێڵێو تازە دەهێنێت، ئەویش زیاد لەوە دەمانبەن بەرەو تیۆری فەلەکیی خانی کە لەفەسڵێکی تایبەتیدا باسی کرد.

خانی لەبیرو ئەنجامە سۆفیێکانیشدا لەم پراکتیکانەوە دەست پێدەکات، لەمردنی کۆندا، لەدایکبوونی شتی نوێ دەبینێ با کۆنەکە لەیەك لەدوو جیهانەکەدابێتو تازەش لەجیهانەکەیتردا:

**فانی بکەتن ئەوی وجوودی**

**باقی بیتن بەڤی شهوودی**[٥٣]

لەبارەی موتەسەویفیشەوە کە وێنەی لە (مەم)ی قارەماندا دەبینێ:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**فانی نەبتن فەنایی موتلەق**

**نابینێتن ئەو بەقایی بیلحەق**

**فانیێتی ژ بۆ وەرا بەقایە**

**باقیەتی ژ بۆ وەرا لیقایە**[٥٤].

یان لەبارەی مردنی مەموزینەوە دەڵێ:

**دەم هاتنە ساحیلی فەنائی**

**گەه چوونە بەسەرحەدی بەقائی**[٥٥]

کەواتە دەتوانین وێنەی ئاشکرای قانوونی (یەکێتیو ناکۆکیی دژەکان)و (نەفیی نەفی)ی دیالێکتیکی خانی ببینین، هەرچەندە بیری دیالێکتیکی یەکێتی تەواوی لەهەڵهاتنو کارتێکردنو کارلێکراویدا هەیە، بەڵام وێنەیەکی گەلەلایەنەی قانوونی سێیەم نابینین کە (گۆڕینی گردەوەبووی چەندایەتیە بەگۆڕینی چۆنایەتی).

ئەگەر زیاد لەتوانا لەسەر تێکستەکە بار نەکەین ئەوا چەند دێڕێك دێنینەوە کە بیرێکی ئاسانمان لەبارەی ئەم قانوونەوە دەداتێ، کە خانی وەسفی رازاندنەوەی بووك (ستی) دەکات لەلایەن ئارایشکەرانەوە کۆتایی بەم قسانە دێنێ:

**مامەندی کیتابی شاعیرانە**

**مەوزووع ب وەزع خانە خانە**

**ئەو رەونەقو عاریزێد زاتی**

**بوو نوسخەیی سیحری موعجیزاتی**

**ئەبیات ب جەمع بوونە دیوان**

**ئایات ب سونع بوونە قورئان**

**ئەو سنعەتی ئوستادی موتلەق**

**هەرچی کوددی دگو هوەلحەق**[٥٦]





دەتوانین لەم بارەیەوە بەتایبەتی پەنجە بۆ دێڕی سێیەم راکێشین، هەرچەندە شەرحکردنی ئەم دێڕانە بەرەو دوو بیرمان دەبات کە ئێستا لەجێگەی باسکردنیاندانین، کە ئەویش ئەوەیە خانی لووتکەی جوانی لەکتێبدا دەبینێو لەگەڵ موعتەزیلەدا لەمەسەلەی خەلقی قورئاندا یەکە.

## دیاردەو گەوهەر:

مەسەلەی فەلسەفی هەیە خانی بۆ گەیشتنە ئەنجامی باسیان دەکات، دەبێ ئەوەش ببەینە ناو ئەم فەسڵەوە، کە مەسەلەی دیاردەو گەوهەرە (العرض والجوهر). پێش ئەوەی بیری فەیلەسووفو کەلامییەکان دەرخەین روو دەکەینە خانی خۆیو دەبینین بوون بەگشتی بەشدەکات بەسەر دیاردەو گەوهەردا، ئەوەتا کە دروستبووەکانی جیهان دەژمێرێ دەڵێ:

**ئەڤچەندە زەمین دگەل عەناسیر**

**ئەڤڕەنگە عەرەز دگەل جەواهیر**[٥٧]

خانی دیاردە وادەبینێ کە بەهۆی گەوهەرەوە هەیەو بێ ئەو بەتاڵە:

**کوڕ ئاینەیی جەمالی زاتن**

**کچ موزهیری پڕتەوی سیفاتن**

**بێ زاتو سیفەت عەرەز میسالە (یا محاڵە)**

**جەوهەر نەبتن عەرەز بەتاڵە**

**قائیم دبتەن عەرەز ب جەوهەر**

**بێ شەمس قەمر دەبت مونەوەر؟**[٥٨]

خانی ئەم مەسەلەیە بەتەنیا نابینێو بۆ پیشاندانی تەنیا رایەکی زانستی نییە بەڵکو پڕاکتیکەکانی خۆیی لەداستانەکەیدا لەسەر بنیات دەنێ. تا خۆشەیست بباتە بەردەم دڵدارەکەیو یەکسەر پاش ئەم دێڕانە بەسەر زمانی دایەنەکەی(ستیو زین)ەوە بیانوو

بۆشێت بوونی دوو کچەکەو عەشقی ئەوانو مەحاڵیی ئەو جۆرە عەشقە بێ بینینی دوو لاو دەهێنێتەوە (چونکە دوو لاوەکە وایان پیشان دابوو کە دوو کچن)و مەمو تاژدین لەبەرگی دوو کچدا بوون لەداستانەکەدا، دایەن دەڵێت:

**مەیلا ژ روخێ کوڕان بەرێ بت**

**سەدجار کو حورێ و پەرێ بت**

**ئەو مەیل کو دێ بکەت وە مەفتوون**

**ئەو لەیل کو دێ بکەت وە مەجنوون**

**مەجنوون کو نەبت عەدیلێ لەیلێ**

**لەیلێ کو د کەت ب لەیل مەیلێ**

**گول قەت ل گولان د بێتە عاشق**

**عەزرا خۆە بخۆ دبێتە وامیق**(٥٩)

پیرێژن بەردەوامە لەناوهێنانی عاشقاندا کە ئەمە ئەو ئەنجامەی خانی دەسەلمێنێ، ئەوەی لەپاڵ بیرە بنەڕەتی یەکەدا کە باسی دەکەین بیریتر دەهێنێتە پێشەوە کە یەکێکیان دان نەنانە بەخۆشەویستیی نائاساییداو شتێکیشە لە یەکێتیی دوو دژ.

لەمەوبەر لەباسێکیتردا چەند دێڕی خانیمان هێنایەوە کە لەش یا ئینسان گەوهەرەو عەشق عەرەزەو هەروەها عەرەز دەتوانێ جەوهەر بشارێتەوە.

بەزمانی مەمەوە دەڵێ:

**نینە عەجەب ئەربیم حلوولێ**

**من مایە ژ سوورەتێ هیولێ**

**شاهنشەهێ عەشق بێ غەزەر هات**

**جەوهەر ڤەشەرێ دەما عەرەز هات**

**ئەو حالو محەلو جیسمو جەوهەر**

**عیشقێ ژ خۆراکرن موسەخەر**(٦٠)





هەرچەندە خانی باوەڕی بەگۆڕینو لەناوچوونی دیاردەش هەیە، بەڵام لای وایە کە گەوهەریش وەك دیاردە لەناو دەچێت، هەر دیاردە بەتەنیا ناو نانرێت (هەژاو ـ منفعل) وەك فەیلەسوفانیتر ووتوویانە، ئەوەتا لەنەخشاندنی خولی ژیانو بەستنی بەبیری سۆفییەوە دەڵێ:

**یەعنی کو ژ کیسرەتا سیفاتان**

**ئەو تەی بکەتن تەجلیاتان**

**ئەلقیسە ژ گەرمیا جەمالی**

**حاسل کوب شەوکەتا جەلالی**

**جەوهەر کو تەمام موزمەحیل بت**

**تەشبیهی عەرەز کو مونفەعیل بت**

**گەرمیێتیی وان تەجەلیاتان**

**وان موحریقو وان موقەویاتان**

**تەنزیل بکەن ژوی غوباری**

**تەصعید بکەن ژوی بوخاری**

**خالی کو بیت ژ پاش تەصعید**

**هێژا دەچیتە مەقامی تەجرید**

**جەوهەر ژ عەرەز کو بوو موجەڕەد**

**دانێتنە بۆتەیی موجەدەد**(٦١)

بەجۆرە خانی وا دەبینێ کە گەوهەر وەك دیاردە دەگۆڕێ. ئەمەش لەتیۆریی بوون بەگەوهەری دیاردە دەچێت (واتە گۆڕانی دیاردە بەگەوهەر) کە دەدرێتە پاڵ مەلاعەلیی مودەڕیس.(٦٢)

ئەگەر مەسەلەی هیولا پاشان دیاردەو گەوهەر هەندێکجار لای مەسەلەی گەردیلە (ذرات)ەوە دانرێ ئەوا خانی دوور نییە لەبیری دروستبوون لەگەردیلەوە، بەڵام ئەم بیرە

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

تەنیا بەسەر ئینساندا دێنێتەدیو ئیستیلاحی زەڕە هەر بۆ كۆچی دوایی مەم بەكاردێنێ كە دەڵێ:

**فیلجوملە ژ مەركەزا تورابی**

**ئەو زەڕە گهاندە ئافتابی**[٦٣]

یان لەبارەی كۆچی دوایی مەمو زین پێكەوە دەڵێ:

**وان ژی كو برن بەجانیبی زات**

**پاقی گەریان ب زاتی زەرات**[٦٤]

وەك دەزانین خانی گیانی خۆی ماوەیەك لە لەش دەكاتەوە بۆ ئەوەی بڵێت كە بەگیان لەگەڵ دوو دڵدارەكەدا لەزەوییەوە بۆ ئاسمان سەفەری كردووەو ئەوە دەكات بەچاكەی (مەم) بەسەرخۆیەوە كە ئەوی لەگەڵ خۆیدا بردووە بۆ ئاسمان

**ئینامە دەرێ ژ ڤی حیجابی**

**ئەڤ زەڕە گهاندە ئافتابی**[٦٥]

كە لەم گەشتەوە دێتەوە لامان، ماڵئاواییمان لێ بكاتو بگەڕێتەوە لایانو وەسفی ئەو گەردە واتا خۆیمان وا بۆ دەكات كە فەیلەسووفەكان لەبارەی (زەڕە)وە دەیكەن:

**دیسان ڤەگەرم ژ با وە ڕەقاس**

**مومتاز ببم ب جەنەتا خاس**[٦٦]

## هۆو ئەنجام:

خانی باوەڕی وایە كە هەموو ئەنجامێك هۆی خۆی هەیە ئەنجام یا مەسەلە لە(هۆ)وە پەیدا دەبێو هیچ مەسەلەیەك بێ سەرەتا نابێتو بەڕاشكاوی ئەوە بەزمانی پیرێژنە دایەنەكەوە دەڵێ، كاتێ (ستیو زین) پاش گەڕانەوە لەئاهەنگی نەورۆزو بە (مەمو تاژدین) گەیشتنیاندا بەسەرسامیو خەمناكی دەگەڕێنەوە بەڵام دان بەهۆی سەرسامبوونیاندا نانێن. پیرێژن دەڵێ:





مه كتەبی بیر و هۆشیاری

**بێژن كو موقەدیمە چ ڕەنگە**

**ئەو حیرەتە یا خەیاڵی بەنگە**

**هوون بۆچی حەزینن ئەی موطایا**[٦٧]

**نینن چوو نەتیجە بێ قەضایا**

**هوون بێژنە من كو بوو قەضیە**

**كەنگی لمە خوف دبێت خەبییە**[٦٨]

هەرچەندە مەسەلەی هۆو ئەنجام ئەچێتە خانەی سەلماندن (بورهان) لەفۆرماڵ لۆجیكی ئەرستۆداو باوەڕ بەهۆو ئەنجام بەستراوە بە باسی هۆ (عیلەت)ەوە بەستراوە، كە لێرەدا پێوەندی لەنێوان فۆرماڵ لۆجیكو دیالێكتیكەوە نییە...

ڕەنگە هەندێ پێوەندیی دیالێكتیكی خانی كە لەمەوبەر باسمان كرد بەنزیك بزانین لەفۆرماڵ لۆجیكیشەوە، بەڵام فۆرماڵ لۆجیكیش لەدیالێكتیكەوە دوور نییە، ئەنگلز دەڵێ: (تەنانەت فۆرماڵ لۆجیك پێش هەموو شتێك وەك خزمەتی ئەوە دەكات ببێتە ڕێگەی گەیشتنە ئەنجامی تازەو گواستنەوە لەناسراوەوە بۆ نەناسراو.

هەر ئەو كارە، بەڵام لەپلەیەكی زۆر بەرزتردا، دەتوانرێ لەبارەی دیالێكتیكەوە بیڵێین كە لەپاڵ ئەوەشدا لەو ئاسۆ تەسكەی لۆجیكی فۆرماڵ ڕەت دەبێتو باری سەرنجێكی فراوانتری لەبارەی جیهانەوە تێدایە)[٦٩].

دێینەوە سەر خانیو دەبینین ئەم مەسەلەیە بەسەر زۆر كاردا لەداستانەكەیدا تەتبیق دەكات، وەك دیمان بەندكردنی مەم بەهۆیەك دەزانێ بۆ كەماڵی عەشقو كەماڵی عەشقیش بەهۆیەك دەزانێ بۆ بەیەك گەیشتنی هەمیشەیی[٧٠]. هەروەك دوو زمانیی بەكر بەهۆیەك دەزانێ بۆ ئازاردانی هەردوو عاشقو ئازار بەهۆی بەیەك گەیشتن دەزانێ لەبەهەشتدا[٧١]. بەڕاشكاویش ووتوویەتی كە لەیەك كردنیان هۆی بەتاڵبوونەوەو نەمانی عەشق نییە[٧٢]. دڕكی كرد بەنموونە چونكە گوڵ دەپارێزی، هەروەها مار كە گەنجینە

دەپارێزێ[٧٣]، هەروەك تەتبیقی زۆریتر هەیە، بۆ ئەم مەسەلەیە لێرەدا لەمەیدانی ژماردنیاندا نین.

پرسیارێکی تر هەیە دەبێ وەڵام بدرێتەوە ـ ئەویش ئەوەیە ـ ئایا ئەم ڕێکخستنە زانستیو بەرنامە دیالێکتیکییە لەبیری خانیدا بەتەواوی دوور بووە لەبیری مەتریالییەوە. واقیعی بیری بزێوی ئەو وامان لێدەکات وەڵامێکی سلبیمان نەبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم پێکدادانەی بیرو لێووردبوونەوەو زۆری ئاگادار بوونو خوێندنەوەو گواستنەوەی شارەزایانە لەنێوان فەلسەفەو زانستی کەلامو شەریعەتو تەسەوفدا، زۆر بەئەنجام گەیشتنی لێ تێکداوەو تەسەوف بەرەو پرسیارێکی سەرسامانەی بردووە.

زانراوە کە فەیلەسوفە گریکیەکان لەسەدەی شەشەمی پێش لەدایکبووندا، تالیسو ئەناکسیماندرسو ئەناکسیمین، دانیان بەسروشتی مەتریاڵیی دیاردەکانی سروشتدا ناوەو بناغەی ئەوەیان لەیەك بنەڕەتی مادیدا دیووە. (تالیس) لای وایە سەرەتای مەتریاڵیی ئاوەو (ئەناکسیماندرس) مەتریالی بێ سنوورو نادیارەو لای (ئەلابیرون)و ئەنالیمنس بایە. هەموو گۆڕینەکانی کەش لەتیۆریی ئەم فەیلەسووفانەدا جوڵانێکی ئەزەلیی مەتریاڵو گۆڕینی بێ کۆتاییانە...

بیری مەتریاڵیی لەفەیلەسوفەکانی ئیسلامەوە دوور نییە، ڕەنگە چیرۆکی حەی بن یەقزان (حی بن یقظان)ی ئیبن توفەیل (ابن طفیل) لەبارەی لەدایکبوونی حەی کوڕی یەقزانەوە، باشترین نموونەی ئەم داهێنانە بەرچاوە بێت. هەرچی خانییە لەپاڵ ئەوەدا کە باسمان کرد کەوا باوەڕی بەپەروەردگارە، بەڵام بەدڵنیاییەوە باسی دروستبوونی مەتریاڵیی پاش یەکەم سەرەتا دەکاتو لەچەند جێگەدا باسی چوار ڕەگەز دەکات، ئەوەش لەلایەکەوە لەهاوتاکەرە گریکەکان لەلایەکەوە لەفەیلەسووفە دوو فاقییەکانی لەلایەکیترەوە نزیك دەخاتەوە، بەڵام داننانی خانی بەئاشکرا بەقانوونی هۆگەری ـ السببیە ـ دا بەتەواوی لەجێی فەیلەسووفە مەتریاڵییە دیتیرمینییەکان (لەوشەی Determiner)ی گریکی نزیك دەخاتەوە.





زۆربەی ئایدیالیستەکان دان بەقانوونی هۆگەریدا نانێنو لەوانە هەن کە لە جیهانی بابەتییەوە نا، بەڵکو لەهوشیاریو ئەقڵەوە دەگەنە هۆگەریو دەبینین ئەو دێڕانەی خانی پەنجەی بۆ قانوونی هۆگەری تێدا راکێشاوە لەمەسەلەی بووندا بووە بەتایبەتی لەواقیعی بابەتیدا. هۆگەری ئێستا بووە بەیەکێك لەو قانوونانەی مەتریالییە دیالێکتیکەکان ڕێگەییان گرتووە، ئەنگلز دەڵێ: "لەڕێگەی کاری ئاڵوگۆڕی هەمەلایەنەوە نەبێت ناگەینە پێوەندیی راستەقینەی هۆگەری. دەبێ بۆ تێگەیشتنی سەربەخۆ لەپێکەوە بەستنی گشتیی ناوەوەی دەربێنینو بەتەنیا لێی بدوێین، کە جوڵەی گۆڕراو دەردەکەوێ یەکێکیان هۆ (علە)یەو ئەویتر بەهۆ لێکدراوە (مەعلوول)ە[٧٤]. ئەگەر بەرامبەر بەهەریەکە لەبیرەکانی خانی پەنجە بۆ شتێك رابکێشین کە لەبەرنامەیەکی دیاری فەلسەفەی نزیك بخاتەوە، ئەوا پەنجە درێژکردن لێرەدا ئاسایی لەبیری زانستیی هاوچەرخییەوە نزیك دەخاتەوە.

تەسەوف بەسلووك (ڕەفتار) هەندێجار پاڵ بەخانییەوە دەنێ بەرەو لووتکەیەکی فەلسەفە لەمەسەلەی گیانداو هەندێجار دەیهێنێتە خوارەوە بۆ شوێنێکی خواپەرستێکی سادەی دوعاکەرو ناچار دەبێ جارێك بەرامبەر بەلێ وردبوونەوەی فەلسەفی بەبێدەنگی سەرسام بێت:

ئەلقیسە ژ حیکمەتا تە ئاگاه
فەردەک مە نەدی تەبارەکەڵڵا
عیرفان تەڵەبێد ساحیب ئیدراک
دەرحەق تە گوتە ماعەریفناک[٧٥]
خانی بەنەزانیا خوە دەرحەق
گومڕا ببتن نەدوورە ئەلحەق[٧٦]

ئایا دەتوانین خانی لەم دێڕانەدا لەناو ئەو فەیلەسووفانەدا دابنێین، کە بە (نازانم ـ لا أدریون)یان ناو دەبەن، ئەو ڕێبازەی فەلسەفە کە توانای گەیشتنە زانیاریی باوەڕپێکراو

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

(له‌باره‌ی جیهان) وه‌ به‌ڕاست نازانێ یا ڕاده‌که‌ن له‌پرسیاری بنه‌ڕه‌تیی فه‌لسه‌فه‌، ئایا ده‌توانین له‌جیهان بگه‌ین؟ یا له‌باره‌ی سه‌ره‌تای مه‌تریالّی یا گیانییه‌وه‌ که‌ له‌کۆتاییدا له‌گه‌ڵ ئایدیالیزمدا یه‌کده‌گرن. (له‌مه‌وپێش به‌جۆرێکی شه‌رمن له‌جۆره‌کانی مه‌تریالّیزم ده‌رده‌که‌وت‌و تا سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م هه‌ندێ له‌ لێکۆڵه‌ره‌وه‌کانی سروشت له‌ئینگلته‌ره‌ (هیکسلی‌و که‌سانیتر) که‌ ترسان مه‌تریالیستیی خۆیان ئاشکرا بکه‌ن له‌به‌ر هه‌ڕه‌شه‌ی بۆرژوازییه‌کاندا، هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌و به‌رگی دژه‌زانینیان له‌به‌رکرد)[٧٧].



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

## په‌ڕاوێزه‌کان

١ـ وشه‌ی (دیالێکتیك) گریکییه‌، (دیالیگومای به‌مانای: قسه‌ ئه‌که‌م)ه‌و له‌کۆندا وا له‌ووشه‌ی دیالێکتیك ده‌گه‌یشتن که‌ هونه‌ری گه‌یشتنی راستین له‌ڕێگه‌ی به‌یه‌کدادانی بیری دژ به‌یه‌که‌وه‌. بڕوانه‌: مه‌تریالیزمی دیالێکتیك، ل (١٦).

٢ـ هه‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌، ل ١٨٢.

٣ـ هه‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌، ل ١٨٣.

٤ـ هه‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌، ل ١٦.

٥ـ لێنین، ده‌فته‌ره‌کانی فه‌لسه‌فه‌، ل ٢٦٣ (چاپی رووسی).

٦ـ مه‌تریالیزمی دیالێکتیك، ل ١٦.

٧ـ هه‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌.

٨ـ سه‌ره‌تاکانی ئیفلاتوون ـ فیدۆن‌و کتێبی سێو که‌ ده‌درێته‌ پاڵ سوقرات، وه‌رگێڕان‌و په‌راوێزی د. عه‌لی سامی ئه‌لنه‌شار، عه‌لی ئه‌لشه‌ربینی، قاهیره‌ ١٩٦٥، ل ٤٥.

٩ـ ئه‌رستۆ تالیس: زانستی سروشت، وه‌رگێڕانی ئه‌حمه‌د لوتفی ئه‌لسه‌ید، ب١، قاهیره‌، ١٩٣٥، ل ٤١٧.

١٠ـ هه‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌.

١١ـ مه‌تریالیزمی دیالێکتیك، ل ٤٤.

١٢ـ ئه‌مه‌ له‌بنه‌ڕه‌تدا بیری ئه‌رستۆیه‌ که‌ (مه‌شائی)یه‌ عه‌ره‌به‌کان‌و فارابی‌و که‌سانیتر وه‌ریانگرتووه‌. بڕوانه‌ (لێکۆڵینه‌وه‌ له‌ئه‌رستۆو باوه‌ڕه‌کانی ئیسلام)، ل ١٦٠.

١٣ـ مه‌م‌و زین، ل ٢٣.

١٤ـ مه‌م‌و زین، ل ١٤٣.

١٥ـ مه‌م‌و زین، ل ١٨.

١٦ـ مه‌م‌و زین، ل ٢٥.

١٧ـ مه‌م‌و زین، ل ١٩٢.

١٨ـ مه‌م‌و زین، ل ٢٠.

١٩ـ مه‌م‌و زین، ل ٢٣، ٢٤.

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

٢٠ـ هادى العلوي، نظرية الحركة الجوهرية عند الشيرازي، بغداد، ١٩٧١، ل ٤٢، ٤٣.

٢١ـ لیٚنین، لەبارەی دیالیٚکتیکەوە، بەرهەمی تەواو، ژ ٥. ب ٢٩، ل ٣١٧.

٢٢ـ مەم‌و زین، ل ٩٥.

٢٣ـ بەرهەمی تەواو. چ ٥، پ ٢٩، ل ٣١٨.

٢٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٢٥ـ سەرچاوەکەم لە کتیٚبخانەیەك دی‌و لەسەر کارت نووسیم‌و لەکاتی چاپدا نەچوومەوە سەری.

٢٦ـ سەرچاوەکەم لە کتیٚبخانەیەك دی‌و لەسەر کارت نووسیم‌و لەکاتی چاپدا نەچوومەوە سەری.

٢٧ـ مەم‌و زین، ل ١٩٣.

٢٨ـ مەم‌و زین، ل ١٤٤.

٢٩ـ مەم‌و زین، ل ٨٠.

٣٠ـ مەم‌و زین، ل ١٥٠.

٣١ـ نیکلسون ٩٦، ٩٧.

٣٢ـ لیٚنین، بەرهەمی تەواو، ب ١٣، ل ٣٠١، (چاپی رووسی).

٣٣ـ فریدریك ئەنگلز، ئەنتی دۆهرینگ، بەشی یەکەم، باسی ١٢.

٣٤ـ لیٚنین، لەبارەی دیالیٚکتیکەوە، بەرهەمی تەواو، چ ٥. ب ٢٩، ل ٣١٦.

٣٥ـ مەم‌و زین، ل ١٧٤، ١٧٥.

٣٦ـ مەم‌و زین، ل ٩٥.

٣٧ـ مەم‌و زین، ل ٩٦و دوای ئەوە.

٣٨ـ مەم‌و زین، ل ١٨٤.

٣٩ـ مەم‌و زین، ل ١٨٣.

٤٠ـ مەم‌و زین، ل ١٥٥.

٤١ـ مارکس ـ ئەنگلز، بەرهەمی تەواو ب٤، ل ٢٩٧.

٤٢ـ لیٚنین، هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٣١٨.

٤٣ـ وشەی (ئاخشیخ) لەفەرهەنگی فارسیدا بەجۆرەیە، ئاخشیخ: ناوی موبیدی فارسە، گەوهەری رەگەزەکان بەپەروەردگار دەناسێنێ.

ئاخشێخ: بەژێر لەچوارەمدا زەنە ژێر ئەودا، جیم بەمانای پێچەوانەو دژو موخالیف دیٚت، بەپیٚی دژێتی، بەهەریەك لەچوار رەگەزەکەش دەووترێ، هەشە دەڵێت: ئاخشیٚخ بەعەرەبی کردنی (ئاخشیٚگ)ە



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

بەکافی فارسی. (ابن خلف التبریزی. برهان قاطع، تهران، ١٣٣٦، ل ١٦). (تیٚبینی: مەبەست ـ گ ـ ە هەروەك تەنیا فارسی بیٚت ـ نووسەرو وەرگێڕ).

٤٤ـ مەم‌و زین، ل ١٨٨.

٤٥ـ محمد الشهرستانی، کتاب الملل والنحل. لایبزیگ، ١٩٢٣، ل ٢٧٧.

٤٦ـ بڕوانە: هادي العلوي، ص ٧٥، ٧٦.

٤٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٤٨ـ مەم‌و زین، ل ٧٧.

٤٩ـ مەم‌و زین، ل ١٩٢.

٥٠ـ فردریك ئەنگلز: بەرهەمی تەواو،ب ٢، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ٢٩٥.

(٥١) بنەڕەتەکانی فەلسەفەی مارکسی، مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل ٢٢٧ ـ ٢٢٩ (بەزمانی رووسی).

٥٢ـ مەم‌و زین، ل ٥٢.

٥٣ـ مەم‌و زین، ل ١٠٣.

٥٤ـ مەم‌و زین، ل ١٩٢.

٥٥ـ مەم‌و زین، ل ١٥٩).

٥٦ـ مەم‌و زین، ل ٨٤.

٥٧ـ مەم‌و زین، ل ١٨.

٥٨ـ مەم‌و زین، ل ٦٧.

٥٩ـ مەم‌و زین، ل ٦٧.

٦٠ـ مەم‌و زین، ل ٦٣.

٦١ـ مەم‌و زین، ل ١٩١.

٦٢ـ سەرچاوەکەم لەکتیٚبخانەیەك دی‌و لەسەر کارت نووسیم‌و لەکاتی چاپدا نەچوومەوە سەری.

٦٣ـ مەم‌و زین، ل ١٥٩.

٦٤ـ مەم‌و زین، ل ١٥٩.

٦٥ـ مەم‌و زین، ل ١٦٠.

٦٦ـ مەم‌و زین، ل ١٦٠.

* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

٦٧ـ دەتوانین ووشەی (مطایا) كە لەداستانەكەی خانیدا هاتووە، بەمانا عەرەبیەكەی لێك بدەینەوە، دوور نییە دایەنەكە ئەو دوو كچە وا بانگ بكات، رەنگیشە (كۆ)ی (موت)ی كوردی بێت بەمانای بێ دەنگ.

٦٨ـ مەمو زین، ل ٦٤.

٦٩ـ فەرەدرێك ئەنگلز، ئەنتی دۆهرنگ،١٩٥٧، ل ١٢٦ ـ ١٢٧.

٧٠ـ مەمو زین، ل ١٥٥.

٧١ـ مەمو زین، ل ١٨٤.

٧٢ـ مەمو زین، ل ١٧٥.

٧٣ـ مەمو زین، ل ١٧٥.

٧٤ـ ماركس ـ ئەنگلز، بەرهەمی تەواو، ب ٢، ل ٥٤٦ ـ ٥٤٧ (بەزمانی ڕووسی).

٧٥ـ نیشانەیە بۆ فەرمودەی پێغەمبەر (ماعرفناك حق معرفتك).

٧٦ـ مەمو زین، ل ٢٢، ٢٣.

٧٧ـ بنەڕەتەكانی فەلسەفەی ماركسی، مۆسكۆ، ١٩٥٨، ل ١٥.



* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

# خانی و تەسەوف

هەندێ لێكۆڵەرەوە لایان وایە كە تەسەوف بە گەیشتنە كۆتایی سەدەی حەوتەم لەڕووی تیۆرییەوە تووشی گۆڕانو كەمایەتی بووەو هەموو مەزهەبەكان بوون بە دەستكردێكو رەنگ كراو بەو ڕەنگە فەلسەفییەی لای ئیبن عەرەبیو ئیبن ئەلفاریز(إبن الفارض)و كەسانیتر دەبینرێ[1]، هەرچی غەزالی یە كە فەلسەفەو كەلامو خۆشەویستی خوای جیاكردۆتەوە، سۆفیان پاش ئەو هاتوون ئەمانەیان هەموو تێكەڵكردووە. باسی راستیی راستێكانو گیانی محەمەدیو حلوولی خواو ئینسانو تەجەلیو یەكێتی بوونو یەكێتی شهوود دەكەنو كەلام تێكەڵ بە فەلسەفە دەكەنو هەردووكیان بەرەو دیدی خۆیانو میزاجی خۆیان دەبەن[2].

هەندێ لێكۆڵەرەوە لایان وایە كە فەیلەسووف هەن موتەسەویفیش بوون وەك ئیبن عەرەبیو سەهرەوردیو ئیبن سەبعین[3] دەتوانێن ئێمە سەدرەدینی شیرازی (مەلا سەدرا)ش بخەینە پاڵ ئەوان كە نموونەیەكی ئاشكرای كۆبوونەوەی هەردوو سیفەتە لەیەك كەسدا.

* * *

لێكۆڵەرەوەیەك دەپرسێ: پێش ئەوەی ئەو مەسەلەیە لێك بدەینەوە ئەوە بڵێین كە هەندێ رەخنەگر دەڵێن كەوا "وێنەكانی ئەم موتەسەویفو سۆفی یە بەفەیلەسووف بووەكان هەر بە سروشتی" "میزاجێكی ئیفلاتوونی" یان هەیە ـ "واتە میزاجێكی فەلسەفیی شیعریان هەیەو تەسەوفی ئەوان ئەنجامی تێكەڵبوونی ئەو میزاجەیە لەگەڵ ئاییندا"[٤].

نەویستنی ئەم پرسیارانە خۆی دێنێتە بەردەمان، كە دەبینین خانی كەلامو فەلسەفە تێكەڵ دەكاتو وایان تێكەڵ دەكات كە بەرەو تەسەوف بچن، یا بە ووردی بڵێین یەكێتی بوون فەیلەسووفانەو یەكێیتی شهوود سۆفیانە تێكەڵ دەكات. قسەی مامۆستا عەفیفی لەبارەی فەیلەسووفە سۆفێكانەوە دێتە دی كە لای وایە (تەسەوفی ئەوان ئەنجامی كارێكی فەیلەسووفانە بووە لەئاییندا)[٥].

خانی هەموو داستانەكەی دەخاتە چوارچێوەیەكی سۆفیانەوە، بەڵكو بە كۆتای یەكی سۆفیانە كۆتاییان پێ دێنێ. یا هەر وەكو ژیانو نەگەیشتن بە ئەنجامی هەستپێكراوی یەكسەر لەرامانەكانیدا بردبێتیانە ناو گێژاوی بیری سۆفییەوە.

كە بەراوردی خانی لەگەڵ هەر یەكێك لەفەیلەسووفو موتەسەویفەكاندا بكەین روخساری هەندێكیانی لادەبینین، ووتنەوەو دووبارەكردنەوەی بیری هەندێكیانی بە مانا و ووتە لادەبینین، بەڵام ئەم جیاوازیو تێكەڵبوونو هەمە رەنگی یە دەمانخەنە بەردەمی كەسایەتی یەكی دیار چ بەخوێندەوەو چ بە وەرگرو چ بە خاوەن سلووك. ئەگەر رێگەی غەزالیی گرتبێ لەتێكەڵكردنی فەلسەفەو كەلامو خۆشەویستیی خوادا ئەوا دەبێ بە موتەسەویفێك وەك ئیبن عەرەبی یەكێتیی بوونو یەكێتی شهوود كۆدەكاتەوەو دەبینین وەك حەللاج رێگەی لەناوچوون لەرێگەی خوادا (الفناء في الله) دەگرێو بانگی (أنا الحق) بەرز دەكاتەوە، بەڵام بەوێنەیەكیترو بە قەڵەمی شاعیرێكی هونەرمەند، كە رامانەكانی خۆی بەزمانی قارەمانەكانیو كەسانی داستانەكەیەوە دەردەبڕێو لەنەخشەكێشانی وێنەیەكی تیۆریی بیری سۆفی لەداستانەكەیدا نزیك دەبێتەوە.



* * *

ئەگەر هەوڵی دانانی بەرنامەیەك بدەین بۆ بیری سۆفیو بە دووای بەند بە بەندیدا لەداستانەكەی خانی (مەمو زین)دا بگەڕێین ئەوا وێنەیەكی نزیك كامڵی ئەو بەرنامەیە دەبینین.

## ١ـ زوهدو تەسەوف:

خانی زوهدو تەسەوف جیادەكاتەوە، كە لەفەسڵە بەراییەكاندا داوای شتێك لەخۆپەرستیو زیكری خواكردن دەكاتو دەڵێت:ـ

نینن مەد قەلبی فیكرو زیكرەك
ناكەین ب زوبانی حەمدو شوكرەك
خانی كو نەهن ب قەلبی زاكیر
باری بدە وی زوبانی شاكیر[٦]

كە خانی ئەم پایەیە دەدات بە زیكرو زیكركردن بە دڵو بە زمان لێرەدا یا لەجێگەیتردا بەپێی ئەوە قارەمانەكانی ئەوە جێگەی زیكركردن لای موتەسەویفەكان جیا دەكاتەوە. لەو بارەیەوە قوشەیری لەزمانی ئەبوو عەلی ئەلدەقاقەوە دەڵێ: (زیكر بە زمان سوچێكی بەهێزە لەرێگەی حەقدا ـ سبحانەو تعالی. بەڵكو كۆڵەكەی ئەم رێگەیەیە، كەسیش ناگاتە خوای مەزن بە بەردەوامیی زیكر نەبێت: زیكریش دوو جۆرە زیكر بە زمانو زیكر بە دڵ، بەندە بە زیكری زمان دەگاتە بەردەوامیی زیكر بە دڵو كاركردنە زیكری دڵ، ئەگەر بەندە بە زمانو دڵ لەزیكردا بوو، ئەوە ئەو لەوەسفو باری سلووكیدا كامڵە)[٧]

لەزیكری زمانەوە خانی بە پلەكانی تەسەوفدا سەر دەكەوێو بە تەواوی زاهیدو موتەسەویف لەیەك جیا دەكاتەوەو لەعەشقدا شەقڵی موتەسەویف دەبینێو كە خەڵكیتر بەبێ بەری دەزانێ لێی.

كەس نینە ژ عەشق بێ ئەسەر بێت
مومكین كو ژ زەوق بێ خەبەر بێت

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**هەر کەس بە مقیاس هیممەتا خوە**

**دی سەرف بکەت ئیرادەتا خوە**

**لێ ئەکسەری عامیان نەزانن**

**نەفسا[8] خۆ ژ بۆ خۆرا نەزانن**

**ئەو جاهیلو ئۆمیو سەفلین**

**بێ مورشیدو رەهبەرو دەلیلن**

**ناچار دبن ل عەشق بائیع**

**نەقدی خوە ددەن بەخس زائیع**

**هەن سەرف دکەن بە عەیشی دونیا**

**هەن پێ دکرن سەرایی عوقبا**

**ئەڤ هەردوو جەلەب دبن زیانکار**

**مەحرووم دبن ژ زەوقی دیدار[9]**

پاش ئەم جیاکردنەوەیەی زاهیدو موتەسەویف، خانی شەقڵی موتەسەویفمان پیشان ئەدات، کە ئەم دێڕانە پیشان ئەدەین دەبێ بچینە سەر مەسەلەیەکیتری عەشقەوە پێش ئەوەی باس لەم شەقڵەی موتەسەویف بکەین. خانی لێرەدا دوو دەستە عاشق دەبینێ: ئەوانەی دەیانەوێ لەجیهاندا بە خۆشەویستەکەیان بگەن. ئەوانە بە لای ئەوەوە لەهەموو داستانەکەدا لەبەیەك گەیشتنی ئەو دنیا بێ بەری دەبن یا ئەوانەی دەیانەوێ لەو دنیا بەیەك بگەنو لەبەیەك گەیشتنی دنیا بێ بەری دەبن... هەر دوو دەستە بەرای ئەو تووشی بێ بەری بوون دەبن هەریەکە بەپێی توانستو هەڵبژاردنی خۆی، هەر چەندە لەبەیەك گەیشتنی دنیادا نەمانی خۆشەویستی دەبینێ[10] و ئامۆژگاریی ئەوەیە کە لەخۆشەویستی دنیا دوور بکەوینەوەو دەڵێ:

**ڤەدا تە حوباندی بۆ تەدارە**

**زولڤا تە جڤاندی ئەو ڤەنارە**



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**جەزبا تو رەڤاندی جان ل بالە**

**سڕا تو ڤە دای ئەو خوە مەئالە**

**باوەڕ تە نەبێ ل زولفو خاڵان**

**مالی مەدە هیندویان ب تاڵان**

**پابەند مەبە ب تاری گێسوو**

**سەرگەشتە مەبەب ڤەوسی ئەبروو**

**هەرچەند خەلیلی[11] ئەی بەڵاکەش**

**گولزارل تە دبێتە ئاتەش[12]**

یا بەزمانی (مەم) ەوە دەڵێ کە بەیەکتر گەیشتنی ئەو دنیای لەبەیەکتر گەیشتنی دنیا لاباشترە:

**ئەو میر حەکیمە زولجەلالە**

**بێ عەزلو تەغەیورو زەوالە**

**تەزویج کرن ب عالەما غەیب**

**تەئییرد کرن ب ئەمری لارەیب**

**باکورەیی باغی عیزو نازین**

**سەد شوکر کو بیکرو سەرفرازین**

**حاشاکو دەڤی سەرایی فانی**

**بێ جەننەتی عەدنی جاویدانی**

**حەیوان سیفەت ئەم بکەین زینائی**

**بێ هوودە دمەسکەنی فەنائی**

**تەڕدامەنو سەرنگوون و مەردوود**

**شەرمندە بچینە پێش مەعبوود[13]**

* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

خانی لەهەڵویستە فەلسەفی یەکانیدا کە رەنگە تێکەڵ بێت بە تەسەوف یا نەبێت هەردوو جۆری خۆشەویستی، لەخۆشەویستی پەروەردگارەوە. دەبینێ و هیچ جیاوازیی گەورەیان لەنێواندا نابینێ:

**گەر شێخ و گەر مەلاو میران**
**دەرویش و غەنی و گەر فەقیران**
**کەس نینە نەتالبی جەمالی**
**کەس نینە نە راغیبی ویسالی**
**هەن راغیبی حوسنی لایەزالن**
**هەن تالبی قالبی بەتالن**
**لێکن هەمیان یەکە یەقین دۆست**[١٤]
**فەرقا کو هەیە ژ فەرق**[١٥] **تا پۆست**[١٦]

با بچینەوە سەر شەقڵی موتەسەویف لای خانی کە هەر شەقڵەکانی عاشقی راستەقینەیە. خانی پاش ئەو ئامۆژگاری یە داوای وازهێنان لەحەز لەپرچی خاو دەکات:

**هەرچەندە خەلیلی ئەی بەلا کەش**
**گولزار ل تە دبێتە ئاتەش**
**تەشبیهی تە سەد هەزار بولبول**
**سەد جار بکەن فیغان وغولغول**
**پەروانە سیفەت ل پێش وەردان**
**هەردەم دسۆژن ب داخ و دەردان**
**ئەی دل تەخوە دایە بەر هەوائی**
**قەسدا تە ئەوە بکەی سەفائی**
**ئەمما ژ تەبیبی عەشقی سادق**
**من زانی یە بۆ تەرا موافیق**



* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**پەرهیز ژ قیسمی موشتەهاتان**
**تەقوایە ژ ڤان مولەزیزاتان**
**هەرچی کوموخالیفی هەوایە**
**عەینی وی ژ بۆ تەراشیفایە**
**من پرسی یە بێگومان ژ لوقمان**
**خاسیەتێ شەربەتان و لوقمان**
**هەرچی کوشیرینە عەینی دایە**
**هەرچی وەکو تەحلە ئەو دەوایە**[١٧]

خانی بەراشکاوی هەر دوو جۆرەکەی عەشق جیا دەکاتەوەو دەڵێ:

**عەشقا کو ل سەرحەدی کەمالە**
**ئاڤا کو ژمەنبەعی زولالە**
**ئەلبەتە خودێ بکەت حیراسەت**
**ناکەت چو قبوولیا نەجاسەت**[١٨]

خانی عالم و زاهیدو موتەسەویف لەئاییندا جیا دەکاتەوەو لەبارەی: پێغەمبەروە(د) دەڵێ:

**وەرعاوی وە رەنگ دین قەوی کر**
**شەرعاوی سیرات(صراط)موستەوی کر**
**عالم هەمی شوبهی ئەنبیانە**[١٩]
**عابید هەمی پێکڤە ئەولیانە**[٢٠]

## ٢ـ ئیستیلاحاتی سۆفیان:

کرداری جیاکردنەوەی ئیستیلاحات لەبەردەمی یەکگرتنی خانی و تەسەوفدا داماندەنێ، بەڵکو زۆر خەریکبوون بە تەسەوفەوە بەخوێندنەوەو سلووکەوە وای لێدەکات

* * *

ئیستیلاحەکانی سۆفیان لەجێگەکانی تەسەوفدا دووبارە بکاتەوە یا بۆ شوێنیتر وەریانگرێت. چەندجار لەم دوو جێگەیەدا پێکەوە ئیستیلاحاتی مورید، هەیبەت، فەنا، زەوق، تەجەلی، سالك، سالکی تەنیا... دەبینین.

### ٣ـ پلەو حاڵەکان (مەقامات و ئەحواڵ):

خانی لەئیستیلاحاتەوە دەچێتە سەر زانین و باسی ئەوەی سۆفیان ڕێکەوتوون کە ناوی بنێن (مەقامات و ئەحواڵ)[٢١] بێ ئەوەی بچێتە ناو باسێکی پۆلێنکەر یاتیۆرییەوە بۆ ژمارەی مەقامات و ئەحواڵ و یەك بەدووای یەکداهاتنیان، بەڵکو دوو قارەمانەکەی لە فەسڵەکانی دووابیدا وەك دوو موتەسەویف نەخشە دەکێشێ کە بەکردار ئەو ڕێگەیەی تەسەوف بگرن کە بەم مەقام و ئەحوالانەدا رەت بێت:

**زینێ کو نومائە وان کەرامات**

**ئەڤ چەندە مەنازیل و مەقامات**

**ڕوونیشت و وەسیەتا خوە بۆ میر**

**ئەڤ ڕەنگە هە کر بەیان و تەقریر**[٢٢]

خانی لەگەیشتنەدوو پلەدا، لەپاکردنەوەی دڵ لەلایەن(مەم)ەوە لەبەندیخانەدا مەقامێکی تەسەوف دەبینێ، کەلەمەودووا لای دەروێشەکان لە سلوکی سۆفیدا دەبینین:

**گەرتەن بڕزەت وەگەر ببەت خەرق**

**وەردل ببیتن د بەحری غەم غەرق**

**حەقی منە، عەدلە، زوڵم نینە**

**خاسیەتی ئاگری ئەڤینە**

**سۆفیمەو سەومەعە نشینم**

**خۆش تالبی نووری ڕوویی زینم**



* * *

**حاسڵ قەومی مەقامی موتوو (موتوا)**

**بەر موجیبی قەبلە ئەن تەمووتوو (قبل ان تموتوا)**[٢٣]

**تەزکیەیی نەفس بوو موکەممەل**

**تەسیفەیی قەلب بوو موحەسەل**

**ئاینەیی دڵ و بوو موجەللا**

**نەفس و دڵ و گیان(جان)ب هەڤ موسەفا**[٢٤]

یا بەخوا دەڵێ ئەوەی بایەخت پێ دا دەگاتە مەقامی خۆی:

**حازروی دبێ مەقامی مەعلووم**

**گەر خادیمەوی دگێڕی مەخدووم**[٢٥]

یەقین دووا حاڵە لەلای، خانی هەر دوو گیانی(مەم و زین)پاش مردنی مەم یەکدەخات کە بەحاڵی یەقینی تەواوی دادەنێ:

**گووتن کو مەمۆ تو ڕابە زین هات**

**رووحا تەیە بێگومان یەقین هات**

**زینی وەهە گووتە مەم بەدیهی**

**قەم یا جەسەدەن نەفختوفیهی ـ قم یاجسداً نفخت فیە ـ**[٢٦]

نومایشکردنی مەسەلەی گیان لای خانی و هاتوو چۆی بەناو مەقامات و ئەحواڵدا کە لەبیری خانیدا لەم مەسەلەیەداو لە پێوەندیدا بە موتەسەویفەکانیترەوە بەرجەستە بووە، لەدووگیانی(مەم وزین)وگیانی خانی خۆیدا کە لەگەشتە کەیاندا لەگەڵیاندایە دیارە. پێش ئەوەی لەو گەشتەدا لەگەڵ خانیدا برۆین دەبێ باسی گیان بکەین لای ئەوی فەیلەسووف و موتەسەویف و پاشان بگەڕێینەوە سەر ئەو گەشتەی کە بەنومایشێکی ڕەنگینی بیری خۆیی دەزانێ و ڕوومان تێدەکات:

**هەرچی کو قبوول نەکات مەکانان**[٢٧]

**دی سەیر بکات لامەکانان**

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**هوون ڤی سەفەری غەلەت مەخوونن**

**شاهید ژمەرا موقیڕبنوونن**[٢٨]

هەر چەندە بیری ئیفلاتوونی لای خانی لەبارەی گیانەوە بەگشتی دیارە ئەوا كۆمەڵە بیری سۆفیی ئەو لەبارەی گەشتی گیانەوە با بەسترابێت بە سۆفی یە موسوڵمانەكانەوە ئەوە لەگرێدان بە ئیفلۆتینی ئەسكەندرانی یەوە دوور نی یە كە دەڵێ: ((هەركەس ئەم مەشهەدە دەبینێ دەزانێ من چی دەڵێم و ئەوسا دەزانێ كە نەفس ژیانێكیتری هەیە[٢٩] لەش لای خانی لەگیانو لەش دروستبووەو لە زۆر شوێندا ئەوە دووبارە دەكاتەوە كە (بوون لە لەشو گیان دروستبووە)[٣٠] و دەڵێ.

**تەد گوو ڕچ قالبو ڕچ مەقلووب**

**هەر چار ڕچ تالب و ڕچ مەتلووب**

**بێ شوبهە یەكن ڕچ تەن ڕچ ئەرواح**[٣١]

**ئەو موتەحیدن ڕچ جان ڕچ ئەشباح**

لەشو گیان وەك جیاكردنەوەی ناسووت و لاهووت جیا دەكاتەوەو دەڵێ:

**ئەشباح موڕەسسەمن ژ ناسووت**

**ئەرواح موە سەمن ب لاهووت**

**ئەڤ روح و جەسەد ب جەبرو ئیكراه**

**تەزویع بووین ب ئەمری ئەللّاە**

**ناسووتی ئەگەر ڕچ ڕەنگ سەفالە**[٣٢]

**لاهووتی ژ پرتەوا جەمالە**

**حەرفا كو مە گووتی نەقشی هوورە**

**لێ مەقسەدو مەعنیاوی كوورە**

**زاهیر تە ئەگەر نومایە صوغرا**

**باتین ئەوە نەقشی خامەیی كوبرا**[٣٣]





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەمەش وەك لای موتەسەویفەكان زانراوە، بیرێكی مەسیحی یەكانە. ئیبن عەرەبی وەریگرتووەو حەللاج بە چەند دێر كە دیڕەكانی خانی لەو دەچن وەریگرتووە.

**سبحانه من أظهر ناسوته**

**سّر سنا لاهوته الثاقب**

**ثم بدا في خلقه ظاهرأ**

**في صورة الآكل و الشارب**

**حتى لقد عاينه خلقه**

**كخطة الحاجب بالحاجب** [٣٤]

هەرچی بیری(سوغرا ــ صغری)و(كوبرا ــ كبری)یەكە لە دبڕەكانی خانیدا هاتووە ئەو دەرخەری ئەوەیە كە سۆفیێكان باوەڕیان پێیەتی كە (ئینسان ڕێگەی نییە بۆ ناسینی شارەزا (عاریف ) یا پیاوی هەڵبژاردەی خوا ـ ناتوانێ خوا بناسێ، یاشتێك لە نهێنی یەكانی كەون بزانێ، تا هەمووی لە دەروونی خۆیدا نەبینی چونكە ئەو (جیهانی بچووك)ە. ئەو نموونەی وێنەی خوایەو ئەو(بینەری دنیایە) خوا شوێنەواری خۆیی تێدا دەبینێ لەناسینی خۆیدا لەڕاستیی خۆیدا ناسینی خوایە، خۆیشی بەناسینی خوا دەناسێ. خوا لەهەموو شتێكەوە نزیكیترە لەخۆناسینی شت خۆیەوە[٣٥] بەم مانایە ئینسان نزیكو دوورە لەخواوە، شەهادەتو غەیب، سیادەتو عەیب، تاریكیو ڕووناكیی بەواتەی خانی تێدایە.[٣٦] خانی دیتنێكی ئیفلاتوونیی لەبارەی گیانەوە لایە، لەدێڕەكانی پێشوودا جیاكردنەوەی تارمایيو گیانمان هەروەك ئیفلاتوون لەلادی[٣٧] خانی لەزۆر شوێندا لەش بە بەندیخانەی گیان دەزانێ:

**كوجان ژحەبسی تەن جودابوو**

**فریاد وفیغان ژ شەهر ڕابوو**[٣٨]

یا لەبارەی مەرگی (مەم)ە وە دەڵێ:

**حەتتا كو نەبوو ژ دەڤ ئیقرار**

* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**ئەو مای دحەبسی تەن گرفتار**[39]

یا دەڵێ:

**كای جیمسی لەتیف شوجهەتی ڕووح**

**دەرگاهی بەدەن ل بەرتە مەفتووح**[40]

یا دەڵێ:

**ئەو بولبول ئەگەر چ پڕ هەوەس بوو**

**زیندانی بەدەن ل وی قەفەس بوو**[41]

یا دڵ بەوێرانە دەزانێو دەڵێ:

**وێرانەیی دڵ وەمایە خالی**

**قەت غەیری وەكەس نەهن حەوالی**[42]

یا بەدڵی عاشقی زار كە لە لەش ڕایكردووە دەڵی:

**دلهایی كەسان دەروونی تەنها**

**ئیسنافە تەنی بهێلی تەنها**

**ئەڤ بولبولی جان د مەحبەسا تەن**

**مایە ب تەنێ میسالی بیژەن**[43]

**ئینسافە بكەی توجانی بەد ڕوود**

**دەروازەیی تەن بگێری مەسدوود**[44]

وەك بلێین خانی ئەوە دادەڕێژێتەوە كە سەرۆك ئیبن سینا ئەم بیرەی پێ داڕشتووە یا باوەڕی ئەو بەوەی لەش بەندیخانەیەكی تاریكە نەفس چۆتە خوارەوە بۆی و دوور لەجوانیی ئاشكرا پەردەی داوە بەسەر خۆیدا:

**هبطت الیك من المحل الأرفع**

**ورقاء ذات تعزز وتمنع**

**محجوبة عن كل مقلة عارف**[45]



* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**وهی الیي سفرت ولم تتبرقع**

یادەڵێ:

**فلأي شیء أهبطت من شامخ**

**سام الیّ قعر الحضیض الأوضع**[46]

ئەم دێڕانە شت لەوانە زیاد دەكەن كە لەبارەی بیری ئیفلاتوونەوە باسمانكردووە كە بیری خانیو ئیبن سینا تێیدا یەكن لەبیرێكی هاوبەشیتردا، كە بیری ژوورو خوارەوە (علوي و سفلي) بۆ گیانو لەش، دەبینین

خانی ئەم بیرەش بەجۆرە دەردەبڕی:

**میهرا فەلەكی ئەزەل عەدیمە**

**كینا فەلەكی ئەبەد قەدیمە**[47]

**هەرچی وەكو ئەو ژعەردی ڕاكەت**

**ئەلبەتە وی دی دعەردی ڕاكەت**

**عولوی ژ خۆرا عەیان دخوازەت**

**سوفلی ژ مەرا نیهان دخوازەت**

**ئابینی هەر وەكو ئافتابی**

**داڤێتە مەغارەیا تورابی**[48]

ئیبن سینا تاقە كەس نییە كە گیانی شوبهاندبێ بەمەل، ڕەنگە وێنەیەكی دیارتری ئەم شوبهاندنە لای یەكێك لەسۆفیێكانیش ببینین كە قاشانی یە كە دەڵی:

بەندە تا لەبەرزەی گڵ دەرنەچێ ناگاتە مەقامی خۆی، لەبەر ئەوە مەلی گیانی لەكاتی بیستندا دەكەوێتە فڕین بۆ هێلانەی ئەزەل[49] خانی ئەم وێنەیە بە تەواوی دووبارە دەكاتەوەو لەدووا تاوەكانی قسەكانی (مەم)دا پێش مردن دەڵێ:

**گاڤا ئەوی كر تەمەننا ئاخر**

**دەرگاه ڤەبوو ل بەر وی حازر**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تەیری کو قەفەس ل بەر ڤەبووئی
ئەو رەنگ فری وەکی نەبووئی
دەستیێد خو ژ قەیدی گل کشاندن
چنگیێد دە دلی خوە راوەشاندن
شەهباز ژ قەیدی مەرکەزا فەرش
پەرواز کر و گەهیشتە زیلعەرش(٥٠)

هەر بەجۆرە ووتنە ئەبوو بەکری طهمستانی دەڵێ: نیعمەتی گەورە دەرچوونە لەنەفس، نەفسیش گەورەترین پەردەیە لەنێوان تۆو خوادا(٥١).

خانی لەهەموو داستانەکەیدا وێنەیەکی گەشتی گیانو جۆرێك لەشهوود دەبینێ بۆ گەیشتنە مەقام، کە لەفەسلە بەرایی یەکاندا داوا لەساقی دەکات کە مەیی بداتێ تا بدوێ وبنووسێو ئاواز بەخش بێت، ئاشکرابوون(کەشف)و شهوود بە بەشێك دەزانێ لەکاری نووسینی پاش مەست بوون بەو مەیەو دەڵێ:

دا کەشف ببن ژ مە کەرامات
مەشهوود ببن ل من مەقامات(٥٢)

لەرەوشی(مەم)و ژیان و مردنیدا شتێك لەبینینی حاڵو مەقامات دەبینێو لەمردنیدا بەشێك لەباوەری سۆفیانەی خانی لەبارەی گیانەوە دیارە. لەگەڵ ئەوەشدا کە پاکانە بۆ خۆی دەکات لە باوەڕدا ـ بەشتێك کە پێچەوانەی شەرعو زاهیری ئەو بێت. بەلاٚم بە دووادا چوونی خانی لەوێنە پیشاندانی مەرگی(مەم)ی قارەمانیدا بیرێکی تەواومان لەبارەی ئەم بینینەیەوە دەداتێ. میر بەتەگبیری ئامۆژگارەکەی (بەکر) دەکات وفێڵ دەکات بەهۆی بێ دەنگ کردنی تاژدینو براکانیو دەچێتە لای (زین)ی خوشکیو پەشیمانی دەردەخاو بیانوو بۆ ئەو کارەی دەهێنێتەوە بەرامبەر بەمەمو دەڵێ:

عەشقامە ژ وی عەقل ڕەڤابوو
شەیداو جنوونو موبتەلا بوو





مەکتەبی بیروهۆشیاری

زانی ژ حەکیمەکی مەتەدبیر
دێوانە دەوا دەبن بەزنجیر
لەو من بەغەزەب شەهاندە چالی
ئەو حەبس لەوی گەهاندە سالی
دا عەشق بکەت کەمالی حاسل
حوبباوە نەکەت ویسالی باتل
فیلحال دەماب قەلبو جانی
میقداری مەحەبەتی وی زانی
هوون هەر دوو دمەرتەبا کەمالن
مەقبوولنو قابیلیویسالن
مەم عاشقی سادقەب تەحقیق
قەلبی مە دکەت ژ بۆ وی تەسدیق
مەئموورەب ئەمری پادشاهی
مەعزوورەب عوزری بێ گوناهی(٥٣)

پاشان بەسەر زمانی میرەوە وێنەیەکی ئەدەبی نەخشە دەکێشێو ئەوە دەردەخات کە خۆشەویستیی زین بەلاٚی بەسەر مەم هێناو فرمانی دەداتێ. بچێتو خۆی بەرەڵلاٚی بکات:

دیسان تو هەڕە دگەل خەبەردە
قەیدان تو ڤەکە ژ بۆ خوە بەردە
ئەی غونچەیی ناشکفتەیی سوور گوڵ
بشکێن قەفەس دەرێنە بولبول
ئەو تەشنە تونابی زیندەگانی
ئەو مردە توجانی جاویدانی

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەو پەردەگیا کو پڕهەوا بوو
مەزبووت دپەردەیا حەیا بوو
ئەو پەردە برای لێ هەلاڤیت
خوونی د دەڤ و کەپی دی هاڤیت
زینا کو دوو سەد برین ل جەرگی
چوو حالەتی فەوتی شاد مەرگی
بەحرا کو ژ جونبوشا هەوائی
مەحفووز ب پەردەیا حەیائی
حاجیز کو هەوا ڕەڤا دمابەین
بەرزەخ ژ حەیا نەماد بەحرەین
ئەو قەلزەمی غەم کولی بەسەر جۆش
سەرجۆش کولی پەراند سەرپۆش(٥٤)

بەجۆرە خانی گریانی زین پیشان دەدات‌و کۆتایی بەگریانی کاکی دەهێنێ گریانەکە ڕاست بوو و لەباری فێڵ‌و هەڵخەڵەتاندنەوە چۆتە باری سۆزێکی راستەقینەو پەشیمانیی راستەقینە کە پاڵی پێوەدەنێ بەرەو خواستی راستەقینە بۆ بەردانی(مەم‌و زین).

لەپەوڕوو دەکەوێت‌و خەڵکی ناو کۆشکەکە ڕەخنەی لێ دەگرن پەیامهێنەرێك دێت:

یەک هات ژ دەرڤە ناگهانی
گوو مەم مرو دا وە زیندەگانی
زینی مرنا مەم ب گوه کەت
گۆیا مربوو ژ نۆب رۆح کەت
رابوو فەکری دچار کەناران
دی میر دەگریت شوبهی باران
خەلقی حەرەمی خەواس‌و عامی



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ماتەم زەدە بوونە بیلتەمامی
گوو ئەی سەبەبی سەعادەتا من
بێ کەیف نەبە د دەعوەتا من
ئەی شاه تە دایە ڕووحی روخسەت
مەوتا خوە وی دی ژ بۆ خۆ فرسەت
جان چوو ب جان موتەسیل بوو
ئەو رووح ب ڕووحی موزمەحیل بوو
حەتاکو نەبوو ژ دەڤ ئیقرار
ئەو مای د حەبسی تەن گرفتار
تەشبیهی مەمی مەلوول و مەحبووس
بۆ حیفزی رەزا و ناڤ و نامووس
ئەو لەونە دچوو حەتاڤە ئیڕۆ
مابوو ژ ئەڤانیا تەگیرۆ
رووحم تەژ دل دەما ڕەزا دا
شاهم تەد موڵکی تەن سەدا دا
جیسمی منی بێ ئەوا گران بوو
رووحا منی نا تەوان رەوان بوو(٥٥)
دەرحال ژڤالبی ب دەرکەت
شەوقەک ژ رووحا مەمی ب بەرکەت
وان تەرک کرن سەرایی فانی
ئەو چوونە جیهانی جاویدانی
هەرچی کوقبوول بکەت مەکانان
دی سەیر بکەت د لامەکانان

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**هوون ڤی سەفەری غەلەت مەخوونن**
**شاهید ژ مەرا موقیرٍ بوونن**
**گاڤا وەکو جان ژ تەن رەوا بوو**
**جانان وی دیتو جان ب جان بوو**
**حاصل کو ژ پاش ئیتیسالی**
**ئەو پرتەوا مەشعەلا جەمالی**
**گاڤەک سەکنینو موتمەئین بوون**
**حینا کو پیێکڤە موئتەمین بوون**
**ئەو قەترە د قەلزەما سیفاتان**
**ئەو زەرٍە د بەحری موهلیکاتان**
**دەم هاتنە ساحیلی فەنائی**
**گەه چوونە بسەرحەدی بەقائی**
**فیلجوملە ژ مەرکەزا تورابی**
**ئەو زەرٍە گەهاندە ئافتابی**[٥٦]

لێرەدا بیری خانی لەبارەی گیانەوە ئاشکرابوو، ئەوەش بیرێکی (ئیلحاقو ئیتیسال)ە، بەڵام بە تەواوی ئەوە نەفی دەکات تا شتێکی دوور لەشەرعی نەدرێتە پاڵو یەکسەر دەڵێ:

**قەتعەن نە ب ئیتیسالو تەحلیل**
**مەحزا نە ب ئینفیسالو تەحویل**
**وان رێ کو برن ب جانیبی زات**
**باقی گەریان بە زاتی زەرٍات**[٥٧]

خانی هەوڵ ئەدات چی بیر لەم پارچەیەدا هەیەو لەشوێنیتردا باسی کردووە دەرخا، کە دێینەوە سەریو بە جۆری سۆفیو فیقهی لێکیان دەداتەوە، بەڵکو دەیداتە پاڵ تەسەوف،





بەڵام کام بیر یا ڕێبازی سۆفی....؟ لێرەدا خانی وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە کە هەمیشە موتەسەویفەکان پرسیویانەو لێکۆڵەرەوەکانی تەسەوف لەم سەردەمەدا پێوەی خەریك نەبوون، ئەویش ئەوەیە ئایا تەسەوف بە تایبەتی کاتێ بوو بە تەریقەت دەبێ لەژێر سێبەری دەستەیەکی سۆفیدا بێت کەسەر بە یەکێك لەشێخە گەورەکان بێت واتە سۆفی هەر دەبێ شێخی هەبێ....؟ یا دەبێ کە تەسەوف کارێکی تاقە کەسی بێت چونکە هەموو سالیك بەرەو خوا ژیانی تاقە کەسیی تایبەتیو جیهانی گیانیی خۆی هەیە کە تەنیا تێیدا دەژی لەکۆندا هەندێ لەعاریفان ووتویانە: (ڕێگە بەرەو خوا بە ژمارەی هەموو سالیکەکانی بەرەو ئەون)[٥٨]

هەندێ سۆفیان مەسەلەی شێخو بوونی بە تیژی دەگرن. تەیفووری بەسطامی دەڵێ:ـ "ئەوەی مامۆستای نەبێ شەیتان پێشەوایەتی[٥٩]. شەعرانی دەڵێ ئەوەی مامۆستای نەبێ بیگەێنێت بە زنجیرەی سەر بەو بوونو دەمامك لەسەر دڵی لا نەدا، لەم بارەیەوە دۆزراوەی بێ باوكو ئیدعاکەرەو نەسەبی نییە"[٦٠]

ڕەنگە لەهەموویان ناسکتر لەدەربڕینی رادا قوشەیری بێت کە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە خەڵکێتر ووتوویانە، ئەو ووتوویەتی: لەمحەمەدی کوڕی حوسەینم بیستووە ووتی لەمەنسووری کوڕی عەبدوڵڵام بیست، کە لەئەبوو عەلیی سەقەفی "الثقفي" بیستووە ووتوویەتی: "ئەگەر پیاوێك هەموو زانست کۆ بکاتەوەو هاوڕێی دەستەکانی خەڵك بکات، ناگاتە پلەی پیاوان، بەریازەت نەبێ لەشێخێکەوە یا لەپێشەوایەکەوە یا لە دەرسدادەرێکی ئامۆژگاریکەرەوە نەبێ، هەرچی ئەدەبی لەئوستادێکەوە وەرنەگرتبێ کە خەوشی کارەکانیيو ڕەقییەکانی خۆیی پیشان بدات، نابێ پشتی لەراستکردنەوەی کاروباردا پێ ببەسترێ[٦١]".

خانی خۆی بە خاوەنی ڕێبازێك دەزانی لەتەسەوفداو کەماڵی عەشقو گەیشتنە ئەو لەڕێی موجاهەدەو دەروون پاك کردنەوە بە کۆتایی دەزانێ، هەروەها وەك ڕەفتاری خۆی لەفەلسەفەدا دان بە کۆمەڵێك ڕێو شوێنو ڕێنوێنیو ڕەفتاری سۆفیانە دانانێت. بەڵکو

* * *

ئەوانەیان لـێ هەڵدەبژێرێ کە لەناو هەر کۆمەڵێکدا باوەڕی پێیان هەیە خویشی شـتیان دەخاتە سەر، بەوە دەبـێ بەو شێخەی کەسانیتر بانگ دەکات کە دووای کەون بەڵام بە دوو دڵیەوە یا بە تەوازوعەوە دەوەستێو بانگەوازەکەی دەرناخات، بەڵکو ئەو قارەمانەی خۆی کە لەحیکایەتی خەڵکی وەردەگرێو دیـمەنی سـۆفی لـەخۆیو لـەرەفتاری زیـاد دەکـات، دەگات بەو شێخەی وا دەردەخات کـە دووای ئـەو کـەوتووەو داوا لەخـەڵکیتر دەکـات کـە دووای کەونو ڕێبازەکەی بە ڕێبازی (مـەمو زیـن) نـاو دەبـات چـونکە پـاش ئـەو دێڕانـە یەکسەر لەبارەی ئیتیسالی گیانەوە دەڵێ:

**نین عەجەب ئەڤ خەبەر ژ بۆ من**
**هوون ڤی مەکەنە هونەر ژ بۆ من**
**شێخی وەکو ئەز ب دل موریدم**
**ئەو رووحی رەوانە ئەز ڤەدیدم**
**هەرچەندە ل باوە ناڤی مەم بوو**
**لێ پادشەهەک عەلی هیمەم بوو**
**بوو لائیقی فەڕی پادشاهی**
**مەقبوولی تەقەڕوبا ئیلاهی**
**قەلبی وی‌یە وادی‌یا موقەدەس**
**رووحا وی ب نووری حەق موقەبەس**
**هەڵگرتمو برمە تووری سینا**(٦٢)
**بینەندە کرم د گەل خۆبینا**
**ئێنامە دەرێ ژ ڤی حیجابی**
**ئەڤ زەڕە گهاندە ئافتابی**
**حینا کو ب جان من ئەڤ سەفەر کر**
**ئەڤ جانی مە ژ جان فرۆشی ڤەرکر**



* * *

**هەرچەندە کوزاهیر ئیقلەعی گوت**
**حازر وی دپێڤە ئیرجەعی گوت**(٦٣)
**لەو هاتمە دا بکەم وە رازی**
**مەرزی‌یە ببم ل پێشی قازی**
**دا ئەز بکرم د گەل وە تەودیع**
**داهوون بکرن د گەل مەتەشییع**(٦٤)
**دیسان ڤە گەرێم ژ باوە رەڤاس**
**مورتاز ببم ب جەنەتا خاس**(٦٥)

خانی لەچەند دێریتردا بـە دڵنیاییـەوە باسـی (شـێخێتی)ی مـەم دەکـات، زیـن پـاش ئەوەی ئەو هەموو شتە دەبینـێ روو دەکاتە لاشەی راکشاوی مـەم لەبەندیخانـەدا، لێـرەدا خـانی لەپارچـەیەکیتردا، لـەپاڵ ئـەم بیرەیـدا، بیرێکـیتر لـەبارەی گیـانو جیابوونـەوەو ئیتیسالو تەحلیلو شتیتر جارێکیتر دووبارە دەکاتـەوەو ئـەوە دەردەخـات کـە زیـن پـاش ئەوەی ئەو ووشە پڕ وەفـاو سـۆزانە لەبراکـەی دەبیـستێو ڕێـی پـێ دەدرێ بـچێتەوە لای مـەم، ئەگەر زیندوو بوو، لەبەندیخانە دەریهێنـێ، سەد کەنیزەکو دایەنەکەی هەڵیـدەگرنو دەیبەنە زیندانەکەی مەم بۆ؟.....

**زانی کو نەبوو مرادی حاصل**
**بێ خەڵوەتی خاسی شێخی کامل**
**ئەڤ زەڕە میسالی زوهرە رەڤاس**
**بوو مەحرەما رازی خەڵوەتا خاس**
**گاڤا کو گهانە خەڵوەخانی**
**دەرگە ڤەکرن لەحەبسخانی**
**ئەو پێکڤە ب مەشعەلو فەنەرچون**
**داییینو ستی هەنەک د بەر چوون**

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**دیتن کود ساحیلی سه‌ده‌فدار**
**ئه‌و غه‌رقه‌یی به‌حری عه‌شقی خونخوار**
**دوڕ دا نه‌یی بێ به‌های جانی**
**ده‌ردایه ژ ده‌ست خوه رایگانی**[٦٦]
**فانووسی قه‌فه‌س وه مایه بێ تاب**
**گولزاری به ده‌ن وه‌مایه بێ ئاب**
**وان پرس کرن ژخه‌لقی به‌ندی**
**حالی وی فه‌قیری موسته‌مه‌ندی**
**خه‌لقی کو دگه‌ل مه‌می گرفتار**
**گووتن کو مه‌دی ژ سه‌تحی دیوار**
**به‌رقه‌ک ب عه‌جه‌ب مه‌می ب سه‌رکه‌ت**
**شه‌وقه‌ک ژ سه‌ری مه‌می ب ده‌رکه‌ت**
**یه‌ک شوبهه‌تی رۆژ یه‌ک هه‌یڤ بوو**
**یه‌ک شوبهه‌تی زێڕو یه‌ک زه‌یڤ بوو**
**ئه‌و شه‌مس‌و قه‌مه‌ر کو موتته‌سیل بوون**
**ئه‌و هه‌ردوو ب زه‌وء (ضوء) مونعه‌کیس بوون**
**ئه‌و ره‌نگ گه‌ریان مونیرو ره‌وشه‌ن**
**زیندان ل مه‌کرنه سه‌حن‌و گولشه‌ن**
**مه‌م ژی ب ڤی ره‌نگی بێ خه‌به‌ر بوو**
**خوونا دلی وی به ده‌رڤه‌ده‌ر بوو**[٦٧]

جارێکیتر خانی یەکسەر هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو بەهانە سۆفیانانەی خۆی دووبارە دەکاتەوە لەبارەی مەسەلەی گیانەوەو جارێکیتر پەنجە بۆ شێخ رادەکێشی کە (مەم)ە و یەکسەر دەڵێ:



* * *

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**ئه‌ی دیده‌یی دل نه‌بوویی مه‌فتووح**
**ئینکار نه‌که‌ی ته‌جه‌للیا رووح**
**دا فکر نه‌که‌ی کو ئه‌ڤ حلووله**
**یا نه‌سخه‌، خرووجه‌یا دخووله**
**دا زه‌ن (ظن) نه‌به‌ری کو ئه‌ڤ میساله**
**یا قه‌ولی زه‌عیفه یا به تاڵه**
**خوونا تو دبینی ئه‌ڤ مه‌قامه**
**شه‌یئه‌ک ژ شهوودی نا ته‌مامه**
**هه‌م سوحبه‌تیا مه‌می موکه‌ڕه‌م**
**ئاگاه کرن هه‌ڤال‌و هه‌مده‌م**
**وی موڕشیدی قنج ل وان نه‌زه‌رکر**
**قه‌لبی وی دقه‌لبی وان ئه‌سه‌رکر**
**هه‌م خه‌لوه‌تیا مه‌می گرفتار**
**بوو په‌رده‌گوشای یارو ئه‌غیار**[٦٨]

کەواتە خانی لەپاڵ هەموو بیرەکانیتریدا لەم وێنەیەدا مردنی مەم بە حاڵێك لەحاڵەکانی سۆفیان دادەنێ، گیان بە حاڵی (ئونس‌و تەمئەنینە)دا، وەك لەپارچەکەی پێشوودا دیمان رەت بوو، لێرەدا گەیشتە حاڵی (موشاهەدە) یا (شهوود)ی نا تەواو پاش ئەوە (یەقین) دێت کە دووا حاڵە، کە بەڕای زۆربەی سۆفیان بەسالیك دەیگاتێ، با دووای وێنەکەی خانی بکەوین کە پاش ئەو چەند دێڕە یەکسەر دەڵێ:

**داییین وستی کو چوون ب سه‌ردان**
**چه‌ندی کو ئه‌وان دگه‌ل خه‌به‌ردان**
**گووتن کو مه‌مۆ تو رابه‌زین هات**
**رووحاته‌یه بێگومان یه‌قین هات**

* * *

ئەو تەشنە لەبی زولال دیدار
شاداب نەبوو ب ناڤی دلدار
هەندێ کو ریا دلی گوشاندن
هەندێ کو گولاڤ لێ رشاندن
وان سەه نەکرن دجیسمی جانەک
ئیللا ژ سەری دچوو دوخانەک
وی موردە چراغی ناگەهانی
دووکەل ژسەری دچوویە بانی
زین هاتو ژ پێشڤە بوو حەوالە
بەدری کوڤەدا ژبەر خۆ هالە
بورقوع کو ڤەدا ژ بەر جەمالی
خورشید نوما دگەل هیلالی
زینی وەهە گووتە وی بەدیهی
(قم یاجسداً نفخت فیه)[٦٩]
شەوقا خەبەری دڤی شەپالی
بەربوویە سەری دەوی شمالی
وی دەوی قەبەس ژ شەوق راگرت
قەندیلی قەفەس قەبەس کو داگرت
ئەو خەلوەتیی د ئیعتیکافی
رابۆڤە ب نیەتا تەوافی
ئەوەل ئەوی کر ب سیدق دەردەم
تەجدیدی و زووو (وضوء) ب ئابی زەمزەم
وەستا ب موسەللاو مەقامی



* * *

وی جەبهە گەهاندە ئیستیلامی
تەوفەک دوو کرن ل دەوری بەیتی
پەروانەیی پەڕ گەهاندە زەیتی
گاڤا کو پەڕ ل وی دسووتن
وان چەند کەلام پێکڤە گووتن[٧٠]

لێرەدا خانی پەپوولەو مۆم (شەمعو پەروانە) لەگەڵ یەکدا دەخاتە قسە، کە هەردووکیان لەئەدەبیاتی رۆژهەڵاتدا نیشانەی دوو خۆشەویستن. لەوێدا وێنەیەکی ئەدەبیی خۆشەویستیو تەسەوف دەبینین. پاشان دەمانباتە سەر لەیەکتر دووانێکی ئەدەبییتر لەنێوان دایەنو ستی لەملاو بەندەکان لەولایترەوەو لەنێوان مەم لەلایەکەوە بۆ ئەوەی هەڵسێت. ئەگەر بولبولە وا گوڵ هاتە لایو ئەگەر نەخۆشە ئەوەتا لوقمان. ئەگەر مردووشە وا عیسا هات[٧١]، تا دوایی ئەم تەشبیهانە. چونکە هەموو داوا دەکەن بچێتە لای میر کە لێی بوردووەو مەبەسی دێنێتەدی. خانی بە زمانی مەمەوە بیرێك دەردەخا کە دوو لایەنیی تێدایە (دنیاییەو سۆفییە):

ئەز ناچمە حەزرەتا چو میران
ئەز نابمە بەندەیی ئەسیران
ئەڤ میرو وەزیریا مەجازی
ئەڤ شەعبەدەو خەیالو بازی
بیلجوملە بە تاڵو بێ بەقانە
بێ عاقیبەتن هەمی فەنانە
میرێ کو مرن هەبەت نەمیرە
مەعزوولی هەبەت ئەوی ئەسیرە
ئەم چوونە حزووری میری میران
وی حاکمی حاکمو فەقیران



مەكتەبی بیروهۆشیاری

* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

شاهنشەهی میرو پادشاهان

بەخشندەیی توهمەتا گوناهان

ئەی چێکەری نینکا جەمالی

تیرا خوە نوما ب زولف‌و خالی

فانووسی بەدەن کری موتەللا

تێدا ژ مەرا کری تەجەللا

ئەو میر حەکیمە زولجەلالە

بێ عەزل‌و تەغەیور وزەواله[٧٢]

خانی به زمانی مەمەوە (لەچەند دێری پێشوودا کە لەشوێنێکیتردا پێشکەشمانکرد) وەسفی ئەوە دەکات کە چۆن خوا لەبەهەشتدا لەیەکی مارەکردوون، ئەو بەیەکتر گەیشتنی چەپەڵی لەم دنیایەدا لانارەوایەو باسی ئەوە دەکات چۆن فریشتە چاوەڕێی گەشتی ئەوان‌و بەیەکتر گەیشتنیانە لەبەهەشتدا دەڵێ:

لێ جەننەتی عاشقان جودایە

میعادی لیقای کیبریایە

عالیترە ئەو ژ باغی ریزوان

ناگونجنە وی حورو غیلمان

هێڤی دکەین ئەم ئەوی ژ مەعبوود

نینن مە ب غەیری وی چو مەقسوود[٧٣]

کە (مەم) ئەوە بە ئاوات دەخوازێ، گیانی زین دەفڕێ‌و لەمەڵبەندی گل دەکشێتەوە.

ئەگەر خانی باوەڕی بە بەردەوامیی گیان‌و مەرگی مەم‌و زیندووبوونەوەی گیان بەهاتنی (زین)و فووکردنی بە لەشدا هەبێ. جارێکیتر دێتەوەو نەخشەی ئەم بیرە دەکێشێ. کە (زین) دەمرێ‌و بە جۆرێکی گەورەو بەشکۆ بەپێی وەسیێتی خۆی بەرێ



* * *

دەکرێ هەر بە تەنیشت (مەم)ەوە لەیەك گۆڕدا، پاش ئەوەی لەناو گۆڕدا دادەنرێ دەنگێك لە لەشی (مەم)وە کە پێش ئەو نێژراوە بەرز دەبێتەوە:

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

حاصل ڤەکرن ژ نوێڤە سندووق

میر گووتە مەمی ژ بۆتە مەعشووق

سێ جار ژ قالبی سەداهات

ئاواز ب لەفزی مەرحەبا هات

هەمیان کو بهیست سڕ تەحقیق

بیلجوملە کرن ب عەشقی تەسدیق

تەحسین‌و سەد ئافەرین ژ وانرا

قەت مەیلی دونێ نەبوو ب وانرا

ئالوودە نەبوون ب خاك‌و خاشاك

ئەڤ بوو ئەسەرا موحیبەتا پاك

پاكیزەو و پاكباز ئەو چوون

دوو شیزەو سەرفراز ئەو چوون

لەب تەشنەو بەر ژ هەڤ نەخواری

حەسرەت زەدە چوونە پێش باری

خۆش عەیش کرن ب عەشق وەڵلا

خۆشی پێکڤە مرن تەبارەکەللا

هەرچی ب جوانی شوبهی زینی

تەبدیل بکەت ب عەشق ژینی

یامیسلی مەمی ب عەشق سەردەت

عەیش‌و خۆشی ل ڕێ بەدەردەت

ئەلبەتە مرادی دی هەلێنێت

* * *

**هەرچی کو ئیرادە تـێ ب بینێت**(٧٤)

خانی ئەم فەسڵە بە دوعایەکی سۆفیانەی کارتێکەر کۆتایی پـێ دێنێـت کـە لەمـەو دووا باسی دەکەین. خانی واز لەڕووداوەکانی داستانەکەی ناهێنێت بـێ ئەوەی رەنگێکی سۆفیانەو بینینێکی سوفیانەی پـێ نەبەخشـێ لەچـەند شـوێنێتردا کـە دەیـەوێ تێمـان بگەێنێت بەکر هەرچەندە خراپ‌و پیسە بەڵام چۆتە بەهەشت، ئەم هەواڵـە چیرۆك ئـامێزە دەباتە چوارچێوەی کەشفێکی سۆفیانەوەو بە زمانی پیرێکـەوە کـە ئـەم کەشـفەی دەست کەوتووە ئاگادارمان دەکات.

**ئاگاه ژ حالی دەوری ئەییام**

**ئەڤ رەنگەهە گووتە من سەرەنجام**

**گوو پیرەکی میهرەداری عاشق**

**قەولی وی ژ رەنگی سوبحی سادق**

**وەقتێ وەکو ئەو دبوو موراقیب**

**رۆحاوی دبوو ل جیسمی غالیب**

**ئەسرار دبوون لەوی دیاری**

**نێچیر دکر ل عەرشی باری**

**قەلبی وی ژ سڕی لەوحی مەحفووز**

**هەر لەحزە دبوو ب کەشف مەحزووز (محظوظ)**

**غائیب کو دبوو ژ عالەما گڵ**

**غالب کو دبوو ل عالەما دل**

**زاهیر کو دبوون ژوی کەرامات**

**ئاگەه دکرن خودان مەقامات**

**وی پیری ب خەون ئەگەر ب ئیلهام**

**ئەڤ رەنگەهە کر حەقیقەت ئیعلام**



* * *

**گوو چوومە دیاری باغی ریزوان**

**من دی دوو هەزار حوورو غیلمان**

**بیلجوملە دقەسرەکی عەلەمدار**

**ئەو قەسر بیتون ژ دوڕی شەهوار**

**یەک شوبهی بەکر ب تاج‌و بن پەڕ**

**وەستای ل بەر دەری موقەڕەڕ**(٧٥)

خانی بە زمانی ئـەو پـیرەوە باسـی بـەکر دەکـات‌و موناقەشـەی هـۆی لێبوردنەکـەی‌و چوونە بەهەشتی دەکات، لەنیشانەیەکدا لەم موناقەشەیەدا خانی کەشفەکانی وەلییەکان باس دەکات‌و بە زمانی بەکرەوە بەو پیرە دەڵـێ:

**گوو شێخ تو هێژ نەبوویی عاریف**

**ئەمما دەدونێ تو بوویی واقیف**(٧٦)

کە خانی لەکۆتایی وێنە چڕەکەیدا وێنەیەکمان دەداتێ کە ناومان نا خـولی ژیـان بـۆ ئەوەی بەکۆتاییەکی سوفیانە تەواوی بکات. کە دووای (جەنین) دەکەوێت کۆتایی مـەزنی لەبەمراد گەیشتنداو لەگەیشتن بە پلەی "موریدی واصل"دا دەبینـێ‌و لەم مـەسەلەیەشدا کە باس لەگیان‌و دروستبوون‌و جێگیربوونی دەکـات لـەحاڵی (جـەنین)دا...هتـد، پاشـان لەناوچوونی بە تەواوی لەڕێگەی مانەوەی بە (حەق)دا، هـەوڵ دەدا کـە لەهـەموو شـتێك دوورکەوێتەوە کە لێکدانەوەی هەستپێکراوی (کۆنکرێتی)ی گەشتی گیـانی تێـدا بێـت، ئەو لەپاڵ نەخش کێشانی چەند جارەی ئەو گەشتەدا دەڵـێ:

**ئەمما نە بە ئیتیسال‌و ئیلحاق**

**بەڵکی نە بە ئینفیسال‌و ئیتلاق**(٧٧)



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مه كته‌بى بيروهۆشيارى

**٤ـ گەیشتنە پلەو لەناو چوون لەڕێگەی خوادا:**

موتەسەویفەکان لایان وایە کە ژیان، دوو لایەنی جیاوازی هەیە، بەڵام یەك تەواوکەرن. یەکەم: لایەنی موجاهەدە یا پاکردنەوەی نەفسە . . دووەم: لایەنی کەشفو ئیشراقە[٧٨]

هەندێك لایان وایە کە هیدایەت بەرێکە لەبەرەکانی موجاهەدە[٧٩] خانی مەسەلەی پاکردنەوەی نەفس دەردەخاو بنەڕەتی کەشفو ئیشراقی تێدا دەبینێو کە داستانەکەی بەم کۆتای یە سۆفییە کۆتایی پێ دەهێنێ ئەوا هەر بەو جۆرە دەستی پێدەکات لەشیعری خۆیدا وێنەیەکی کەشف دەبینێ سەرچاوەکەی پاك کردنەوەی دڵە، خانی کە لەسەر ڕێو شوێنی شاعیرە کۆنەکانو شاعیرە سۆفییەکان (بەتایبەتی) لەچەند دێڕی زۆردا داوا لەساقی دەکات مەیی بداتێ، بیانووی بۆ ئەوە ئەوەیە کە مەیی خوایی سەرچاوەی کەشفو ئیشراقەو سەرەتای ئەفراندنە:

**مومکین ژ فەیزی بێ نیهایەت**
**یەک قەترە ببەت ل من عینایەت**
**نەشنا قەدەحا مەیا موڕەوەق**
**کەیفا عینەبا ڕەزی ب ڕەونەق**
**نەو ڕەنگ بکەت د نەفسی تەنسیر**
**حاسل ببەتن د قەلبی تەشویر**
**یەعنی بکەڤتە جانی شەوقەک**
**حەتا بگەهێتە قەلبی زەوقەک**[٨٠]
**تەنسیری نەفەس ببەت ژ بۆ من**[٨١]
**تەشریحی قەفەس ببەت ژ بۆ من**[٨٢]
**تەسفیەیی دل ببەت مەحاسڵ**
**هەڤدەنگ ببم دگەل عەنادل**





مه كته‌بى بيروهۆشيارى

**مورغی دلی مردەبێتە پەرواز**
**بێ پەردە[٨٣] ببەت ترانە پەرداز[٨٤]**

یا لەبارەی ئەنجامی پاکردنەوەی دڵەوە دەڵێت:

**تەزکیەیی نەفس بوو موکەمەل**
**تەسفیەیی قەلب بوو موحەسەل**
**ئایێنەیی ڕووح بوو موجەللا**
**نەفسو دڵو جان ب هەڤ موسەفا[٨٥]**

تەزکیەی نەفسو تەسفیەیی دڵ کە خانی بە ئاواتیان دەخوازێ، بەبێ موجاهەدە نابن، یەکەم کەس کە پاکردنەوە (تصفیە)ی دڵی بۆ بووە (مەم)ی قارەمانو شێخی ئەوە، خانی لەئازارو بەندکردنی ئەودا هەمیشە جۆرە موجاهەدەیەك دەبینێ کە بە کەشفو ئیشراق کۆتایی دێت، بەڵکو وەك سالیکێکی پلە بە پلە سەرکەوتوو لەمەقامو حاڵەکاندا دەست پێدەکات.

خانی لەسەرەتای بەندکردنیدا وەك کەسێك وەسفی دەکات کە لەسەرەتای سلووکدا بێتو دەڵێت:

**ڕوونیشت دوێڤە عابیدانە**
**زیندان ل وی بوویە چللەخانە[٨٦]**
**نەو چاه ل وی بوویە چاهی نەخشەب[٨٧]**
**نەو مەه گەریا هیلالی یەکشەب[٨٨]**
**سۆفی کو گەهیشتە کونجی خەلوەت**
**شێخی کو گەها مەقامی وەحدەت**
**گەه شوبهەتی عاشقان ب دڵخواز**
**گەه شوبهەتی عابیدان ب داخواز**
**هەر لەحزە دگەل کولا گرینی**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ئەڤڕەنگەهە وی دگووتەزینی**[٨٩]

لەموناجاتێکی درێژدا لەگەڵ زینداو تەشبیەکردنی بە حاڵی ئەو عاشقانەی پێش ئەو بەناوبانگ بوون، مەم کۆتایی سۆفیانەی خۆی بەم قسانە دەهێنێ کە دەڵێ:

**دونیا ل مەگەر بوویە زیندان**
**ئیرۆهە تەنێ ئەزم موسڵمان**
**ل ورا ژ دەڤی نەبیی مورسەل**
**بوو ئەڤ خەبەرە سەحیحو مورسەل**
**دونیا کو بە هەشتی کافرانە**
**مەئوای بەڵای موئمینانە**[٩٠]
**هەرچەند قەوی مشەوەشم ئەز**
**ئەو چەند ب مشەوەشی خۆشم ئەز**
**سەد ساڵ بگیری من تو مەحبووس**
**ما ئەزڤە دبم ژ وەسل مەئیووش**[٩١]

خانی ئەم وێنە سۆفی یە هەر بۆ مەم بە تەنیا ناکێشێت، بەڵکو هەوڵ دەدات کە (زین)ی قارەمانیشی هەر بەو وێنەیە پیشان بدات. لووتکەی عەشق لای ئەو، لووتکەی زیکری سۆفیانەیە:

**گاڤا وەکو مەم گەهیشتە چالی**
**ئومێد نەما ژ بۆ ویسالی**
**نوزهەتگەو شەهنشینو ئەیوان**
**لێ بوونە حەسارو حەپسو زیندان**
**هەندێ وەکو شەربەتو تەعام بوون**
**گۆیا کو لەوی هەمی حەرام بوون**
**جانی نەدەکر چوو خوابو راحەت**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**جیسمی نە دەدی چو تابو تاقەت**
**ئەو رەنگ زەعیف و زار بوو بوو**
**گۆیا کوب جیسم تاری موو بوو**
**ئەو موو گەریایە زەعفەرانی**
**تەشبیە ب رەنگی روویی خانی**
**شەب تا بە سەحەر، سەحەر حەتا شەب**
**فاریغ نەدبوو ژزیکری یا رەب**[٩٢].

زین پاش ئەم دێڕانە لەگەڵ گەردووندا دەدوێ کە چۆن لەمەمی بێ بەری کردووەو بانگ کردنی بێ گیانی سوفیانە نی یە. دەبینین(مەم) لای ئەو "رووناکی" و "بریقە"یەکە گەش دەبێتەوەو دەیسووتێنێ پاشان کز دەبێتو بەمە حیکایەتی یوسفمان دێنێتەوە یادو خۆی ئەشوبهێنێ بە یەعقووبو جارێك بەزولەیخا ئینجا سوێندی دڵسۆزی دەخوات بە سوێندێك کە لەشوێنێکیتردا بەجۆرێ سوێندی سۆفیمان داناوە لای خانی. لێرەدا زین زیندانی لەهەموو شتێکی خۆشی دنیا لاچاترەو لەگەیشتندا بە مەم بە دیهێنانی لەناو چوون (فناء)و مردنی خۆی دەبینێ:

**جارەک بدیا من ئەو گرفتار**
**دەرمان بکرا من ئەو بریندار**
**عومری من ئەگەرچی یەک رەمەق بوو**
**حەقەن کو مرن ژ بۆ مەحەق بوو**[٩٣]

لەووتنەوەی ووشەی حەقدا ـ ئیشارەتێکی دیاری سۆفیانە دەبینرێو زۆرمان پێوە نەناوە کە بڵێین وێنەی زین لای خانی هەر وەك وێنەی کچێکی عاشق نامێنێتەوە بەڵکو وێنەی کچێکی خاوەن باوەڕی سۆفی دەبینین، راستیشە کە بڵێین خانی ئەوە وەردەگرێ کە لەسیرەتدا لەبارەی رابیعەی عەدویەوە خوێندویتی یەوە بۆ ئەوەی دیمەنی ئەو لەم تاوەوە

ببەخشێ بە قارەمانەکەی‌و لەداستانەکەیدا دووای کەسایەتیی ئەو بکەوێ‌و ئەم رایەمان پێ بسەلمێنێ.

بەڵام شەخسیەتی مەم لای خانی هەر بەرەو پێش دەچێ یا بە واتەی سۆفیان پلە بەپلە لەلای ئەو بە مەقام‌و ئەحواڵدا سەردەکەوێ تا دەگاتە کۆتایی بۆ پلەی قوتب یا ئەوەی خانی ناوی دەنێ "شێخی کامڵ" و "شاهباز"[٩٤]،و لای وایە کە کەشفی دەستگیر بووەو کە راماتی لێ دەگێڕێتەوە:

**ئەو موعتەکیفی د دەوری چالی**
**هێژا نەگەیشتە دەوری سالی**
**بەڵکی نە چل‌و نە ئەربەعینەک**
**زەننا (ظنا) دە دلی وی بوو یەقینەک**
**مەشهوود دبوون د قەلبی ئەنوار**
**مەکشووف بووین ل بەر وی ئەسرار**
**ئایینەیی دل وە بوو موسەیقەل**
**سوورەت وە بەمەعنا موبەدەل**
**ئەو هەیکەلی مەتلەبا مەجازی**
**بوو مەلعەبی تیفلی عەشقبازی**
**ئەو مومکین‌و ماسیوای سەراسەر**
**فیلجوملە ژ بۆ وی بوونە مەزهەر**
**ئەڤ دارو بەرو دەواب‌و ئینسان**
**ئەڤ مەعدەن‌و ئەڤ نەبات‌و حەیوان**
**هەرچی کو بە دل وی لێ نەزەرکر**
**هەرچی ب خەیال وی لێ گوزەرکر**
**هەریەک دەنوما ژ بۆ وی دینەک**





**مەشهوور ژ هەریەکی یەقینەک**
**گۆیا بخۆ ئەو رەسەدنشین بوو**
**ئەو چال ژ بۆ وی دووربین بوو**[٩٥]

خانی لەوێنەیەکی چڕدا کە چەند لێکدانەوە هەڵدەگرێت، لەوەدا کە ناومان نا خولی ژیان، کە چۆن پیاو دەبێ بە موریدی واسیل، وەسفی (جەنین)ی کردووەو پاشان وێنەکەی هەڵگێڕاوەتەوە واتە نەبوو بە وێنەی رووەك‌و لەپشت وێنەکەیدا بیری سۆفیانەی خۆی دەرخستووە.

**وەقتێ کوژ مەزرەعەی خەفائی**
**ئەو سەبزەی تەڕ بکەن نەمائی**
**وی سەبزەی دەم بە دەم ب خوونی**
**وی ئاڤ بدەن ژ پاش بوونی**
**باران نە ژ فەیز بێت مەدەدکار**
**ئەو دانە دەبێتە نەخلی بێ بار**
**سەر سەبز دبێت ژ بەرگ‌و باران**
**گەر لێ بوەرێت ژ فەیزی باران**
**ئەو سەبزە کو بوو نهالی سەرکەش**
**سەرخۆش گەریا ژ میوەیی خۆش**
**ئەو میوە دەما گها کەمالی**
**بوو موزهیری پرتەوا جەمالی**
**گەر لائیقی عیزەتا ئەمیرە**
**وەردەرخۆری حەزرەتا قەدیرە**
**وی هەڵدگرن ژ بۆ دیاری**
**بێ واسیتە وی دەبەن دیاری**

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

فیلحال کوو چوو دبێتە مەحبووب
ناڤی وی ل وی دبێتە مەجزووب
ئەو نەخل نە وافرلفرووعن
لێ زێدە د نادرلوقووعن
وەرمای وەسان ل بەر هەوائی
ئەو دی چتە موعسیرا جەفائی
لازم ئەوە پەروەرش ببینت
تەربیەتی دەرخورش هەلێنێت
گەه پوختە بە ئافتابی شەرعی
گەه سوختە ب ما هتابی وەرعی
گاڤا کو ژ پژیا گها کەمالی
وەختا رژیا ژ سەر نهالی
حەتتا نەکەڤیت ژ ئەوجی عیزەت
حەتتا نەگەهێتە خاکی زیللەت
ئەو نابیتە سالکی تەریقی
وی نابیتە موعسیرا حەقیقی
ئەڤ رەنگەهە دەست ب رێڤە
ئەو مەرتەبە مەرتەبە بەوێڤە
ئەڤ میوە بخۆت کەمالی زەربەت
ئەو لوقمەیی خۆش ببێتە شەربەت
ئەو شەربەت ئەگەر شیرینە خامە
وەرتەحلەو ترشە نا تەمامە
حەتتا نە ب دەستی پیری مەیخۆر



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو هەڵگرتن بە خوممی ئەکبەر
گاڤا کو د وێڤە کول ب سەرکەت
وەختێ ژ خوممی مەزن ب دەرکەت
یەعنی کو ژ کوسرەتا (کثرت) سیفاتان
ئەو تەی (طي) بکەتن تەجەللیاتان[96]

خانی بە بۆچوونێکی فەلسەفییەوە دەچێتە کۆڕی ئەم مەیەوە، خۆی ئەدا لەگەوهەرو دیاردە (جوهرو عرض) و شتیتر، وەك لەمەو پێش باسمانکرد، پلەی لەناوچوونی ئەم مەیەخواییە بەمەبەستی مان (بقاء) دەزانێ:

بێ مەشرەبەی وەفای شاهی
ئەو ناچێتە مەشرەبا ئیلاهی
فانی نەبیتن فەنایی موتلەق
نابیننتن ئەو بەقایی بیلحەق
فانیێتی ژ بۆ وەرا بەقایە
باقیێتی ژ بۆ وەرا لیقایە
ئەممانە بە ئینفیسالو ئیلحاق
بەڵکی نە بەئینفیسالو ئیتلاق
ئەڤ رەنگە دکەت مورادی حاسل
ئینجا دبێتە موریدی واسڵ[97]

کەواتە پلەی فەوتاندنی تەواو، پلەی گەیشتنە لەبیری سۆفیانەی خانیدا، کە دێینەوە سەر ئەم بیرەو پرسیارێك لەبارەی یەکێتی شهوودەوە دەکەین لای خانی، ئەوا لای بیری ئەوو مەبەسی ئەو دەوەستین کە بەموجاهەدەیەو پێچەوانەکەشی لەجێگەیەکتردا دەبینینو بە نێوان ئەو دوو شتە پێچەوانەیەدا دەگەینە ئەنجامێك. ئەبو سەعیدی ئەلخەراز (کە لەساڵی ٢٢٧ی ه دا کۆچی کردووە ووتوویەتی: "ئەوەی لای وایە کە بە کۆشش دەگاتە

* * *

مەبەس‌و ماندوو بووە ئەوەش گومان دەبات کە بێ کۆشش دەگاتە ئەو ئاواتە")[98] ئەمە رای کۆمەڵێك موتەسەویفی لەسەرە کە موجاهەدە بەرێگەی کەشف‌و ئیشراق نازانن[99].... ئەو ئایەتەش دەکەن بە بەڵگە کە دەفەرمووێ (فمن یرد الله ان یهدیه یشرح صدره للإسلام ومن یرد أن یضله یجعل صدره ضیقاً حرجاً، کأنما یصعد في السماء)[100].

ئەبو محەمەدی ئەلجەریری ووتوویەتی: "ئەوەی وا گومان ببات کە کارێك لەکارەکانی دەیگەیێنێتە خواستی بڵندو خواروی ئەوا رێگە وون دەکات، چونکە پێغەمبەر (د) ووتویەتی: کەس بە کاری خۆی رزگاری نابێت، ئەوەی لەترسناك رزگاری نەبێت چۆن دەگاتە خواستراو ئەوەش کە پشت بەستنی بەخوا راست بێت، هەر لەبەر ئەوە ئاواتی گەیشتنە مەبەستی هەیە[101]، خانی پاش باوەڕ بە موجاهەدەش لەگەڵ ئەو دەستەیەدایە، هەر وەك بڵێین سالآنێکی تەمەنی بە موتەسەویفی دەباتە سەر بێ گەیشتنە مەبەس:

**ئەڤ سەیری سلووك‌و تەیی مەنزل**
**مەخسووسە ژ بۆ موریدی موقبیل**
**کەنگی ژ مەرا دبەت مویەسەر**
**خالیق ژ ئەزەل نەکەت موقەددەر**
**لەورا کو خەرابی‌و قبوولی**
**نینن ب فەزائیل‌و فزوولی**
**عابید ب ریایەکی هیلاکن**
**عاسی بە دوعایەکی د پاکن**
**عالەم کو وەکی خەیالی زیللە (ظل)**
**سانیع بخۆ هادی‌و موزیللە (مضل)**
**ئەو تێنتە مەنزەرا خەیالی**
**ئەو تێخەنە پەردەیا زەلالی[102] (الضلال)**



* * *

لە تەسەوفەوە دێتە سەر زانستی کەلام وەك لەفەسڵێکی پێشوودا باسکراو مەسەلەکە بە (کەلام) لێك دەداتەوە ئەویش بە بوونی (جوزئی ئیختیار)و بوونی پێچەوانەکەی کە نەفسی بە هەڵپەو فێڵبازە، لەکاتی تریشدا سۆفیانە دێتە پێشەوەو دەڵێ:

**بەس قنجە ژ بۆ مەعامیانرا**
**هەر ئەڤ بەسە بۆ مەعاسیانرا**
**ژ ئەوەلڤە خودێ ب حەق بناسین**
**هەرچەندە قسوورو کێم‌و کاسین**
**پاشی ب دلی خوە ژێ بترسین**
**دینی خوە ژ عالمان بپرسین[103]**

کە خانی دێتە سەر مەسەلەیەکتر کە سۆفیان چوونەتە ناویەوە ئەویش (مەسەلەی شەرع‌و تەسەوف یا باتین‌و زاهیرە وەك لێی دەدوێین)، بەڵام ئەم دێرانە هەموویان لای خانی پاش دوعایەکی سۆفی دێت کە دەچێتە سەر باسکردنی لەموریدی واسیل:

**یارەب چ دبەت ژ بەر مە کووران**
**جارەک تو ڤەدەی حیجاب‌و تووران**
**بیننده بکەن ئەمێد عاجز**
**بێ پەردەو بێ حیجاب‌و حاجیز**
**دەریایی یەقین بکەت تەمەوج**
**ئەم ژی بکرین دەمەک تەفەروج**
**ئەڤ زەن (ظن)و گومان‌و عیلم‌و تەقلید**
**تەبدیل ببن ب عەینی تەوحید**
**ئەسباب‌و وەسیلە قەت نەمێنن**
**جارەک نەموسەببیبی ببینن**

* * *

مه كتەبی بیروهۆشیاری

**ئیمان مەهەی ب زاتی واجیب**

**ئیمکانیەتا مە بوویە حاجیب**

**دیسان ژمەهەر تو مەخەلاس کە**

**یارەب مەژ بۆ خۆرا خۆ ناس کە**[١٠٤]

لێرەدا چەند تێبینییەك رامانەدەگرن: پەردە لادان هەندێکجار هەر مووجاهەدەی خۆیەتی. موجاهەدەش بە واتەی سۆفیان لابردنی ئەو پەردە ئەستوورانەیە کە لەنێوان بەندەو خوادا هەیە[١٠٥] ئەویش (نەفس بەرەو هەموو بارێك بردنە)[١٠٦].

باسی لەتوانادا بوو وپێویست (ممکنو واجب) هەر ئەو بیرەی حەللاجە کە لەدێرە شیعرێکدا کۆیکردۆتەوەو ووتوویەتی:

**بینی و بینک أنيّ ينازعني**

**فأرفع بلطفک أنيي من البين**[١٠٧]

(لەنێوان منو تۆدا خۆیەتیم لەناکۆکیدایە لەگەڵم بە لوتفی خوت ئەو خۆیەتییەم لەنێواندا لادە) ئارەزووی ئەو بۆ نەهێشتنی گومانو دوو دڵیو عیلمو پێڕەوکردن (تقلید)دان نەنان نییە بەشەریعەتو کەلامدا بەڵکو ئارەزوویەکە بۆ گۆڕینی زاهیر بە باتین کە وێنەی لای غەزالی دەبینین، دوور نییە کە لەمەو دووا چوونی خانی بە لای رای دووەمدا یەکگرتن بێت لەگەڵ موعتەزیلەدا کە لەسەر ئەم رایەن بۆ ئەوەی مرۆڤ سەیری کاری تاعەت نەکات بەو پێیەی کاری ئەوتۆن کە دەبێ خوا پاداشی بداتەوەو باوەڕی بەوە هەیە کە خواستی خوا لەئەزەلەوە پێویستی کردووە[١٠٨].



* * *

مه كتەبی بیروهۆشیاری

## ٥ـ بوونی پێشووی گیان:

بیری ئیفلاتوون لەبارەی جیهانی هەستپێکراوو جیهانی سێبەرەوە چەند لێکدانەوەی ئیسلامیو سۆفیی بەسەردا هاتووە ئەنجامەکەی ئەوەیە کە گیان پێش دەرکەوتنی لەقاڵبی دنیاییو لەشدا هەبووەو ئەبولقاسمی جونەید ئەمە پشت بەو ئایەتە لێکدەداتەوە کە دەڵێ: (واشهدهم على أنفسهم ألست بربكم؟ قالوا: بلى)[١٠٩] ـ واتە گیان پێش دروستبوونی لەش هەبووە، دوکتۆر ئەبولعولا عەفیفی لای وایە کە هەر جونەید ئەوەی ووتووە[١١٠].

ئەگەر جونەید یەکەم کەس بێت ئەوەی ووتبێ، ئەگەر خانی ئاگای لەقسەکانی جونەید بێت یا سەرچاوە یۆنانیو ئیسلامییەکانی ئەو یەکسەر کاری تێکرد بێ، ئەوا خانیی موتەسەویف بە دڵنیاییەوە لای وایە کە گیان پێشتر هەبووە. یا هەر لای وایە کە جیهانی سەربەخۆی گیان لەم جیهانەی ئێمە هەیە (جیهانی یەکگرتنی گیانو لەش، بەپێی ووتەی ئەو) ئەم بیرەی خانی پشت بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر دەبەستێت کە دەڵێ: (الأرواح جنود مجندة، ماتعارف منها إئتلف و ماتنافر إختلف). لەم سەرەتایەوە خانی یەکگرتنی ستیو تاژدینو خۆشەویستیی مەمو زین لەیەکەم یەکگرتنەوە یا لەیەکەم دیدارەوە بە تەواوکردنی ئەوە دەزانێ کە لەجیهانی گیاندا هەیە یا بەردەوامیی ئەوە، بە گرتنە رێی رێگەی (هۆگری ـ تألف و ـ یەکتر ناسین ـ تعارف)[١١١] خانی وەسفی ستیو زینو یەکگرتنیان لەگەڵ مەمو تاژدیندا بە خۆشارراوەیی هەر چواریان لەئاهەنگی نەورۆزدا بەوەسفێکی ئەدەبیی رەنگین دەکاتو باسی یەکەم روانینە یەکیان دەکات هەرچەندە دوو کچەکە بە بەرگی پیاو خۆیان شاردبۆوەو دوو لاوەکەش بە بەرگی ژنانەوە خۆیان شاردبۆوەو هەرچەندە لەچەند شوێندا لای وایە خۆشەویستی کچ بۆ کچو خۆشەویستی کوڕ بۆ کوڕ نابێت[١١٢]، بەڵام هێزێکی لەدەسەڵات بەدەر[١١٣] بۆ لای

* * *

یـەکتری راکێـشاون بەخۆشـاردنەوە لای هیـچیان ئاشـکرا نـەبوو بـێ، بـەڵام ئـەم هێـزە لەدەسەڵات بەدەرە ئاشنایی پێشووی گیانە:

**سڕا دلی کر ب هەڤ تەعەلوق**

**نوورا روخی کر ب هەڤ تەعەشوق**

**مەکشووفی تەریقی ئاشنائی**

**رووحان ڤەنەکر ژ هەڤ جودایی**

**یەک رەنگیی سیرفی عالەما غەیب**

**زاهیر دکر ئیتیحادی لا رەیب**

**حوبی وەکرن ب هەڤ گرفتار**

**حوسنی وەکرن ب هەڤ تەلەبکار**

**تە دگوو چ قالب‌و چ مەقلووب**

**هەرچار چ تالیب‌و و چ مەتلووب**

**بێ شوبهە یەکن چ تەن چ ئەرواح**

**ئەو موتەحیدن چ جان چ ئەشباح**

**حوبا دوو دلان وەگەر حەلاوەت**

**بوغزا دە دلان وەگەر عەداوەت**

**نیسبەت بە مە حادسن (حادث) عەدیمن**

**لێکن ژ حەقیقەتا قەدیمن**

**لەورا کو جنوودی جان موجەنەد**

**چێ بوونە دعیلمی حەق موخەللەد**

**هەن موئتەلیف‌و هەنەک موخالیف**

**هەن موختەلیف‌و هەنک موئەلەف**

**وان موئتەلیفان پێکڤە ئولفەت**



* * *

**ئاخر دەکرن نەما چوکولفەت**[114]

لەو وێنەیەدا کە خانی داوینـێو لەمەو بەر بـە درێـژی لێـی دوواون لـەبارەی هـاتنی ستیو دایەنەکەیو کەسانیترەوە بۆ لای "مـەم" لەبەندیخانـەدا، هـەوڵ دەدەن بـەوە رازیـی بکەن کە بچێتە لای میرو زین بهێنێتو یەکێك لەبەڵگە پی سەلێنەرەکانیان ئەوەیە کـە ئەو بەگیان لە "زین" دوور نییە، بەڵکو لەگەڵیدا ئاشنایە:

**پەروا نەبی شەمع وی ئەییسا**[115]

**وەر مردە بی هاتە سەر تەعیسا**

**دێوانە**[116] **مەبە بەڤی هەوایی**

**بێگانە مەبە تو**[117] **ئاشنایی**[118]

## ٦ـ شەریعەتو تەسەوف:

لەو کتێبانەدا کە باسی تەسەوف دەکەن بە سیلبی یا ئیجـابی موناقەشـەی یـەکگرتن یا یەکنەگرتنی تەوسەوفو شەریعەت دەکرێ.

چارەسەری مام ناوەندیش هەیە کە مەسەلەکە بـە لێکدانـەوە دادەنـێ وەك سـۆفێکان دەڵێن یا گەیشتنە ئەنجامە وەك لای شیعە دەیبینین[119].

زۆرجار حیکایەتی مووسا لەگە خدردا کـە لـەقورئانی پـیرۆزدا[120] هەیـە دەکـرێ بـە بەڵگە بۆ ئەوەی پێی دەڵێن زانستی زاهیر یـا بـاتین یـا لێکدانـەوەی شـت بـەپێی دیـارو ناوەوە (زاهیرو باتین).

لەم مەسـەلەیەدا دەبیـنین خـانی پەیوەسـتە بـەبوونی بـاتینو لێکدانەوەکانییـەوە بـێ دوورکەوتنەوە لەدان نان بەشەریعەتو ئەوانـەوە کـە سـەر بـەون، خـانی پـاش دووانـدنێك لەنێوان میرو بەکردا لەکاروباری فەرمانڕەوایی‌و جیهاندا دەڵـێ:

**شوولن هەنە زاهیرەن خراپن**

**فیعلن هەنە سوورەتەن سەوابن**

**یەک عەدلە ل سوورەتی جەفایی**

* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**یەک قەهرە دکیسوەتی وەفایی**

**لێ پەردەکەشی رمووزی حیکمەت**

**بێ سڕ نەکر ئەو کنووز قیسمەت**

**تەوزیع نەکر ل عامو خاسان**

**مەخسووس وی دا نەدیمو ناسان**

**ئەو سڕ وی نەکر ژ بۆمە مەعلووم**

**هەن مەحرەمنو هەنەک دمەحرووم**[١٢١]

غەزالی دەڵێ:

"ئەوەی دەڵێ راستی پێچەوانەی شەریعەتەو باتین پێچەوانەی زاهیرە، ئەوە لەکوفرەوە نزیکترەو هەر راستیەك بە شەریعەتەوە نەبەسترابێ دەست ناکەوێت"[١٢٢].

خانیشمان دی "پاکی بە رۆژی شەریعەتەوەو سووتان بە تیشکی مانگی وەرعەوە"[١٢٣] پێکەوە دەکات بە مەرجی ئەوەی پیاو ببێ بە موریدیو واسیل.

خانی لەهەموو داستانەکەیدا وێنەی قەڵەمی گەورە بە باتین دەزانێ هەرچەندە بە زاهیر شتێکی بچووك بێت:

**حەرفا کومە گووتی نەقشی هوورە**

**لێ مەقسەدو مەعنەیا وی کوورە**

**زاهیر تە ئەگەر نومایە سوغرا**

**باتین ئەوە نەقشی خامەیی کوبرا**[١٢٤]

(ئەبو بەکری دەقاق)ی گەورە کە لەهاوەڵەکانی جونەیدە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە دەڵێ: "بە دەشتی بەنی ئیسرائیلدا رابوردم وام بە بیردا هات کە (زانستی راستی دوورە لەشەریعەتەوە) یەکێك لەژێر درەخێتکەوە هاواری لێکردم: هەر راستیەك شەریعەتی بەدووادا نەیەت کفرە"[١٢٥].



* * *

هوەبجیری دەڵێت (شەریعەت بێ راستی دوو رووییە) راستیش بێ شەریعەت ئیلحادەو بەیەکدا چوونیان وەك بەیەکدا چوونی گیانو لەشە، ئەگەر گیان لەلەش جیا بێتەوە، دووای ئەوە دەبێ بەلاشەیەکی مردوو. گیان لەناو دەچێت. دان نانی موسوڵمانیش بە ئیسلامدا هەموویان دەگرێتەوە، کە دەڵێ (لا إلـه الا اللـه) ئەوە راستیە کە دەشڵێ (محمد رسول الله) ئەو شەریعەتە، ئەوەی ئینکاری راستی بکات ئەوە کفری کردووەو ئەوەش شەریعەت لاوە بخات بۆتە زندیق[١٢٦].

قوشەیری دەڵێ "شەریعەت فرمانە بە دەست بە بەندایەتییەوە گرتنو راستی شایەتی خوایەتییە، هەموو شەریعەتێك کە بەراستی پشت نەگیرابێت قوبووڵ نییەو هەموو راستییەکیش کە بەشەریعەتەوە نەبەسترابێ هیچ دەست ناخات، شەریعەت بە داوای خەلقەوە هاتووەو راستیش ئاگادارکردنی رایکردنی هەقە، شەریعەت ئەوەیە کە بیپەرستیو راستی ئەوەیە کە بیبینی[١٢٧].

موتەسەویف هەن پێچەوانەی ئەوە دەڵێن: ئیبنو عەبدولبیر لەکتێبی "کورتەی کۆکەرەوەی بەیانی زانستو چاکیی ئەودا" دەڵێ "ئیبنو مونەبیە بۆ ئیبن مەکحوولی (لەساڵی ١١٣دا کۆچی کردووە)" نووسیووە، توکەسێکی لەو شتانەدا کە لەزانستی ئیسلامدا دەرکەوتووە شەرعیت، داوای ئەوە بکە کە لەزانستی ئیسلامدا باتینەو لای خوا خۆشەویستیو چوونە پێشەوەیە، ئەوەش بزانە کە یەکێك لەخۆشەویستیەکان رێگە لەویتر دەگرێ[١٢٨].

هەر لەسەر رێبازی پێشینان خانی تەسەوفو شەریعەتی پێکەوە بەستووەو بە دڵنیاییەوە باسی بەیەکەوە بوونیانی کردووە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامدا، (وەرعو شەرع) لای پێغەمبەر (د)ی بەستووە بەیەکەوە، عولەماو ئەولیای لەریزی یەکدا وەك کۆڵەکەی ئیسلام داناوە، لەستایش کردنی پێغەمبەردا لەسەرەتای داستانەکەدا دەڵێ:

**وەرعا وی وە رەنگ دین قەوی کر**

**شەرعا وی سیرات موستەوی کر**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**عالم هەمی شوبهی ئەنبیانە**

**عابید هەمی پیێکڤە ئەولیانە**[١٢٩]

کە دەگاتە حاڵەتی ترسی سۆفی کە لەمەو پێش باسکرا، نایەوێ بـۆ ڕەشـە خەڵکەکـە زۆر لەسـەر پلـەکانی تەسـەوف بـدوێت، بـەڵکو دەیـەوێ پـشتی شـەریعەت بگرێـت کـە بەرێگەی راستی دەزانیو دەڵێت:

**بەس قنجە ژ بۆ مەعامیانرا**

**هەر ئەڤ بەسە بۆ مەعاسیانرا**

**ژ ئەوەڵڤە خودێ بحەق بناسین**

**هەر چەند قسوورو کێمو کاسین**

**پاشی ب دلی خوە ژێ بترسین**

**دینـێ خوە ژ عالمان بپرسین**

**چاوا کو دبێژن ئەم وەسا بن**

**هەتا کو ژ رووی دونـێ فەنابن**

**پالا خوە بدینە لوتفی باری**

**بەڵکی مەببەخشێت ژ ناری**[١٣٠]

کە خانی دەیەوێ هەندێکجار لەزاهیر دوورکەوێتەوە یا باسی نەبوونی بکات ئەوە نییە کە بڵـێ هەر نییە بەڵکو دەیکات بە بیانوو بۆ رووکردنـە بـاتین، بـەو پێیـەی داوایـە بـۆ گەیشتنە راستیی ئەوەی لەزاهیردا هەیە. غەزالی بۆ نموونـە بـاوەڕی وایـە کـە دەرخـستنی باتینو یەقینی شەخسیو بۆچوون (حدس) لەوانەیە کـە بـوونی خـوا دەسەلێنــێ چـونکە ئینسان لای ئەو تیشکێکە لەرووناکیی خوا. خانی بیانوو هێنانەوەیـەکی لـەوە چـوومان دەداتـێ کە داوا دەکات (گومانو دوو دڵیو زانینو لاسایی) بگـۆڕێن (بەچـاوی یـەکیی پەروەردگارو بوونی هۆ دروستکەر ـ مسبب ـ بێ هۆو رێگـە) وەك لەمـەوپێش باسـکرا.



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

وا دەبینـێ کە تەسەوف بە سلووك لەرێگەی ئەوانەی دوورخستۆتەوە کـە پـشت بـە زاهـیر دەبەستن تا لەگەڵیان لەکۆتاییدا یەك بگرێت:

**ئەی موستەمیعی میسالو تەسویل**

**وەی موجتەهیدی قیاسو تەئویل**

**خانی کوژ جامی عەشق دین بوو**

**ئەو شورە شەراب پـێ شیرین بوو**

**ئەو چەند ڤە خوار ئەوی نەهوشیار**

**ئاگاهی نەما ئەوی ژ گوفتار**

**مەستانییە ئەو ب کەیف مەئموور**

**دیوانییە**[١٣١] **ئەو ب عورف مەعزوور**

**مەخموورەو با دەنۆشو سەرخۆش**

**لەو بادە فرۆشەو موشەوەش**

**هەر چیکو دبێژیتن هەوایە**

**گەر گوه بدەنـێ هەوایی نایە**

**ئەو نەی نەحەلالو نەحەرامە**[١٣٢]

**بـێ پەردەیە**[١٣٣] **لـێ نەبێ**[١٣٤] **مەقامە**[١٣٥]

کەواتە هەر چەندە بیانوو هێنانەوە زاهیری بـۆ گـۆڕینی شـەریعەت بەڕاسـتی نـەدییوە هەروەها لەو رێگەیەدا گرتوویەتی بۆ رووکردنە کەشفو باتین شتێکی حەرام یا شـتێکی بـێ مەقام و راستی تێدا نەبووی نەدیووە، ئەگەر هەندێ لەوشـتانە وا ببینــێ کـە خـۆی دەیلێت یا سۆفێکان دەیلێن کـە حەرامـە ئـەوا لەکۆتاییـدا بیـانووی ئـەو مەبەسـەیە کـە لەگەڵ شەریعەتدا یەکدەگرێت ئەوەش رووکردنە خوایە، ئەوەتا لـەبارەی داسـتانی (مـەمو زین)و ئەوەوە کە تێداووتراوە دەڵـێ:

**هەن قیسەو هەن ژوان میسالن**

* * *

**هەندەک د حەلال و هەن حەرامن**

**هەر قیسە ژ حیصە[١٣٦] بەهرەمەندن**

**هەر ئەمسیلە گەر بزانی پەندن**

**لێکن وی غەرەز ژ گفتوگۆیی**

**مەقسوود ژ هێندە جستوجۆیی**

**زاهیر کرنا جەمالی عشقە**

**سابیت کرنا کەمالی عشقە**

**عەشق ئاێنەیی خودا نومایە**

**خورشید سیفەت خودان زیایە (ضیاء)**

**غافل مەبە عەشقی فیلحەقیقە**

**ئەی راهرەوی قورب و تەریقە[١٣٧]**

پاش ئەوەش وەسفی عەشق بەو جۆرە دەكات كە لەچەند دێڕێكدا لەفەسڵێكی لەمەو پێشدا باسمانكردو لای وایە كە هەموو خەڵك بەشێكی خۆیان لەعەشقدا هەیە ئەو كەسانە نەبن كە بەزەوقیان نەزانیبێ لەنا باڵغو بێ مێشكو نەزانو نەخوێندەواران لەنشێودا، كە نە رابەرو نەڕی نوێنیان هەیە عەشق بە هەرزان بە خۆشیی دنیا دەفرۆشن[١٣٨]. خانی دەربەس نییە كە لەهەندێ بنەڕەتی شەریعەت لابدات بۆ چەند بنەڕەتی شەریعەتی عەشق لەژیانی رۆژانەدا، كە بەسەر زمانی یەكێك لەكەسانی داستانەكەیەو باسی نەبوونی هاوشانی (تكافوء)ی چینایەتی دەكات لەنێوان دوو كچەكەدا (ستیو زین) لەلایەكو لەنێوان دوو لاوەكەدا لەلایەكیتر، بیانووی ئەمەشی ئەم ووتانەیەتی:

**شێخ گوو کو د دینی عەشقبازی**

**بەیعەک هەیە ئەو دبێن تەرازی (تراضي)**

**بێ شەرتی کیفایەتی رەوایە[١٣٩]**



* * *

**شەرتی موتەعاقیدان رەزایە[١٤٠]**

ئەگەر خانی بەسەر زمانی قارەمانەكەیەوە دان بە (عەدالەتی مەرجی هاوكوفئیدا) بنێت ئەوە ئەوەی "مەم" دووچاری بوو بۆ دەرچوون لێی بە جۆرێك لەقوربانیدان دەزانێت لەپێناوی خۆشەویستدا یا جۆرێك لەخۆ ئازاردانی سۆفی بەوەش وەك ووتمان دیمەنێكی سۆفی ئەدات بە قارەمانەكەی، لەبەندیخانەوە (مەم) لەگەڵ خۆشەویستەكەیدا دەدوێو دەڵێ:

**هەر چەند کو میر ل من غەزەب کر**

**ئەڤ قەهرە ل من نەبێ سەبەب کر**

**هەر چەند خەبەری بەکر وی گۆه کر**

**ئەڤ جەبر ل من ئەوی ب جەه کر**

**لەورا کو توشاهی ئەز گەدا بووم**

**ئەز بۆتە نە کوفوو هەم لیقا بووم**

**تو میهری جەمالو مەه جەبینی**

**ئەڤ چەندە لەتیفو نازەنینی**

**ئەز خوارو زەلیلو خاکسارم**

**ئەڤ رەنگە زەعیفو دل فیگارم**

**پەروانەمە تەن مە دایە ئاگر**

**سوهتیمە بباتینو ب زاهیر**

**نیلۆفەرە دل تو ئافتابی**

**تەن شوبهی کەتان تو ماهتابی**

**گەر تەن بڕزێتو یا ببەت خەرق**

**وەر دل ببەتن د بەحری غەم غەرق**

**حەقی منە عەدلە زولْم نینە**

* * *

خاسیەتی ئاگری ئەڤینە
ئەڤ چال ئەگەرچی زێدە کوورە
ئەمما ژ عەدالەتی نە دوورە
سۆفیمەو سەومەعە نشینم
خۆش تالبی نووری روویی زینم
حاسل قەومی مەقامی موتوو[١٤١]
بەر موجیبی قەبلە ئەن تەمووتوو[١٤٢]

## ٧ـ باسی نەفس و گیان:

زۆرجار موتەسەویفان نەفس و گیان لەیەکتر جیا دەکەنەوە، نەفس لای موتەسەویفان هاوتای ئینسان یا گیانی نی یە بەگشتی، یا هاوتای هەموو ژیانی گیانی نی یە لەلای، بەڵکو مەبەسی بەوە نەفسی ئاژەڵە کە ناوەندی شەهوەت و ئارەزوو و سەرچاوەی خراپەو گوناهە لایان[١٤٣].

ئەم بیرە سۆفی یە لای خانی ئاشکرایەو لەمەوبەر باسمانکردووە کە نەفس بە هەڵپەو فێڵباز دەزانێ و لای وایە ئەو جوزئی ئیختیارە لەئینسان دەسێنێتەوە کە خوا پێی بەخشیووە، هەر خانییە لەچەند شوێندا وەسفی نەفس دەکات بە(نەفسی ئەممارە) لەئیشارەتدا بۆ ئایەتی قورئان (إن النفس لأمارة بالسوء)[١٤٤].

سۆفییەکان باسیان لەچەشنی نەفس کردووە کە فەیلەسووفانیش باسیان کردووە لەباسەکەشیاندا باوەڕێکی بەتین کاری تێکردوون کە رەنگە لەرێبازی دووانیی فارسی یانەوە وەرگرتبێ ـ ئەویش ئەوەیە کە ئینسان سروشتێکی ناکۆکی هەیە یەکێکیان بەرەو ژووری رادەکێشێ و ئەویتریان بەرەو خواری رادەکێشێ. یەکێکیان بانگی دەکات بەرەو چاکەو ئەویتریشیان پاڵی پێوە دەنێ بەرەو خراپە (خیروشر)، یەکەم بەرزی دەکاتەوە بەرەو پایەی فریشتەو دوومیان دەیهێنێتەوە خوارەوە بۆ رادەی ئاژەڵ. ئەم



* * *

دووانەش لەباوەڕی رووناکی و تاریکی یا دووباوەڕی عەقڵ دەچن لەمادەدا[١٤٥]. ئەم بیرەش لای خانی روون و ئاشکرایە، لەسەرەتای داستانەکەداو لەدێڕەکانیدا کە لەباسێکیتردا پیشاندرا لای وایە ئینسان گیانەو لەشەو بە فەرمانی خوا بە زۆر بەیەکترەوە بەستراون و تارمایی لای ئەو لەناسووتەو گیان لەلاهووتە، ناسووت لای ئەو لەسوفال (سواڵەت)، واتە لەشتێکی نزمە بەڵام لاهووت لەمەشخەڵی جوانی یە، لەئینساندا (شەهادەت و غەیب) و(سیادەت و عەیب)ی پێکەوە دیووە، بەم بیرکردنەوە سۆفی یە ئینسانی لەخۆیدا بە تاریکی و رووناکی دیووەو ئادەمی لەخواوە بە نزیک و دوور دیووە[١٤٦] خانی لەمردندا نەمانی سیفەتی ئاژەڵیی ئینسان و تەواو بوونی سیفەتی ئینسانی دەبینێ و بە نزیکبوونەوەی دەزانێ لەفریشتەو سیفەتەکانی.

ئەم بیرە بەئاشکرا لەوەسێتی زیندا بۆ کاکی دیارە. زین دان بەوەدا دەنێ کە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا دەمرێ و وەسیەت بۆ براکەی دەکات کە رۆژی ناشتنی لەگەڵ "مەم"دا بە رۆژی شاییان بزانێ و ئەوەی بۆ بکات کە بۆشایی ـ ستی و تاژدین ـ کردی و زین وەسفی ووردی هەموو ئەو شتانە دەکات کە دەبێ لەو شاییەدا بکرێت و بۆ ئاشکراکردنی بیری پێشوو خانی بە زمانی زینەوە دەدوێ و لەوانەدا ووتوویەتی:

ئەقسامی بخوورو عوودو عەنبەر
ماوەردو زوباد میسکی ئەزفەر
ئەڤ جینس ژ نیعمەتان پتر بن
ئەو قیسم ژ حەدی زێدەتر بن
حەیوانیەتا مە بوویە زائیل
رۆحانیەتا مەبوویە کامیل
جیسمی مە ئەگەر دچیتە چالی
روحی مەدی بکەن ویسالی
عیقدا وەکو داوەتی مەلەک بن

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

**ئەقسامی بخوور وی گەلەک بن**

**لەورا ئەزو مەم مەلەک سیفاتین**

**ئەم مائیلی تیبو تەییباتین (طیب و طیبات)**

**عیرسا کو فریشتە داوەتینە**

**دامادو عەرووس جەنەتینە**[147]

دەتوانین ئەم بیرەی خانی کە بەزمانی زینەوە لەبارەی ساغبوونەوەی سیفاتی فریشتەو نەمری لەکاتی لەناوچووندا بەوەبچووێنین کە جەلالەدینی رۆمی ووتوویەتی:

**بۆ چ دەترسم؟ کە مردن بەسەر چوو**

**ئینسان لەمندا دەمرێ، تا دروستبب‌مەوە**

**لەگەڵ فریشتە نزیکەکاندا،**

**تەنانەت واز لەفریشتەیی دێنم**

**هەموو شتێکیش خوا خۆی نەبێ نامێنن،**

**ئەگەر قوربانیت بە گیانی فریشتەدا.**

**خۆت ئەوەندە راگرە کە بەبیردا نایەت**

**ماڵ وێرانم! لەناو دەچم! لەناوچوون**

**دەبێتە بەشێک لەئاوازەکانی سازی نەمری**

**هەر بۆ لای ئەویش دەچینەوە**[148]

## ٨ـ رەوشتی سۆفیان:

ئەوانەی لەتەسەوف دەکۆڵنەوە چەند فەسڵ بۆ رەوشتی سۆفیان تەرخان دەکەنو هەوڵدەدەن دابەشکردنو درێژکردنەوە بۆ ئەم رەوشتانە دانێنو بیکەن بە رەوشتی ژنخوازیو خواردنو رۆژوو زاتو ئازاییو دوعاو رەوشتی.





ئەگەر سەیری چوارچێوەی گشتی مەمو زین ـ ی خانی بە تێروانینێکی لێکۆڵینەوە لەبیر سۆفیو کۆڵەکە سۆفییەکان بکەین، ئەوا زەحمەت نییە شوێن پەنجەی وا ببینین کە بدرێنە پاڵ یەکێك لەم رەوشتانە. بەڵکو وێنەی تەواو دەبینین کە سوور بوونە لەسەر یەکێك لەرەوشتەکانی سۆفیان.

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

ژن هێنانو شووکردن بووە بەشتێکی لکاو بە ژیانی زۆر لەسۆفیانەوەو زۆریان رەبەنی یان پێ لەژن هێنان یا شووکردن باشترە، لەژیانی زۆریاندا خۆشەویستییەکی سەرنەکەوتوو هەیە رووی پێکردوونە خۆشەویستییەکی سۆفیی ئاسمانیو دیارتری ئەمانە محی یەدینی ئیبن عەرەبییە کە لەمەککە حەزی لەکچێك کردو زۆر لەشیعرەکانیی بۆ تەرخانکردو لەوانە مەلای جزیریی شاعیر کوردەکە دەڵێن حەزی لەخوشکی میری بۆتان کردووەو زۆری شیعرەکانیی کە سۆفیو دڵدارین بۆ تەرخانکردووەو بووە بەسەرچاوەی ئیلهام بۆ خانیش، ناتوانین بڕیار لەسەر هەڵوێستی شەخسیی بدەین لەبارەی ژن هێنانەوە، چونکە ئەم لایەنە لەژیانی هیچی لەبارەوە نازانرێو هیچ لەبارەی بوونی نەوەیەوە نییە کە زیاتر لەوەدەچێ بەڕەبەنی مابێتەوە، بەهەموو حاڵێك هەر لەوە دەچێ ژنی نەهێنا بێت. بەڵام بەگشتی هەڵوێستی خانی لەبارەی ژن هێنانەوە لەداستانەکەدا هەر ئەو هەڵوێستە سۆفییەیە کە بەیەك گەیشتنی دنیا بە پووچ کەرەوەی عەشقی راستەقینەو پاداشتی خوا دەزانێو لەکارەساتی مەمو زیندا لەناوچوون دەبینێ لەپێناوی مانەوەو بەختیاریی راستیدا لەبەهەشتدا.

ئەم هەڵوێستە لەئەنجامەکانی فەسڵەکانی پێشوویدا دەبینرێ، هەرچی هەڵوێستی خانییە بەگشتی لەبارەی ژنەوە، ئەوە بەگشتی دەچێتە چوارچێوەی رەوشتی سۆفییەوەو هەنگاوێکە بەرەو رەوشتی ئینسانیی هاوچەرخ وەك لەمەو دووا لێکی دەدەینەوە.

هەرچی خواردنو رۆژووە ئەوە دەبینین کە لەودێڕانەدا کە لەمەبەر لەبارەی تەقواو شتی خۆشەوە زۆرمان ووتۆتەوەو ئەو باسکردنانەی بۆنی خۆشو بۆنو بەرامە زیاتر لەنیعمەت بە دیمەنێکی ئەدەبی بزانین کە دەدرێتە پاڵ ئەم رەوشتانە.

* * *

دیارترین شت لای خانی لـەکۆڕی ڕەوشـتی سـۆفیاندا سـووربوونێتی لەسـەر برایـی‌و نەخشەکێشانی ئەدەبیی ئەوەیەو پەیدا کردنی ڕێگەیەکی چیرۆك ئامێزە بـۆی لەبرایـەتیی هەتا هەتاو پتەوی (مەم‌و تاژدین)دا، نەخشاندنی برایـەتیی مـەم‌و تـاژدین هەنـدێکجار بەلای پێویستی‌و ژیانی ڕۆژانەدا دەڕوا، لەکۆتاییشدا ژوور ئەوە دەکەوێ بۆ ئـەو رادەیـەی کەسانیتر لەسۆفیان نەخشەیان کێشاوەو بەیـەکێك لەمەرجـەکانی خـۆیی موتەسـەویفیان زانیوە کەبەرەو تەواوی پلەکانیان دەبات.

لەسەرەتاوە کە کەسانی داستانەکەیمان پـێ دەناسێنـێ پەنجە بۆ برایەتیی مەم‌و تاژدین رادەکێشـێ‌و مەم بە دڵسۆزتر دەزانـێ لەبرای راستەقینە بۆ تاژدین:

**تاژدین دوو برا هەبوون دقەلاش**
**مانەندی دوو شاهبازی جەماش**
**دائیم دلی دوژمنان دسووتن**
**یەک عارف‌و یەک چەکۆ دگووتن**
**ئەمما وی ژ جوملە خاس‌و عامان**
**ژ ئەو چەند براو باب‌و مامان**
**لاوەک کر بوو برا ژ بۆ خوە**
**نـێ ئەز غەلەتم چرا ژ بۆ خوە**
**ڕۆژا کو ئەوی برا نەدیتا**
**تەشبیهی شەڤا چرا نەدیتا**
**دونیا ل وی تێک دبوویە تاری**
**ڕۆژ بوو کو لەوی دکر تەواری**
**ئەنبازی فەرەح شەریکی غەم بوو**
**سەرگەشتەیی غەم ب ناڤی مەم بوو**
**مەم ژی ل وی عاشقەک تەمام بوو**



* * *

**تەشبیهی براو باب‌و مام بوو**
**هەر چەند کو برای ئاخیرەت بوو**
**تەدگوو د دونـێ‌و ئاخیرەت بوو**(١٤٩)
**تاژدین وەلەدی وەزیری دیوان**
**مەم ژی خەلەفی دەبیری دیوان**
**ئەو هەر دوو جوان لێک دعاشق**
**ئەو هەر دوو برا پێکڤە سادق**
**یەک قەیسی زەمانەو یەک لەیلا**
**یەک وامیقی عەسرویەک عەزرا**
**ئەویار ژ دل ئەسەر سەری بوون**
**ڕەه شوبهەتی میهرو موشتەری بوون**

* * *

**یاری و برایی‌و مواخات**
**نابەت ب ریایی‌و مەقالات**
**یاری ئەهەساییە جەفایە**
**مەقسوود ژیاریی وەفایە**
**ئاخر تو ئەگەر نەکەی وەفایی**
**ژ ئەوەل مەدە بەرخوە وی جەفایی**(١٥٠)

خانی جارێکیتر دێتەوە سەر برایی مەم‌و تاژدین‌و دڵسۆزیی مەم بـۆ براکـەی لـەکاتی گواستنەوەی ستی بۆ تاژدیندا نیشان ئەدات. ئەوان وەك بووك‌و زاوا بەیـەك دەگـەن مـەم بە پاسەوانی لەبەر دەرگادا دەوەستێ:

**یاری غەم‌و شاهیان مەمی ژار**
**ڤێرا بوویە ساحیب‌و سیلاحدار**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەستی وی د دەستو دل دە دل بوو

بوو حاجیبی دەرگەشیر لەمل بوو

تاژدین بڤی تەرزی چوو سەرایی

مەم ما ل دەری دگەل دوعایی

لەورا کو موخەوف بوو مولاقات

مەلزوومە ل عاشقان موعادات

گەر قیسمی موحیبو گەر حەبیبن

ئەلبەتە ب دوژمنو رەقیبن

هەن دێو و هەنەک ژ وان پەرینە

هەندەک د مونافیقی ئادەمینە[١٥١]

پاش ئەوەی لەئەدەبێکی ئاشکراو کراوەدا باسی بەیەك گەیشتنی دووژنو مێردەکەو حەوت رۆژ پێکەوە مانەوەیان بێ هاتنە دەرەوە دەکات، دێتەوە سەر ئەم برا پاسەوانەو دەڵێ:

ناگەه سەحری ژ رۆژی حەشتی

ریزوان مەشیا دنێڤ بەهەشتی

مەم هێژ وەسا ل بەر دەری بوو

دائیم ئەوی سەر ل سەر بەری بوو

هێژا وی مەسکەن ئاستان بوو

رۆژانو شەڤان وەپاسەبان بوو

تاژدین کو ژ گەردەکی ب دەرکەت

رۆژەک تەدگووت ب سەر مەمی کەت

فیلحال وە رەنگ شادمان بوو

هەم ئەفسەری ئەوجی ئاسمان بوو



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

یارەک تەهەبەت مەگەر وەبێتن

گەردی وە نەبەت مەگەر نەبێتن

یارێ ب تەرا بیتن موافیق

سەد خزمی دخائینو مونافیق

قوربان بکە قەت مەبێژە کینە

بێ کیرە برا ئەگەر ب کینە

یاری تە ژ بۆ تەرا برایە

هەم چاڤە ژ بۆ تە هەم چرایە[١٥٢].

خانی دێتەوە سەر برایی "مەمو تاژدین" تا ئەمجارە وەفاو قوربانیی تاژدین پیشان بدات. کە میرو دەستو پێوەندی لە راو دەگەڕێنەوە، کەژاوەی دەگاتە باخچەی میرو بە "مەم دەگات لەگەڵ زیندا"و مەترسیی هاتنی ئەم کەژاوەیە بەسەریانداو کار کەوتنە روویان نزیك دەبێتەوە، تاژدین کە هەست بەکارەکە دەکات چارێك بۆ رزگار بوونیان نابینێت ئاگر نانەوەیەکی گەورە نەبێت بەوەی ئاگر بەر بداتە ماڵەکەیو هاوار بکات بۆ فریاکەوتنی تا کەژاوە لەباخەکەوە روو بکاتە ماڵەکەی، کە هەموو کەوتنە ئاگر کوژاندنەوە مەم بە زینی ووتووە:

تاژدین تەدی چ رەنگ ئەداکر

مووسا ل مە بەحری غەم زەواکر

رابە توهەرە حەرەم سەرایی

دا ئەزبچمە ئاگرو نیدایی

زین رابوو چوویە خەلوەتا خاس

تاژدین نەما نەجل نە پالاس

ئەسبابو تەجەمولو دەفینە

ئەملاکو جەواهیرو خەزینە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**جوملە د ریبا برایی سووتن**

**لەو ناڤ ب قنجی تێتە گووتن**[١٥٣]

خانیش حیکمەتی خۆی یا پەندو ئەنجامگیریی خۆی لەبارەی ئەم شانازی یەوە وا دەردەخات کە رای خانی یە لەبارەی پارەو پارەویستی یەوە، کە باسمانکردو رای لەبارەی رێگەی چاکەوە بۆ سەرفی پارەو یا سووتاندنی وەك تاژدین سووتاندی:

**یان سەرف بکە میسالی تاژدین**

**پێ ناڤی ئەبەد ژ بۆ خوە بستین**

**یان پێ بگرە تو یارەکی قنج**

**ئەو چێترە ژ بۆ تەرا ژ سەد گەنج**[١٥٤]

وێنەی قوربانیو وەفا لەراپەڕینی تاژدینو براکانیو چەکداری رووکردنە میر بۆ بەردانی "مەم"و لەکوشتنی بەکر پاش مردنی "مەم" لەلایەن تاژدینەوە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەم وێنانە رەنگە وەك ووتمان بدرێنە پاڵ وێنەی ژیانی رۆژانەو تەماشاکردنی شەخسیو فەلسەفیی خانی بۆ رەوشتو وەفاو هەر لەو کاتەشدا بەسەرەتای بینینی فەلسەفیی ئەو دەزانرێ کە وورده وورده لەداستانەکەدا بەرەو پێش دەچێو بەرزدەبێتەوە.

ئەم سەرەتایەی رەوشت خۆی بەرەو پێش دەچێ بەرەو ئەو هەڵوێستەی زین پاش مردنی خۆشەویستەکەی، داوای لێبوردنی بۆ ئەکاتو بیانووشی باوەڕە فەلسەفێکەیەتی بەیەکێتیی دوو دژو هەر لەم هەڵوێستە خۆیەوە دەنگی خانی خۆی بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوەی زینو ئەو دڵەی ببینێ کەرق نازانێو وێنەی پاکیو بێگەردیی سۆفیانەیە، کەهەر ئەو وێنەی برایی یە کە پێشانماندا، پاش پیشاندانی هۆی ژێرەوەی ناکۆکیی بەکر لەگەڵیانداو بیانووەکانیو داواکردنی لەتاژدینو میر کە واس لەکەللە رەقی بێنن، چونکە ئەو ـ واتە بەکر ـ تەواویو مانەوەی بەخشی بە خۆشەویستیانو رێبازی ئەوانی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

کرد بەشتێك کەدانی پێدابنرێتو زین وادەبینێ کە بەکر لەو دنیادا بەختیارە، ئەو ئەم راستی یە دەڵێ خانیش بەدەنگی خۆی یەکسەر پاش ئەو دەڵێ:

**زینهار ژ مەشهەدا کو ئەم تێ**

**ئەڵبەتە ژ مەرقەدا کو ئەم تێ**

**مەحرووم مەکەن بەکر ئەمانەت**

**ئەم بووینە ب وی سەبەی سیانەت**

**گاڤا کو دچینە نێڤ سەعیدی**

**کەلبی مەبێتن ل بەر وەسیدی**

**ئینساف ژ بۆ خودان ئینساف**

**ئایینە دبێتن ئەڤ قەدەر ساف**

**قەت مومکینە ئابو ئابگینە**

**ئەڤ رەنگە نەکەت قوبووڵی کینە**

**حاشا کو ب غەیری پوختەیی عەشق**

**کەللا کو سیوای سوختەیی عەشق**

**ئەڤ چەندە ل ساحێبی جەفایی**

**ئەڤ رەنگە کەسەک بکەت وەفایی**

**ئەڤ تایفە مەرحەمەت سوروشتن**

**ئەو لائیقی نیعمەتا تا بەهەشتن**[١٥٥]

خانی دێتەوە سەر بەکر کە لەوێنەیەکدا بە بەختیاری پیشان دەدات، ئەو وێنەیەی بەسەر زمانی ئاگادارێکەوە (عارف) دەیگێڕێتەوە کە لەخەودا یا بە ئیلهام لەبەهەشتدا دیوێتیو ئەمەش دەداتە پاڵ نزیکیی لەعاشقانەوە (کەلای ئەو ئەهلی تەسەوفن)و بە دەنگی خۆی ئەنجامو ئامۆژگاری ـ یەکمان پێ دەڵێ:

**ئەی دۆست ب دل بەیاری قنجان**

* * *

یاقنج ببه تەبایی قنجان
ئەو قنجن‌و قنجیێ دزانن
ئەو غەیری ژ قنجێ نەزانن
هەندێ کو ب وان بکەی جەفایی
ئەو دی بکرن ب دل وەفایی
زینهار مەبە موحیبی خرابان
نە دۆست نە دوژمنی کیلابان
گەر دۆست بی دی بکەن تەمردار
وەر دوژمنی دی بکەن بریندار
ئەڤ هیمەتە خاسی عاشقانە
ئەڤ مەرتەبە راهی سادیقانە
خەلقی وەکی بەکر شەقینە
فیعلێد وان جوملە ناحەقینە
یاشوبهەتی تاژدین دجەببار
قەتتال‌و دلاوەرو جگەردار
مەعفوو بکەتن کەرامەتا وان
مەغفوور ببن ژ هیممەتا وان
تەقوویەتی وان ببەت مەدەدکار
تابیعیەت وان بکەت سزا وار
ئەڤ رەمزە حەقیقەتا لەتیفە
ئیزعان بکە نوکتەیی زەریفە
ئیزعان مەسئەلەیی مودەڕەس
تەخمین بکە مەساحەتا موهەندەس



* * *

دوژمن کو ژ عەشقی بەهرەوەر بن
بەس دۆست نەدی؟ موعتەبەربن
ئەڤ رەنگە تەعەلوقا رەقیبان
بەس چەندە تەفەوقا حەبیبان
خاسما کو موحیب ببێتە مەحبووب
ئەو تالبی حەق ببێتە مەتلووب
حەقەن کو تەنێ وی حەق دزانەت
قەت غەیری وی کەس ب حەق نەزانەت[١٥٦]

ئەگەر زات‌و ئازادیی یەکێك بێ لەرەوشتی سۆفیان، ئەوا ئەو سۆفی‌یە زاهیدانەی گوێ نادەنە کالاّی دنیا لەراستی‌و راشکاوی ووتندا ئازان، رای خانی لەبارەی حاکمانەوە کە دەچێتە ناو ئەو رایەوە کە لەچوارچێوەی بیری کۆمەلاّیەتیی ئەودا باسمانکردووە، هەرگزنگێکە لەئازایی سۆفیان.

دووایی ئەم رەوشتانە، دوعایە. خانی لەمەم‌و زیندا چەند دوعای جێگیر کردووە کە لایەك دەچێتە ناو دوعا رەنگینەکانی سۆفیانەوەو لەلایەکیترەوە وێنەی جوانی ئەدەبین. ئەم دوعایانەش لەچەند دێڕو پارچەی تەواوداو هەندێجار بە زمانی کەسانی داستانەوە یا بە زمانی خۆیەوە دێن. ئەگەر هەندێ دێڕو پارچەی ناو داستانەکە بێنینەوە بەرچاو ئەوا پێویستمان بە لێکدانەوەو پەراوێز نییە.

لەدووا دێڕی فەسڵی یەکەمی سەرەتاکەدا روو دەکاتە خواو دەڵێ:

حەقەن کو تەخۆش نیزام‌و رەونەق
تەرتیب کرن ژ بۆمە ئەلحەق
ئەم غافڵ‌و عاقڵ‌و گونەهکار
ماینە د قەیدی نەفسی ئەممار
نینن مەد قەلبی فیکرو زیکرەک



مەکتەبی بیروهۆشیاری
مەکتەبی بیروهۆشیاری

* * *

**ناکەین ب زوبانی حەمدو شوکرەک**

**خانی کو نەهن ب قەلبی زاکیر**

**باری بدەوی زوبانی شاکیر**[١٥٧]

دەبێ لابدەین‌و بڵێین زیکر لێرەدا مانایەکی سوفیی هەیە. بۆ نموونە ئیبن عەرەبی لای وایە کە زیکر لەنوێژ گەورەترە[١٥٨]. سۆفی لەوەدا پشت بەئایەتی پیرۆزی(أتل ما أوحي إليك من الكتاب وأقم الصلاة، إن الصلاة تنهي عن الفحشاء والمنكر ولذكر الله أكبر)[١٥٩] لەبەرئەمە خانی پاکردنەوەی دڵ لەزیکری خوادا دەبینێ‌و پاکیی دڵیش وەك دەزانین بەرزی پلەی سۆفیانی تێدایە، هەر ئەو لەموناجاتی خوادا دەڵێ:

**ئەی شوکری تە جەوهەرا زوبانی**

**وەی زیکری تەسەیقەلاجینانی**[١٦٠]

دێینەوە سەر دوعای سۆفی‌و لای خانی دێڕی جوان دەبینین وەك ئەوەی دەڵێ:

**دیسان ژمە هەر تو مە خەلاسکە**

**یاڕەب مەژ بۆ خوەرا خوە ناس کە**[١٦١]

یا دەڵێ:

**یاڕەب کو ب حەقی موستەفاکەی**

**خانی بخوەرا تو ئاشناکەی**[١٦٢]

بەڵام گەورەترین وبەرزترین دوعا لەداستانەکەدا پارچەیەکی ئەدەبی یە کە پاش گەشتی گیانیی (مەم‌و زین) پاش مردنی زین دەینووسێ‌و دەڵێ:

**یاڕەب ب کەمالی عیشقی سادیق**

**یاڕەب ب کەمالی سیدقی عاشق**

**یاڕەب ب شیرینیا جەمالی**

**یاڕەب ب ئەڤینیا جەلالی**

**یاڕەب ب دەردی هەجری جان گاه**



* * *

**یاڕەب ب زەوقی وەسڵی دڵخواه**

**یاڕەب ب حەلاوەتا حەبیبان**

**یاڕەب ب عەداوەتا رەقیبان**

**یاڕەب ب نازی نازەنینان**

**یاڕەب ب ئاڤی چاڤی بولبول**

**یاڕەب ب خوناڤی ناڤی سور گوڵ**

**یاڕەب ب ئەشکی ئالی مەجنوون**

**یاڕەب ب روویی لەیلی گۆڵگون**

**یاڕەب ب مەمی و ڤی ئەڤینی**

**یاڕەب ب تەحەسورا ل زینی**

**وەقتێ کو جودا دەکەی ژ جانی**

**بێ بەهرە نەکەی ژ عەشق خانی**

**چاڤا ژ نبوەتی بقالە**

**مەتلەب ژ ویلایەتی وی حالە**[١٦٣]

**گەر ئەجنەبینەو هەرزەکارە**

**رەحمی تو بکە قەوی کو ژارە**

**دائیم ئەوی گفتوگۆ وەلایە**

**لێکن ئەوی جستوجۆ بەڵایە**

**قەولێد وی سەربەسەر گوزافن**

**فیعلێد وی جوملەتەن خیلافن**

**زاهیر ژوەرا سەلیسە گوفتار**

**باتین ب وەرا خەبیسە کردار**

**مانەندی مەمی ئەوی مەرنجان**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**تەشبیهی بەکر ببەخشە قنجان**(١٦٤)

لەدوعاوە دەچێتە سەر سوێندی سۆفی کە لەوێشدا سۆزێکی دوعا دەبینین، کە خانی بە زمانی خۆیەوە یا بە زمانی شەخسیەتەکانی یەوە ئەویش دەردەبڕێ.

(مەم)ی قارەمانی داستانەکەی لەپێناوی عەشقدا دەچێتە بەندیخانەوە وەك باسمان کرد. خانی وێنەیەکی سۆفیانەمان لەوەدا پیشان دەدات کە روو دەکاتە بەندیخانەو لەگەڵ خۆشەیستەکەیدا دەکەوێتە موناجاتو دەڵێ:

**سوێندێ دخۆم ئەز ب سوورەیێ نوور**
**دیما کو ئەوە کیتابێ مەستوور**
**دەه جار ب حەقێ بەژنو بالێ**
**چل جار ب حەقێ زولفو خالێ**
**تەحقیق ب ئافتابێ روخسار**
**تەسدیق ب ماهتابێ دیدار**
**تەئکیدە ب قیبلەگاهێ ئەبروو**
**تەعزیم (تعظیم) ب سوجدە گاهێ گێسوو**(١٦٥)، (١٦٦)
**سەد جار قەسەم ب هەردوو نوونان**
**عەهدا من ئەوە د گەل عیوونان**
**حەتتا رەقەمەک هەبت ژ جانێ**
**جانا تو دجانیدا نیهانێ**
**هەندێ کو ژ هیجرەتێ بێ قەرارم**
**ئەو چەند ژ تە ئومێدوارم**(١٦٧)

(زین)یش لەموناجاتی خۆشەویستە بەندکراوەکەیدا دەڵێ:

**وەڵڵاهێ قەسەم دکەم ب بارێ**
**رۆژێد سپێو شەڤێد تارێ**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**نینن ژ مەرا چو خوابو خوارن**
**ئیللا کو دوو دیدە خوون دبارن**
**بێ دادێ یە سینعەتێ دووچاڤان**
**خوون خورییە خوارنا هەناڤان**
**ئەی قوبلەیێ قەلبێ من ب دڵخواه**
**وەی کەعبەیێ جان ب کەعبەتوڵڵاه**
**هەر لەحزە ژ دەستێ فیرقەتا تە**
**هەر لەحزە ژ دەردێ حەسرەتا تە**
**سەد ئاهو دوو سەد ئەنینو ئەفغان**
**بێگاڤ مەتێن ژ نێڤ دلو جان**(١٦٨)

## ٩ـ ئەدەبیاتی سۆفی:

سۆفیان ئەدەبێکی ناسکیان هەیەو زۆرجار پەنا دەبەنە پاڵ رەمزو لەئەدەبیاتی سۆفیی رۆژهەڵاتدا، بەیەکدا چوونێك لەنێوان بیرو وێنەو ئەو باسانەدا دەبینین کە ئەو شاعیرانە دەستیان دەدەنێ. هەر لەئیبن عەرەبیو ئیبن فاریز (فارض)و کەسانیترەوە لای عەرەبو تا جەلالەدینی رۆمیو جامیو نیزامی کە بەفارسی نووسیویانە لەیەکچوونێکی سەیر دەبینین لەکارتێکراویی راستەقینە بەشیعری یەکتریو هەڵێنجانی بیرو گیانی لەیەك سەرچاوەوە کە ئەمەش تەجروبەی شیعریی لەیەکچوو دروست دەکات. لەم لایەنەشەوە ناتوانین خانی لەشاعیرە موتەسەویفەکانی عەرەبو فارسو تورك جیا بکەینەوە، هەر وەك ناتوانین کارتێکردنی مەلای جزیریی شاعیرو موتەسەویفی لێ بە دوور بزانین کە بەزمانی کوردی نووسیوێتی. کە زۆر لەوانەی لەئەدەبی سۆفیانو بەرهەمی ئەوانیان کۆڵیوەتەوە ئەو بەرهەمە دابەش دەکەن بەسەر چەند باسدا. زیانی تێدا نی یە ئێمەش هەر ئەو رێگەیە بگرینو ئەو باسانەی خانی لێیان دوواوەو لەئەدەبیاتی

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

شاعیره موتەسەویفەکاندا هەیە هەر بەو جۆرە باس بکەین‌و سروشت‌و سۆزی خانی خۆی لەوانەی پێشتر جیا بکەینەوە.

**أـ ستایشی پێغەمبەر:** خانی فەسڵی یەکەمی داستانەکەی بۆ موناجاتی خوا تەرخانکردووەو دووەم‌و سێیەم بۆ موناجاتی پێغەمبەرو لەم دوو فەسڵەدا بیری سۆفی لەبارەی پێغەمبەرەوە (د) بیری قورئانی‌و ستایشی شاعیرانەی پێغەمبەر دەبینین.

خانی ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە حەللاج‌و ئیبن عەرەبی لەبارەی راستیی محەمەدی‌یەوە باوەڕیان پێی بووە. ئیبن عەرەبی دەڵێ: یەکەم بوو کە بەکۆتکراوی‌و هەژاری هەبووە بە عەقڵی یەکەم ناودەبرێ‌و دووەم گیانی هەمەلاشی پێ دەووترێ‌و ناودەبرێ بەزانین‌و دادو عەرش هەقی دروستکراوو پێی دەووترێ راستیی محەمەدی‌و گیانی گیانان‌و ئیمامی دیارو هەمووشی پێ دەووترێ[١٦٩] و حەللاج دوو وێنەی جیای محەمەد (د) دەبینێ.

رووناکییەکی ئەزەلیی کۆن پێش هەموو کەونەکان هەبووەو لەوەوە مەخلووقات بە بەرزی‌و نزمی پەیدا بوون تا ئادەم خۆی. ئەگەر لەزەمانێکی دیاردا باوکی بووبێ، بەڵام لەڕووی بوونەوە کوڕی بووە وەك لەفەرموودەیەکدا دەڵێ: (من پێغەمبەر بووم کە هێشتا ئادەم لەنێوان ئاوو قوڕدا بوو).

وێنەی وەك بووەیەکی تازە دروستکراو (کائن محدث) لەکات‌و شوێنێکی تایبەتیدا پەیامی پێغەمبەری، تەواویی زانستی بەجێ هێنا[١٧٠] خانیش ئەم بیرانە بەجۆرە دەردەبڕی کە دەڵێ:

(ئەوەڵ بەرقی ژ حوسنی سەرمەد)
نوورەک بویە مەعنەیا محەممەد
ئەو نوور ب ئەمری عالیمولغەیب
بوو مەنشەئا فەیزی عالەمولغەیب
ئەرواح ژ مەعنەیا پەیەمبەر





مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

چێ بوون میسلی نەبات‌و شەکەر
بوو ئەسڵی ئووسوڵی جوملە ئەفسان
ئەفسا سوعەداو ئەفسا ئەحسان
هەمیان ژوی دیتنە تەفەروع
هەمیان ب وی گرتنە تەمەتوع
هێژانە زەمین نە ئەڤ سەما بوو
ئەو سەروەری جوملە ئەنبیا بوو
خەلقا فەلەکان ژ بۆوی رابوو
سوجدا مەلەکان ژ بۆ ویرا بوو
ئەو رەحمەتی جوملە عالەمین بوو
ئادەم دمەیانی ماء وطین بوو
پێغەمبەری جەمع‌و جوزء وکول بوو
ئادەم ب خوە هێژ ئاڤو گڵ بوو[١٧١]

لەم دێڕانەدا زیاد لەبیری محەمەدی وبیری یەکەم کە حەللاج ئیشارەت بە (لولاك لولاك، لما خلقت الأفلاك)و[١٧٢] ئایەتی پیرۆزی (وما أرسلناك الا رحمة للعالمين)[١٧٣] ووتویەتی، دەتوانین ناوبردنی پێغەمبەر بە (سەروەری پێغەمبەران ـ سيد الأنبياء) و ئەوەی حەللاج پێش ئەو ووتویەتی کۆبکەینەوە (رووناکی پێغەمبەری لەرووناکیی ئەوەوە دەرکەوت، رووناکی‌یەکانیان رووناکتر نی‌یەو دیارترەو کۆنترە لەکۆنی لەرووناکی خاوەن بەخشیش نەبێت، هیممەتی پێش هەموو هیممەتێك کەوت‌و بوونی پێش نەبوون کەوت‌و ناوی پێش قەڵەم بوو چونکە ئەوپێش گەلان بوو)[١٧٤] نیکلسون دەڵێ "لەمەوە محەمەد ناونرا (رووناکیی خوا) دەڵێن پێش دروستبوونی کەون هەبووەو لەناومەناقیبی ئەودا ئەوە هەیە کە بنەڕەتی هەموو ژیانە ئەوەی هەبووەو ئەبێت، ئەو ئینسانی کامڵە هەموو سیفاتی خوایی تێیدا تەجەللای داوەو لەگێڕانەوەکانی

* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

سۆفیێکاندا ئەم فەرموودەیەی دەدەنە پاڵ (ئەوەی منی دی خوای دی)"[١٧٥] خانیش ئەوەندە نابات دەچێتە سەر وێنەی دووەمی حەللاج‌و دەڵێ:

**ئەو پەنجەرەیا جەمالی باری**
**شەمسا فەلەکا دلێد تاری**
**گاڤا کەتە سوورەتی جیهانی**
**پێغەمبەری ئاخر زەمانی**
**وی بورزوخی مومکیناتی واجیب**
**وی پادشاهی ژ شەکلی حاجیب**
**مەنسووخ کرن وی دین و میللەت**
**مەعلووم کرن عەلیل‌و عیللەت**
**فەکری کو جیهان جەمیعی کوفرە**
**کێشا ژ نبوەتا خوە سفرە**[١٧٦]

پاشان دەچێتە سەر وێنەیەکی ئەدەبی کە لەمێژووی دەعوەتی محەمەدییەی وەردەگری‌و دەڵی:

**خەلقی کو هەبوون ل روویی عەردی**
**تەکلیف کرن هەمی ب مەردی**
**خاقان بخوە هیندووی کەمین بوو**
**فەغفوور ژ خوانی کاسەچین بوو**
**قەیسەر ب قسووریا خۆ قاسیر**
**حازر گەریا د عەینی باسیر**
**شاهی عەرەبی عەلەم کو راکر**
**کیسرایی عەجەم عەجەب دوو تاکر**
**رووم‌و حەبەش‌و فەرەنگ‌و تاتار**



* * *

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**هەرچی کو نەکر ب دین  ئیقرار**
**ناچار گەلەک ب شیر فەنابوون**
**حەتتا کو هەنەک ب دین تەبا بوون**
**بۆتخانەی ب ئاگری دشوشتن**
**ئاتەشگەدە جوملەگی ڤەکوشتن**[١٧٧]

خانی لەچەند دێرێتردا ئەوەی قورئانی پیرۆز دووبارە دەکاتەوە کە عیسا (د) مژدەی هاتنی محەمەد (د)ی داوە[١٧٨] وەك ئەو ئیشارەتی بۆ کردووە نەخوێندەوارێك بووە، بووە بە مامۆستای هەمووان[١٧٩] و وەسفی سوپاو سەربازەکانی بە (لم تروا ـ[١٨٠] نەتانبینی دەکات‌و ئەوسا پەنجە بۆ حیکایەتی بوحەیرا رادەکێشێ‌و دەڵێ):

**بێ خەیمەو بارەگاهو ئەیوان**
**عەوران ڤەددان ل سەروی سەیوان**[١٨١]

هەروەك قسەی حەللاج دووبارە بکاتەوە کە دەڵێ (پەڵە هەورێکی بەسەرەوە بوو بروسکەی دەدا، لەژێر هەورە تریشقەوە گەشایەوەو رووناك بۆوە)[١٨٢].

پاشان دەچێتە سەر هەندێ بیری قورئانی‌و ئیسلامی لەو بارەیەوە بە شاعیرێتی یەك هەندێ بیری قورئانی هێناوەتەوەو ئەوسا سکاڵا لەگەڵ پێغەمبەر دەکات‌و دەڵێ:

**ئەی پادشاهی بلند پایە**
**خورشیدی فەلەک نشین‌و سایە**
**نەعتاتەب عیلمی من موحالە**
**مەدداح ژ بۆتە زولجەلالە**
**ئەزدی چ ببێژم ئەی شاهنشاە**
**وەصافی تە یەکەلاموللاە**
**شاها ژتەرا خۆش ئیسمەیاسین**
**تاها ژ تەرا تەلیسمە طاسین**

* * *

**هەر ئەڤ بەسە ئەی حەبیبی موختار**
**باری ژ تەرابیژی‌تە سۆندخوار[١٨٣]**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ب ـ خۆشەویستیی خوایی‌و باسکردنەوەی حیکایەتە دڵدارییەکان:

ئەو سەرچاوانەی باسیان لەتەسەوف کردووە مەسەلەی خۆشەویستی خواییان لەحیکایەتەکانی دڵداریی لای سۆفییەکان جیاکردۆتەوە، بەڵام تێکەڵکردنی سەیر لەنێوان دوو باسی جیاوازدا لای خانی پاڵمان پێوە دەنێ بۆ ئەوەی مەسەلەی عەشق‌و لەیەکبوون‌و بەیەك گەیشتن‌و حیکایەتەکانی دڵداری بەیەك مەسەلەی بەیەکداچوو دابنێین کە لەگەڵ مەسەلە فەلسەفی‌و سۆفێکانیتریشدا تێکەڵ دەبێت. بۆ ئەوەی وێنەیەکی ئاشکرا بدەین دەبێ پەنا بەرینە بەر پیشاندان، ئەوسا لێکۆڵینەوەو بەراورد.

پێشتر باسی دابەشکردنی عەشقمان لای خانی کرد کە عەشقی دنیایی‌و عەشقێکی نەمری گیانییەو چۆن هیچ جیاوازییەکی گەورەی لەنێوان ئەو دوو عەشقەدا نەدیووەو بە دوو جۆری عەشقی خوایی یا دوو ئاوێنەی سیفاتی ئەوی زانیوون. بەڵام یەکەمیان لەناو ئەچێت‌و دوومیان دەمێنێ‌و نەمرە. هەر لێرەوە خانی ئەو حیکایەتانەی عەشقی لای گەلان دەگێڕێنەوەو زانیوونی بە حیکایەتێکی یەکگرتوو زانیوە کە لەعەشقی خواییەوە هەڵدەقوڵێن، هەر چەندە ئەم بیرە سۆفییەی تێکەڵ بە باوەڕە جەبرییە فەلسەفییەکەی خۆی کردووە، بەڵام دووبارەکردنەوەی ناوی عاشقان لەگەڵ کەسانیتردا لەسۆفیان لەم بارەیەوە کۆبدەکاتەوە.

ئیبنولفاریز (إبن الفارض) دەڵێ:

**بها قيس لبنى هام بل كل عاشق**
**كمجنون ليلى أو كثير عزة**
**فكل صبامنهم أنى وصف لبسها**
**بصورة حسن لاح في حسن صورة**



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**ففي النشأة الآولى تراءت لآدم**
**بمظهر حوا قبل حكم الأمومة**
**فهام بها كيما يكون بها أباً**
**ويظهر بالزوجين حكم النبوة**
**وتظهر للعشاق في كل مظهر**
**من اللبس في أشكال حسن بديعة**
**ففي مرة لبنى وأخرى بثينة**
**وأونة تدعى بعزة عزت**
**ففي مرة قيساً، و أخرى كثيراً**
**وأونة أبدو جميل بثينة[١٨٤]**

خانیش لەموناجاتی خوادا دەڵێ:

**شیرین تەکرە شەکر ل پەروێز**
**فەرهاد ژ رەنگی ئەشک خوون رێز**
**لەیلا تەکرە بەلا ل قەیسی**
**رامین ب تە رام بوو ل وەیسی**
**یوسف تەچرا نوما زولەیخا**
**وامیق تەکۆسا گهاندە عەزرا**
**شێخێ وەکو پێنجەحەج بژاری**
**دین کرتە ژ بۆ کچا کوفاری[١٨٥]**

خانی وێنەی عەشق لای ئاژەڵ‌و رووەك‌و بێ گیان دەبینێ‌و یەکە یەکە دەیانژمێری‌و دیسانەوە دەیانداتە پاڵ خوا[١٨٦].

* * *

دوکتۆر ئەبوعولاعەفیفی دەڵێ "دەتوانین بیرەکانی سۆفیان لەبارەی خۆشەویستیی خوای یەوە بکەین بە دوو بەشی گەورەوە" یەکەمیان جۆرێکی پوخت بوو یا ئەو گەڕانەبوو کە دەستی فەلسەفەی تێدا نەبوو. دووەمیان ئەو جۆرەیە کە شەقڵی یەکێتیی بوونە یا شتێکە لەوەوە نزیك دەبێتەوە وەك ڕێبازی ئەوانەی باوەڕیان بەیەکگرتن (إتحاد)و حلوول هەیە[187].

ئێمە دەبینین کە ئەم بڕیارە بەسەر خانیدا نایەتەدی، چونکە هەردوو جۆرەکەی خۆشەویستی بەیەك دەزانێ شەقڵی یەکێتی بوونی داوە بەهەردووکیان و لای وایە ئینسان هەرچییەك بێت، ناتوانێ لەعەشق و لەیەکێك لەجۆرەکانی دووربکەوێتەوە، ئەوە نەبێ کە لەزەوقەوە دوورە[188].

دەتوانین لێرەدا ووشەی زەوق بە ماناکەی ناو فەرهەنگیو وەك ئیستیلاحێکی سۆفی لێك بدەینەوە[189]. ئیشارەت بۆ خۆشەویستی دنیایی لای جامیش هاتووە، بەڵام زۆر بە کورتتر لەوەی خانی ووتوویەتی ئەوەتا دەڵێ:

**ڕووی خۆت، تەنانەت لەخۆشەویستی خاک وەرمەگێڕە**

**کە چونکە خۆشەویستی خاک بەرەو حەق بەرزت دەکاتەوە**[190].

ئیبن عەرەبی دەبینێ کە (خۆشەویستی بنەڕەتی خواپەرستیو نهێنیو گەوهەریێتی)[191] وێنەی دوو قارەمانەکەمان لای خانی دیو ئەوەمان دی کە خۆشەویستی ئەوان بە خواپەرستی دەزانێو چوونە زیندانی قارەمانەکەی لەپێناوی عەشقدا بە ئیعتیکافو خەلوەتی سۆفی دەزانێ.

غەزالی دەڵێ:

"خۆشەویستی ئەوپەڕی مەبەسە لەمەقامەکانو لووتکەی بەرزە لەپلەکاندا، پاش خۆشەویستی هیچ مەقامێك نی یە کە یەکێك نەبێت لەبەرەکانی ئەو یا پێوەندێك نەبێت لەپێوەندەکانی ئەو وەك شەوقو ئونسو ڕەزاو وێنەکانیان، پێش خۆشەویستی مەقامێك



* * *

نی یە" کە "پێشەکی یەك نەبێت لەپێشەکی یەکانی خۆشەویستی وەك تۆبەو سەبرو زوهدو ئەوانیتر"[192].

لەم مانایەدا خانی هۆیەك لەهۆکانی نووسینی داستانەکەی دەردەخا:

**لێکن وی غەرەز ژ گفتوگۆیی**

**مەقسوود ژ هێندە جستو جۆئی**

**زاهیر کرنا جەمالی عەشقە**

**سابیت کرنا کەمالی عەشقە**[193]

ناشتوانێ عەشق لەخۆشەویستی تەواوی خوایی جیاکاتەوەو دەڵێ:

**عەشق ئایینەیی خودا نومایە**

**خورشید سیفەت خودان زیایە (ضیاء)**[194]

لەدێڕەکانی دوایی داستانەکەدا لەموناجاتی خوادا دەڵێ:

**وەڵڵاهی ژ سەفیدییو سیاهی**

**وی قەسدو غەرەز تویی ئیلاهی**[195]

یا لەعەشق کردن بە بناغەو گەوهەرو مەبەس لەپراکتیکی ژیانو سۆفیدا سۆفیان لایان وایە مەڵبەندی زانینی سۆفیو ئامێرەکانی دڵەو عەقڵ نییە[196]. نیکلسون مەسەلەکە لەوەدا کورت دەکاتەوە کە سۆفییەکان سێ ئەندام لەیەك جیا دەکەنەوە، کە دەبنە هۆی پێوەندیی گیانی:

**ئەو دڵەی دەیناسێ**

**ئەو گیانەی خۆشی دەوێو عاشقێتی.**

**ئەو نهێنیەی لێی وورد دەبێتەوە**[197].

ئەمجۆرە دابەشکردنە لەقسەی قوشەیریشدا هاتووە "لەوانە ئەو نهێنی یە کە لەوانەیە جوان بێتو خرابێتە قاڵبێکەوە، وەك گیانو بناغەکانیان پێویست دەکات کە لەجێگەی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری
مەکتەبی بیر و هۆشیاری

موشاهەدە بێت"، هەروەها گیانەکان جێگەی خۆشەویستیو دڵەکان جێگەی زانینەکان دەگرنەوە[198] هەر لەو باسەدا دەڵێ: ـ "نهێنی لەگیان جوانترەو گیان لەدڵ شەریفترە" سۆفیانیتر دەستیان دایە لێکدانەوەی دڵو توێ کردنی، حەللاج دەڵێ:

عقد النبوة مصباح من النور
معلق الوحي في مشكاة تأمور
بالله ينفتح نفخ الروح في خلدي
لخاطري نفخ إسرافيل في الصور
إذا تجلى بطوري أن يكلمني
رأيت في غيبتي موسى على الطور[199]

ئەم هەموو واتاو وێنانە لای خانی لەچەند دێڕێکدا دەردەکەون کە دەڵێ: ـ

عەشق ئاگرە، تەن چیایێ طوورە
دڵ ئەو شەجەرا ب نارو نوورە
میشکاتە قەفەس قەبەس چرایە
جان زەیتە فتیلێ وێ جەفایە
دل شووشەیە ئەو چرا د ناڤە
سڕجوزئە د کولیدا بلاڤە[200]

ئەم وێنەیە تەواو لەگەڵ لێکدانەوەی سۆفیانەی ئەو ئایەتە بەناوبانگەی قورئان یەك دەگرێت کە رووناکیی خوا دەشوبهێنێ بە چرا.

(الله نور السماوات والأرض، مثل نوره كمشكاة فيها مصباح. المصباح في زجاجة. الزجاجة كأنها كوكب دري يوقد من شجرة مباركة زيتونة، لا شرقية ولاغربية يكاد زيتها يضئ ولو لم تمسسه نار)[201].





میشکات(یا قەپاخ ـ پەردەی دڵ)لای ئەوان دڵی خاوەن باوەڕە، قسەکانی رووناکی‌یەو کردەوەکانی رووناکی‌یەو بەناو رووناکیدا دەڕوا،[202] ئەبوو یەزیدی بەسطامی دەڵێ "ئەوەی وەعزی بەردەوامی بدات هەرە دەبێ چراکەی بگرێتە خۆ"[203]

وێنەی خانیو دووبارەکردنەوەی وێنەی قورئانی‌یەکە بە کاملیو تەواوی ئەو وێنەیەش کە لەچەند شوێنێکیتردا دووبارە دەبێتەوە، لەبارەی یەکتر دیتنی چوار دڵدارەکە بۆ نموونە بەسەر زمانی دوو کچەکەوە دەڵێ: ـ

گاڤا وەکو پێکڤە بوون موقابیل
میسباحو زوجاج بوون موعادیل
قاروورە ژ نەجم موئعەکیس بوو[204]
نوورەک مە ب قەلب موقتەبیس بوو
قەندیلو فتیلە گەر ژوان بوو
ئاگر ژ روخێ مە هەردووان بوو
زەیتێ مەوئاگرێ دئیسا
بەر بوو مەو دل پێ ئەیسا[205]

لەسوێندە سۆفییەکەیدا خانی سوێندی بەسوورەتی (النور) خۆی خواردووەو بە ڕووی کتێبی نووسراو ـ واتا قورئانی دەزانێ[206]. ئەم وێنە تەواوەش بەسەر چەند وێنەی جیا جیادا دابەش دەبێتو هەندێجار وێنەی ئەدەبی دەبەخشێو هەندێجار دەبێ بە نیشانەی سۆفیانە. گرنگترین شت کە لەو وێنە تەواوەدا دەبینینو دارشتنیتری هەیە کە وێنەی مووساو کێوی توور (طور)ە، خانی وەك یەکێك لەموتەسەویفەکان کە پەنایان چەندجار هێناوەتە بەر دووبارەکردنەوەی، چ لەوێنەی ئەدەبیداو چ لەوێنەی سۆفیانەدا پێکەوە.

بەکارهێنانی حیکایەتی مووسا بۆ پێ شوبهاندنی سروشتی کوردستان یا جزیرەو ناوەڕۆکەکانی کە لەمەودووا باسیان دەکەینو لەچەند شوێنیتردا باسکران لەخۆیەوە نەهاتووەو ئەوەبوو تاژدینی بەسەر زمانی مەمەوەو لەرزگارکردنی خۆشەویستەکەیدا بە

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سووتاندنی ماڵەکەی بە (مووسا کە دەریای خەمی نەهێشت [207] شوبهاندووەو لەکاتی باسی شێخەکەیدا کە هەر (مەم)ی قارەمانێتی ـ وەك باسکرا ـ هەر نەخشەی ئەو وێنەیە دەکێشێتەوە:

**قەلبی وییە وادیا موقەدەس**

**رووحاوی ب نووری حەق موقەبەس**

**هەڵگرتمو برمە طووری سینا**

**بیننده کرم دگەل خوە بینا**

**ئێنامە دەرێ ژڤی حیجابی**

**ئەڤ زەرە گەهاندە ئافتابی [208]**

هیچ گومان لەوەدا نی‌یە کە ئەم وێنە سۆفی‌یە لەقورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە کە تێدا هاتووە "وهل أتاك حديث موسى، إذ رأى ناراً فقال لأهله أمكثوا إني أنست ناراً لعلي أتيكم منها بقبس أو أجد على النار هدى. فلما أتاها نودي يا موسى إني أنا ربك فأخلع نعليك إنك بالواد المقدس طوى. وأنا أخترتك فأستمع لما يوحى" [209]. بەڵام ئەوە لێکۆڵەرەوانی تەسەوف لەسەری رێك نەکەوتوون ئەم پێوەندی یە بە حیکایەتی مووساوە، ئایا گەڕانەوە سەر ئایینی جوولەکەیەتی‌یەوە پێوەندی‌یە لەنێوان تەسەوفو جوولەکەدا وەك دوژمنانی تەسەوف دەڵێن [210] یا مەسەلەی تەجلی‌و بینینی خوایە لەحیکایەتی مووساداو لەئاواتی سۆفیاندا بە موجاهەدە کە کۆیان دەکاتەوە. هەندێك تێکستی سۆفی هەر وەك ئەمەی بۆ دەچن. شاعیرێکیتری کوردی سۆفی کە مەلای جزیری‌یە ئەمەی وا روونکردۆتەوە:

**مەی نەنۆشی شێخی سەنعانی غەڵەت**

**ئەو نەچوو نێڤ ئەرمەنستانی غەڵەت**

**میسلی مووسا ئەو تەجەللایا تەدی**

**ئەی تو دی کانی خەتای هانێ غەڵەت [211]**



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سۆفیێکان هەندێجار ژوور هەموو ئایینەکان دەکەونو هەموویان بەیەك شت دادەنێن، ئەمجۆرە شتە لای خانیش دەبینێن ئەوەتا ئیبن عەرەبی دەڵێ:

**وما كنت قبل اليوم أعشق صاحبي**

**إذا لم يكن دينى لدينه داني**

**لقدصار قلبي قابلاً كل صورة**

**فمرعى لغزلان و دير لرهبان**

**وبيت لأوثان وكعبة طائف**

**والواح توراة ومصحف قرآن**

**أدين بدين الحب أنى توجهت**

**ركائبه فالحب دينى وإيمانى [212]**

لێرەدا لێکدانەوەیەکیتری پێوەندی بە حیکایەتی مووساوە دەبینینو لێکدانەوەی لێکۆڵەرەوەکان بۆ ئەوە هەرچی‌یەك بێت ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە خانی سوورە لەسەر ئەم پێوەندی‌یەو ئەم وێنە شیعری‌یە پێدانی کە بۆ خۆی دەنووسرێو لەناو هەموو ئەم وێنە چڕانەی عەشقدا دەتوانین رووبکەینە وێنەی پیرۆزی عەشقو پێوەندی‌و لقەکانی لای خانی، کە لامان وایە ژوور هەموو شاعیرە سۆفییەکان دەکەوێت کە بوو، بە وێنەی شیعری دڵداری‌و فۆلکلۆری کوردیش. هەرچی لای دوو دڵدار پیرۆزەو هەمووی لەوشتانە دەچێت کە لای موسوڵمان پیرۆزەو هەردووکیان لەپلەی پیرۆزیدا لەلای ئەو یەکن.

جەلالەدینی رۆمی دەڵێ:

**تا بەدڵ روو نەکەمە تۆ**

**نوێژەکەم شایانی ئەوەنی‌یە بە نوێژ بزانرێت**

**ئەگەر رووبکەمە کەعبە لەخۆشەویستی تۆیە**

**ئەوە نەبێ واز لەنوێژو لەکەعبە دەهێنم [213]**

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

ئەگـەر هـەموو ئـەم دێڕانـە لـەو ڕەمزانـە بـن کـە لەئـەدەبیاتی سـۆفیدا خـوا بـە خۆشەویستەوە ببەستن ئەوا جزیری بە ڕاشکاوی دەڵـێ:

**سوجدەیا بەر ئەسوەدان نادەم ب سەد حەج ئەکبەران**<br>
**سۆند بوان زولفان‌و خالان هەچ وەکی بێژم وەیە**(٢١٤)

هەر وەك ڕاستەو ڕاست بە خۆشەویستەکەشی دەڵـێ:

**خوندی لاتی ئازەری تو**(٢١٥)<br>
**بی چ شیرین دلبەری تو**<br>
**هەر جەهی لێ ببوری تو**<br>
**بـێ خیلاف ئەو کەعبەیە**(٢١٦)

لای خانی ئەم جۆرە وێنەو لـێ چـواندن فـراوان دەبێـت‌و هەمـە ڕەنگـی‌یـە بەخۆیـەوە دەگرێ‌و دووبارە دەبێتەوە. لەناو کۆمـەڵێ تەشبیهی کلاسـیکی ئـەدەبی لـەبارەی سـتی‌و زینەوە ئەم هاوتاییە دادەنـێ:

**خاڵ‌و نوقەت‌و بەیازو خەمرە**<br>
**بەیت‌و حەجەرو تەواف‌و عەمرە**(٢١٧)

بەزمـانی ئەوانەوە کە لۆمـەی زین دەکەن چونکە کەناری گرتووە، خـانی بانگەوازەکـەی ئەوان بۆ زین کە بێتە دەرەوەو جوانیی خۆی پیشانی خەڵك بدات بەجۆرە دادەڕێژێ:

**دیسان بکە خەمریان قەدەم نۆش**<br>
**جوعدان ڤەکە کەعبە بێت سیاپۆش**(٢١٨)<br>
**داخەلق ژ غەرب‌و شەرق تا شام**<br>
**حەجاج سیفەت ببینن ئیحرام**<br>
**پێوەندە کە پێکڤە بسک‌و خالان**<br>
**شیرازە کە میسحەفا جەمالان**





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**سەر لەوحەیی دێم ببێت موزەهەب**<br>
**ئایاتی خودێ ببێت موڕەتەب**<br>
**دا فیرقەیی کافرو موسوڵمان**<br>
**تەسدیق بکەن ب نەصی قورئان**(٢١٩)

شوبهاندنی ڕووی بـە کەعبـەو خاڵـەکانی بـە بـەردە ڕەش (الحجـر الأسـود) شـتێکی دووبارە کراوەیە بەڵام لەوێنەی ئەدەبیی جواندا:

**بێژی ژمەدا کو پادشاهم**<br>
**خاڵ ئەنیا تەقیبلەگاهم**(٢٢٠)

خانی شوێنەکانی خۆشەویست‌و ماڵەکەی بەچەند شوێنی بەهەشت دەشوبهێنـێ کـە قسە لەگەڵ بای سەبادا دەکات کە بچێت بۆ مـەڵبەندی خۆشەویست دەڵـێ:

**جارەک هەڕە سەدەتولسەعادەت**<br>
**گاڤەک هەڕە سیدرە تولنیهایەت**(٢٢١)

هەر ئەو لێچواندنانە بەسەر زمانی زینەوە لەقسەکردندا لەگەڵ خۆشەویـستە زینـدانی کراوەکەیدا دەڵـێ:

**ئەی قیبلەیی قەلبی من بەدڵخواه**<br>
**وەی کەعبەیی جان بە کەعبەتوڵڵاه**<br>
**هەر لەحزە ژ دەست فیرقەتاتە**<br>
**هەر لەحزە ژ دەردو حەسرەتاتە**<br>
**سەد ئاهو دوو سەد ئەڤین‌و ئەفغان**<br>
**بێگاڤ مەتێن ژ نێڤ دل وجان**(٢٢٢)

لەسوێندە سۆفییەکەدا دیمان کە خانی بە زمـانی (مـەم)ەوە سوێند بە شـوێنی کەعبـە دەخوات کە دوو برۆیەو بە شوێن سوجدە کە دوو برۆیە(٢٢٣) و لەو دیمەنـەدا کـە ئاگـاداری

* * *

بووین ئەوەی زین دەچێتە سەرخۆشەویستەکەی کە لەبەندیخانەدا بەمردوویی راکشاوە خانی زیندووبوونەوەی مەمو پێشوازیی لەخۆشەویستەکەی لەهاوتایەکی لەوەی پێشوودا دادەڕێژیو دەڵێ:

**ئەو خەلوەتیی د ئیعتیکافی**

**رابۆڤە ب نیەتا تەوافی**

**ئەوەڵ ئەوی کر ب سیدق دەردەم**

**تەجدیدی وزوو (وضوء) ب ئابی زەمزەم**

**وەستا[٢٢٤] ب موصەللاو مەقامی**

**وی جەبهە گهاندە ئیستیلامی**

**تەوفەک دووکرن ل دەور بەیتی**

**پەروانەیی پەڕ گهاندە زەیتی[٢٢٥]**

ئەم تەشبیهانە لای خانی لەم سنوورەدا ناوەستێ بەڵکو دەگاتە پلەیەك کە باوەڕناکەین هیچ شاعیرێکی موتەسەویف گەیشتبێتە ئەو پلەیە، رای ئەوانەی سەر بەسۆفیزمنو بیانوو هێنانەوە بۆ شەتەحاتیان هەرچی یەك بێت یا رای دوژمنەکانیان هەرچی یەك بێت، ئەوا خانی لەوەوە کە خۆشەویستی بەیەك شت دەزانێو خۆشەویستیو جوانی بەو یەکێتیی بوونەوە دەبەستێ کە لەخوادا بەرجەستە بووە، یا لەوەوە هەڵقوڵاوەو خۆشەویستیی لەشو بەیەك گەیشتنی لەش لەنێوانی دوو دڵداردا بەشێکی پیرۆز دەزانێو لەوەسفی هەردووکیاندا هەر ئەو تەشبیهانەو ئەو هاوتایانە بەکاردێنێ کە یەکن. لەدیمەنی بووك گواستنەوەدا خانی بە زمانی مۆمەوە کە لەگەڵ بووكو زاوادا بەزمانی زاواوە دەڵێ:

**ئەی ساعیی مەقسەدا تەوافی**

**وی سالیکی مەنهەجا مەتافی**

**ئەو قیبلەو کەعبەیا تەمەقسوود**



* * *

**نیزیکی تەبوو ب ئەمری مەعبوود**

**بەیتو حەجەرو مەقامو حوجرە**

**سەعیو تەڵەبو تەوافو عەمرە**

**باری ژتەرا کرن موقەدەر**

**هابوونە ژ تەرا کرن موقەدەر**

**هابوونە ژ بۆ تەرا مویەسەر**

**ئاڤی تورەوان ب پێش سەروی**

**شیرین توهەمان کەرەمکە خەلوی[٢٢٦]**

بووکەکە (ستی) لەشەوی بووکێنیدا بەچەند وەسفی جیا دەشوبهێنێ:

**دیما کوب نووری بەیتولئەقسا**

**قەندیلی فەلەک بوویی تەیسا[٢٢٧]**

خانی زیاتر ئەم وێنەیە لەبەیەکتر گەیشتندا پیشان دەدات:

**دەریای موحەبەتی دەکر جۆش**

**دەست گەردنو لەب ب لەب هەم ئاغۆش**

**مەدهووش بووین ب وی مودامی**

**بێ هۆش وەکەتن ژ سەر قیامی**

**قادیر نەدبوون بکەن قعوودی**

**گیربوون پێکڤە بۆ سجوودی**

**تێکڕا ژ سوجدەیی کو رابوون**

**ئەو چەند پێکڤە هەردوو شابوون**

**شەکر ژ لەبی دیەک رڤاندن**

**سوور گول ژ روخی دیەک چڤاندن[٢٢٨]**

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خـانی وێنـەی بەیـەکتر گەیـشتن دووبـارە دەکاتـەوەو بەگـشتی بـە نوێـژو بەشـەکانیی لەبەیەکتر گەیشتنی مەمو زینیشدا دەشوبهێنـێ:

**ئەو چەند قەدەم پێکڤە خوارن**
**ئەو چەند قەزا ژ نۆ بژارن**[٢٢٩]

هەروەها دەڵـێ:

**هەردەم دەکرن قەزاو سوننەت**
**فەرزا وەکو بوو سوننەت چ میننەت**[٢٣٠]

هەر لەسەر ڕێڕەوی خانی لەگەڕانەوە دوواوەو بیانووهێنانەوەو تێکەڵکردنی تەسەوفو شەریعەت پاش ئەم وێنەیە یەکسەر دەڵـێ:

**هەرچەندە کو ڕەفع بوون تەکەلووف**
**لێکن ئیفشا نەدەبوون تەسەروف**
**ئەو گەرچی هەبوون ژ هەڤ ب هێڤی**
**ئەمما نەدەچوون قەوی نشێڤی**
**حوببا دە دلان ژ حەدی دەربوو**
**سەرحەدی زەرافەتان کەمەر بوو**
**عیشقا کو ژ سەرحەدی کەماله**
**ئاڤا کو ژ مەنبەعی زولاله**
**ئەلبەته خودێ بکەت حیراسەت**
**ناکەت چو قبوولیا نەجاسەت**[٢٣١]



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## پ ـ مەی:

مەی جێگەیەکی گەورەی لەئەدەبیاتی سۆفیدا هەیـە. بـەڵکو جێگەیـەکی لەسـلوکی هەندێ دەستەیدا هەیە. تەنانەت بۆ نموونە بەکتاشی یەکان لایان وایە(مەی حەرام نی یـەو شوێنەوارێکی ئاشکرای لەتەریقەتەکەیاندا هەیە)[٢٣٢].

نیکلسون لەبارەی مەیەوە لەشیعری سۆفیدا دەڵـێ: (ئەم ڕەمزەیە لەشیعری دڵـداریو مەیدا دیارە غەریب نی یە لەشیعری سۆفی لەئیسلامدا. بەڵکو لەشتێکیتردا لەتەسەوفدا نەبێ بەجۆرە دەوڵەمەنـدی یـەو بەمـچەشنە ڕاسـتگۆی یـە دیـار نـی یـە. زۆر لەرەخنـەگرە ئەوروپاییەکان هەڵە دەکەن، تەنانەت یەکێکیان ئێستا مـەیی سۆفی بـەوە ناودەبـات کـە هەندێ ئیلهام لەشەرابەوە وەردەگرێو زۆرترو بـەتینتر ـ پاڵپێوەنـەری شـەهوەتی ئاژەڵانـە پاڵی پێوەدەنـێ، ئەم تاوانە دانـە پـاڵ هـەموو سـۆفیانیش لەبنەڕەتـدا درۆیـەو پیـاوێکی عاقڵی بە ئینساف کـە لەبەرهەمـەکانیان کۆڵیبێتـەوە[٢٣٣]. ئـەم ڕێگـەی هەڵەشـەیی یـە ناگرێتە بەرو نیکلسون بوونی مەیخۆرانی ڕاستەقینە دەباتە سەر بوونی دەستەو کەسـانی درۆزن (کە قسەی خراپی هێناوە بەسەر برایانی بێگەرددا)[٢٣٤].

گەڕان بەدوای تێکستی سۆفیدا کە ببێتە بەڵگە بۆ ئەم یا ئەو ڕا لەبارەی سـۆفیزمەوە یا مـەیەوە ئەرکی زۆری ناوێ، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە بایەخی هەیە ئەوەیە کە ووتەی خانی لـەبارەی مەیـەوە بێنینـەوەو پـۆلینی بکـەینو جێگـەی خـۆیی بـۆ بدۆزینـەوە لـەڕیزی ئەدەبیاتی تەقلیدیو سۆفیدا پێکەوە.

خـانی داسـتانەکەی بـە دیباجەیـەك دەسـت پێـدەکات کـە بـۆ موناجـاتو ستایـشی پێغەمبـەرو بـاری گـەلی کـوردی تـەرخانکردووە لـەڕێی شـەرحی هۆکـانی نووسـینی داستانەکەیەوە. پاشان داستانەکە بە پێـشەکی یـەك دەسـت پێـدەکات ڕەنگـە بەشـتێکی تەقلیدیی بزانینو بە ڕۆیشتن بەسەر ڕێبازی ئەوانەدا کە قەسـیدەکانیان بـە وەسـفی مـەی دەست پێکردووە، بەڵام مەسەلەکە بەرە بەرە قووڵ دەبێتەوە تادەگاتـە بینینـی سـۆفیانە،

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڵكو بەكارهێنانی واتەی سۆفیانە لەبارەی مەیەوەو ئەگەر خانی هەموو داستانەكەیی كرد بە نموونەی گەشتی گیان ئەوا مەی بەهۆیەكی كەشفو بینینو گەیشتنە مەقامات دەزانێ. خانی لەپێشەكیی داستانەكەیدا دەڵێ:

ساقی بکە جامی ئاسمانی
راحاوەکو رووحی جاویدانی
دا ئەم بکرین دەماغ جان تەڕ
یەک لەحزە ب راح رووح پەروەر
ساقی تو برێژە جامی مینا
ئاڤاکو دکەت زەمیر (ضمیر) بینا
شاداب بگێڕە تە قەلبی مەحزوون
مەدهووش بگێڕە تەقەلبی مەجنوون
ساقی بکە کاسەیا مجەوهەر
وی شیرەیی موعەصەرا موتەهەر
یاقووتی موزابو لەعلی سەییال[٢٣٥]
وی دوردی[٢٣٦] خۆشابو خەمری طەللال
دوڕدانەیی خوە برێژە ناڤی
یەعنی عەرەقا وەکو گوڵاڤی
دەم دەم بدە دەست مەی پەرستان
خەڵقی کو هەنەک ژ دل د دەستان
دا جامی دلان ببەت مورەسەع
بەزما تەرەبی ببەت موسەننەع
ڤی مەجلیسی مەیخۆران مەدامی
مەستانە بکە ژ نۆ مودامی



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مومکین کو ژ فەیزی بێ نیهایەت
یەک قەترە ببەت لەمن عینایەت
نەشئا قەدەحا مەیا موڕەوەق
کەیفا عینەبی رەزی ب رەونەق
ئەو رەنگ بکەت د نەفس تەئسیر
حاسیل ببەتن د قەلبی تەشویر
یەعنی بکەفتە جانی شەوقەک
حەتتا بگەهێتە قەلبی زەوقەک
تەئسیری نەفەس ببەت ژ بۆ من
تەشریحی قەفەس ببەت ژ بۆ من
تەسفیەیی دل ببەت مەحاسیل
هەڤدەنگ ببم دگەل عەنادیل
مورغی دڵی موردە بێتە پەرواز
بێ پەردە ببەت ترانە پەرداز[٢٣٧]

هەرچەندە خانی "جامی ئاسمانی"و "جامی شووشە" تێكەڵ دەكات بەڵام مەی لای ئەوی شاعیر هۆیەكە بۆ گۆرانیو وەك سۆفی هۆیەكە بۆ "پاكردنەوەی دڵ" و "سنگ والاكردن"و بۆ ئەوەی بە درێژی وەسفی گۆرانی "مەلی دڵی مردوو" شاعیرانە بكاتو بگەڕێتەوە لای ساقیو پێی بڵێت:

ساقی بدە من شەرابی گوڵگوون
بێ دەنگی دەفو سەدایی قانوون
دا شەحنەو موحتەسیب نەبینن[٢٣٨]
شاهی بجەڤن چو غەم نەمێنن
تەشویش بچن ژ قەلبی مەحزوون

* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**دیساببم ئەز ژ نۆ دیگەر گوون**

**مەخموور ببم بگرمە لافان**

**سەرخۆش ببم بکەم گوزافان**[٢٣٩]

لێرەدا دوو وێنەکەی مەی، نالێم دنیایی‌و ئاسمانی، بەڵکو ئەڵێم تەقلیدی‌و سۆفی کۆدەبنەوەو ناتوانین ئەم وێنە بێدەنگەی مەی خواردنەوە بە وێنەیەکی ئەدەبیی پێچەوانە بزانین وەك ئەبوونواس وەسفی کردووە کە وتوویەتی:

**الا فأسقنى خمراً وقل لي هي الخمر**

**ولا تسقينى سراً إذا أمكن الجهر**[٢٤٠]

بەڵکو وێنەیەکی سۆفی یە وەك زمانی ڕێبازی خانی قسە دەکات کە دێینە سەری بەڵام هەردوو وێنەکە جارێکیتر دێنەوە سەر واقیعی سۆفیی خانی کە دەڵێ:

**بێ کەیف نەشێم چو ئەز ببێژم**

**دێوانە ببم دوڕان بڕێژم**

**بەدحاڵ ببم سەران ب دەردەم**

**بێ قاڵ ژ باتینی خەبەر دەم**

**تەشبیهی نەی بکەم ئەز تەکەلووم**

**تووتی سیفەت ئەزبکەم تەکەلوم**

**داکەشف ببن ژ من کەرامات**

**مەشهوود ببن لە من مەقامات**[٢٤١]

هەرچەندە وێنەکە لێرەدا ئاشکرا دەبێت، بەڵام هێشتا ماوەی تێکەڵبوونی تیایە، کە بەرە بەرە بەوەی خانی لەفەسڵەکانی دوواییدا روودەکاتە تەسەوف نامێنێ، لێرەدا سنوورێکی جیا کەرەوە بۆ دوو جۆرەکەی تەسەوف دادەنێ‌و هەڵوێستێکی دەبێ کە هەڵوێستی سۆفیانە، هەر وەك هەڵوێستی بەرامبەر عەشق هەیە.



* * *

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**ساقی مەی بگر کو ئەزب دەستم**

**مەخموورم‌و مەی نەخوارو مەستم**

**گاڤا کو ڤەخوار مەم‌و زینی**

**ئاخەفەت ل من جەهی برینی**

**ئەم عاشق ئەگەر چی مەی پەرستین**

**ئەمما ژمەیا ئەلست**[٢٤٢] **مەستین**[٢٤٣]

لێرەدا خانی لەگەڵ موتەسەویفەکانیتردا بەئاشکرا لەباسی مەیی خوایی کردندا یەکدەگرێت. جەلالەدینی رۆمی دەڵێ:

**خوا ساقیمانەو خوا مەیی ئێمەیە**

**خوا دەزانێ خۆشەویستیی ئێمە کام خۆشەویستی یە**[٢٤٤]

خانی هەوڵ ئەدا ئەو مەیە خواییە لەوەسفەکانیدا لەمەیی ساقی جیا بکاتەوە. پاش ئەو دێڕانە یەکسەر دەڵێ:

**ئەو مەی نە وەکو مەیاتە ئاڵە**

**ئەو مەی ژ جەمالی زولجەلالە**

**ئەو حوبا حەبیبی پاکی زاتە**

**ڤەنواتی حەدیقەیی سیفاتە**[٢٤٥]

بەڵام خانیی سۆفیی عاشق کە وەك عاشقانیتر بە مەیی (ألست) سەرخۆش بووە ئێستا روو دەکاتە ساقی‌و مەیی خوایی لێ ناوێ بەڵکو ئەو مەیەی دەوێ کە دوێنێ دای بە خەڵك:

**ساقی بدە من ژ بۆ خودێرا**

**جامەک ژ مەیا تە دۆه دگێڕا**

**هەر جورعەیەکی ئەز ژێ بکەم تام**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

یەک جورعە بەسە حەتا سەرەنجام
ئەو کیفەکە مەحزە بێ کەم‌و کەیف
ئەسرارە کە بێ خەیاڵ‌و بێ تەیف
دادەفع بکەم خەماری دۆشین
هشیار ببم ژخواب نۆشین
دا شوبهێ مەمێ نەبت کوغافل
بێت میرو ئەجەل ب سەر مەعاجل(٢٤٦)

باسکردنی مەیی دنیایی لەم دێڕانەدا دیارەو دانانی بەشێکی واسیعیش کە خەیاڵ‌و تارمایی تێدا نەبێت هەر ئاشکرایە. سەیریش لەم دێڕانەدا باسکردنی سەرخۆشی نەهێشتنەو ئەمەش مەسەلەیەکە هەر مەیخۆران دەیزانن. بەڵام خانی مەسەلەی مەی لەم رادەیەدا راناگرێ، وەك بیەوێ بەئۆرگانێکی بە تەسەوفیەوە ببەستێ بۆ ئەوەی بیکات بە بەڵگە کە مەیی سۆفیان مەیەکی مەعنەوییە. قوتب لای ئەو (پیری مەیخۆر)ی پێ دەووترێ.

لەمەوبەر ووتمان چۆن سالێك لەبڕینی ئەحواڵ‌و مەقاماتدا بە میوەیەك دەزانێ کە بچێتە (خومی گەورە)وە بەدەستی (پیری مەیخۆر) دەگوشرێ‌و ئەوسا "تەجلی‌یەکان لەزۆریی سیفاتدا دەبڕێ(٢٤٧) بەڵکو لەو وێنە چڕەدا کە خولی ژیان‌و سلووکی موتەسەویف‌و شتیتردا دیمان خولی ژیان‌و سلووکی مەتەسەویف‌و شتیتر دەشوبهێنرێ بەکاری گوشین‌و پێگەیاندنی مەی".

مەسەلەی نەمان‌و مانی سۆفی بە گەیشتنە جامی خوایی شوبهاندووە(٢٤٨) کەواتە مەسەلەی مەی‌و خواردنەوەی لەکۆتاییدا مەسەلەیەکی سۆفیی ترە دەچێتە سەر باسەکانی خانی لەسەر تەسەوف‌و دەچێتە سەر ئەدەبیاتی مەی لای سۆفیان بەگشتی.



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ قمر گيلانى، فى التصوف الإسلامى، مفهومه و تطوره و إعلامه. بيروت ١٩٦٢، ص ٤٩.
٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٤٧.
٣ـ الدكتور أبو العلاعفيفي، التصوف ـ الثورة الروحية في الإسلام، القاهرة ١٩٦٣. ص ١٤.
٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.
٥ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.
٦ـ مەم‌و زین، ل٩
٧ـ الرسالة القشيرية للإمام ابى القاسم عبدالكريم القشيري، تحقيق: الدكتور عبدالحليم محمود بن الشريف، ج١، القاهيرة، ١٩٦٦، ص٤٦٥.
٨ـ ئەم واتەیە لەو نوسخە دەستنوسەدا کە سەید تەهای ئەوڕوسی نووسیویەتییەوە بە (نەفعاخوە) هاتووە لەجیی (نەفساخوە) کە لەچاپەکەی مۆسکۆدایەو یەکەمیان بەراستترو گونجاوتر دەزانم لەبەر ئەوە لەوەرگێڕانە عەرەبییەکەدا بەو جۆرەم نووسیوە.
٩ـ مەم‌و زین. ل ١٨٧، ١٨٨.
١٠ـ مەم‌و زین. ل ١٥٥.
١١ـ لێرەدا ئیشارەتێکی شاعیرانەی جوان هەیە بۆ بارێکی پێچەوانەی ئەوەی برایمی خەلیل دیوویەتی کە بە ئاگر نەسووتا (قلنا يا نار كوني برداً و سلاماً على إبراهيم)، انبياء/٧.
١٢ـ مەم‌و زین، ل ١١٣، ١١٤.
١٣ـ مەم‌و زین، ل١٧٠، ١٧١.
١٤ـ خانی لێرەداو لەچەند شوێنیتردا (ل ١١٢، ١٨٤، ١٨٥) ووشەی (دۆست)و مانای ووشەکەی (هاوەڵ یا خۆشەویست) بەکاردەهێنێ ئەوەی موتەسەویفە فارس‌و کوردەکان بە کاری دەهێنن‌و نیکلسون لەو بارەیەوە دەڵێ: "سۆفییە پێشڕەوەکان لەمانەویەتەوە ووشەی (دۆست)یان وەرگرتووە کە ئەوان بەرابەرەکانی رێگەی خوایان ووتووە". بڕوانە نیکلسون ل ١٩.
١٥ـ لەنوسخەیەکدا نووسراوە "لەمەغز ـ واتە مێشك. راستتر (فەرق)ە کە تەپڵی سەرە.
١٦ـ مەم‌و زین، ل ٤٧، ٤٨.

* * *

مه كتەبى بيروهۆشيارى

١٧ـ مەمو زين، ل ١١٤.

١٨ـ مەمو زين، ل ١٢٦.

١٩ـ لێرەدا ئیشارەتە بۆ دوو فەرموودەی پێغەمبەر "العلماء ورثة الآنبياء" "علماء أمتي كأنبياء بني إسرائيل".

٢٠ـ مەمو زين، ل ٢٧.

٢١ـ تووسی (طوسي) لای وایە کە مەقامات حەوتن: (التوبة، الورع، الزهد، الفقر، الصبر، التوكل، الرضا، والأحوال) لای کۆمەڵی موتەسەویفان. ئەحوالیش لای کۆمەڵی موتەسەویفیان ئەمانەن: المراقبة والقرب و الخوف و المحبة، الرجاء الشوق، الأنس، الطمأنينة، المشاهدة واليقين.

٢٢ـ مەمو زين، ل ١٦٠.

٢٣ـ لێرەدا ئیشارەتە بۆ ئەوەی دەروێشی موتەسەویف ئێستا دەیڵێن (موتوا قبل أن تموتوا ـ بمرن پێش ئەوەی بمرن) مەبەسیان ئەوە نییە کە نەفسی شەهوانی هەر دەبێ تێك بچێت، بەڵکو مەبەسیان ئەوەیە کە لەتوانادا هەیە ـ یا پێویستە لەسیفەتەکانی خۆی پاك ببێتەوە کە هەر خراپەی تەواوە) نیکلسون ل ٤٤، ٤٥.

٢٤ـ مەمو زين، ل ١٤٢.

٢٥، مەمو زين، ل ٢٥.

٢٦ـ مەمو زين، ل ١٦٧. تێبینی: ئەم نیوە دێڕە هەر خۆی بە عەرەبی نووسراوە.

٢٧ـ لەشەطەحاتی سۆفیی بەسطامیدا باسی (لامەکان) دەبینین کە دەڵێ: (نە بەیانیو نە ئێوارە: بەڵکو بەیانیو ئێوارەیە بۆ کەسێك کە سیفەت بیگرێ، منیش سیفەتم نییە).

٢٨ـ مەمو زين، ل ١٥٩.

٢٩ـ التساعيات: ج ٤: ا.

٣٠ـ مەمو زين، ل ١٧٨.

٣١ـ مەمو زين، ل ١٨.

٣٢ـ سفال (الصلصال)، هەر وەك سواڵەت وایە.

٣٣ـ مەمو زين، ل ١٨.

٣٤ـ ديوان الحلاج، صنعه و أصلحه الدكتور كامل مصطفى الشيبي. بغداد ١٩٧٤. ص ٢١.

٣٥ـ نیکلسون، ص ٨٣، ٨٤.

٣٦ـ مەمو زين، ل ١٨.



* * *

مه كتەبى بيروهۆشيارى

٣٧ـ ئیفلاتوون: فیدۆن.

٣٨ـ مەمو زين، ل ١٧١.

٣٩ـ مەمو زين، ل ١٥٨.

٤٠ـ مەمو زين، ل ١١٠.

٤١ـ مەمو زين، ل ١١٥.

٤٢ـ مەمو زين، ل ١٠٤.

٤٣ـ بێژەن: کەسێکی ئەفسانەییە، قارەمانی داستانێکی فۆلکلۆری کوردییەو یەکێکە لەکەسانی شانامەی فیردەوسی، خۆشەویستی بێژەن بۆ (مەنیجە)ی کچی حاکمی تووران یەکێکە لەدیمەنەکانی شانامە. لێرەشدا ئیشارەتە بۆ بەندکردنی بێژەن لەزیندانێکی ژێر زەویدا.

٤٤ـ مەمو زين، ل ١١٣.

٤٥ـ من إفلاطون الى إبن سينا، ص ١٠٨، ١٠٩.

٤٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٠٩.

٤٧ـ لێرەدائیشارەتە بۆ کۆنیی خراپە (شرٍ)و پێش چاکە (خیر) بوونیشی.

٤٨ـ مەمو زين، ل ١٤٠.

٤٩ـ بڕوانە: گەیلانی، ل ١٤٦.

٥٠ـ مەمو زين، ل ١٧١.

٥١ـ الرسالة القشيرية، ج١، ص ١٧٧.

٥٢ـ مەمو زين، ل ٤٠.

٥٣ـ مەمو زين، ل ١٥٥.

٥٤ـ مەمو زين، ل ١٥٦.

٥٥ـ سەدا لەبانگەوەیە، لەهەندێ نوسخەشدا نووسراوە مەملەکەتی یا مۆڵکی تەن.

٥٦ـ مەمو زين، ل ١٥٨، ١٥٩.

٥٧ـ مەمو زين، ل ١٥٩.

٥٨ـ مەمو زين، ل ١٣٢.

٥٩ـ طيفور البسطامي. كتاب الفتوحات الالهية في شرح المباحث الأصلية، ١٩١٣، ص ١٤٧. بڕوانە: الرسالة القشيرية ج ٢، ص ٧٣٥.

٦٠ـ عبدالوهاب الشعراني. لطائف المنن. تونس ١٣٠٤. ص ١٤٦.

* * *

٦١ـ الرسالة القشيرية، ج ١، ص ١٥٣.

٦٢ـ ئەمە ئیشارەتەو لێکچوانێکی ئاشکرایە بە حیکایەتی مووسا.

٦٣ـ ئیشارەتە بۆ ئایەتی "وقیل یا أرض ابلعي ماءك ویاسماء اقلعي وغیض الماء وقضي الأمر واستوت على الجودي (هود/ ٤٥) هەروەها ئیشارەتە بۆ ئایەتی (یاأیها النفس المطمئنة ارجعي الى ربك راضیة مرضیة فأدخلي في عبادي، وأدخلي جنتي) (الفجر/ ٢٨ ـ ٣١)".

٦٤ـ لەهەموو تێکستەکاندا ووشەی (تشنیع) هاتووە کە دەبێ لەئەسڵدا (تشییع) بێت یا (تشنیع)بێت بە مانای گلەیی.

٦٥ـ مەمو زین، ل ٩٥٩، ١٦٠.

٦٦ـ لەهەندێ نوسخەدا ووشەی (رایگانی) کە (بەخۆرایی یا بێ هۆ) دێت هاتووەو لەهەندێ نوسخەدا ئەم ووشەیە بووە بە (زیندەگانی)یا (ژیان).

٦٧ـ مەمو زین، ل ١٦٥، ١٦٦.

٦٨ـ مەمو زین، ل ١٦٨، ١٦٩.

٦٩ـ ئەم دێڕە هەر خۆی بە عەرەبی نووسراوە.

٧٠ـ مەمو زین، ل ١٦٧، ١٦٨.

٧١ـ مەمو زین، ل ١٦٨، ١٦٩.

٧٢ـ مەمو زین، ل ١٧٠.

٧٣ـ مەمو زین، ل ١٧١.

٧٤ـ مەمو زین، ل ١٧٩.

٧٥ـ مەمو زین، ل ١٨١، ١٨٢.

٧٦ـ مەمو زین، ل ١٨٣.

٧٧ـ مەمو زین، ل ١٩٣.

٧٨ـ عفیفی، ص ١٤.

٧٩ـ عفیفی، ١٤٨.

٨٠ـ زەوق (الذوق) لەئیستیلاحی سۆفیاندا (یەکەم باوەڕی تەجەلیاتی خواییە)، إبن عربی. کتاب إصطلاح الصوفیة، حیدر أباد الدکن، ١٩٤٨، ص ٦.

٨١ـ واتە نەفسی ئەولیا.



* * *

٨٢ـ نیشانەیە بۆ دوو ئایەتی (قال رب إشرح لي صدري) (طه: ٢٦)، و (ألم نشرح لك صدرك) (الإنشراح:٢) یا ئایەتی (فمن یرد الله أن یهدیه یشرح صدره للإسلام). (أنعام: ١٢٦)

٨٣ـ ووشەی (پەردە)ی کوردی دیارە پەردەی سەرپەنجەرەیەو (پەردە) ئیستیلاحێکی مۆسیقاشە

٨٤ـ مەمو زین، ل ٣٩.

٨٥ـ مەمو زین، ل ٨٥.

٨٦ـ چلە خانە: خانەی چلە ـ مەبەس خانەی خەلوەتو ئیعتیکافەو خوا پەرستییە.

٨٧ـ نەخشەب: ناوێکە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەشاری (قرشی)ی تورکستان دەنرا کە حەکیمی کوڕی عەتا کە لەقەبی (المقنع) بوو لەبیرێکدا لەدەورووبەری بەندکرا بوو. مانگێکی دەستکردی دروستکرد تا لەبیرەکەدا پێغەمبەرێتی خۆی بسەلێنێ "برهان قاطع" ص ٢٩.

٨٨ـ نیشانەیە بۆ لاواز بوونی هەموو خوا پەرستێك.

٨٩ـ مەمو زین، ل ١٤٠.

٩٠ـ ئیشارەتە بۆ فەرموودەیەك کە خەتیبی بەغدادی دەیگێڕێتەوە (الدنیا سجن المؤمن وجنة الکافر).

٩١ـ مەمو زین، ل ١٤١.

٩٢ـ مەمو زین، ل ١٤٣.

٩٣ـ مەمو زین، ل ١٤٦.

٩٤ـ باز: ئەو ناوەیە کە سۆفییەکان لەغەوسی ئەعزەم (الغوث الأعظم) شێخ عەبدولقادری گەیلانیی دەنێن.

٩٥ـ مەمو زین، ل ١٤٢، ١٤٣.

٩٦ـ مەمو زین، ل ١٩٠، ١٩١.

٩٧ـ مەمو زین، ل ١٩٢.

٩٨ـ الرسالة القشیریة، ج ١، ص ٣٥.

٩٩ـ عفیفی، ص ١٤٨.

١٠٠ـ القرآن الکریم، الأنعام/ ١٢٥.

١٠١ـ السلمي، طبقات الصوفیة، ٦٧٠ (عن نیکلسون ص ٢٥).

١٠٢ـ مەمو زین، ل ١٩٣.

١٠٣، مەمو زین، ل ١٩٣

* * *

١٠٤ـ مەمو زین، ل ١٩٢ـ ١٩٣.

١٠٥ـ عفیفی، ص ١٥٥.

١٠٦ـ المنقذ من الضلال، ص ١٠٥.

١٠٧ـ دیوان الحلاج، ص ٥٩.

١٠٨ـ عفیفی، ص ١٤٩.

١٠٩ـ قورئانی پیرۆز (الآعراف/ ١٧٢)

١١٠ـ عفیفي ١٧٣، ١٧٤.

١١١ـ ئەم ووشەی (ئاشنایی) کوردی یە دەتوانرێ بە (هۆگریو یەکتر ناسینی پێشوو یەکتر ناسین) لێك بدرێتەوە.

١١٢ـ مەمو زین، ل ٦٧.

١١٣ـ هەرچەندە خانی بەگشتی دان بەم دوو جۆرە خۆشەویستی یەدا نانێت. بەڵام بینینی عەشقی سۆفیانە لای ئەو پاڵی پێوە دەنێ برایی وا ببینێ کە هەندێجار جۆرێکە لەعەشقو ئەمەش پاڵی پێوە دەنێ کە مەمو تاژدین بە دوو عاشق بشوبهێنێت:

**مەم ژی ل وی عاشقەک تەمام بوو**

**نەشوبهی براو بابو مام بوو** (مەمو زین، ل ٥٠)

**ئەو هەردوو جوان لێک دعاشق**

**ئەو هەردوو برا وەپێکڤە سادق**

**یەک قەیسی زەمانەو یەک لەیلا**

**یەک وامیقی عەسرویەک عەزرا** (مەمو زین ل ٥١).

١١٤ـ مەمو زین، ل ٥٨

١١٥ـ شەم یا شەمع لەکوردیدا بۆ نێرینەیەو پەروانەو شەم نیشانەی دووعاشقن لەئەدەبیاتی کوردیدا.

١١٦ـ دیوانە با بەشێتیش بووترێ، بەڵام مەبەس دەروێشیشە.

١١٧ـ ئاشنایە (مؤتلف، متعارف) دێت.

١١٨ـ مەمو زین، ل ١٦٩.

١١٩ـ بڕوانە: الدکتور کامل الشیبی، الصلة بین التصوف و التشیع، بغداد ١٩٦٣.

١٢٠ـ (الکهف/ ٨٢٦).



* * *

١٢١ـ مەمو زین، ص ١٨٤.

١٢٢ـ عفیفي، ص ١٢١.

١٢٣ـ مەمو زین، ل ١٩١.

١٢٤ـ مەمو زین، ل ١٨.

١٢٥ـ الحافظ أبو نعیم الأصبهاني. حلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء، ج ١، القاهرة، ١٩٣٨. ص ٣٤٤.

١٢٦ـ بڕوانە: نیکلسون، ص ٩.

١٢٧ـ الرسالة القشیریة، ص ٢٤٠.

١٢٨ـ ابن عبد البر (أبو عمر یوسف) مختصر جامع بیان العلم وفضله، ط ١، القاهرة، ١٣٢٠.

١٢٩ـ مەمو زین، ل ٢٧.

١٣٠ـ مەمو زین، ل ١٩٣.

١٣١ـ مەمو زین، ل ١٨٥ ـ ١٨٦.

١٣٢ـ دێوانە بەشێت، دەروێش، موتەسەویف دەوترێ.

١٣٣ـ لێرەدا ئەم ئیشارەتە لەبنەڕەتێکی فیقهی یەوە وەردەگرێ کە حەڵاڵو حەرامی ئامێری مۆسیقا دەردەخات.

١٣٤ـ پەردە لەلایەك پەردەی پەنجەرەیەو لەولاوە ئیستیلاحێکە چەند مەقامی مۆسیقا دەگرێتەوە.

١٣٥ـ لەم نموونەیەدا مەقامی مۆسیقایە، هەروەها مەقامی تەسەوفیشە.

١٣٦ـ مەمو زین، ل ١٨٥ ـ ١٨٦.

١٣٧ـ واتە بەشێك لەحەقیقەت.

١٣٨ـ مەمو زین، ل ١٨٦ ـ ١٨٧.

١٣٩ـ مەمو زین، ل ٧٠١.

١٤٠ـ هاوکوفئی (کفاء ة) لەپلەی تیرەو بنەماڵەدا مەرجێکی ژن هێنان یا شووکردنە لای هەندێ ڕێبازی سوننی، هەرچی ئیمامیو زەیدیو خاریجین ئەوا دان بەم مەرجەدا نانێن. مەرجی هاوکوفئی لەبنەڕەتیدا لەڕێو شوێنەکانی جاهیلیەتە، ئەمەوییەکان لەناو بنەڕەتەکانی جاهیلییەتدا کە هێنایانەوە کایە ئەویشیان هێنایەوەو ئەمە کاری کردەسەر هەندێ لەفەقیهەکانی سوونی لادانی خانی لەو مەرجە بەم شێوە ئەدەبی یە نیشانەی مێشك کراوەی یە لەدەرەوەی چوارچێوەی سونێتی.

١٤١ـ مەمو زین، ل ١٤١ ـ ١٤٢.

* * *

١٤٢ـ ئیشارەتە بۆ وتەکەی سۆفیان (موتوا قبل أن تموتوا).

١٤٣ـ مەمو زین، ١٤١ ـ ١٤٢.

١٤٤ـ بروانە: عفيفي، ل ١٤٣ الرسالة القشيرية، ج ١ـ ل ٢٤٨، ٢٤٩.

١٤٥ـ قورئانی پیرۆز (یوسف / ٥٤).

١٤٦ـ عفيفي، ص ١٥٠ ـ ١٥١.

١٤٧ـ مەمو زین، ل ١٨.

١٤٨ـ مەمو زین، ل ١٦١ ـ ١٦٢.

١٤٩ـ نیکلسون، ص ١٥٨.

لەکوردیدا بەرامبەر ووشەی (زواج)ی عەرەبی ووشەیەك نابینم، لەبەر ئەوە هەردوو لایەنەکە ژن هێنانو شووکردنم پێکەوە بەکارهێنا. هەرچەندە لەکوردیی ئەم زەمانەدا "هاوسەرگیری"ش دروستکراوە.

١٥٠ـ (برای ئاخیرەت) ئیستیلاحێکی ئایینی یەزیدی یە ئەو برایە یەزیدی لەچینێکی جیا لەچینی ئایینی خۆی لەچینی (شێخو پیر) هەڵدەبژێریۆ بەپێی باوەڕی یەزیدی مرۆڤ لەو یاساولانە رزگار دەکات کە رۆژی قیامەت ئازاری گیانی ئینسان دەدەنو لەبەردەمی فریشتە فەرماندارەکاندا یارمەتیی دەدەن.

١٥١ـ مەمو زین، ل ٥٠ ـ ٥١.

١٥٢ـ مەمو زین، ل ٩١.

١٥٣ـ مەمو زین، ل ٩٤.

١٥٤ـ مەمو زین، ل ١٣١.

١٥٥ـ مەمو زین، ل ١٣٢.

١٥٦ـ مەمو زین، ل ١٧٥.

١٥٧ـ مەمو زین، ل ١٨٤ ـ ١٨٥.

١٥٨ـ مەمو زین، ل ١٩.

١٥٩ـ الفصوص، ص ٢٢٤.

١٦٠ـ قورئانی پیرۆز (العنكبوت / ٤٤).

١٦١ـ مەمو زین، ل ١٩.

١٦٢ـ مەمو زین، ل ١٩٣.



* * *

١٦٣ـ مەمو زین، ل ٢٣.

١٦٤ـ لەنوسخەیەکدا (مەحالە).

١٦٥ـ مەمو زین ١٧٩ ـ ١٨٠.

١٦٦ـ بەقیبلەگاە و بە سوجدەگاهیش هاتووە.

١٦٧ـ مەمو زین، ل ١٤١.

١٦٨ـ مەمو زین، ل ١٤٤ ـ ١٤٥.

١٦٩ـ إبن عربى. كتاب المسائل. حيدر اباد الدكن، ١٩٤٨. ص٩، ١٠.

١٧٠ـ قمر گیلانی. ص ١١٥.

١٧١ـ مەمو زین. ل ٢٤

١٧٢ـ فەرموودەی قودسی یە.

١٧٣ـ قورئانی پیرۆز (الأنبياء/ ١٠٨).

١٧٤ـ گیلانی، ١١٥.

١٧٥ـ نیکلسون. ص ٨٢.

١٧٦ـ مەمو زین. ل ٢٥.

١٧٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٧٨ـ ئیشارەتە بۆ ئایەتی (ومبشراً برسول يأتي من بعدي إسمه أحمد) (الصف/ ٧).

١٧٩ـ ئیشارەتە بۆ ئایەتی (الذين يتبعون النبـي الأمي الذي يجدونه مكتوباً عندهم في التوراة و الإنجيل) (الأعراف/ ١٥٧).

١٨٠ـ ئیشارەتە بۆ ئایەتی (وأنزل جنوداً لم تروها) (التوبة/ ٢٨).

١٨١ـ مەمو زین، ل ٢٦.

١٨٢ـ گیلانی، ل ١١٥.

١٨٣ـ مەمو زین، ل ٢٧.

١٨٤ـ ديوان إبن الفارض. القاهرة، ١٣٥٣. ص ٣٤.

١٨٥ـ مەمو زین، ل٢٠، ٢١.

١٨٦ـ مەمو زین، ل٢١.

١٨٧ـ عفيفي. ص ٢١١.

١٨٨ـ مەمو زین، ل ١٨٧.



مەکتەبی پرو هۆشیاری

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

١٨٩ـ زەوق (یەکەم سەرەتای تەجەللاکانی خوای یە). (إبن عربي مصطلحات الصوفية. حيدر اباد الدكن، ١٩٤٨. ص ٦).

١٩٠ـ نیکلسون، ص ١٠٧.

١٩١ـ عفيفي، ص ٢٣٨.

١٩٢ـ الغزالي، الأحياء ج ٤. طبعة الحلبـي، ١٢٩٦، ص ٢٨.

١٩٣ـ مەمو زین، ل ١٨٦.

١٩٤ـ مەمو زین، ل ١٨٧.

١٩٥ـ مەمو زین، ل ١٩٧.

١٩٦ـ الرسالة القشيرية. ج١، ص ٢٥١.

١٩٧ـ نیکلسون، ص ٧٠.

١٩٨ـ الرسالة القشيرية ج١، ص٢٥١.

١٩٩ـ ديوان الحلاج، ص ٣١.

٢٠٠ـ مەمو زین، ل٧٧.

٢٠١ـ قورئانی پیرۆز، (النور/ ٣٦).

٢٠٢ـ نیکلسون، ص ٥٥.

٢٠٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٢٠٤ـ لەنوسخەیەکدا نووسراوە (لە لەش).

٢٠٥ـ مەمو زین، ل ٦٦.

٢٠٦ـ مەمو زین، ل ١٤١.

٢٠٧ـ مەمو زین، ل ١٣١.

٢٠٨ـ مەمو زین، ل ١٦٠.

٢٠٩ـ قورئانی پیرۆز (طه ١٠ـ ٤)

٢١٠ـ بڕوانە: عبدالرحمن الوكيل. هذه هي الصوفية. ط ٣، القاهرة، ١٩٥٥.

٢١١ـ العقد الجوهری، ل ٣٢٧.

٢١٢ـ إبن عربي، مصطلحات الصوفية. حيدر اباد الدكن، ١٩٤٨.

٢١٣ـ وەرگێڕانەکە لە (نیکلسون)ەوە وەرگیراوە. ل ١١٢.

٢١٤ـ العقد الجوهری، ٥٠٥.





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

٢١٥ـ لات: بتە. ئازەر بەپێی قورئان ناوی باوکی برایمی خەلیلە.

٢١٦ـ العقد الجوهری، ل ٥٦٦.

٢١٧ـ مەمو زین، ل ٤٦.

٢١٨ـ رووی بە کەعبەو پرچی بە بەرگی ڕەشی کەعبە شوبهاندووە.

٢١٩ـ مەمو زین، ل ١٠٢.

٢٢٠ـ مەمو زین، ل ١١١.

٢٢١ـ مەمو زین، ل ١١٠.

٢٢٢ـ مەمو زین، ل ١٤٥.

٢٢٣ـ مەمو زین، ل ١٤١.

٢٢٤ـ ووشەی (وەستا ـ یا وسطی) بە مانا کوردیەکەی (وەستا) دیارە، لەمەشدا (تەوریە) یەك هەیە کە بە مانا (وەستا)و بەو مانای (ناوەڕست) دێ لەنێوان موصەللاو مەقامدا.

٢٢٥ـ مەمو زین، ل ١٦٨.

٢٢٦ـ مەمو زین، ل ٩٠، ٩١.

٢٢٧ـ مەمو زین، ل ٩٢.

٢٢٨ـ مەمو زین، ل ٩٢.

٢٢٩ـ مەمو زین، ل ١٢٥.

٢٣٠ـ مەمو زین، ل ١٢٦.

٢٣١ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٢٣٢ـ دائرة المعارف الإسلامية. ج ٤. القاهرة ١٩٣١. ص ٣٧ ـ ٤.

٢٣٣ـ نیکلسون، ص ١٠٢.

٢٣٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٢٣٥ـ لەعل (لعل) بەعەرەبی کراوەی (لال)ە کە یەکێکە لەبەردە گرانبەها سوورەکان کە لەیاقووت دەچێ (فرهنگ عمید، ص ١٠١٣).

٢٣٦ـ دورد (شەراب یا ئەو پاشماوەیەی لەبن جامدا دەمێنێتەوە) (فرهنگ عمید ص ٥٧).

٢٣٧ـ مەمو زین، ل ٤٠.

٢٣٨ـ موحتەسیب (لێپرسراوی ئاداب یا ئەو فەرماندارەی کاری فەرمان بە چاکەو نەهی لەخراپەی دەدرێتە دەست)(فرهەنگ عمید ل ١٠٥٨).

* * *

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

شەحنە: پۆلیس، یا پۆلیسی ئاداب، یا پاسەوانو چاودێرانی شار(فەرهەنگ عمید. ص ٥٧).

٢٣٩ـ مەمو زین، ل ٤٠.

٢٤٠ـ دێڕێکی بەناوبانگی ئەبوو نوئاسە

٢٤١ـ مەمو زین، ل ٤٠.

٢٤٢ـ (ألست) لەئەدەبیاتی ئێمەدا بەرامبەر بە ووشەی (خوا)یەو دیارە لەئایەتی (ألست بربکم؟ قالوا بلی) الأعراف/ ١٧٢ ەوە وەرگیراوە، لەمەشدا ئیشارەتە بۆ نەمریی ئەم مەیە لەگەڵ گیانو بوونی پێشووی ئەودا.

٢٤٣ـ مەمو زین، ل ١٢٦.

٢٤٤ـ لەنیکلسونەوە ل ١٠٢ وەرگیراوە.

٢٤٥ـ مەمو زین، ل ١٢٧.

٢٤٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

٢٤٧ـ مەمو زین، ل ١٩١.

٢٤٨ـ مەمو زین، ل ١٩٢.



* * *

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

# یەکێتی بوونە یا یەکێتی شهوود ؟

لەمەوپێش باسی مەسەلەی یەکێتیی بوونمان لای خانی لەباری سەرنجی فەلسەفەوە کرد بەڵکو لەلایەنی فەلسەفەمان لەرووی یەکێتی بوونەوە لای خانی کرد کە دەتوانین بەتەواوی لەمەسەلەکەدا لەلایەنی سۆفیی لای ئەو جیابکەینەوە، وەك لێکۆڵەرەوەکان راهاتوون یەکێتیی فەلسەفی لەیەکێتیی بوونی سۆفی جیا بکەنەوە. بەڵام پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئەمە یەکێتیی بوونێکە کە خانی وێنەیی بۆ کێشاوین یا یەکێتی شهوودە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەوە دەتوانین خولاسەی ئەو دانوستاندنانە بگێڕینەوە کە لەبارەی ئەم دوو یەکێتی یەوە بەگشتی لای موتەسەویفەکان هەیە. ئەوسا بیری خانی بەتایبەتی لەو مەسەلەیەدا وەردەگرین. لێکۆڵەرەوەیەکی هاوچەرخ دەڵێ: "کەواتە دەبێ بەئاشکرا یەکێتیی بوون یا تەجروبەی یەکێتی شهوودو تیۆریی یەکێتیی بوون لەیەك جیا بکەینەوە".

رەنگە تێکەڵکردنی ئەم دوو یەکێتی یە وای لەهەندێ لێکۆڵەرەوە لەتەسەوفی ئیسلامی لەرۆژهەڵاتناسان کردبێ کە بڵێن بیری یەکێتیی بوون ئەو بیرە سەرەکی یەیە کە

بەسەر هەموو تەسەوفدا زاڵە "لەراستیو واقیعی ئەم قسەیە دوور نییە" زوڵمە وەسفی موتەسەویفەکانی دوو سەدەی سێیەمو چوارەمی وەك ئەبوو یەزیدی بەسطامیو جونەیدی بەغدادیو شبلی وا دانێین کە ووتوویانە یەکێتیی بوون هەیە لەکاتێکدا قسەکانیان لەبارەی یەکێتیی شهوودەوە هاوتایە لەگەڵ یەکتایی (توحید)[١] هەر ئەو لێکۆڵەرەوەیە رای ئیبن عەرەبی لەبارەی یەکێتی بوونیشەوە[٢] دووبارە دەکاتەوە لەوەدا کە دەڵێ: لای ئەوانەی لەکار وورد بوونەتەوە ئەوە سەلماوە کە لەبووندا هەر خوا هەیەو ئێمەش با هەر هەبین ئەوا بوونمان هەر بەهۆی ئەوەوەیە. ئەوەی بوونی بەوەوە نەبێت لەرێزی نەبووە[٣].

ئەم قسەیەی ئیبن عەرەبی زۆر لەرای "ئیفلۆتین"ی ئەسکەندەری دەچێ کە ووتویەتی (یەکی یەکەم لەهەموو شوێنێکەو لەگەڵ ئەوەشدا لەبێ جێگەدایە ـ لامکان)[٤].

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیبن عەرەبی دەیەوێ پێوەندیی لەنێوان یەكو زۆردا بەپێی لۆجیکی ئەقڵ نەك کەشف لێکداتەوە[٥] ئەوا لەم مەسەلەیەدا بەگشتی لەگەڵ جیاوازی جەوهەریو بنەڕەتیدا بە ئیفلۆتینو ئەشعەری یەکانو حەللاج دەگاتەوەو هەر ئەو باوەڕی بە دەرکەوتنی زۆرە لای یەكو تیۆریی یەکێتی بوون بە تیۆریی ئەو ناسراوە، چونکە ئەوەو تیۆریی یەکێتیی شهوودی خۆیی پێکەوە بەستووە، وەك دووا پلە تەماشای تەجرووبەی سۆفی دەکات بۆ گەیشتنە زانینی راستیو لەوەدا لەگەڵ ئیفلۆتیندا[٦] یەك دەگرێت، کە ئەم حاڵەی بەوە وەسفکردووە بەوەی ووتوویەتی (دەرك کردنێکی ئەزەلی یە بە پێوەندیکردنی یەکسەرەوە پێی لەیەکگرتنیکدا کە نەفی پێوەندیی ئەو دەکات بەئەقڵەوە (NOUS)،[٧] نەفسی یەك دەبینێت بەو پێیەی شتێکی دەرەوەیە یا غەریبە لێی. بەڵکو بەو پێیەی تێدایەو بەجێی دەهێنێ، بەپێوەندیی خۆی بەوەوە زاتی خۆی ناهێڵێو ئەمەش حاڵێکی ژوور رەوتی ئەقڵو زانستە[٨].

لەباسی یەکێتیی بووندا ووتمان خانی ژماردنو چەند ژمارەیی بە مەسەلەیەکی لەسەر رێکەوتوویی (أعتباری) زانیووەو لای وایە زۆری لەیەکەوە هاتووە. دەتوانین لەمەسەلەی یەکێتیی بووندا لەلایەنی سۆفیدا چەند دێڕێك بێنین کە خانی یەکێتی بوونی فەلسەفیی





لای خۆی تێکەڵ بەیەکێتیی بوونی سۆفی دەکاتو پاشان دەیبەستێت بە یەکێتیی شهوودەوە خانی لەچەند دێڕێکی داستانەکەیدا کە وەسفی سروشتی جزیرەی تێدا دەکاتو لەباسێکیتردا کردمان بە نموونە دەڵێت:

مەششاتە سیفەت جیهانی دێرین
تەزیین کر بوو عەرووس ئایین
فەڕاشی قەزا ب سونعی قودرەت
غەبرا کربوو میسالی جەننەت
هەریەک ژ نەوالو کۆهو دەشتان
رەه شوبهەتی گۆشەیی بەهەشتان
هەر رەوزە ریازی خولدی ئەکبەر
هەر چەشمە ژ عەینی ئابی کەوسەر
هەر کۆه ژ رەنگی طووری مووسا
ژ ئەنواری تەجەللایی تەییسا
هەر نەهرە ژ رەنگی ئەژدەها بوون
هەر سەبزە ب موعجیزان عەسابوون
هەردار ژ فەیزی نەوبەهاری
تێک شوعلە ددا ژ نووری باری
هەر گوڵ ژ میسالی ئاتەشی طوور
یەک مەشعەلی بێ قسووری پڕنوور
هەر مورغی سەحەر بخوە کەلیمەک
هەر تووتییو قومری یەک نەدیمەک
هەر نەخل نیدا کونەندە هەر گاه
تەشبیهی شەجەر دگوو ئەناللاه[٩]

* * *

ئەم دێڕانە کە نموونەی لووتکەی سۆفین لەبینینی یەکێتیی بوون‌و پەیدا بوونی زۆرەوە لەیەکەوە کە خوایە هەر ئەوەمان دێنێتەوە یاد کە زەنوون (ذوالنـون)ی میـسری پـێش خانی ووتوویەتی: "ئەی خوای من، گوێم لەدەنگی ئاژەڵێک نەبوو، یا لەوورشەی درەختێك، یا خوڕەی ئاوێك، یا ئاوازی باڵندەیەك یاسای سێبەرێك، یاگڤەی بایەك، یا تریشقەی هەورێك، کە بەشایەتی تاقێتی تۆی نەزانم‌و بە بەڵگەی ئەوەی نەزانم کە هیچ شتێك وەك تۆ نی یە"[١٠].

یا ئەوەمان دێنێتەوە یاد کەووتراوە:

**وفي كل شئ له أية    تدل على أنه الواحد**[١١]

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بیرانە رەنگە هەموویان نزیك بن لەتیۆریی یەکێتیی بوونەوەو کە دان بەزۆریدا نانێت، بەڵام هەموو پێوەندی‌یەك لەگەڵ یەکێتیی بوون نابڕێت، ئەو یەکێتی‌یە بەسەر خانیدا زاڵە، کە جوانی‌و عەشقی یەکخستووەو بە دوو بەشی زانیون لەجوانیی پەروەردگارو عەشقی ئەو باشترین یار لای ئەو ئەوەیە کە یەك بێت، تەنیا بێت‌و وێنەی نەبێ، لەسکاڵای پاڵەوانی داستانەکەیدا بەزمانی مەمەوە بە بولبول دەڵێ:

**ئەی بولبول ئەگەر تو ئەهلی حاڵی**
**پەروانەیی شەمعی وەردی ئاڵی**
**زینا مە ژ جوحما تە گەشتر**
**بەختی مەژتالعی تە ڕەشتر**
**بولبول ئەزم ئەی نیکۆ سەرئەنجام**
**بێهوودە چرا دکەی خوە بەدنام**
**گوڵ یەک نەتنێ کو سەد هەزاران**
**گولشەن ددەتن د نەو بەهاران**
**مەعشووقە کومیسلی وان گەلەک بن**



* * *

**هەرچەند کو حووری یا مەلەک بن**
**ئەو نابنە مووجیبی ڕ دەردان**
**لەورا کو هەین ل جوملە عەردان**
**یەک بێت‌و نەبت میسالی هەمتا**
**مەستوور ژ ڕەنگی زین عەنقا**
**عاشق ب ڕ دی بکەت مودارە**
**بێ سەبرو مرن**[١٢] **ئەوی ڕ چارە**[١٣]

ئەگەر مردن سەرەنجامی عاشقێك بێت کە یارەکەی وێنەی نی یە، وەك ئەوەش سەرەنجامی مەم‌و زین بێت وەکو دیمان، ئەوا خانی لەو ئەنجامەدا وێنەیەکی دیاری یەکێتیی شهوودو نەمان لەڕێی خوادای پیشان داوە کە لای سۆفیان دەبینین: ـ

قوشەیری لەبارەی تاکێتی یەوە دەڵێ (لەبارەی تەوحیدی تایبەتی یەوە لەجونەیدیان پرسی ووتی: کە بەندە تارماییەك بێت لەبەر دەستی خوای گەورەدا هەڵسووڕانی تەگبیری ئەوی بەسەردا بێت لەڕێڕەوی بڕیاری قوورەتی ئەودا کە لەناو شەپۆلی دەریای تاکیی ئەودا، بە فەوتان لەگیانی خۆی‌و بانگی حەق بۆی‌و بەدەمەوە چوونی راستی‌یەکانی بوونی تاکێتیی[١٤]. تەهانەوی دەڵێ: "تەوحید لای سۆفیان ناسینی تاکیتیی نەگۆڕی ئەوە لەئەزەل‌و ئەبەدداو ئەوەش بەوەی لەشهوودی ئەودا (واتە شهوودی سۆفی) هەر ئەو یەکە نەبێ (جل جلالە) کەسیتر ئامادە نەبێ"[١٥].

خانی لەباسی قارەمانەکەیدا دەڵێ (وەك بازی مەزن لەکۆتی مەڵبەندی گڵەوە فڕی‌و گەیشتە خاوەن عەرش)[١٦].

جەلالەدینی رۆمی دەڵێ:

(لەشوێنێك لەپشت "جێگەوە بە مەحرەمی کەسێبەری رێبوارانی تێدا دیار نەبێ ـ گیانم کەوتە گەشت‌و سەربەست فڕی‌و لەگیانی تاقە خۆشەویستی خۆمدا سەر لەنوێ عاشق بوومەوە")[١٧].

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەم گەشتی گیانەدا خانی لەبارەی دوو دڵدارەکەوە دەڵێ:

**وان تەرک کرن سەرایی فانی**

**ئەو چوونە جیهانی جاویدانی**

**هەرچی کوقبوول نەکەن مەکانان**

**دی سەیر بکت د لامەکانان**[١٨]

ئەم گەشتی گیانەو یەکگرتن "بەیەك فەڕێی نەمانەوە تەواو بوو" کەخانی لەوێدا سنووری مانو سەرەتایی دەبینیو دیاریشە کە بەرزترین پلەی نەمان لای سۆفیان نەمانە لەناو زاتی خواداو (نەفری) وەسفێکی ووردی کردووەو نەمانی گۆڕیوە بە وەستاو مەبەسی لەوەستان دابڕانە لە"داوا" وەستاوی بە بیری تاریك لەبەرامبەر "غەیری ئەودا" وون دەکات[١٩].

نیکلسون دەڵێ: باری یەکێتی بەهەر جۆرە ووشەیەك وەسف بکرێت کۆتایی ڕێگەیەکی سادەیە گیان بەرەبەرە پێی لەهەموو شتێك کە خوایی نەبێ ئازاد دەبێ. ئەمەش لەگەڵ نیرڤانادا جیاوازی یەکەی ئەوەیە نیرڤانا هەر ئەوەیە شەخسیەتی تێدا نامێنێ، هەرچی نەمانە (فناء) ئەو وونبوونی سۆفییە لەبوونی هەست پێکراو ئەو نەمانەش پێویستی بە "مان" یا یەکگرتن لەگەڵ ژیانی خواییدا هەیە. دووا مەبەستیش لای سۆفیی موسوڵمان ئەوەیە، بە کورتی ببێت بەخوایی ـ ڕەبانی[٢٠].

ئەگەر لەرەگەزەکانی ئەم لێکدانەوەیە بگەڕێین لای خانی دەبینین کە ئینکاری (اتصال و تحليل یا ئینفیسالو تەحویل)[٢١] دەکات. هەرچەندە بەکردار لەگەشتی رۆحدا دان بەهەموویاندا دەنێ[٢٢] خانی لەدان پێدانانو ئینکاردا لەگەڵ کەسانیتردا ڕێك دەکەوێ، غەزالی دەڵێ: مەسەلە بەجۆرێك لەنزیکی کۆتایی دێت کە هەندێ کەس ڕایان وایە حلوولەو هەندێ کەس لایان وایە یەکگرتنەو لای هەندێك گەیشتنەو هەموو ئەمانەش هەڵەن[٢٣]. قوشەیریو سەراج ئاگاداریی دووركەوتنەوە دەکەن لەحلوولو فەریدەدینی





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

عەتتار دەڵێ: "حلوولی مەبە ئەی فزوولی، چونکە پیاوێك تەواو بەکارەوە خەریك بێت نابێ بە حلوولی"[٢٤].

بەڵام خانی لەچەند شوێندا دڵنیایە لە "نەمان" بۆ ئەوەی پێی بگاتە "مانەوە"و یەکگرتن لەگەڵ ژیانی خواییدا، ئەو پەڕی مەبەسیش لەلای بەسەر زمانی دوو قارەمانەکەیەوە دەبێ کە ببنە ڕەبانی "بەوەی خوا بەهەشتی عاشقانیان بداتێ کە پەیمانی گەیشتنە خوا (کبریاء)ی تێدایەو بەرزترە لەباخچەکانی ڕیزوان[٢٥]. خانی لەنەمانی تەواو (الفناء المطلق)دا بۆ سالیك مانەوەی بە حەق (لیقا) یا یەکگرتنی لەگەڵ خوادا دەوێتو ئەوسا لای ئەو دەبێتە موریدی گەیشتوو (واصل)[٢٦].

لەتەسەوفدا زانراوە کە پلەی سێیەم پلەی شهوودی حەق لەدڵی سۆفیدا کە زۆری نامێنێو تەنیایی تەجەللا دەکاتو کۆتایی هاتووە لەنا کۆتاییهاتوودا (المتناهي في اللامتناهي) لەناو دەچێتو لەم حاڵەدا سۆفی نە بۆخۆی نە بۆجیهانی دەرەوە هیچ بوونێك نابینێ، بەڵام هەر خوا دەبینێ بەناسینێکی زەوقی لەرێگەی ئێستا لەوە پێی دەیناسێو بەیەکێتیی زاتی لەگەڵیدا[٢٧] ئەمە دێتە دیو ئەمەش ئەو حاڵەیە کە خانی کۆتایی بە هەردوو قارەمانەکەی تێدا هێناوە. نیکلسون دەڵێ: ئەو سۆفیەی گەشتی خۆی بۆ گەڕان بە دووای پەروەردگاریدا دەست پێدەکات، داوا لەخۆی دەکات بە سالیکی بەمەقامەیەك لەدووای یەکەکاندا سەرکەوێ بە (ڕێگەیەکدا کە دووای ئەو دەگاتە فەنا لەحەقدا)[٢٨].

خانی هەموو ئەمانەی بە زمانی قارەمانەکانییەوە هێناوەتە دیو وێنەیتری گەیشتن دەبینین کە قارەمانەکانیی تێدا پیشان دەدات.

لەئەبوو حسێنی نووریان پرسی: فەراسەتی خاوەن فەراسەتەکان چۆن پەیدا بوون.....؟ ووتی: لەواتەی خواوە: (ونفخت فیه من روحی). هەر کەس بەختی لەو ڕووناکییە تەواوتر بێت موشاهەدەی پتەوتر دەبێتو بڕیاری فیراسەتی ڕاستتر دەبێت. ئایا نابینی

* * *

چۆن فووی بە گیان پێداکردن سوجدە بردنی کردووە بە پێویستی بۆ ئەو بە فەرموودەی خۆی: (فإذا سويته و نفخت فيه من روحی فقعوا له ساجدين)[٢٩].

خانی ئەم وێنەیەی بەوە تەواو کردووە کە زین دەچێتە سەر مەمو بە فووگیانی دەکاتەوە بەبەرداو مەم بۆی بە سوجدەوە هەڵدەستێ:

**زین هاتو ژپێشڤە بوو حەوالە**
**بەدری کو ڤەدا ژ بەرخوە هالە**
**بورقوع کو ڤەدا ژ بەر جەمالی**
**خورشید نوما دگەل هیلالی**
**زینی وەهەگوتە وی بەدیهی**
**(قم يا جسداً نفخت فيه)[٣٠]**
**شەوقا خەبەرێد ڤی شەپالی**
**بەر بوویە سەرێد وی شەمالی**
**وی د وێ ڤەبەس ژ شەوق راگرت**
**ڤەندیلی ڤەفەس ڤەبەس کو داگرت**
**ئەو خەلوەتی د ئیعتیکافی**
**را بۆ ڤە ب نییەتا تەوافی**
**ئەووەل ئەوی کر بە سیدق دەردەم**
**تەجدیدی و زووو (وضوء) بە ئابی زەمزەم**
**وەسەتا (وسطی) بە مووصەللا و مەقامی**
**وی جەبهەگەهاندە ئیستیلامی[٣١]**

ئەم وێنەیەی پەپوولە لای خانی قووڵتر دەبێتەوەو دەبێ بە وێنە خولْڤاندن بەڵکو بەیەکێك لەشەطەحاتی سۆفیان. زین لای مەم وەك عیسا پیشاندراوە کە لەشوێنێکیتردا مردوو زیندوو دەکاتەوە[٣٢]، خانی دەستیکرد بە تێکەڵکردنی کرداری خولْڤاندن



* * *

بەشێوەیەکی رەنگین، هەموو سیفەتەکانی خولْڤێنەر دەدات. بەخۆی لەدروستکردنی قەڵەمداو بەزمانی قەڵەمەوە بەخۆی دەڵێ:

**ئەی بەد عەمەلۆ تو ڤنج دزانی**
**توڤائیلو فاعیلو خودانی**
**نەی بووم ئەز دعالەما نەیستان**
**مەی بووم نە ب دەست مەی پەرستان**
**گاڤا کوبریم تە ئەز ژ سازی**
**نە دەنگ د من هەبوو نەگازی**
**تەدوور کرم ژ نک هەڤاڵان**
**مەهجوور کرم ژ موڵک وماڵان**
**بەندو وەسڵێد من سەرابن**
**ئەووەڵ تەکرن ب ئەمر کون کون[٣٣]**
**پاشی تە دکر دباغی عیشقی**
**کون کون دلی من ب داغی عیشقی**
**تەپڤ کرە جیسمی من دەماجان**
**هاتن ژ دلی من ئاه و ئەفغان**
**نەفخا تەل من دلو جگەر سووت**
**هەرچی کو تەپڤ کری من ئەو گووت[٣٤]**

خانی هاتنی زینی بە(یەقین)ی زانی بۆ لای مەمو بە لووتکەی نەمانو مانەوەی دانا:

**گووتن کو مەمۆ تو رابە زین هات**
**رووحا تەیە بێگومان یەقین هات[٣٥]**

ئەمەش تەواو خەریکبوونە بە گەشەی (نەمان)ەوە کە دەبینێو نیکلسون لەبارەیەوە دەڵێ: ئەنجامی گەشتە لای هەندێ سۆفی. چونکە ئەگەر بیگەنێ پێوەندی لەنێوان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەوانو جیهاندا نامێنێ، لەلای ئەوان شتێك لەخۆیان نامێنێ[٣٦]. ئەوانەی بەو کارەوە خەریکن یەکێك لەقسەکانی ئەبویەزیدی بەسطامی بە شەطحەیەك لەشەطحە سۆفیێکانی ئەو دەزانن کە ووتوویەتی: "لەحەقەوە چوومە دەرەوە بۆ لای حەق، تا هاواری لێکردم، ئەی ئەوەی تۆ منیت، بە مەقامی نەمان لەخوادا گەیشتین"[٣٧] بازی مەزن (ئەعزەم) لای خانی بە فڕین گەیشتە خاوەن عەرش[٣٨] و ئەمەش هەر بۆ عاشقان نەبووە، بەڵکو شێخی کامڵ مەم مریدەکەیی (خانی) لەپەردە دەرهێناوە ئەو گەردەی گەیاندۆتە رۆژ[٣٩] با مانەوە لەخوادا پاش نەمان لەنەفسدا نیشانەی ئینسانی تەواوبێ، کە هەر بەرەو خوا ناچێت بەڵکو مەبەس بە گەشتەکە کە بەرەو خوا دەرچوونە لەچەند ژمارەی یەوە بۆ تەنیاییو لەزۆری یەوە بۆ بوون بەیەك . . . هتد[٤٠]، خانی کە بەلایەوە ئەو مەمەی ئەم پلانەی بڕیووە بەو شێخی تەواوە دەزانێ کە زینی بە خەڵوەتی خۆی گەیاندۆتەوە نەمانو ئەویش لەوەدا قسووری لەخانی نەکردووەو لەسلووكو موجاهەدەدا ڕێگەی موریدی گەیشتووی دی بەوە کە باسکراو بە درێژی لێی دوواینو چەند تێکستیمان هێنایەوەو لەوەدا وێنەیەك هەیە کە عەفیفی تەلەسانی (کە لە ٥ی ڕەجەبی ٦٩٠ بەسی ساڵی مردووە) لەبارەی نەفرییەوە باسی دەکاو پلەکانی سۆفیێتی بەچوار دەزانێت: یەکەمیان بەزانین (معرفە) دەستپێدەکاتو بە نەمانی تەواو کۆتایی دێتو دووەمیان لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کەمانەوە نەمان بەجێ دێڵێو ئەوەش کە دەگاتە ئەم پلەیە لەحەقەوە رۆیشت، بەحەقو بۆحەق، هەتا ئەو بەراستی دەبێ بەحەقو هێشتا هەر لەرۆیشتندایە تا دەگاتە پلەی قوتب کە پلەی ئینسانیێتیی کامڵەو دەبێ بە مەڵبەندی جیهانی گیان[٤١] ئەگەر خانی بە راشکاوی ناوی قوتبی نەهێنابێ ئەوا شەهباز باشترین هاوتایە بۆ ئەو لەئەدەبیاتی سۆفیدا.

لەهەموو ئەوانەوە کە ووتمان دەتوانین بڵێین یەکێتیی بوونی فەلسەفی شتێکی جیا نەبۆوەیە لەیەکێتیی شهوودی سۆفی لای خانی، بەڵکو بەردەوامی یەتیو وێنەیەکی گواستنەوەیە لای خانی لەفەلسەفەوە بۆ تەسەوفو بەوە لەئیبن عەرەبیشەوە نزیك





دەبێتەوە، باشترین شت کە کۆتایی بەم باسە پێ بهێنین ئەو لێکدانەوەیەی نیکلسونە بۆ ئەم خاسیەتە بە گشتی لای سۆفیانو بە تایبەتی لای ئیبن عەرەبی کە دەڵێ:

(مێژووی سۆفیزمیش لەچەرخەکانی دووایدا، بوونە خوا (Deification) دەردەخاو چۆن لەگەڵ یەکتێیی) (unfication) بوون بەیەك شت. کەواتە دوو دژ، خواو ئینسان، لە بۆتەی تیۆریی یەکێتیدا تواونەوە، ئەو تیۆرییە لەمەوپێش باسمانکردو بوونی راستەقینەی جیاواز لەخواو ئینسان نی یە. لێڕژان (فیض) (Emanation) یارەنگدانەوەی نموونەی بوونی هەڵواسراوو ئەوەی بەشەخسیەتی دەزانین، لەڕاستیدا نەبوونەو ئەم شەخسیەتە ناتوانێ بە ئیتیسالو جیابوونەوە دیار بێت، چونکە نی یە. ئینسان هەر خوایە، بەڵام بە جیاوازی یەوە وەك ئیبن عەرەبی دەڵێت ـ بەردەوامو لەناوچوو دوو ڕووی ئەو یەکەیە هەریەکەیان ئەویتریان تەواو دەکاتو هەریەکەیان بۆ ئەویتریان پێویستە[٤٢].

* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

## په‌راوێزه‌كان

١ـ عفيفي، ص ١٨٣.

٢ـ عفيفي، ص ١٩٠.

٣ـ أبن عربي، الفتوحات، ج١، ص ٣٦٣.

٤ـ التاسوعات (٣: ٩: ٣)

٥ـ عفيفي، ص ١٩١، ١٩٢.

٦ـ المصدر نفسه، ص ٢٠١.

٧ـ التاسوعات (٤: ٨: ١١، ١: ٢ ـ ٦).

٨ـ التاسوعات (٤: ٩، ٥ :٥).

٩ـ مه‌مو زين، ل ١١٦.

١٠ـ أبو نعيم، حلية الأولياء. ج ٩، القاهرة ١٩٣٨، ص ٣٤٢.

١١ـ دێڕێكه له‌یادمدا ماوه.

١٢ـ له‌هه‌ندێ نوسخه‌دا نووسراوه (سه‌برى مه‌زن).

١٣ـ مه‌مو زين، ل ١٢٣، ١٢٤.

١٤ـ الرسالة القشيرية: ج ٢، ص ٥٨٤.

١٥ـ التهانوي: كشف إصطلاحات الفنون، ج ٢. كلكتا ١٨٦٢، ص ١٤٦.

١٦ـ مه‌مو زين، ل ١٧٢.

١٧ـ نيكلسون، ص ١٥١.

١٨ـ مه‌مو زين، ل ١٥٨.

١٩ـ المواقف، ص ١٠.

٢٠ـ نيكلسون، ص ١٣٩.

٢١ـ مه‌مو زين، ل ١٥٩.

٢٢ـ مه‌مو زين، ل ١٥٨، ١٥٩.

٢٣ـ الغزالي، المنقذ من الضلال والموصل الى ذي العزة والجلال، ص ٥٧ دمشق، ١٩٦٧، ص ١٠٧.

٢٤ـ فريد الدين العطار: منطق الطير بغداد، ١٩٦٩. ص ٣٤٨.



* * *

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

٢٥ـ مه‌مو زين، ل ١٧١.

٢٦ـ مه‌مو زين، ل ١٩٢.

٢٧ـ عفيفي، ص ١٩٤.

٢٨ـ نيكلسون، ص ٣٣.

٢٩ـ الرسالة القشيرية، ج ٢، ٤٨٤ (الآية ـ الحجر/ ٢٩).

٣٠ـ دێڕه‌كه له‌بنه‌ڕه‌تدا عه‌ره‌بییه.

٣١ـ مه‌مو زين، ل ١٦٧، ١٦٨.

٣٢ـ مه‌مو زين، ل ٦٩.

٣٣ـ ووشه‌ى كون (كن) ماناى دياره (كون)ه به كوردى دووباره‌كردنه‌وه‌ى واته (كون كون) ماناى كۆنكراوه، له‌مه‌شدا ته‌ورييه‌كى جوان‌و شاره‌زايانه هه‌يه كه بۆ ناى مه‌به‌ستى كون كونه‌و ماناشى ئه‌وه‌يه به فه‌رمانى خۆت (كن فيكون) دروستتكردم.

٣٤ـ مه‌مو زين، ص ١٩٥، ١٩٦.

٣٥ـ مه‌مو زين، ل ١٦٧.

٣٦ـ نيكلسون، ل ٥٢.

٣٧ـ تذكرة الأولياء، ج ١، ص ١٦٠.

٣٨ـ مه‌مو زين، ل ١٧١.

٣٩ـ مه‌مو زين، ل ١٦٠.

٤٠ـ نيكلسون، ص ١٥٩.

٤١ـ المصدر نفسه، ص ١٥٣، ١٥٤.

٤٢ـ المصدر نفسه، ص ١٩٥٩.

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

# ئەنجام

نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمو هەموو سەدەی حەڤدەهەم دەوری گۆڕرانی سیاسیی گەورە بوو لەژیانی کوردەواریداو لەدووسەدەی دوواییدا بەئێجگاری سەرەنجامی کوردستانی جێگێر کرد، بەوەی لەنێوان دوو ئیمپراتۆریەتی فارسو عوسمانیدا دابەشکراو پاشان بەجۆرەی ئێستای پاش جەنگی یەکەمی جیهان دابەشکرایەوە.

ئەو ماوەیە زەمانی جەنگی سەختی نێوان میرنشینەکانی کورد خۆیو نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە بوو. لەکوردستاندا ئەم یا ئەو میرنشین لەناو دەچوو و لەپاشان دروست دەبۆوە تایەکێك لەداگیرکەرە ناکۆکەکانی لەناویان ئەدا.

میرنشینەکانی کورد بەرەو گەشەسەندنی ئابووری دەرۆیشتن. سەرەتای گردبوونەوەی پارە دیار بوو. هەندێك پیشەسازی گەشەی سەندو سەرەتای مانیفاکتۆرە دەرکەوت. بەتایبەتی لەشاری جزیرەدا. هەر وەك ئاواتی دروستکردنی دەوڵەت شێوەی ئاسایی بەهیزکردنو کۆکردنەوەی دەسەڵاتی دەربەگیی گرتو دەستکرا بەبنیادنانی قەڵای پتەو و دروستکردنی سوپای تازە. هەروەك گەشەسەندنی بازرگانیو دەرچوونی لەسنووری میرنشینە کەنار گیرەکانەوە بەرەو پانتایی هەموو کوردستان ئاشکرابوو.

لەو کەشە دەستی دوورەدا، هەستێکی نەتەوەیی گەشەی دەسەند، هەست بەپێویستی بەکگرتنی میرنشینەکانی کورد دەکرا. یەکەم: بۆ بەربەستیی داگیرکەرانو دووەم: بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی بەکگرتووی کورد. دەربڕینی ئەم هەستە نەتەوەیی یە هەر





لەرێگەی کاری کارگێڕیو سوپایی یەکخستنی میرنشینەکان نەبوو، بەڵکو ووشەی کوردی لەگەورەترین دەرگاوە هاتە مەیدانەوە.

جزیرەی بۆتان یەکێك بوو لەمەڵبەندە گەورەکانی راپەرینی نەتەوە. قوتابخانەیەکی نوێی شیعر رەگی لەسەر دەستی مەلای جزیریو فەقێی تەیرانو عەلیی حەریریدا دادەکوتاو هەوڵی ئەوەی دەدا بۆتانو دیالێکتەکەی بکات بەسەرەتای زمانی یەکگرتووی شیعری کوردی. مەلای جزیری بەزمانە کوردی یەکەی خۆی خاسیەتی قوتابخانەی حافزی شیرازیی دەربڕیو زۆرشتی ئەم زمانەی خستە سەر پراکتیکە جوانەکانی رەوانبیێژیی ئەو قوتابخانەیە، بەڕاستیش ئاواتی ئەوەبوو دەنگی زوڵاڵی لەبۆتانەوە بگاتە هەموو کوردستان.

چەرخی جزیری دەنگ گەیشتنی ئەوی (لەڕووی جوگرافیو دیالێکتەوە) بە هەموو کوردستانی لەسەردەستی عەلیی حەریریدا دی. بەڵام ئەو قوتابخانەیە بە دەرکەوتنی شاعێرێکی وەك ئەحمەدی خانی گەیشتە لووتکەی هێزو کاملبوونی.

ئەو زانیاری یە پچڕ پچڕانەی مێژوو کە لەبارەی چەرخی خانی یەوە دەست ئێمە کەوتوون دەبنە بەڵگە گەشەسەندوویی بزووتنەوەی زانستی لەکوردستانی ئەو سەردەمەدا. هەرچەندە خانی خۆی باسی زانایانی چەرخی خۆیو پێش خۆی ناکات، بەڵام ناوی چەند شاعیرو فەیلەسووفێکی بەتەنیا هێناوە. لەپاڵ ئەوەشدا لە(مەمو‌زین)دا خۆی دیارە کە زانایەکی گەورەی ئەوتۆیە زانستی چەند چەرخ لەسنگیدا بێتو یەکێکە لەو فەیلەسووفە تاکانەی خاوەنی شەرەفنامە باسی بوونی ئەوانی کردووە لەکوردستانی پێش خانیدا یا ئەولیا چەلەبیی گەڕۆکی تورك پێش ئەو دیوونی. هەر وەك لەخانیدا کەسێك دەبینین لەزانستی خۆیو تەجروبەی خۆیدا ئەفسوونی ووشەی کۆکردۆتەوەو زانیوێتی چۆنی بەکاربێنێت. چەند زمانو چەند دیالێکتی کوردیی زانیووەو بەباشی لەبەرهەمی خۆیدا سوودی لێ بینیون، بەڵام بلیمەتیی ئەجۆرە کەسانە ئەنجامو لووتکەی ئەو کۆڕە زانستی

ـ یەن کە لەو زانیارە پچڕ پچڕانەی مێژوودا لەگەشەسەندنە ئەدەبی یەکەی چەرخی خۆیدا دیارن.

پاش لـێ ووردبوونەوەیەکی وورد بڕیاری ئەوە دەدەین کە خانی ساڵی ١٦٥٠ لەناوچەی هەکاری لەدایکبووەو ساڵی ١٧٠٦ لەبایەزیـد مـردووە، ماوەیـەکی درێـژیش لـەجزیرەی بۆتان ژیاوەو رووداو و کەش‌و خاسیەتەکانی سروشتی ئەوێ کاریان تێکردووەو لەچیرۆکە بڵاوەکانی ئەوێ بناغەی دامەزراندنی چیرۆکە شیعری یەکەی مەم‌وزینی وەرگرتووە.

نووسـینی مـەم‌وزین تـەنیا نووسـینی داسـتانێکی شـیعری نـەبوو، یـا هـەر ئاوێتـە بـوونێکی شـاعیرانە نـەبوو لەگـەڵ چـیرۆکێکی زۆر کـۆنی دڵداریـدا کـە زۆر دووبـارە بووبێتەوە، بەڵکو کارێکی مەبەسداربوو شاعیر دەیویست بەوە رووی گەلی کوردی خۆی‌و خاسیەت‌و بایەخی ئەو دەربخات‌و بە یەکێك لەگەلە کۆنـەکانی جیهـان پیـشانی جیهـانی بـدات‌و ئـەوە بکـات بـەبیانووی رزگـاربوون لەتـەوقی فـارس‌و عوسمـانی، خـانی لـەم بانگەوازەیدا زۆر ئاشکراو روون بوو.

هەڵبـژاردنی داسـتانێکی بـەیتی کـوردی‌و داڕشـتنەوەی سـەرلەنوێی دەربـڕی تـەواوی ئاواتی شاعیرە. لەکاتێکـدا کـە پـێش ئـەو فـەقێی تـەیران چیرۆکی(شـێخی سـەنعان)ی هاوبـەش لـەنێوان چـەند میللـەتی رۆژهەڵاتـدا هەڵدەبـژێرێت‌و چـەند شـاعیری دیـاری رۆژهەڵات چیرۆکی وەك (لـەیل‌و مـەجنون) و(شـیرین‌و فـەرهاد) یـا(شـیرین‌و خەسـرەو) هەڵدەبژێرن‌و بەچەند چەشن دایدەڕێژن.

خـانی چـیرۆکێکی فۆلکلـۆری کـوردی هەڵدەبـژێرێت کـە لای گـەلانیتر نـەبێت‌و بنەڕەتەکـەی ئـەو دەکاتـە مایـەی بینـاکردنی چـیرۆکەکەی، بەمەبەسـتی ئـەوەی خـۆی ببەستێتەوە بەمەسەلەی گەلی خۆیەوەو وەك چەندجار دەریبڕیوە ڕووی گەشی راسـتەقینەی ئـەو لـەڕووی بـیرو ئەدەبیاتـەوە بـسەلێنێ‌و ئەدەبیاتەکـەی بگەێنێتـە پلـەی ئـەدەبیاتی گەلانیتری رۆژهەڵات.





خانی لەداڕشتنەوەی چیرۆکەکەیدا هەرپشتی بەگێڕانەوە جیاوازەکانی(مـەمی ئـالان)و (مەم‌وزین) نەبەستووە، بەڵکو رەگەزی چیرۆکیتری خستۆتە ناو. ئەگەر بێرتلس لای وابـێ گێڕانەوە فۆلکلۆری یە کوردی یەکانی لـەیل‌و مـەجنوون بەتـەواوی سروشـتی ئەسـتێرەیی پتەوی ئەفسانە لەبناغەی حیکایەتەکەدا بچەسپێن، ئەوا رەگەزی کۆن‌و هاوچەرخی خانی لەچیرۆکی جیاجیاوە هاتۆتە ناو ئەم داڕشتنە تازەیەی ئەمەوە، لەو ڕەگەزانـەی لەگێڕانـەوە فۆلکلۆری یە جیاوازەکانی مەم‌وزیندا نەبووە. ئەوەی زیادکراوە وەك بینینی بەکر لەخەوی پیرەمێردێکدا. لەتەنیشت کۆشکی مەم‌وزینـەوە لەبەهەشـتدا هـەر لـەوە دەچـێت کـە لـە لەیل‌ومەجنون دا هەیە، بۆ نموونە: زەید لەیل‌ومەجنوون لەخەودا لەبەهەشـتدا دەبینێـت. نیزامی بە زمانی زیادەوە دەڵێت:

**افسانه ان دوهم مدارا        درعالم ازوشدا شکارا**

بەڵام خانی قووڵی‌و ئەفراندنی سۆفیانەی خۆی ئەخاتەسەر ئـەم وێنـە وەرگـیراوە. هـەر وەك زۆرشتی لەبیری خۆی لەبارەی ژیانەوەو لەبیری فەلسەفی‌و سۆفیی خۆی خستۆتە نـاو چیرۆکەکەوە.

پێوەنـدیی خـانی لەکۆمەڵـەی بـیری خۆیـداو لەداڕشـتنی چـیرۆکدا بـەفۆلکلۆرو بەچیرۆکیتری شیعرەوە، لەرەسەنیی دوور ناخاتەوە، چونکە ئەم جۆرە پێوەندی یە لەهـەموو داستانەکانی رۆژهەڵاتدا هەیە[٣] کە خـانی چوارچـێوەی گـشتیی داسـتانی رۆژهـەڵاتیی وەرگرتووە مانای هـەر ئەوەیـە کـە هـەوڵی دۆزینـەوەی جێگەیـەك دەدات لـەناو داسـتانە ناسراوەکانی رۆژهەڵاتدا بۆ داسـتانی کـوردی‌و بـۆ ئـەدەبیاتی کـوردی، بـەوەش جێگـەی گەلی خۆی لەناو ئەم گەلانەدا دەکاتەوە.[٤]

چوارچێوە رۆژهەڵاتی یە گشتی یەکەی خانی لاسایی کلاسیکیی ئەو شاعیرە گەورانەی تری رۆژهەڵات نی یە کە داستانی شیعری یـان نووسـیوە، بـەڵکو لـەلای ئـەو سـەلماندنی بـوونی داسـتانێکی کـوردی یـە کـە لەبەرهـەمی ئـەوان بـچێت. خـانیی شـاعیری سـۆفی ویستویەتی لەڕێی ئەفراندنی خۆیـەوە کوردببەسـتێت بەرۆژهەڵاتـەوەو وێنەیـەکی تـازەی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەدەبیاتی رۆژهەڵات دەربخات کە وێنە کوردی یەکەیەتی و دەچێتە سەر هەموو سامانی رۆژهەڵات.

مەموزینی خانی زیاد لەبەرزیی دارشتنی ئەدەبیی کتێبێکی فەلسەفەو بیرە بەچڕی تەجروبەی خاوەنیو بڕیاری ئەو لەبارەی گەلێك مەسەلەی بیرەوە دەردەخاتو ئەو ئەنجامانەمان دەداتێ کە لەڕێ لێکدانەوەی عەقڵیی خۆیەوە لەئەنجامی ئەو هەموو بیروڕایانەی خوێندویەتی یەوە سەر بەهەموو رێڕەوی فەلسەفیی مرۆڤایەتی یە گەیشتۆتە ئەوەو چەند وێنەش لەژیانی گەلی خۆیو چەرخی خۆی دەبەخشێتو لەهەموو ئەمانەدا لەشێوە ئەدەبی یەکەی خۆی دوور نەکەوتۆتەوەو لەمانە هەموویدا دەستی لەئامێرە شیعری یەکانی هەڵنەگرتووە. با باسی زۆر مەسەلەی دوور لەشیعریشی کردبێت، بەڵکو شیعر نەك وەك ئامێر(کێش و قافیەو جوانیی رەوانبێژی)، بەڵام وەك وێنەی ئەدەبیو تابلۆی هونەریو هەستی شاعیریو دڵداریی ناسك، جێگەی لەم کارە ئەنسکلۆپیدی یەدا هەیە. لەمەوە ناتوانین خانیی شاعیر لەخانیی خاوەن بیرو فەیلەسووفو سۆفی جیا بکەینەوە، هەر وەك ناتوانین سنوورێك لەنێوان ئەدەبو بیری فەلسەفیی سۆفی لەئەدەبیاتی سۆفی یەکاندا بەگشتی دابنێین. بەڵام سروشتی ئەم لێکۆڵینەوە زانستی یە ناچارمان دەکات کە هەندێك سنوور دابنێینو لەچەند لایەنەوە بڕوانینە ئەفراندنی خانی:

١ـ خانی تەواو لەخاسیەتەکانی شیعری دڵداری رۆژهەڵات گەیشتبوو هەر وەك هونەری داستانی رۆژهەڵاتی بوو بووە سەرچاوەیو دەسەڵاتو زاڵیی ئەو بەسەر دەربڕینی شاعیرانەو ناسکیی شیعری دڵداریدا دیارە. ئەگەر سروشتی شیعری کلاسیکی خۆی پاڵ بەشاعیرەوە بنێت بەرەو چاولێکەریو لاسایی، ئەوا دووبارەکردنەوەی هەندێك ناوەڕۆكو روخساری شیعری کلاسیکی رۆژهەڵات بەگشتی(نیزامی، فزوولی، جامی، رۆمی ... هتد) و کوردی بەتایبەتی (جزیری، حەریری، فزوولی، فەقێی تەیران) بەهیچ جۆرێك لەئیبداعەوە دوور نەبوو.





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خانی بەشارەزایی سامانی گەلی کوردو گەلانی رۆژهەڵاتی بەگشتی لەوێنەی فۆلکلۆرو ئەفسانە تێکەڵ بەو وێنانە کردووە کە لەسامانی ئایینیی(تەوراتو قورئان) وەرگیراوەو ئەنجامی تەجروبەو شارەزا بوونی خۆیی لەشیعری رۆژهەڵات تێکەڵ کردووە، لەهەموو ئەمانەشدا وێنەی تازەی شیعریی بەخشیوە، ئەو وێنانە زمانی ئەو واقیعەن کە خانی خۆی تێدا ژیاوەو ئاوێنەی ئەو چەرخە پڕ لەچالاکی یەی خانین.

لەمەموزیندا پراکتیکی تەواوی رەوانبێژی هەیە کە پێوەندیی بە سامانی پێشوەوە هەیەو هێزی پێوەندی یەکەی بەرەوانبێژیی عەرەبیو فارسی یەوە وەك زانستو پراکتیکی هونەری دەردەخاتو بیری ووردی خۆی پراکتیکی نوێێ ئەوتۆی دەخاتە سەر کە دەچێتە سەر سامانی مێژوویی ئەم هونەرە، بەڵکو، ئەگەر پراکتیکەکانی بخرێتە سەر ئەوەی مەلای جزیری دەستی پێکردووە ئەوا دەبێتە کارێکی ئیبداعیو پراکتیکێکی تەواو لەزەوی یەکی نەکێڵراودا کە دەستی خاوەن ئەفراندنی نەگەیشتبێتێ، مەبەستیشمان ژیانو سروشتی کوردو خاسیەتەکانی جوانی ناسیی زمانی کوردی یە.

زمان لای خانی بەهێزو ئاوازو تێکەڵکردنی زیندووانەی ووشەی شیعر لەزمانە رۆژهەڵاتی یەکانی(فارسیو تورکیو عەربی)و ووشەی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی، لەچوارچێوەیەکی ساغو پتەوی دارشتنی رستەی کوردیو رەچاوکردنی رێزمانی کوردی، سەرەتایەکی بەهێزو سەلێنەری زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی بوو لەسنووری میرنشینی بۆتانەوە دەپەڕی یەوە بەرەو هەموو کوردستان، بەڵام ئەو کاتو شوێنەو باری سیاسیی ووڵات پاش روخاندنی میرنشینەکانی کوردو دابەشکرنی کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتدا رێگەی لەوە گرت. هێشتا ئەم تەجروبەیە هێزی زۆری تێداماوەو زیندووەو دەتوانرێ سوودی زۆری بۆ دوواڕۆژی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لەهەموو کوردستاندا لێ ببینرێت.

لەکۆتاییدا خانی لەپاڵ وێنە ئەدەبی یە رەنگینەکانیداو لەپاڵ ئەوەدا کە خستوویەتی یە سەر ئەدەبیاتی کوردیو بەوەی خۆی لووتکەیەکی وای تۆمارکردووە کە

کەس پێش خۆیو پاش خۆی پێی نەگەیشتووە[٥]، ئاسۆیەکی نوێیشی بۆ ئەدەبیاتی کوردی کردۆتەوە کە لەبیروڕای ئەودا لەبارەی شیعرو ئیبداعەوەو لەبایەخدانی بەشاعیرانی کوردو ڕۆژهەڵاتیی پێش خۆیدا دیارە.

کە خانی ئەم ناوانە دەهێنێت ئەو زۆر دوورە لەتاقەستایشێك کە لەشیعری ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێت یا دوورە لەداوای لێبوردن لەهەڵە، بەڵکو دەچێتە سەر دەستنیشانکردنی ئەرکی ئامانجداری ئەدەبو بەهۆشیاری لەپەیامی ئەدەب گەیشتن لەژیانی گەلداو لەپەیامی ئەوانە گەیشتن کە ڕەخنە لەشیعر دەگرن بەرامبەر بە گەلی خۆیانو دوارۆژو بەرەوپێشچوونی، دەتوانین دێڕە شیعرەکانی ئەو لەم مەیدانەدا بەسەرەتای ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دابنێین. بەوەی ڕێبازی خانی لەئەدەبیشدا بەرێبازێکی گونجاو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەدەب لای گەلی کورد بزانین. ئەمەش لایەنێکیتر ئەخاتەسەر هێزی شەخسیەتی ئینسکلۆپیدیی خانیو سەرەتایەکی نوێیە لەمەیدانێکی نوێی بەرەو پێشچوونی بیر لای گەلی کورد[٦].

٢ـ ئەحمەدی خانی لەداستانەکەیدا ژیانی گەلی کوردی بە چەند شێوەی جیاواز دەرخستووە یەکەمیان یەکسەر چوونە ناو واقیعی گەلەکەیو باری سیاسی یەتی (لەفەسڵەکانی سەرەتادا ـ سەرەتای چیرۆك ـ خانی لەمەدا تەنیا شاعیرێك نی یە هەست بەئازاری چەوساندنەوەو ئازاردان بکات، بەڵکو هەموو کورد خانی یان بەو چەند دێڕە بەرابەرێکی نەتەوە زانیووەو ئەمەش چەند هۆیەکی هەیە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە ئەم چەند دێڕەی خانی سەرەتاو یەکەمین چەند دێڕی نووسراوە لەبارەی مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کوردەوە، بیرەکانی خانیش بەگشتی، تا ئێستا ڕاستیو زیندوویيو بایەخی خۆیانیان لەڕێڕەوی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نیشتمانیی کوردا تێدا ماوەو بیری خانیش سەرەتای بیری نیشتمانپەروەرانەی کورد بوو بە هەموو مانایەکی سەرەتاوەو هەر بیرەکەش نەبوو، بەڵکو جۆری دەربڕینو ووشەکانیشی کاریان دەکردە سەر ئەوانەی ئەرکی تیژکردنی هەستی نیشتمانییان پاش ئەو گرتەئەستۆ، لەڕیزی پێشەوەی ئەوانەشدا حاجی





قادری کۆیی (١٨١٥ـ١٨٩٧) دەبینین، زۆریشمان نەووتووە ئەگەر بڵێین لەهیچ شوێنێك بەو ژمارەیە دێڕە شیعر نابینین ئەوەندەی کار کردبێتە سەر ژیانی گەلێك، وەك ئەم دێڕانەی خانی دەرگای خوێنگەرمیی شیعرو سەرەتای بیری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی پێ کردۆتەوە. هیچ شاعیرێکیش نی یە گەلەکەی دان بنێ هەر بەکارکردنە سەر شیعر لای نەتەوە نا، بەڵکو دانی بەرابەریی ئەودا نابێت لەهەموو مەسەلەی نەتەوەییدا، مەسەلەیەك سەدەونیوێك زیاد مایەی ڕیزە تێکۆشانێکی هەمەڕەنگ بووبێت، ووشەکانی خانیو ناوی ئەو هێشتا لەم مەیدانەدا جێگەی خۆیان هەیە.

ئەگەر خانی یەکسەر لەمەسەلەی نەتەوەیی دووابێت، ئەوا لەناو چەند گزنگێکی شاعیرانەی دوور لەیەکسەریدا وێنەی پەرتو بڵاوی ئەوتۆی بۆ بەجێ هێشتووین کە بەهەر هەمووی تابلۆیەکی تەواوی ژیانی گەلی کوردو توانا پڕ لە شارستانێتی یەکانی کوردمان دەداتێ.

ئەو دیمەنانەی بەدرێژی لەکتێبەکەماندا باسمانکردوونو بەستراونو بە زانستو مۆسیقاو گردەوەبووی سامانو بیر ڕووناکیی کوردەوە، بیانووی تەواویان داوە بەخانی کە مەسەلەی گەلی خۆی بەو شێوەیە بخاتەڕوو، چ لەچەرخی خۆیداو چ لەچەرخەکانی دووای خۆیدا، هەر وەك وێنەیەکی دەرخراوی ئەوتۆی بەخشیووە کە بەهێزی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی چەند چەرخەوە بکەوێتە قسە، لەهەموو ئەمانەشدا خانی شارستانێتیی نەکردووە بەکارێکی تاقەوە بوو(تجریدی)ی دوور لەکۆمەڵو ئەو کێشەیەدا کە تێیدایە، بەڵکو بەقەڵەمی شاعێرێكو لێکدانەوەی بیرکەرەوە یەك ئەو ڕۆڵە دیارەی دەرخستووە کە جەماوەر لەدروستکردنی بایەخەکانی شارستانێتیو کۆمەڵایەتیدا هەیانبووەو بەقووڵی تێگەشتنی خۆیی لەڕێڕەوی مێژوودا نەمریی شیعری دەرخستووە، لەوێدا دیدی کۆمەڵایەتیی ئەو لەبارەی چینەکانی کۆمەڵو حاکمانو پارەو خزمایەتیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی یەوە، دیارە، هەروەك خانی تابلۆیەکی تەواوی ئەو بایەخو پاشماوە شارستانێتیو کۆمەڵایەتی یانەی وەك خوو ڕەوشتو عادەتی ناو گەلی بۆ بەجێ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هێشتووین کە بەدرێژایی مێژوو دروستبوون. بەئیبداعەوە وێنەی شیعری تێکەڵ بەدەسەڵاتی هێشتنەوەی مێژوویی وێنە ئەتنوگرافی یەکانی شایی و ماتەم و جەژن و راو و وێنەکانیتر دەکات.

٣ـ خانی مەبەستی خۆیی لەنووسینی داستانەکەدا بەشەرحی غەمی دڵ دەرخستووەو مەموزینی کردووە بەبیانووی ئەوە[٧]. ئەم خەمانەی شی کردۆتەوەو چی موناقەشەی فەلسەفەو بیری ئیسلامی و جیهانی ماوەتەوەو بەخوێندنەوەی فراوانی خۆی ئاگاداریان بووە خۆی لێداوە.

هەر وەك لەقووڵیی دەست پێداگەیشتن و ووردیی لێدواندا دیارە، خانی بەری خوێندن و دەرس ووتنەوەیەکی درێژی پیشانداوە. بەڵکو ڕاکانی ئەو پەراوێزو لێدوان و ئەنجامدانن بۆ ئەو موناقەشانەی لەکتێبەکانی پێش خۆیدا دیوونی و لەکۆڕی مزگەوتەکانی جزیرەدا بەشداریان بووە. خانی بە ئاشکراییەکی تەواو لەجوغزی بیری دەرس ووتنەوەو ئەو پێڕەوە ئەشعەری یە دەرچووە کە لەباوەڕدا دووای کەوتوون یا لەو ڕێبازانەی تەسەوف دەرچووە کە لە زەمانی ئەودا هەبوون. ئەگەر خانی بەو پێ یە بخەینە ڕیزی فەلسەفەی هەڵبژاردن (إنتقائي) ئەمڕۆ، ئەوا بڕیارەکەمان زۆر تاقەوە بوو(ئەبستراکت)ی دەبێت و دووریش دەبێ لەکاری کات و جێگە (زەمان و مەکان)ە وە .

هەڵبژێرەکانی سەردەمی ئێمە لەبەرئەوە ڕوودەکەنە ئێرەو ئەوێ تا لەتێکەڵەیەکی نەگونجاودا کۆیان بکەنەوەو خۆیان لەوەڵامی ڕاستی پرسیارەکانی فەلسەفەو ژیان دووربخەنەوەو دەست بگرن بە بەرنامەی جیا جیاوە.

ئەگەر خانی لەڕوخساردا لەم بەرنامەیەوە نزیك بێت، ئەوا لەناوەڕۆکدا بە تەواوی لێی دوورە. ئەم هەڵبژاردنانەی ئەو بەڵگەی ئاسۆ فراوانیی ئەوی پاش مەیینێکی بیرو خۆبەستنی ووشك بە بەرنامەگەری و دوور لەدیالەکتیك و موناقەشەوە، ئەمەش لەخۆی و لە دروستبون و جیهان بینیی خانیدا کە لەمەموزیندا دەیبینین خانی دەکات بە نموونەی زانایەکی، بیر ڕووناکی، هۆشیاری زانای خاوەن زانینێکی زۆر. خانی بیری خۆی و حەز لە





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

زانینی خۆیی لەچوارچێوەیەکی بەرنامەیی مەییودا بەند نەکردووە، بەڵکو ئەندیشەی بەندانی لەمێشك و ویژدانی خۆیدا وا جێگە کردبۆوە کە بەشێوەیەکی زیرەکانەو وریایانەی دیارو جیاواز بتەقنەوە. لێکی دەداتەوەو بەو جۆرەی دیمان و خوێندمانەوە دەریدەخات.

ئەگەر خانی نموونەی خاوەن بیرێکی ڕەسەن بێت، ئەوا ڕەسەنیی ئەو لەشتێکیتردایە. ئەویش پاش خوێندنەوەو دادوەریی زۆر لەواقیعی کتێبەوە بەرەو واقیعی ژیان چوونە. ڕاکانی لای ئەو مەسەلانە نەوەستاون کە پێشینەکانی ئەو بایەخیان پێداوەو موناقەشەیان کردووە. ئەنجامەکانی و بڕیارەکانی لەو موناقەشانەوە هاتوون کە لەناو کتێبدا دیوونی. بەڵکو لەمەسەلەکانی نەتەوەکەیداو ئاوێنەیەکی زیندووی گەلێك لایەنی ژیانی چەرخی خۆی و کات و شوێنی(زەمان و مەکان) تایبەتیی دەرخستووە، بەڵکو نموونەی یەکێك بوو لەپیاوانی بیر هەر لەو کات و شوێنەداو خەمەکانی دەروونی خۆیی بەرامبەر بەو مەسەلانە شەرح کردووە، وەك لەفەسڵەکانی بەرایی ئەم کتێبەدا کە باسی مەسەلەکانی ژیانی کردووە دیارە. کە وەك دیاریشە ئەو مەسەلانەی پێش چوونە ناو دەریای فەلسەفەو سۆفیزمەوە دەربڕیووە بەمەش بوو بەنموونەیەکی ڕەسەنی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین تێکەڵکردنی زیندووانەی تیۆری و پراکتیك، مەودای پراکتیك و بەجێهێنان بۆ خانی تاقە ئەو مەیدانە ناسراوەیە کە دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێ، ئەوەش لای ئێمە دیار نی یە کە ئەوچەشنە پراکتیکە لەگەڵ ژیانی شەخسی و ڕەفتاری ئەودا یەك بووە یاجیا بووە، چونکە وەك لەباسی ژیانی شاعیردا ووترا ئەوەی لەبارەی ژیان و حاڵی ئەوەوە دەیزانین هەر ئەوەیە کە دەماودەم ماوەتەوەو شتێکی سەلێنراو نی یە، هەر لەبەرئەوە پراکتیکەکە لەبەرنامەی بیری ئەودا دەبینین بەتەنیا، ئەوەش شتێکی زۆر ڕەنگین بوو.

ئەم یەکگرتنە هەر لەمەودای بیروفەلسەفەدا نی یە، بەڵکو ئیبداع بەرنامەی ئەوە تەنانەت لەمەیدانی نەخشەکێشان و دەربڕینی ئەدەبیشدا.

* * *

ئەو کارە فەلسەفی یانەی خانی لێ یان دوواوە هەر مەسەلە سەرەکی یەکانی دوو فەلسەفەی یۆنانیو ئیسلامین، زۆر بە ووردیو شاعیرانەش چۆتە ناویانەوەو بڕیاری خۆیی بەسەریاندا داوە. ئەگەر لەسەرەتای داستانەکەوە تاکۆتایی ئەو خانی رەوشتی لێکۆڵەرەوەیەکی بە دووداگەڕی لەگرنگترین مەسەلەدا هەبووبێت کە مەسەلەی بوون "وجود"ە و لەوێدا بەگشتی ئایدیالیستێك بووبێتو بەسڵو دوودڵیی سۆفیانەوە لەسەرسامی دەربڕین بەرامبەر بەباوەڕە ئایدیالیستی یەکانی خۆیەوە نزیك بووبێتەوە، ئەوا تێگەیشتنی ئەو لەدیالێکتیکی ژیان رەنگینو ئاشکرایەو بڕیاری فەلسەفیی ئەو لەمەسەلەی وەك جەبریەتو مەسەلەی ئیبلیسدا بڕیاری فەیلەسووفێکی خاوەن بیرە، پێش ئەوەی رێگەی سۆفی یەکی بەدووای ڕاستیدا گەڕاوبێت.

٤ـ سوفیزم بەگشتی دیاردەیەکی ئایدیالیستی یە ئارەزووی مرۆڤی لەزانینی بوونو ئازار چەشتن لەپێناوی زانیندا پێوە دیارەو بەڵگەی سەرنەکەوتنی ئەو تێگەیشتنەیە کە لەئاین دەکۆڵێتەوە"ئەوەی سۆفی یەکان دیار یا زاهیر"ی پێ دەڵێن، ئەمەش لەقەناعەتکردن بەسۆفیدا، کە ناچاری دەکەن زۆر لەخۆی بکات بۆ گەڕان بەدووای لێکدانەوەیەکیتردا لەچوارچێوەی بیری ئایدیالیستیی غەیبیدا"کە شارراوە یا باتین"ی پێدەووترێت، ئەمەش هەندێکجار دەبێتە هۆی نزیکبوونەوە لەدەست خستنەسەر بنەڕەتی مەتریالیی بوونو سۆفی لەهەندێك لەو ووتانەیدا کە"شطحات"ی پێدەڵێن یا لە ئایدیالیستێتی یەکی لەئاین دوورتردا نقوم دەبێ، هەموو ئەم شەقڵانەشمان بە ئاشکرا لەبیری خانیدا دی. ئەو بیرە وێنەیەکی ئاشکرای بیری سۆفی بووە.

بێرتلس لەبارەی نیزامی یەوە دەڵێت: "مخزن الأسرار" بەیەکێك لەسەرچاوەکانی سۆفیزم دەزانرێت، بەئاسانیش ناتوانین نیزامی لەناو سۆفیاندا دابنێین. لەداستانەکانیدا ئیستیلاحەکانی سۆفیزم نابینین، مەبەستیشم ئیستیلاحی وەك "زات، سیفات، ئەسماء، لەوح" نی یە کە تیۆریستەکانی سۆفیزم بەکاریدەهێننو تارادەیەك لەخاسیەتی ئەوانەیە کە باوەڕیان بە "کەلام" هەیە، بەڵکو لەداستانەکانی نیزامیدا یەکجاریش ئیستیلاحی



* * *

"تەسەوف" یا تەنانەت "سوفی" ش و ناوی "تەریقەت" نابینینو باسی "حاڵ" ناکات کە دەروێش دەهەژێنێت. دەبێ شاعیرانی سۆفی ئەو"پیر"ە دەستنیشان بکەن کە سەر بەونو ئەو گەیاندوونی، بەڵام ئەو ناوانە لەداستانەکانی نیزامیدا نابینین"[٨]. هەر لێرەوە بێرتلس سڵ لەوە دەکاتەوە کارەکەی نیزامی بە کارێکی سۆفیانە بزانێت. بەڵام هەڵوێستمان بەرامبەر بە خانی تەواو جیاواز دەبێت ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەو دەستنیشانکردنەی ئەو زانا سۆڤێتی یە گەورەیەدا تەماشای بکەین، لەمەشدا کۆششی زۆری ناوێ تا بزانین خانی سۆفی یەو مەموزین لەڕووی بیرو ئەدەب هەر دووکیانەوە سەر بەتەسەوفنو لەڕێی نەخشەکێشانێکی ئەدەبی یەوە هەموو مەقاماتو ئەحواڵی سۆفی دەردەخات. لەپاڵ ناوبردنی ووشەی"سۆفیو تەریقەتو شتی لەوانە" لای خانی زۆر لەئیستیلاحەکانی سۆفێتیو زۆربەی ئەو ئیستیلاحانەی بەکاردەهێنرێت لەمەموزیندا دەبینین.

وەك بینیمان باش خۆی لەمەسەلەی ناوبردنی "شێخ" یا "پیر" دەربازکردووە کە ناوبردنیان بۆ سۆفی پێویستە، چونکە داستانەکەو سۆفیزمی لەم رێگەیەوە بە توندی بەیەکەوە بەستووەو قارەمانەکەیی کردووە بە قارەمانی حیکایەتو شێخی رێبازی سۆفی، لەشەهیدبوونی سۆفیانەدا شەهیدبوونی قارەمانو مرۆڤی تێکۆشەر لەپێناوی مەسەلەیەکدا دەبینێ، خانی کەسانی چیرۆكو دووقارەمانەکەی بەشێوەیەکی ئەدەبیی رەنگین نەخشە دەکێشێو توانای خۆی لەبیناکردنی شەخسیەتدا دەردەخاتو دەیانخاتە جووڵە. لەبەکارهێنانی وێنەی دەرەوەی وەسفداو لەبەکارهێنانی جووڵەو رووداودا پێکەوە بینای کەسان تەواو دەکاتو بەقووڵی یەکی سایکۆلۆژی سیمای کەسەکان نەخشە دەکێشیو توانای ئەوەی هەیە نەخشەی قارەمانی (چاك ـ پۆزێتیڤ) (مەموزین) و قارەمانی (خراپ ـ نێگێتیڤ)، کە هەموو خراپەی تێدابێت (بەکر) بکێشێت. ئەمە ئەگەر بگونجێت ئەم دوو ئیستیلاحە بۆ داستانێکی کۆن بەکاربهێنین. خانی لەناکۆکیی دوو قارەمانەکەوە بەرەو ئاسۆی فراوانی ژیانو سروشتو بەرەو تێگەیشتنی بزووتنەی

* * *

دیالێکتیکدا بەناو ناکۆکیی پۆزێتیڤو نێگێتیڤدا دەڕواتو لەم ناکۆکی یە پاش نائومێدبوون لەبەهەشتی سەرزەوی بەهەشتێکی ئاسمانی دروستدەکات، کەچی هەر ڕەش بینو سەرشۆڕ نی یە، بەڵکو وێنەی شەهیدبوونی قارەمانەکەی وێنەی قارەمانیو خۆڕاگرتنەو ئەوەش لەژیانو لەدیمەنەکانی پێشووی سۆفیزمەوە وەرگیراوە.

داستانی مەموزین لەپال بایەخی ئەدەبیی گەورەیدا بەشێکە لەئەدەبیاتی سۆفیو دەبێ جێگەی خۆی لەلێکۆڵینەوەی گشتیی ئەدەبی رۆژهەڵاتدا هەبێت، دەبێ بەراستی ئەو جێگەیە بدرێت بەئیبداعی خانی کە ئەکادیمی ئۆربیللی داویەتێ. ئەگەر کورد شاعیری خۆیان لەبیر نەچوویێت ئەوا دەبێ رۆژهەڵات بەگشتی یەکێك لەوشاعیرە گەورانەی خۆی لەبیرنەچێت کە ئیبداعیکی رەنگینی ئەوتۆیان بەخشیووە بە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتو تا ئێستا لەبیر چۆتەوە.



* * *

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## پەراوێزەکان

١ـ بێرتلس. ی. ئی. نیزامیو فزوولی. مۆسکۆ، ١٩٦٢، ل٢٣٠ (بەرووسی).

٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٢٧١.

مانای دێڕەکە:

ئەفسانەی دوو دڵ بە یەکەوەیە

لەڕێی ئەوەوە بۆ جیهان ئاشکرابوو

٣ـ ئەتوانین ئەوەی بێرتلس لەبارەی بوونی وێنەی مەجنوونەوە لەبەرهەمە ئەدەبی یەکانی سۆفیزمدا لای تیۆریستەکانی سۆفیزم لەگەڵێك دیوانی سۆفیو سەرچاوەی کۆنیتردا ببینین.(بێرتلس. هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٢٤٢، ٢٤٣).

٤ـ مەموزین. دیرەکانی ٢٤٠، ٢٤٥.

٥ـ لەم نامەیەداو لەو ووتارەماندا کە لەچەند لاپەڕەدا باسمان کردو لەبارەی فەقێی تەیرانەوە دان پێدانانێکی ئاشکرا بەوەدا هەیە، فەقێی تەیران دەستیکردووە بەداڕشتنی داستانێکی بڵاوی فۆلکلۆر لەقاڵبی چیرۆکێکی داستان ئامێزدا، بەڵام ئەو سەرەتایە بە بەراورد لەگەڵ مەموزیندا لەزۆر رووەوە کە لەمەوبەر باسمانکردووە کزە. چەند شاعیر داستانی تازەیان بەڕێی خانیدا داڕشتووە لەوانە لەیلو مەجنوونی حارس(حارث)ی بدلیسیو یوسفو زولەیخای سەلیم بن سولەیمان، بەڵام(مەموزین)ی خانی هێشتا بە بەراورد لەگەڵ داستانیتردا لەلووتکەدایە. هەرچی ئەو داستانانەیە کە بەدیالێکتی گۆرانی نووسراون وەك شیرینو خەسرەوی خانای قوبادی ئەو بەتەواوی رەسەنێتیی مەمو زینی خانیی تێدا نی ـیە، چونکە لەیلو مەجنوون لەبنەچە فۆلکلۆری یەکەیدا بنەڕەتی رۆژهەڵاتیی هاوبەشی تێدایەو داستانەکەش تا ڕادەیەکی گەورە بەستراوە بەداستانەکەی نیزامی یەوە.

٦ــ ئەوەی ئاگاداری لێکۆڵینەوەکانی زانا عەرەبەکان بێت لەبارەی سۆسیۆلۆژیو ئابووریو مێژووەوە لەم سەدەیەدا دەبێنێ سەرەتای گەلێك زانستو لێکدانەوە دەبەنەوە سەرئیبن خەلدوون. ئەحمەدی خانی بۆ کورد جێگەیەکی لەو چووی تەواوی هەیە.

٧ـ مەموزین، دیری ٤١.

٨ـ بێرتلس، هەر ئەو سەرچاوەیە. ل١١٠.

* * *

مه کته بی بیروهۆشیاری

# پێشەکی چاپی تورکی

دەستگای بڵاوکردنەوە ـ وەشاندن ـ ی ئاڤێستا لەئەستەموول ئەمساڵ (٢٠٠٧) ئەو وەرگێڕانەی ئەم کتێبەیان چاپکرد، کە مامۆستا قەدری لەعەرەبییەوە کردبووی بە تورکی داوای پێشەکییەکیان لێکردم بۆ چاپە تورکییەکە، کە دیم بایەخی زۆریان بەو پێشەکییەدا بوو، لام باشبوو لەپاشکۆی ئەم وەرگێڕانە کوردییەی خۆشمدا ئەو پێشەکییە بکەم بە کوردی.

هەرچەند لەجوغزی فراوان و قووڵی خانی دەچمە دەرەوەو بڕیار ئەدەم کە ئەمە دوواکارم بێت دەربارەی ئەم شاعیرو بیرکەرەوە ئینسکلۆپیدییەو ئیتر بەشتیترەوە خەریك بم، یا واز لەو کارە بینم بۆ کەسێکیتر. ئەوە بوو "مەم و زین"م دێڕ بەدێڕ بەدەرس بە قوتابیانی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا حەڤدە ساڵ ووتەوەو ووتاری زۆرم نووسی و ئەم کتێبەشم نووسی کە بەتورکی دەیخوێننەوەو هەر ئێستاش جاری دووەم بە ڕووسی چاپ دەکرێت. دەستگای "بیروهۆشیاری" لەسلێمانی و سەرۆکە ڕووناکبیرەکەی لایان سەیر بوو ئەم کتێبە نەکرا بێ بەکوردی. قەڵەمم گرت بەدەستمەوەو دەستم لەکارەکانیترم هەڵگرت و خۆم کتێبەکەم کرد بە کوردی و لام وایە دوو وەرگێڕانە کوردی و تورکییەکەی لەکاتێکدا ڕووناکی دەبینن. (تێبینی کوردی:



* * *

خۆشبەختانە تورکییەکە پێشتر دەرچوو ـ ع ـ). هەر وەك دەبێ بڵێم ئەو "مەم و زین"ەی دێڕ بەدێڕ کردوومە بە عەرەبی و چەند ساڵێك لەمەوبەر چاپکرا، هەر وەك وەرگێڕانی داستانی "مەمی ئالان"ی فۆلکلۆر کە کردم بەعەرەبی کارێکبوو لەپەراوێزی جیهانی فراوانی خانیدا. ئایا خانی دانی بەوەدا نەناوە کە داستانە فۆلکلۆرەکەی مەم و زین و ڕەگەزێکە لەڕەگەزەکانی داڕشتنی داستانی "مەم و زین" خۆی؟. ناویشی ناوە "فەسانە ـ یا فەسانەی بوهتان" واتە ئەو ئەفسانەیەی لەجزیرەی بۆتاندا باو بووە.

چەند شادمانم بەوە ئەم کتێبە بە تورکی بڵاو دەکرێتەوە تا ئەو نەوانەی خانی بیخوێننەوە کە زمانی کوردییان لەبیرچۆتەوە، زمانی تورکیش لای من زمانی "میسباحەدین عەلی و تۆفیق فیکرەت و نامیق کەمال و عەزیز نەسین و نازم حیکمەت و ئیسماعیل بێشکچی ... هتد"یە.

لەسەر بەرگی وەرگێڕانەکەی "مەمی ئالان"دا لەبارەی "مەم و زین"ەوە ئەوەم نووسیبوو کە جارێکیتر وەرگێڕانە عەرەبییەکەی "مەم و زین"م پێ دەستپێکردبوو لام باشە لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، چونکە نووسیبووم.

"بەملیۆن خەڵك عاشقبوون و حەزیان لەخەڵکیتر کردو بەیەك شادبوون، خۆشەویستی یەکەیان لەبیرچۆوەو لەبیر خەڵك چوونەوە. بەڵام ئەوانەی زەمان بە یەکنەگەیشتنی پێ بەخشین ئەوانە بە نەمری مانەوەو عەشقی ئەوان هەتا هەتایە هەر ما. ئایا ئەمەیە نهێنیی تراژیدیاکانی جیهان؟ یا گەل و مێژوو بێ بەریبوون و ئازاری چەند چەرخ دەباتە ناو دێڕی داستانی تراژیدیاوە بۆ ئەوەی ئاوات و خۆشەویستیی هەمیشەیی هەربمێنن؟ "مەمی ئالان" یا "مەم و زین" چیرۆکێکی نەمرە شایانی خۆی جێگەی لەناو تراژیدییەکاندا بۆتەوە. دوو گوڵی مەم و زینیش هەر دووگوڵن لەباخچەی خۆشەویستیی هەمیشەیی و ئینسانیدان دەچن بەگژ دڕکدا تا لەسەر زەوی لەیەککەرو دڕك بمێنن".

نامەوێ ئەو بیرانەی لەناو کتێبەکەمدا هەن بێنمە ناو ئەم پێشەکییەوە، بەڵکو بەدووای تازەدا دەگەڕێم، چونکە جیهانی ئینسکلۆپیدیی خانی تازەی تێدایەو ئەوەشی تێدایە کە تائێستا نەمووتوە، بەڵام چەند بڕگەیەك دووبارە دەکەمەوە کە لەپێشەکیی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

وەرگێڕانـە عەرەبییەکـەی داسـتانەکەدا نووسـیبووم کـە رەنگـە زیـادکردن بێت لـەوەی لەکتێبەکەدایە.

"مـەمو زیـن"ی خـانی لای مـن پـێش ئـەوەی چـیرۆکێکی عەشـق بێـتو شـاعیرێك بیگێڕێتـەوە کتێبـی "بـیر"ە و خـانی هـەموو وزەی شـیعری رۆژهـەڵاتو خەزێنـەی روونـاکبیریو زانینـی بـەکارهێناوە بـۆ دەربڕینـی بـیری خـۆیو بڕینـەوەی ئـەو موناقەشانەی بیرو فەلسەفە کە لەکتێبەکانـدا دیـونیو لەهـەموو ئەمانەشـدا شـاعیرێکی خاوەن بیر بوو.

"نووسینی مەمو زین کرداری تەنیا نووسینی داستانێکی شیعر، یا تەنیا تێکەڵبوونی شـاعیرانە نـەبوون لەگـەڵ چـیرۆکی خۆشەویـستییەکی زۆر کۆنـدا، کـە زۆر دووبـارە کرابێتەوە، بەڵکو کارێکی ئامانجدار بوو کـە شـاعیر دەیویـست بـەوە رووی گـەلی کـوردی خۆیو خاسیەتو بایەخەکانی دەرخاو بەو جۆرە پیشانی جیهانی بـدات کـە ئـەو گەلـە یەکێکـە لەگەلـە هـەرە کۆنـەکانو بـەوە بڕیـاری بـوونی مـافی ئـەو دەدات لـەرزگاربوون لـەکۆتی فـارس ـ عوسمـانیو خـانی لـەم بانگەوازەیـدا زۆر دیـار بـوو بەڕاشـکاوی ئـەو بانگەی دەکرد".

چوارچـێوەی گـشتیی رۆژهـەڵاتی لای خـانی لاسـاییەکی کلاسـیکیی کەسـانیتر نـەبوو لەشاعیرە مەزنەکان کە داستانی شیعریان نووسیبوو هێندەی ئەوەی لای ئەو سـەلماندنی بوونی داستانێکی کوردی بوو کە لەوانە دەچوو کە کەسانیتر ئەفراند بوویان.

خانی بەو پێیەی شاعیرێکی سۆفییە کوردی لەڕێگەی ئەفرانـدنی خۆیـەوە بەسـتووە بەرۆژهەڵاتـەوەو وێنەیـەکی تـازەی بـۆ ئـەدەبیاتی رۆژهـەڵات نەخشەکێـشاوە کـە وێنـە کوردییەکەیەتیو دەچێتە سەر هەموو سامانی رۆژهەڵات.

مـەمو زیـن زیـاد لەبـەرزیی دارِشـتنی ئـەدەبیی کتێبێکـی فەلـسەفەو بـیرەو چـەند تەجروبەی ئاشکراو بریار لەگەلێك مەسەلەی بـیردا خەسـت دەکاتـەوەو چـەند ئـەنجام دەدات بەدەستەوە کـە لـەڕێگای دادوەریـی ئەقڵەوە بڕیـاری لەسـەر ئـەو بیرانـەو ئـەو ڕا جیاوازانە داوە کە لە ڕێڕەوی فەلسەفەی بەشەردا گەیشتووە بەو و چەند وێنە لەژیانی گـەلی خـۆیو چـەرخەکەی بـێ ئـەوەی لەشـێوازی ئـەدەبیی خـۆی دووربکەوێتـەوە





مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەخولقێنـێو لەهەموو ئەوانەدا کە نەخشاندوویەتیو لەوانەیە هەندێکجار لەشـیعرەوە دوور بن، دەستی لەئامێرە شیعرییەکانی خۆی هەڵنەگرتووە، بـەڵکو شـیعر بـەو پێیـەی ئامێرە (کێشو قافیەو رازاندنەوەی رەوانبێژی)، هونەریو هەستی شـاعیرانەو دڵـداریی ناسکە جێگـەی خـۆی لـەم بەرهەمـە ئینـسکلۆپیدییەدا دەگرێت، هـەر لێـرەوە ناتوانین خانیی شاعیر لەخانیی بیرمەندو فەیەلەسووفو موتەسەویف جیا بکەینەوە، هـەر وەك ناتوانین سنوورێك بۆ جیاکردنەوەی ئەدەب لەبیری فەلسەفیی سۆفی لەدەبیاتی هـەموو سۆفیاندا جیا بکەینەوە.

ئەوەی باسمانکرد خانی دەخاتە ریزی شاعیرە گەورەکانی رۆژهەڵاتو دەیباتـە ریـزی پێشەوەی بیرمەندو خاوەن تیۆرییەکانی تەسەوفو ئەگەر کوڕی گەلێکی زۆر لێکـراو و چەوساوە نەبووایە ناوی دەچووە ریـزی نـاوە گەشاوەکانی جیهانو مێـژوو لەمەیـدانی شیعرو بیرو تەسەوفدا، ئەمە بێجگە لەوەی نەتەوەی خۆی پێی بەخشیوەو کردوویـەتی بە رابەری مەسەلەی نیشتمانیو کوردایەتی.

خـانی خاسـیەتەکانی شـیعری دڵـداریی رۆژهـەڵاتیو هونـەری داسـتانی رۆژهـەڵاتی هـەموو وەرگرتـووەو بەسـەر دەربڕینـی شـاعیرانەو ناسـکیی شـیعری دڵداریـدا زاڵبـووەو ئەگـەر سروشـتی شـیعری کلاسـیکی خـۆی وا لەشـاعیر بکـات جاروبـار رێگـەی لاسـاییو بەشوێندا رۆیشتن بگرێت، ئەوا دووبارەکردنەوەی هەندێ ناوەڕۆكو روخساری شـیعری کلاسیکیی رۆژهەڵات بە گشتی (لای نیزامی، فزوولی، جامی، رۆمی... هتـد)و بەتایبـەتی کوردی (لای جزیری، حەریری، فەقێی تەیران) بەهیچ جۆرێك لەئیبداعەوە. ئەفراندن دوورنەبووە.

خـانی لەپێـشەکیو دیباجـەی داسـتانەکەیدا نـاوی (نیزامـیو جامیی هێنـاوەو نـاوی فزوولیی نەبردووە)، بەڵام ئەگەر بەراوردێکی (مـەمو زیـن)ی خـانیو داسـتانی (لـەیلو مـەجنوون)ی فزوولیـی بەغـدادی بکـەین کـە بـەتورکی یـا ئـازەری دارێـژراوە ئـەوا کارتێکردنێکی ئاشکرا لەڕووی ئەدەبیو رەوانبێژیو زمانەوە دەبینین.

لێـرەدا بەپێویـستی دەزانم چـەند بڕگەیـەکیتر لەوەرگێڕانـە عەرەبییەکـەی (مـەمو زین)مەوە دووبارە بکەمەوە.

(خانی شارەزایانە ئەو وێنانەی فۆلکلۆرو ئەفسانە کە بۆ گەلەکەی‌و گەلانی ڕۆژهەڵات ماوەتەوەو لەگەڵ ئەو وێنانەدا تێکەڵ دەکات کە لەسەرچاوەکانی ئایندان (تەورات‌و قورئان)و خەستەی تەجروبەی خۆی‌و لەشیعری ڕۆژهەڵات گەیشتنی دەخاتە سەرو لەهەموو ئەمانە وێنەی تازەی ئەوتۆی شیعری دەخاتە سەر کە هێزی ئەو واقیعەی خانی تێدا ژیاوەو ئاوێنەی ئەو چەرخەی ئەو دەردەخەن کە پڕە لەجووڵان.

پراکتیکی تەواوی ڕەوانبێژی لەمەم‌و زیندا پێوەندیی خانی بەو سامانەوە دەسەلمێنێ کە بۆی ماوەتەوەو هێزی پێوەندیی ئەو دەردەخات بەڕەوانبێژییەوە وەك زانست‌و پراکتیکی هونەریی ئەو کە لەبیری ووردی خۆی پراکتیکی تازەی خستۆتەسەر سامانی مێژوویی ئەم هونەرەو، ئەگەر ئەو پراکتیکانەشی بخرێتە سەر کە (مەلای جزیری) دەستی پێکردووە ئەوا دەبێتە کارێکی ئیبداعی‌و پراکتیکێکی تەواو لەزەوییەکی نەکێڵراودا کە دەستی خاوەن ئیبداعەکانی نەگەیشتۆتی‌و مەبەسیشمان لەوە ژیان‌و سروشتی کوردو خاسیەتە ئیستاتیکییەکانی زمانی کوردییە.

ئەم وەرگێڕانە تورکییە لەو کتێبەمەوە کراوە بەتورکی کە ساڵی ١٩٧٩ لەبەغدا بەعەرەبی چاپکراوە، کتێبەکە پێش چاپ لەهات‌و بردەدا بوو بە دەست سانسۆرکەرەکانەوەو چییان ویست لێ یان فڕێدا، لەبەر ئەوە لێرەدا هەندێ لەوشتانە جێگیر دەکەم کە لەو چاپەدا ڕووناکییان نەدی:

لەکۆتایی فەسڵی تایبەتی بە (خانی‌و بوون)دا نووسیبووم:

"باشترین شت کە کۆتایی ئەم فەسڵەی پێ بهێنین ئەوەیە کە هاوەڵمان مەدەنی ساڵح لێکۆڵینەوەکەی خۆی لەبارەی بوونەوە پێ هێناوەو نووسیویەتی" ئەمەیە مەسەلەی بوون لەفەلسەفەی ئیسلامیدا قورئانی تێدایەو یۆنانیی تێدایەو ئیبداعی تێدایەو نە ئەمەشەو نەئەوەشە، بەڵام ئەو خەوشەی لەفەلسەفەی ئیسلامی دەگیرێ لەسەریەك تۆن ڕۆیشتن ـ ڕەتابەت ـ و بەیەکجۆر بەرەو پێشچوونێتی، ڕەنگە ئەمەش لەژێرکاری قورئان‌و زاڵیی ئەودا بێت بەسەر هەموویاندا. (مدنی صالح: الوجود ـ بحث في الفلسفة الاسلامية. بغداد، ص ١١٣).





بەڵام ئایا لەسەریەك تۆن ڕۆیشتن لەخانیش دەگیرێ؟ لام وانییە کە بیر بزێوی هەڵبژاردەی خانی ئەو لەسەر یەك ڕێباز ڕویشتنەی تێدا بێت، بەڵام بێگومان هەر دەچێتە ژێر دەسەڵاتی گشتیی قورئانەوە.

بەڵام بۆچ سانسۆر ئەم بڕگەیەی لاداوە، ئەوە چیرۆکێکی سەیر هەیەو دوولایەنەیە، لایەنێك نووسەرو مامۆستای فەلسەفە مەدنی ساڵحە ولایەنەکەیتر سەرۆکی ئەوسای کۆمار (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر)ە کە فرمانی دابوو هەموو نووسینێکی مەدەنی ساڵح قەدەغە بکرێت‌و خۆی فرمانی دابوو بە سانسۆر کە نەناوی بێت‌و نە ئیشارەتی لەهیچ چاپەمەنییەکدا بۆ بکرێت.

لێرەدا خۆم بەناچار دەزانم کە چەند بڕگەیتری لەلایەن سانسۆرەوە لادراو کە نەچوونەتە کتێبە چاپکراوەکەوە جێگیر بکەم. لەفەسڵی (باری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کوردستان لە چەرخی خانیدا) پاش ئیشارەتی پەراوێز (١) دا بڕگەیەك هەیە سانسۆر لایدا بوو ئەویش ئەوەیە.

(لێرەدا دەبینین نەخشەی سیاسیی کوردستان ڕۆژ دووای ڕۆژ لەئەنجامی داگیرکردنی ئەم یا ئەو میرنشین‌و هاتنەوە کایەی میرنشینی سێیەمدا بەدەرکردنی داگیرکەران دەگۆڕرا، ئەم کارەش بەردەوام لەدووبارەبوونەوەدا بوو لەکاتێکدا ئەم بزووتنەوە بەردەوامە لەسەر ڕوو، لەمنداڵدانی خۆیدا ئەو کارەی دەشاردەوە کە خانی بەڕابەری بیری ئەو دەزانین‌و بەدەربڕی ڕاستەقینەی دەزانین، کە ئەویش کاری کۆکردنەوەی هێزە لەکوردستان‌و میرنشینەکانیدا بۆ هەوڵدانی میرنشینێك بۆ خستنە سەر میرنشینیتر‌و دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو کە بتوانێت بەرامبەر بە داگیرکردنی هەردوو لایەنی داگیرکەر بووەستێت).

هەر لەو فەسلەدا سانسۆر پاش پەراوێزی (٢٨) ئەم بڕگەیەی لابردووە:

(ئەم زەمینەیەی واقیعی ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ئەو پلە کۆمەڵایەتیەمان بۆ دەستنیشاندەکات کە لەڕۆژانی خانیدا کوردستانی تێدا دەژیاو بەدڵنیاییەوە لێکدانەوەی نووسەرێکمان پیشاندەدات لەبارەی دیاردەی ئەو جەنگانەوە کە هەندێك میرنشینی کورد بەرامبەر بەوانیتر هەڵیدەگیرسان هۆی ئەوەش لای نووسەر سەرهەڵدانی

* * *

پێشڕەوی بورژوازییە لەکوردستانداو هەوڵی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە تازەیەیە کە ئەو کاتە لەبارێکی شێتانەدا بوو بۆ فراوانکردنی جوغزی دەسەڵاتی خۆی. لەو کارەشدا بەدڵنیاییەوە میرنشینەکانی کوردیەکیاندەگرتو دەوڵەتی کوردستان دروست دەبوو ئەگەر داگیرکەری عوسمانیو ئێران نەهاتنایەو ڕێیان لەیەکگرتنی بەشەکانی کوردستان نەگرتایەو نەبوو نایەهۆی تێکچوونی باری ئابووری وا نەبووایە وەك ئەمڕۆ کوردستان لەباری ئابوورییەوە زۆر بە دوواکەوتووتر دەبینین لەوەی کە لەو میرنشینانەدا هەبوون). (محمود حسن شنويى، رد على الكوسموثوليتية. دمشق ١٩٥٧. ص ١٥).

هەر وەك سانسۆر پاش ئیشارەتی پەراوێز (٣٧) ئەم ڕستەیەشی لابردووە:

(بیانووی هەموو ئەمە بۆ ئەوەیە خانی پادشایەکی بۆ گەلەکەی خۆی دەوێتو لەیەکگرتنی نەتەوەکەی لەژێر تاجی ئەودا چارەسەری مەسەلەی گەلەکەی دەبینیو ڕێگەیتریش نییە ئەوە نەبێت کەمیرێکی کورد. بچێتە سەر ئەو تەختەو ئەو تاجە بکاتە سەریو لەوە دەچێت ئەم دێڕانە پاڵ پێوەنەربن بۆ میر کە ئەو هێزە لەخۆیدا ببینێ کە خانی وەسفی دەکاتو بە کۆمەڵ خەڵك لەدووای خۆیەوە ببینێ و بۆ ئەو مەسەلەیە ڕاپەڕی کە خانی خۆی بووە بەڕابەری بیری ئەو.

یەکێك ڕەخنەی ئەوەی لێگرتبووم کە بایەخی تەواوم نەداوە بەمەسەلەی نەتەوەیی لای خانی وا کاتی ئەوە هاتووە کە بڵێم (سانسۆر) لەچاپە عەرەبییەکەدا زۆربەی ئەو لاپەڕانەی لابرد کە بۆ (خانیو مەسەلەی نەتەوەیی کوردم تەرخان کردبوو. وا ئێستا فرسەتی ئەوەیە کە هەموو ئەوە جێگیر بکەم کە لەئەسڵەکەدا نووسرابوون).

تێبینی:

(لەم چاپە کوردییەدا هەموو ئەو بەشەم بە تەواوی بە بێ دەست لێدانی سانسۆر خستە ناو وەرگێڕانەکەوە لەبەر ئەوە نەمویست لەتورکییەکەوە وەریگێڕمەوە. بەڵام کاتی ئەوەش هاتووە کە بڵێم ئەو ڕەخنە لێگرەم قوتابییەکی خۆم بوو کە چوار ساڵ لەخوێندندا مەمو زینم دێڕ بەدێڕ بۆ شەرح کردبوو، دیارە وەفای نواند بوو. بەو ڕەخنە بێ جێیەی. سوپاسی برام دوکتۆر فوئاد حەمە خوردشید دەکەم کە وەڵامی دابۆوەو ڕاستیی ناڵاندنی منی بە دەست سانسۆرەوە لەزۆر لەکتێبەکانمدا دەرخستبوو).



* * *

٢ـ لەکۆتایی پێشەکی تورکییەکەدا نووسیومە:

چەند شادمانم کە ئەم لاپەڕانەی ڕەقیب (سانسۆر)ی عیراقی ساڵی ١٩٧٩ لایبردبوو بخەمەوە سەر وەرگێڕانە تورکییەکەو شادمانم بەناوبردنی کەڵە پیاوەکانی ووشەی تورکیو بەناوبردنی ئەوانەوە کە چەوساندنەوە وای لێکردن کە زمانی کوردی (زمانی خانی) فێرنەبن، هەر وەك سوپاسی برام مامۆستا قەدریو دەستگای ئاڤێستا دەکەمو بەختەوەرییە کە ئەم وەرگێڕانەی کتێبەکە لەگەڵ وەرگێڕانە کوردییەکەیدا لەدەستگای (بیرو هۆشیاری)ی سلێمانیو چاپێکی نوێی ڕووسیدا دەربچن. سڵاو بۆ ئەو ئەحمەدی خانییەی ئەم ئاسۆ فراوانەی بۆ کردمەوەو سڵاوم بۆ هەمووان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێرستی سەرچاوەکان


**١ـ المراجع العربية :ــ**

أبن الجوزي: الإمام ابو الفرج عبدالرحمن البغدادي(ت: ٥٩٧ ﻫ) تلبيس ابليس. القاهرة.

أبن خلدون:ـ ابو يزيد عبدالرحمن محمد(ت: ٥٩٥ـ ١٢٨٩م). ــ المقدمة: بيروت ـ ١٩١٦.

أبن رشد:ـ ابو الوليد محمد بن احمد. ــ تهافت التهافت. نشر وتحقيق الاب يويج. بيروت ـ ١٩٣٠.

ــ مناهج الأدلة في عقائد الملة، بنحقيق وتقديم الدكتور محمود قاسم. ط ٣. القاهرة ١٩٦٩.

أبن سينا: الرئيس الحسين بن عبدالله بن على(ت: ٤٢٨/١٠٨٧م).

ابن سينا والنفس البشرية. قدم لها وعلق عليها الدكتور البير نصري نادر، بيروت/ ١٩٦٠.

أبن طفيل الأندلسي: قصة حي بن يقظان. مع دراسة وتحليل عبدالهادي حكيم، بيروت، ١٩٥٤.(تێبینی: عەبدولهادی حەکیم ناوێکی خواستڕەوە خالید بەکداش ئەم پێشەکییەی نووسیوە)

ابن عبد البر:ـ ابو عمريوسف(ت: ٤٦٣/١٠٧٠)

ـ مختصر جامع بيان العلم وفضله ـ القاهرة ١٣٢٠.

ـ ديوان ابن الفارض ـ القاهرة، ١٣٥٣.

أبن عربي:ـ محي الدين(ت:٢٢ ربيع الثاني سنة ٦٣٨).

ـ الفتوحات المكية.

ـ كتاب الاسفار، حيدر آباد الدكن ١٩٤٨.

ـ كتاب الكتب، حيدر آباد الدكن ١٩٤٨.

ـ كتاب المسائل، حيدر آباد الدكن، ١٩٤٨.

ــ كتاب الالف وهو كتاب الاحدية، حيدر آباد ، ١٣٦١ﻫ.

ــ رسالة القسم الالهي ـ حيدر آباد الدكن، ١٩٤٨.

ــ كتاب اصطلاحات الصوفية ـ حيدر آباد الدكن، ١٩٤٨.




مەکتەبی بیروهۆشیاری


ــ فصوص الحكم. تعليق الدكتور ابو العلا عفيفي. القاهرة، ١٩٤٦.

الاحمد: الدكتور سامي سعيد. اليزيدية، احوالهم ومعتقدادتهم ـ جزءان بغداد ١٩٧١.

الأدوار في علم الموسيقى: (المؤلف مجهول). بغداد ، ١٩٦٤.

الاربلي: بدرالدين محمد بن علي الخطيب. ارجوزه الأنغام. تعليق عباس العزاوي ـ بغداد: ١٩٥١.

أرسطو: كتاب الاثولوجيا (ثيلوجيا ارسطاليس) باعتناء ديمتريسي ـ برلين ١٨٨٣.

أرسطو طاليس: الطبيعة: ترجمة اسحاق بن حنين. حققه وقدم له عبدالرحمن بدوي القاهرة ١٩٦٥.

الأصول الإفلاطونية: "فيدون و كتاب التفاحة المنسوب لسقراط ترجمة وتعليق الدكتور علي سامي النشار وعباس الشربيني. القاهرة ١٩٦٥.

أفلاطون: الجمهورية: ترجمة الشيخ حنا خباز ط ٣ القاهرة(؟)

الكزاندر هجرتي كراب: علم الفلكور. ترجمة رشدي صالح. القاهرة ١٩٦٧.

آل ياسين: جعفر: صدرالدين الشيرازي ـ بغداد ، ١٩٥٥.

امين. عبدالقادر حسن: شعر الطرد عند العرب. النجف الأشرف، ١٩٧٢.

انگلز: فردريك ـ جدليات الطبيعة: ترجمة محمد أسامة القوتلي. دمشق. ١٩٧٠.

ــ ماركس. انگلز(مختارات) موسكو، ١٩٦٩.

ــــ انتي دوهرنغ. ترجمة فؤاد ايوب. بيروت(؟).

ابو ريان: الدكتور: محمد علي: تاريخ الفكر الفلسفي. ج ١(الفلسفة اليونانية)، القاهرة، ١٩٣٨.

أبو نعيم: الحافظ احمد بن عبدالله الاصبهاني(ت: ٤٣٠)

ــ حلية الاولياء وطبقات الاصفياء. القاهرة، ١٩٣٨. ديوان أبو نؤاس ـ

البدليسي: شرف خان. الشرفنامة نقله الى اللغة العربية وعلق عليه ملا جميل بندي رؤذبياني. بغداد ، ١٩٥٣

بدوي: عبدالرحمن: افلاطون. القاهرة، ١٩٥٤.

بدوي: عبدالرحمن. شخصيات قلقة في الاسلام. القاهرة، ١٩٦٤.

بول ماسون ـ أورسيل الفلسفة في الشرق. ترجمة محمد يوسف موسى القاهرة ١٩٤٥.

البيتواتي: عبدالله. المنحة الوهبية في شرح الارادة الجزئية. بغداد ، ١٣٤٧.

بينس: الدكتور س: مذهب الذرة عند المسلمين. ترجمه عن الألمانية محمد عبدالهادي ابو ريدة. القاهرة، ١٩٤٦.

البهي: الدكتور محمد. الجانب الالهي من التفكير الاسلامي. القاهرة، ١٩٦٢.

مه كته‌بى بيروهۆشيارى


الجاحظ: ابو عثمان. المحاسن والاضداد. بيروت، ١٩٦٩.

جار الله: زهدي حسن: المعتزلة. القاهرة، ١٩٤٧.

التهانوي: محمد بن علي(ت: ١١٥٨/١٧٤٥) كشاف اصطلاحات الفنون: كلكتا، ١٨٦٢.

التاسوعات:

التبريزي: الملا محمد باقر الملا محمد سليم. حق اليقين. كربلاء، ١٣٨٣.

تراث الإسلام: تأليف جمهرة من المستشرقين. عربه وعلق حواشيه جرجيس فتح الله ط ٢. بيروت، ١٩٧٢.

التراث اليوناني في الحضارة الاسلامية: دراسات لكبار المستشرقين ترجمة وتعليق الدكتور عبدالرحمن بدوي. القاهرة، ١٩٤٠.

الترمذي: ابو عبدالله محمد بن علي الحكيم. بيان الفرق بين الصدر والقلب والفؤاد واللب. تحقيق الدكتور نقولا هير. القاهرة ١٩٥٨.

جرداق: منصور حنا: القاموس الفلكي. بيروت، ١٩٥٠.

ألجيلاني: الشيخ عبدالقادر: فتوح الغيب. ط ٣. القاهرة(؟).

الحسني: السيد عبدالرزاق: اليزيديون في حاضرهم وماضيهم. صيدا، ١٩٥٣.

الحلاج: ابو المغيث الحسين بن منصور.

ــ اخبار الحلاج، اعتنى بنشره وتصحيحه وتعليق الحواشي عليه، ل. ماسينون، ب. كراوس. باريس ١٩٣٦.

ــ اخبار الحلاج ـ بتقديم وتعليق وتصحيح عبد الحفيظ بن محمد مدني هاشم، القاهرة(؟).

ــ ديوان الحلاج ـ صنعه واصلحه: الدكتور كامل مصطفى الشيبي، بغداد، ١٩٧٤

ــ كتاب الطواسين: تحقيق لويس ماسنيون. باريس، ١٩١٣.

دائرة المعارف الاسلامية. القاهرة، ١٩٣١.

الداقوقي: ابراهيم، المستدرك على كتاب((الاصطلاحات الموسيقية))ــ اعدادــ بغداد ١٩٦٥.

الدملوجي: صديق. اليزيدية. الموصل، ١٩٤٩.

الديوه جي: سعيد. اليزيدية. الموصل، ١٩٧٣.

الرازي: فخرالدين محمد بن عمر(ت: ٦٠٦ـ ١٢٠٩).

ــ كتاب الاربعين في اصول الدين: حيدر آباد، ١٩٣٥.

ــ اعتقادات فرق المسلمين والمشركين، تحقيق علي سامي النشار، القاهرة، ١٩٣٨.




مه كته‌بى بيروهۆشيارى


راليس: تامارا. السلاجقة: ترجمة لطفي الخوري وابراهيم الداقوقي، بغداد، ١٩٦٨.

رشيد: الدكتور صبحي انور: تاريخ الآلات الموسيقية في العراق القديم، بيروت ١٩٧٠.

رسائل إخوان الصفا وخلان الوفاء: بيروت، ١٩٥٧.

رسول: الدكتور عزالدين مصطفى: الواقعية في الأدب الكردي. بيروت ١٩٦٦.

الزفنگى: الملا احمد بن الملا محمد البهتي ـ العقد الجوهري في شرح ديوان الجزري. القامشلي، ١٩٥٩.

زكي: محمد امين: تاريخ الدول والأمارات الكردية في العهد الإسلامي ترجمة محمد علي عوني ـ القاهرة، ١٩٤٥.

ــ خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ج ١ ترجمة: محمد علي عوني ط ٢. بغداد، ١٩٦١.

السامرائي: الدكتور عبدالله سلوم: الغلو والفرق الغالية في الحضارة الاسلامية بغداد، ١٩٧٢.

السلمي: ابن عبدالرحمن(ت: ٤١٢ﻫ).

طبقات الصوفية. بتحقيق نورالدين شريبة. القاهرة، ١٩٥٣.

شارل فرنر: الفلسفة اليونانية: ترجمة تيسير شيخ الارض. بيروت، ١٩٦٨.

الشعراني: عبدالوهاب، لطائف المنن. تونس، ١٣٠٤.

الشطي: الدكتور شوكت ـ مختصر تاريخ الطب. دمشق ١٩٥٩.

شنويى: محمود حسن. رد على الكوسموبوليتية. دمشق ١٩٥٧.

تێبینی: شنۆیی ناوێکی خواستراوی نووسەر عەبدورەحمان زەبیحی یە ـ ع. م)

الشيبي : الدكتور كامل: الصلة بين التصوف والتشيع ـ بغداد، ١٩٦٣.

شيركو: الدكتور بله ج. القضية الكردية. القاهرة، ١٩٣٠.

الشهرستاني: ابو الفتح الامام محمد بن عبدالكريم(ت: ٥٤٨/١١٥٥) الملل والنحل، القاهرة، ١٢٦٣ ـ مع طبعة ليبزك ١٩٢٣.

الصاحب: محمد أسعد، بغية الواجد في مكتوبات مولانا خالد. دمشق ١٣٣٤.

صالح: مدني ــ الوجودــ بحث في الفلسفة الاسلامية، بغداد، ١٩٥٥.

صليبا: جميل. من افلاطون الى ابن سينا. بيروت(؟).

الطريحي: محمد كاظم. الكندي. فيلسوف العرب الاول. بغداد، ١٩٦٢.

الطوسي: ابو نصر عبدالله بن السراج (ت: ٣٧٨ﻫ) اللمع في التصوف ليدن، ١٩١٤.

العباسي: محفوظ محمد عمر: امارة بهدينان العباسية. الموصل، ١٩٦٩.

مه كتەبى بيروهۆشيارى

عبدالحميد: الدكتور عرفان. دراسات في الفرق والعقائد الاسلامية. بغداد، ١٩٦٧.

ـــ ابو يزيد البسطامي او فكرة الغناء بغداد ١٩٧٢(مستل من العدد ١ مـن مجلـة كليـة الامـام الأعظم).

عبدالرازق: الدكتور مصطفى: تمهيد لتاريخ الفلسفة الإسلامية. القاهرة، ١٩٥٩.

العزاوي: عباس: الموسيقى العراقية في عهد المغول والتركمان. بغداد ، ١٩٥١.

العطار: فريد الدين. منطق الطير. ترجمة وتقديم وشرح الدكتور احمد ناجي القيسي. بغداد ، ١٩٦٩.

العظم: صادق جلال، نقد الفكر الديني، بيروت، ١٩٦٩.

عفيفي: الدكتور ابو العلا: التصوف ـ الثورة الروحية في الإسلام ـ القاهرة ١٩٦٣.

العقاد: عباس محمود. ابليس. القاهرة(؟).

العلوي: هادي. نظرية الحركة الجوهرية عند الشيرازي. بغداد ، ١٩٧١.

العهد الجديد:

الغزالي: ابو حامد محمد بن احمد(ت: ٥٠٥/١١١١).

ـــ احياء علوم الدين. القاهرة، ١٣٠٦.

ـــ تهافت الفلاسفة، بيروت، ١٩٢٧.

ـــ الاقتصاد في الاعتقاد، القاهرة، ١٩٢٧.

ـــ المنقذ من الضلال والموصل الى ذي العزة والجلال، حققه وقدمه الدكتور جميل صـليبا والـدكتور كامل عياد. ط ٧. بيروت، ١٩٦٧.

الفارابي: ابو نصر.

ـــ آراء اهل المدينة الفاضلة. تقديم وتحقيق الدكتور البير نصري نادر. بيروت، ١٩٦٠.

كتاب الجمع بين رأيي الحكيمين. قدم له وحققه الدكتور البير نصري نادر، بيروت ، ١٩٦٠

ـــ كتاب الملة ونصوص اخرى. حققها وقدم لها وعلق عليها محسن مهدي. بيروت(؟).

الفاخوري: حنا، الجر: خليل. تاريخ الفلسفة العربية ج ١. بيروت ١٩٥٧. ج ٢. بيروت ١٩٥٨.

الفيروز آبادي: مجدالدين. القاموس المحيط ج ٤. القاهرة، ١٩١٣.

فهمي: حنا السعد: تاريخ الفلسفة من اقدم عصورها الى الآن القاهرة، ١٩٢١.

قاسملو: الدكتور عبدالرحمن. كردستان والأكراد. ترجمة ثابت منصور. براغ ١٩٨٦.

القرآن الكريم.



مه كتەبى بيروهۆشيارى

القشيري: الامام ابو القاسم عبدالكريم. الرسالة القشيرية تحقيق الدكتور عبدالحليم محمـود ومحمـود بن الشريف. القاهرة ١٩٦٦.

كاظم. أ: الاصلاحات الموسيقية. تعريب ابراهيم الداقوقي. بغداد ، ١٩٦٤.

الكبرى: الشيخ نجم الدين(المستشهد سنة ٦١٨هـ)

ـــ كتاب فوائح الجمال وفواتح الجلال. عني بالتصحيح والتصدير الدكتور نـوتيز مـاير. ويـسبادن ١٩٥٧.

(الكلابادي): ابو بكر محمد(٣٨٠هـ /٩٩٠م).

التعرف لمذهب اهل التصوف. حققه وعرف بأعلامـه وقـدم لـه: الـدكتور عبـدالحليم محمـود وطـه عبدالباقي سرور. القاهرة، ١٩٦٠.

كرومر: صموئيل نوح: الاساطير السومرية. ترجمة يوسف داود عبدالقادر. بغداد. ١٩٧١.

الكندي: موسيقى الكندي. حققها ونشرها زكريا يوسف. بغداد ، ١٩٦٢.

گولد تـسيهر: اجنـتس. العقيـدة والـشريعة في الإسـلام. ترجمـة(محمـد يوسـف موسـى)و(علـي عبدالقادر). ط ٢. القاهرة ١٩٥٩.

كيلاني: قمر، في التصوّف الإسلامي، مفهومه وتطوّره وإعلامه. بيروت ١٩٦٢.

المائي: انور. الأكراد في بهدينان. بغداد. ١٩٦٠.

الماجد: الدكتور عبدالرزّاق مسلم. مذاهب ومفاهيم في الفلسفة والإجتماع. بيروت(؟).

المادية الديالكتيكية: تأليف جماعة مـن الأسـاتذة الـسوفييت. ترجمـة: فـؤاد مرعـي، بدرالـدين السباعي، عدنان جاموس، دمشق(؟).

ماركس: كارل، رأس المال، ترجمة محمد عيتاني. بيروت(؟).

متي: الدكتور كريم، الفلسفة اليونانية، بغداد. ١٩٧١.

محفوظ: الدكتور حسين علي، معجم الموسيقى العربية. بغداد. ١٩٦٥.

محمود: الدكتور عبدالقادر. الفلسفة الصوفية في الإسلام. دار الفكر العربي. ١٩٦٦ـ ١٩٦٧.

محمود: الدكتور عبدالحليم. التفكير الفلسفي في الإسلام. القاهرة. ١٩٥٥.

المقدسي: الإمام عزالدين. تفليس ابليس. القاهرة. ١٩٠٦.

المدني: الشيخ محمد. الإتحافات السنية في الأحاديث القدسية. حيدر آباد. ١٣٥٨هـ.

المرتضى: احمد بن يحيى. طبقات المعتزلة. عنيت بتحقيقه سوسنة ديفلد فلرز. بيروت. ١٩٦١.

المسعودي: التنبيه والأشراف. بيروت. ١٩٦٨.

المسلم الموصلي: الشيخ احمد بن عبدالرحمن القادري الرفاعي. الدر النقي في علم الموسيقى. بغداد ١٩٦٤.

مغنية: محمد جواد. معالم الفلسفة الإسلامية. بيروت. ١٩٦٠.

مي الآن : (المقدمة) ترجمة ونشر المهندس(صلاح الدين سعد الله). بغداد ١٩٧١.

منتخب المختار في علماء بغداد: انتخبه التقي الفارسي. طبعه عباس العزاوي. بغداد ١٩٣٨

موسى: الدكتور محمد يوسف. الدين والفلسفة. القاهرة. ١٩٥٥. تأريخ الأخلاق. ط ٢ القاهرة. ١٩٤٣.

نادر: الدكتور البير نصري ـ أهم الفرق الإسلامية السياسية والكلامية. بيروت ١٩٥٨فلسفة المعتزلة. الأسكندرية، ١٩٥٠. التصوف الأسلامي، بيروت ١٩٦٠.

النجار: عبدالوهاب. قصص الأنبياء. ط ٢. القاهرة، ١٩٦٦.

النشّار: الدكتور علي سامي. نشأة الفكر الفلسفي في الإسلام. الأسكندرية، ١٩٦٢.

مناهج البحث عند مفكرّي الأسلام. دار الفكر العربي. ١٩٤٧.

النفري: محمد بن عبدالجبار(ت: ٣٥٤ه). المواقف والمخاطبات بعناية وتصحيح واهتمام(ارثر يوحنّا أربوي)سلسلة جب التذكار. ١٩٣٥.

نلينو. كرلو. علم الفلك. تأريخه عند العرب في القرون الوسطى. روما، ١٩١١.

نيكلسون: رينولد. أ. الصوفية في الإسلام. ترجمه وعلّق عليه. نورالدين شريبة. القاهرة ١٩٥١.

في التصّوف السلامي وتأريخه نقله الى العربية وعلّق عليه الدكتور. ابو العلا العفيفي القاهرة. ١٩٥٦.

الوكيل: عبدالرحمن. هذه هي الصوفية. ط ٣. القاهرة، ١٩٥٥.

يوسف: عبدالرقيب. الدولة الدوستكية. بغداد، ١٩٧٣.

## سەرچاوە كوردی یەكان

ئەحمەدی خانی. مەمو زین. مۆسكۆ. ١٩٦٣.

ئەحمەدی خانی. ممو زین. هەولێر. ١٩٥٤.

ئارامی چەچان. گوڵ بەهار. یەریڤان. ١٩٦٨.

ئەحمەدی خانی. نوباری بچوكان. ئەنقەرە (؟).

ئەحمەدی خانی. عەقیدا ئیمان. ئەنقەرە(؟).





GE,ILA GELIL. KILAM,ED CIM,ETA KURDA. MOSKVA. 1965.

MEME ALAN. ŞA,M. 1957.

شاكیر فەتتاح. مەمو زین. سلێمانی، ١٩٧٠.

عەبدالله بن محمود النقشبندی: كتاب الفرائض من دار الفرائض. انقره، ١٩٦٠.

عبدالرقیب یوسف: دیوانا كرمانجی. نەجەف، ١٩٧١.

عثمان شارباژێڕی: لێدوانێكی كورت لەمەقامو مۆسیقای كورد. سلێمانی، ١٩٧٢.

علاء الدین سجادی: مێژووی ئەدەبی كوردی"بەغدا" ١٩٥٢.

چاپی دووەم "بەغدا" ١٩٧٣.

مەلا محمودی بایەزیدی: عادات‌و رسومتنامه اكرادیە. موسكو، ١٩٦٣، لێدوان‌و وەرگێڕانی ڕووسی (ی. م. روونكو) لەگەڵ گەلێك لەژمارەكانی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە:ـ

كوردستان ـ ١٨٩٨.

دەنگی گێتی تازە، هیوا، نووسەری كورد: سلێمانی، بەیان، كۆلیجی ئەدەبیات.

## سەرچاوە فارسی یەكان

ابن خلف التبریزی: برهان قاطع. طهران، ١٣٣٦.

التبریزي: محمد باقر الملا محمد سلیم. كشف المراد لهدایة العباد. كربلاء، ١٣٨٣.

حسن عمید: فرهنگ عمید. چاپ هفتم. طهران. ١٣٤٤.

شیخ روزبهان بقلی شیرازی: شرح شطحیات. بتصحیح ومقدمه (فرانسوای ازهنری كربین) تهران، ١٣٤٤/ ١٩٦٦.

عبیدالله ایوبیان: چریكه مەمو زین، تبریز ١٣٤١ شمسی.

عطار نیشابوری: الشیخ أبي حامد محمد بن أبي بكر أبراهیم زین الدین، كتاب تذكرة الأولیاء طهران، ١٣٢١.

گلستان سعدی: موسكو، ١٩٥٥.

* * *


محمد زين العابدين: خراسان فدائي، كتاب بهدايت المؤمنين الطالبين. معروف بتأريخ أسماعيلية. بتصحيح وأهتمام (الكساندر سيميونوڤ) موسكو، ١٩٥٩.

محمد حسن المقلب ب (الفيض الكاشاني): كلمات مكنونة من علوم اهل الحكمة والمعرفة. صححه وعلق عليه الشيخ (عزيز الله العطاردي) طهران، ١٣٨٣.

مهدى بركشلي: موسيقي دوره ساساني، تهران، ١٣٢٦.

فردوسى: شاهنامه، ج ١ ـ ٩، موسكو، ١٩٥٩ ـ ١٩٧١.


## سەرچاوە توركی یەكان


1- EHMEDE XANI. MEM U ZIN TURKCESI M.E. BOZARLSAN. ISTANBUL. 1968.

٢ـ اوليا چلبى: محمد ظلى ابن درويش، اوليا چلبى، سياحتنامه، دردنجي جلد. استانبول ١٣١٤.


## سەرچاوەی تر


- KAMAL FUAD, KURDISCHE HANDSCHRIFTEN WISBADEN, 1970.

-BITNNER. M. DIE HEILIGEN BUCHER DER JEZIDEN ODER TEUFELSANBETER CKURDISCH AND ARABISCH. WIEN, 1913.


## بەزمانی ئینگلیزی


-THE ENCYCLOPEDIA OF PHILOSOPHY, L, 1967.




* * *

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## سەرچاوە رووسی یەكان


ـ ئەبرامۆڤچ. گ. ل. چوونە ناو زانستی ئەدەبەوە. مۆسكۆ، ١٩٦١.

ـ ئەمیر خوسرەوی دەهلەوی. شیرین‌و خوسرەو لێكۆڵینەوەو وەرگێڕانی.

ـ عەلیێڤ. غ. ی. مۆسكۆ، ١٩٦١.

ئەمیر خوسرەوەی دەهلەوی. مەجنوون‌و لەیلا. لێكۆڵینەوەو وەرگێڕانی. موجریمۆڤا. ت. أ. مۆسكۆ، ١٩٦٤.

ـ ئەنگلز. ف. دیالێكتیكی سروشت. موسكۆ، ١٩٥٥

ـ ئەنگلز. ف. لیودۆڤیگ فیۆرباخ‌و كۆتایی فەلسەفەی كلاسیكیی ئەڵمانی. مۆسكۆ، ١٩٥٥.

ـ بێرتلس. ی. ئی. نیزامی‌و تەسەوف. مۆسكۆ، ١٩٦٢.

ـ بێرتلس. ی. ئی. نەوائی عەتتار. لێنینگراد، ١٩٢٨.

ـ بێرتلس. أ. ی. تەسەوف‌و ئەدەبی سۆفی. ئینسكلوپیدیای مەزنی سۆڤێتی. ب ٢٥، مۆسكۆ، ١٩٧٦.

ـ براگینسكی. ی. س. تەسەوف. كورتە ئینكلسوپیدیای ئەدەبی. ب٧. مۆسكۆ، ١٩٧٢.

ـ غەفوورۆف. ب. غ. قاسموۆڤ. أ. خ. فارابی‌و مێژووی رووناكبیری. مۆسكۆ، ١٩٧٥.

ـ لێنین. ف. ئی. لەبارەی ئەدەب‌و هونەرەوە. مۆسكۆ، ١٩٦٩.

ـ لێنین. ف. ئی. دەفتەرەكانی فەلسەفە. مۆسكۆ، ١٩٤٧.

ـ مەتریالیزمی دیالێكتیك. بەسەرپەرشتی قوستەنتینۆف. ف. ف. مۆسكۆ، ١٩٥٤.

ـ ماركس. ك. سەرمایە. ب١. مۆسكۆ، ١٩٧٣.

ـ ماركس. ك. فریدریك ئەنگلز. مانەفێست. مۆسكۆ، ١٩٥٨.

ـ بەرهەمە هەڵبژێراوەكانی بیرمەندەكانی وولاتانی رۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاستی سەدەكانی ٩ـ ١٥. رێكخستنی گریگۆریان. س. ن سەعدییڤ. ئا. ف. مۆسكۆ، ١٩٦١.

ـ مینۆروسكی. ف. ف. كوردان. تێبینی‌و دیتن. پیتەر بورگ. ١٩١٥.

ـ ئۆربیللی. ی. ئە. یادی چەرخی رۆستاڤیللی. لینینگراد، ١٩٣٨.

ـ بناغەكانی فەلسەفەی ماركسیی ـ لێنینی، مۆسكۆ. ١٩٧٥.

ـ پۆرشنێڤ. ف. ف. دەرەبەگی‌و كۆمەڵانی خەڵك. مۆسكۆ، ١٩٦٤.

* * *


- پریگارینا. ن. ی. ئەدەبیاتی سۆفی. ئەنسکلۆپیدیای بچووکی سۆڤێتی. ب ٧. مۆسکۆ، ١٩٧٢.
- روودێنکۆ. م. ب. چەند قەسیدەی نەزانراوی ئەحمەدی خانی. گۆڤاری گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا، مۆسکۆ، ١٩٦١. ژمارە ٣.
- روو دێنکۆ. م. ب. وەسفی کۆمەڵەی لینینگرادی دەستنووسی کوردی مۆسکۆ، ١٩٦٢.
- سەعدییڤ. ئا. ف. ئیبن روشد. مۆسکۆ، ١٩٧٣.
- سەعدی. گولستان. لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانیو پەراوێزی رۆستەم عەلییڤ مۆسکۆ، ١٩٥٩.
ئەحمەدی خانی. مەمو زین. وەرگێڕانی م. ب. روودێنکۆ مۆسکۆ، ١٩٦٢.
- حارث بدلیسی. لەیلو مەجنوون. لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی م. ب. روودێنکۆ. مۆسکۆ، ١٩٦٥.


مەکتەبی بیروهۆشیاری



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبەی بیروهۆشیاری

# وێنەکان و بەرگی کتێبەکان





مەکتەبەی بیروهۆشیاری




**وێنەی د. عیزەدین  لە کۆنفرانسی مەم و زین دا لە ئامەد ( دیار بەکر )**






مم و زين

آرا

احمد خانى

استانبول

١٣٣٥ — ١٣٣٧

غلاف الطبعة الاولى لمم وزين ، المطبوع في الاستانة والتى احرقت أكثر نسخها .

**بەرگی یەکەمی کتێبی مەم و زین**

* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری



* * *

مەکتەبی بیروهۆشیاری